نەجیب مەحفووز

# خانولخەلیلی

ڕۆمان

و: حەمە کەریم عارف

(( ١ ))

دوانیوەڕۆی ڕۆژێکی سپتامبەری ساڵی ١٩٤١ بوو، سەعات دوو و نیو بوو، کاتی تەواوبوونی دەوامی فەرمانگە دەوڵەتیەکان بوو، ئەو کاتە بوو کە فەرمانبەران وکارمەندان لافاوئاسا برسی وماندوو لە دەرگای وەزارەتخانەکانەوە، وەدەردەکەون. بەژێر تیشکی توندی خۆرەتاوا، بڵاوەیلێدەکەن و هەرکەسە و ڕوو لە لایەک دەکەن. ئەحمەد عاکف – فەرمانبەری دایەرەی کار- لەگەڵ ئەوانی دیدا لە فەرمانگەکەی وەدەرکەوت. ڕێک بە پێچەوانەی ڕۆژانی پێشووەوە کە لەو کاتانەدا بەرەو تاخی (گەڕەک) ئەلسکاکینی دەڕۆیی، ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار ڕێگەی گۆڕی و بەرەو ئەلئەزهەر پەل بووەوە. ئەم گۆڕانە، دوای ئاکنجی بوونێکی دوورو درێژ لە گەڕەکی ئەلسکاکینی، کە ساڵانێک وچەند دەیەیەکی خایاندبوو، ڕوویدا، بیرەوەرییەکی فرەی منداڵی وگەنجایەتی وپیری ئەوی لەخۆ گرتبوو. سەیر ئەوە بوو، بیرکردنەوە لەم بارکردنە وجێبەجێکردنەکەی، لە زەرفی چەند ڕۆژێکی کەمدا ئەنجامدرا، لە ماڵە کۆنەکەیاندا زۆر ئارام وئاسوودە بوون. وایان وێنا دەکرد، هەرگیز لەوێ بارناکەن، کەچی لە ناکاوا، دەنگی گلەیی وناڕەزایی بەرز بووەوە: " نەفرەت لەم گەڕەکە ترسناکە. " ئیدی ترس ونیگەرانی زاڵ بوو، هیچ ئومێدێک نەبوو، بۆ ئارام کردنەوەی ئەو خەڵکەی ترس بە سەریاندا زاڵ بووبوو. خانووە کۆنەکەیان بوو بە مەکۆی بیرەوەریەکانی دوێنێ وخانووە تازەکەیان لە خانولخەلیلی، بوو بە حەقیقەتی ئەمڕۆ سبەینێ. بۆیە ئەحمەد عاکف نەهەقی نەبوو بەسەرسامی بڵێت: " سبحان الذی یغیر ولا یتغیر" کابرا، سەری لەم بارکردنە کوت وپڕە سوڕمابوو.زۆر بیری ماڵە کۆنەکەیانی دەکرد، لە دڵی دەرنەدەچوو، هەرچەند ئەوەی بیردەکەوتەوە، کە بۆ گەڕەکێکی کۆنی شار تووڕ دراوە، دڵی تەژی کول وکۆڤان دەبوو. لە هەمان کاتدا کە زانی لە دۆزەخێکی ترسناکی کوشندە، دوور کەوتووەتەوە، هەستی بە ئارامی و ئاسوودەیی دەکرد. ئێ بەڵکو ئەمشەو، دوای ئەو شەوە ئەهریمەنیەی کە دڵی ڕۆنیشڤانانی قاهیرەی وەکو عەردهەژێکی(بوومەلەرزە) ترسناک هێنابووە لەرزین، بتوانێ بە کەماڵی ئیسراحەت خەوێکی ئاسوودە بجەڕبێنێ. بەدەم خەم وتازیەبارییەوە، بەدەم خەفەت و دڵنەواییەوە، بەسەر شۆستەکەدا دەهات ودەچوو، چاوەڕوانی ترامی دەکرد تا بیگەیەنێتە مەیدانی (مەلیکە فەریدە)  هەنیەی لە ئارەقەدا هەڵکشابوو، لەزەت و شادییەکی سەیر دایگرتبوو؛ چونکە بەرەو گەڕەکێکی تازە دەڕۆیی، پێشوازی لە گۆڕانکاری دەکرد: سوکنەی تازە، دیمەنی تازە، کەش وهەوای تازە، دەرو دراوسێیانی تازە. ڕەنگە بەخت و یەغباڵ بگۆڕێ، بەڵکو بەختی بکرێتەوە، یان هەستێن نووستوو، گەردو تۆزی سستی لەخۆی بتەکێنێ، لە نوێ ژیان و بێداری تێبگەڕێتەوە. ئەمە لەزەتی شناسایی ولەزەتی سەرکێشی و ڕیسک و لەزەتی ڕاکردن بوو بە دووی ئومێد و هیوادا، یان لەزەتی ئەو هەستە پەنهانە بوو کە دەچوو بۆ گەڕەکێک کەلە ڕووی ئاست و پێگەی ئاکنجیانی و لە ڕووی ئاستی خوێنەوارییەوە، زۆر لە خوار گەڕەکە کۆنەکەیانەوە بوو. هێشتا خانووە تازەکەی نەبینی بوو، چونکە لە بەیانی زووەوە، کە ئەو لە وەزارەتخانە بوو، دەستکرابوو بە گوێزانەوەی شت و مەک وناو ماڵەکەیان. نها بە گوێرەی ئەو ئادرەس و ناونیشانەی بۆیان هەڵدابوو، بۆ ئەوێندەر دەڕۆیی. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئەمە سوکنەیەکی کاتیە، دەبێ هەر چۆنێ بووە لە ماوەی شەڕەکەدا تەحەمولی بکەن، ئەمە خوایە بەڵکو دوای جەنگەکە، دەروویەک دەبێتەوە. جگە لەمە هیچ چارێکی دیکە هەبوو؟ ئایا ماقوول بوو، لە گەڕەکە کۆنەکەی خۆیاندا بمێننەوەو چاوەڕوانی مردن بکەن؟ چونکە تاقەتی ڕاوەستانی نەبوو، کەوتە هاتوچۆ بەسەر شۆستەکەدا، زۆر نیگەران بوو، جگەرەیەکی بەدەمەوە بوو و خێرا خێرا مژی لێدەدا، بە شپرزەیی جم و جوڵەکەی و نیگەرانی ڕواڵەتیا و شەپڕێوی جل و بەرگەکەیدا وەکو پیرەمێرێکی ماندووی چیکڵدانە تەنگ

دەهاتە بەرچاو، نیگا سەرگەردانەکەی کردبوویە کارێک کە بویەرەکانی دەوروبەری بە دروستی نەبینێت. تەمەنی خەریک بوو ماڵئاوایی لە چل ساڵی دەکرد. بەژن و باڵا باریک و بنێسەکەی، شەپڕێوی جل و بەرگەکەی، کە مایەی بەزەیی بوو، چرچ ولۆچی پانتۆڵەکەی، جەڕینی قۆڵی چاکەتەکەی لە سەر هەردوو مەچەکی، ئارەقەی وشکەوەبووی سەر قەراخی تەڕبووشەکەی، تەنگی کراسەکەی، کۆنی بۆینباخەکەی، سەرە ساف و هێلکەییەکەی، داوە سپیەکانی پشت سەری ولاجانگەکانی، هەر هەموو ئەمانە، لە تەمەنی خۆی پیرتریان نیشاندەدا، جگە لەمانەش، ڕوخسارێکی لاکێشەیی هەبوو، ڕەنگ و ڕووی زەرد، ، سەری بچکۆلە و لاکێشەیی بوو، تەوێڵی تەنگ و باریک، بە ئاستەم، بەقوولا چووبوو. برۆکانی ڕاست و تەنک و لێکدی دوور بوون و بووبوون بە چەتر بۆ چاوە درێژ و تەنگەکانی، چاوەکانی تەقریبەن هەموو ڕوخسارە چکۆلەکەیان داپۆشی بوو، ئەگەر بۆ دیتنی باشتر یان بۆ وەی لە تیشکی هەتاوی پاراستبان، تەنگی کردبانەوە، تەقریبەن بە تەواوەتی دادەخران، ئیدی ڕەنگە هەنگوینییە تۆخەکەیان دیارنەدەما. برژانگەکانی هەڵوەری بوون وقەراخی پێڵوەکانی کەمێک سوور هەڵگەڕابوون؛ کەپوویەکی بچووک و باریک و دەمێکی جوان بە دوو لێوی ناسک و چەناگەیەکی تیژەوە کەوتبوونە نێوان هەر دوو چاوییەوە. سەیر ئەوە بوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بە کەسێکی قۆز و شیکپۆش حیساب دەکرا، ڕوو و ڕوخسارێکی پەسندی هەبوو؛ بەڵام نائومێدی و ڕەزیلی و وەسواسەی لاسایی کردنەوەی ڕۆشنبیران، وایان لێکرد، نە بەخۆی ڕابگات و نە بایەخ بە جل و بەرگی خۆی بدات.

سواری ترموای ژمارە پازدە بوو، بزەیەکی تەوسئامێز لێوەکانی ترازاند و ددانەکانی دەرکەوتن، کەبە سەدەمی جگەرە کێشانەوە زەرد بووبوون. لە مەیدانی (مەلیکە فەریدە) دا سواری ترامواى ژمارە نۆزدە بوو. بە هەڵە و بە حوکمی عادەت ئەو بلیتەی کە لە ترامواى یەکەم بڕی بووی، وتا ئەزهەر دەیخوارد، فڕێ دا، ناچار بوو بلیتێکی تازە بکڕێ، لە دڵی خۆیدا گاڵتەی بە خۆی دەهات، لە داخا بەخۆی پێدەکەنی. هەرچی دەکرد سوێی ئەم زەرەرەی لەدڵ دەرنەدەچوو. جا چونکە دەمێک بوو نان پەیداکەری خانەوادەکەیان بوو، هێشتا هەر سەڵت و ڕەبەن بوو، تاقە عانەیەکی بە خۆڕایی خەرج نەدەکرد، ڕەزیلیەکەی بەو ڕادەیە نەبوو، هەر هیچ شتێک خەرج نەکات، بەڵام هەرشتێکی خەرج کردبا، لە ناخا ئازاری دەدا ولە دڵی دەرنەدەچوو.

گەییە مەیدانی ئەزهەر، بەرەو خانولخەلیلی ومەکۆ تازەکەی پەل بووەوە. بە کۆڵانێکی تەنگەبەردا بەرەو گەڕەکی دڵخوازی خۆی ڕۆیی؛ بەرەو ئەو شوێنەی تەلارێن تازە لەمبەر و لەوبەری گەڕەکەدا بەڕیز چووبوون بە ئاسماندا، کە کوچە و کۆڵانانی زۆر و زەبەندە لێکدی جیا دەکردنەوە، لە تۆ وایە پایەگای سەربازین و چاویان گومڕا دەکرد. جۆرەها قاوەخانەی ئاوەدان و دووکانانی جۆراوجۆری لە دەروبەری خۆیدا دەبینی – دووکانی خۆراکفرۆشی و توحفە وجەواهێر فرۆشی – شەپۆلی خەڵک و خوا نەدەبڕایەوە، تێکەڵەیەک بوون لە عەمامە بەسەر وتەڕبووش بەسەر وشەپقە بەسەر. هەراو هەنگامە، هاوار وبانگ و ژاوەژاو گوێیان پڕ کرد، ئەعسابیان شێواند، ئیدی تەواو پەشۆکا، سەری لێشێوا، نەیدەزانی ڕووبکاتە کوێندەر. لە کەسێکی دەرگاوان، کە لەبەر دەرگایەکدا لە سەر کورسییەک ڕۆنیشتبوو نزیک بووەوە. سڵاوی لێکرد وئەوسا پرسی:- بێزەحمەت لە کوێوە بۆ تەلاری ژمارە حەوت بڕۆم؟

دەرگاوانەکە، بە ئەدەبەوە ڕابوو، بەدەم ئاماژەکردنەوە گوتی:

-دەترسم مەبەستت شوقەی ژمارە دوازدە بێ کە ئەمڕۆ ماڵی بۆ هاتووە؟ بڕوانە، ئەم کۆڵانە بگرەو بەری مەدە تا دەگەیە پێچی دووەمی دەستە ڕاست، بە شەقامی ئیبراهیم پاشادا دەڕۆیی، ئەوسا دەگەیە دەرگای سێیەمی دەستە چەپ، ئیدی ئەوە تەلاری ژمارە حەوتە.

سوپاسی کرد، کۆڵانەکەی گرتەبەر، بەدەم ڕێوەو لە بن لێوانەوەو لە بەر خۆوە دەیگوت: " دووەم پێچی دەستە ڕاست.. زۆر چاکە هۆوەتێ.. ئەوەش سێیەم دەرگای دەستە چەپە، تەلاری ژمارە حەوت. سووکە هەڵوەستەیەکی کرد تا چاوێ بە دەوروبەری خۆیدا بگێڕێت. شەقامەکە درێژو باریک بوو، تەلارێن چوار گۆشە لەمبەرو لەوبەری بوون، کە ڕاڕەوی لاوەکی شەقامە سەرەکییەکەی نێوانیانی دەبڕی، ئیدی ئەمبەر و ئەوبەری ڕاڕەوەکان و خودی شەقامەکەش، پڕبوون لە دووکانێن جۆراوجۆر؛ دووکانێ هی سەعاتچی بوو، یەکێک هی خۆشنووسی، یەکێکی دی چایچی، چوارەم هی فەرشفرۆشی، پێنجەم هی ڕەفوگەری، شەشەم هی توحفە فرۆشی بوو، حەوتەم و هەشتەم و.. هتد. لێرە ولەوێ قاوەخانانێ هەبوون، هەر بە ئەندازەی دووکانێک دەبوون. دەرگاوانان، بە ڕوخسارێن ڕەشی قیر ئاساو عەمامەی سپی چوون چوڕی شیر و چاوانی خەواڵووەوە، وەکو ئەوەی بۆنی عەتر و گەردیلەی بخورد خوماری کردبن، لەبەر دەرگای تەلارەکاندا، پاسەوانییان دەکرد. دنیا هێندە تاریک ونسێ  بوو، لە تۆ وایە گەڕەکە لە شوێنێکدایە کە هەتاو نایگرێتەوە. هۆی ئەم تاریکیە ئەوە بوو کە بەلەکۆنە و بانێژەی شوقەکان بەڕادەیەک هاتبوونەوە یەک کە بەری ڕووناکی ئاسمانیان دەگرت.  کاسب و پیشەوەرەکان، لەبەردەم دووکانەکانیاندا دانیشتبوون و بەوپەڕی سەبر و حەوسەڵەوە سەرگەرمی پیشەکانیان بوون و جۆرەها بەرهەمی هونەریی نایابیان دروست دەکرد؛ ئەم گەڕەکە کۆنە هیشتا ئەو پیشە دەستیانەی تیا مابوو، کە بەدەستێن کارامەی بەشەران دروست دەکران. ئەو پیشانەی کە لە هەنبەر شارستانیەتی تازە ولەزگیندا، لە هەنبەر ئالۆزییە شێتانەکانی شارستانیەتی تازەدا، خۆی ڕاگرتبوو. حایرو حەپەساو چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕاو لە دڵی خۆیدا گوتی، ئاخۆ دەتوانێ ئەم گەڕەکە تازەیە وەکو گەڕەکە کۆنەکەیان بە یادگە بسپێرێت؟ ئایا ڕۆژێ دێت کە لاقەکانی، لە کاتێکا کە مێشکی بە کاروباری دنیاوە مژوولە، بگەیەننە مەزڵ؟ لەبن لێوانەوە ناوی خوای هێنا و خۆی بە دەرگادا کرد، بە پلیکانەکانی قالدرمەیەکی پێچاوپێچ دا، بۆ نهۆمی دووەم سەرکەوت کە شۆقەی ژمارە دوازدە لەوێندەر بوو. کە ژمارەکەی بینی ڕووی گەشایەوەو بزەیەکی خۆشی هاتێ. دەتگوت لە مێژە ئێرە دەناسێ و پێڵاوی غەریبی لێ داکەندووە. لە زەنگی دەرگای دا، دەرگا کرایەوەو دایکی بەدەم بزەی شادییەوە هاتە پێشوازی، ڕێگەی بۆ کردەوەو بە پێکەنینەوە گوتی: " کارە سەیرەکانی ئەم دنیایە دەبینی! " لە دەرگاکەوە وەژوور کەوت و بەدەم زەردەخەنەوە گوتی: " هەواری تازەمان موبارەک! " دایکی پێکەنی، ددانە زەردەکانی بەدیار کەوتن، ئاخر ئەویش وەکو کوڕەکەی ڕمووەدەی جگەرەکێشان بوو. بەجۆرە عوزرخوایییەکەوە گوتی: - قسوورمان عەفو بکە، ئەمڕۆ فریا نەکەوتین ژوورەکەی تۆ وخۆمان پۆشتە بکەین.. بەڕاستی ماندوو بووین، وێڕای ئەوەی زۆر ئاگادار بووم، ئاخری لاقی یەکێک لە کورسییەکان شکا و پشتی تەختە خەوەکەشت، لە چەند شوێنێکەوە ڕووشا..

ئەحمەد، خۆی لە هۆڵێکی بچکۆلەدا بینییەوە، کە پڕ بوو لە تیلەکە(کۆڵ، کۆڵەپشت) و کۆڵەبار وبوخچە، کەل و پەل، کورسی و ناوماڵ، خوانەکە لە ناوەندی هۆڵەکەدا دانرابوو، قاپ و قاچاغ و هێرباری دنیای بەسەرەوە بوو.

هۆڵەکە دوو دەرگای هەبوو، دەرگایەکیان بەلای ڕاستا و بە ناوەوە دەکرایەوە، دەرگای دووەم لە بەرانبەرەوە بوو. بەبێدەنگی تەمەشای دەوروبەری خۆی کرد. دایکی گوتی:– خوا عالمە ئەمرۆ ئیسراحەتم نەکردووە، وای بە حاڵی ئەو دایکەی کچی نەبێ، تا لە تەنگانەدا فریای بکەوێ و یارمەتی بدات. تۆ خۆت دزییەوەو چووی بۆ دایەرە و دەوام و باوکیشت وەکو هەمیشە خۆی خزاندە ژوورەکەیەوە و خۆی لە هیچ شتێک نەکرد بە خاوەن. کەچی – بێ قەزابێ – تۆزێ لەمەپێش هات و پرسی چیت بۆ فراڤین بۆ ئامادە کردووین؟ وەکو ئەوەی من سحیرباز بم و توانام بە سەر هەموو شتێکدا بشکێ؟ خۆشبەختانە گەڕەکە تازەکەمان پڕە لە خۆراکفرۆشی. خزمەتکارەکەم ناردووە فەلافل و زەڵاتە وباینجان بکڕێت..

ئەحمەد، کە گوێی لە ناوی فەلافل بوو، دەمی ئاوی کرد، بریسکەی شادی نیشتەسەر چاوەکانی، ئەوسا لە دایکی پرسی: – ئەدی بابە خەیاڵی ڕەحەت بوو؟

ژنەی تاین، بزەیەکی ناسکی بۆکرد، بزەیەک ئەوەی نیشاندەدا کە تەمەنی پەنجا و پێنج ساڵەی، هێشتا نازو کریشمەی ژنانەی لێ نەسەندووەتەوە. گوتی: – ڕەحەتی ڕەحەت! سوپاس بۆ خودا. خوابکات هەروابێ، بەڵام شوقەکە بچووکە، ژوورەکانی تەنگن. بە خۆرتی جێگای شتەکانمان لە ژوورەکاندا کردووەتەوە. ئیدی " ئەوەی لە چارە نووسراوە، دەبێ چاو بیدینێ! "

بەدەم گوێگرتنەوە لە دایکی، تەمەشای دەوروبەری خۆی دەکرد، لە سەمتی چەپی دەرگای هاتنە ژوورەوە، ڕاڕەوێک هەبوو، کە لە سەمتی ڕاستەوە دوو ژووری بەسەرەوە بوو، موبەق و گەرماو کەوتبوونە بەرانبەری. دایکی ئاماژەی بۆ ئەو ژوورەی بەرانبەر دەرگای چوونە دەرەوەی شوقەکە کرد و گوتی: " ئەمەش ژوورەکەی تۆیە! " بەڵام دوو ژوورەکەی سەر ڕاڕەوەکە، یەکەمیان بۆ نووستنی داک وبابی ئامادەکردبوو و دایکی دەربارەی ژووری دووەم گوتی: " ئەمەیان شتەکانی براکەتی تیا دادەنەین و بۆ ئەوی دادەنەین ".

ئەحمەد چوو بۆ ژوورکەی بابی، سەیری کرد پیرەمێرد لە سەر قەرەوێڵەکەی ڕۆنیشتووەو ئارامی و ڕەزامەندی بە نیگایەوە دیارە. عاکففەندی ئەحمەد – وەکو کوڕەکەی – باڵابەرزێکی باریکەلە بوو، ڕدێنێکی چڕی سپی بەردابووەوە. عەینەکێکی ئەستووری لە چاو کردبوو، کە بریقەیەکی چاوخەڵەتێنەی بە نیگا مردەڵەکەی دەبەخشی. نیگایەکی گومانبار و پڕ دوو دڵی کوڕەکەی کرد و خۆی ئامادە کرد تا ئەگەر گلەیی ماڵ گواستنەوەکەی لێکرد، بە توندی بەرپەرچی بداتەوە. ئەحمەد سڵاوی کرد و پێی گوت: – موبارەکە باوکە!

پیرەمێرد بە کاوەخۆ گوتی:– سەلامەت بی، خوا ڕاوەستاوت بکات، هەموو شتێک بە ئەمری خۆیەتی!

ئەحمەد سەری لەقاند وگوتی:– ئێمە زۆر ترساین، سەری دنیامان لە خۆ هێنابووەوە یەک. باوکە دەزانی جیاوازی نێوان سکاکینی و خانولخەلیلی لەوە کەمترە کە فڕۆکەوانێک بتوانێ لە ئاسمانەوە هەستی پێبکات؟!

بابی بەجدی گوتی:– ئەم گەڕەکە لە سایەی حوسێن دایە ڕەزای خوای لێبێ. گەڕەکی دین ودیانەت و مزگەوتانە، ئەڵمانیان لەوە ئاقڵترن نیشانە لە دڵی ئیسلام بگرنەوە، ئەوان دۆستایەتی موسوڵمانانیان لەلا مەبەستە.

ئەحمەد بزەیەکی کرد وگوتی:– باشە ئەگەر بە هەڵە، وەکو چۆن سکاکینی–یان بۆردومان کرد، ئێرەش بۆردومان بکەن؟!

پیرەمێرد، کە سەغڵەت بووبوو، گوتی:- هەق بە منە، قسە لە قسەی مندا مەکە! من ئێرە بە ئەمین دەزانم، دڵم بێرە خۆشە، دایکت پێی ڕازییە، هەرچەندە چەنەبازێکی ناشکورە. تۆش ڕازی و دڵنیایت، بەڵام وا دەنوێنی کە زۆر عاقڵیت و دەتەوێ وا خۆت نیشانبدەی کە زۆر ئازا و بوێری. دەی لەزێکە خۆت بگۆڕەو بێ با نانەکەمان بخۆین.

ئەحمەد بزەیەکی بۆ کرد و چوو بۆ ژوورەکەی خۆی و لە بەر خۆوە دەیگوت: " بابم ڕاست دەکات. " نیگایەکی وردی ژوورەکەی کرد، بینی ژوورەکە بە تۆپزی جێگای شتەکانی تیا بووەتەوەو هەموو شتەکان بەیەکدا ترنجاون. قەرەوێڵەکەی لەلای ڕاستەوە بوو، کەنتۆری جلەکانی لەلای چەپەوە بوو، کتێبخانەکەی لەولای کەنتۆرەکەوە بوو. هەموو کتێبەکانی تێپەسترابوو. ژوورەکە دوو پەنجەرەی تیابوو، حەزی کرد، لە هەر یەکێکیانەوە تەمەشایەکی بلەز بکات. لە پەنجەرەکەی لای ڕاستەوە نزیک بووەوە، کردییەوە، دەیڕوانیە سەر ئەو ڕێگایەی کە لێوەی هاتبوو، لەوێندەرەوە توانی لە بەرزییەوە، گەڕەکە تازەکە بدینێت. تەلارەکان، لەسەر پایەی چوارگۆشەی گەورە ڕۆنرابوون، لە مەیدانە چوارگۆشەکەدا، کۆمەڵێک دووکانۆچکەی بچووکی چوارگۆشە دروستکرابوون، کە کۆڵانانی تەنگەبەر دەوری دابوون. پەنجەرەو بەلەکۆنەی پێشەوەی تەلارەکان، بەسەر سەربانی دووکانەکاندا دەکرانەوەو هەوا و تیشکی هەتاویان لەوێندەرەوە وەردەگرت. هیچ تەلارێک بەردەم تەلارێکی دی نەدەگرت، تەمەشاڤانان لە یەکێک لە پەنجەرەکانی بەرانبەرەوە، چوارگۆشەیەکی گەورەی لە تەلاران دەبینی، لە شوێنەکەی ئەوەوە دەتوانرا کۆمەڵێک چوارگۆشەی زۆر بێنە دیتن کە سەربانی دووکانەکان بوون، کە کۆمەڵێک ڕێگە وڕاڕەوی تێکڕژاو بە بەینیاندا دەڕۆیی. لە پشت هەموو ئەمانەوە منارەی مزگەوتەکەی حوسێن بوو، کە بە بەرزی خۆی هەموو دەوروبەرەکەی تەبەڕۆک و پیرۆز دەکرد. زۆر دڵی بە فەزا کراوەکەی بەردەمی خۆش بوو؛ چونکە هەموو خەم و ترسێکی ئەوەبوو، کاتێ کە لە پەنجەرەکەوە تەمەشا بکات، جگە لە دیوارێن ڕەق و تەق هیچی دی نەبینێ. پاشان چووە بەر پەنجەرەکەی دی، پەنجەرەکەی ڕووبەڕووی دەرگای ژوورەکە، کردییەوە، دیمەنێکی جیاوازی بینی، لە خوارەوە کۆڵانێکی تەنگەبەر هەبوو کە دەچوو بۆ بازاڕی خانولخەلیلی کۆن، دووکانەکانی داخرابوون، لە چۆڵ دەچوون. لە سەمتەکەی تری کۆڵانەکەوە، لایەکی تەلارێک دیاربوو، کە پەنجەرە و بانێژەکانی زۆر لەوەوە نزیک بوو. پاشان بۆی دەرکەوت کە سەربانی هەردوو تەلارەکە، لە چەند خاڵێکا یەکانگیرن و ئەو نهۆمانەی کە ڕووبەڕووی یەکدین، لە ڕێگای بانێژەوە بە لەکۆنەکانەوە دەگەیینەوە یەکدی، ئەمە کردیە کارێک وا وێنا بکات کە ئێرە یەک تەلارە بە دوو بلۆکی جیاوە. خانولخەلیلی کۆن لە سەمتی چەپی کۆڵانەکەوە دەستی پێدەکرد. ئەوەی ئەو لە پەنجەرەکەی خۆیەوە دەیبینی، کۆمەڵێک سەربانی کۆن و پەنجەرەی داڕزیو، پەردەی قوماش و تەختەدار و چینکۆ شڕ بوو، کە سێبەریان لە کوچە و کۆڵانە پێکا چووەکان دەکرد. لە دوای ئەوانەوە، منارەو قوبە وگومەزی مزگەوتان چووبوون بە ئاسمانا، کە لە ئاسمانەوە وێنەیەکی شکۆداری قاهیرەیان نمایش دەکرد. یەکەمجار بوو ئەم دیمەنەی دەبینی. هێندەی دی ڕقی لە گەڕەکە تازەکە هەستا. ئیدی کەوتە تەمەشاکردنی دیمەنە نامۆ و غەریب و پەرتەوازەکان، کە ئەلهەقی بۆ چاوانی، کە جگە لە کاغەز هیچی دیکەیان نەبینی بوو، بە دیتنی تەبیعەت و شوێنەواران ڕانەهاتبوون، دیمەنی غەریب و نامۆ بوون. چونکە ماوەی ئەو جۆرە کارانەی نەبووبوو. زۆری پێنەچوو لە دەنگی لێدانی دەرگا وەخۆهاتەوە، گوێی لە دەنگی دایکی بوو کە دەیگوت:- فەلافلەکە ئامادەیە جەنابی بەگ.

پەنجەرەکەی داخست، قاتەکەی داکەند، دیزداشەکەی لەبەر و کڵاوەکەی لەسەر کرد، بەدەم وێرد خوێندنەوە لە خوا دەپارایەوە: " خودایا ئەمماڵەمان لێ موبارەک بکە. " لە هەمان دەمدا و پێش ئەوەی لە ژوورەکەی وەدەر بکەوێ، گوێی لە دەنگێکی گڕ بوو، بە تووڕەیی هاواری دەکرد: " خودا ماڵت وێران بکات، بەختت بسووتێ بۆ چ کوڕێکی.. " دەنگێکی دی، زۆر دزێوتر بەرسڤی دایەوە کە نیشانەی شەڕە جوێنی نێوان دوو کەسی گەڕەکەکە بوو، کە ئەمە عادەتی خەڵکە میللییەکە بوو. ئیدی پیرە کوڕ، لە دڵی خۆیدا تووڕە بوو، نەفرەتی لێکردن و لە دڵی خۆیدا گوتی: " پەنا بە خوا لە شوومی و ڕەشبینی " وئەوسا لە ژوورەکە وەدەر کەوت..

(( ٢ ))

خۆشترین فەلافل بوو کەلە ژیانیا خواردبووی، زۆری ستایش کرد، بابی زۆری پێخۆشبوو، ئەم ستایشەی، بە مەدح و ستایشی گەڕەکە تازەکە هەژمار کرد، بۆیە بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە گوتی:

-تۆ هیچ شتێک سەبارەت بە گەڕەکی حوسێن نازانی، خۆشترین فەلافل، بەتامترین پاقلەی سوورەوەکراو، خۆشترین پەراسووی برژاو وسەروپێی هەیە، چا و قاوەی بێ وێنەی هەیە. شەو و ڕۆژ بازاڕ هەیە، ژیان بەردەوامە.. ئێرە جێگەی کچەزای پێغەمبەرە، دراوسیەتی ئەومان بەسە!

پاش فراقین، بۆ ژوورەکەی گەڕایەوە، لە سەر تەختە خەوەکەی پاڵکەوت تا پشوویەک بدات. لە دڵی خۆیدا هەستی دەکرد، سەدەمی دڵخۆشی بەم گەڕەکە تازەیە کەمتر نین لە سەدەمی دڵتەنگیەکەی.

چاوی بە هەر چوار نکاڵی ژوورەکەدا گێڕا، تا نیگای لە سەر ئەو کتێبانە گیرسایەوە کە لەلای کتێبخانەکەوە، بە ناڕێکی لە سەر یەکدی کەڵەکە کرابوون. بە ئاسوودەیی و تەوسەوە چاوی تێبڕین، ئەمانە کتێبە ئازیزەکانی بوون و هەر هەموویان بە زمانی عەرەبی بوون، چونکە لە سەردەمی قوتابیەتیدا – لە وانەی ئینگلیزیدا باش نەبوو و پاشانیش پشت گوێی خست و بەرەبەرە لە بیری چووەوە. سێیەکی کتێبەکان، کتێبی قوتابخانە بوون، هی جوگرافیا و مێژوو و وەرزش و زانیاری بوون، ژمارەیەک چاڤکانی و سەرچاوەی قانوونیشی تیابوو، هەروەها کتێبی مەنفەلوتی، مویلەحی، شەوقی و حافز و مەترانیشی تیابوو، هەروەها کۆمەڵێک کتێبی زەرد هەڵگەڕاوی ئەزهەریشی تیابوو دەربارەی ئاین و لۆژیک کە بە ڕەمز ونیشانەی زانستی قورس وسەختفامی دەزانین و جگە لە خەڵکانێکی زۆر کەم چ کەسێک پەی بەم حەقیقەتە نەدەبرد. هەروەها هەندێ کتێبی نووسەرانی هاوچەرخیشی تیابوو، کە کڕینیانی بە جۆرە ڕێزو لوتفێک بەرانبەر بەو نووسەرانە دەزانی. ئەمە کتێبخانە ئازیزەکەی بوو یان بەری ڕەنجی هەموو ژیانی بوو. خوێنەرێکی لە زەبر بوو، لە خوێندنەوە تێر نەدەبوو، زۆر پیس ئالوودەی خوێندنەوە بووبوو. بیست دانە ساڵی تەواو بوو خووی دابووە خوێندنەوە. لە ساڵی ١٩٢١ وە- ئەو ساڵەی کە بەکالوری تەواو کردبوو – تا ساڵی ١٩٤١، ئیدی کتێب ژیانی باتینی وزاهیری ئەوی داگیر کردبوو، هەموو هۆش و گۆش و حەز و خۆزیایەکی خۆی لە کتێباندا دەبینییەوە، بە درێژایی ئەو بیست ساڵە، لە سەر ئەوە ڕاهاتبوو، کە هەر کتێبێکی دەسکەوتبا دەیخوێندەوە، یانی خوێندنەوە خوێندنەوەیەکی گشتی بوو، ڕەچاوی پسپۆڕی و نەوعیەتی نەدەکرد، هەر پشت بە زانیاریە کۆنەکانی، کە پەرتەوازە و شپرزە بوون، دەی خوێندەوە، ڕەنگە هۆی ئەم بێ بەرنامەییەی ئەوە بووبێ، کە نەیتوانی بوو دوای بەکەلوریا، درێژە بە خوێندن بدات و دەرفەتی پسپۆڕاتی بۆ نەڕەخسا بوو.

هەڵبەتە ئەو دابڕان و بێ بەرنامەییە، کاریگەری زۆری کردە سەر ژیانی جڤاکی و دەروونی ئەو، کە بە درێژایی ژیانی لێی نەخەلەسی، هۆیەکەی ئەوە بوو کە بابی لەو سەردەمەدا خانەنشین کرا – تەمەنی نزیکەی چل ساڵانێک دەبوو – لەبەر ئەوەی کەمتەرخەمی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا کردبوو وبە گژ موحەقیقە کارگێڕییەکاندا چووبووەوە و سووکایەتی پێکردبوون، خانەنشین کرابوو، ئیدی ئەحمەد عاکف ناچار دەبێ مەکتەب تەرک بکات و بە وەزیفەیەکی بچووک قاییل ببێت، تا بژێوی خێزانە شکست خواردووەکەیان پەیدا بکات وهەر دوو برا بچووکەکەی، کە یەکێکیان زوو مرد و دووەمیان بوو بە فەرمانبەر لە بانکی میسردا، بەخێو بکات. ئەحمەد قوتابیەکی زیرەک وجدی وفرە خۆزیا بوو، لە هەوەڵەوە حەزی دەکرد بچێتە کۆلیج و بەشی مافناسی بخوێنێ، دەیویست لە ڕێگەی خوێندنەوە بگاتە هەمان پایە و پێگەی سەعد زەغلول ( ١٨٥٨ – ١٩٢٧) ، بەڵام کە ناچار بوو دەستبەرداری خوێندن ببێت، ئەو چاوە ڕەشەی کاڵ بووەوە، جەزرەبەیەکی کوشندەی وێکەوت، ئیدی تووشی نائومێدییەکی ئەوتۆ بوو، کە بەجارێ وێرانی کرد، خەم و خەفەت، سەراپای داگرت، لە ناخی خۆیدا گەییە ئەو قەناعەتەی کە شەهیدێکی مەزلوومە، بلیمەتێکی زندەبەچاڵە، قوربانیەکی ستەمدیدەی بەخت و ناوچەوان ڕەشە. ئیدی لەوە بە دواوە، هەمیشە لە وەخت و ناوەختا گلەیی لە بەختی خۆی دەکرد کە چۆن بووە مایەی شەهید بوونی ئەو هەموو بلیمەتیەی کە هەیبوو. ئیدی ئەمەی لێبوو بوو بە مەراق و لە دڵی دەر نەدەچوو، هاوکارەکانی بە گلەیی و گازندەکانی ڕاهاتبوون، کە بەردەوام، بە دەنگێکی لەرزۆک و پڕ هەڵچوونەوە دەیگوت و دەیگوتەوە: " ئەگەر خوێندنەکەم تەواو بکردبایە – کە دەرچوونم مسۆگەر بوو – ئێستا کەسێکی دیکە دەبووم! " یان بە کەسەرەوە دەیگوت: " من خەریکە تەمەنم دەگاتە چل ساڵان، تەسەور بکە هەڤاڵ! ئەگەر ژیان ئاسایی ڕۆیشتبا و بەختی ڕەش ڕێی پێ نەگرتبایە، نها یەکێک نەدەبووم لەو ئەوقات و پارێزەرە کۆن وکارامانەی کە شانازی بە خزمەتی بیست ساڵەی خۆیەوە، لە واری دادڤانیدا بکات؟! چاوەڕوانی چی لە پیاوێکی جدی وەکو من لە ماوەی بیست ساڵدا دەکرا؟! " یان هەندێجار بە کەسەرەوە دەیگوت: " بەناهەق درەخشانترین قۆناغی مێژوویی میسرمان لە دەست ڕۆیی، ئەو قۆناغەی هیچ بایەخێکی بۆ تەمەن و پایەی بابەلبابی ماڵباتی وبۆماوەیی دانەدەنا و گەنجان بە گوێرەی توانا دەگەییینە کورسی وەزارەت! "

بە بەردەوامی پەیگیری هەواڵی هاودەورەکانی سەردەمی قوتابخانەی خۆی دەکرد، هەواڵی ئەوانەی درێژەیان بە خوێندنی خۆ دابوو، زۆرجار سەری لە سەر ئەو ڕۆژنامەیەی بەردەستی هەڵدەبڕی و بە ناڕەزاییەوە دەیگوت: " فلان کەس کە بووە بە وێردی سەر زاران و هەمووان باسی دەکەن، دەناسن؟.. لە قوتابخانەدا هاوپۆلی من بوو، قوتابییەکی تەمەڵ بوو، بە تۆزی پێی مندا نەدەگەیی. " یان بەدەم خوتە وبۆڵەوە، بە توانجەوە دەیگوت: " خوا بەختەکی؟ جێگری وەزیر؟ هەتیوێکی چەپەڵ، نەگریس، گێل، فڕی بە دنیاوە نەبوو؟ هێی دنیای بێ وەفا! " یان باسی زیرەکی خۆی و پێشبینی مامۆستاکانی سەبارەت بە ئایندەی خۆی بۆ براکانی دەگێڕایەوە. بەوجۆرە جۆرەهەستێکی سەرکێشانەی تووڕەیی و ناڕەزایەتیەکی درێژخایەن و غروورێکی کینەئامێز وباوەڕێکی درۆزنانەی بە توانا و بەهرەکانی خۆی لە لا دروست بوو، کە ژیانی لێکرد بە عەزابێکی بەردەوامی هەمیشەیی. تا ئەوە بوو، ئەم بلیمەتیە فرامۆشکراوەی لە قاتی هەشتەمی ئەرشیڤخانەی وەزارەتی ئیشغالدا ( کار ) گیرسایەوە.

بەڵام هەرگیز دانەسەکنی، نائومێد نەبوو، ڕێگەی جۆراوجۆری گرتەبەر تا زنجیرەکان بپچڕێ و بەرەو ئازادی، جەلال و شکۆ بکاتەوە. ئەزموون لە دوای ئەزموونی بڕی، گلان لە دوای گلانی تاقیکردەوە، کەوت

وهەستایەوە. کۆڵی نەدا. یەکەم شت کە بیری لێکردەوە ئەوە بوو – لەماڵەوە – خۆی ئامادە بکات بۆ وەرگرتنی شادەتنامەی مافناسی، چونکە ئەو بەشە بوو کە لە هەوەڵەوە حەزی لێدەکرد، دەیتوانی تاقیکردنەوەی دەرەکی بکات، چونکە خوێندنی مافناسی وەکو سەردەمی سەعدوهەلیاوی پێویستی بە سەعی کردنی زۆر و دەوامی فەرمی نەبوو. کۆمەڵێک کتێبی مافناسی کڕی و محازەرە و مەلزەمەکانی بە ئەمانەت وەردەگرت، یەک ساڵی مەدرەسی تەواوی بە سەعی کردنەوە بردەسەر، لە کۆتاییدا ناونووسی بۆ تاقیکردنەوە، کرد؛ بەڵام لە دوو وانەدا دەرنەچوو. زۆر بەمە شکایەوە، لە بەردەم ئەوانەدا، کە بە وردی پەیگیری هەواڵی بلیمەتیەکەی ئەویان دەکرد، خەجاڵەت و شەرمەزار بوو. ئیدی ئەم ناکامییەی دەدایە پاڵ کار و وەزیفە و نەخۆشییەکی وەهمی کە نەی هێشتبوو وەکو پێویست سەعی بکات و بخوێنێ، لەوە دواش هەر بۆ ئیحتیات بەردەوام ئیدیعای نەخۆشی دەکرد. دەترسا جارێکی دی، بچێتە تاقیکردنەوەیەکی دیکەوە. ئیدی بۆ ئەوەی لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی ئاشکراوە، بلیمەتیەکەی خۆی نەنوێنێ، کە هەموو خەڵکی دەیانتوانی ئەنجامەکەی ببینن، دەستبەرداری ئەو کارە بوو و ڕووی کردە خوێندنەوە و زانستی ئازاد. ئیدی دەیگوت تاقیکردنەوە و شادەتنامە هیچ نییە وپاشان لە دڵی خۆیدا سەدەمی دەرنەچوونەکەی لە تاقیکردنەوەی یاساناسیدا دەگێڕایەوە بۆ ئەوەی کە خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو – نەک بۆ تەمەڵی و بێ توانایی، هەنگێ وازی لە خوێندنەکەی هێنا، تا دەرفەتی ئاسایی بۆ بلیمەتیە شەهیدەکەی بڕەخسێنێ.

ئیدی بەوجۆرە یەکساڵی تەواوی لە کیس داو، ژمارەیەک کتێبی یاساناسی بۆ کتێبخانەکەی زیاد کرد. پاشان لێبڕا ژیانی بۆ زانست تەرخان بکات، تیامابوو لە نێوان لێکۆڵینەوەی تیۆری وداهێنانی زانستیدا کێهەیان هەڵبژێرێت؟ پاشان بە هەنجەت و بیانووی ئەوەی کارخانە و کارگە لە وڵاتدا نییە دەستبەرداری داهێنانی زانستی بوو، چونکە ئەو شوێنانە، واتە کارخانە و کارگان، مەیدانی ئەزموون و سەرچاوەی سروشتی و سەرۆی داهێنان بوون، ئیدی خووی دایە زانستی تیۆری و بە ئومێدی ئەوە بوو ڕۆژێ لە ڕۆژان تیۆرییەک بدۆزێتەوە کە ڕێگەیەوە ئاسۆی زانستی مودێرن بگۆڕێ و بگاتە ئاسمانی نەمری و لە نێوان نیوتن و ئەنیشتایندا بگیرسێتەوە. ئیدی چاکی هەوڵ و هیمەتی کرد بەلادا و هەر نامیلکە و کتێبێکی تەبیعیات و کیمیای دەست کەوتبا دەیکڕی و بەدڵ و بەگیان سەری دەکردە خوێندنەوەیان. دوای یەک ساڵ موتالا وخوێندنەوە، سەیری کرد تاقە یەک هەنگاویش لە ئامانجە دوورەکەی نزیک نەبووەتەوە. پاشان گەییە ئەو قەناعەتەی کە قووڵبوونەوە لە زانست پێویستی بە خوێندنی هەندێ ئەوەلیات هەیە کە ئەو بۆی نەڕەخساوە.

ئیدی خەمی لێنیشت، ترسی لێ زاڵ بوو. لە خوێندنەوەو پەیگیری زانستی تیۆری نائومێد بوو. ئەمجارەیان بیانووی بۆ نائومێدییەکەی ئەمە بوو، کە توێژینەوەی تیۆری هیچی لە داهێنانی زانستی کەمتر نییە و بەبێ تاقیگە و کارگە و پەیمانگەی توێژینەوە، ئەنجام نادرێ و، ژینگەی میسر بە شێوەیەکی گشتی هێشتا بۆ زانست ئامادە و لەبار نییە، ئەمجارەیان، بە پێویستی نەدەزانی، پاکانە بۆ ناکامیەکەی بکات، چونکە فێری ئەوە بووبوو نیازو مەبەستەکانی لە هەموو خەڵکی بشارێتەوە، بەڵام وێڕای ئەوەش زۆرجار لەلای هاوکارو دۆستەکانی باسی ئەوەی دەکرد کە کاتی بێکاری خۆی بە موتالا و خوێندنەوە بەسەر دەبات و.. خوێندنەوە و ڕۆشنبیریی ئازاد، لە خوێندن و شادەتنامەی فەرمی و حکومەتی باشترە و خوێندنەوەو ڕۆشنبیریی ئازاد، پیاو دەکات بە زانا و دانای لە زەبرو گەورە. ساڵێکی دیکەش بووری و کۆمەڵێک کتێبی تازە بابەتی دیکە هاتنە ناو کتێبخانەکەیەوە. ئەوسا شەکەت و ماندوو، حایرو حەپەساو لە خۆی پرسی: ئایا بەهرە و توانای ئەو بۆ چ

شتێک خوڵقابوو..؟ بێگومان هێشتا خۆی نەناسی بوو، ئەگەر خۆی ناسی بوایە، ئەو هەموو وەختەی خۆی بەوجۆرە بە فیڕۆ نەدەدا.

باشە مەیل و ئارەزووی ڕاستەقینەی ئەو چ بوو، بەهرەی لە چ دابوو؟ لە مافناسی و زانست بووبووەوە، بەڵام مافناسی و زانست هەموو شتێک نەبوو. زانستی دیکەش هەبوون کە هیچیان لە زانست و مافناسی کەمتر نەبوو. دڵبەندی شەوقی و مەنفەلوتی بوو، نهێنی ئەمە لە چ دا بوو؟ چما حەزی لە دەربڕینی ئەفسووناوی بوو؟ ئایا لەبەر ئەمە نەبوو کە بەهرە و بلیمەتی ڕاستەقینەی ئەو لە واری ئەدەبیاتدایە؟ جوانترین لایەنی ئەم هونەرە ئەوەبوو، کە بۆ مومارەسە کردنی پێویستی بە شادەتنامە و خوێندنی قوتابخانە نەبوو.تەنیا ئەوەندەی لەسەر بوو، کە بەرهەمەکانی شەوقی و حافز و مەتران بخوێنێتەوە. زۆری پێنەچوو کە کتێبخانەکەی بوو بە خانەخوێی کۆمەڵێک میوانی تازەو ناوازەی مەیدانی شیعرو پەخشان. زۆر بەجدی و تاسەوە، تا ڕادەی تووڕەیی، کەوتە خوێندنەوەیان؛ ئەوەبوو بەدەم خوێندنەوەوە، تووشی ئەم گوتەیەی ئیبن خەلدوون بوو: " لە کۆڕ و کۆبوونەوە فێرکاریەکاندا لە مامۆستاکانی خۆمان دەبیست کە پایە وکۆڵەکەکانی ئەدەبیات چوار دیوانن کە بریتین لە : " الکامل " ی موبەڕەد و " ادب الکتاب "ی ئیبن قوتەیبە و کتێبی " البیان و التبیین " ی جاحز وکتێبی " النوادر "ی ئەبی عەلی ئەتکالی ئەلبەغدادی. هەر کتێبێکی دیکەی غەیری ئەمانە، پاشکۆ ولقی ئەمانەن."

هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا، وەکو ئەوەی گەنجی دۆزیبێتەوە، ئیدی هەر چوار سەرچاوەکەی کڕی و بە دڵ و گیان وبەپەلە کەوتە خوێندنەوەیان. هەرکە لە خوێندنەوەیان بووەوە، بە شادمانیەوە لە خۆی پرسی: " ئایا ئێستا بووم بە ئەدیب؟ " دەستی دایە قەڵەم و لێبڕا کە دەست بە نووسین بکات، بابەتێکی نووسی ناوی نا " لە کەناری نیل "دا. هەموو هونەر و ئیلهامێکی خۆی تیا بەکارهێنا، بە پۆستەدا بۆ گۆڤارێکی نارد، بەدەم خەیاڵەوە بیری لەوە دەکردەوە کە خوێنەران بە چ ستایشێکەوە پێشوازی لێدەکەن و چۆن پەسندی دەکەن. بیری لەوە دەکردەوە، چۆن دەبێت بە یەکەم پلیکانەی شۆرەت و ناوبانگی پرشنگدار. گۆڤارەکە دەرچوو، منەی وتارەکەی خۆی کرد، تیای نەبوو، جۆش و خرۆشەکەی دامرکایەوە، ئەم خەیاڵپلاوەشی کەڕووی هەڵێنا، لە ناخا هەستی بە تەریق بوونەوە کرد، بەڵام نائومێد نەبوو، خۆی دایە دەم چاوەڕوانیەوە بۆ هەفتەی داهاتوو، چەند هەفتەک بووری و گوتارەکە بڵاو نەبووەوە. هەر چوار سەرچاوە سەرەکییەکەی ئەدەبی خوێندبووەوە، کە هەر کتێبێکی دی، بە پاشکۆ و لقی ئەوانە دەژمێردران. بە قسەی ئیبن خەلدوون بێ، ئەو ئەدیب بوو، ئەدی بۆ وتارەکەی بڵاو نەبووەوە؟ ئایا لەبەر ئەوە بڵاویان نەکردبووەوە، چونکە نووسەرەکەی مەنشوور نەبوو؟ یان لەبەر ئەوە بوو کەسی ڕانەسپاردبوو شەفاعەتی بۆ بکات؟ یان تۆ بڵێی لە گوتارەکەی حاڵی نەبووبن؟!.. بیری کردەوە کە بە خۆی بۆ ئۆفیسی گۆڤارەکە بچێت تا بزانێ مەسەلە چییە، بەڵام نەیتوانی ئەو کارە بکات، شەرمن بوو و شەرمنۆکی هەمیشە کۆسپ بوو لەبەردەمیا. بەرەبەرە باندۆری یەکەمین شۆکی لە بیرکردو وتاری دووەمی نووسی؛ دەربارەی عەدالەت بوو، ئەمجارەش بەخت یاوەری نەبوو. وتاری سێیەمی دەربارەی " هەژاری و مەرگی بەهرەمەندی وبلیمەتی" ئەمەشیان بە مەرەدی دوو گوتارەکەی پێشوو چوو. بەڵام هەر کۆڵی نەدا و ڕژد بوو لە سەر درێژەدان بە نووسین، تا دوا ئومێد و هەموو هەوڵەکانی، هەڵوەرین و بە تەواوەتی فەرامۆش کران. ئیدی سەرلەنوێ بە زۆربەی وتارەکانیا چووەوە، لە نوێ دایڕشتنەوە و بۆ گۆڤارێن جیاوازی ناردن، بەڵام هیچ کەسێک بەزەیی بە ئومێدە پڕ ئازارەکەیدا نەهاتەوەو لە هەڵدێری نائومێدی ڕزگاری نەکرد. دوا وتاری دەربارەی "بێ بایەخی ئەدەبیات " بوو کە ئەویش بە هەمان مەرەدی ئەوانی دی چوو. ئیدی دڵشکاو و نائومێد دەستبەرداری هەموو هەوڵەکانی بوو، نەگبەتی و بێ یەغباڵی، دژمنە دێرینەکەی، وخەڵکانی

دڵڕەش ونەفسنزم، دژی وەستانەوە. هیچ گومانی لە بایەخی وتارە ئەدەبییەکانی خۆی نەبوو. بگرە زۆر بە باشتری دەزانی لە وتارەکانی سەرەتای مەنفەلوتی یان نووسینی نووسەرە تازەکان؛ بەڵام هەی داد و بێ داد لە دەست بەد نیازان وبەغیلان! بەوجۆرە هەموو خەون و ئاواتەکانی هەڵوەرین. ژیان چەند سەخت و دژوارە، چەند زاڵمە!. قەڵەمەکەی فڕێ دا، کینە و ڕق و سەرکێشی هێندەی دی ناخیان تەنی، ئەنجام لەوە نائومێد بوو کە بگاتە شۆرەت و شکۆ و نێوبانگ، دڵی پڕ بوو لە ڕق و کینە بەرانبەر بە دنیا و خەڵکی، بەرانبەر بە شکۆ و شکۆداران! گەورەیی وشکۆ دەیکردە چی؟

گەورەیی، وەکو ئەوەی لە میسردا باو بوو، چی بوو، چی دەگەیاند؟.. بەیەک وشە وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە: " زروفی لەبار" سەبارەت بە خودی سەعد گوتی: " زاواکەی ڕێگەی سەرکەوتنی بۆ خۆشکرد، ئەگەر زاواکەی نەبوایە، هەرگیز نەدەبوو بەم سەعدەی کە هەموومان دەیناسین." زۆرجار دەیگوت و دەیگوتەوە: " پۆستی گەورە لە میسردا، میراتیە " یان دەیگوت: " ئەگەر بتەوێ لە کۆمەڵگای مەدا پێشبکەوی، دەبێ ماستاوچیاتی ودرۆ وڕیا بکەی بە پیشە، هەڵبەتە نابێ گەوجاتی و نەزانیش لەبیر بکەی" .یان بە توانجەوە دەیگوت: " ئەو ئەدیبانەی کە لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان پڕ دەکەنەوە کێن؟ ئایا هەقی ئەوەمان هەیە بۆ ئەوەی لە ئەدەبدا دەربکەوین، پەنا بەر گەمەێن سیاسی وحیزبی تا لە شکۆ وپایەی درۆینەی وان دوا نەکەوین؟ یان بە تووڕەیی دەیگوت: " سوێند بە خودا ئەگەر بمویستبا لە میسرا گەورە بم، بگەمە پایەیەکی گەورە، دەمتوانی، بەڵام چی لە عیزەتی نەفس، لە نەفسبەرزی دەکەی!"

تووڕەیی وەکو کڵپەی ئاگر کەوتبووە گیانی. ئاگرێکی نا پیرۆز وچنگێ خۆڵەمێشی لێ مابووەوە؛ بەڵام ژیان هەموو کاتێ تووڕەیی هەڵناگرێ، جگە لە ئارامیەکی نائومێدی ئامێز هیچی دیکە نەبوو پەنای بباتێ، هەرجارێ کینە و تووڕەیی بەرۆکی بگرتبایە، پەنای دەبردە بەر نائومێدی و لەو دەمانەدا بەخۆی دەگوت: " باشە فایدەی سەرسەختی وعینادی چییە لەم دنیایەدا؟ کە قەرار بێ وەکو ئاژەڵان بمرین و بۆگەن بکەین، چما وەکو فریشتە بیر بکەینەوە؟ گریمان هەموو دنیام پڕ کرد لە نووسین و کتێب و داهێنان، هەنگێ کرمی قەبران ڕێزم دەگرن یان وەکو جەندەکەکانی ڕیاو سەکینە تێم دەوروکێن و دەمخۆن؟ ***( ڕیا و سەکینە، دوو ژنی میسری بوون، بە یارمەتی هاوسەرەکانیان محەمەد عبدولعال وحسب الله، لە ساڵانی هەوەڵی سەدەی بیستەمدا، لە ئەسکەندەرییەی میسردا دەستیان بە کوشتنی ژمارەیەکی زۆری ژنان کرد، یەکەمین بکوژانی نهێنی ژنان بوون لە میسری سەدەی بیستەمدا. چیرۆکی ئەم دوو ژنە لە جیهانی عەرەبدا بەناوبانگە، لە بەرواری ٢١ و ٢٢/ دیسامبەر/ ١٩٢١ ئیعدام کران. )*** دنیا هەر هەمووی درۆیە، بۆش وبەتاڵە، فشەیە، گەورەیی وشکۆ لە سەرووی هەموو درۆکانەوەیە. ئیدی خۆی ڕادەستی تەنیاییەکی تاڵی عەقڵی ودەروونی کرد. لە ژیان وەڕز و بێزار بوو، خۆی دەدزییەوە. بەڵام لە ڕاستیا، لە هەمان کاتدا کە نائومێد و بێزار پشتی دەکردە ژیان، بە غروور و لەخۆبایی بوونەوە مامەڵەی لە تەکدا دەکرد، بۆیە دەستبەرداری خووی خوێندنەوە نەبوو، چونکە کتێبان ئەو ژیانە بۆ مرۆڤ دەڕەخسێنێ کە ئارەزووی دەکات، بەمجۆرە ژیانی دەگەڵ کتێباندا بە سەر ژیانی دنیاییدا پەسند داو ئیدی ئەمەی کردبوو بە هەتوان ودەرمانی دەردی غرووری خۆی، هەموو هێزی خۆی لەوەوە وەردەگرت و وای وێنا دەکرد هێزی دەروونی خۆیەتی، بیتی ناو کتێبەکانی بە بیری خۆی، دەسەڵاتی کتێبەکانی بە دەسەڵاتی خۆی و زندوویەتی کتێبەکانی بە زندوویەتی خۆی دەزانی. دوای کۆمەڵێک شکستی دوابەدوای یەک، دەستبەرداری موتاڵا و خوێندنەوەی سیستەماتیک وئامانجدار بوو، هەرشتێکی بەردەست کەوتبا دەیخوێندەوە. بایەخێکی تایبەتی بە کتێبێن زەرد دەدا، چونکە بەلای ئەوەوە دەگمەن بوون و بە ئەسانی

دەست نەدەکەوتن، ئیدی بە تاسەوە سەری کردە خوێندنەوە، بە ئەعساب و مگێزێکی شێواو و شپرزەوە دەیخوێندنەوە، نە سوودی لە خوێندنەوە وەردەگرت نە لەزەت، دووچاری بەد هەرسی عەقڵی بوو، شتۆکەیەکی لێرە و شتۆکەیەکی لەوێ وەردەگرت، بەڵام هەرگیز لە سەر یەک شت، یەک شتی بە سوود نەگیرسایەوە، عەقڵی هەرگیز لە سەر هزرین ڕانەهات، کتێبان لە جیاتی ئەو بیریان دەکردەوەو ڕادەمان. بیرکردنەوە و ڕامانی بەلاوە گرینگ نەبوو. هەموو خەمێکی ئەوە بوو کە سبەینێ زوو بێت، تا ئەوەی دوێنێ خوێندبوویەوە، ئەوەندەی لێی حاڵی بووبوو و ئەزبەری کردبوو و لە یادگەیدا مابووەوە،- بە زمانی مامۆستا و فەیلەسوف بۆ هاوکارە فەرمانبەر و دۆستەکانی بگێڕێتەوە. بۆیە کارمەندانی ئەرشیڤخانە ناویان نابوو " فەیلەسوف " هەرچەندە ئەم ناولێنانە، هێندەی نیشانەی ڕێز بوو، ئەوەندەش نیشانەی پێ ڕابواردن بوو، بەڵام دڵی پێی خۆشبوو. یارۆی فەیلەسوف، ڕاوبۆچوونێکی جێگیری نەبوو، چونکە هەر دەیخوێندەوە و بیری نەدەکردەوە، ئەوەی دوێنێ گوتبووی، ئەمڕۆ لەبیری نەدەما، ئەوەی ئەمڕۆ دەیگوت، دەگەڵ ئەوەی دوو ڕۆژ لەمەوبەردا تێکی نەدەکردەوە. هەر گەنگەشەیەک بە قازانجی ئەو بایە وکبریا وغروورو دەرکەوتنی ئەوی تێر و پاراو بکردایە، هیچ گلەییەکی نەدەکرد. بە پێچەوانەوە، ئەگەر بە دڵی نەبوایە، مەلا بەزێنی دەهاتە مەیدان، ئەگەر بەرانبەر بیگوتبایە سیر، ئەو دەیگوت پیاز، ئەگەر بیگوتبا چەپ ئەو دەیگوت ڕاست، ئەگەر بیگوتبا سپی ئەو دەیگوت ڕەش. ئیدی بە توندی و توورەییەکی ئەوتۆ گەنگەشەی دەکرد کە لەگین بوو دەست بداتە یەخەی بەرانبەرەکەی! بەڵام ئەمە مانای وانەبوو کە کابرایەکی کەودەنە. لە ڕاستیا جۆرە زیرەکییەکی مامناوەندی هەبوو. واتە نە گێل بوو نە زۆر زیرەک چ جای بلیمەتی، بەڵام شۆرەتخوازی وحەزی گەیشتن بە جەلال و، تامەزرۆیی بۆ بلیمەتی، تەواو گومڕای کردبوو، خۆی لێگۆڕا بوو. ئەوەی زیاتر دووچاری نائومێدی کردبوو، هەستیاری و دڵناسکیە شپرزەکەی بوو، ئەمە سەبر و گیانی کۆڵنەدان و ڕامان و هزرینی لەلا کوشتبوو، مێشکی لەجیاتی ئەوەی بیر بکاتەوە بووبوو بە عەمارێکی پڕ لە زانیاری تێکەڵ و پێکەڵ و بێسوود. بێگومان ئەو خەو زڕانەی کە نیو ساڵی پێوە بوو، یەکێک بوو لەو سەدەمانەی کە عەقڵی نەزۆک کردبوو و گەیاندبوویە ئاستی شێتی و مردن. زۆربەی شەوانی بەدەم حیرەت و وڕاوەوە ڕۆژ دەکردەوە. پاشان خوا ڕەحمی لێکرد و دوای نائومێدی و بێزارییەکی دوور و درێژ ئیفاقەی بۆ هات و چاک بووەوە. سەدەمی ڕاستەوخۆی نەخۆشییەکەی، ئەزموونێکی مەترسیدار بوو، کە بێ بیرکردنەوە لە ئاکام و لێکەوتەکانی دەستی دابووێی، باوەڕی بە جادوو هەبوو، باوەڕی بە هەموو ئەو ئەفسانانە دەکرد کە بۆی دەگێڕدرایەوە. ڕۆژێ تووشی کارمەندێکی کۆن دەبێ، کە باوەڕی تەواوی بە جادو و جنۆکە و ئەهریمەنان دەبێت، بە شەوق و تاسەی زۆرەوە تێکەڵی دەبێ، دوای ئەوەی دۆستایەتی تەواویان دەکەوێتە بەینەوە، کابرا چەند کۆنە کتێبێکی دەربارەی جادوو و حازراندنی جنۆکە و ئەهریمەنانی وەک: موستیلەکەی سلێمان، قمقم و ئەسیادی، دەداتێ. ئەحمەد لە خۆشیان لە پێستی خۆی ناحەجمێ و ئەم کتێبانەی بە سەرچاوەی بێ چەند و چوونی زانست و حەقیقەت دەزانێ، وادەزانێ هەنگوینی لە دارا دۆزیوەتەوە.

ئاسوودە و دڵنیا، بەدڵ و بەگیان کەوتە سەریان، ڕەمزەکانیانی دەکردەوە، ڕازەکانیانی هەڵدەهێنا. بە ئومێدی ئەو ڕۆژەوە دەتلایەوە کە هێزە گەردوونیەکان کۆنترۆڵ بکات و کلیلی مەعریفەت و دەسەڵات و شکۆ بەدەست بێنێ! چیوای نەمابوو لە خۆشیا شێت بێت. چاوەڕوانی ئەوە بوو کە عەرشی دەسەڵاتی بێکۆتایی بکەوێتە بن دەست، تا ئەوەی دەیەوێ هەڵیگرێ و ئەوەی نایەوێ ڕەهای بکات. بە کەیفی دڵی خۆی بکات، بەم ڕابوێرێ، سەربکاتە سەر ئەو، کێی ویست بەرزی بکاتەوە و کێی نەویست نغرۆی بکات و ڕیسوای دنیا و

قیامەتی بکات، دەوڵەمەندی بکات، یان هەژاری بکات و لە قوڕی ڕەشی بنێت، بیژێنێ یان بیکوژێ؟ بەڵام ئەعساب و مێشکی بەرگەی ئەو هەموو ماندوو بوون و شەوبێداریە دوور ودرێژەی لە گەڵ گیانی جنۆکە و ئەهریمەناندا نەدەگرت. ئیدی ماندوویەتی زۆری بۆ هێنا. ترس و واهیمە بەسەریا زاڵ بوو. نەخۆشی یەخانگیری بوو، گەییە حاڵی شێت بوون و مردن! ئیدی هیچ چاری نەما، دەبوا دەستبەرداری خولیا و خەیاڵپڵاوەکانی ببێت، کتێبەکانی بۆ کابرا بردەوە و دوای ئەوەی هەموو ڕێگاکانی گەیشتن بە شۆرەت و شکۆی تاقیکردەوە، بەیەکجارەکی نائومێد بوو و وازی هێنا.

بە کول و کۆڤانەوە لە خۆی دەپرسی: " چ بەڵایەکمە؟ بڵێی ڕۆحێکی پیس هاتبێتە ناومەوە؟ بۆچی دەبێ هەمیشە لە پێناوی خواستەکانمدا بخەبتم، لە کاتێکا هەر کە دەست درێژ بکەم، بە ئاسانی دەیانگەمێ؟ بۆچی هەمیشە هەوڵەکانم، ئاوات و خەونەکانم، بە ناکامی دەشکێنەوە؟! " ڕۆژگار دەبووری و ئەو دەچووە تەمەنەوە، هەستی بە مەزڵوومیەتێکی زۆر دەکرد، بەرەبەرە و ژێراوژێر لەزەتێکی گۆنگی لە ئازارەکانی دەبینی، لە خوت و خۆڕایی، دووچاری ئەو وەهمە بووبوو کە هەمووان غەدری لێدەکەن، هەرچییەکی بەسەر دەهات، بە هەمان لەزەتی غەریبەوە پێشوازی لێدەکرد. هەندێجار لە بەر خۆوە و بە تەوسەوە دەیگوت: ئەمە گەورەیی نییە هەموو خەڵکی، دژی یەک زەلام ڕابن!؟ ئەمە مایەی شانازی نییە، کە نەگبەتی و بەدبەختی بگاتە ئەو ڕادەیەی ببێتە مایەی ئێرەیی و حەسوودی خەڵکی؟ بەڵێ لەوەتای دنیا هەیە، نەگبەتی و بەدبەختی بەشی عەقڵێن گەورەو دەگمەن بووە."

لەزەتی لە ئازارەکانی خۆی دەبینی، ئەم حاڵەتە کاری لە مەیلە سیاسییە ناجێگیرەکەشی دەکرد. هەمیشە و بێ ڕەچاوکردنی پرەنسیپی سیاسی، بەلای حیزبە شکست خواردووەکاندا دایدەشکاند، لە دڵی خۆیدا، خۆی بە ڕێبەری ئەو حیزبە دەزانی، ئیدی لە سۆنگەی ئەمەوە تووشی جۆرەها زوڵم و چەوسانەوە و سەریەشە دەبوو، ئیدی ئازار و لەزەتێکی بێ وێنەی لەمە دەبینی. لە ڕاستیا، ئەم ڕەفتارەی نە بە تەنێ زادەی ڕێکەوت بوو و نە زادەی شکست و ناکامیە بەردەوامەکانی، بەڵکو ڕەگێکی دەچووەوە سەر دەورانی منداڵی، کە نۆبەرەی داک و بابی بوو، نازێکی زۆری دەدرایە، لەزەتی لەم نازدارییە دەبینی. لە هەمان کاتدا، نەردی بەختی وای هانی، هەر بە منداڵی، لە کاتێکا تەمەنی هێشتا نەگەیی بووە بیست ساڵان، ئەرکی خێزانە لێقەوماوەکەیانی کەوتە سەرشان. ئیدی دنیا، ژیان، نەک بۆ تاقە یەک سەعاتیش نازی نەکێشا، بەڵکو زۆریش نامیهرەبانی لەگەڵ کرد و بە بەختی ئەو نەگەڕا.***

ماوەیەکی زۆر بەبێئەوەی چاو لێک بنێ، لە سەر قەرەوێڵەکەی ڕاکشا. چاوی بە بن میچ ودیوارو زەمینەی ژوورەکەدا دەگێڕا، بە نیگەرانیەوە لە خۆی دەپرسی: " تۆ بڵێی ژیان لەم گەڕەکە سەیرەدا، ڕوویەکی خۆشی بداتێ؟!"

بیری شەقامی قەمەرو تاخی سکاکینی و ماڵە کۆنەکەیانی دەکرد، بەڵام نائومێد نەبوو، بە ئومێدی خەون و خەیاڵە پرشنگدارەکانی دەژیا. لە ناکاوا جم وجوڵێکی دوورو درێژ کە دەنگی دایکی وکارەکەرەکەی بەدوادا هات، ماڵەکەی پڕکرد. یەکسەر زانی کە بە دوو قۆڵی دەستیان بە جم و جوڵ کرد تا شوقەکە و ژوورەکان ڕێک بخەن و کەل و پەلەکان دابنەن. لە دەرێ ڕا دەنگی بەرز و ناخۆش دەهاتە گوێ. هەراو هەنگامەکانی ژوورەوەی فەرامۆش کرد و بە وردی گوێی بۆ دەنگە دەنگەکانی دەرێ هەڵخست. بۆی دەرکەوت کە هەراو زەنای منداڵانە و یاری دەکەن و گۆرانی دەڵێن. لە پاڵ کەوتن بێزار بوو، هەستا بەرەو ئەو پەنجەرەیە چوو کە

دەیڕوانی بە سەر تەلارەکاندا، کردییەوە، کەوتە تەمەشاکردنی شەقامەکە و ئەو کیژ وکوڕانەی بەدەم هەرا و زەنا و پێکەنینەوە گەمەیان دەکرد، منداڵەکان بە سەر چەند دەستەیەکدا دابەش بووبوون وهەر دەستەیەک مژوولی جۆرە وەرزشێک بوون، شەقامەکە لە یانەی وەرزشی سادە دەچوو، هەر گرووپە مژوولی جۆرە وەرزشێک بوون، گرووپی یاری ئاسن، گرووپی زۆرەبانێ، گرووپێ گورگانێیان دەکرد. منداڵە بچووکترەکان لە سەر شۆستەکە بوون، خەریکی سەما و گۆرانی و چەپڵە لێدان بوون.

ئیدی هەراو هەنگامەیەک بوو ئەوسەری دیار نەبوو، تەپ و تۆزی دنیا کۆڵانەکەی گرتبوو. بۆی دەرکەوت لە ئەمڕۆ بەدواوە، نیوەڕۆ خەوەکەی فت! گوێی لە گۆرانی سەیر بوو وەک: " مامەی وشترەوان، منداڵانی گەڕەک توت توت، ئەم کێوە بەرزە هاپۆ گیان " و.. هتد. لە نێوان حەپەسان و نارەحەتی و شادیدا حایر مابوو! لە ناکاو دەنگێکی بەرز وگڕ، عەینی هەورە تریشقە بەرز بووەوە: "مەلعونە دنیا، نەعلەت لە بابی دنیا! " هاوارەکەی بەدەم ڕیتمی چەپڵەی توندی دوو دەستەوە، دووبارە کردەوە!..

پێدەچوو دەنگەکە لە دووکانێکی ژێر پەنجەرەکەوە بەرز بووبێتەوە، بۆیە نەیدەتوانی ئەو کەسە بدینێ کە بە گۆرانییەوە جنێوی بە دنیا دەدا. بەڵام نەیتوانی خۆی بگرێ، خۆبەخۆ لە قاقای پێکەنینێکی ئەوتۆی دا، کە ڕوخسارە زەردەکەی سوور هەڵگەڕا. لە پەنجەرەکەوە ملی بردە دەرەوە، توانی تابلۆی دووکانەکە بدینێت کە بە خەتێکی جوان لە سەری نووسرابوو: "نونوی خۆشنووس" .. ئایا ئەو کابرایە تابلۆیان لە مەڕ خیانەت و بێ وەفایی دنیا دەنووسێت و بە خەڵکانی بێزار و بە گازنی دەفرۆشێت؟.. خۆزیا ئەویش یەکێک لەو تابلۆیانەی لێ دەکری، بەڵکو سوکنایییەک بە دڵەی پڕ ئازاریدا دەهات!..

(( ٣ ))

کە هەتاوی سەر پەنجەرە بەرزەکەی تەلارەکانی بەرانبەر پەنجەرەکەی ئەم دیار نەما، بۆی دەرکەوت کە خۆر لە پشت قوببە و گومەزە بەشکۆکانی قاهیرەوە، لە پشت ماڵەکانی ئەوانەوە ئاوا دەبێ، چاوی هەڵبڕی، نیگای لە سەر منارە بەرزەکەی حوسێن گیرسایەوە، کە بەوپەڕی شکۆوە لە بوومەلێڵی ئێوارەدا خۆنوێنی دەکرد، هەستی جوڵاندو دڵی بێدارکردەوە. هەر دوو ئانیشکی خستنە سەر قەراخی پەنجەرەکەو ڕوانییە سەربانی ئەو دووکانانەی کە کەوتبوونە بەینی تەلارەکانەوە، ڕوانیە ئەو پەنجەرە و بانێژانەی لەبەردەم تەلارەکانەوە هاتبوونە دەرەوەو کۆڵانەکانیان تەنی بوو، هەندێ لە پەنجەرەکان کرابوونەوە؛ هەندێکیان داخرابوون، هەندێکیان بە ئاستەم کرابوونەوە. ژنانی ماڵەوە جلکی شۆردراویان لە سەر تەنافی بانێژەکان کۆدەکردەوە یان گۆزەیان لە ئاو پڕ دەکرد، شەقامەکە بەرەبەرە لە منداڵان چۆڵ دەبوو، دەتگوت لە نزیکبوونەوەی شەو دەترسن. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد بچێتە دەرەوە، تا لە نزیکەوە دیمەنەکانی گەڕەکە تازەکە بدینێت، کوچە و کۆڵانە تەنگەبەرەکانی کەشف بکات، بەڵام چاک کردن و ڕێکخستنەوەی کتێبخانەکەی تەواو ماندووی کردبوو، ئەمە جگە لەوەی عادەتی وابوو کە لە دەوامی دایەرە دەهاتەوە، ئیدی لە ماڵ نەدەچووە دەرێ، بۆیە خۆزیاکەی بۆ کاتێکی دیکە هەڵگرت. لە پەنجەرەکە دوور کەوتەوەو بە چوار مشقی لە سەر ئەرزەکە ڕۆنیشت – هەرکاتێ خۆی بۆ خوێندنەوە ئامادە بکردبایە، بەوجۆرە دادەنیشت – کتێبێکی لە کتێبخانەکە دەرهێنا و دەستی بە خوێندنەوە کرد تا کاتی خەو هات.

بابی لەو کاتەدا، چوار مشقی لە سەر دووگردەکەی (بەرماڵ) دانیشتبوو، قورئانەکەی لە بەردەستا بوو، بە دەنگی بڵند وبێ گوێدان بە خوێندنەوە هەڵەکانی، کە بەردەوام دووبارەی دەکردنەوە، هەندێک ئایەتی

دەخوێندەوە. عاکفەفەندی ئەحمەد، لە تەمەنی شەست ساڵیدا بوو، ڕدێنێکی سپی بەردابووەوە، کە جۆرە هەیبەت و ویقارێکی بە دەم و چاوە لاوازەکەی دابوو. ئیدی دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی تەمەنا و لە هەڕەتی ئاوات و ئارەزووەکانیا، لە کار دوور خرایەوەو خانەنشین کرا، خەڵوەت وگۆشەگیرییەکی توندی بەسەر خۆیدا سەپاندبوو، وادیار بوو، ژیانی خۆی وەقفی عیبادەت وقورئان خوێندن کردبوو. مەگەر ناوبەناو بە مەبەستی پیاسە یان زیارەتی مەزارگانی ئاینی لە ماڵ وەدەرکەوتبا. ڕەنگە لەبەر دەست کورتی حەزی لەوە نەبووبێ لەماڵ وەدەربکەوێ – چونکە مووچەکەی تەنیا شەش جونەی بوو – لە ڕاستیا دەستکورتی، ژیانی بەوجۆرە کۆنترۆڵ کردبوو، بەڵام ئەنجام بەو ژیانە ڕاهات، خووی پێوە گرت و زۆریش پێی ڕازی بوو، شوکرانەبژێری خودا بوو. سەخترین و بە سوێترین ڕۆژگاری ژیانی، ئەو ڕۆژانە بوو کە لە کارەکەی دوورخرایەوەو خانەنشین کرا، سەرچاوەی ژیانی تەواو کز بوو، نەبوونی و بێنەوایی بەردەرکەی بەماڵ ومنداڵ گرت. ناچار کرا دەست لە کار هەڵگرێ و لەو شکۆ وئیحتوبارە دوور بکەوێتەوە کە کار و وەزیفەکەی بۆی دابین کردبوو. ئیدی شێت ئاسا کەوتە بەرگری لە خۆی، شەفاعەتچی نەما، داوای لێنەکات کە شەفاعەتێکی بۆ بکات، لێ هەموو هەوڵەکانی بەفیڕۆ چوون. عەریزە لە دووی عەریزەی نووسی، بەڵام بێهودە، لە ئەنجاما بەو حەقیقەتە خەمناکەی زانی کە دەرگای حکومەتی بۆ هەتا هەتایە لێداخراوە. لەڕاستیا بێگوناح و دەستپاک بوو، بەڵام لە کارەکەیا کەمتەرخەم بوو، کەمتەرخەمیەکەی بەسەرا ساغ بووبووەوە، بێ ڕێزیشی بەرانبەر بە موفەتیش و سەرپەرشتیارەکانی، هاتە سەرو هێندەی دی قوڕەکەی بۆ خەست کردەوە. لە دوای ئەوەوە، بەردەوام نەفرەت وتووکی لە زوڵم و زاڵمان دەکرد، نەفرەتی لە هەمووان دەکرد، لە ڕق و تووڕەیی و نائومێدی خۆیا، دادەگژایە سەرو گوێلاکی حکومەت و فەرمانبەران و کارمەندانی حکومەتیدا. لە هەموو شوێنێ دەیگوت چونکە بەوە قاییل نەبووە کەرامەتی پێشێل بکرێ، بۆیە دوور خراوەتەوەو خانەنشین کراوەو وەزیفە لەوە تەنگترە جێی کەسێکی تیا ببێتەوە کە ڕێزی خۆی بگرێ. دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر نکۆڵی لەوە دەکرد کە بێڕێزی دەرهەق بە دەستەی تەحقیقکاران کردبێ، ئەوجا کەوتە شانازی کردن بەو کارەوەو لەوە بترازێ هیچ قسەیەکی دی نەدەکرد. بەرەبەرە بوو بە گەپجاڕی ئەوانەی دەوروبەری و هاودەردی و هاوخەمی دۆست و ئاشنایانی لە دەست دا. لە هەوەڵەوە پەیوەندی خۆی لە گەڵ خەڵکیدا پاراست، ، ناوبەناو هاتوچۆی قاوەخانەی فیتای دەکرد و نەردێنی دەگەڵ دۆستەکانیا دەکرد، بەڵام پاش ئەو بەڵایەی بەسەری هات، ڕەفتاری تەواو گۆڕا، مگێزی تێکچوو، زۆر زوو تووڕە دەبوو. ڕۆژێک لە کاتی یاریکردندا لە هەڤرکەکەی تووڕە بوو، هەڤرکەکەشی بە گژیا چووەوە، هاواری بەسەردا کرد: " هەی ترۆکراوی حکومەتی! " . لە دوای ئەوەوە ئیدی پێی نەنایە هیچ قاوەخانەیەک. لە خەڵک وخوا و دنیا دوورکەوتەوە. ئیدی پەنای بردە بەر خەڵوەت و عیبادەت، ڕابردووی لە دڵ و دەروونی خۆی سڕییەوە، ئیدی کە باری بە خێوکردنی ماڵباتەکە کەوتە سەرشانی ئەحمەدی کوڕی، ئەمە ئارامی وسوکناییەکی زۆری بە دڵەی خەمناکی بەخشی. ئەحمەدیش هەمان خوڵق و خوو و نەخۆشیەکەی بابی بە میرات بۆ مابووەوە! کۆپییەکی تەواوی ئەو بوو!

هەڵبەتە نابێ فاکتەرێکی دیکەی گرینگی چاک بوونەوەی باوکەکە لەبیربکەین کە ئەویش دایکەکە بوو. لە هەوەڵەوە، هەموو توانایەکی خۆی بۆ بەختەوەری ماڵباتەکە تەرخان کردبوو. لە دەورانی گەنجیدا هێندە جوان و بەدەو بوو، مایەی دڵبەندی هەموو خەڵکی قاهیرە بوو، وئێستاش کە تەمەنی نزیکەی پەنجا و پێنج ساڵ بوو، هێشتا شوێنەواری جوانی وبەژن وبالاکەی جارانی پێوە مابوو، مزگەوت ڕوخاوە، میحرابی ماوە. بەخۆی ڕا دەگەیی، قژی بۆیە دەکرد، جلی ڕەنگاوڕەنگی لەبەر دەکرد. هەرچەندە پێی نابووە تەمەنەوە، بەڵام وەکو

جەستە و ڕواڵەت پێوەی دیار نەبوو، هێشتاش هەر چوست وچالاک وگورج وگۆڵ بوو، بەخۆیۆ ڕادەگەیی، ڕووخۆش و حەنەکچی و زمان شیرین بوو، بە نوکتەبازی بەنێوبانگ بوو، هیچ ئافرەتێک لە ڕووی خۆشخویی وخەڵک دۆستیەوە هاوتای نەدەکردەوە، ئیدی دۆست ودەستە خۆشکانێکی زۆری پەیدا کرد، ژمارەی ئەو ماڵانەی دەچووە سەردانیان و ئەوانەی میوانداری دەکردن ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبوون. ژنان وکیژان، وەکو یەکێک لە ماڵباتی خۆیان، بە خۆشییەوە مامەڵەیان لە تەکدا دەکرد، بۆیە ئەو کێشە و پێشهاتەی بە سەر خێزانەکەیاندا هاتبوو، زۆر کاری تێنەکرد. وەختایەک مێردەکەی کەوتە نەداری و دەست تەنگی، دەستە خوشک و دۆستەکانی، مشوریان دەخوارد و لە دیاری وسەوقاتی غافڵیان نەدەکرد. وەکو جاران بە خۆی ڕادەگەیی و بەردەوام نازی مێردەکەی دەکێشا و بە میهر وخۆشتەبعی خۆی خەم و پەژارەی دەڕەواندەوە. بە پێکەنینەوە پێی دەگوت: " عاکفەفەندی یەخەت لە یەخەی حکومەت بووەوە، ئێستا وەختی ئەوەیە خۆت بۆ من تەرخان بکەی! " یان گەمەی بە ڕیشی دەکرد ودەیگوت: " کە گوڵ ئاو بدەی، دڕک ودالێش بە سایی ئەوەوە ئاو دەخواتەوە! " بەڵام کە دەیبینی مێردەکەی نقومی خوێندنەوەی قورئانە و کوڕەکەی کونجی کتێبخانەکەی گرتووە، هاواری لێدەکردن: " منیش فێری خوێنەواری بکەن، با شەریکایەتیتان بکەم. " هەندێجار کە ئەحمەدی دەبینی، بە خۆی ڕاناگات و خۆی فەرامۆش دەکات، پەست دەبوو، بە هەر دوو دەست دەیکێشا بە ڕوومەتی خۆیدا و بە گلەییەوە هاواری دەکرد: " ئەیەڕۆ! دایکت پیر کرد، ئابڕوویت برد، بۆچی جلەکانت چرچ و لۆچە؟ چما ئوتومان نییە، بۆچی قژت چاک ناکەی، ڕدێنت ناتاشی، چما قاتی بەربەرانە؟! .. تەمەشایەکی دنیا بکە، پڕە لە شادی، بۆچی خۆت لەنێو ئەم کتێبە زەردانەدا گرفتار کردووە؟! تەمەشا سەرت چۆن ڕووتاوەتەوە، لاجانگەکانت سپی بوون؟! منیشت بە خۆتەوە پیر کردووە، پیر کردووە، پیر کردووە!"

ئەحمەد بە تەوسەوە پێی پێدەکەنی و بەم قسەیە تووڕەی دەکرد: " هەر بە ڕوومەتی خۆتا بکێشە! چل ساڵم ئیدی لەوە زیاتر چی؟! "

ئەو حەقیقەتەی لەبەرگران دەبیۆ، سەرزەنشتی دەکات و دەڵێت: " دەمت تێک بنە، زمانت بە بڕین بچیۆ.. تا ئێستا هیچ کوڕێکت دیتووە، کە ئیدیعای ئەوە بکات هاوتەمەنی دایکیەتی؟! "

وێڕای ئەمەش، ژیانی لە کۆڤان خاڵی نەبوو، نەخۆش بوو، یان وای وێنا دەکرد نەخۆشە، بەڵام هیچ کەسێک لەوانەی دەوروبەری گوێیان بە نەخۆشیەکەی نەدەدا و بە هەندیان نەدەگرت. ئیدی بە تێپەڕبوونی ساڵان، گەییە ئەو قەناعەتەی کە جنۆکە چووەتە لەشیەوەو هیچ چارێکی نییە، تەنیا ئەوە نەبیۆ ئاهەنگی "زار"ی بۆ بکریۆ، بەردەوام لە مێردەکەی دەپاڕایەوە کە ڕێگەی بدات ئاهەنگی زاری بۆ بگێڕن، بەڵام مێردەکەی گوێی نەدەدایێ، ئەحمەدیش لە گەڵ ئەوەدا نەبوو، هەرچەندە باوەڕی بە هەبوونی جنۆکە هەبوو. نەخۆشیەکەی دایکی ڕێک هاوکات بوو لە گەڵ ئەو ئەزموونەدا کە لەزگ بوو ئەم دووچاری شێتی بکات.

ژنەی تاین لە پاڕانەوە و داواکانی نائومێد بوو، بەوەندە قایل بوو بەشداری لە ئاهەنگ و کۆڕی ئەو زارانە بکات کە لە ماڵی دەستە خوشک ودراوسێکانیا دەگێڕدرا. تا ڕۆژێک ئەحمەد بە سەرسامییەوە گوتی: " بەڕاستی ماڵباتی مە گیرۆدەو گرفتاری جنۆکانە، مەگەر بابم بەهۆی حەسوودی کارمەندێکی هیچ وپووچەوە لە کارەکەی دەرنەکرا؟! ئەدی من خووم نەدایە سیحر و خەریک بوو شێت ببم؟! ئەوەتا ئێستاش لێرەیە و سواری سەری دایکم بووەو خەریکە ماڵمان وێران دەکات!"

بەڵام خودا فریایان کەوت، شادی وخۆشی خات دەوڵەت – داکی ئەحمەد – بە سەر کول وکۆڤانەکانیا زاڵ بوو؛ ڕێک وەکو زاڵبوونی خەنە، بە سەر داوە سپیەکانی تەوقی سەریا..

***

ئەحمەد، بە سەدەمی ئەو بێخەوی و نیگەرانییەوە کە بە هۆی بارکردنەوە دووچاری بووبوو، نەیدەتوانی بە تەرکیزەوە لە سەر خوێندنەوە بەردەوام بێ، دەستی بە خوێندنەوەیەکی پچڕپچڕ کرد، سەعاتێکی شەو بووری، سەر وسەدای ڕۆژ دامرکایەوە، بەڵام زۆری نەبرد کە هەراو زەنایەکی توونتدرو ترسناکتر جێگەی گرتەوە، هەموو گەڕەکەکە بوو بە شانۆیەکی وەکو شانۆیەکانی روض الفرج ***(روض الفرج: یەکێکە لە گەڕەکەکانی باکووری قاهیرە، گەڕەکێکی کۆن ومیللییە کە لە کۆندا ناوەندی نمایشی شانۆنامان بووەو گەلێک لە هونەرمەندانی مەیدانی نمایش و دەنگبێژانی کۆن لەوێندەرەوە، چوونەتە دنیای هونەرەوە.)*** بەڵام لە ڕاستیا سەرچاوەی هەرا و زەناکە، قاوەخانە زۆر و زەبەند و پەراگەندەکانی ئێرەو ئەوێی گەڕەکەکە بوو. ڕادیۆ، سروود و هەواڵانی بە دەنگی بەرز بڵاودەکردەوە، لە هەموو شوقەکانی ناو تەلارەکەدا دەنگی دەدایەوە، پێشخزمەت وشاگردان بەردەوام هاواریان دەکرد، بە دەنگی بەرز، ڕاسپاردەی مشتەرییەکانیان ڕادەگەیاند: " یەک سادە، چای سەوز، نێرگەلەیەک ئامادە بکە.. نێرگەلەکە بێنە." تەقەی پولی دۆمینە، زاری تاوڵە و دەنگی بەرزی یاریچیەکان، هەر هەموو تێکەڵاو بووبوو و دنیای تێک نابوو! وای هاتە خەیاڵ لە شەقامێکی قەوغای پڕ لە ڕێبوارانە نەک لە شوقەیەکدا، سەری لەوە سووڕمابوو کە خەڵکی گەڕەک چۆن بەرگەی ئەم هەرا و زەنایە دەگرن، چۆن دەخەون، چاویان دەچێتە خەو؟!

تا سەعات نۆ بەو حاڵە مایەوە. پاشان ڕابوو تا بنووێ، چراکەی کوژاندەوە، پەنجەرەکانی داخست و لە سەر تەختە خەوەکەی ڕاکشا، بەڵام هەراو زەناکەی دەرەوە هێشتا لە ژوورەکەیدا دەنگی دەدایەوەو لە گوێیدا دەزرینگایەوە، ئارامی و بێدەنگی ئەم کاتانەی شەوانی گەڕەکی سکاکینی بیرکەوتەوەو لە ناخی خۆیدا زۆر ژێوان و بێزار بوو. هەزار و یەک نەفرەتی بۆ ئەو بوردومانانە دەنارد کە ناچاری کردبوون، ماڵە کۆنە ئارامەکەیان چۆڵ بکەن و بۆ ئێرە باربکەن. ئەو شەوە دۆزەخینەی بیرکەوتەوە کە قاهیرەی هەژاندبوو. ئەو یادەوەرییە، باڵی بە سەر هەموو هەست و نەستیا کێشاو داهاتنی شەوەکەش هێندەی دی کاری تێکرد، وای لێهات نە هەستی بە هەرا و زەناکەی دەرەوە دەکرد، نە ڕاکە ڕاک و نە چپەدووی دەرەوەی دەژنەوت.

دنیا نوستبوو، ئەو شەوە ترسناکە دەچووە پێشوازی دوا ساتەکانی خۆی، قاهیرە وەکو هەر شەوێکی دیکە، لە دەنگی ئاژیرانی(زەنگی ئاگاداركردنەوە) پچڕپچڕو شووم وناخۆش خەبەری بووەوە، ماڵباتەکە لە خەو ڕاپەڕین، ئەحمەد هەستا، چوو گڵۆپەکەی دەرەوەی هۆڵەکەی کوژاندەوە، ئەوسا لە سەر جێگاکەی ڕاکشایەوە، تا وەکو هەر شەوێکی دی دووبارە بخەوێتەوە. هەرچەندە قاهیرە پێش ئەو شەوە تەنیا هێرشی شناسایی بە خۆوە دیتبوو، تەنیا گوێی لە دەنگی دۆشکەی دژە فڕۆکان بووبوو، خەوی لێنەکەوتەوە، حایر وحەپەساو سەری لە سەر سەرینەکەی بەرز کردبووەوەو گوێی هەڵخستبوو، بە وردی گوێی دەگرت، دەنگی فڕۆکە دەهات، ئیدی دیاربوو دەنگی فڕۆکەیە، دەنگەکان سات بە سات خۆیاتر دەبوو، تەواو دڵی تەنگ بوو و ترسی لێنیشت، بەڵام ئەو فاسیلە چەند خولەکییەی دەکەوتە نێوان بێدەنگ بوونی ئاژیرەکە و هاتنەوەی دووبارەی دەنگی فڕۆکەکە جۆرە سوکنایییەکی بە دڵ و دەروونی دەبەخشی. کە هەڵبەتە کاتێکی کەم بوو بۆ گەیشتنی فڕۆکەکانی دژمن؛ چونکە ئاژیری خەتەر، بەلای کەمەوە دە پازدە خولەکێک بەر لە گەیشتنی فڕۆکەکان

دەکەوتە لێدان. لە دڵی خۆدا دوعای دەکرد کە ئەمانە فڕۆکەی ئینگلیزی بن و بۆ تاقیب و ڕاونانی فڕۆکەێن دژمن هاتبن. چاوەڕوانی کرد تا دەنگی فڕۆکەکان ببڕێت، بەڵام دەنگەکە هەر بەردەوام بوو، مێشکی ماندوو بوو، وەکو ئەوە بوو فرۆکەکانماڵەکەی ئەوانیان کردبێ بە چەق و تەوەری سوڕانەوەی خۆیان. دووبارە هەستا، بە تاریکیەکەداو بە کوێرە کوێر ڕۆیی، گەییە بەر ژوورەکەی داک و بابی، لەبەر دەرگاکە وەستا و بەدەنگێکی نەرم گوتی: " بە خەبەرن؟ " دایکی وەڵامی دایەوە: " هێشتا نەخەوتووین، مەگەر گوێت لە هیچ نییە؟ " ئەحمەد وەڵامی دایەوە: " با، گرمە گرمی فڕۆکانە.. یەکسەر دوای ئاژیرەکە گوێم لە دەنگی فڕۆکان بووا " باوکی گوتی: " لەوە دەچێ، فڕۆکەی ئینگلیزی بن" ئەحمەد گوتی: " لەگینە." ئەم مەزندە هاوبەشەی نێوان خۆی و بابی جۆرە دڵنیاییەکی لەلا دروستکرد و بۆ ژوورەکەی خۆی زڤڕییەوە، بەرلەوەی فریا بکەوێ و لە سەر تەختە خەوەکەی ڕاکشێت، ژوورە تاریکەکەی  بە ڕوناکییەکی سەیر کە لە ئاسمانەوە دەهات، ڕۆشن بووەوە، دوا بە دوای ئەوە گرمەیەکی توند بەرزبووەوە، تەقینەوەیەکی ترسناکی بەدوودا هات وقاهیرەی هەژاند، لە ترسا ڕاپەڕی، ترسێکی شێتانە سەراپای داگرت، بێئەوەی ئاوڕ لە هیچ بداتەوە بەرەو دەرگای ژوورەکە تەکانی دا. کە بینی ژوورەکە هێشتا نقومی ئەو ڕوناکیە پرشنگدارەیە کە لە دەرێ ڕا و لە پەنجەرەکانەوە دەهاتە ژوورەوەو ڕێنوێنی بۆمباکانی بەرەو ئامانجەکانیان دەکرد، ترسەکەی دوو چەنانە زیادی کرد. تەقینەوە لە سەر تەقینەوە بەردەوام بوو، دەگەڵ دەنگی هەر تەقینەوەیەکدا، هەمان گرمەی سامناک بەرزدەبووەوە. ئەرزەکە بە توندی لەرییەوە، ماڵەکە کەوتە لەرزە، بوردومانەکە، بۆ چاو تروکانێکیش نەدەوەستایەوە. لەوە دەچوو ئاسمان بە بەرد وکەڤری ئەهریمەنی، زەوی ڕەجم بکات. داک و بابی لە هۆڵەکەدا بینییەوە، بابی قۆڵی بە قۆڵی دایکیا کردبوو، لەزگ بوو لە ترس و ماندوویەتیدا بکەوێتە سەر ئەرزەکە. بە هەشتاو خۆی گەیاندنێ، قۆڵی بابی گرت و هاواری کرد: " خێرا خۆ بگەیەننە ژێرخانی تەلارەکە! " بە هەشتاو کەوتنەخۆ ولە کاتێکا کارەکەرەکە لە پێش ئەوانەوە ڕایدەکرد، بە دەنگێکی لەرزۆک و شپرزە دەیپرسی: " ئەم ڕوناکییە چییە؟ لە دەرەوە ئاگر کەوتۆتەوە؟ " ئەحمەد کە هەوڵی دەدا، هەناسەبڕکێیەکەی ئارام بکاتەوە و جێی پێیەکانی لە سەر پلیکانەکان بدۆزێتەوە، گوتی: " ئەمە لەو مەشخەڵە ماگنیسیومانەیە کە لە ڕۆژنامەکاندا، دەربارەیان نووسی بوو. " پیاوە گوتی: " خوا بە ڕەحمی خۆی ڕەحممان لێبکات. " سەر قالدرمەکان پڕبوون لەو خەڵکانەی کە بە ترس و لەرزەوە دەهاتنە خوارەوەو لە ناخی دڵی پەرێشانیانەوە لە خودا دەپاڕانەوە کە فریایان بکەوێ و بیان پارێزێ. هەرکە تەقینەوەیەک ڕووی دەدا، دیوارەکان دەلەرینەوەو هات و هاوار بەرز دەبووەوە، هاواری ژنان ونالەی منداڵان دەگەییە ئاسمان. لە ناکاوا ڕوناکیی مەگنیسیومەکە کوژایەوە. بوردومانەکە هێشتا بەردەوام بوو و مەرگ لەو دەوروبەرەدا دەسوڕایەوە، تاریکی باڵی بەسەر دنیادا کێشا، هەراو هەنگامە بەرپا بوو، پێی هەندێکیان خزی و هەندێکیان کەوتنە سەر عاردی و ئەمە کردیە کارێک کە ترس و پەشۆکانی خەڵکەکە زیاتر بێ. ئەنجام گەیینە ژێرزەمین و پەناگاکەی تەلارەکە -  بەدرم — کە گڵۆپێکی کزی تیا دەسووتا. پەنجەرەکانی بە پەردەی ئەستووری ڕەش داپۆشرابوون. سەرەکەی لە سەر جسری کۆنکرێتی مکومی ئاسۆیی و پایەی ئاسنی ئەستوونی ڕۆنرابوو. گونیە لم و گڵ بە چوار دەوری دیوارەکانیا هەڵچنرابوو. لەبەر ڕۆشنایی گڵۆپە کزەکەدا، ڕوخسارێن زەرد هەڵگەڕاو، کە ترسی مەرگیان لێنیشتبوو بەدی دەکران، بە چاوانی ئەبڵەقەوە، وڕینەیان دەکرد، هەرسێکیان لە نزیکی یەکەوە وەستابوون، بە بێتاقەتی چاوەڕوانی ئەوە بوون کە هێرشەکە تەواو بێ و نەفەسێک تازە بکەنەوە و تفەکەی دەمیان قووت بدەن. لێ بوردومانەکە توندتر بوو، بە دەنگی تەقینەوەکاندا دیاربوو کە لەوان نزیکتر دەبێتەوە! لێرەدا لاقەکانی لەناو جێگاکەیداو لە ترسی ئەو یادەوەرییە،

تەکان دا. لەبن لێوانەوە گوتی: " نەفرەت لەو شەوە، بڕوات ونەیەتەوە! " لە ناخی ناخەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا وچاوەکانی هەڵهێنان. لە هەراو هەنگامەی گەڕەکەکە وەخۆهاتەوە، بیری کەوتەوە کە بەنیازی خەوتن ڕاکشابوو، نەک بەو مەبەستەی ئازاری بویەری ناخۆشترین شەوی ژیانی کاوێژ بکاتەوە، لێ مخابن.. بیرەوەرییەکان بە گوڕێکی مقاوەمەت ناپەزێر هێرشی بۆ هێنا، بەڵێ تەقینەوەکان نزیکتر دەبوونەوە. بۆمبێک تەقییەوە، خەڵکە ترساوەکە وایان وێنا کرد، لە ناو دلێ واندا، لەناو مێشکی واندا تەقییەوە، بەجۆڕی دەستیان بەرز کردەوە، لە تۆ وایە دەیانەوێ نەیەڵن میچ و ساپیتەکەیان بەسەردا بڕوخێت. ئیدی فریاد و پاڕانەوە و دوعاو نێوی خوا کەوتە سەر زاری هەمووان. ترسی ئەوەیان لێنیشت کە بۆمبی دووەم ڕێک بکەوێ بە سەر سەری ئەواندا! بۆمبی دووەم کەوتە خوارەوە!.. خودایە، تۆ بڵێی، ڕۆژێ بێ ئەو لوورە ترسناکەی- لوورەی گۆنگی ئەو مەرگەی لەبیربچێتەوە کە لە ئان و ساتدا بوو، بە سەریاندا بتلیسێتەوە، لە کاتێکا نە ڕێی نەجاتیان هەبوو نە ڕێی ڕەڤین و هەڵاتن؟ .. چۆن تەلارەکە دەلەرییەوە، چۆن بەرلەوەی بۆمباکان بگەنە سەر زەوی، پەنجەرەکان تەقە تەقیان پێدەکەوت!.. چۆن دەنگی ترسناکی تەقینەوە بەرز بووەوە، گوێی کەڕ کرد، مێشکی شڵەقاند، ئەعسابی شێواند، نەفەسی تەنگ کرد!.. خەڵکەکە بەدەم چاوەڕوانی چارەنووسەوە کووڕ بوونەوەو نائومێدی سەرو دڵی گرتن.. خەڵکەکە پەلەیان بوو، مردنیان لەو چاوەڕوانیە سامناکە پێ باشتر بوو. بەڵێ ئەوەی لە مردن جیای دەکردنەوە، تەنیا بۆمبێکی دیکە بوو کە لەگین بوو لە هەمان ساتدا، لە فڕۆکەکەوە بە سەریاندا بەر بدرێتەوە.. بەڵام بۆمبەکە – بزەیەکی خەمناک نیشتە سەر لێوی – بەر نەبووەوە! یان لە دووری ئەوان بەربووەوە، بوردومانەکە وەکو چۆن خێرا دەستی پێکرد بەو ئاوایەش دوور کەوتەوە، ئیدی لە مردن خەلەسین.. مردن خۆی نیشاندان بەڵام تامی خۆی پێ نەچەشتن... یان بۆ شەوێکی دیکەی هەڵگرت. دەنگی تەقینەوەکان دوورکەوتنەوەو سووکتر بوون، ناوبەناو و بە پچڕپچڕی دەهاتە گوێ و پاشان بڕاو نەما، تەنیا لە دوورەوە و ناوبەناو دەنگی مەترەلۆزان دەهات، پاشان ئەویش نەما، بێدەنگی باڵی بەسەر دنیادا کێشا!.. خەڵکە بەلەنگازەکە کەمێک وەخۆ هاتنەوە، بە گومان و ئومێدواریەوە دەستیان بە تەمەشاکردنی یەکدی کرد، گرێی زمانیان کرایەوەو وەکو دین وشێتان کەوتنە وڕینە، دوای نزیکەی چارەکە سەعاتێکی ترسناک، ئاژیری ئەمان و سەلامەتی لێیدا!... ئەی خوای دلۆڤان!.. ئایا بە ڕاستی مردن دوور کەوتبووەوە؟ ئایا دەگەنە بەیانی، ڕۆژی ڕوناکیان لێهەڵدێ؟ جم وجوڵ دەستی پێکرد. گڵۆپ پێکران و خەڵکی لە ماڵ وەدەرکەوتن. خەڵکانی دی لە تاخ و گەڕەکەکانی دیکەوە هاتن، هەرکەسە و بەسەرهات و بویەری خۆی دەگێڕایەوە، گوتیان عەباسیە، وێران بووە. ***(عەباسیە: گەڕەکێکی بەنێوبانگی قاهیرەیە، مزگەوتی ڕەحمان ورەحیم ومزگەوتی نور کەوتوونەتە ئەم گەڕەکەوە.)*** بەڵام میسری نوێ فاتیحای بخوێنە، قەسری نیل بە تەواوەتی سڕدرایەوە. ژێرخانی ترامەکان وێران بوون و پڕبوون لە جەنازەی کرێکاران!..

سەرکەوتنەوە بۆ شوقەکانیان، شاد بوون بەوەی لە مەرگ ڕزگار بووبوون، بەڵام هێشتا پێشهاتە ترسناکەکانی مردی بەری نەدابوون، ئیدی پاشماوەی شەوەکەیان بە بێداری و بەدەم قسانەوە بردەسەر. بەیانی ڕۆژی دواتر پێدەچوو ڕۆنیشتڤانانی گەڕەک بڕیاری چۆڵکردنی گەڕەکەکەیان دابێ، گەلابەو پیکابان کەل و پەلی زەرووری خەڵکەکەیان بۆ ئەو گەڕەکانەی بە مەزەندەی خەڵکەکە ئەمینتر بوون یان بۆ گوندەکانی دەوروبەری پایتەخت دەگواستەوە. وای لێهات تەلارەکان لە خەڵکی چۆڵ بوون. دیمەنی بارکردن و چۆڵ بوونی گەڕەکەکە، هێندەی دی ترسی ئەم ماڵباتەی زاڵ کرد، بە تایبەتی باوکەکە کە دڵە لاوازەکەی بەهۆی هێرشە توندەکەوە، هاتبووە لەرزین. بۆیە بەرەبەرە کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتەسەر، لە گەڵ خەڵکەکەدا باربکەن؛

له گەڵ عامیٚ دەچمە شامیٚ. چونکە لە ژێر کاریگەریی بانگەشەی ئیسلامیدا بوو، قەناعەتی تەواوی بەوە هەبوو، کە گەڕەکێکی مەزەبی وەکو گەڕەکی حوسێن، لە هێرش وپەلامار دوور دەبیٚ، ئیدی بە جدی کەوتە تاقیب تا سوکنەیەک لەو گەڕەکە پەیدا بکات و ئەم شوقەیەی دۆزییەوەو بۆ ئێرە باریان کرد. کەس نەبوو ئەو ڕۆژەی دوای شەوی بوردومانەکە لەبیر بکات. دەنگ و باسی هەموو قاهیرە، دەربارەی شەوی ڕابردوو بوو. خەڵکی بە مێشکی ماندوو و دڵی نیگەرانەوە، قسانیان دەکرد، جارجار پێدەکەنین، پێکەنینی شادی ئەوەی کە ڕزگاری بووبوون. ئەحمەد هەستیدەکرد مەرگ هێندە لێی نزیک بووەتەوە، کە هەست بە هەناسەی مردن بەسەر دەم و چاوی خۆیەوە دەکات؛ بەڵام شتێکی ترسناکتر لە مەرگ، لە ئارادا بوو. وەکو ئەوەی دەست ولاقی بپەڕیٚ یان بە سەری شکاوەوە، لە قەراخ شارێگایەکدا بدۆزرێتەوە.. یان لە پاش بوردومانەکە، شوێنێکی سەقەت بیٚ و تووشی کەمئەندامی هەمیشەیی ببێت و بچێتە ڕیزی خێڵی کەمئەندامانەوە، یان لە مردن ڕزگار بیٚ، بەڵام خانووەکەیان بەر بۆردومان بکەویٚ، خاپوور ببیٚ و ماڵباتەکەیان بکەوێتە ئەو گۆڕەو بیٚ جێگا وماڵ وحاڵ و ڕووت وڕەجاڵ وەمێنیٚ! دەستی بە پاڕانەوە لە خوا و شەفاعەت لە پێغەمبەری خوا کرد، ژیان، هەرچۆنیٚ بیٚ ئازیزە، ڕۆح شیرینە. لە دڵی خۆیدا سەری لەوە سوڕما، حەزیدەکرد تۆزیٚ خۆش بژی، بەدەم ڕێگای گەڕانەوە بۆ ماڵ، تەماح گرتی، کارتۆنیٚ پسکیتی بە نەستەلەی کڕی، کە زۆری حەز لێدەکرد، بەڵام چونکە وا ڕاهاتبوو، مانگانە تۆزیٚ لە مووچەکەی بپاشەکەوت بکات وبخاتە تەوفیرەوە، خۆی لە خواردنی ئەو جۆرە پسکیتە مەحرووم کردبوو. کە شەو داهات، خەم ونیگەرانی سەر ودڵی گرتن، ترس هەمووانی داگرت، کەس چاوی نەچووە خەو، بیرەوەری ئەو شەوە ترسناکە لە یادگاندا زندوو بووەوە، هەمووان ناڕەحەت بوون، دەنگی هەر شاورێکیان لێدەبوو بە ئاژیری خەتەر، دەنگی هەر بەیەکادانی دەرگایەکیان لێدەبوو بە دەنگی تەقینەوەی بۆمبا و هەر ویزە ویزێکیان لێدەبوو بە هاڕەی فڕۆکە.. ئەوە حاڵی ئەوێیان بوو. ئەوەتا باریان کردووە، گوێزاویانەتەوە، ئایا لەم شوێنە تازەیەیان، دڵیان ئارام دەگریٚ؟ تەلارە تازەکان پتەو و مکوومن، ژێرزەمین و پەناگای نموونەییان هەیە، ئەمە جگە لەوەی دراوسێی مزگەوتی حوسێن بوو؛ بەڵام ئایا قەڵا و مزگەوتان وێران نەکراون، ناکرێن؟ ئۆف، چەند خۆشەویستی ژیان عەزابمان بدات، چەند ترس بمانکوژێت، مردن ڕەحم بە کەسدا ناکات، کە پیاو بیر لە مردن دەکاتەوە، هەموو شکۆ وگەورەییەکی لەبەرچاو دەکەویٚ، کەڕەتی سفر دەبێت. پیاو بۆچی، خۆی لە داخ و کەسەر، لە تووڕەیی باربکات، ئاخر لە پێناوی چیدا؟.. کە گوێی لە ڕادیۆ بوو مارشی شاهەنشایی و ئاشتی لێدەدا، زانی دوو سەعاتی تەواو بە سەر بێخەوی و نیگەرانیەکەیدا بوریوە، ویستی ئەو بیرانە لە مێشکی خۆی وەدەربنیٚ و تاویٚ بخەویٚ، بەڵام هەرچی کرد و کۆشا نەیتوانی بەسەر بیرەکانی خۆیدا زاڵ بیٚ، بە پێچەوانەوە بیرەوەرییەکان بەسەر ئەودا زاڵ بوون، بیرەوەرییان ڕایان ماڵی، بیری کەوتەوە کە چۆن پێشنیازی بۆ داک و بابی کردبوو، کە بچن بۆ ئەسیوت و سەردانی برا بچووکەکەی کە لەوێندەر کاری دەکرد، بکەن و لەم مەترسیەش دوور بکەونەوە. دایکی بەرسڤی دابووەوە: " نا، لە گەڵ تۆدا دەمێنینەوە، ئیدی یا پێکەوە دەژین، یان پێکەوە..." ئەوسا بەدەم پێکەنینەوە گوتی: پەنا بە خوا!... باشە ئەگەر داکی بەم سەفەرە قاییل بوایە ئەم چی بکردایە؟.. باشترین چارەسەر ئەوە بوو بچێتە پانسیونێک. ئەلهەقی لە دڵی خۆیدا بەو بیرۆکەیە خۆشحاڵ بوو، چونکە بێئەوەی بە خۆ بزانیٚ حەزی بە گۆڕانکاری بوو. بۆ نا، کابرایەکی ڕەبەنی سەڵت، چل دانە ساڵی لە یەک ماڵدا، بە شێوەیەکی ڕووتینی ویەکنەوا، بەسەر بردبوو، ڕۆژێک وساڵێک بۆ ئەو وەکو یەک وابوو، ئیدی بۆ حەزی لە گۆڕانکاری نەبێت؟ هەرچەندە لەگەڵ ئەم ژیانەدا ڕاهاتبوو، بەڵام ژێراوژێر لە دڵی خۆیدا حەزی بە گۆڕانکاری.. گۆڕانکاری تەواو

هەبوو!.. لێ ئەمجارەیان ماوەیەکی زۆر لە فکران ڕا نەچوو، چونکە بۆنێکی سەیر بە کەپوویدا هات و شەپۆلی خەونەکانی بڕی!.. لە ناکاوا بۆنەکە لە لووتیا توایەوە. وەکو ئەوە بوو سروە بایەکی نووستوو، لەپڕ بێدار بووبێتەوەو ئەو بۆنەی بەرەو ئەو هێنابێ. هەستیکرد، لە ژیانیا و یەکەمجارە ئەو بۆنەی بەسەردا دێت و خۆیشی نەیدەزانی چۆن وەسفی بکات وبزانێ چ بۆنێکە. نە بۆنێکی ناخۆش بوو نە خۆش، بەڵام بۆنێک بوو ئارامبەخش، ناخی هێور دەکردەوە ودەگەییە قوڵایی هەست، بەردەوام دەڕۆیی ودەهاتەوە.. ئایا بخورد بوو و لەو کاتەی شەوا دەسووتا؟ یان لەم گەڕەکە سەیرەدا، لە قوڵایی بێدەنگی شەوەوە، ڕۆحانێک هەبوون، هاتوچۆیان دەکرد؟

ئیدی بەدەم ئەو بۆنە سەیرەوە، بیرو خەیاڵەکانی خۆی لە بیر چوونەوە و بەبێئەوەی بەخۆی بزانێ، بەرەبەرە خەو تاوی بۆ هێنا.. زۆری نەبرد پێڵوەکانی قورس بوون و خەو بردییەوە..

(( ٤ ))

سەعات حەوتی بەیانی ڕۆژی دواتر، لە سەر سفرەکە دانیشت و دەستی بە تێشت خوارنێ کرد کە بە زۆری بریتی بوو لە فینجانێ قاوە، جگەرەیەک و چەند پارووە نانێک بە پەنیرەوە لە گەڵ تۆزێ زەیتووندا. لە شوقەکە وەدەرکەوت، لەو ڕاڕەوە دەرەکیەی کە شوقەکانی لێکدی جیا دەکردەوە و بەرلەوەی بگاتە سەر قاڵدرمەکە، لە پشتەوە گوێی لە دوو هەنگاوی سووک بوو، ئاوڕی پاشی دایەوە، کچۆڵەیەکی نەوجەوانی بینی کە بەرەڵبێنەیەکی شینباوی قوتابخانەی لەبەربوو وجانتای کتێبەکانی نابووە بن هەنگڵی، بۆ ساتێکی لەزگین نیگایان لێکدی هەڵەنگوت، پاشان سەری وەرگێڕایەوەو بڕێک پەشۆکا، ئیدی عادەتی وابوو کە چاوی بە چاوی کیژان کەوتبا، دەپەشۆکا!.. تیامابوو، نەیدەزانی چ بکات، ئایا دەبوا لە پێش ئەوەوە ڕێی بکردبایە یان لە ڕێگاکە لابکەوێ تا کیژەکە ڕەت ببێت؟ زیاتر پەشۆکا، ڕوخسارە زەردەکەی سوور هەڵگەڕا، ئیدی فەیلەسووفەکەی بەشی ئەرشیڤخانەکەی وەزارەتی ئیشغاڵ (کار) وەکو منداڵێکی کەم ئەزموون لە شەرما، لاقی تێک دەئاڵا.. کیژێ، حایر و حەپەساو ڕاوەستا، پەشۆکانەکەی ئەحمەد ئەویشی گرتەوە. ئەحمەد، هیچ چارێکی نەما ئەوە نەبێ لە سەر ڕێگاکە لا بکەوێ و لە بن لێوانەوە و بەدەنگێکی نەوی کە بە ئاستەم دەبیسترا گوتی: " فەرمووا! "

کیژێ بە ڕێگەی خۆیا ڕۆیی وئەحمەد، بە خاوەخاو لە دوای ئەوەوە ملی ڕێگای گرت و لەبەر خۆیەوە دەیپرسی ئایا ڕەفتارەکەی دروست بوو، یان هەڵە؟... ئاخۆ نها کیژێ لە دڵی خۆیدا چی دەربارەی پەشۆکان و دوو دڵیەکەی ئەو بڵێ؟!.. لەبەر دەرگای تەلارەکەدا، دەنگێکی بەرز وەئاگای هێنایەوە: " مەلعونە دنیا، نەعلەت لە بابی دنیا " ئاوڕی لای چەپی خۆی دایەوە، نونوی بینی، یان وای وێناکرد کە بینی، خەریکی کردنەوەی دووکانەکەی بوو، بەلایا ڕەت بوو، بزەیەکی کرد و ڕووی گەشایەوەو لەبن لێوانەوە گوتی: " یا فەتاح! یا ڕەزاق! " ئەوسا درێژەی بە ڕێی خۆی دا. . کیژەکە، کەمێک لە پێش ئەوەوە ڕێی دەکرد، تا گەییە وێستگە تازەکە، لەوێندەرەوە بە دەستە چەپا پێچی کردەوەو بەرەو قوتابخانەکەی ڕۆیی. ئەحمەدیش بەرەو لای وێستگەی تراموایەکە درێژەی بە ڕێی خۆی دا. هیچ شتێکی لە ڕوخسارەی کیژەکە نەبینی جگە لە چاوەکانی، بۆ دەمێکی کورت، کاتێ ئاوڕی پاشی دایەوە، نیگای لە نیگای کیژێ هەڵەنگوت. دوو چاوی درشت وگەش، هەنگوینی، پێوە بوو، برژانگەکانی هێندە پڕ بوون، لە تۆ وایە چاوی ڕشتوون، جوانی و ناسکیەکی ئەوتۆ لە چاوانی دەباری، کە هەستی جوڵاند، کیژێ تازە لە نەوجەوانی دەرباز دەبوو، تەمەنی هەر شازدەساڵان دەبوو، لە کاتێکا ئەو چل ساڵی تێپەڕاندبوو.

پتر لە بیستساڵیان فەرق بوو! خۆ ئەگەر لە تەمەنی بیست وچوار ساڵیدا – کە تەمەنێکی ماقوولی هاوسەرگیرییە – ژنی هێنابا، لەگین بوو ئێستا بابی کیژێکی بەدەو وناسکی هاوتەمەنی ئەو بوایە! لەسەر کورسی ترامەکە ڕۆنیشت، بەدەم خەیاڵەوە بیری لەو باوکایەتیە دەکردەوە کە نەهاتبووە دی.

هەر زوو کاریگەری ئەو جووتە چاوە دامرکایەوەو شەوق وزەوقی بە باوک بوونی لە لاکوژایەوە، نیگەرانییەکی توونـد وتاریک سەرو دڵی گرت، کە هەمیشە ئەگەر لە ئافرەتێک نزیک بوایەتەوە یا ئافرەتێک لێی نزیک بوایەتەوە، هەمان حاڵی تووش دەبوو، وەکو دان عەمرێکی مەحرەم ئافرەتانی خۆشدەویست، وەکو گەنجێکی منداڵکاری بێ ئەزموون شەرمی لێدەکردن و وەکو کەسێکی بێ توانا و دەستە وەستان دەیبوغزاندن. هەر ئافرەتێکی جوان و بەدەو ناخی دەهەژاند و نیگەرانی دەکرد و لە ناخیا ڤیان و ترس و ڕقی دەهاڕوژاند. دەوران و ساڵانی منداڵی، گەورەترین باندۆری بەسەر ئەم تەبیعەت وخوڵق وخووە نالەبارەیەوە هەبوو. کەوتبووە بەینی بەرداشی پەروەردەی سەختگیرانە و بە زاکونی بابی و ناز پەروەردەگی دایکیەوە. سەختگیرییەک کە توونـدی و زاکونی بە نیشانەی میهرەبانی دەزانی و نازکێشانێکی هێندە زۆر کە ئەگەر بۆی بکرابا، لە ترسی ئەوەی نەکەوێت نەیدەهێشت پێ بگرێ و فێری ڕۆیشتن ببێت. ئیدی بەوجۆرە لە ترس و لە نازا گەورە بوو؛ لە بابی و خەڵکی دنیا دەترسا، بۆ دوورکەوتنەوە لەم ترسە پەنای بۆ میهر و ڤیانی دایکی دەبرد، ئیدی ئەو کارانەی دەبوا خۆی، بە تەنیا ئەنجامی بدات، دایکی لە بری ئەو ئەنجامی دەدا. تەمەنی گەییە چل ساڵان، بەڵام هێشتا هەر منداڵ بوو، لە هەموو دنیا دەترسا و بە بچووکترین ناکامی و شکست ورەی بەردەدا، لەگەڵ بچووکترین شۆکدا، پاشەکشەی دەکرد، تاقە چەکی دەستی هەمان چەکە کۆنەکەی بوو؛ گریان یان داخ خواردن. بەڵام ئیدی ئەم چەکە فایدەی نەبوو، چونکە دنیا دایکە میهرەبانەکەی ئەو نەبوو، ئەگەر خواردنێکی نەخواردبا نازی هەڵنەدەگرت، یان ئەگەر بگریابا، نەک هەر بەزەیی پێیدا نەدەهاتەوە، بەڵکو پشتی تێدەکرد وفەرامۆشی دەکردو وازی لێدێنا بەدەم عەزابەوە، تەنیایی خۆی کاوێژ بکاتەوە. ئایا داک و بابی باوەڕیان بەوە دەکرد کە ئەم پیرە کوڕە سەرسافە نائومێد وڕەشبینە، قوربانی دەستی ئەوانە؟!

وێڕای ئەوەش دڵی، مێژوویەکی لە ژیانی دڵاندا تۆمار کرد.

یەکەمین وشەی لە ساڵی یەکەمی قوتابخانەی ناوەندیدا نووسی، مەبەستمان لە گێڕانەوەی تەنیا ئەوەیە کە دەلالەت لە تەبیعەتی دەکات. ئەو کاتانە کوڕێژگەیەکی جوانخاسی ناسکی قیت و قۆز بوو، پێدەچوو چووبێتەوە سەر دایکی، بە جوانی وقۆزییەکەی سەرنجی کیژۆڵەیەکی خشکۆکی جولەکەی دراوسێیانی ڕاکێشا! بەڵێ ئەحمەد عاکف – وەکو دەبینی، کاتی خۆی کوڕێکی قۆز بوو! کیژەکە لە ڕێگای گەڕانەوەی ئەو لە قوتابخانە، گەمەی دەکرد، لە پەنجەرەکەی خۆیانەوە، چاودێری و چاوەڕوانی گەڕانەوەی دەکرد. بێهیچ ترس و سڵ کردنەوەیەک، ناسکی و نازو کریشمەی مێیانەی خۆی بۆ دەنواند. ئیدی بەوجۆرە ئاگرێکی لە ناخیا هەڵگیرساند، بەڵام نەیتوانی بوو، وێرەک وئازایەتی بخاتە دڵییەوە، دڵی پڕ لە ڤیان دەکرد؛ بەڵام جورئەتی نەدەکرد لێی بچێتە پێشەوە، بە تەمەشاکردنێکی عاشقانە ڕازی بوو، و خێرا بە دڵی بریندارەوە لە بەرچاوی کیژێ دوور دەکەوتەوە. هەرچەندە زۆر شەرمن بوو، بەڵام توانی بە فەزڵی بوێری کیژێ عەشق و ڤیانی خۆی بۆ کیژێ دەربڕێ. کیژەکە زۆر بوێر و چاو قایم بوو، هێز نەبوو ڕێگە لە ڤیانەکەی بگرێ، توانی بە بوێری خۆی شەرمنی ئەحمەد دەرمان بکات. کیژێ دەمە و ئێوارەیەک دووی کەوت، تا نزیکی بووەو گازی کرد، بە ڕوخسارێکی مرواری ئاساوە ئاوڕی لێدایەوە. کیژەکە بزەیەکی ناسکی بە ڕوویدا دا، ئەحمەد بە سووکە

بزەیەکی شەرمنانە وەڵامی دایەوە. کیژێ گوتی: " با بڕۆین لە شەقامی عەباس پیاسە بکەین. " ئەحمەد بێئەوەی چ قسەیەک بکات ملی داو بە گوێی کرد. شانبەشانی یەکدی کەوتنە پیاسەو هەتاوەکە لە پێشیانەوە بەرەو ئاوابوون دەچوو. کیژێ بە ئانقەست خۆی لەو نزیک کردەوە، بە ئاسپایی خۆی لێخشاند؛ لێ ئەحمەد یەکسەر خۆی لێ دوورخستەوە، هەرچەندە بە تاسەی تەماسی لەشی گەرمی ئەوەوە دەسووتا، بەڵام لەوە دەترسا کیژێ وابزانێ ئەم بە ئانقەست خۆی لەو دەخشێنێ. ئەوسا قۆڵی کرد بە قۆڵی ڕاستی ئەحمەدا، بە دوو دڵییەوە پێکەنی، ئەحمەد بە ترسەوە چاوێکی بە دەوروبەرا گێڕا. کیژێ بە سوعبەتەوە پرسی: " چییە دەترسیت؟! " ئەحمەد بە دەنگێکی هێدی گوتی: " دەترسم یەکێکیماڵباتی ئێوە بمانبینێت! " کیژێ بە بێموباڵاتیەوە شانی هەڵتەکاندو گوتی: " گوێی مەدەیێ. " جۆرە حیرەت و حەپەسانێکی بە نیگای ئەحمەدەوە بینی و ئەوسا پرسی: " هێشتا هەر دەترسیت؟! " پاش دوو دڵییەکی کەم گوتی: " دەترسم کەسێکی ماڵباتی مە بمان دینێ! " کیژێ دەستی بە پێکەنین کرد و ئەحمەدی کرد بە باخێکا و لەبن لێوانەوە گوتی: " ئێستا تەواو، کەس نامان بینێ! " بەکاوەخۆ کەوتنە پیاسە و هەتاو بەرەبەرە لە کەل ئاوا دەبوو، بومەلێڵی ئێوارێ لە ئاسۆدا وەکو ڕەشماڵ هەڵیدەدا وخۆی بۆ پێشوازی شەو ئامادە دەکرد، ئەوسا کیژێ بۆ ئەوەی پەردەی شەرمی خۆی لاببات گوتی: " دوێشەو خەوم بینی، خەو نە گاڵتە! " ئەحمەد کە خەریک بوو شەرمی دەشکا و لەزەتی لە هەڤپەیڤینی ئەو دەبینی گوتی: " خێرەبێ ئیشەڵڵا! " کیژەکە گوتی: " لە خەوەکەما تۆ هاتی بۆلام و پێت گوتم دەمەوێ.. پاشان وشەیەکت درکاند کە پێتی ناڵێم تا خۆت بیڵێی. دەی هەڵی بێنە کە ئەو وشەیە چی بوو؟! " ئەحمەد تەواو پەشۆکا و دەمی کەوتە تەتەڵە وگوتی: " نازانم! " کیژێ بە دەنگێکی خۆش و دڵگیر گوتی: " دەیزانی، بەڵام خۆت لە نەزانی دەدەی.. دەبیڵێ!"

ئەحمەد، بەوپەڕی سادەیی سوێندی خوارد کە نایزانێت.

کیژێ گوتی: " فایدەی نییە، درۆم لە گەڵدا مەکە.. باشتر وایە بیڵێی.. حەرفی یەکەمی وشەکە میمە! " ئەحمەد بێدەنگ بوو، دڵی داخورپا، هەناسەی تەنگ بوو، کیژێ گوتی: " حەرفی دووەمی ئا، یە! " ئەحمەد هەر بێدەنگ بوو، چاوی نوقاند، کیژێ گوتی: " حەرفی سێیەم – چ – ئە! " ئەحمەد بزەیەکی شێواوی هاتێ، نەیدەزانی چ بڵێت، کیژێ نقورچکێکی لە بازووی گرت و بە گوێیدا چپاند " ئەگەر نەیڵێی، قەت قسەت لە گەڵدا ناکەم! " ئەم هەڕەشەیە کاری خۆی کرد، بە قامکی لە هەوادا وێنەی بزوێنی " ە " ی کێشا! کیژێ بە شادیەوە پێکەنی و گوتی: " ئێستا دانت بەو شتەدا نا کە داوای دەکەی، منیش دڵت ناشکێنم و دەتدەمێ! " ئەوسا ڕوومەتی لێ نزیک کردەوەو شەرمنۆکی ئەحمەد تەواو نائومێدی کرد، ماچێکی تەڕی کرد، کە دەیان ساڵی تەمەنی بە تاسەی ئەو ماچەوە بردە سەر. هەمیشە وابوو: هەستی توونت و شەرمی ئومێد بڕ بوو. ئەو کیژە جووە خشکۆکە زۆری پێخۆشبوو، کە بە سوعبەتەوە گاڵتە بە سیمای بکات، سوعبەت و شۆخی کیژەکەی، لە گیان خۆشبوو. ئارامی بە گیانی دەبەخشی، وای لێهات ڕوخساری خۆی زۆر پێ ناشیرینتر بوو لەوەی هەبوو، ئەمە بوو بە سەدەمێکی تازەی زۆربوونی شەرمێونیە ئاسایی و سروشتیەکەی، زۆر بە چاکی دەیتوانی چارەی خۆی وەشێرێ، و هەمیشە بە خۆی ڕادەگەیی وجل وبەرگی شیکی دەپۆشی، کە لە ئەنجاما لەمەش بێتاقەت بوو، بە تەواوەتی دەستی لە خۆی بەردا و کار گەییە ئەوپەڕی نائومێدی..

لەناکاوا کیژە خشیکە جووەکە لە ژیانیا ئاوا بوو، گەنجێکی هاوئاین وئۆلی خۆی خوازبێنی کرد و ئیدی وازی لەو گەمەیە هێنا تا پێشوازی لە ژیانی جدی بکات، بێئەوەی گوێ بەو برینە قووڵ وخوێندەڵێنە بدات کە

کردبوویە دڵی گەنجێک. بەڵام زامی دڵێن گەنج زوو سارێژ دەبێت. لە دوا ساڵی قۆناغی ئامادەییدا دەرفەتی نزیکبوونەوەی لە کیژێکی خشکۆک بۆ فەراهەم بوو کە دوا بەرەی بێوەژنێکی ئاشنای دایکی بوو. جۆرە ڤیانێکیان لە نێواندا چێبوو، کە دایکەکانیان بە نۆ بووک و تازە زاوا بانگیان دەکردن؛ بەڵام عەشقی دووەم، جیاواز بوو لە هی یەکەم کە هەوەڵین ئاشنایی دڵەی نەوڕەسی بوو بە عەشق وڤیان.

کیژێ، زۆر بەردەبار وزیرەک وسەلارو سەنگین بوو، لەبەر ئەوە، لە دەستدانی، گەورەترین پەشیمانی ئەحمەدی لێکەوتەوە. زۆرجار لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر ئەو کیژەی خواستبا، کە دایکی هەردووکیانیش ڕازی بوون، بێگومان ژیانێکی خێزانداری خۆش و بێوێنەیان دەبوو. بەڵام پاش وەرگرتنی شادەتنامەی بەکالوریا، خێزانەکەیان تووشی کارەسات بوو، بابی لە کارەکەی دەرکراو خانەنشین کرا، ئەمە بووە سەدەمی ئەوەی کە ئەرکی دژواری بە خودانکردنی ماڵباتەکەیان بکەوێتە ئەستۆی ئەو، ئیدی لە بەهەشتی ئاوات و ئارەزووان دابڕا و کەوتە دۆزەخی نائومێدییەوە. یانی لەم حاڵەدا ئەگەر ئەو کیژە خواستبای مێرد بەو بکات، دەبوا بە کێمانی دە ساڵان چاوەڕوان بکات، تا ئەم لە پەروەردە و پێگەیاندنی برا بچووکەکەی ببێتەوەو لە خەمی برەخسێنێ. وادیار بوو دایکی کیژێ بەو فیداکاری و چاوەڕوانییە دوورو درێژە ڕازی نەبوو. عەقڵی کیژێ بەسەر سۆزیا زاڵ بوو، قابیل نەبوو ئەو هەموو ماوەیە چاوەڕوان بکات وئیدی خەون و خۆزیاکان هەموو هەڵوەرین. ئەحمەد خوای نەما، باوەڕو متمانەی بە ڤیان وئافرەت ودنیا نەما. گەییە ئەو قەناعەتەی کە عەشق و ڤیانی کیژە جووەکە جگە لە وەهم و خەیاڵپڵاوی هەرزەکارانە هیچی دی نەبوو، نەخۆشیەکی تەمەنی نەوجەوانی بوو؛ ڕێک وەکو ئازاری ددان دەرکردنی منداڵ وابوو.. ئیدی ژن و بەڵێنی ژنانەی لە بەرچاو کەوت؛ چ وەکو دەنکەکەی بەردەبار و عاقڵ بێ و چ وەکو کیژە جووەکە بێ، کە خستیە داوی عەشقەوەو ماوەیەک پێی ڕابوارد و پاشان وەکو چۆن ڕێبوارێک ژووری ئوتێلێکی مەیدانی مەحەتە ***( مەحەتە: مەیدانێکە لە شاری قاهیرە.)*** بە جێدێڵێت، بەو ئاوایە وازی لەم هێنا ورۆیی.

دوای ئەوە بیست ساڵی تەمەنی بە نائومێدی وهەژاری وپڕ لە ڕەنج وکول وکۆڤان بەسەربرد. ئەگەر بێ قەراری و نائارامی دەروونی دابمرکایەوە، دەیتوانی بە زەبری فیداکاری و ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆی لە ژیانا، قەرەبووی هەموو نائومێدی و ناکامیەکانی بکاتەوەو زامەکانی سارێژبکاتەوە، بەڵام نە تووڕەییەکەی ئارامی گرت و ناخی هێور بووەوە، هەر بە تووڕەیی و بەدمگێزی وکینەکێشی مایەوە، چونکە مرۆڤێک بەوە ڕاهاتبێ قوربانی بۆ بکرێ و هەرگیز تەحەمولی ئەوە ناکات، کە خۆی ببێت بە قوربانی. ئیدی خۆی بە کول وکۆڤان و تەنیاییەوە سەرگەرم کرد، دەتگوت دڵی کە چوار ساڵ بوو، وەکو گیتار لە حاڵی لێداندا بوو، تووڕ دابووە ناو بیرێکی بۆگەنەوە و بەبێ دڵ، بێئەوەی لەزەت لە شادییەکانی ژیان ببینێ، نائومێد و بێ یار ویاوەر، بێئەوەی لە گەڵ ژیاندا ڕابێت یان لە مانای شادییەکانی ژیان تێبگات، ڕۆژگاری دەبردە سەر، نائومێدی وای لێکرد لە سەرکەوتنەوە پەنا وەبەر تەنیایی و گۆشەگیری بەرێ، لە ڤیان و عەشقەوە پەنا وەبەر داوێن پیسی و مێبازی بەرێت، وەکو ئەوەی بە ئەندازەی پێویست سوودی لە بەدگومانی خۆی دەرهەق بە ئافرەتان وەرنەگرتبێ، بەدبەختی خستیە دنیایەکی ژنانەی شێواوی ئەوتۆوە کە هێندەی دی باوەڕ بە بەدگومانیە نەخۆشانەکەی خۆی بێنێ. ئیدی قەناعەتی بەخۆی هێنا، کە حەقیقەتی ژن داوێن تەڕی و فاحیشەگەرییە!.. ژنی ڕاستەقینە کەسێک بوو کە دەمامکی ڕیابازی فرێ دابێ و لاف و گەزافی ڤیان و وەفاداری و داوێنپاکی وەلاوە نابێ. ئیدی تۆلازی و داوێن پیسی بەجۆرێ کاری تێکردبوو کە متمانەی بە مێرانی خۆی لەق بووبوو، قەناعەتی بەوە هەبوو کە رووسپی (فاشە) ئەگەر پیاوێکی خۆشبوێ، لەبەر توانا سێکسیەکەی خۆشی دەوێ و

دەیلاوێنێ دەنا گوێ بە هیچ ئیحتوبارێکی کۆمەڵایەتی و بەهایەکی مرۆڤانی ئەو نادات. ڕەنگە کیژە جووەکە تەنیا لەبەر ئەوە ئەمی خۆش ویستبێ، چونکە هیچ پیاوێکی دیکەی دەست نەکەوتووە، یان دەنگەکەی لەبەر دراوسێیاتی و هاندانی دایکەکان حەزی لەم کردبێ. بەڵام ڕووسپی، نایەت لەبەر هیچ هۆیەک لەو هۆیانە، لەنێوان ئەو دەیان پیاوانەی دەچنە لای یەکێکیان هەڵبژێرێت. جا ئەگەر ئەحمەد بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە نەیتوانی بوو ڕووسپییەک بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، لە بەر سستی توانای سێکسی ومێرێنی خۆی بوو.. ئیدی بەوجۆرە ساڵانێکی زۆر بە وەهمی سستی مێرینیەوە دەتلایەوە، وەکو چۆن پێشتر بە وەهمی، دزێوی ڕوو و ڕوخسارییەوە تلابووەوە.

دوو ساڵ لەوە پێش، وەختایەک روشدی برای کۆلێژی بازرگانی تەواو کردو لە بانکی میسردا دامەزرا – براکەی تری لە مێژ بوو مردبوو – هەستی کرد بە ڕاستی ئەرکی خۆی بەوپەڕی سەرکەوتوویی، ئەنجام داوە، ئیدی هیوای خواست – چما ژیان بەبێ هیوا دەبێ؟ ئەمجا شادی و بەختەوەری بە پیرییەوە بێ، هەرچەندە بە تەواوەتی دەستی لە شکۆ و جەلال شۆردبوو، ویستی خوازگاری کیژی یەکێک لە بازرگانەکانی ئاکنجی غەمرە بکات، بەڵام بابی کیژێ زۆر بە ڕێزو حورمەتەوە جوابی کرد. پیرە کوڕ بیستی کە داکی کیژێ سەبارەت بەم گوتبووی: " مووچەکەی کەمە وتەمەنی گەورەیە!"

ئەمەی زۆر لەبەر گران بوو، لە ناخەوە هەژاندی، خرۆشا، بۆ کەسایەتیەکی وەکو ئەو – بۆ ئەو بلیمەت و بەهرەمەندەی کە گەردوون هەموو بەدبەختییەکی بۆ بە گژاچوونی بلیمەتی و بەهرەمەندییەکەی ئەو خستبووە کار – زۆر قورس بوو کە کیژێک لە تیرەی حەوا دەست بە ڕوویەوە بنێت، ئەویش بە بیانووی ئەوەی کە فەرمانبەرێکی گەورە نییە! باشە کێ گەورەیە؟!... کوڵە مستی گوشی و کەوتە هەڕ وگیڤ لە دنیا، ئاگر لە چاوانی دەبووەوە. دوێنێ ماشقەکەی، بەبیانووی ئەوەی هێشتا بچووک ومنداڵە وازی لێهێنابوو، ئەمڕۆ کیژێک بە بیانووی ئەوەی تەمەنی گەورەیە و بە کەڵکی نایەت دەستی بە ڕوویەوە نابوو. دەیسا کەی بە کەڵک دێت؟!.. ئایا تەمەنی بە فیڕۆ ڕۆیی بوو؟ ئایا شکۆ وجەلال و، عیزەت وشادی هەر هەمووی لە دەست چووبوو وهەموو شتێک کۆتایی هاتبوو؟ لەوە بە دواوە، خووی ڕۆژانەی بوو بە بەدگۆیی دەربارەی ژنان وهەرچی بشێ و نەشێ پێی دەگوتن؛ ژنانی بە گیانلەبەری فێڵبازو بە ئاین و ئۆین دەزانی، کارو پیشەیان داوێن تەڕی ودرۆ وتەماعکارییە، جەستە ولەش ولاری بێ ڕۆحن، سەرچاوەی ئازاری مرۆڤ وبەلای بەشەرییەتن، ئەو لاف و گەزافەی بە زانست و هونەرەوە لێی دەدەن، تەنیا ڕواڵەت و ڕواڵەتبازییە، دێوجامەیەکە تا نێچیرانی خۆیانی پێ ڕاوبکەن وبخەنە داوەوە. خۆ ئەگەر ئەو ئارەزووە سێکسییە پەنهانەی پیاو نەبوایە، کەس ئاوڕی لێ نەدەدانەوەو ڕوویەکی خۆشی نەدەدانێ.. ژن.. ژن.. زۆرجار بە هاوکارەکانی خۆی دەگوت: " لە خودا بە زیادبێ، بەڵێنم بەخۆ داوە، هەرچەندە زۆر دەرفەتم بۆ ڕەخساوە، هەرگیز ژن نەهێنم، چونکە دەترسم حەیوانێکی چەپەڵ ونەگریس و بێگیان و کەودەن! بە خۆیەوەم گرفتار بکات! "

ناکامیەکانی ژیانی، کردیان بە دژمنی دنیا، بێتواناییە سێکسی وسستیە نێرینییەکانی لە ئاستی ژندا، کردبوویان بە دژمنی سەرسەختی ژنان!.. بەڵام لە ناخا، لە ناخی مەحروومی لە سۆز ومیهر، زۆر پەرێشان بوو.

هەڵچوون و هاڕوژانی لە هەنبەر ئافرەتێکی ڕێبواری ڕەوتەنیا – وەکو ئەوەی ئەمڕۆ ڕوویدا – ئارەزووە سێکسیە سەرکوت کراوەکەی ئەوی نیشاندەدا؛ بەڵام زوو بە زوو بیرەوەرییانی ڕابردووی خۆی لەگەڵ ژناندا وەبیر دەهاتەوەو هەمان هەستی قووڵی پڕ لە ڤیان و ترس و ڕقی لەلا زندوو دەبووەوە..!

نیوەڕۆ بۆ گەڕەکە تازەکە گەڕایەوە، لە کاتێکا کە نزیک دەبووەوە لە بەرخۆوە گوتی: " دووەم پێچ بە دەستە ڕاستا پاشان دەرگای سێیەم بە دەستە چەپدا! " لە کاتێکا بە قالدرمە پێچاوپێچەکەدا سەردەکەوت، ئەو کیژە سەوزەڵە چاو هەنگوینیە چاو درشتەی بیرکەوتەوە کە بەیانی دیتبووی، ئاخۆ جارێکی دی دەی بینییەوە؟ لە کێهە شوقە و لە کام نهۆمی ئەم تەلارە ئاکنجی بوو؟!.. تا عەسر لە ماڵ مایەوە. دایکی ژوورەکەی بۆ پۆشتە کردبوو و ڕێکی خستبوو. هات بە خەیاڵیا پیاسەیەکی کوچە وکۆڵانەکانی گەڕەکە تازەکەیان بکات وبزانێ چی هەیە، چی نییە. خۆی گۆڕی ولە ماڵ وەدەرکەوت. لەبەر دەرگای تەلارەکەدا سووکە هەڵوەستەیەکی کرد، نیگایەکی دەوروبەری کرد، وەکو ئەوەی بیەوێ شوێنێ دەست نیشان بکات و لەوێندەرەوە بکەوێتە ڕێ، بەڵام پێش ئەوەی بڕیار بدات، هەستیکرد، کەسێک لە پشتەوە لێی نزیک دەبێتەوە، ئاوڕی پاشی دایەوە، هەمان ئەو پیاوەی بەدی کرد، ئەم بەیانییە وای مەزەندە کردبوو کە وەستا نونوە. بە خاوەخاو بەرەولای ئەم هات، وەکو یەکێک بیەوێ خێرهانینی بکات بزەیەکی خۆشی بە ڕوویدا دا، بە دەستێکی زبر، وەکو سمی وشتر، بە گەرمی دەستی گوشی وگوتی: – بەخێر هاتی دراوسێی تازە!.. هەواری تازەتان موبارەک، خێر وخۆشیتان بێتەڕێ! "

سڵاوەکەی سەندەوە.. هەرگیز چاوەڕوانی ئەو هەموو ڕووخۆشی وگەشبینییە نەبوو لە خاوەنی گوتەی: "مەلعونە دنیا، نەعلەت لە بابی دنیا! " ئەمیش بزەیەکی بۆ کرد و بە ڕووی گەشەوە گوتی: – سڵاو وەستا گیان، سەر سەر و سەر چاوان!

وەستا نونو، کورسیەکەی بەردەم دووکانەکەی پێ نیشانداو لە کاتێکا بزە لێوە ئەستوورەکانی بەرنەدەدا گوتی: – کەرەمکە، کەمێک ڕونە، گەورەمان بکە، با دەخزمەتودا بین.. ئەمڕۆ ڕۆژێکی موبارەکە!

ئەحمەد دوو دڵ بوو، نەک بە سەدەمی ئەوەی قەبووڵکردنی خوڵکەکەی وەستا نونو، دەگەڵ ئەو مەبەستەدا تێکی نەدەکردەوە، کە لە پێناویا لە ماڵ وەدەرکەوتبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی بە خۆی و بە تەبیعەت کەسێکی سڵ و ڕەڤۆک بوو، ئەم جۆرە دەعوەتەی بە ئاسانی پێ قەبووڵ نەدەکرا. وەستا نونو، هەستی بە دوو دڵیەکەی کرد، بۆیە بە دەنگێکی ڕەوان وگڕ گوتی:– تو قەبری حوسێن، ئەگەر کاری پێویست و بە پەلەت نییە، کەرەمکە گەورەمان بکە، ئاهای کوڕۆ! جابر! چایەک بێنە.. نێرگەلەش بێنە!

ئەحمەد بە خۆشحاڵییەکی هاوتای دوو دڵیەکەیەوە، بە مەمنوونیەوە دەعوەتەکەی قەبووڵکرد، چوو لە سەر کورسیەکە ڕۆنیشت، وەستا نونو بۆ ساتێک غەیب بوو و پاشان بە کورسییەکی دیکەوە گەڕایەوەو لە بەرانبەر یەکدیدا ڕۆنیشتن. دووکانی خۆشنووسەکە، بە هەمان ئەندازەو ڕێک و پێکی دووکانەکانی دی بوو. ناو دووکانەکە پڕ بوو لە لافیتە و تابلۆی جوان جوان، مێزێک لە ناوەندی دووکانەکە بوو، جۆرەها قوتووە بۆیە و فڵچە و قەڵەم و ڕاستەی بە سەرەوە بوو. تابلۆیەک، بە لاقێکی مێزەکەوە هەڵپەسێردرا بوو، کە بە ڕەنگی گەش و درەخشان لەسەری نووسرابوو: " بەقاڵیخانەی خان جافر " لە ژێر ئەو تایتڵەوە ناوی خاوەنی بەقاڵیخانەکە دیار بوو کە بە قەڵەم ڕەساس نووسرابوو و، هێشتا بۆیە وڕەنگ نەکرابوو. کابرا دزداشەیەک و پاڵتۆیەکی تەنکی سپی لەبەر و کڵاوێکی لە سەر بوو. تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵێک دەبوو، چوارشانەیەکی دەستە باڵای تۆکمە بوو، سەر زلێکی دەم و چاو پان بوو، لا جانگەکانی پان و دەمی گەورە، لێوەکانی گۆشتن و ئەستوور، گەنم ڕەنگێکی گۆنا کەمێک ئاڵ بوو. دانیشت وگوتی: – بچووکتان، نونوی خۆشنووس!

ئەحمەد دەستی بۆ سەر سەری خۆی هەڵبڕی و گوتی:- خۆشحاڵم مامۆستا، بچووکتان ئەحمەد عاکف، لە وەزارەتی کار!

لەبەر غروور و رۆحزلی خۆی حەزی نەدەکرد، ناوی وەزیفەکەی ببات، ساتی تەعاروف و ئاشنابوونی لەگەڵ خەڵکیدا زۆر لە بەر گران و لەلا ناخۆش بوو؛ بەڵام ئەمجارەیان وەکو جاران لەلای ناخۆش نەبوو، چونکە دەیزانی کە وەستا نونو و خەڵکانی وەکو ئەو، رێزی تایبەتیان بۆ کارمەندان و فەرمانبەرانی دەوڵەت هەیە.. وەستا نونو، بەرێزەوە هەر دوو دەستی خستە سەر سەری وبزەیەکی ناسکی بۆ کرد، پاشان بە ڕاشکاوی گوتی: - جەناب ئێوە گەڕەکەکەتان مشەڕەف کردین، بەڕاستی لە ترسی بۆردومان بۆ ئێرە هاتوون؟

ئەحمەد عاکف، سەری لەوە سوڕما کە ئەو پیاوە چۆن سەدەمی هاتنەکەیانی بۆ ئێرە دەزانی، لە کاتێکا تەنیا یەک شەویان لەم تاخە (گەڕەک) تازەیەدا ڕۆژ کردبووەوە!.. نیگایەکی نکوڵی ئامێزی کابرای کرد و پرسی: - کێ ئەمەی پێ گوتووی؟

نونو، زۆر بە سادەیی گوتی:- ئەو عەرەبانچییەی کە ماڵەکەتانی بۆ ئێرە هانی، ئەمڕۆژانە خەڵکی هەموو خەریکی باربارۆکێن!

ئەحمەد عاکف، بە مەبەستی بەرگری لە بوێری ماڵباتەکەیان گوتی:- ڕاستت دەوێ، ئەو گەڕەکانەی هەڕەشەی بۆردومانیان لە سەرە، تەقریبەن چۆڵ بوون، بابم نەخۆشی دڵی لەگەڵە، لە ترسی ئەوەی نەبا شتێکی بەسەر بێ، مخابن ناچاربووین کە لە گەڕەکە کۆنەکەمان باربکەین!

ڕێک لەو کاتەدا شاگردەکەی وەستا نونو، بە چاو ونێرگەلەوە هاتەوە. نێرگەلەکەی لەبەردەم وەستادا دانا. ئەوسا تەپڵەکێکی لە دووکانەکەوە هێنا، لەبەردەم میوانەکەی داناو قۆریەکەی لەسەر دانا. فەرمووی لە میوانەکەی کرد کە چایەکەی بخواتەوەو خۆیشی بە تاسەوە دەستی بە کێشانی نێرگەلەکە کرد، نەفەسێکی هێندە قووڵی لێدا، کە تینوویەتی ناخی شکاند وئۆخژنی بە سیپەلاکەکانی بەخشی و کونە کەپووی ئارام کردەوە. ئەوسا گوتی:

- باشتر وایە مرۆڤ هەمیشە دوور بڕوات و سەلامەت بێ. مرۆڤ یەکجار دەژی، خودا یەکە، وتەمەن و ژیان یەکە، چی لە چارە نووسرابێ، دێتە دی. عاکفەفەندی من لەو کەسانەم کە هەمیشە تەوکولم بە خودایە، تا ئەمڕۆ هیچ پەناگەیەکم بۆ خۆ قایم کردن نەداوەتە چاو. ئاخر پەناگەی چی جەنابی بێگ؟!. بۆ نموونە نونو دەتوانێ چارەنووس فریو بدات، یان قەزاو قەدەری خوا ڕەتبکاتەوە یان دوابخات؟! گوێت لە ساڵح عەبدولحەی نەبووە، لە گۆرانییەکیا دەڵێت: " چارەنووست هەرچییەک بێ، دەبێ بە سەرت بێ "؟!. من لە خوا دەپاڕێمەوە کە شەڕی ئەم ڕۆژگارەمان لێ لابدات. دوعا دەکەم و دەڵێم، بەختمان هەیە، ئەگەر دانایی و حیکمەتی هەندێ کەس نەبوایە، ئەم دراوسیەتیە خۆشەمان بە نەسیب نەدەبوو!

ئەحمەد هەستیکرد، کە هەوەڵی قسەکانی ئەو کابرایە گاڵتەکردن بوو بەو – هەرچەندە گاڵتەپێکردنێکی بە ئانقەست بوو – بەڵام کۆتایی قسەکانی مایەی سوپاسگوزاری و پێزانی بوو!. بزەیەکی کرد و گوتی: - مەمنوونم وەستا نونو، زۆرجار گەورە پیاوانی دنیا دیدە پێیان گوتووین کە تاخی حوسێن، ئەمن و ئەمانە!

نونو، مژێکی قووڵی لە نێرگەلەکەی دا و ئەوسا تۆپەڵە دووکەڵێکی چڕی لە کەپوویەوە دەرداو گوتی:- زۆر ڕاستیان گوتووە، ئێرە گەڕەکێکی بە ڕاستی موبارەک و لەبەر دڵانە، بەهۆی خاوەنەکەیەوە، کەرامەتدارە، کەسێ نەمرێ لە ڕۆژانی ئایندەدا، دەبینی کە ناتوانی دەستبەرداری ئەم گەڕەکە ببی یان پشتی تێبکەی. شتێک لە ناختەوە بۆ ئێرەت دەگێڕێتەوە.. فەرموو مژێک لە قلیانەکە بدە.

ئەحمەد، سوپاسی کرد وقەبووڵی نەکرد، بەدەم گوێگرتنەوە لە قسەکانی کابرا، بە ئاسووقەوە قومی لە چایەکەی دەدا، پاشان وەکو ئەوەی بیەوێ، شانبەشانی ئەو دووکەڵێک بکات، بەڵام بە شێوازی خۆی. جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی دەرهێنا و بەدەم زەردەخەنەیەکەوە پێیکرد. هەستی بە جۆرە ئارامیەک لەگەڵ ئەم هەمنشینەدا دەکرد. شتێکی لەمدا دەبینی، لە هیچ کەسێکی پێشووتریا بەدی نەکردبوو، سادەیی، ڕاشکاوی و توانایی ئەم کابرایەی چووبووە دڵەوە. لە هەموو ئەمانە گرینگتر ئەوە بوو، هەستی کرد ئەو پیاوە لە کول و کۆڤان و کبریای عەزاب زەدەی ئەم تێدەگات، بۆیە بە هاونشینی ئەو شاد وئاسوودە بوو. وەستا نونو گوتی:- چما حەزت لە نێرگەلە نییە؟! خۆ ئەویش هەر جگەرەیە، بەڵام بە ئاوەوە، ئەمە جگە لەوەی کە قلیان و نێرگەلە هەیبەت و شکۆیەکی تایبەتی هەیە، قوڵپە قوڵپەکە لە موسیقا دەچێت، شێوەکەشی زۆر سێکسیە.

عاکف، نەیتوانی جڵەوی پێکەنینەکەی خۆی بگرێ، قاقایەکی بەرزی لێدا، کە لە نێو قاقاکەی وەستادا، کە لە بارە بارێکی بەرزی بەردەوام دەچوو، ون بوو، بارە بارێک کە بە کۆکە کۆکێکی پچڕپچڕی بەردەوام شکایەوە، خەریک بوو هەناسەی لەبەر ببڕێ، ئەوسا بەدەم پێکەنینەوە گوتی:- واتدەزانی دێهاتیان نەزانن؟ چما نازانی ژمارەی ئەو ئینگلیزانەی سەردانی ئەم گەڕەکە دەکەن زۆر زیاترن لە ڕۆڵەکانی عەرەب؟.. ئاینی حوسێن و خوای حوسێن خۆشی و شادییەکی زۆریان بۆ گەڕەکەکەمان فەراهەم کردووە؟ هێڤیدارم وێڕای هەبوونی هیتلەر و مۆسۆلینی دراوسێی باش بین! "

- بەتەمای خوا... ئیشەڵڵا!

وەستا نونو، بە دوو دڵییەوە گوتی: - بەتایبەتی ئەفەندیانی بە حورمەت و ڕێزداری وەکو جەنابتمان لەناودایە!

ئەحمەد، بلەز بەرسڤی دایەوە:- ئەستەغفروڵڵا وەستا نونو، ئەستەغفروڵڵا!

- سوێند بە حوسێن وبابای، زۆربەی دۆستەکانم لە ئەفەندی و پیاوە باشەکانی ئەم گەڕەکەن، تەلارە تازەکان،ماڵباتی بە حورمەت و بەڕێزی بۆ ئەم گەڕەکە بکێش کردووە. لێرە هەرچیەکمان بوێ دەست دەکەوێ؛ قاوە، ڕادیۆ، میهرەبانی و نێرگەلە، شوێنێکی کراوەیە هەم بۆ خواناسی و هەم بۆ خوا نەناسی!

ئەحمەد بە پێکەنینەوە گوتی:- پەنا بە خوا لە شەڕی خوا نەناسی!

وەستا نونو، لە ڕوخساری ورد بووەوە، ئەوسا بە هەمان ڕاشکاوی خۆیەوە، وەکو ئەوەی چەندین ساڵ بێ بیناسێت، نەک چەندین خولەک بێ، گوتی:- چاکە و خراپە، خواناسی و خوانەناسی وەکو ڕۆژ و شەو وان لێکدی هاوێر نابن، بەخشش و ڕەحمەتی خوداش لە سەرووی هەردووکیانەوەیە.. تۆ خەنبەلی؟

- نا... نەخێر!
- خۆشم دەوێی!

- باشە، چۆن دەشێت لەم گەڕەکەدا گوناح بکرێ، بێ ئەمری خوا بکرێ؟
- ئەها! ببیە و باوەڕ مەکە. سەبر بکە تا بەچاوی خۆت دەیبینی.وێڕای ئەمەش، خەتا لە گەرەکەکەی ئێمەوە نییە، خەتا لە گەڕەکەکانی دیکەوەیە کە پڕبوون لە فسق وفجورو گەندەڵی، لە خۆیان زیاد بووەو زیادەکەیان بۆ ئێمە ڤڕێ کردووە. وەکو چۆن ڕادیۆ ئەمە سەبارەت بە بازرگانی جیهانی دەڵێت. ئێمە کەرەستە خاوەکان هەناردە دەکەین و گەڕەکەکانی دی بە دروست کراوی هاوردەی دەکەن. لە گۆشە و کەنارێن ئەم گەڕەکەوە مارەکراوان هەناردە دەکرێن و لە گەڕەکەکانی دیدا دەکرێن بە لەشفرۆش. ئەم شەڕە دنیای هەڵگێڕاوەتەوە، ژێروبانی کردووە، تەسەورکە دوێنێ گوێم لە کیژی کابرایەکی توور فرۆش بوو کە بانگی خوشکەکەی دەکرد و دەیگوت: "وەرە دارلینگ! " ***(دارلینگ: ئازیزەکەم.)***

ئەحمەد، کە کەوتبووە هەوای خۆی، زەوقی کرابووەوە، بە شادییەوە پێکەنی و بەو نیازەی بەرانبەرەکە وادار بکا لە سەر قسەکانی بەردەوام بێ، گوتی:- وێڕای هەموو ئەمەش گەڕەکەکەی ئێوە، گەڕەکێکی پاک و ئابڕوومەندە. گەندەڵی لە گەڕەکە کۆنەکەی مەدا، لە عەقڵ وتەسەور بەدەرە!

-خودایا خۆت بمانپارێزە.. عاقڵ ئەو کەسەیە خەمی لێنەخوات، خەمی دنیا فەرامۆش بکە، پێبکەنە، خوای خۆت بپەرستە وتەواو. دنیا، دنیای خودایە، جڵەوی هەموو کارەکان لە دەستی خودایە، ئەمر، ئەمری خودایە، چارەنووسی هەموو شتێک بە دەستی ئەوە. ئیدی بۆچی بیری لێبکەینەوە و خۆمان خەفەتخان بکەین!.. پووچە، مەلعونە دنیا، نەعلەت لە دنیا!

- ئەمە شیعاری سەر زاری تۆیە وەسا نونو، هەرچەند دەیڵێیتەوە، من لە ژوورەکەی خۆما گوێم لێی دەبێت.

- بەڵێ، پووچە، بێوەفایە دنیا، ئەمە تەوهینە، نەک تووک و نەفرین یان جنێو و سخێفان، بەڵام دەکرێ بە کردەوەش وەکو قسە بە نەفرەتی بکەی؟ ئەگەر دنیا هەژار و بێنەوای کردی، دەتوانی تەوهینی بکەی، پێی بکەی؟.. یان ڕووت و ڕەجاڵت بکات، یان بەدبەختت بکات؟ یان برسیت بکات؟ باوەڕبکە دنیا وەکو ژن وایە. پشت دەکاتە ئەو خەڵکانەی کە دەکەونە سەر لاق وپێی، ڕوو دەکاتە ئەو خەڵکانەی تێیان هەڵدەدەن و بێ ڕێزییان پێدەکەن. سیاسەت ورەفتاری من دەگەڵ دنیاو ژندا وەکو یەکە، من تەنیا پشتم بە خودا قایمە، هەرخۆی چارەسازە. تەنانەت ئەگەر پارەی کێشانی نێرگەلەشم نەبێ، منداڵەکانم هیچیان نەبێ بیخۆن، لە کەیف و سەفا و نوکتەبازی و گۆرانی خۆم ناکەوم، وادەزانم، منداڵەکانم منداڵی دراوسێکەمە، وادەزانم هەژاری و نەداری بەرۆکی دژمنەکەمی گرتووە، هەربە خەیاڵما نایەت، دنیا دەدەمە بەر کلکان، گۆرانی دەڵێم، جنێو دەدەم، نوکتە دەگێڕمەوە. کاتێ دەزانی کارێکم بۆ پەیدا دەبێ و هەقدەستێکی باشم دەست دەکەوێ، لێدە نونو! شوکری خودا بکە نونو، ها زەینەب ئەوە پارە و هەڕە گۆشت بکڕە، حوسێن تۆش هەڕە توور بکڕە، ئایشێ تۆش بڕۆ کاڵەک بکڕە. نونو، ورگت پڕ بکە، مناڵەکانی نونو بخۆن، ژنانی نونو شوکرانە بژێری خوا بن.

ئەحمەد کە گوێی لە وشەی "ژنانی نونو" بوو گوێی قوڵاغ بووەوە. لە فکران ڕاچوو، ئاخۆ نونو چەند ژنی هەن؟.. ئایا بە هەمان ڕاشکاویەوە کە فەلسەفەی ژیانی خۆی بۆ گێڕایەوە، نهێنیەکانی ناخیشی بۆ دەگێڕێتەوە؟!... دەبوایە فێڵێک بدۆزێتەوە تا بیهێنێتە قسان، قسەی لێدەربێنێ. لێی پرسی:- خودا بە هاناتەوە بێ، وادیارە ڕەشە خێزانێکت بە ملەوەیە.

کابرا بە سادەیی بەرسڤی دایەوە:- یازدە هەسارە وچوار خۆر!.. ئەوسا ئاماژەی بۆ خۆی کردو لەسەری ڕۆیی:- یەک مانگ!

عاکف، کەمێک وەستا و ئەوسا گوتی:- یانی چوار ژن؟

-هێندەی خوا حەڵاڵی کردووە.

-ناترسی کە نەتوانی عەدالەتیان لە نێواندا بەرپا بکەی؟

-کێ دەڵێ بەرپام نەکردووە؟

- یانی چوار خانووت بەکرێ گرتووە؟

- نا، یەک شوقەی وەکو شوقەکەی جەنابتانم بەکرێ گرتووە، چوار ژوورە، هەر ژوورەی بۆ منداڵەکان و دایکیان!

عاکف سەری سوڕما، بە گومانەوە لە وەسا نونو ڕاما، وەستا لە قاقای پێکەنینی دا، گوتی:- ئەحمەدەفەندی چما باوەڕت نایەت؟

ئەحمەد، بە پێچەوانەی عادەتی خۆیەوە، بە پرکێشیەوە پرسی:- باشە بۆ بەیەک ژن دانەسەکنای؟

-یەک ژن؟!.. من بابایەکم خۆشنووس، ژنان وەکو خەت جۆراوجۆرن، هیچیان لە هیچیان ناچن، ئەمەیان نەسخە، ئەوەیان ڕوقعەیە، ئەویتریان سولسە، چوارەمیان فارسییە، هەموویان زەرورین وهەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە. بەلای منەوە تەنیا خوا یەکە.

- باشە چوار زۆر نییە؟

- خۆزگە بەشیان کردبام. شوکر بۆ خوا من بەشی ژنانی یەک شار دەکەم، من وەستا نونوم و ڕزق و ڕۆزیم لەلای خوایە!

- باشە چۆن هەموویان لە یەک شوقەدا کۆ دەکەیەوە!.. مەگەر نازانی ژنان چەند غیرە لەیەکدی دەکەن و بەغیلی بە یەکدی دەبەن؟

نونو، بە تەوسەوە شانە پانەکانی هەڵتەکاند و تفێکی ڕۆکردە سەر ئەرزەکە و گوتی:- باوەڕت بەو شتانە هەیە کە دەربارەی ژنان وغیرەو مەکر وئوینیان دەگوترێ؟! هەر هەموو ئەو ئاین و ئۆینە ژنانەیە، لە لاوازی و بێ توانایی پیاوە. ئافرەت لە حەقیقەتدا، قوڕە خۆشەیە، پێویستە چیت دەوێ ئەوەی لێ دروستبکەی. ئەوە بزانە کە ئافرەت حەیوانێکی کەم ئاوەزو کەم دینە، بە دوو ڕێگا ڕام و کەوی دەکرێ: بە سیاسەت و بە کوتەک!.. هەر یەکێک لە ژنەکانی من وادەزانێ هەر خۆی نازدار و گەوهەری یەک دانەی منە؛ لە کاتێکا هیچ فەرقێکی لە گەڵ ئەوانی دیدا نییە. ماڵ نییە، بە ئەندازەی ماڵەکەی من خۆش و ئارام و بێکێشە و ئاریشە بێت، هیچ ژنێک وەکو ژنەکانی من، بە خەمی منەوە، بە خەمی ڕاگرتنی دڵی منەوە نین، هەربۆیەش وەختایەک کە زانییان قەپاتمەیەکیشم هەیە، زاتی ئەوەیان نەکرد ئەزیەتم بدەن و تووڕەم بکەن.

ئەحمەد عاکف، بەسەرسامی هاواری کرد:- ماشقە و قەپاتمە!؟

-لاحەولا وەلا، بۆچی بەم شتە سادە و ئاساییانە دەحەپەسێی؟ من ڕام وایە خۆراکی ماڵەوە خۆشە، بەڵام دەبێ خۆراکی دەرەوەش تاقی بکەیتەوە!..

- باشە ژنەکانت، لە گەڵ ماشقەکەتدا بە شەڕ نایەن؟ کێشەیان لەگەڵیا نییە؟!

- کێشەی چی، کێشە تا ئەو کاتە کێشەیە کە لە گەڵیا ڕادێیت. تۆ بە پیاوەتی و نێرینی خۆت دەتوانی ژنەکەت ناچار بکەیت، کە بە دڵی تۆ بکات، هەرچییەکت حەز لێیە، قەبووڵی بکات، پیاوی بەهێز و پیاوانە پەنا بۆ تەڵاق و جیابوونەوە نابات، مەگەر خۆی بیەوێ.

ئەحمەد، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی:- هەر بژی وەستا!

نونو، چەند مژێکی لە قلیانەکەی دا و بە میوانەکەی گوت:- ئەحمەدەفەندی تۆ ژنت هێناوە؟

بەکورتی وبە پەستی بەرسڤی دایەوە:- نەخێر..

-یانی یەکێکیشت نەهێناوە؟

- تەنانەت نیو یەکیش!

نونو، پێکەنی، بەهەمان ڕاشکاوی خۆیەوە گوتی:- سوعبەت دەکەی!

ئەحمەد، بزەیەکی گۆنگی بۆکرد، نەبە چاک و نە بە خراپ وەڵامی نەدایەوە. نونو بە پێکەنینەوە گوتی:- هەر بژی!

نونو دەستی خستبووە سەر خاڵە هەستیارەکەی دەروونی ئەو، ناخی ئەحمەدی بێدارکردەوە، دەستی خستبووە سەر ئەو شتەی کە توانا، سەلامەتی، پێکەنین، ژیان، سەرکەوتن و بەختەوەری لێحەرام کردبوو. لە بێ توانایی خۆیا، خۆزی بە وەستا نونو دەخواست، بەغیلی بە توانا و بەختەوەری ئەو دەبرد، جا چونکە ختووکەی هەستی خۆ بە گەورەبینی ئەوی دابوو، بەغیلیەکەی زۆر تۆخ نەبوو، ئیدی مەیلی بەلایا زیاتر بوو تا ڕق و بەغیلی. ئیدی هاونشینی و دۆستایەتی و چیرۆکی ژیانە سەیر و سەمەرەکەی ئەم کابرایەی لێخۆش هات.

وەختایەک، دوعای خزمەتی خواست، وەستا نونو گوتی:- قاوەخانەیەک هەیە بەنێوی زەهرە، قاوەخانەیەکی بچووکە، بەڵام هەموو ئەفەندییە بەڕێزەکانی ئەم گەڕەکە لەوێندەر کۆدەبنەوە. لەوێ باشترین دراوسێیەکانت دەبینی، چما ئەم ئێوارەیە نایەی بۆ ئەوێ؟

ئەحمەد بەدەم خاتر خوازییەوە گوتی:- ئەگەر ئەم ئێوارەیەش بۆم نەکرا، خوا یار بێ سبەی ئێوارە دێم.

سوپاسی کرد وخواحافیزی لێکرد. ئەوسا ملی ڕێگای گرت تا شارەزای کوچە و کۆڵانانی گەڕەکە تازەکەیان ببێت.

(( ٦ ))

ئێوارەی ڕۆژی دواتر، بەنیازی قاوەخانەی زهرە لەماڵ وەدەرکەوت. قاوەخانەکە، لە دەروازەی شەقامی محەمەد عەلی دا بوو، پێش ئەوەی بگاتە شەقامی ئیبراهیم پاشا. هەر بە ئەندازەی دووکانێک دەبوو، دوو

دەرگای هەبوو، یەکێکیان بەسەر شەقامی محەمەد عەلیا دەیڕوانی و ئەویتریان بەسەر ئەو ڕاڕەوە دوور ودرێژەدا دەیڕوانی کە دەچوو بۆ وێستگە تازەکە. دەیان قاوەخانەی دیکەی وەکو ئەمەی لە گەڕەکەکەدا بینی بوو، ئەوەندە زۆر بوون، بە مەزەندەی ئەو هەر دە کەسی گەڕەکەکە قاوەخانەیەکیان بەردەکەوت، چونکە فێری ئەوە نەبوو هاتوچۆی قاوەخانان بکات، بەکاوەخۆ وبە دوو دڵی خۆی بە قاوەخانەکەدا کرد. هەرکە لە دەرگاوە وەژوورکەوت وەستا نونوی لە ناوەندی کۆمەڵە ئەفەندییەکدا بەدی کرد. نونو کە ئەوی بینی هەستاو، بە ڕووخۆشی وبە دەنگە گڕەکەی گوتی:- خێرهاتی ئەحمەدەفەندی! کەرەمکە!

بە بەژن و باڵا باریک و لاوازەکەیەوە، بەدەم بزەیەکی شەرمنانەوە، نزیک بووەوە. دەستی برد تەوقەی لەگەڵدا بکات، بەدەستە زەلام و زبرەکانی دەستی گوشی و ئەوسا ڕووی کردە هاوڕێکانی وگوتی:- دراوسێی تازەمان ئەحمەد عاکف ئەفەندی، کارمەندو فەرمانبەری وەزارەتی کار.

هەر هەموو پیاوەکان بە ڕێزەوە لەبەری هەستان، هێندەی دی پەشۆکا. چوو، سڵاوی لە یەک بەیەکیان کرد، نونو یەک بە یەک بەوی دەناساندن ودەیگوت:- سلێمان بێگ عەتە، سەرپەرشتیاری دایەرەی فێرکاری سەرەتایی. سەید ئەفەندی شارەزای ڕووپێوی، کەمال ئەفەندی خەلیل، ئەویش نەخشەکێشە. مامۆستا ئەحمەد ڕاشدی پارێزەر. مامۆستا عەباس شەفە، لە پیاو ماقوڵانە.

لەبەینی خۆیاندا جێگەیان بۆ کردەوەو بە ڕووخۆشی وگەرمی خێرهانینیان کرد، بەرەبەرە هۆگریان بوو و شەرم و پەشۆکاویەکەی ڕەوییەوە. جۆرە عیزەت وگەورەییەک دایگرت کە زۆر سەرکەوتوانە بە بزەیەکی خۆش و نیگایەکی زندوو پەنهانی کرد.

گومانی لەوە نەبوو، کە لە هەر هەموو ئەوانە، بە پێگە جڤاکیە جیاوازەکانیانەوە، گەورەترە. ئەم خەڵکی گەڕەکی سکاکینی بوو و ئەوان خەڵکی گەڕەکی دەراسە یان جەمالیە بوون! ئەم هزرڤان و ئەقڵمەند بوو، ئەوان فریان بە هزرڤانی وعەقڵمەندییەوە نەبوو. بگرە تەسەوری وابوو کە بوونی ئەو لەنێو ئەوانەدا، هاوسۆزییەکی جوان و خاکەڕاییەکی شیرینە، حایر و حەپەساو لە خۆی دەپرسی چۆن هزرڤانی و ڕۆشنبیریی و عەقڵمەندی خۆی بەو جەماعەتە نیشانبدات؟ چۆن گەورەیی خۆی بسەلمێنێ و واداریان بکات ڕێزو حورمەتی بگرن؟هەڵبەتە ئەگەر ئەم دۆستایەتی و دیدارانە بەردەوام بوایە، ئەو دەرفەتەی بۆ دەڕەخسا. نەدەبوو ئەمە بۆ یەک دوو دیداری دی دوابخات!... کەوتە چاوگێڕان بە ڕوخسارە تازەکاندا، بەدیقەتەوە تەمەشای دەکردن. سلێمان عەتەی سەرپەرشتیار، پیاوێک بوو لە تەمەنی پەنجا ساڵی و زیاتردا، ڕوخساری زۆر دزێو بوو، دەم وچاو چکۆلەی چرچ و لۆچ، تەوێڵی تەخت، گۆنای زەق، چاوە چکۆلە و زیتەکانی، شەویلاگە گەورەکانی، لووتە پانەکەی، هەر هەموو ئەمانە کردبوویانە کارێک زیاتر لە مەیموون بچێ، بەڵام زیتەڵی و خۆشڕەفتاری مەیموونی نەبوو. ئیدی زۆر ڕەزاگران و خەمبار دیاربوو، لەتۆوایە باجی ڕەزا گرانیەکەی خۆی دەدات. جوانترین شتی ئەو پیاوە، تەزبیحێکی کارەبایی بوو، کە بەسەری قامکی دەستە ڕاستی، یەک یەک دەنکەکانی دەگێڕا.سەیر ئەوە بوو، ئەم ناشیرینیە نەیکردبووە کارێک کە خەڵکی بیبێزرێنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە خۆشیان دەویست. سەید عارفیش، تەقریبەن هاوتەمەنی ئەو بوو، کابرایەکی چکۆلەی ئەندام وردیلە بوو، پێستی دەم وچاوی نەرم، نیگای بێگەرد و پاک. بەڵام کەمال خەلیل، پیاوێک بوو، سەنگینی بە چاوەکانیەوە دیاربوو، زۆر پۆشتە و پەرداخ و شیکپۆش، دەستە باڵا، ئامال قەڵەو بوو، لە چاو ئەوانی ترەوە، بە گەرم و گوڕییەکی زیاترەوە پێشوازی لە دراوسێ تازەکە کرد. پاشان بە دیقەتێکی تایبەتیەوە،

ڕوانیە ئەحمەد ڕاشد، ئەمە لە هەرەتی گەنجیدا بوو، پیاوێکی دەم وچاو خڕی گۆشتنی کەللە زەلام بوو، چاویلکەیەکی ڕەشی گەورەی لەچاو بوو کە تەقریبەن ڕوخساری شاردبووەوە. ئەم گەنجە بۆیە سەرنجی ڕاکێشا چونکە پارێزەر بوو، پارێزەر کەسێکی خوێنەوارو، پارێزەری ئەو پیشەیە بوو، کە عاکف لە هەوەڵەوە زۆری حەز لێبوو، بەڵام نەی توانی بوو تەواوی بکات، بۆیە هێشتا، ڕقی لە پارێزەر بوو، وەکو چۆن ڕقی لە ئەدیب و زاناش بوو. هەستی بەرانبەر بەو سنفانە، وەکو هەستی کابرایەک بوو بەرانبەر بە کەسێک کە خۆشەویستەکەی ئەوی خواستبێ. هەستی دەکرد ئەو پیاوە دژمنیەتی، بەو بوایە پەلاماری بدات. تەنیا وەستا عەباس شەفە مابوو، ئەمە گەنجێکی سیما زەنگی بوو، کۆیلایەتی و بودەڵەیی لێدەباری، دێزداشەیەکی دەڵبی لەبەر و جووتێ نەعلی لەپێ بوو، سەری کۆت بوو، قژە لوولەکەی گڤ بووبووەوەو هێندەی دی دزێوی کردبوو، تەنیا لەوەی کەم بوو، جلی زندانی لەبەر بکرێ!.. ئەم دار ودەستەیە، وێڕای ئەوەی ژمارەیان زۆر کەم بوو، بەڵام پتر لە سێ یەکی قاوەخانەکەیان گرتبوو. یارۆی قاوەچی، لەلای سەندووقی دەغیلەکەوە ڕۆنیشتبوو، بەجۆرێ تێکەڵاوی گفتوگۆیەکەیان بووبوو، لە تۆ وایە یەکێکە لەوان!.. لە کاتێکا وەستا نونو وکەمال خەلیلەفەندی، بە گەرمی لە خزمەتی ئەحمەد عاکف دا بوون، سلێمان عەتە، هەوڵیدەدا، خۆی قورس بنوێنێ وبە ساردی مامەڵەی لە تەکدا بکات!.. بەڵام مامۆستا ئەحمەد ڕاشد، گوێی لەو وتارە دەگرت کە لە ڕادیۆکەوە بڵاو دەبوویەوە.

کەمال خەلیل، ڕوویکردە عاکف وگوتی:- بیستوومانە کە جەنابت لە سکاکینییەوە هاتووی!

ئەحمەد سەرێکی دانەواند وگوتی:- بەڵێ قوربان.

کابرا، زۆر بە جدی لێی پرسی:- ڕاستە دەڵێن، تەنیا چەند خانوویەکی گەڕەکەکە بە سەلامەتی دەرچوون؟

ئەحمەد بە پێکەنینەوە گوتی:- تەنیا یەک خانوو ڕوخاوە!

-ئامان لەم خەڵکە دەم بە هاوارە!.. ئەدی ئەو تەقینەوە زلەی، کە وامان هەست دەکرد لە ماڵەکانی خۆمانا ڕوویداوە چ بوو؟

- تەقینەوەیەکی هەوایی بوو!

مامۆستا ئەحمەد ڕاشد، کە بە بێ مەیلی گوێی لە ڕادیۆکە دەگرت، لە تازە دراوسێکەی پرسی:- بەڕاستی بۆمبێک کەوتە خوارەوەو نەتەقییەوە؟

ئەحمەد، خۆشحاڵ بەوەی کە ئەو گەنجە ڕووی دەمی لەو کردبوو، گوتی:- دەڵێن دوو بومبا بوو، بەڵام پسپۆڕان زوو فریاکەوتن و پووچەڵیان کردنەوە.

ئەحمەد ڕاشد گوتی: - ئێمە پسپۆڕانی وەکو ئەو کابرا کەنەداییەمان هەیە، کەلە هەواڵەکانی جەنگدا ناویمان ژنەوتووە؟... دەڵێن چەندین گەڕەکی تەواوی لە لەندەندا ڕزگار کردووە!

سەید عارف، کە لە دۆستدارانی ئەڵمان بوو، بە تەشەرەوە گوتی: - چما لە نەندەدا گەڕەکی تەواو ماوە؟

ئەحمەد ڕاشد بزەیەکی هاتێ وبە عاکفی گوت:- ئەم برادەرەمان کە داژدارانی ئەڵمانە!

وەستا نونو، بەدەم پێکەنینەوە، قسەی پارێزەرەکەی تەواو کرد: - لەبەر هەندێ سەدەمی نوژداری!

سەید عارف، سوور بووەوە، بەڵام وەستا نونو، لە قاقایەکی تەوسامێزی داو لە سەری ڕۆیی:- پێی وایە نوژداری ئەڵمانی دەتوانێ گەنجێتی بگێڕێتەوە!

سەید عارف، بە پەستی برۆی وێک هێنانەوە و چارەی بە یەکا دا. وادیار بوو، پێی ناخۆش بوو، لە بەر چاوی کەسێکی تازەدا، ئەو قسانە بکرێ. ئەحمەد عاکف، هەستی کرد، قسە بە توێکڵەکانی نونو، چیرۆکێکیان لە پشتەوەیە، ئەم ماستە موویەکی تیایە، بەڵام وا خۆی نواند کە گوێی لە هیچ نەبووە. نونو، وەکو ئەوەی بیەوێ قەرەبووی هەڵەکەی بکاتەوە، کەوتە مەدح و ستایشی گەڕەکە تازەکە بۆ یارۆی میوان. ئەحمەد ڕاشد، بە تەشەرەوە هەڵیدایێ وگوتی:- ئێرە قاهیرەی کۆنە، ئەوەی ڕاستی بێ پاشماوەیەکی کۆنە، لە حاڵی هەرەس و داڕوخاندایە، مایەی بەزەییە، ئەگەر هەندێ واقیعیانە تەمەشای بکەین، جگە لە چەپەڵی هیچی دی نابینین، چەپەڵیەک، دەبێ لە پێناو پاراستنیا قوربانی بە بەشەران بدەین، تەگبیری هەر ئەوەیە بڕوخێ، تا خەڵکەکە بە سەلامەتی وشادی بژین!

ئەحمەد، هەستیکرد، کە لەوەیە جدیەت و دەماوەری ئەو کابرا گەنجە، ببێتە مایەی ئەوەی پێگەی دەماوەری و هزرڤانی و عەقڵمەندی ئەو لە نێو ئەو جەماعەتەدا بێنێتە خوارەوە، بەتایبەتی شادەتنامەی فەرمی بەکالوریوسی مافناسی، لە ناو خەڵکی نەخوێنەوار و سادەدا، سەنگ و ئیحتوباری گەورەی هەبوو. بۆیە لێبڕا، بە هەر نرخێ بووە، بەرپەرچی بداتەوە، گوتی:- پاشماوەی بینای کۆن، تەنیا خۆڵ و خاشاک، چەپەڵی نییە؛ بەڵکو بیرەوەرییەکە، ڕەنگە زۆر لە حەقیقەتە واقیعییەکان بەنرختر بێ، دڵی خەڵکی پێ ڕوون دەبێتەوە!... ئەو قاهیرەیەی کە تۆ دەتەوێ مەحوی بکەیتەوە، لە لاپەڕەی ڕۆژگاری بسڕیتەوە، مایەی شانازییە! ئەم قاهیرە تازەیە بە تۆزی پێیدا ناگات!

ئەو قسانە، کاردانەوەیەکی نەرێنی لەلای گوێگرەکان دروستکرد، ئەوەی لە چاویاندا خوێندەوە، زۆر دڵی خۆشبوو، ویستی ئەم هەلە لەدەست نەدات و زانایی و زانیارییەکانی خۆی بنوێنێ، بۆیە گوتی:- ببورە مامۆستا ئەحمەد، من بە قەد تووکی سەری خۆم کتێبانم سەبارەت بە مێژووی خۆمان خوێندووەتەوە، بۆیە ناتوانم دەستبەرداری بم!

سەید عارف گوتی:- وادیارە ئەحمەدەفەندی لە عاشقانی مێژووەوە!

ئەحمەد، خۆشحاڵ بە قسەکانی ئەو کابرایە، کە دەرفەتێکی زیاتری بۆ فەراهەم کرد، تا زانیارییەکانی خۆی بنوێنێ، بەدەم بزەیەکەوە گوتی:- لە ڕاستیا، من هەر بە ئەندازەی لقەکانی دیکەی زانست، حەزم لە مێژووە، من پتر لە بیست ساڵی تەمەنم بە خوێندنەوەی لقە جیاوازەکانی زانستەوە بردۆتە سەر!

ئیدی جەماعەت بە نیگا دایان بێژت. زۆر دڵی بەمە خۆشبوو، بە نیشانەی بێ چەند و جوونی گەورەیی خۆی لێکیدایەوە، لە کەیفان دڵی کەوتە سەما. پڕ بە دڵ حەزی دەکرد، لە پشت عەینەکە ڕەشە گەورەکەوە، چاوانی ئەحمەد ڕاشد بدینێ، تا بیخوێنێتەوە و بزانێ چیان تیایە. کەمال خەلیل لێی پرسی:- چما، ئەو هەموو کتێبانە دەخوێنیتەوە مامۆستا؟!.. خۆت بۆ وەرگرتنی شادەتنامە ئامادە دەکەی؟

وێڕای ئەوەی بە وشەی "مامۆستا " زۆر خۆشحاڵ بوو، بەڵام بە باقی پرسیارەکە پەست بوو، بۆیە بە کەش و فش و لە خۆبایی بوونەوە قسەکەی پێبڕی وگوتی:- شادەتنامەی چی! چ شادەتنامەیەک ئەو هەموو موتاڵا و خوێندنەوەیەی دەوێ؟!... شادەتنامە جگە لەو گەمەیەی گەنجان هەوڵی بۆ دەدەن هیچی دی نییە، گەمەی

گەنجانە، لیٚ موتالاٚ وخویٚندنەوەی من لە پیٚناوی زانستی ڕاستەقینەدایە نەک لە ڕای شادەتنامە، دوورنییە، ڕۆژیٚ بیٚ ئەنجامی خویٚندنەوە و تویٚژینەوەکانم بنووسمەوەو بیکەم بە کتیٚبیٚک.

ئەحمەد ڕاشد، بەدەم بزەیەکی دستکردەوە کە پەستی کرد، پرسی:- مەبەستت چییە کە دەڵیٚی شادەتنامە گەمەی گەنجانە؟

ئەحمەد، تووڕەییەکەی خۆی قووت دایەوەو گوتی:- شادەتنامە نیشانەی ڕۆشنبیریی وزانایی نییە!...

-نیشانەی جەهل و نەزانیە؟!

توڕەییەکەی سەری کرد، بە زەحمەت کۆنترۆڵی کرد. گوتی:- مەبەستم ئەوەیە کە شادەتنامە، نیشانەی ئەوەیە گەنجیٚک لە ماوەی چەند ساڵیٚکا، هەندیٚک بابەتی ئەزبەرکردووە، لە تاقیکردنەوەدا دەرچووەو شادەتنامەی وەرگرتووە. زانستی ڕاستەقینە شتیٚکی دیکەیە!

ئەحمەد ڕاشد، بزەیەکی گۆنگی بۆ کردو، دریٚژەی بە قسەکانی نەدا. پیٚدەچوو سەبارەت بە شادەتنامە، هاوڕەئی ئەحمەد عاکف بیٚت. هەرچەندە ئەگەری ئەوەش هەبوو، کە سەدەمی تریش لە پشت ئەو ڕەئییەوە هەبیٚت. ئەحمەد عاکف، بیٚدەنگیەکەی ئەوی پیٚخۆش بوو، چونکە تای تەرازووەکە، لەبەردەم خەڵکەکەدا، بەلای ئەمدا قورس بوو! بۆ چەند ساتیٚک بیٚدەنگی بەرقەرار بوو. وەستا نونو، چای بۆ هەمووان تیٚکردەوە. عاکف تەمەشایەکی دەوروبەری کرد، بۆ یەکەمجار، کوڕیٚکی میٚردمنداڵی، لەلای کەمال خەلیلەفەندییەوە بەدیکرد کە لە سەر کورسییەک ڕۆنیشتبوو، نەیزانی کوڕیٚژگەکە، بەرلە هاتنی ئەم هەر لەویٚ بوو یان دواتر لە کاتی سەرقاڵی ئەم بە قسانەوە، هاتبوو. بەڵام بە لیٚکچوونەکەیاندا بۆی دەرکەوت کە کوڕیەتی، چاوی لەو گواستەوە؛ لیٚ دووبارە چاوی بڕییە میٚردمنداڵەکە، شتیٚک بە ڕوخساری کوڕیٚژگەکەوە، کە نەیدەزانی بە تەواوی چییە، سەرنجی ڕاکیٚشا، نەیتوانی بە بەردەوامی تەمەشای بکات، بۆیە بەدەم خواردنەوەی چایەکەیەوەو لە پشت کووپەکەوە، ناوبەناو نیوە نیگایەکی دەکرد. خۆیشی نەیدەزانی چ شتیٚک لە ڕوخساری ئەو کوڕەدا سەرنجی ڕاکیٚشاوە. بەرە بەرە خەریک بوو، ئەو مشت ومڕەی فەرامۆش دەکرد کە بە خۆی نابوویەوە؟!. هەستیٚکی گۆنگ و سەیری لەلا دروست بووبوو کە پیٚشتر ئەو کوڕەی بینیوە، ئەو دوو چاوە درشتەی بینیوە، ئەو نیگاکردنە شیرین و سادەیەی دیتووە. ئەو جۆرە هەستە، دەستبەرداری بەشەر نابیٚ، تا یادگە فریای نەکەویٚ و هەموو شتیٚکی بیر نەکەویٚتەوە ویارۆ نەناسیٚتەوە. بۆیە، بەردەوام ئەم پرسیارەی لە خۆی دەکرد: " ئەم ڕوخسارەم لە کویٚ وکەی دیتووە؟ لە سکاکینی؟... لە تراما؟... لە وەزارەت؟"

بەڵام یادگە، بە بیٚهودەییەکی تەوسامیٚز و پڕ سویٚوە وەڵامی دایەوە. هەندیٚجار وای هەستدەکرد، خەریکە شتیٚکی وەبیر دەکەویٚتەوە، خەیاڵیٚ، بیرەوەرییەک لە شویٚن و کاتیٚکی نادیارا، بەڵام زوو بە زوو ئەو خەیاڵە ئاوا دەبوو و لە تاریکیەکی قوڵا نقوم دەبوو، ویٚنە و ویٚناکان کاڵ دەبوونەوە، دووبارە دەکەوتەوە ناو گیٚژاوی گۆنگی و حیرەت و حایرمانەوە. ئەنجام بڕیاری دا دەستبەرداری ئەو شتە ببیٚت کە بایەخیٚکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام لە ڕاستیا تەنیا یادگەی نەبوو کە ئازاری دەدا، ئەوی ڕاستی بیٚ مەیل و هەستیٚکی قووڵ، دڵی گیرۆدەی ئەو دوو چاوە درشت ونیگا سادەو جوانە کردبوو. هەرجاریٚ کە ژیٚراوژیٚر نیوە نیگایەکی ئەوی دەکرد، لە ناخی ناخیەوە، هەستی بە جۆرە میهرەبانی و خۆشەویستیەکی سەیر دەکرد! حیرەت سەراپای داگرت، شەرم دایگرت، وەکو کەسیٚکی تاوانبار و سرک، سڵی لە نیگای ئامادەبووان دەکردەوە!! قوڵفی کووپەکەی بەدەستەوە

گرتبوو، دڵی بە توندی لێی دەدا. چاوی تروکاند، دڵی نەدەهات چاو لەو کورپژگەیە بگوازێتەوە. چاوی بڕییە ڕوخسارو چاوەکانی. دڵی تەژی تاسە و خۆشەویستی بووبوو. جلەوی چاوەکانی خۆی لەدەست دابوو؛ بەڵام لە ناکاوا بە تووڕەیی و ترسەوە نوقاندنی وحایر و حەپەساو لە خۆی پرسی: چ گلاراوێکمە؟!

وەستا نونو، لە خەڵوەتە دەروونییە حیرەت ئەنگێزەکەی دەری هێنا ولێی پرسی:- حەز لە یاری ناکەی؟

وەکو یەکێک لە ناکاوا لە خەو ڕاپەڕی بێت، تەمەشایەکی کرد وگوتی:- هیچ یارییەک نازانم!

کەمال خەلیل پێکەنی وگوتی:- جەنابی مامۆستا ئەحمەد ڕاشدیش وەکو تۆیە، تا ئێمە سەعاتێ یاری دەکەین ئێوە بۆخۆ خەریکی گفتوگۆ بن..

ئەوسا کابرا ڕوویکردە کوڕەکەی پێی گوت:- دەی محەمەد بڕۆوە بۆماڵەوە!

دڵی عاکف، کەوتە ترپە ترپ. نیگای بە گەڵ خست، تا لە دەرگاکە ئاوا نەبوو، چاوی لێ هەڵنەگرت. بە کەسەرەوە لە خۆی دەپرسی: " بیرت نەکەوتەوە ئەم کورپژگەیەت لە کوێ دیتووە؟ " جەماعەت بووبوون بە دوو بەشەوە، وەستا نونو و کەمال خەلیل خەریکی دۆمینە بوون، سلێمان عەتە و سەید عارف خەریکی نەردێن بوون. بەڵام عەباس شەفە کورسییەکەی بردە لای قاوەچییەکەوە. ئەحمەد ڕاشد، تۆزێ کەنار کەوت تا جێگە بۆ یاریچیەکان بکاتەوە، بەم کارەی لە ئەحمەد عاکف نزیک بووەوە. ئەحمەد هەستی بە نزیکبوونەوەکەی کرد، هەستە سەیرەکەی گۆڕا، جارێکی دی خۆی بۆ گەنگەشە و مشت و مڕ ئامادە کرد. تاسە و دڵبەندییەکەی ڕەوییەوەو، پشم و غەزەب جێگەی گرتەوە. کابرای گەنج ڕوویکردێ و بە نەرمی گوتی:- حاڵتان چۆنە مامۆستا؟!... وامەزانە من لە مێژە ئاکنجی خانولخەلیلیم. دوو مانگ لە پێش تۆوە بۆ ئێرە هاتووم!

ئەحمەد عاکف، مجامەلەکەی ئەوی لە گیان خۆشبوو و پرسی:- تۆش لە دەستی بۆردومان؟

-تەقریبەن!.. ئەوەی ڕاستی بێ ماڵە کۆنەکەمان لە حەلوان، بۆ مەبەستی سوپایی چۆڵکرا. ئیدی بڕیارم دا بێم بۆ قاهیرە تا لە شوێنی کارەکەمەوە نزیک ببمەوە. زۆر گەڕام تا شوقەیەکی چۆڵم وەگیر بێ فایدەی نەبوو، تا ئەوە بوو برادەرێک بۆ ئێرەی ناردم!

ئەحمەد عاکف، دەنگی نەوی کردەوەو گوتی:- بەڕاستی گەڕەکێکی ناخۆشە، پیاو خوای نامێنێ!

-بەڵێ!... بەڵام سەیریشە، پڕە لە هونەرێن جۆراوجۆر، خەڵکی سەیر وخۆش وبە کەیف ودەماخی تیایە. تۆ تەمەشای قاوەچیەکە بکە کە قسان دەگەڵ عەباس شەفەدا دەکات، تۆ تەمەشای چاوە حەپەساوەکانی بکە!.. هەر چوار سەعات جارێ بایی نیو درهەم تریاک قووت دەدات. کە کار دەکات لە تۆوایە خەو دەبینێ و بێدار نابێتەوە، یان نایەوێ بێدار ببێتەوە.

- باشە، ئەو ژیانە خۆشی تیایە؟

- نازانم!... ئەوەندە دەزانم ئەو بێدارییەی ئێمەمانان حەزی لێدەکەین وبە قاوەو چا خواردنەوە بە سەری دەبەین، ئەم پیاوەو خەڵکانی وەکو ئەم پیاوە حەزی لێناکەن. ئەگەر بە هەر سەدەمێک ناچار بکرێ بە بێداری بمێنێتەوە، بەدەم باوێشک دانەوە چاوی ئاو دەکات، مگێزی تێکدەچێ، تووڕە دەبێت. ئۆقرە ناگرێ، ئارام نابێتەوە، تا ئاگای لە خۆ نەبڕێ و نەکەوێتە دنیای نەشە ومەستیەوە، ئایا ئەمە لەزەتە یان ئالوودەبوونە؟!. یان

جۆرە شادییەکی وەهمیە و بەشەر بۆیە پەنای دەبەنێ، تا لە کوێرەوەرییەکانی واقیع هەڵێن!. ئەمە تەنیا یارۆی قاوەچی دەیزانێ!

ئەویش وەکو هەر یەکێک لەو ئالوودە بووانە، لە کوێرەوەری وتاڵی واقیع وحەقیقەت دەترسێت، لێی هەڵدێ، پەنا وەبەر تەنیایی خۆی و کتێبەکانی دەبات، ئایا ئەم، لەوان خۆشحاڵتر بوو؟! حاڵی لە حاڵی ئەوان باشتر بوو؟! مەیلی لە سەر گەنگەشەکە نەما، تۆنی دەنگی گۆڕی و لە هەمنشینەکەی پرسی:- ئاخۆ دەتوانم لەم هەراو هەنگامەیەدا، لەم ژاوە ژاوەدا، درێژە بە خوێندنەوەی خۆم بدەم؟

-بۆ نا؟... ڕاستە هەرا و زەنایەکی زۆر لە ئارادایە، بەڵام ڕاهاتن لە هەر ژاوە ژاوێک بەهێزترە، بە ڕادەیەک لە گەڵ هەراو زەناکەدا ڕادێیت، بە نەبوونی بێتاقەت دەبی. منیش لە هەوەڵەوە زۆر بێتاقەت بووم، لە دڵی خۆدا دەمگوت قەت لە گەڵ ئەم ڕەوشەدا هەڵناکەم؛ بەڵام ئێستا بە کەماڵی ئیسراحەت، لەناوجەرگەی ئەم هەراو زەنایەدا، مرافەعەکانم دەنووسم و بە مادە قانوونیەکاندا دەچمەوە. پێت وانییە ڕاهاتن وعادەت کاریگەرترین چەکە، کە شەڕی هەموو شتێکی پێدەکەین جگە لە ڕۆژگار؟!

سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند، هەرچەندە زۆری لەبەر گران بوو کە هاونشینەکەی، پێش ئەو بکەوێتەوە با بەو قسە بازاڕییەش پێشی بکەوێ، گوتی:- بۆیە ئیبنی موعتەز گوتوویەتی:بەدی، نێش و ئێشی زۆرە، بەڵام ئەگەر بەردەوام بێ، ئینسان لە گەڵی ڕادێ و ئاسانە. ***( ئیبن موعتەز، شاعیر و ئەدیبێکی عەرەبی سەردەمی عەباسیانە)***

ئەحمەد ڕاشد، بزەیەکی گۆنگی هاتێ. هیچ شیعرێکی ئەزبەر نەبوو و حەزی نەدەکرد، لە قسەکردنا شیعر بە نموونە بێنێتەوە، بە هێواشی پرسی:- مامۆستا عاکف، تۆ بەردەوام بۆ پشتیوانی قسەکانت شیعر بە نموونە دێنیتەوە؟

عاکف، بە نەبەدڵییەوە پرسی:- بۆ، چی تیایە؟

-هیچ، بەڵام ئەوەندە دەزانم، خەڵکی شیعری نوێ بە هاوتای شیعری کۆن نازانن، بۆیە ئەگەر ناچار بن شیعر بە نموونە بێننەوە، پەنا وەبەر شیعری کۆن دەبەن، من یەک لە باری خۆم لە گەڵ ئەوەدا نیم ئاوڕ لە ڕابردوو بدەمەوە.

- لە مەبەستت تێناگەم.

- مەبەستم ئەوەیە حەز لە نموونەێن شیعری ناکەم، چونکە باوەڕم بە دووبارە کردنەوەو کاوێژکردنەوەی ڕابردوو نییە. دەمەوێ لە ئێستاداو بە ئاراستەی ئایندەدا بژیم و بە بۆچوونی من هەندێک لە زانا وحەکیمانی کۆن خۆیان پێویستیان بە ڕێنوێنی وئاراستە کردن هەیە.

ئەحمەد عاکف بە پێچەوانەی هاوڕێکەیەوە، شکۆ وعەزەمەتی ڕاستەقینەی لە ڕابردوودا دەبینی؛ ئەگەر هەندێک گەورە پیاوانی رابردووی کۆنی دەناسی، ئەوا چ گەورە پیاوێکی لەم سەردەمەدا شک نەدەبرد، بۆیە خوای نەما، بە نەبەدڵییەوە گوتی:- بۆچی، شکۆ و گەورەیی پێشینیان ئینکار بکەین، لە کاتێکا هەرچی پێغەمبەر و پەیامبەران هەن لەوان بوون!؟

-سەردەمی ئێمەش پەیامبەرانی خۆی هەیە!

چیوای نەمابوو کابرا بهاڕوژێ، بەڵام لەوە وریاتر بوو، لە گەنگەشە وقسانداً، هەڵبچێ و سەرسامی خۆی دەربڕێ، مەگەر بەرانبەرەکەی زۆر نەزان بوایە. بۆیە بەکاوەخۆ پرسی:- پەیامبەرانی سەردەمی ئیستا کێن؟

-بۆ نموونە ئەم دوو بلیمەتە: فرۆید وکارل مارکس!

هەستیکرد، دەستێک دەنرێتە بینی وهەناسەی سوار دەکات! هەستیکرد، کەرامەتی بریندار کرا، چونکە پێشتر ئەو دوو ناوەی نەبیستبوو!.. ڕقێکی شێتانەی لە بەرانبەرەکەی هەڵگرت. بەڵام نەیتوانی دان بە نەزانیەکەی خۆیدا بنێت، بۆیە بۆ شاردنەوەی نەزانیەکەی خۆی، بە نیشانەی ئاگایی تەواوەوە سەرێکی لەقاند و پرسی:- بەڕای تۆ هاوتای بلیمەتە کۆنەکان دەکەنەوە؟

یارۆی پارێزەر لە خۆشی ئەوەی کەسێکی خوێنەوار و ڕۆشنبیری دۆزی بووەوە، لە پێستی خۆی نەدەهێوری. ئارەزووی گەنگەشە و موناقەشەی لە نک چێبوو، کورسییەکەی لە کورسی هاوڕێکەی بە تەواوەتی بردە پێشەوە، هیچ فاسیلەیەکیان لە نێواندا نەما، بە دەنگێکی نەوی کە هەر خۆیان گوێیان لێبێ، گوتی: - فەلسەفەی فرۆید، درفەتێکی باشی بۆ مرۆڤ ڕەخساندووە، تا لە نەخۆشیەکانی ژیانی سێکسی، کە دەورێکی بنەڕەتی لە ژیاندا هەیە، ڕزگار ببێت. کارل مارکسیش، میتۆدێکی باشی خستۆتە بەردەم بەشەر تا لە کوێرەوەریە جڤاکییەکان بخەلەسێت، وانییە؟

دڵی کابرای ناڤسالێ کینەکێش و توورە کەوتە لێدان. نەیدەزانی ئەمجارە چۆن وەڵامی بداتەوە و ڕۆشنبیریی خۆی بەسەریا بنوێنێ. بۆیە لە جیاتی ئەوەی وەڵامی بداتەوە، کەوتە ڕاوە ڕێوی ولە کاتێکا لە ناخا دەجۆشا، گوتی:- هێواش.. هێواش مامۆستا! ئێمەش کاتی خۆی وەکو تۆ خوێنگەرم و بە جۆش وخرۆش بووین، بەڵام تێپەڕبوونی تەمەن و بەردەوامی هزرین، دوو فاکتەرن کە مرۆڤ فێری میانڕەوی دەکەن.

ئەحمەد ڕاشد، بە ڕاوێژێکی نیمچە توونە گوتی:- بەڵام هەرچییەک دەخوێنمەوە بە وردی بیری لێدەکەمەوە.

-بێگومان، بەڵام تۆ هێشتا گەنجیت، بە تێپەڕبوونی تەمەن دەگەیە حیکمەت وزانستی ڕاستەقینە، مەگەر نەتبیستووە، ئەوەی یەک ڕۆژ لە تۆ گەورەتر بێ، بە ئەندازەی یەک ساڵ، لە تۆ زیاتر دەزانێ؟

-ئەمەش پەندێکی کۆنە!

- بەڵام فەلسەفیانەیە!

- هیچ فەلسەفە و حیکمەتێک لە ڕابردوودا نییە!

- ئەی خودا!

- ئەگەر لە ڕابردوودا حیکمەت و فەلسەفەیەکی ڕاستەقینە هەبوایە نەدەبوو بە ڕابردوو!

- دینەکەشمان؟

یارۆی گەنج، حایر وحەپەساو برۆی وێکهێنانەوە. ئەگەر عاکف توانیبای ئەودیوی چاویلکە ڕەشەکە بدینێ، بێگومان نیگا تەوسامێزو شێتانەکەی بەدی دەکرد. یارۆی گەنج، بڵمەبڵمێکی لێبەرز بووەوە:- چەند ساویلکەیە!

عاكف فەلسەفەی ئۆلی ئیخوانوسەفای خوێندبووەوە، بۆیە حەزیکرد، فەلسەفەی ئۆلی وان، لە چەند ڕستەیەکدا بۆ بەرانبەرە کینەکێش و بوغزنەکەی کورت بکاتەوەو لە لایەکەوە تۆمەتی عەوامنۆڕی دەربارەی ئاین و ئۆل لە خۆی دووربخاتەوە و لە لایەکی ترەوە باسەکە لە بەرانبەرەکەی ئاڵۆز بکات، وەکو چۆن ئەو لەمی ئاڵۆز کردبوو، بۆیە گوتی:- ئاین وئۆل، ڕواڵەتێکی سۆزداری بۆ عەوام و ناوەڕۆک وجەوهەرێکی عەقڵانی بۆ هزرڤان و ڕۆشنبیران هەیە.

هەندێ حەقیقەتی تیایە هەر مرۆڤێکی ڕۆشنبیر باوەڕی پێ دێنێ، لەوانە خودا و قانوونی خوایی و عەقڵی کارا!

یارۆی گەنج بە نەباوەڕییەوە شانەکانی هەڵتەکاند وگوتی:- زانایانی هاوچەرخ، ڕەگەزەکانی ئەتۆم و ملیۆنان دنیای پشتەوەی دنیای هەتاوی مە دەناسن، ئیدی خوای چی و ئەفسانانی ئاینی دەکەنە چی؟! ئیدی بیرکردنەوە لە مەسەلەێن میتافیزیقی سوودی چییە و بەچی دەچێ؟! ئەویش لە کاتێکا یەک دنیا مەسەلە هەن، دەشێت چارەسەر بکرێن و پێویستە چارەسەرێکیان بۆ بدۆزینەوە؟

پاشان یارۆی گەنج، بزەیەکی لەزگینی بۆ کرد و ڕاوێژە تووندەکەی گۆڕی و گوتی:- پێویست ناکات کەسی سێیەمی ئەم جەماعەتە بکەین بە شەریکی گفتوگۆیەکەمان!

-بێگومان.. بێگومان مامۆستا. بەڵام ئەوەت لەبیر نەچێ، سەرەتای زانست هەمیشە کوفرە.

دەنگی توورەی سلێمان عەتە، گفتوگۆیەکەی پێ بڕین. وادیاربوو، فشەکانی هاو وازییەکەی، واتە سەید عارف توورەی کردبوو، بۆیە وەکو مەیموونی هاڕوژاو هاواری بەسەردا کرد:- خوا بە ناهەق، گۆج وئیفلیجی نەکردووی!

ئەحمەد عاکف، ئەو شتانەی بیرکەوتنەوە، کە سەعاتێ لەوەپێش دەربارەی سەید عارف گوترابوو، بەدەم بزەیەکەوە ڕوانییە ئەحمەد ڕاشد، ئەحمەد ڕاشد بە بزەیەکی مانادارەوە وەڵامی بزەکەی دایەوەو گوتی:- ئەم برادەرەمان حەب و مەب تاقیدەکاتەوەو، ئومێدێکی زۆری پێی هەیە!

گروپێکی دیزداشە لەبەر، هەریەکەیان سەفتەیەکی ئەستووری ئەسکەناسی بەدەستەوە بوو ودەیژمارد، دیمەنێکی باڵکێش وهەڤدژیان هێنابووە ئاراوە. ئەحمەد عاکف گوتی:- لەگینە لە بازرگانان و دەوڵەمەندانی جەنگ بن!

ئەویتریش، دەستی بۆ لە ملی داو گوتی:-  لە چینێکەوە بۆ چینێکی دی دەگوازنەوە!

-جەنگ، زۆر لات و لەوێران دەوڵەمەند دەکات!

- لات ولەوێران!.. ئەمە دروستە! بەڵام هیچ جیاوازییەک لە نێوان لات ولەوێر وچینی دەوڵەمەند و خۆشگوزەراندا نییە، ئەرستوکراتانی ئەمڕۆ، لات و لەوێرانی دوێنێن. چما نازانی هەر لات و لەوێرانی بیانی بوون، لە ڕابردوودا، خاک و وڵاتی مەیان تاڵان کرد؟ ئێستا هەموو بوون بە ئەرستۆکرات، لە ناز و نیعمەتی بێ سنووردا دەژین و هەزارو یەک ئیمتیازاتیان هەیە.

یەکەمجاری بوو، کە بێهیچ چەند و چوونێک، هەمان ڕەئی هاوڕێکەی هەبێت، گوتی: - منیش هەمان بۆچوونم هەیە!

یارۆی گەنج گوتی:- کارڵ مارکس باوەڕی وایە لە ئەنجاما کرێکاران سەردەکەون و هەموو جهیان دەبێت بە یەک چین، زەروراتی ژیان و کەمالیاتی مرۆڤانی بۆ هەموو مرۆڤایەتی مسۆگەر دەبێت و سۆسیالیزم بەرپا دەبێت!

هەردووکیان بێدەنگ بوون، پێدەچوو ماندوو بووبن. عاکف لە فکران ڕاچوو:- چ خەیاڵ پڵاوێکە!.. فرۆید و مارکس، ئەتۆم، ملیۆنان دنیا، سۆسیالیزم! " وژێراوژێر نیگایەکی کینەئامێز وپڕ نەفرەت وپشم وغەزەبی ئەوی کرد. هەرگیز وێنای نەدەکرد لە خانولخەلیلی دا تووشی کەسێک ببێ کە تەحەدای خوێنەواری و ڕۆشنبیریی ئەو بکات و ناچاری بکات دان بەوەدا بنێ کە لە سەرووی هەر زانایەکەوە زاناترێک هەیە!... ئایا لەم دنیایەدا دەگاتە ئاسوودەیی؟

لەو کاتەدا، یارۆی گەنج چاویلکەکەی داکەند، تا چاوی بە دەستە سڕەکەی بسڕێت، بینی چاوی چەپی شووشەیە! لە سەرەتاوە سەری سوڕما، پاشان هەستی بە ئارامییەکی دڵڕەشانە کرد، چونکە لەو ڕووەوە خۆی لەو بە زیاتر دەزانی!..

ماوەیەکی کەم تێپەڕی، بە تووڕەیی قاوەخانەکەی بەرەو ماڵ بەجێهێشت، لە ناخی ناخەوە هاڕوژا بوو، کەرامەتی خرۆشا بوو. خۆشبەختانە، لە ناکاوا کوڕیژگەکەی وەبیرهاتەوە!.. خێرا حاڵی گۆڕا، شنەیەکی فێنک بە سەر هەستی گڕگرتوویا هەڵیکرد ورق وتووڕەییەکەی ڕەواندەوەو، چاوە درشت ونیگا دڵڕفێنەکانی کوڕیژگەکەی لەبەر چاوا بەرجەستە بوو. بە سەرسامی ئاهێکی هەڵکێشا و لە دڵی خۆیدا گوتی: " بێگومان جارێکی دی دەی بینمەوە!"

(( ٧ ))

بەیانی زوو لە خەو ڕابوو، چوست وچالاک و سەرحاڵ. پەنجەرەکەی کردەوە، تەمەشایەکی گەڕەکە سەیرەکەی کرد،بینی گەڕەک ڕابووەو کێشمانی خۆی دەدات، دووکانەکان دەرابەکانیان هەڵدەدرانەوە. پەنجەرەی شوقەکان دەکرانەوەو دەخرانە سەر گازی پشت. شیرفرۆش ورۆژنامە فرۆشەکان، بەناو شەقام و کوچە و کۆڵانە پێچاوپێچ و تێکڕژاوەکان کەوتبوون. لە پەستا و بێپسانەوە بانگیان دەکرد. هاتنی کۆمەڵێک لە ڕوحانیان ومامۆستایانی فێرگە وحوجرە سەرەتاییەکان سەرنجیان ڕاکێشا. مندالەکان دەستە دەستە بە جبەی ڕەش و عەمامەی سپییەوە بەرەو فێرگە وحوجرەکانیان دەڕۆیشتن وبە دیتنی ئەوان گەنمەشامی برژاوی ناو تاوەی بیرکەوتەوە. بە لەزەتەوە گوێی لێدەگرتن کە بە کۆمەڵ ئایەتی " بێگومانە ماوەیەک لەم ڕۆژگارە بەسەر مرۆدا تێپەڕی و ئەو شتێ نەبوو باس بکرێ" دەخوێند. سەری لەگەڵ جووڵەی ئەواندا دەهات و دەچوو، تا بە ئایەتی " هەرکێی حەزکا وەبەر بەزەیی خۆ دەخاو بۆ ئەوانەش کە ناهەقن، جزیای بەژانی سازداوە " خوێندنەوەکەیان تەواو کرد. یەکسەر ئەحمەد ڕاشدی پارێزەری بیرکەوتەوە، ئەو لە جوملەی ئەو کەسانە بوو کە عەزابی سەختی دۆزەخیان بۆ ئامادە کرابوو!. بەڕاستی شایەنی بوو!

عەسری ئەو ڕۆژە، لە گەڵ دایکیدا لە هۆڵەکە ڕۆنیشتبوو و بە دوو قوڵی مژوولی قاوە خواردنەوە بوون. دایکی بە خۆشحاڵییەوە پێی گوت:- ئەمرۆ، ژنانی گەڕەک، بە پێی داب ونەریتی باو، بۆ خێرهانین و تەعاروف هاتبوون بۆلام.

دایکی ئەحمەد، زۆر حەزی لە تەعاروف و ئاشنابوون، هاتوچۆی دەر ودراوسێ بوو، ئەحمەد کە زۆر ڕێزی ئەم حەزەی دایکی دەگرت، بزەیەکی کرد وگوتی:- خۆش بە حاڵت، خەنی لە خۆت!

دایکی پێکەنی، جگەرەیەکی لێوەرگرت و بەدەم پێکردنیەوە گوتی: - ژنانێکی زۆر باشیان لەگەڵدا بوو کە نایەڵن غەریبیمان پێوە دیاربێ!

-دەی بەڵکو بەهۆی ئەمانەوە دەستە خوشکە کۆنەکانی گەڕەکێن سکاکینی وزاهیر وعەباسیەت لەبیر بچێتەوە!

دایکی ئەو قسەیەی لەبەر گران بوو، هاواری بەسەردا کرد:- خەڵکی بە وەفا، دۆست وئەحبابی خۆی لەبیر دەکات؟!.. ئەوانە گیان و ژیانی منن، دووری چەندیش درێژە بکێشێت لێکدیمان هاوێر ناکات.

-ژنانی ئەم تاخە چتۆ ژنانێکن؟

ژنەی تاین، بەجدی و بە ڕاوێژێکی بەرگریکارانەوە گوتی:- ئەوە نەبوون کە تۆ گومانت دەکرد، ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لە زۆرێک لە گومانان خۆ بپارێزن چونکە هێندێک گومانی واهەن گوناهن، نە ناکەس بوون و نە قەرەج، یەکێک لەوانەی هاتبوونە دیدەنیم ژنی فەرمانبەرێکی دایەرەی ڕووپێوی بوو بە نێوی کەمال خەلیل، یەکێکی دیکەیان ژنی کابرایەک بوو بەنێوی سەید عارف، کە ئەویش کارمەندی هەمان دایەرەیە، هەروەها ژنی خاوەنی قاوەخانەی زەهرە و دشەکەشی هاتبوون، ژنەکە ئافرەتێکی دڵساف وباش بوو، بەڵام دشەکەی مەکر و ئۆینی لە چاوان دەباری، هەرچەندە هەوڵیدەدا بە مجامەلە و میهرەبانی پەردەپۆشی بکات!

-ئاگات لەم جۆرە ئافرەتانە بێ، مجامەلەیان بکە، خوا نەکا ساردییەک بنوێنی، ئیدی لێت نابڕنەوە!

- بەڵا بە دوور کوڕم؛ سەیرترین شتێ کە ئەمڕۆ دیتم، تەوحیدە خانمی، ژنی کەمالەفەندی خەلیل، دۆستی کۆنی من بوو، زۆر قەڵەو بوو، بەقەد کەژاوەیەک دەبوو، عەینی سەردەمی گەنجاتی دایکت. کاتی خۆی لە دووکانی بەهلە، عەتارەکەی گەڕەکی تەربیعە تەعاروفم لە گەڵیا کرد.

- هەردووکتان لە دەواو دەرمانی قەڵەو بوون دەگەڕان!

- ڕێک وابوو.. چەند جارێک لەوێندەر چاک وخۆشیمان لەگەڵ یەکدی کرد، بەڵام نەمان گەیاندە تەعاروفی تەواوەتی!

- ئاخری ڕۆژگار پێکی ئاشنا کردن!

بیری کەوتەوە کە ئەم ژنە دایکی ئەو کوڕە، محەمەدە! تا ئەو کاتەی ڕۆژ بیری لەو کوڕە نەکردبووەوە، تا باس هاتبووە سەر دایکی، سەری لەوە سوڕمابوو چۆن بە درێژایی ئەو ماوەیە کوڕێژگەکەی لە یاد بردبوو؛ لە کاتێکا بیست سەعاتێ لەوەپێش، هەموو زیکر و فیکرێکی، هەموو هۆش وگۆشی لای ئەو بووا..

بەڵام دایکی، خەیاڵەکەی لێپچڕی و بەدەنگی بەرز پێکەنی وگوتی: - ماوەیەکی باشمان بە درۆی ژنانەوە بەسەربرد و درۆی ژنانە خۆشە! ئەمیان بابی زانا و وەلییەکی گەورەیە وخەڵکی بۆ تەبەڕۆک دەستی ماچ دەکەن. ئەویان کیژی بازرگانێکی گەورەو دەوڵەمەندە، یەکێکی دی خزمی بەڕێوەبەری ژمێریاری وەزارەتی ناوخۆیە، چوارەمینیان تووشی نەخۆشییەک بووە، تا نها دەیان جونەیهی داوە بە دکتۆر ودەرمان.

بە دوو قۆڵی پێکەنین. ئەوسا پیرە کوڕ بەدەم پێکەنینەوە پرسی:- درۆیەکەی تۆ چی بوو؟

دایکی بەدەم پێکەنینەوە لێی ڕوانی وگوتی:- چەند درۆیەکی سادە کە خودا لەو دنیا لێمی بە گوناح نەگرێ، باوکت ماوەیەکی کەم بوو، خانەنشین کرابوو، سەرپەرشتیاری دایەرەی ئەوقاف بوو. بەڵام بابم – باپیرەی تۆ – بازرگان بوو، تۆش، ڕوناهی چاوەکانم بەرپرس و سەرۆکی بەشی قەڵەمی وەزارەتی کاریت، تەمەنت تەنیا سی و دوو ساڵە. لەبیرت نەچێ ها!

-های لەوە!

– های لەوە و لەمەی ناوێ، نەخەڵەتابی درۆیان بە درۆ بخەیەوە! من تەنیا سیازدە ساڵ لە تۆ گەورەترم، تەمەنم چل و پێنج ساڵە.

– یانی بە منداڵی منت بووە؟

– ژنان لە دوازە ساڵیدا منداڵیان دەبێ!

– ئەمەی تۆ دەیڵێی تەمەنی خوشکە نەک هی دایک!

– دروستە! نۆبەرە، کوڕی گەورە، برادەری دایک و باوکە! بەڵام براکەت کارمەندی بانکە لە ئەسیوت!

کوڕە بە سەرسامی سەرێکی لەقاند وگوتی:- باشە چۆن دەوێرن ئەو درۆ زلانە بکەن، لە کاتێکا سوور دەزانن، بە زووترین کات دەستەکەتان لەلای دراوسێیەکەتان دەکەوێتەڕوو؟ کە ڕۆژێ دێ حەقیقەت هەر کەشف دەبێت!

زۆر بە ئاسانی وەڵامی دایەوە:- هەمووی سبە ودوو سبەیە، تێکەڵاو دەبین، بەرەبەرە، حەقیقەتمان بۆ دەردەکەوێ و بێهیچ چەند و چوونێ، خۆ لە گێلی دەدەین، خۆ ئەگەر من حەقیقەتم وەکو خۆی بگوتبایە، باوەڕیان پێنەدەکردم، وەکو چۆن ئێستا باوەڕیان پێ نەکردووم. جارێ پەلە مەکە با قازانج سەری مایە نەخوات!

-تەحا کە درۆزنن!

– تۆ هەقت چیە بەسەرەوە؟!. درۆیەک لە ڕای سەربەرزی و شانازیدا بێ، نەک خراپ نییە، بەڵکو زۆریش باشە. درۆی ژنان هەتوانی برینانە، خودایە ژنێکت بە نەسیب بێ کە جوانترین و خۆشترین درۆت بۆ هەڵڕێژێ!

پیرە کوڕ، بە وشەی ژن ڕەنجا و هەمان قسەکەی پێشتری خۆی دووبارە کردەوە:- تەحا کە درۆزنن!

دایکی چاوێکی لێداگرت و پرسی:- ئەدی ئێوە کوڕم، مەگەر درۆ ناکەن؟

کەمێک بێدەنگ بوو، نەک لەبەر ئەوەی وەڵامی پێ نەبوو. بەڵکو لەبەر ئەوەی، هەموو ئەو درۆ شاخدارانەی وەبیر هاتبوونەوە کە لە ژیانیا کردبوونی و ئازاریان دەدا. ئەوسا گوتی:- درۆ دەکەین، بەڵام لە پێناوی شتی گەورەتردا.

-ڕەنگە ئەو شتەی کە لای ئێوە گەورەیە لای ئێمە توڕەهات بێ؛ باشە تۆ تەمەن و شانازی کردن بە جەلال و شکۆ و ناوبانگ و پلەوپایە، بە شتی تووڕەهات دەزانی؟

- درۆی پیاوان وەکو خودی پیاوەتی و مێرانی گەورەن! درۆی ئێوە لە کوێ و درۆی بازرگان و سیاسەتوانان و پیاوانی ئاین لە کوێ؟!.. درۆی پیاوان تەوەری ئەم ژیانە بە شکۆیەیە کە بەخۆت باندۆرەکانی لە ناو جەرگەی ململانێکانی حکومەت و پەرلەمان وکارخانە وخوێندنگاکاندا دەبینی. بگرە تەوەری ئەم شەڕە ترسناکەیە کە ئێمەی بۆ ئەم گەڕەکە سەیرە کێشاوە!

هەستیکرد دایکی شتێکی زۆر کەم لە قسەکانی حاڵی دەبێت. زۆر بەوە خۆشحاڵ بوو. پاشان شتێکی بیرکەوتەوەو لێی پرسی: - هیچ یەکێک لە ژنەکانی وەستا نونو هاتنە دیدەنیت؟

-مەبەستت " مەلعونە دنیا، نەعلەت لە بابی دنیا ؟.. بەدوور و درێژی باسی خۆی بۆ کردم، بەڵام کابرا چوونە دەرەوە یان بەر پەنجەرەو دوودەری لە ژنەکانی قەدەغە کردووە، لەوە دەچێ بە ساڵ بخزێنە ژوورەوەو، فزەیان لێوە نەیەت!

- ئەوەی ڕاستی بێ کەسێ کە نەفرەت لە دنیا و بێ وەفایی دنیا بکات هەقی خۆیەتی بەقای پێنەکات و هەست بە نائارامی بکات!

- بەزاتی خوا کوڕی خۆم، ئافرەت وەکو دنیا مەزڵوومە، دەی هەقمان چییە بە سەر ئەمەوە. هیچت دەربارەی کابرایەک بەنێوی سلێمان عەتە بیستووە؟

- کابرای سەرپەرشتیار؟

- تەوحیدە خانم پێی دەڵێت مەیموون!

- وەسفێکە پڕ بە پێستی ئەو. لەوەیە ئەمە یەکەمین قسەی ڕاستی ئەوبێ.

بە پێکەنینەوە گوتی بەتەمایە ژن بێنێ!

-چ کیژێک قاییل دەبێ شوو بەو مەیموونە بکات؟

- زۆر کەس هەن! سەروەت بەلای کەمەوە نیوەی جوانییە، کچ خۆی ڕێی پێدەگرێ کە شووی پێبکات و تا تەمەنی نەگەییوەتە پەنجا وپێنج ساڵان، لە دەستی نەچێ.

ئەحمەد بە پێکەنینەوە لێی پرسی:- چما پیاو لەو تەمەنەدا پێی نامێنێ؟

-نا! خوا نەکا، بەڵام ئەگەر لەو تەمەنە بە دواوە شووی پێبکات، مووچەی خانەنشینیەکە نایگرێتەوە، دادی نادات.

- یانی بۆیە شووی پێ دەکات، بە ئومێدی ئەوەی زوو بمرێ و خانەنشینیەکەی بۆ ئەم بمێنێتەوە! ئەم بووکەخانە عاقڵە کێیە؟

- ست تەوحیدە گوتی کچەکەی یوسف بەهلەی عەتارە و گوایە زۆریش جوانە. لە هەر دوو ڕووی سروشتی و دەستکردەوە جوانە!

ئەحمەد عاکف، ، بە قێزو بێزەوە، چارەی ئەو پیرە مەیموونەی هێنایە بەرچاوی خۆی، پێی سەیر بوو ئەوەی بۆ ئەم هەڵناکەوێ بۆ ئەو مێردەکە هەڵدەکەوێ؟!.. باشە ئافرەتێک، کە زۆریش جوان نەبوو، ئەمی لەبەر ئەوە

ڕەفز نەکرد، کە گوایە تەمەنی گەورەیە؟!.. حەزیکرد بە خەیاڵ وێنای کیژەکەی عەتار بکات، کە لە ناکاوا ئەو کیژە سەوزەڵە جوانە، چاو درشتەی بیرکەوتەوە کە لە ڕاڕەوەکەی دەرێڕا تووشی بووبوو!.. هەناسەی تەنگ بوو و لە دایکی پرسی:- عەتار لەم باڵەخانەیەی ئێمەدا ئاکنجیە؟

گوتی:- نا، لە بیت القاضی دادەنیشن!

هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا! لە دڵی خۆدا پرسی ئاخۆ ئەو کچە، کچی کێهە ماڵ بێ؟ چیوای نەما، خەون و خەیاڵەکەی، بەدەنگی بەرز لە دەمی دەرپەڕێ، باش بوو خۆی کۆنترۆڵ کردا.. لەو دەمەدا، چاوانی کوڕێژگەکە، محەمەدی وەبیرهاتەوە، بۆی دەرکەوت ،کە دەقاودەق، وەکو چاوانی ئەوکیژە جوانەن کە یەکەمجار لە ڕاڕەوەکەی دەرێڕا بینی!... ئەمە ئەو شتە بوو بۆی دەگەڕا!... کەواتە بۆی مەگەڕێ، خۆیەتی، بێگومان ئەو کوڕە برای ئەم کچەیە، دڵی کەوتە لێدان، بەڵام هەستی ئارامییەکی قووڵ و شادییەکی بەلەزەت دایگرت. ئیدی حیرەت و دوو دڵی و نیگەرانی و شەرمەکەی ڕەوینەوە! هێندە کەیفی بەو کەشف و دۆزینەوەیەی خۆشبوو، کە ئاگای لە قسەکانی دایکی نەما! دایکی لە یەکبینە قسانی دەکرد و کوڕەکەی نقومی خەون و خەیاڵەکانی خۆی بوو. ئاش لە خەیاڵێ، ئاشەوان لە خەیاڵێ.

(( ٨ ))

کە ئێوارە هات، چوو بۆ قاوەخانەی زەهرە. چوونەکەی لە دوو دڵی بەدەر نەبوو، هاتوچۆی قاوەخانان بۆ ئەو بویەرێکی نوێ بوو، پێی ڕانەهاتبوو، گۆشەگیرییە ڕۆشنبیرییەکەی، هاوتای لاف وگەزاف وخۆنوێنییە ڕۆشنبیرییەکەی بوو، خۆ ئەگەر مشت ومڕ وگەنگەشە و چەلەحانێ لە گەڵ ئەحمەد راشد وخۆنمایی لە هەنبەر ئەوانی دیدا نەبوایە بە ئاسانی نەیدەتوانی لە گۆشەگیری خۆی دەربچێ. لە زەهرە، ئەحمەد ڕاشدی نەبینی. پرسیاری کرد، گوتیان زۆرجار لەبەر کارو مەشغەڵەت ناپەرژێ بێ بۆ قاوەخانە. وێڕای ئەوەش کۆڕو مەجلیسەکە خراپ وسارد وسڕ نەبوو. وەستا نونو وکابرای قاوەچی بە نوکتەو قسە خۆشەکانیان مەجلیسەکەیان گەرم کرد. ئەحمەد عاکف زۆری قسان کرد و پێکەنی، بەرەبەرە هاونشینی نوکتەبازان و پیاو ماقولان، هێنایانە سەر زەوق. هەستی دەکرد بە هاونشینی وان، ماندوویەتی دەحەسێتەوە. سەعات دە بۆ ماڵ زڤڕییەوە، نزیکەی دوو سەعاتی بە خوێندنەوەوە بردەسەرو تارمایی وتاپۆی ژیانە تازەکەی، لە بن دێڕی نووسینەکانەوە، سەرەتاتکێی لەگەڵدا دەکرد، قەت بەوجۆرە غەرقی خوێندنەوە نەبووبوو، پاشان چوو بۆ خەوتن، نەیزانی زۆر خەوت یان کەم، بەڵام لە دەنگێکی ناخۆش خەبەری بووەوە، لە هەوەڵەوە حەپەسا، نەیزانی دەنگی چییە، هەرکە سەرچاوەی دەنگەکەی بۆ دەرکەوت بە ترسێکی شێتانەوە، لە قەرەوێڵەکەی دابەزی، بە پێ خشکێ نەعلەکانی دۆزییەوەو لە پێی کردن، بلەز چوو بۆ هۆڵەکە، تاپۆی داک و بابی بینی کە کارەکەرێکی بچووک لە بەردەمیانا وەستابوو. بابی بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:- ڕێگەی پەناگاکە دەزانی؟

کارەکەرەکە یەکسەر وەڵامی دایەوە:- دەیزانم قوربان.

بەناو تاریکیەکەدا، بەرەو دەرگاکە پێشیان کەوت، هەمووان دەست بە دیوارەکەوە و بە لەپەکوتێ بۆ قاڵدرمە پێچاوپێچەکە دەگەڕان. دەنگە دەنگ و غەڵبە غەڵبی بێداربوونەوەی خەڵکی هەموو شوقەکان بەرز بووەوە، تەق و هوڕی پێکادانی دەرگاکان و تەپە تەپی پێی خەڵکە شپرزە و ترساوەکان، بەسەر پلیکانەکانەوە، بەرزبوونەوەی قسەکردن و پێکەنینی تووڕەی خەڵکەکە بێدەنگیەکەی شڵەقاند. خەڵکەکە، دەستیان بە

محەجەرەی پلیکانەکانەوە دەگرت وبە ترس ولەرزەوە، بە تاریکی، بە قالدرمەکەدا دادەگەڕان. ئیدی تاپۆی خەلکەکەو دەنگە دەنگیان، ڕێگەی بەوان نیشان دەدا. ئیدی پێویستیان بە ڕینوێنی کارەکەرەکەیان نەما، دالانە سەر گیراوەکان وەکو ناو مالەکان تاریک بوو؛ لێ پرتەوی کزی ئەستێرەکان بە ئاستەم تاریکی ناو دالانەکانی دەڕەواندەوە. ئیدی ترس، بیرەوەرییەکانی ئەو شەوە دۆزەخینەی وەبیر هێنانەوە. دلیان تەنگ بوو، چاویان دەگێڕا تا چمکێکی ئاسمانیان لێ بەدیار بکەوێ. ئەنجام گەیینە بەر دەروازەی پەناگاکە، ئیدی شەپۆلی خەلکەکە ڕایمالین و چوونە ناو پەنا و پەناگاکەوە، خۆیان لە شوێنێکی بەریندا بینییەوە، تیشکی بە قوەتێن گلۆپی کارەبایی، چاویانی کە بە تاریکییەکە ڕاهاتبوو، بە شەوارە خست. ساپیتە ودیوارەکانی هێندە بتەو و مکووم دیار بوو، کە دلنیایی و ئەمانی بە خەلکەکە دەبەخشی، کورسی درێژی داریان لە پەنا دیوارەکانی ڕیزکردبوو، کۆمەلە لم لە ناوەندیا هەلدرابووەوە. مالباتەکەیان لە سووچێکا، لە پەنا پایەیەکدا جێی خۆیان کردەوە، خێزانەکان هەریەکەیان لە سەر تەختێک یان پال پایەیەک جێی خۆیان کردەوە. جا چونکە ژمارەی تەختەکان کەم بوون، ژمارەیەک لە ناوەڕاستی پەناگاکەدا بەپێوە وەستاون. لە هەوەلەوە ترس هەمووانی داگرت، نە قەرەبالغیەکە، نە ڕوناکییەکە، نە قایمی دیوارەکان، ترسەکەی نەڕەواندنەوە. چاوەڕوانییەکی بە سوێ بالی بەسەردا کێشان، چاویان ترسەکەی ناخیانی دەنواند. بابی تەمەشای سەعاتەکەی کرد ولەبن لێوانەوە گوتی:- سەعات دووی بەیانییە! ڕێک هەمان کاتی شەوە ترسناکەکەیە!

ئەحمەدیش وەکو بابی و بگرە پتریش پەرێشان بوو، بەلام تا توانی بە ڕاوێژێکی ئارام گوتی:- ئەو بوردوومانە بەهەلە کرا، ئیشەللا دووبارە نابێتەوە!

کات، دەقیقە بە دەقیقە تێدەپەڕی و بێدەنگیەکی تەواو بەرقەرار بوو. بێدەنگیەکە درێژەی کێشا، بەرەبەرە ئارامی و ئاسوودەیی کەوتە دلان، قسەکردن وچپەدوو دەستی پێکرد، دەنگی پێکەنین بەرز بووەوە، خەلکی دلی یەکدییان دەدایەوە، ئەحمەد تەمەشای ڕوخسارو سیما نەناسراوەکانی دەوروبەری خۆی کرد، شتاقیانی نەناسی. ئیدی هەموو مژوولی قسەکردن بوون، پیاوێک لە نیوانیانەوە هەلیدایێ:- ئارامگای سەری حوسێن، سەلامەت دەبێ، هیچ ئاسیوێکی ناگاتێ.

یەکێکی دی گوتی:- بلێ ئیشەللا!

-هیچ شتێک بێ مەشیەتی خوا نابێت.

- هیتلەریش، ڕێزی زۆر لە مەزارگە پیرۆزەکانی ئیسلام دەگرێ!

- تەنانەت دەلێن لە دلەوە باوەڕی بە ئیسلام هەیە!

- هیچ دوور نییە! ئەدی شیخ لەبیبی خواناسی وەلی نەیگوتووە، لە خەویا عەلی کوڕی ئەبو تالیبی، ڕەزای خوای لێبێ، دیتووە، شمشێری ئیسلامی داوەتێ؟!

- ئەدی چۆن لە نیوەی ئەم مانگەدا قاهیرەی بۆردومان کرد؟

- سکاکینی بوردمان کرد چونکە زۆربەی خەلکەکەی جوولەکەن!

- بەڕای تۆ ئاخر وئاقیبەتی ولاتانی ئیسلامی لە سەر دەستی ئەو چی دەبێت؟

– دوای شەڕ، جەلال و شکۆی ئیسلام دەگێڕێتەوە. هاوپەیمانی و یەکێتییەکی گەورە لە نێو وڵاتە ئیسلامییەکاندا دروست دەکات، ئەوسا پەیمانی دۆستایەتی لەنێوان ئەوان و ئەڵمانیا مۆر دەکات!

– هەر لەبەر ئەمەیە خودا لە شەڕەکانیا سەرکەوتووی دەکات!

– ئەگەر نیازی باش نەبوایە خودا کۆمەکی نەدەکرد. هەرکەسە بەری نیەت و نیازی خۆی دەچنێتەوە!

پیرە کوڕ، بە لەزەت ونکۆڵییەوە گوێی لەو قسانە دەگرت، زۆربەیان خەڵکی قەراخ شار بوون، بەڵام باوەڕی نەدەکرد، ساویلکەییان بگاتە ئەو ڕادەیە لە وەهم وخەیاڵ!.... یان پروپاگەندە – ئەگەر پروپاگەندەیەک لە ئارادا بووبێ – بەم شیوە کۆمیدیە کاریان تێبکات. بەڵام گفتوگۆیەکەیانی بەلاوە خۆشبوو، خۆ ئەگەر لە ناکاوا چاوی بە خەنیمەکەی خۆی، واتە مامۆستا ئەحمەد ڕاشد نەکەوتبا، ئامادە نەبوو خۆی لە لەزەتی ئەو گفتوگۆیە مەحرووم بکات. ئەحمەد ڕاشد بەلایا ڕەت بوو، یەکسەر لەبەری هەستا و تەوقەیان لەگەڵ یەکدیدا کرد، ئەوسا عاکف گوتی:– ئەمڕۆ نەمبینیت!

گەنجە چاویلکە ڕەشەکە گوتی:– بە لێکۆڵینەوەی دۆسییەکەوە مژوول بووم.

لە ناخا بەغیلی پێبرد و ورتەی لێوە نەهات. یارۆی پارێزەر چاوێکی بە دەوروبەردا گێڕاو گوتی:– هەموو برادەران لێرەن تەنیا وەستا نونو نەبێ.

عاکف، بزەیەکی کرد وگوتی:– ئەم پیاوە سەیرەم خۆشدەوێ!

–بریتیە لەم چەند وشەیە: "مەلعونە دنیا، نەعلەت لە بابی دنیا!

– ئەوە دروشمیەتی، بڵێ سروودیەتی.

– ئەگەر پیر نەبوایە، حیسابی بۆ مردن نەدەکرد.

– ئەوەی لە ئیمانداریە!

– باوەڕێکی قووڵی بە خودا هەیە، باوەڕی وایە کە خودا لە هەموو شوێنێک هەیە و لە کانگای دڵەوە پشتی بە خودا قایمە وزۆر دڵنیایە کە خودا بە تەنیا بەجێی ناهێڵێت. بە کەیفی خۆی مەعسیەت دەکات وکەمترین گومانیشی لە بەخشین ومیهرەبانی وڕەحمەتی خودا نییە.

عاکف، ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:– ئەوەندەی من بزانم، پیاوێکی بەختەوەرە!

یارۆی گەنج، بە تەوس و توانجەوە سەرێکی باداو گوتی:– بەختەوەری ئاژەڵان، بەختەوەری نەزانی و باوەڕی کوێرانە، بەختەوەرییەک کە زۆرداران، بە فەزڵی کەودەنان تیایدا دەژین. سەیر لەوەدایە خەڵکانێکی ڕۆشنبیر هەن کە خۆزیا بەو بەختەوەریە گەوجانەیە دەخۆن؟! لەبەر ڕۆشنایی عیلم و عیرفاندا منەی بەختەوەری ڕاستەقینە بکە. ئەگەر لە جیاتی بەختەوەری تووشی نیگەرانی و تووڕەیی و کوێرەوەری و بەدبەختی بوویت، ئەوە نیشانەی ژیانی ئەو مرۆڤانەیە کە لیاقەت و شایستەگی پاکسازی کۆمەڵگەیان لە کێماسیان و دڵ و دەرونان لە وەهم و خەیاڵان هەیە و لیاقەتی گەیشتنیان بە بەختەوەری ڕاستەقینە هەیە. بەختەوەرییەکەی نونو، هی ئەوە نییە خۆزیای پێ بخوازی، هیچی لە کوێرەوەریەکەی ئێمەی – ئەهلی زانست وڕیفۆرمان – زیاتر نییە. وەکو ئەوەیە خۆزی بە مردن بخوازی، بۆ ئەوەی لە دژواری و شەڕە شەقی ژیان ڕزگاربێت.

عاکف، کە کەش و هەوای پەناگاکە زۆر ماندووی کردبوو، لەخۆی ڕانەبینی کە لە گەڵی بکەوێتە گەنگەشە و بەرپەرچی بداتەوە، بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:- یانی بە ڕای تۆ، ئێستا لە سایەی بەختەوەرییە کوێرانەکەیا لە پرخەی خەودا نییە؟ کەچی ئێمە هەموومان بە عەزابی ئەم شەوە شێدارەوە دەتلێینەوە.

یارۆی گەنج کە کەمتر لەو ڕەوشی ئەو شەوەی لەبەر گران بوو، گوتی:

-ڕاستە ئێستا لە پرخەی خەوی ئاسوودەیی دایە وجگە لە ماشقەی مێردان، کەسی دی شەریکی خەوەکەی نییە!

عاکف، بە ڕوخساریدا دیار بوو کە هیچ حاڵی نەبووە. یارۆی پارێزەر بزەیەکی هاتێ ولە سەری ڕۆیی:- هێشتا هیچت دەربارەی نەبیستووە!؟ .. خەرمانە ژنە، بە فەرمی ژنی عەباس شەفەیە. نایەتەوە بیرت؟هەموو ئێوارەیەک دەستەیەک لە خانمانی ماڵەوە، لە خانمانی ئەم گەڕەکە دەچن بۆ ماڵەکەی. بۆیە وەستا زەفتەی قاوەچی ناوی ناوە " ماشقەی مێردان "!...

جۆرە تاسەمەندییەک بۆ ئەم بابەتە، بە ڕوخساری عاکفەوە بەدیارکەوت. پرسی:- مەبەستت ئەمەیە کە...؟!

-بەڵێ!

- ئەدی عەباس شەفە؟

- مێردی فەرمییە، مێردێکە، ژن و مێردایەتی بە پیشە وکاسبی دەزانێ.

- لە بەر ئەوە لە دەوری ئەو هیچ و پووچ و ڕەزاگرانە خڕدەبنەوە؟

- پیاوێکی ئازیز و پایە بەرزە!!

عاکف، بە قێز و بێزەوە، ڕوخسار وقژە بژەکەی ئەو پیاوە بوودەڵە و خوێڕییەی هێنایە بەرچاوی خۆی. لەو دەمەدا یارۆی گەنج هەستا و کەوتەڕێ. ئەویش لە گەڵیا کەوتەڕێ، بە ئەسپایی بەنێو خەڵکەکەدا، چ ئەوانەی ڕۆنیشتبوون و چ ئەوانەی بە پێوە وەستابوون، دەڕۆیشتن. سەید عارفیان بینی لە لای ژنێکی جوانەوە، دانیشتبوو، ژنەکە منداڵێکی لە باوەش گرتبوو. یارۆی گەنج لەبن لێوانەوە گوتی:- هاوڕێمان سەید عارف و ژنەکەی!

عاکف، بە شەرمێکەوە پرسی:- ژنەکەی؟! چۆن ژنی هێناوە؟!

-وەکو چۆن خەڵکی ژن دێنن، پیاوێکی ئاساییە، تەنیا یەک کێشەی بچووکی هەیە ئەویش چارە دەبێ. ئومێدی زۆری بە حەبی ئەڵمانییە و..

هێشتا ئەحمەد ڕاشد قسەکەی تەواو نەکردبوو، کە دەنگی دەستڕێژێکی توند بەرز بووەوە، چەند دەستڕێژێکی دیکەی بەدوودا هات. دڵی عاکف دالەرزی، هەستیکرد ئازای دەلەرزێ، ترسا خەنیمەکەی پەی بە لەرزینەکەی بردبێت. بێدەنگییەکی قووڵ دنیای داگرت، ترس و نیگەرانی نیشتەسەر نیگاکان، هەندێ کەس گوتیان: " ئەمە دەنگی زدە جەوە. " ورەیان وەبەر خۆ وخەڵکی دەنا، بەڵام ئەو قسانە بەهەر نیاز ومەبەستێک دەکران، تەنیا پەشۆکان وترس وتووڕەییان دەخستە دڵی خەڵکەکەوە. پیاوێک بە هەڵەداوان و هەڵتەک هەڵتەک لە دەرێ ڕاهات و بەدەم هانکە هانکەوە گوتی: " ئاسمان یەک پارچە تەنویرە! " خەڵکەکە زیاتر ترسیان لێهات.

ئەوسا دەنگی دەستڕێژی دی لە دوورەوە دەهات؛ ماوەیەکی کەم بەردەوام بوو، بێدەنگی دووبارە هەموو شوێنێکی گرتەوە و ئارامی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشا. دووبارە دەنگی چپە چپ و قسەکردن بەرز بووەوە:- ئیدی کارەساتی بۆردومانە کوێرانەکە دووبارە نابێتەوە.

-ڕادیۆی بەرلین، سەبارەت بە بۆردومانەکەی نیوەی سێپتامبەر تەوازی هێناوەتەوە!

- بۆردومانی ئیتاڵیاییەکان بوو، ئەڵەمان هەڵە ناکەن!

ئەحمەد ڕاشد، دووبارە بزەیەکی بۆ کرد و بە هاوڕێکەی گوت:

-ئەو هەوادارانەی ئەڵمانت بینی؟!.. ئەدی تۆ؟!.. تۆش وەکو ئەوانیت؟

عاکف، کە مەهیشە، هاودەرد و هاوسۆزی ژێرکەوتوان بوو، کە دەیبینی، لەو دەمانەدا، تای سەرکەوتن بەلای ئەڵمانەکاندا قورسە، بێهیچ دوو دڵییەک گوتی:- نەخێر، بەدڵ و بەگیان لەگەڵ هاوپەیمانانداندم، ئەدی تۆ؟!

چاویلکە ڕەشەکەی لە سەر چاوی ڕێکخستەوەو گوتی:- من تەنیا یەک ئاواتم هەیە. ئەویش ئەوەیە ڕووسەکان سەربکەون و دنیا لە کۆت و بەند و خەیاڵات ڕزگاربکەن!

پاشان، کەمێک لەو حەشاماتەی کە خەریکی قسان بوون، دوور کەوتنەوە، لە کۆتایی بەشەکەی دیکەی پەناگاکەدا، بە دەستی ڕاستا، کەمال خەلیلی دۆستیان و خێزانەکەیان بینی. عاکف بە دیقەتێکی زۆرەوە تەمەشای کردن، خانمێکی زۆر قەڵەو و کوڕێژگەکە؛ محەمەدی بە بیجامەوەو کیژە سەوزەڵە چاو گەش و نیگا بێ ڕیا و بێگەردەکەی بینی. مەزەندەکەی دروست دەرچووبوو. زۆر بەمە کەیف خۆشبوو، نەیتوانی لەوەی پتر تەمەشا بکات، چاوی لێدزینەوە، گوێی لە ئەحمەد ڕاشد بوو، کە لەبن لێوانەوە دەیگوت:- کەمال خەلیل و ماڵباتەکەیەتی!

لێی پرسی:- ئەمە کچیەتی؟

-بەڵێ. محەمەد و نەوال و کیژێکی گەورەی هەیە کە بە شووە!

بەدزییەوە کەوتە تەمەشاکردنی، تا چاوی لە نیگا و ڕوانینە سادەکەی کە جوانی و بەدەوی لێدەتکا، پاراو بکات. کیژێ پاڵتۆیەکی زستانەی لەبەر کردبوو، قژە ڕەشە پڕەکەی گورزەهۆن کردبوو، بە چاوانی خەواڵووەوە باوێشکی دەدا.

کەمال خەلیل، ئەوانی بەدی کرد، بەدەم زەردەخەنەوە بەرەو پیریان چوو، بەدەم وەستانەوە کەوتنە قسان. عاکف، هەستیکرد کە هاتنی کەمال خەلیل، بێگومان سەرنجی خانەوادەکەی بۆ لای ئەمان ڕاکێشاوە، بەدووری نەدەزانی کە چاوە درشتەکان ئێستا خەریکی تەمەشاکردنی ئەم بن- هەڵبەتە ئەگەر تا ئەو کاتە ئەویان بە دیزداشە دەڵب وکڵاوە سپییەکەیەوە نەدیتبێ، لە شەرم ونیگەرانیا ڕوخساری سوور هەڵگەڕاو لە دڵی خۆدا پرسی ئایا ئەم دەناسێتەوە؟..

پێکەوە وەستانەکەیان زۆری نەکێشا، ئیدی ئاژیری ئەمان لێدرا وجم و جوڵ و ورتە ورت لەناو پەناگەکە پەیدا بوو. عاکف خاترخوازی لە دۆستەکانی کرد و چوو بۆلای داک و بابی. بابی بە توندی پێیا هەڵشاخی و گوتی:- لە کاتی بۆردومانەکەدا بەجێمان دێڵی و لە کاتی ئەمانەکەدا بەپەلە بۆ لامان دێیتەوە؟

داکی بە پێکەنینەوە گوتی:- هەموو کاتێ خواوەندمان لەگەڵە!

زۆر بە ئەسپایی، لەگەڵ شەپۆلی خەڵکەکەدا، بەرەو دەرگای چوونە دەرەوەی پەناگایەکە چوون تا گەیینە بەر قاڵدرمەکان و پلە بە پلە سەرکەوتن تا گەییینەوە بالآخانەکەی خۆیان. ڕوناکی پەنجەرەکان، ڕێگاکانی ڕوناک کردبووەوە. لەگەڵ خەڵکەکەدا بەرەو شوقەکەی خۆیان سەرکەوتن. ئەحمەد لە نێو دەنگی ئاپۆڕاکەدا، دەنگی کەمال خەلیلی ناسییەوە.

ئەحمەد بلەز چووە ناو جێگاکەیەوە، تا دووبارە بخەوێتەوە، بەڵام جووتە چاوە درشت ونیگا شیرینەکە خەویان لێزڕاند.

(( ٩ ))

ڕەمەزان نزیک بووبووەوە، هەمووی چەند ڕۆژێکی کەمی مابوو مانگ نوێ ببێتەوە. بەڵام ڕەمەزان هەرگیز لە کوت و پڕێکا نایەت، هەمیشە ئامادەکارییەکی بۆ دەکرێ کە لەگەڵ پێگە پیرۆزو موبارەکەکەیدا بگونجێت. دایکی ئەحمەدیش لەم پێگە پیرۆزە غافڵ نەبوو و- لە ڕاستیا، بەرپرسی یەکەم بوو بۆ بۆ پێشوازی لە جەلال و شکۆی ئەم مانگە – ڕۆژێک لەمبارەیەوە قسەی لەگەڵ خانەوادەکەیدا کرد وگوتی:" ئەم مانگە ماف وئەرکی خۆی هەیە." هەڵبەتە ڕووی دەمی لە ئەحمەد بوو. ئەحمەد لە فیکەی خۆی تێگەیی، بەدەم بەرەڤانییەوە لە خۆی گوتی:- ڕەمەزان، ماف و ڕێ و ڕەسمی خۆی هەیە، گومان لەوەدا نییە، بەڵام شەڕ، کە بەر دەرکەی گرت، ئیدی هیچ ماف و یاسا و ڕێسایەک ناناسێت!

دایکی بە ڕاوێژێک کە نەبەدڵی پێوە دیار بوو گوتی:- خودا، عادەتەکانمان لێنەگۆڕێ!

ئەحمەد، لە ناخا پەست بوو، بە نیمچە تووڕەبوونیکەوە گوتی:- با مانگی ڕەمەزانیش وەکو هەر مانگێکی دیکە بڕوات، ئەو ڕۆژانەی کە نەمان توانی بە ڕۆژوو بین، پاشان، کە شەڕ تەواو بوو، ئاشتی بەرقەرار بوو، قەڵای دەکەینەوە!

-ئەدی نوقڵ و کونافە و ناوساجی؟!

ئەو ناوانە تا ڕادەیەک پەستیەکەیان ڕەواندەوە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی حەزی لێیان بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی زۆر بیرەوەریی ئەم مانگە ئازیزە و ڕۆژانی دەورانی هەرزەکاریی خۆی وەبیرهاتەوە. بەڵام ئەم بیرەوەرییە خۆشانە، قەرەبووی واقیعی قات و قڕی و گرانیە قورسەکەی نەدەکردەوە. بۆیە گوتی:- با لەم ڕەوشە دژاورەدا، واز لە زیادە مەسرەف و شتێن نا زەرووری بێنین و لە خوای بەخشندە بپاڕینەوە، یارمەتیمان بدات و زەرورياتی ژیانمان پێدابین بکرێ.

باوکەکە، بە جدی گوێی لە قسەکانی کوڕەکەی دەگرت، هەرچەندە وای دەنواند کە گوێی لەو نییە و زیاتر مایلە بەلای قسەکانی هاوسەرەکەیەوە، بەڵام زاتی قسەکردنی نەبوو. بەڵام کاتێ کوڕەکەی بەو بنجبڕییە ڕا و بۆچوونی خۆی دەربڕی، بابەکە بە ڕاوێژێکی نەرم گوتی:- نە زۆر پیسکە بە نە زۆر دەسباد.

ئەحمەد، یەکسەر بۆی دەرکەوت، کە بابی هاوڕەئی دایکیەتی، بەڵام نەیتوانی بە هەمان ڕاشکاوی، کە ڕووبەڕووی دایکی بووەوە، ڕووبەڕووی ئەو ببێتەوە، چونکە لە منداڵییەوە لێی ترسابوو، چاو ترسێن بووبوو. بەزەیی بە باوکیا هاتەوە، دڵی نەدەهات ئەگەر داوای شتێک بکات، داواکەی ڕەتبکاتەوە، بە تایبەتی کە تەمەنی

هەڵکشابوو و زیاتر چاوی لە دەست ئەم بوو، بۆیە حایر و حەپەساو بێدەنگ دانیشت تا عاکفەفەندی باوک هاتە قسە و گوتی:- تۆزێ سنۆبەر و مێوژ و تۆزقاڵێک نانە قەیسی و قەمەرەدینمان بۆ بەربانگ کردنەوە بەسە، یەک جار کونافە و دووجار کولیچە دەخۆین – کە پێویست بەوە ناکا لە ڕۆنا سوور بکرێتەوە – ئەمانە زۆر لە سەرت ناکەون.

بابەتەکەی بە هەند وەرگرت، دڵنیا بوو کە دەبێ ئەو تۆزە پارەیەی، کە هەموو مانگێ پاشەکەوتی دەکرد، بە ناچاری لەم مانگەدا خەرج بکات. لەوەشە ناچار ببێ برە پارەیەکیش لە سەندوقی پاشەکەوت ڕاکێشێتەوە؛ کە ئەمەی زۆر لەبەر گران بوو، پاشان شتێکی تری بیر هاتەوە، کە لە کونافە و ئاجیل و موقەبیلات، خەتەرتر بوو. گوتی:- ئەدی گۆشت؟

دایکی کە ئەوەی بەدڵ بوو گوتی:- حکومەت ڕێگەی داوە کە بە درێژایی ئەم مانگە موبارەکە گۆشت بفرۆشرێ، چونکە دەزانێ گۆشت، یەک پلە گۆشت بەر دڵی ڕۆژووان دەگرێ!

ئەحمەد بە ناڕەزاییەوە گوتی:- بەڵام دەرامەتی مە لەوە کەمترە ئەوەی تیابێ هەموو ڕۆژێ نیو کیلۆ گۆشت لەگەڵ پێویستیەکانی دیدا بکڕین!

بابی برێک زیرەکانە گوتی:- ڕاستدەکەی. واچاکە هەر سێ ڕۆژ جارێک گۆشت بکڕین!

دایکی لە ڕۆژەکانی دواترا کەوتە ئامادەکردنی موبەقەکە وخاوێن کردنەوەی سپی کردنەوەی ئامانەکان و ئەوەندەی توانی موقەبیلات وشەکر و پیاز و بەهاراتی عەمار کرد. هاتنی ڕەمەزانی زۆر لەلا خۆشبوو، هەرچەندە تەنیا چەند ساڵێک بوو ڕۆژووی دەگرت، مانگی رەمەزان، وەکو چۆن مانگی ڕۆژوو بوو، بەو ئاوایە مانگی مووبەقش بوو، لەوەش زیاتر مانگی شەوبێری و هاتوچۆ و کۆڕو کۆبوونەوەی خۆشی ئاشنا و ڕۆشنایان بوو، ئیدی کۆڕی قسە و باسان بەدەم ناوکە و ئاجیل وگوێز وبادەم و پستە خواردنەوە گەرم دەبوو. خۆشبەختانە، ڕەمەزانی ئەو ساڵە کەوتبووە مانگی ئوکتۆبەرەوە، کە دنیا فێنکە، زۆرجار جەو ساف و سایەقەیە، و شەو بێری لەو مانگەدا، تا ئەو دەمەی، هێڵی سپی و ڕەشی بەیان لێکدی هاوێر دەبن، یەجگار خۆشە.

شەوی دیتنی مانگ هات. خەڵکی لە دوای خۆرئاواوە چاوەڕوانی دیتنی مانگ بوون، دەمەو نوێژی شەوان، منارەی مزگەوتەکەی حوسێن ڕوناک کرایەوە، بە نیشانەی ئەوەی کە مانگ بینراوە. لە ناچاریدا و بە سەدەمی ڕەوشە نائاساییەکە، دەستبەرداری تۆپ تەقاندن بوون و منارەکە بە دەیان چرای بە شەوق رازێنرایەوە. ئیدی خەڵکانێک بە تەپڵ لێدانەوە بەناو گەڕەکەکان کەوتن و هاواریان دەکرد: " خەڵکینە، بە فتوای قازی ئیسلام سبەی ڕەمەزانە. "

کوڕان بە هوراو کچان بە هەلهەلەوە چوونە پێشوازیان. شادی وخۆشی باڵی بەسەر هەموو لایەکی گەڕەکەکەدا کێشا، لە تۆ وایە با لەگەڵ خۆیدا هێنابووی. ئەحمەد عاکف هیچ چارێکی نەما تەنیا ئەوە نەبێ بڵێ:- ئەم ڕەمەزانە خۆشە لە کوێ و ڕەمەزانی شەقامی قەمەر لە کوێ؟!

بابی بزەیەکی هاتێ وگوتی:- چیت دیتووە کوڕی خۆم؟! خۆزیا ڕەمەزانی ئەم گەڕەکە تازەیەمانت بەرلە هەڵگیرسانی شەڕ دەبینی!.. یەکپارچە ڕوناکی و شادی و شەوبێری بوو، خەڵکی شەویان، بەشەو بێداری و کەبار و سروودخوانی و گەمەی پاکەوە ڕۆژ دەکردەوە. کاتی خۆی کە گەنج و ساغ و سەلامەت و سەرحاڵ

بووم بەر لە پارشێو، دەگەڵ کۆمەڵێک برادەرا، لە سکاکینیەوە بۆ ئەم گەڕەکە دەهاتین و سەروپێمان دەخوارد، لە قاوەخانەی حوسێن نێرگەلەیەکمان دەکێشا و گوێمان لە بانگ و سەڵای شێخ عەلی مەحموود دەگرت و لە گەڵ شیرەی شەبەقا دەگەڕاینەوە.

ئەحمەد لێی پرسی:- ئەمە باسی کەیە؟

کابرا بێهیچ زەحمەتێک گوتی:- باسی ئەو کاتانەیە کە تۆ تەمەنت دە ساڵان بوو!

خۆزگە بەو ڕۆژانە، بەڕاستی ڕۆژگاری شادی و خۆشی و پڕ ناز و نیعمەت بوو. ئیدی خۆی و بابی داخیان بۆ یەک ڕۆژگار و سەردەم دەخوارد. ئەحمەد ئەم ئێوارەیە – بەپێی عادەتە تازەکەی- بۆ قاوەخانەی زەهرە چوو. ئیدی خووی بەو خووە تازەیەوە گرتبوو کە نیوەی کاتی خوێندنەوەکەی لێدەگرت. لە ڕاستیا لەزەتێکی ئەوتۆی لەم تێکەڵاوی و عوشرەتە دەبینی کە چیوای لە لەزەتی خوێندنەوە و خەڵوەتگیری کەمتر نەبوو. ئیدی تێکەڵ بە جەمعی تازە ناسیاوەکانی بوو. قسەوباسیان هاتە سەر ڕەمەزان و چۆنیەتی شەوبێری ڕەمەزان. عەباس شەفەی هاوسەری " ماشقەی مێردان " بە دەنگە گیراوەکەی گوتی:- خۆتان بە بیرکردنەوەوە ماندوو مەکەن. وەکو پار دەکەین، دوای بەربانگ دێین بۆ قاوەخانەکەمان و تا نیوەشەو دادەنیشین و پاشان بۆ ئەوێندەر دەچین و تا پارشێو لەوێ بەسەر دەبەین.

وشەی " ئەوێندەر " سەرنجی ئەحمەدی راکێشا و لە دڵی خۆیدا پرسی ئایا ئەمانە لە مانگی تاعەت و تۆبەشدا، کۆ لە داوێن تەڕی وبەدکاری ناکەنەوە؟!.. بەهەرحاڵ میتۆد و بەرنامەی ئەم دیاربوو، تا لە قاوەخانەکە هەڵدەستان لەگەڵ ئەواندا دەمایەوە و پاشان بۆ ماڵ دەزڤڕییەوەو تاوەکو پارشێو خەریکی خوێندنەوە دەبوو و بەوجۆرە مانگەکەی بەڕێ دەکرد.

(( ١٠ ))

ئەحمەد عاکف، لە ڕۆژی یەکەمی مانگی ڕەمەزاندا، زۆر پەرێشان بوو. زۆری بەلاوە زەحمەت بوو لە خورێنی جگەرە نەکێشێت وقاوە نەخواتەوە، بەدەم ژانەسەر وچاوانی خەواڵووەوە بەرەو دایەرە و دەوام ڕۆیی؛ ئەوەندەی باوێشک دا، چاوەکانی تەژی ڕوندک و پێلووەکانی قورس بوون. بیری کەوتەوە کە ئەحمەد ڕاشد و هاوشێوەکانی نە ماندوو دەبن و نە خەم لە هیچ دەخۆن. زۆری پێخۆش بوو کەلە دڵەوە دەی بوغزاند و هیچ حیسابێکی بۆ نەدەکرد.

نیوەڕۆ بۆ ماڵ گەڕایەوە، شەکەت وماندوو خۆی دابەسەر جێگاکەیدا، خەوێکی قووڵی لێکەوت، نزیکەی سەعاتێک بەرلە بەربانگ خەبەری بووەوە. چوو بۆ حەمامەکە، دەست ودەم و چاوی فێنک کردەوە. لە گەڕانەوەدا بابی بینی کە لە ژوورەکەی خۆیدا لە سەر دووگردەکە (بەرماڵ) بە چوارمشقی دانیشتبوو و قورئانی دەخوێند. بە بێدەنگی بەلایا ڕەت بوو، سەرێکی کێشایە مووبەقەکە. دایکی قۆڵی لێ هەڵماڵی بوو. ماوەیەک لەبەر مووبەقەکە وەستا، چاوێکی بە مووبەقەکەدا گێڕا، بۆنی کرد. قاپێکی گەورەی پڕ لە کەرەستەی زەڵاتەی بینی، پڕ بوو لە کەرەوز، جەڕجیر، گێزەر، تەڕەتیزە، پیاز و تەماتە. دڵی کرایەوە و دەمی ئاوی کرد، ئەوسا چاوی بە پاقلە کەوت و لەوەی پتر بەرگەی نەگرت. جێگاکەی گۆڕی. لە هۆڵەکەدا چاوی بە خوانەکە کەوت کە ئامادە کرابوو، لە گۆشەیەکیا نان دانرابوو، پەرداخێ ئاو لەبەردەم کورسییەکاندا دانرابوون، قاپێکی تەژی توور لە ناوەڕاستی خوانەکە دانرابوو. بلەز بۆ ژوورەکەی خۆی ڕۆیی و دەرگاکەی داخست. ئەهرامی

نەخوێندبووەوە، هەڵیگرتبوو تا لەم دوا سەعاتەدا، کە دژوارترین سەعاتی ڕۆژوو بوو بۆ ڕۆژووانان، بیخوێنێتەوە، دەستی بە خوێندنەوە کرد، تا تەواوی نەکرد دەستی لێهەڵنەگرت. تەمەشای سەعاتی کرد. هێشتا نیو سەعاتی بۆ مەلا بانگدان و بەربانگ مابوو! بڕۆی وێکهێنایەوە و چارەی بەیەکدا دا، ناچار ئەو پەنجەرەیەی کردەوە کە دەیڕوانیە تەلارەکانی دی، دەیویست کاتەکە بەدەم تەمەشاکردنی دیمەنەکانەوە بەسەر بەرێت. وەستا نونوی بینی کە خەریک بوو دەرابەی دووکانەکەی دادەدایەوە، منداڵەکانی کە تەقریبەن ڕێگاکەیان بە تەواوەتی گرتبوو، چاوەڕوانیان دەکرد. ئەوسا کەوتنە ڕێ، منداڵەکان دەوریان دابوو، بچووکەکانیان خۆیان بە لاق و لەتەریا هەڵواسی بوو. هەرا و زەنایەکی وایان نابووەوە، کە ئێزگەی ڕادیۆ بە تۆزی پێیدا نەدەگەیی. جادەکە خەریک بوو، جگە لە شیرەمەنی فرۆشان، کەسی پێوە نەدەما. خۆر خەریک بوو، لە ڕووکاری تەلارەکان ئاودیو دەبوو وبەرەو خۆرنشین دادەگەڕا، پەنجەرە کراوەکان گەواهی سفرەو خوانی ئاوەدانیان دەدا، شەربەی ئاو لە بانێژەکان دانرابوون تا سارد بن، قاپە خۆشاوی مێوژ ومیوەێن وشکەوەکراو، بەڕێز دانرابوون و سەروو تولێکی سپیان بەسەردا درابوو، شنەبایەک بۆنی قەلی(گۆشتی سوورەوە کراو) ودەنگی جزو هۆڕی شت سوورەوە کردن و شت برژانی بەسەرا هێنا، ئەحمەد لە دنیای ئەفسووناوی خۆزگەدا سەرگەردان بوو.. پاشان لەم پەنجەرەیەوە چووەبەر پەنجەرەکەی دی کە دەیڕوانیە سەر خانولخەلیلی. پەنجەرەکەی کردەوە، هەردوو ئانیشکی نایە سەر قەراخەکەی، ڕوانیە گەڕەکە کۆنەکە، گەڕەک کڕوکپ، غەرقی بێدەنگی بوو، کە دیقەتی قوببە و مەنارەکانیت دەدا، لەتۆ وایە، کڕنۆش بۆ هەتاوە ڕوو لە ئاوابوونەکە دەبەن. ڕووبەڕووی پەنجەرەکەی ئەو، بە دەستەچەپا، بەشێکی تەلارێک دیاربوو کە پەنجەرەکانی داخرابوون. دەنگێکی سووکی لە سەرێڕا هاتە گوێ، سەری هەڵبڕی، بانێژەی دراوسێیەکەیانی، کە ڕووبەڕووی پەنجەرەکەی ئەو بوو، بەڵام لە نهۆمەکەی سەرووی ئەوانەوە بوو. کیژێکی لە بانێژەکەدا بینی کە سەرگەرمی گوڵدۆزی شاڵێکی درێژبوو، کە خوارەوەی بە باوەشی کیژەکەدا شۆڕ بووبووەوە. لەسەر کورسیەک ڕۆنیشتبوو ولاقی نابووە سەر لاق. لە یەکەم نیگاوە – پێش ئەوەی کیژێ تەمەشای ئەو بکات، ناسییەوە. دڵی داخورپا، لەو باوەڕەدا نەبوو کە شوقەکەی کەمال خەلیل، لەم بەشەی ڕووبەڕووی شوقەکەی ئەماندا بێ و کیژەی تاین هێندە لەمەوە نزیک بێت، هەستی بە خۆشی و ئاسوودەیی کرد. کیژێ تەمەشایەکی ئەوی کرد و بەپەلە گەڕایەوە سەر شیش و گوڵدۆزییەکەی خۆی. ئەمە سێیەم جار بوو کە چاوە درشت وقاوەییەکانی کیژێی دەبینی، لەو ساتە لەزگینەی بەرخوردی نیگاکاندا، دڵی بەتووندی کەوتە لێدان وتەواو پەشۆکا، شەرم دایگرت، ڕوخسارە زەردەکەی سوور هەڵگەڕا، پێڵوی چاوەکانی کەوتە فڕین، نەیدەزانی چ بکات وچۆن لەو هەڵوێستە دەرباز ببێت.

سەرە سافەکەی داخست. حەزیدەکرد کەمێک لەبەر پەنجەرەکە لاکەوێ تا نەفەسێ تازە بکاتەوە، لە خۆی پرسی ئایا کیژێ دووبارە تەمەشای ئەمی کردبووەوە؟.. ئایا هەنووکە تەمەشای سەرە سافەکەی ئەم دەکات؟.. هەستیکرد، ئەو شوێنەی سەری کە ئەو چاوی تێبڕیوە، وەکو کاغەزێکی بەر زەڕەبینێک، خەریکە دەسووتێ. ماوەیەک بووری، کورت یان درێژ، لە تەق و هۆڕی کورسییەک وەئاگا هاتەوە، سەری هەڵبڕی، کیژێی بینی کەلە سەر کورسییەکە هەستا و چوو بۆ ژوورەوە، وای وێنا کرد لەو کاتەدا کە دەچووە ژوورەوە ماکی بزەیەک نیشتە سەر لێوی. چوو بۆبەر پەنجەرەکەی دیکە و لە دڵی خۆیدا پرسی: " مانای ئەم بزەیە چییە؟.. ئەم کیژە بۆ پێکەنی؟.. بە سەرە سافەکەی ئەم پێدەکەنێ یان بە نیگا شەرمنەکەی؟.. یان پێکەنینی بە چاوبرکێی، پیرە کوڕێکا دێ کە هاوتەمەنی بابیەتی؟.. ئەرێ وەڵڵا لە تەمەنی بابیدایە؟! ئەگەر لەکاتی خۆیدا ژنی

هێنابا، نها کیژەکەی لە تەمەنی ئەم کیژەدا دەبوو، ئیدی ئەم جۆرە نیگا و چاوبڕکێیانە، بەمجۆرە نیگەران و دەسەپاچە و شەرمەزاری نەدەکرد، ئەو سەردەمە بەسەر دەچوو، کەبە دیتنی هەر کیژۆڵەیەک دەسەپاچە ببێت وهەر نیگایەکی پاک و بێگەرد شپرزەی بکات و شەرم دایبگرێ!.. لەڕووی نائومێدی و شەرمەزارییەوە، بزەیەکی کرد، ددانە زەردەکانی وەدەرکەوتن!.. دەنگی تەقینی تۆپی بەربانگ بەرزبووەوە، هاواری منداڵان بەرزبووەوە. سەیری لێهات چۆن ئەو نیوسەعاتە بەبێئەوەی بیر لە برسیەتی و تینوویەتی بکاتەوە بووری.

دەنگی زوڵاڵی بانگوێژەکە بەرز بووەوە " ئەڵڵاهو ئەکبەر... ئەڵڵاهو ئەکبەر ".

ئەحمەد بەدەنگی بەرز بۆی سەندەوە: " لائیلاهە ئیلەڵڵا. "

ئەوسا بەر پەنجەرەکەی بەردا و چوو بۆ هۆڵەکە. هەر سێکیان لە دەوری خوانەکە خڕ بوونەوە، ڕۆژووەکەیان بە شەربەتی قەمەرەدین شکاند و تێر ئاویان خواردەوە. دایکی بە قاپێ پاقلەی سوورەوەکراوەوە هات. بە تاسەوە کەوتنە خواردنی و دەنک بڕیان کرد. بابی، تۆزێک ئاوی خواردەوە و گوتی:- هەقە پاقلەکە بهێڵینەوە بۆ دوای خواردنەکانی دی، ئەگینا بە پاقلەکە تێر دەبین و هیچی دیکەمان بۆ ناخورێ.

دایکەکە بە پێکەنینەوە گوتی:- هەموو ساڵێ ئەم قسەیە دەکەیت، بەڵام بیرت ناکەوێتەوە تا پاقلەکە دەنک بڕ نەکەیت؟

هێشتا تێر نەبووبوون، ورگیان زۆر شتی دەگرت، لۆبیا و بیبەری مەحشی و گۆشتی سوورەوەکراو هێنرا، دەستان، چاوان وددان بە جدی و بەبێدەنگی کەوتنە کار. خواردن تاقە شتێ نەبوو کە ئەحمەد لەزەتی لێدەبینی، بەڵکو ئەو خەیاڵە خۆشانەشی کە سەرە چکۆلە سافەکەیان پڕ دەکرد، لەزەتێکی ئەوتۆیان دەدایێ کە هیچی لە لەزەتی خواردن کەمتر نەبوو. یەکێک لەو خەیاڵە خۆشانە ئەو کیژەی هاوسێیان بوو. ماڵەکەیان دەیڕوانیە ماڵی ئەمان، کەواتە ئەگەری دیداریان هەبوو، چاوبڕکێیان چاوەڕوانکراو بوو.. کێ دەیزانی دوای ئەم شتانە چی ڕووی دەدا؟..

دڵی تووڕ دەدایە دەریایەکی خرۆشاوەوە، سەرەوەی ئومێدەواری و ژێرەوەی نائومێدی، بە ئومێدەوە خۆی پێدا دەکرد وبە نائومێدی دەگەڕایەوە. ئاسۆیەکی تاریک دەیترسان وکەنارێکی ئەمین ئاسوودەی دەکرد. نەیدەزانی ئاکامی ئەم کارە دەگاتە کوێ، بەڵام بەوە خۆشحاڵ بوو کە دڵە مردووەکەی بێدار بووبووەوە، بێدار بوونەوەی دڵ خۆشی خۆی هەبوو، هەرچەندە مرۆڤ، بە خوێنی دل وئارامی بیر باجەکەشی بدات، چما دەیتوانی نکۆڵی لەوە بکات کە دڵی لە سەرما وشک بووەو چووەتە خەو و حەوانەوەی نەماوە؟.. نها بێدار بووبووەوە و ئەو بانێژەیە مژدەی بەردەوام بوونی پێدەدا، ئاقیبەتی ئەم حاڵەتە بەکوێ دەگەیی؟ لە گەرمەی ئەو شادمانیەدا، گوێی لەوە نەبوو سبەی چ ڕوودەدات، هەتاو هەڵدێ یان ئاوا دەبێ، بەخت ڕووی تێدەکات یان ڕووی لێوەردەگێڕێت، گرینگ نەبوو. گرینگ ئەوەبوو دڵی بێدار بووبووەوە، چەند ڕۆژێک بوو بە توونی و پەرێشانی لێی دەدا، گێژاوی شادی لوولی دەدا، لەلایەکەوە حایرو حەیران بوو، لە لایەکی دییەوە بە ئومێدێکی ترس ئامێزەوە هەنگاوی دەنا و، لەزەتی لە ترسەکەی خۆی دەبینی. ئیدی ئەمە ژیانە، ژیان لە مردن جوانترە، چەندیش مرۆڤی زندوو لە ناڕەحەتیدا بێ و مردوو ئاسوودە بێ.

پێش نوێژی شێوان، چوو بۆ قاوەخانەی زەهرەو دۆستەکانی بینی، بەدەم چا خواردنەوەوقسانەوە، هاتنە سەرباسی ڕەمەزان و ڕۆژووگرتن و چۆن زۆر کەس – بەتایبەتی لە خەڵکی قاهیرە – بە پووچترین پاساو خۆ لە ڕۆژووگرتن دەدزنەوە.

سەید عارف کەوتە لۆمەی وەستا زەفتە وعەباس شەفە وبەپێکەنینەوە گوتی:- ڕەنگە بتوانن دەستبەرداری خواردن و خواردنەوە ببن، بەڵام لەزەت و کەیف، دین ومین ناناسێت!

عەباس شەفە بە تووندی گوتی:- باشتر نییە تۆش وەکو ئێمە ببی بە پیاو؟ هەرچەندە تۆ غەرقی گوناهی!

سەید عارف تۆنی دەنگی گۆڕی و گوتی:- دەردەکەی من دەرمانی هەیە، بەڵام دەردەکەی تۆی دەویت ( سید الازواج ) دەرمانی نییە.

عەباس شەفە، شانەکانی هەڵتەکاند و بێئەوەی زمانی تەتەڵە بکات یان گۆناکانی سوور هەڵگەڕێن گوتی:- نە تانەم لێبدە نە تانەت لێدەدەم! با وەستا نونو داوەریمان لە نێواندا بکات.. وەستا نونو تۆ حەزدەکەی کاممان بی، عەباس شەفە بی یان سەید عارف؟!

نونو، قاقا بەرزەکەی خۆی لێدایەوەو گوتی:- من هەرگیز خۆزیم بە کەستان نەخواستووە و ناخوازم!

سەید عارف بە دڵنیاییەوە گوتی: - خوا ئێسکی پواو زندوو دەکاتەوە، هاکا حەبەکان، دەمی بەغیل و حەسوودان دابخات.

عەباس شەفە پێکەنینێکی تەوسامێزی بۆ کرد وگوتی:- هەنگێ پیرۆزبایی لە خۆمان دەکەین.

سلێمان عەتە، داوای لێکردن کە واز لە باسی ئەو بابەتە بێنن، بەتایبەتی بەم ڕەمەزانە وبەو ڕاشکاوییە. سلێمان عەتە نە لە داواکەیا ڕاستگۆ بوو، نە لەو قسانە لە مانگی ڕەمەزاندا پەست بوو. مەسەلەی حەبەکان دەمێ بوو کۆن بووبوو، باسکردنی بۆ کەس تازە نەبوو. پاشان کەمال خەلیل کەوتە باسی شەوانی ڕەمەزانی بەرلە چارەکە سەدەیەک، پێش ئەوەی خەڵکی پشت بکەنە داب و نەریتە ڕەسەنە ئاینییەکان. چۆن دەرگای ماڵە دەوڵەمەندەکان تا حەوت نیوەشەوان دەخرایە سەر گازی پشت وچۆن تا بەرەبەیان پێشوازی خەڵکی بەنێوبانگیترین قورئان خوێنانیان دەکرد. گوتی ماڵە کۆنەکەی وان – ماڵی بابی – یەکێک بوو لەو ماڵە ئاوەدانانە. ئەحمەد عاکف لە دڵی خۆیدا پرسی: ئەرێ ئەم کابرایە ڕاست دەکات، یان قسەکانی ژنە قەڵەوەکەی کاوێژ دەکاتەوە؟

ماوەیەکی دوور ودرێژ بووری تا زمانیان لە گۆ کەوت و دەستبەرداری قسە و باسان بوون و ئەوسا کەوتنە یاریکردن، ئەحمەد عاکف و پارێزەرە گەنجەکە، بە تەنیا مانەوە. هەستیکرد نۆرەی گەنگەشە و مشت ومڕو چەلەحانێ هاتووە. تیچکاوێکی کردێ کە هیچ نیشانەیەکی کینەکێشی پێوە دیار نەبوو. بەرلەوەی شتاقیان بکەونە قسە، کۆمەڵە منداڵێکی کچ و کوڕی فانۆس بەدەست، بەدەم سروود و گۆرانی ڕەمەزانەوە، بەدەم خڕکردنەوەی پیتاک وبەخشیشەوە، بەلای چاخانەکەدا ڕەتبوون. پارێزەرەکە نیگای بەگەڵ خستن تا لە چاو ون بوون و دەنگە بەرز وناسکەکەیان دوور کەوتەوە، ئەوسا ئاوڕی لای دۆستەکەی دایەوەو بە ڕاوێژێکی تاڵ گوتی:- ئێمە گەلێکی سواڵکەرین.

ئەحمەد عاكف، بە نیمچە بزەیەكەوە ئاوڕی لێدایەوە. لەوە دەترسا لەگەڵیا بكەوێتە گەنگەشە، هەرچەندە بە ڕواڵەت ئەوی بە كەم دەگرت، بەڵام ئامادە بوو بەگژیا بچێتەوە. ئەحمەد ڕاشد، بەهەمان ڕاوێژ لەسەری ڕۆیی:- گەلێكی سواڵكەر وچەند ملیونێرێك. ئەم خەڵك وخوایە جگەلە كاری سووك وسواڵكردن هیچ دەرفەتێكی دیكەیان نییە. كاری سووك و سواڵ تاڵە موویەكیان بەینە!

ئەحمەد عاكف، سەرێكی لەقاند و نیگایەكی بێموبالاتانەی هاونشینەكەی كرد وبێدەنگ بوو. لەم حاڵەتانەدا بێدەنگی عاقڵیە. بێدەنگی لەوەی ڕزگار دەكرد، خۆی لە بابەتێك بدات، كە شارەزایی لێ نەبێت. زەمینەی بۆ خۆش دەكرد، چاوەڕوانی هەلی لەبار بكات.

هاوڕێكەی لەسەر ڕۆیی:- لەو ڕژێمە خراتر نییە، كە ئاستی خەڵكەكەی بۆ ئاستی گیانلەبەرانی هیچ نەزان دێنێتە خوارەوە. مامەڵەی حەیوان لەگەڵ خەڵكەكەی خۆیدا دەكات. نازانم ئەو خەڵكە فاما و ڕۆشنبیرانە چۆن دەژین لە كاتێا كە دەزانن زۆربەی هەرە زۆری میللەتەكەیان برسین، تێر بە سكی خۆیان نان ناخۆن، لە حەیوان نەزانترن. نەخۆش و دەغەزار، بوون بە مۆڵگەی میكرۆبان، باشە ئەوانە قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان بە بیریاندا نایەت بۆ نموونە بانگەوازی یەكسانی لە نێوان جووتیاران و ئاژەڵاندا بكەن؟.. حەیوان بە حەیوانی خۆی مافی خۆراك و سەلامەتی و ماوای بە سەر گوندییانەوە هەیە، كەچی هیچ كەسێك داوای ئەم مافانە بۆ جووتیار ناكات!

نەیدەتوانی لەوەی پتر خۆی كۆنترۆڵ بكات. زۆریشی لەبەر گران بوو ئەو كوڕە گەنجە لەسەر قسەكانی بەردەوام بێ و ئەم وەكو قوتابییەك هەر گوێ بگرێ. گوتی:- ئەگەر جووتیار مافی هەیە، بۆچی داوای ناكات؟

پارێزەرەكە بەتووندی گوتی:- جووتیار لە ڕادەبەدەر سەركوت كراوە، بەچەترسێن كراوە، سەركوێر كراوە، بۆیە ناتوانێ داوای هیچ بكات، بەڵام هەقە هەر كەسێكی ئابڕوومەندی، بە هەڵوێستی، مرۆڤدۆست یارمەتی بدات. ئەم بارە قورس وكوشندەیە لەسەر شانی لابدات. لە قالو بەلاوە هەر خەڵكانی ئازاد دژایەتی كۆیلەداریان كردووە نەك كۆیلان!

هەستێكی هەڤدژ لەلای پیرە كوڕ چێبوو. لە لایەكەوە قسەكانی یارۆی گەنجی پێخۆشبوو؛ چونكە ئەگەر تەرازووی عەدالەت و دادپەروەری لەم وڵاتەی ئەمدا، بە دروستی كاری بكردایە، هیچ تەگەرەیەك ڕێگەی لە بەردەوام بوونی خوێندنەكەی نەدەگرت و لە ژیانا بە هەموو ئاواتێكی خۆی دەگەیی. لە لایەكی ترەوە بەهیچ جۆرێ لەگەڵ بۆچوونە گەرم وگوڕ وپڕجۆش وخرۆشە جڤاكییەكانی ئەودا نەبوو، قەناعەتی وابوو، ئەو بابەتە، خەمی ڕۆشنبیر نییە، چاو، عەقڵ ولۆژیك و سۆفیگەری و ئەدەب، كەخەم و ئەركی ڕۆشبیرە! ناكاتە هیچ! كە تووندی قسەكانی پارێزەرەكە و متمانە بەخۆییەكەی ئەوی بیركەوتەوە، غروور و كبریای هاتە جۆش و بەسەریدا زاڵ بوو وبەتووندی گوتی:- ئەگەر جووتیار شایستەی لەوە زیاتر بایە كە هەیەتی، وەری دەگرت، ماف هی ئەو كەسەیە بتوانێ وەری بگرێ، لەمە بترازێ تەنیا قسەی ڕووتە!

یارۆی گەنج بە تووڕەیی چاویلكەكەی لەسەر چاوی توند كرد. بەڕاوێژێكی سەیر گوتی:- مامۆستا تۆ لە هەوادارانی نیتشەی؟!

لا حەولە وەلا، نیتشە دەكاتە كێ؟.. یانی نابێ كەسێك ڕەئی خۆی هەبێ و، خێرا بدرێتە پاڵ فەیلەسووفێكی كۆنی ئەوتۆ، كە كابرا هەر ناویشی نەبیستبێ؟ تەنانەت ئەگەر ئەو ڕەئییە زادەی هەڵچوون و تووڕەییش بێ؟

ئەدی چۆن بەرسڤی شەیتانی کینە لەدڵ بداتەوە؟.. عەقڵ فریای کەوت و خستیە سەر ڕێگەیەک وای وێنا کرد کە لەو داوەی ڕزگار دەکات کە نەیارەکەی بۆی نابووەوە! ئەوسا بە ڕاوێژێکی هەندێ نەرم گوتی:- مامۆستا ڕاشد، تۆ من ڕادەکێشیتە ناو هەندێ باسەوە کە بەلای منەوە ناکاتە هیچ! گرینگ نییە!

-ژیانی تۆ ناکاتە هیچ، گرینگ نییە؟!

- واز لە جووتیار بێنە بۆ خۆی یان بۆ ئەوانەی خەمی لێدەخۆن. هیچت دەربارەی ئەرەستۆ خوێندووەتەوە؟... هیچ دەربارەی فەلسەفەی ئۆلی ئیخوانوسەفا دەزانی؟.. زانستە مەعنەوی عیرفانیەکانت خوێندووەتەوە؟

شوێنەواری ناڕەحەتی بە ڕوخساری یارۆی گەنجەوە بەدیارکەوت وگوتی:- ڕەوشی مە، وەکو ڕەوشی ئەو کەشتیوانەیە، کە کەشتیەکەی بە کەنداوێکی تەنگدا دەڕوات، گەرداو وتۆفان لێی دەدات، پڕ دەبێ لە ئاو، لەگەڵ شەپۆلاندا بەرزو نزم دەبێتەوە، جارێ بە چەپا و جارێ بە ڕاستا خوار دەبێتەوە، چوارچێوە و بۆدیەکەی لەق دەبێت، ئایا لەم حاڵەدا، کاپتنەکە مافی ئەوەی هەیە، سووکانەکەی بەربدات و بە ئومێدەوە بڕوانێتە ئاسۆ؟!.. ئێمە حاڵی حازر خەریکین بە بەنداوی مەرگا تێدەپەڕین، هەزار ویەک کێشە وئاریشە دەوری داوین. با بیر لە چارەسەرەی ئەو کێشانەمان بکەینەوە. دروستە بورجێن عاجی لەزەتی خۆیان هەیە، خۆشن، بەڵام دەبێ تا ماوەیەک بەگژ خۆپەرستیەکانماندا بچینەوە.

-تۆ بۆ ئەوەی خەڵکانی نەگبەت وکڵۆڵ لە قوڕاوی حەیوانییەت ڕزگاربکەی دێی قوربانی بە ئینسانیەتی ڕۆشنبیران دەدەی و ڕوحیان دەکوژیت!

- گوتم تا ماوەیەک.. لەبیرتە لە دەورانی شەڕەکەدا، چۆن زانایان لە ئابڕوومەندترین خەڵکەوە گۆڕان بۆ جۆرە تاوانکارێک؟

- بەهەرحاڵ، تۆش هەندێ خەیاڵ و خوێندنەوەو ڕامانی خۆت دەربارەی فەلەک وئەتۆم هەیە!

ئەحمەد ڕاشد – بۆ یەکەمجار – بەدەنگی بەرز پێکەنی، گروپی یاریچیەکان ئاوڕیان دایەوەو تەمەشایان کرد. وەستا نونو گوتی:- ئەگەر شتێک هەیە مایەی پێکەنین بێ، با ئێمەش بیزانین!

ئەو جووتەی خەریکی گەنگەشە بوون، بێدەنگ بوون تا یاریچییەکان گەڕانەوە سەر یارییەکەیان، ئەوسا پارێزەرەکە گوتی:- بۆ خەبات لە پێناوی هەقدا پێویستمان بە چەکی زانستە نەک بە خەیاڵ پلاوان، بۆ ڕزگار بوون و ئازادی خود لە کۆت و بەندی خەیاڵ و تورەهاتان پێویستمان بە چەکی زانستە، وەکو چۆن ئاین و ئۆلان لە بتپەرستی ڕزگاریان کردین، زانستیش دەبێ لە ئاین و ئۆلان ڕزگارمان بکات؟

کە قسە و باسەکەیان گەییە ئێرە، سلێمان بەگ عەتە، وەکو عادەتی هەمیشەی، کە دەدۆڕا، توورە دەبوو، لەگەڵ سەید عارفا بەیەکدا هەڵشاخین، زۆری پێنەچوو کۆمەڵێک لە ئەهلی یاری و قومار لە دەوریان خڕبوونەوە و بەو جۆرە باس و بەسەرهاتی ڕۆژی یەکەمی مانگی ڕەمەزان، بەنیوەچڵی پچڕا.

***

ئەحمەد عاکف، سەعات دوازدە و نیو، بە نیازی ڕۆشتنەوە هەستا، وەستا نونوش لەگەڵ ئەوا هەستا وگوتی:

-دەچم بۆ ماڵەوە پاڵتۆیەکەم دێنم، چونکە لە بەرەبەیاندا دنیا ساردتر دەبێت.

پێکەوە ڕۆیشتن. لە ڕێگادا نونو لە ئەحمەد عاکفی پرسی:- بۆچی تا بەرەبەیان لەگەڵ مەدا نامێنیتەوە؟

پیرەکوڕ، بە ساردییەوە بەرسڤی دایەوە:- من لە سەعات دوازدەوە تا بەرەبەیان خەریکی خوێندنەوە دەبم!

-کتێبان دەخوێنیتەوە؟

-بەڵێ. ئەگەر کتێب نەخوێنمەوە چ بکەم؟!

- جا ئەم خۆ ماندووکردنە لەپای چی؟

ئەحمەد عاکف، بزەیەکی هاتێ وگوتی:- حەز وهیوایەتە وەستا نونو!

-خۆ هیوایەت وحەز دەبێ سوودێکی هەبێت: باشە کتێب تەمەن درێژدەکات؟! نەخۆشی دوور دەخاتەوە؟!.. قەزا و قەدەر دەگێڕێتەوە؟!. نەگبەتی و کوێرەوەری لادەبات؟!. گیرفان پڕدەکات؟!

ئەحمەد، کە هێشتا بسکەی سمێڵی دەهات، غروور و ڕوحزلیەکەی بۆ هاتەوەو بە شادییەوە گوتی:- ئاخر گەرەکمە خۆیشم کتێبێک بنووسم!

-دەها خراتر، باشە تۆ ڕۆژنامەنووسی؟

- وای دابنە، گوتم بەڵێ.

- مەحاڵە!

- بۆچی؟

- تۆ لە بنەمالەیەکی خانەدانی!

ئەحمەد، قاقایەکی ئەوتۆی لێدا، کە هەرچی ڕقێکی شەوێ لە سینەیدا کەڵەکە بووبوو، دەرپەڕییە دەرەوە. گوتی:- بەڵام بەتەمام کتێبێک بنووسم.

-کتێب لە دونیادا لە بەشەر زۆرترە. کتێبفرۆشیەکەی حەلەبیت، ئەوەی ژێر یانەی میسریت نەدیتووە؟! خودایا چەندی کتێب تێدایە، ئەگەر بە تەنیشت یەکەوە ڕیز بکرێن، لە خوێندکارانی ئەزهەر زیاترن، وێڕای ئەمەش، خۆت بۆ ئەوە ئەزیەت دەدەی تا کتێبێکی دی بخەیتە سەر ئەو هەموو کتێبە؟!

-بەڵێ.. بەڵێ.. هەر کتێبە وسوودی خۆی هەیە.

- من حەز و هیوایەتێکی ئاسان و بێ سەریەشە و ماندووبوونت نیشان دەدەم.

- چییە؟

- نازانی چییە؟ مەزنەی لێبدە.

- نایزانم وەستا.

- پێی دەڵێن سەرگەرمی ڕەمەزان و شادی زەمانە!

- ناوی چییە؟

- خۆی له ئەرزه و لەوەڕگەی له سەر هەورانه.

- عەجایەب!

- ئەوی تێی بکەوێ یان دەکەوێته زندان، یان دەگاته کورسی سوڵتان!

- شتی واهی له دنیادا نییه!

- وەزیر و فەقیر حەزی لێدەکەن.

- بەو ڕادەیە؟

- سوکنایی خەمباران و خواردنەوەی شادومانانه!

- زۆر حەز دەکەم بزانم چییه!

- بچووکە، بەڵام بەسوودە.

- ئەمە جادووە!

- له وڵاتی فیلەوە بە دیاریی هێنراوە بۆ خەڵکی نیل!

- بەڕاستته؟

- ناوی حەشیشت بیستووە؟

پیرەکوڕ، لەو وشەیە ترسا، وەستاکە دەیویست هانی بدات، بە پێکەنینەوە گوتی:- بە قسەم بکە! دنیا پڕە له شتانێ کەله کتێب خۆشترن.

ئیدی خولیای کەوتە سەرو پرسی:- له کوێ هەیە؟

-شوێنەکە له خزمەتودایە، ئەگەر قاییل ببی و مشەڕەفمان بکەی!

- ئەدی له پۆلیس ناترسیت؟

- دەزانم چۆن خۆم له داویان دەربازبکەم!.. چی دەڵێیت؟

ئەحمەد بەدەم بزەیەکەوە گوتی:- زۆر حەزم لەم هیوایەتە نییه.. سوپاس وەستا!

***

کە گەییەوە ژوورەکەی خۆی، قسە وسوعبەتەکانی نونوی فەرامۆش کرد، ئیدی سەرو سیمای خەمناک و جۆش وخرۆش وجوڵە زبرەکانی ئەحمەد ڕاشدی هاتە بەرچاو، زۆر تووڕە بوو، غرووری هاڕوژاو ڕقی هەستا، بەنیگەرانی لەخۆی پرسی، چۆن له دنیای زانستێن مودێرن دابڕاوە؟.. چۆن فریا بکەوێ و قەرەبووی ئەو شتانە بکاتەوە کە لە دەستی چوون؟!. کەی دەتوانێ بەرهەمەکانی فرۆیدو مارکس وەکو بەرهەمەکانی ئیخوانوسەفا و ئیبن مەیموون بخوێنێتەوەو باسیان بکات؟! زۆری بیر لەمە کردەوە، نەیدەتوانی تەرکیز له سەر خوێندنەوە بکات و زەینی بداتێ، بەڵام سەری بەسەر کتێبەکەیەوە بوو، سەری له سەر هەڵنەدەبڕی،

خووی بە خوێندنەوەوە گرتبوو، ئەگەر بە حەواس پەرتیش بوایە، هەر دڵی پێخۆش بوو، وای هەستدەکرد وەختەکەی بە فیرۆ وبەدەر لە ڕۆشنبیریی لێنەڕۆییوە، زۆر ڕژد بوو لەسەر خوێندنەوە. کات ڕۆیی و هێشتا غروور وکبریای لە عەزابدا بوو، لە ناکاوا بیرۆکەیەکی بە زەینا هات. وەکو شنەیەک دڵەی توورە و خرۆشاوی فێنک کردەوە، گیانێکی تازەی وەبەر کەوتەوە، دڵی خۆشبوو، ڕووی گەشایەوە. ژیان چەند خۆش و لەبەر دڵان دەبوو، ئەگەر شانس، یەغباڵ، ڕووداو وریکەوتەکان، خەڵک و خوا، وەکو ئەو جووتە چاوە درشت و جوانە، سادەیی و بێگەردیان لێ بتکابایە؟!.. ئەوسا- بە جۆرە سەرسامیەکەوە- بیری کەوتەوە کە مانگی ڕەمەزان، پەیوەندییەکی کۆنی بە دڵی ئەمەوە هەیە.

یەکەم داخورپانی عاشقانەی دڵی ئەو لە ڕەمەزانا بوو، ڕێک وەکو ئەوە بوو، بۆ یەکەمجار ڕوناکی دنیا بدینێ – هەستێکی سەیری لاچێبوو، جارێکی دی، هەرگیز بەو جدیەتە لە دڵیا دووبارە نەبووەوە. لە مانگی ڕەمەزاندا، ئاشنایەتی دەگەڵ ئەو کیژەدا پەیدا کرد کە بەدڵ دەیویست بیکات بە شەریکی ژیانی؛ بەڵام سەری نەگرت. ئەمەش ڕەمەزانێکی دیکەیە و ئەوەتا دڵی تەم ومژی سارد و تاریکی لەخۆی دەتەکێنێ تا پێشوازی لە تیشکێکی گەرم و گوڕو ڕۆحنەواز بکات. یەکێک بوو لەو کەسانەی کە باوەڕی وابوو، هەر ڕووداو و بویەرێک حیکمەتی لە پشتەوەیە. ئەگەر خەڵکانی دی، ڕێکەوتانیان، بە ڕووداوێکی بێمانا و ڕەوتەنی دەزانی، ئەو باوەڕی وابوو کە حیکمەتێکی پەنهانی تیایە. بۆیە چاوی بڕییە بەردەم خۆی، لە فکران ڕاچوو، برۆ تەنک ولێکدوورەکانی وێکهاتنەوە، دەمی داچەقی و بەوپەڕی شادییەوەو لەبن لێوانەوە ورتە ورتێکی کرد:" ئەی ڕەمەزان، چیت لە خۆتا پەنهان کردووە؟!"

(( ١٢ ))

بولێلی ئێوارەی ڕۆژی دووەم بوو، بە گورجی هەستا، چووە بەر ئاوێنەکە تا ڕدێنی بتاشێت. عادەتی وابوو هەفتەی دووجار تەراشی دەکرد، بەلایەوە گرینگ نەبوو خەڵکی بە ڕدێنی هاتووەوە بیدینن، ئیدی لێبڕا ئەو عادەتە تەرک بکات، لە ئێستا بە دواوە، ڕۆژ نا ڕۆژێ ڕدێنی بتاشێ.

کە تەواو بوو، دیزداشەیەکی خاوێنی لەبەرکرد وکڵاوێکی زۆر سپی لەسەر نا- تا سافیەکەی سەری – بشارێتەوە. ئەوسا لە قەراخ تەختە خەوەکەی ڕۆنیشت وبە دوودڵییەوە تەمەشایەکی پەنجەرەکەی کرد. مەسەلەکە تەنیا ڕدێن تاشین یان لە سەرکردنی کڵاوی سپی نەبوو. دەبوایە لە خۆی بپرسێت سەدەمی ئەم تاسەیە و ئامانجی ئەم گۆڕانکاریە چییە. ئایا ئەمە لە خۆڕا و بەبێ بیرکردنەوە و هزرین ڕووی دەدا؟.. بەڕاستی بەتەمای چی بوو؟ دوور نەبوو ئەمەی کە ئەمڕۆ وەکو گاڵتەیەک دەهاتە بەرچاو، سبەی بووبوایە بە هەڵوێستێکی جدی، هەرچەندە دەبوایە بێ بەختی و ڕابردووی خەمناکی خۆی ژبیربکات. باشتر نەبوو پەنجەرەکە دابخات و چاوپۆشی لە دیتنی ئەو بکات، کە وای وێنا دەکرد دوای کردنەوەی پەنجەرەکە دەیبینێ؟!

بەهەرحاڵ، ژیان گوێی لەم جۆرە لۆژیکە نییە، گوێ بە حیکمەت و لێکەوتەکانی نادات. لە تینوویەتی و عەزرەتا دەسووتا. جارێکی دی هەستا، لێبڕان و جدییەت بە سیمایەوە دیاربوو، چووە بەر پەنجەرەکە، کردییەوە، هەردوو ئانیشکی خستە سەر قەراخی پەنجەرەکە و چاوی بڕییە خوارەوە، ئەوسا بە کاوەخۆ چاوی بەرزکردنەوە، تا گەیینە ئاستی بانێژەکە. لاقی کورسییەکەی لێ بەدیارکەوت، چمکی ئەو شاڵەی کە دوێنێ ئێوارە، کیژەکە مژوولی چنین و گوڵدۆزی بوو، بە پایەکانیا شۆڕ بووبووەوە. بەڵام شەرم دایگرت و وەکو منداڵ سەری داخست!.. لە کاتێکا سەری داخستبوو، هەستی دەکرد کیژەکە بە چاو سەری کون دەکات. ترسا،

بەرلەوەی فریابکەوێ و تێر تەمەشای بکات، ئەو دەرفەتەی لەدەست بچێت، قیروسیای کرد وسەری هەڵبڕی، سەیری کرد کورسییەکە خاڵییە و شاڵەکە بەسەریا کەوتووە. تۆ بڵێی کاتێ پەنجەرەکەی کردەوە لەوێ بووبێ و پاشان بە کارێک ڕۆیی بێ؟ یان پێشتر لەوێ نەبووە؟ بەهەرحاڵ، زۆر ناڕەحەت و نیگەران بوو، تەواو سارد بووەوە، زۆر ترسا ڕۆژ ئاوا بێ و نەیبینێ، ئەگەری ئەوەی کە لەگینە سبەینێ بیدینێت، قەرەبووی ئەم خەسارەتەی ئەمڕۆی بۆ نەدەکردەوە. خۆی ئامادە کردبوو کە کیژەکە لە باشترین شێوەدا بدینێت، بەڵام نە ڕدێنی و نە کڵاوەکەی و نە دیزداشەکەی سبەینێ، وەکو ئەمڕۆ نابن، کەواتە خەیاڵ پڵاوەکەی کەڕووی هەڵهێنا؛ چاوە ڕەشەکەی کاڵ بووەوە، ماندوو بوونەکەی بەفیڕۆ چوو، بە نائومێدی سەری داخست، بەڵام لە دوا دەمی بەرلە گرمەی تۆپی بەربانگ، لە بانێژەکەوە گوێی لە دەنگی جووڵەیەک بوو، بلەز سەری هەڵبڕی، سەیری کرد کیژێ بەپەلە هات، ئەوسا بینی بەسەر کورسییەکەدا دانەوییەوە تا شاڵەکە هەڵگرێ و کۆی بکاتەوە، بۆ ساتێک نیگایان لەیەکدی هەڵەنگوت، ئەوسا کیژێ ڕاست بووەوە، پشتی کردە ئەم و بە هەشتاو چوو بۆ ژوورەوە. ئەوەندەی بەس بوو، ئەگەر کیژێ لەوەی پتر لێی ڕوانیبا، دەپەشۆکا و شەرم دایدەگرت.

بەڵام بەهەمان خێرایی کە دڵی برد، نیگاشی برد، ئیدی لەوە بەدواوە ساتەکانی زەردەپەڕی ئێواران، بۆی بوون بە ساتی سەرڕێژ لە ئومێد وخۆشی، پوختە ومانای ڕۆژەکە. ئەحمەد، ئەوەندەی بەس بوو، کە چاوانی لەو سادەیی و بێگەردییە پاراو بکات کەلە چاوە درشتەکانی کیژێوە دەتکان و، باقی ڕۆژەکە، شاد وکەیفخۆش، بەیادی ئەو چاوانەوە بەسەر بەرێ. ئیدی دوومەلێڵ لە دووی بومەلێڵ دەهاتن و دەچوون، چاوەکان بەرەبەرە بە دیداری خۆشتەڤی یەکدی ڕاهاتن، لێ ئەحمەد هێشتا شەرمی نەشکابوو، چاوەڕوانی ئەو ساتە خۆشە بوو، کە بە کامی دڵ تەمەشای ئەو چاوانە بکات، کە دەتگوت خاوەنەکەی بەتەمای هەڵاتنە!..

سیما وڕوخساری کیژێ، بە چاوە گەش و جوان و نیگا سادە و بێڕیا و بێگەردەکانیەوە، لە خەیاڵدانیا بەرجەستە بووبوو، چاوانێ کە نیگایان پرسیار و قابیل بوونیان لێدەبووەوە، هەرچەندە جوانیەکەیان، جۆرە ناسکی و گەرم و گوڕییەکی پێدەبەخشین.

ئێوارەیەک دوای نانی شێوان، بەنیازی چاخانە، لە ژوورەکەی وەدەرکەوت. زەنگی دەرگای دەرەوە لێدرا، چوو دەرگاکەی کردەوە، تەوحیدە خانم و نەوالی کیژی بینی!.. بەسەرسامی و پەشۆکاوی کەوتە تەمەشاکردنیان، لە خۆشیا دڵی کەوتە لێدان. ئەوسا وەخۆهاتەوەو لە بەردەمیانا لاکەوت و بە لێوە لەرزێ گوتی:- فەرموون.

دایکی گازکرد کە بە پیر میوانەکانەوە بێت و، بە خۆی هایم و حەیران وەدەرکەوت وڕۆیی. داکی نەوال، هەستی بە پەشۆکانەکەی کرد، باوەڕی نەدەکرد، پیاوێک لەو تەمەنەدا، بەو ڕادەیە لە هەنبەر دوو ئافرەتدا، بپەشۆکێ و شەرم بکات. ئەحمەد، سەر مەستانە بە قاڵدرمەکاندا داگەڕا، چونکە زۆر چاکی لەبیر بوو کە کیژێ بزەیەکی بەڕوویدا دابوو، و ئەمیش بە ناسکە بزەیەک وەڵامی دابووەوە. ڕەنگە بزەکەی ئەو، بزەی میوان بووبێ بۆ خانەخوێیەکەی، یان بزەی شەرم و پەشۆکان بووبێ، یان پاداشتی ئەو هەموو ڕاوەستان و چاوبرکێیە بووبێ، کە ئەم یەک هەفتە یان زیاتر بوو، هەموو زەردەپەڕێکی ئێواران، لەبەر پەنجەرەکە دەوەستا و تەمەشای دەکرد. هۆیەکەی هەرچییەک بووبێ، بزەیەکی شیرین بوو، تاسە و حەسرەتی بیست دانە ساڵی لە دڵیا زندوو کردەوە. یەکسەر بۆ قاوەخانەکە نەڕۆیی، تا دەرفەتێ بەخۆی بدات، کەمێک ڕابمێنێ و دەبیرەوە بچێ. یەکێک بوو لەو خەڵکانەی کە شتێک زەینی مژوول دەکرد، حەزیدەکرد پیاسە بکات. ڕووی کردە سکەی تازە، شاد و خۆشحاڵ ڕێی دەکرد، نها گەیی بووە ئەو شادی و خۆشحاڵیەی بە ئاواتی دەخواست. نە

کابرایەکی قۆز بوو، نە بە بەخت و یەغباڵ، لە دنیادا نەگبەتی وناکامی زۆری دیتبوو، بۆیە خواخوای بوو، ئەگەر بە هەڵە وبە درۆ وبە خۆخاپاندنیش بووە، سەعاتێک بە شادی بەسەر بەرێت.

دەیویست، لە ڕوانگەیەکی تازەوە بەختی خۆی تاقیبکاتەوە، تا بزانێ لە کوێی ئاواتە بەدی نەهاتگەکانیا وەستاوە و ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ئەزموونێکی تازە دووبارە بکاتەوە. وای هاتە بەرچاو، دوای ئەوەی هەموو ئەرکەکانی خۆی ئەنجام دا، گەییوەتە ئازادی خۆی. ئایا باری ژیانی لە سەرشانی بابە بێکارەکەی لانەبردبوو؟ ئایا فریای ماڵباتە لێقەوماو نەگبەتەکەی خۆی نەکەوتبوو؟ ئایا مەسرەفی براکەی تا گەورە بووبوو و لە خەم ڕەخسابوو، نەکێشابوو؟.. کەواتە هەقی خۆی بوو، بیر لە خۆی و بەختەوەری خۆی بکاتەوە و لەوە بەدواوە، باری گران و دژواری گوزەرانی ماڵباتەکەیان، بە ملی براکەیدا بدات! باوەڕی نەدەکرد هیچ کەسێکی ماڵباتەکەیان گلەیی ئەم کارەی لێبکەن، چما چەندجار دەژیا؟!.. بەدەم خەیاڵەوە، هەستی بە شادی و سەرکەوتن دەکرد. لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە، لە سەندووقی تەوفیردا، بڕە پارەیەکی باشی پاشەکەوت کردووە، هەرچەندە لەچاو زۆری مودەتی خزمەتەکەیدا، بڕە پارەیەکی کەم بوو؛ بەڵام سەبارەت بە شێوەو شەکڵی، مەرج نییە پیاو جوان بێ، پیاو جوانی ناوێ، مەرج نییە قۆز بێ!.. دەیتوانی – وەکو ئەمڕۆ – کەمێک دەست بە خۆیدا بێنێ و سەرباری لاوازی و ڕەنگ زەردی و سەرەسافەکەی، ڕوخسارێکی برێک پەسند پەیدا بکات. خۆزیا چاکەت و پانتۆڵێکی تازەی بە دروون دەدا و، تەڕبوشێکی تازەی دەکڕی و تەڕبوشە کاڵەوە بوو و چرچ و لۆچەکەی لە کۆڵ دەکردەوە؛ بەڵام ئیدی پیر بووبوو!. تەمەنی چل ساڵ بوو، بەڵام کیژەکە هەر بیست ساڵان دەبوو!... ئەم جیاوازی تەمەنە تەگەرە و کۆسپێکی هێندە گەورە بوو، مەگەر تەنیا پەڕجوو لای ببردایە، جا پەڕجووی لە کوێ بوو؟!..

بۆ یەکەمین جار، لە دوای ئەوەی دەرگای شوقەکەی بۆ ئەو جووتە ئافرەتە میوانە کردبووەوە، دڵی تەنگ بوو، گومان و دوودڵیەکانی خۆی سەبارەت بە جازبیەت وتوانا سێکسیەکەی خۆی بیرکەوتەوە، چارەی دابەیەکدا، ڕووی گرژ بوو و سەرمەستیەکەی ڕەوییەوە. لە – تاریکی ڕێگاکەدا – چارەی خەندان و ڕووخۆشی کیژەکەی هێنایەوە بەرچاوی خۆی، بەدەم خوتە و بۆڵەوە و لەبن لێوانەوە گوتی: " کە ساویلکە وکاڵفامە!" تاقە شتێ کە بیری لێنەکردبووەوە و بەبیریا نەهاتبوو، ئەمە بوو کە دەستی بۆ ئەو ژیانە نەبردبوو، کە لە دڵی گەڕابوو، تا بیخنکێنێ، تا ئەگەر بە مردنیش بووە، ئارام بگرێ. لێبڕا، ڕێگە بە ژیان بدات، ڕێڕەوی خۆی تەی بکات، تا بزانێ لە پشت پەردەی ژیانەوە، چ شتێ چاوەڕوانیەتی. بەهەرحاڵ، هەرگیز حاڵی لەو ڕۆژانە خراتر نەدەبوو کە ڕۆژگار دژایەتی دەکرد. لە گەڕانەوەدا لە خۆی دەپرسی ئایا عەشق و ڤیان هەر هەمان کول وکۆڤان نییە کە ئەو پێوەی دەتلێتەوە؟!.. ئایا هەمان تاسەی گۆنگ نییە کە لە ناخەوە هەڵدەقولێت؟.. ئایا جگە لەو سۆزەی کە لەگەڵ هەر هەناسەیەکدا، پارچەیەک لە جەرگ و دڵی دەبات، هیچی ترە؟.. ئایا جگە لەو شادیە ئاسمانیەی کە گیان و دنیا پێی خۆشحاڵ دەبن هیچی دیکەیە؟ ئایا جگە لە تاسەی نەگەڕانەوە بۆ ناکامی و تەنیایی وترس هیچی دیکەیە؟.. ئایا جگە لەوەی ئەو ڕوخسارە جوان و سادەیە، لە دڵیا ئاکنجی ببێت و ببێ بە خۆراکی خەونەکانی و سەرچاوەی ئازار و ئاواتەکانی هیچی ترە؟.. بەڵێ ئەوە ڤیان و عەشقە، بەخۆی شارەزایە!

بۆ زەهرە گەڕایەوە. سەیری کرد برادەرەکانی لە دەوری یەکدی ڕۆنیشتوون وچای دەخۆنەوە. محەمەدی مێرمنداڵی بینی لەلای بابیەوە دانیشتووەو چاو بە دەروربەردا دەگێڕێت. بە دیتنی ئەو دڵی ڕوون بووەوە –

ئەو سەفیری عەشقەکەی بوو – لە شوێنە هەمیشەییەکەی خۆیدا ولەلای ئەحمەد ڕاشدەوە ڕۆنیشت، کەوتە گوێگرتن لە سەید عارف، کە بە جۆش و خرۆشەوە قسەی دەکرد و دەیگوت:- ئەڵمانەکان سوود لە چرە تەمتومانی پایز دەبینن و لە کەناراوەکانی ئینگلتەرادا دادەبەزن و کۆتایی بە شەڕەکە دەهێنن.

کەمال خەلیل، بەدەم نەرمە پێکەنینێکەوە کە کەسی بێزار نەدەکرد پرسی:-  وەکو چۆن هیس دابەزی؟! ***( رودلف والتر ریچارد هیس، لە ١٨٩٤/٤/٢٤ لە دایک بووە و لە ١٩٨٧/٨/١٧ لە ئەسکەندەرییەی میسر مردووە. ئەم پیاوە یەکێک بوو لە کادیرە دیارو کاریگەرەکانی حیزبی نازی؛ حیزبی ناسیونال سوسیالیستی کرێکارانی ئەڵمان و بە یاریدەدەری هیتلەر دەژمێردرا.پێش هێرشی ئەڵمانیای نازی بۆ سەر سۆڤیەت، هیس بە تەنیا فڕۆکەیەک بۆ سکۆتلاند ڕۆیی، هەندێ هەوڵی بۆ بەرقەراری ئاشتی لەگەڵ بەریتانیادا دا، بەڵام پێش ئەوەی فریا بکەوێ بەریتانییەکان، تەقەیان لە فڕۆکەکەی کرد و هیس ناچار بوو، بە پەرەشووت خۆی هەڵداتە خوارەوەو دەستگیر کرا و لە پاش جەنگ لە دادگای نورنبرگ دادگایی کراو حوکمی هەتاهەتایی بۆ بڕایەوە و هەموو تەمەنی لە زندان بەسەر برد. بۆچوونی جیاواز لە بارەی پەروازی  هیسەوە بۆ بەریتانیا هەیە، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە خیانەتی لە هیتلەر کردووەو بە نیازی دان وسانی ژێراوژێر ڕۆییوە، بەڵام نازییەکانی ئەو سەردەمانە و نیونازیەکان، ڕژدن لەسەر ئەوەی کە رودلف هیس، لەلایەن حیزبی نازیەوە، بەمەبەستی دان و سانی ئاشتی بەرەو بەریتانیا نێردراوە. هیس لە نک نیونازیەکان ڕێز و حورمەتێکی تایبەتی هەیە. )***

سەید عارف، بێئەوەی گوێ بە قسەکانی ئەو بدات، لەسەری ڕۆیی: - ئینگلیزانی لەخۆبایی، کاتێ بە خۆ دەزانن، کەوتوون و لێبوونەتەوە.

ئەحمەد ڕاشد پرسی:- ئاخر ئەڵمان چۆن دەتوانێ بەسەر ئینگلتەرادا سەربکەوێ، لە کاتێکا سەربازەکانی، لە ڕووسیادا، لە شەڕێکی ترسناک ودژواردان؟!

-فوهرەر، سوپایەکی تایبەتی بۆ غەزووی ئینگلتەرا ئامادە کردووە، ئەگەری ئەوە هەیە ئینگلتەرا لە پیش ڕووسیادا بکەوێ، ئەگەر هەر دووکیان پێکەوە نەکەون!

ئەحمەد ڕاشد گوتی:- وادیارە تۆ حەقیقەتی ڕووسیا ناناسیت، ڕووسیای سۆسیالیست، لە ڕووسیای تزاری جیایە. گەلی سوسیالیست یەکپارچە ئیرادە و باوەڕن، لە پۆڵا پۆڵاترن، ڕەنگە سووکە پاشەکشەی تاکتیکی بکەن تا خۆ ڕێکبخەنەوەو نەفەس تازە بکەنەوە، بەڵام هەرگیز چەک دانانەن وڕادەست نابن.

-ئەدی عەماری ژمارە سیازدە؟!

وەستا نونو، هەر دوو دەستی هەڵگڵۆفت و گوتی:- ئەوە کۆگای ئەو حەبانەیە کە تۆ پێویستتە.

ئەحمەد عاکف پرسی:- باشە ئەگەر ئەوەی دەربارەی ئەم عەمارە دەگوترێ، ڕاستە، بۆچی سوودی لێ نابینن، بەکاری نایەنن؟

-چونکە بەزەییان بە تیرەی بەشەردا دێتەوە، فوهرەر، پەنا ناباتەبەر ئەو کۆگا و عەمارە ترسناکە، مەگەر خوا نەکردە، کاتێ کە بزانێ بە تاکتیکی شەڕی ئاسایی سەرکەوتن بەدەست نایەنێ، پەنای بباتێ!

لێرەدا وەستا نونو، بە چەپڵەیەک، پێشخزمەتەکەی ئاگادار کردەوە و گوتی دۆمینەکەیان بۆ بێنێ، وەکو ئەوەی لەو قسە و باسانە بێزار بووبێ گوتی:- نەفرەت لە بابی هەردوو لایان، نە ئەڵمان دایکمانە نە ئینگلیز باوکمانە. شەیتان بەینیان بکات، سەریان بە قەبری ئابا وئەژدادیان.

ئیدی بە هاوارەکەی وەستا نونو، گەنگەشە وقسە وباسەکە بڕایەوەو یاری دەستی پێکرد. زۆری نەبرد کە عاکف، خۆی بە تەنیا لەلای یارۆی پارێزەرەوە بینییەوە. حەزی لە قسان نەبوو، بیری لەوە کردەوە کە بۆ ماڵ بڕواتەوە، بۆ ئەو شوێنەی کە نها نەوال و دایکی لێبوون.. بڕواتەوە چ بکات، مەگەر خۆی لە ژوورەکەی خۆیدا حەپس بکات؟ لە کاتێکا لە سێ و دووی دڵی خۆیدا بوو، لە ناکاوا گوێی لە پارێزەرەکە بوو کە بە ڕاوێژێکی ئامێرانە بە کوڕیژگەکەی گوت: - محەمەد، وەختی ئەوە هاتووە بڕۆیتەوە بۆ ماڵێ وخەریکی دەرس ودەور بی!

کوڕیژگەکە، دەستەپاچە بزەیەکی بۆ کرد، هەستایە سەر پێ و بە هەشتاو لە قاوەخانەکە وەدەرکەوت و بەرەو ماڵ بووەوە!.. ئەحمەد عاکف سەری لە تۆنە ئامێرانەکەی پارێزەرەکە و گوێڕایەڵی کوڕیژگەکە سوڕما؛ تۆنێ کە نە باوکانە بوو نە دڵسۆزانە و میهرەبانانە.

یارۆی گەنج، هەستی بە سەرسامیەکەی ئەحمەد عاکف کرد وگوتی:

-کیژان لە خوێندن و سەعی کردنا زۆر لە کوڕان باشترن. خوشکەکەی ئەم کوڕە، زۆر زیرەک و گوێڕایەڵە، بەڵام ئەم کوڕە دەرسەکەی لەلا بووە بە ژەهری مار، خۆی لە سەعی کردن دەدزێتەوە و هەزار ویەک بیانوو بۆ خۆ دزینەوە دەدۆزێتەوە!

پێی سەیر بوو، کە ئەم یەکەڵە چاوە، بەو پرکێشی و ئازادییە باسی ئەو کیژە دەکات؟ لە ناخا شتێکی بەبیرا هات کە سەرودڵی گرت، لێی پرسی:- تۆ دەرسی تایبەتیان پێ دەڵێیتەوە؟

یارۆی گەنج، سەری ئەرێی بۆ لەقاند!.. ئەحمەد عاکف، زۆر پەست بوو؛ ناچار بوو بزەیەکی دەستکردی بۆ بکات، تا پەستیەکەی بە ڕوخساریەوە دەرنەکەوێت.

ئایا ئەم یەکەڵە چاوە وەکو مامۆستا لە تەنیشت کیژەکەوە دادەنیشێت؟ ئایا دەرسی پێ دەڵێتەوە و داوای لێدەکات وانەکان ئەزبەر بکات؟ ڕەنگە هەندێجاریش تووڕە ببێت؟!.. ئایا هەندێجار بەتەنیا لەگەڵیا نامێنێتەوە؟.. ئایا هەندێجار بە چاوێکی ترەوە، نەک بە چاوی مامۆستاوە سەیری ناکات؟.. ئەدی کیژەکە چۆن تەمەشای ئەو دەکات؟.. گەنجێکی ڕۆشنبیرە و ئایندەیەکی باشی لەبەردەمە، نە ناشیرینی و مۆنیەکەی و نە چاوە شووشەکەی، کێشە نییە، هیچ عاکفێک، لەوە باشتر نابێ ئەگەر خراپتر نەبێت، بەلای کەمەوە، لە ڕوانگەی خەڵکێن ڕەشۆکی و بێ سیواتەوە. باشە لە ئێستاوە، کە هێشتا شەڕەکە دەستی پێنەکردبوو، دیشکەمی لێبکات و مەیدان چۆڵ بکات؟ پیاوی ئەم جۆرە شەڕ و ڕکابەریانە نەبوو، بوێری پرکێشی و مەیداندارى نەبوو، بەپێچەوانەوە، هەر زوو ترسی لێدەنیشت و بە شەرمەوە، دیشکەمی دەکرد و دەیقوچان.. لەهەر تەنگانە و کێشەیەکدا، نازدارییەکەی لێ بەدیار دەکەوت. تووشی هەر هەڵەیەک یان شکستێک بوایە، بەدڵی شکاوەوە، بەسەر خۆیدا کڕ دەکەوت و ئازارەکانی خۆی کاوێژ دەکردەوەو دەکەوتە گلەیی وگازن لە بەخت وناوچەوانی شووم، کە لێی نەدەبووەوە. خۆ ئەگەر ڕۆڵی نێرینە لە عەشق و ڤیاندا ئەوە بوایە تاقیب بکرێ و داوای لێبکرێ، نەک تاقیب بکات و داوا بکات، بۆ ئەو زۆر خۆش و ئاسان دەبوو، بەڵام مەسەلەکە نەک وانەبوو، بەڵکو

دەقاودەق بە پێچەوانەوە بوو، عەشق و ڤیان مێرانی ولێزانی وغیرەتی دەویست، ئیدی چۆن دەیتوانی ئومێدی سەرکەوتنی هەبێت؟ خۆ ئەگەر ئەو شتانە بەدەستی خۆی بوایە، بێ چەند و چوون دەستبەرداری لاف وگەزافە ڕۆشنبیریی و بەهرەمەندییەکەی دەبوو و دەبوو بە کەسێکی عاشق پیشەی لە زەبر و پیاوێکی سەرنجراکێش! بەڵام داری خۆزگە شین نابێ، بۆیە هیچی بەدەستەوە نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێ کە عەشق و ڤیان بە کێماسی بزانێ و ژن ببوغزێنێ و درێژە بە گۆشەگیری و تەنیاییە ترسناکەکەی خۆت بدات!

خۆی لە گەنگەشە وموناقەشەی ئەو گەنجە نارەسەنە بوارد و وای نواند گوێ لە ڕادیۆکە دەگرێ، تا گەنگەشەی لەگەڵدا نەکات، ماوەیەک بەسەر بێدەنگیەکەیاندا بووری و بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو. لەناکاوا دەنگی تووڕەبوونی سلێمان عەتە بێدەنگییەکەی شڵەقاند، سەید عارف تووڕەی کردبوو. لە بێدەنگیەکەیدا، بەدەم بیرە بە سوێیەکانی خۆیەوە خەیاڵە خەمناکەکانی خۆی وەردەدایەوە. ڕادەستی کۆمەڵێک حەزو ئارەزووی ئەهریمەنی ترسناک بوو، لە دڵی خۆیدا خۆزیای دەخواست قاهرە بەر بوردومانێکی بێ ئامان بکەوێ، داری بە سەر بەردییەوە نەمێنێ، هەمووی کاول بێ، بەشەری تیا نەمێنێ جگە لە دوو کەس؛ خۆی و چاوگەش!! هەنگێ دنیای بۆ تەخت دەبوو، بەبێ هیچ حەسوودی و ڕەکابەرییەک دەبوو بە هی ئەو!.. قاهیرەی داڕوخاو و کاولکراوی هێنایەبەر چاوە لێڵەکانی خۆی، کە تەنیا دوو کەس وێڵ و سەرگەردانی تیا مابوو، ئەویان ترساو و تۆقیو بۆ ئەم دەگەڕا و پەنای بۆ ئەم دێنا کە خۆی وەبن باڵی بدات، ئەمیان خۆشحاڵ و شادمان، کە هەر چوار دەوری وێرانەیە و چۆڵەوانی، لەزەتی لەوە دەبینی کە بەتەنیا لەگەڵ ئەودا ماوەتەوەو هیچ هەڤڕکێکی نییە. ئەم حەزو ئارەزووە سەیر وغەریبە، لە کاتێکا لە کانگای دڵییەوە هەڵدەقوڵا، کە هەستی بە چەوسانەوەو ناکامی و عەزابێکی بەترەف دەکرد.

(( ١٣ ))

دوای نیوەشەو، کە بە تەنیا لە ژوورەکەی خۆیدا بوو، بە پەستی و دڵتەنگییەوە لەخۆی پرسی ئایا باشتر نییە، دەستبەرداری ئەم پەنجەرە کردنەوەیە ببێت و دەرگای دڵی لەم هەست و سۆزە تازەیە، کە یەکپارچە دەرد و کول وکۆڤان بوو، دابخات؟ ئایا مردنی بێ سەریەشە و بە سەلامەتی لە ژیانی پڕ لە نیگەرانی و عەزاب باشتر نەبوو؟ بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی و ڕۆژانی دواتر، ترس و نیگەرانیەکانی فەرامۆش کرد و دیداری نێوان پەنجەرەکە و بانێژەکە، هەموو بولێڵێکی ئێوارە دووبارە بووەوە. ئیدی گومان لەلای کیژێ نەمابوو، کە دراوسێ تازەکەیان بە ئانقەست – هەموو بوومەلێڵێکی ئێواران – دێتە بەر پەنجەرەکە، تا نیگا سرک و ترساو و شەرمنەکانی ببڕێتە ئەو. ئاخۆ کیژێ چۆن بیری لەو دەکردەوە؟ ئایا گاڵتەی بە ڕوو وڕوخساری دەکرد؟ ئایا بە پیرییەکەی پێدەکەنی؟ یان شەرمنی و سارد و سڕییەکەی، کیژێی پەست دەکرد؟

سەیر ئەوەبوو کە ڕۆژان دەبوورین، ئەو هەر لەسەر مەوعیدی تەمەشاکردنی خۆی بەردەوام بوو، چاوەڕوانی هەمان سات وکاتی دەکرد و نەیدەتوانی هیچ بکات، جگە لەوەی بە ترس و لەرزەوە، تەمەشا بکات، هەرکە نیگای لە نیگای کیژێ هەڵدەنگوت، شەرم دایدەگرت و پێڵوی چاوەکانی دەکەوتنە فڕین.

تاپۆی ئەحمەد ڕاشد، بەردەوام ئەمی تاقیب وبێزار دەکرد و هەمیشە بە غیرە و حەسوودییەوە لەخۆی دەپرسی ئایا کیژێ بە هەمان چاوی جوانەوە تەمەشای ئەویش دەکات یان شتێکی جوانتر ودڵڕفێنتری بۆ هەڵگرتووە؟! بەڵام ساتە خۆش و بەلەزەتەکانی زەردەپەڕی ئێواران هەمیشە فریای دەکەوت و لە دۆزەخی گومان و نائومێدی دەریدێنا. بەوە دڵخۆشی خۆی دەدایەوەو دەیگوت ئەگەر حەزی لەو گەنجە خوێنتاڵە

کردبایه، هەموو ئێوارەیەک بەو نیگا میهرەبانانەوە تەمەشای ئەمی نەدەکرد، بەوجۆرە دووبارە ئارام دەبووەوە و ئومێدی پەیدا دەکردەوە، بەڵام هیچ ئاسایی نەبوو، تەنیا بەو نیگا و چاوبڕکێیە ڕازی بێ، هەستیکرد پێویستە هەنگاوێکی تازە بنێ، بەڵام دەیتوانی، جورئەتی دەکرد؟ ئایا دەیتوانی بۆ ساتێک بە گژیاندا بچێ، وەکو ئەوەی توانی بووی بیست دانە ساڵی خشت لەبەری هەڵبێ؟ ئایا دەیتوانی بە ڕادەیەک درێژە بەم چاو بڕکێیە بدات، کە کیژێ بۆ تاقە یەک جار، شەرم بیگرێ و چاو داخات؟!.. ئایا کاتی ئەوە نەهاتبوو بزەیەکی بە نیشانەی سڵاو بەڕوودا بدات؟

بەخەیاڵ، درێژە بە تەمەشاکردنەکەی دەدات، بزە بە ڕووی کیژێدا دەدات. ڕوخساری سوور هەڵگەڕا، شەرم دایگرت، تەواو پەشۆکا! ئەم کارەی بەلاوە دژوار بوو. خودایا! ماقووڵە پیرە کوڕێک لە تازە کیژێک شەرم بکات؟! ماقووڵە چل ساڵێک لە شازدە ساڵێک هەڵێت؟ جاران پێی وابوو فەهێد وشەرم دەردێکە بە تێپەڕبوونی زەمان نامێنێ؛ بەڵام هەر بەو حاڵەوە مایەوە، تا دەردێکی تازەی لێپەیدا بوو کە دەردی پیری بوو. باشە خوا چما خەڵکانی وەکو ئەو دەخولقێنێ؟ کەسانێ کە ناتوانن بژین؟!.

بەدەم نائومێدییەوە بیری لە دۆزینەوەی ڕێگەیەکی تازە دەکردەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی ئەوانەی لە تەمەشاکردن و بزە دەترسن، بێگومان دەتوانن بنووسن، باشە بۆ کاغەزێکی بۆ نەنووسێت وئەم ڕێگەیە نەجەڕبێنێ؟ ئەم بیرۆکەیەی بەدڵ بوو، بە جدی بیری لێکردەوە، کارێکی ئاسانە، هیچی ناوێ، چەند وشەیەک دەخاتە سەر پارچە کاغەزێک و ئەوسا بە دیقەت قەدونوشتی دەکات و هەڵیدەداتە سەر بانێژەکەی ماڵی کیژێ و تەواو. ئەمە باشە. لێ چۆن دەست بە نامەکەی بکات؟ ئایا بنووسێت خۆشەویستەکەم نەواڵ؟.. ئەمە وێنەیەکی دزێوە. ئازیزم نەواڵ؟... دیسان ناوهێنانی کچەکەی بەلاوە جوان نەبوو. تەنیا ئازیزەکەم، ئەمەیان بە ئەدەبانەتر بوو، دوای ئەمە چ بنووسێت؟.. نامە، بە سەلام و ئەحواڵپرسی دەست پێدەکات، کەواتە با بە سەلام و ئەحواڵپرسی دەست پێبکات. ئەدی دوایی؟.. بە ئاشکرا ڤیانی خۆی بۆ دەرببڕێ؟.. نا. ئەمە دەبوایە بخرێتە کۆتایی نامەکەوە. با بە مەدح و ستایش و پیاهەڵدان دەست پێبکات، بەڵام چۆن ڕستەکانی دابڕێژێت؟.. چۆن وشەکان هەڵبژێرێت... کیژێ چ شێوازێکی پێخۆشە؟ چ وشەیەک لە ڕووی ڕیتم و ئاهەنگەوە زیاتر کاری تێدەکات؟.. گریمان هەموو ئەو کێشانەی چارەسەر کرد، چ شتێکی لێ پرسیبا تا وەڵامی بداتەوە؟.. بیدینێ؟.. بەڵام شتێک هەبوو لە هەموو ئەوانە گرینگتر. بە چ مەعلوم ئامادەبوو نامەکەی لێوەربگرێ، کێ دەڵێ نایدڕێنێ و نایداتەوە بە سەرو چاویا؟!.. یان تووڕە نابێ و ئابڕووی ئەم نابات؟.. دوای ئەوەی خەریک بوو دەست بداتە قەڵەم و بکەوێتە نووسین، دوو دڵی دایگرت و ژێوان بووەوە، دوور بڕۆ وسەلامەت وەرە. بەڵام وەستان وتەماشاکردنی بەر پەنجەرەکە و سەر بانێژەکە هەر بەردەوام بوو، هەردوولایان لەسەر پەیمانە نەنووسراوەکەی خۆیان مانەوە. نیگا و چاوەکان ئاشنای یەکدی بوون، بەبێ ئەوەی بێدەنگی و شەرم ڕێگە لە نزیکبوونەوەی ڕوحیان بگرێ، کە تەمەشای نیگا پاک و میهرەبانەکانی کیژێی دەکرد، لە دڵی خۆیدا هەستی بەوە دەکرد کە چ زوڵمێکی لە مامۆستا ئەحمەد ڕاشد کردووە، بە چ نەهەقییەک گومانی لێکردووە، دڵی لێ پیس کردووە! ئەو گەنجە بە سوسیالیزم و سڕینەوەی ئایدۆلۆژیا کۆنەکانەوە سەرقاڵ بوو و دەرفەتی ڤیان و ئاشقێنی نەبوو. ئیدی دووبارە، ئۆخژن و ئومێدی لە دڵ و دەروون گەڕا. دەمەو ئێوارەیەکی، ڕۆژێک لە دوا ڕۆژەکانی ڕەمەزان، بابی بە کارێکەوە مژوولی کرد، ڕۆژ ئاوا بوو و فریا نەکەوت وەکو ئێوارەکانی ڕۆژانی پێشوو بچێتە بەر پەنجەرەکە. ڕۆژی دوایی بە بێتاقەتی چاوەڕوانی کرد، بەڵام بینی دەرگای بالکۆنەکە داخراوە! چاوەڕوانی کرد کە کیژەکە بێتە بالکۆنەکە، بەڵام بێهودە! لە دڵی خۆیدا گوتی، ڕەنگە کارێکی وەکو

ئەوەی دوێنێی ئەمی بۆ پێشهاتبێ و نەیتوانی بێ بێتە بانێژەکە؛ بەڵام لە پشت دەرگای بالکۆنەکەوە تاپۆ و تارمایی کیژێی بەدی کرد. گومانی لەوەدا نەبوو کە بە ئانقەست دەرگای بالکۆنەکەی داخستووە، وەکو چۆن ئەم دوێنێ ئێوارە پەنجەرەکەی داخستبوو. ئەگەر مەزەندەو هەستی بە سەهو نەچووبێ، ئەمە مانای ئەوە بوو کە کیژێ دوێنێ پەیگیری کردووە و هەستی بەدیار نەبوونی ئەم کردووە. ڕەنگە تووڕە بووبێ و نها بەوجۆرە سزای دەدا و تۆڵەی خۆی لێدەکردەوە. زیاتر مایل بوو بەلای ئەوەدا کە باوەڕ بەو مەزەندە و لێکدانەوەیەی خۆی بکات، بەڵام نەک لە سزاکە نەڕەنجا، بەڵکو لەزەتێکی بێ وێنەی لێدەبینی. بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بوو، کە بەوپەڕی لەزەت و خۆشییەوە کەوتە چەقەنە لێدان و ڕاوێچکە و هاتوچۆ بە ژوورەکەدا و ئاگای لە دەوروبەری خۆی نەبوو. ڕۆژی دوایی، بە ورەیەکی تازەی سەرڕێژ لە ئومێد و متمانە و ئاسوودەییەوە چووە بەر پەنجەرەکە، بەرلەوەی چاوە درێژکۆڵەکانی هەڵبڕێ، هەستی کرد کیژەکە لە سەر بانێژەکەیە. لێبڕابوو نیگایەکی پرسیارئامێز و پرگازنی بکات؛ وەکو ئەوەی لێی بپرسێت " چما دوێنێ دیار نەبوویت " ؟ نها کاتی بوو!.. سەرە چکۆلەکەی هەڵبڕی، نیگایان لێکدی هەڵەنگوت! زاتی نایە بەرخۆی کە برۆکانی هەڵبڕێ وسەری بە نیشانەی پرسیار بلەقێنێ. ئیدی بڕیاری یەکجارەکی دا، وەکو یەکێک بیەوێ یەکەمجار بەسەرا خۆ هەڵداتە حەوزی مەلەوانیەوە، خۆی تەیار کرد، بەڵام چرکەیەک لە وەختی خۆی زیاتر دواکەوت. عەقڵ لەو ساتەدا فرسەتی هێنا، گومان و ترسی خستە دڵیەوە، ورەی دابەزی و، ترسا و ژێوان بووەوە!

ئەو شەوە، زۆری سەرزەنشتی خۆی کرد، کێشای بە سەرە سافەکەی خۆیدا، لە خۆی تووڕە بوو: " داوەشێی، یانی زەڕەیەک غیرەت و پیاوەتیت تیا نییە!! "

بەوجۆرە حەزی لێکرد. حەزی لە چاوە درشت، نیگا پاک و سادە و ڕوح سووکیەکەی کردبوو. بۆیە حەزی لێدەکرد، چونکە خەونەکانی – خەون و خەیاڵ تاقە هونەری ئەم دنیایەی ئەو بوو، لە خەون زیاتر هیچ هونەرێکی دی نەدەزانی – ڕێگەی نەدەدا بۆ تاقە ساتێکیش ئەو کیژە لە خەیاڵی خۆی دەربکات، نەهەقی نەبوو، تامەزرۆ بوو – تامەزرۆیی چل ساڵی- و دەست بەتاڵی و تامەزرۆیی، سەرچاوەی خەیاڵپەروەرین!

(( ١٤ ))

شەوی قەدری مانگی موبارەکی ڕەمەزان بوو. ماڵباتەکە بە بۆنەی شەوی قەدرەوە، مریشکێکی سورەوەکراو و سینییەک کونافەیان، لەسەر خوانی بەربانگ دانا وبە خۆشییەوە لە دەوری خڕبوونەوە. لەکاتی نوێژی شێواندا، دەوڵەت خانم، نزا بۆ سەلامەتی شووەکەی وشادی وتەمەن درێژی بۆ هەردوو کوڕەکەی دەکات، لێ عاکفەفەندی باوک، چوو بۆ مزگەوتی حوسێن، تا کۆڕی قورئان خوێنان لەو شەوە موبارەکەدا بدینێ. شەوێکی خۆشبوو؛ لە پارشێودا، پێش ئەوەی بچنە ناو جێگاوە، دەنگی ئاژیری خەتەر بەرز بووەوە. پاڵتۆکانیان لەبەر کرد و بە هەشتاو بە نێو حەشامەتی خەڵکەکەدا، بۆ پەناگاکە پەل بوونەوە، ڕێگەی پەناگاکە فێر بووبوون و پێویستیان بە ڕێنوێنی کارەکەرەکە نەبوو. ناڕەحەتی و بێزارییەکەی ئەحمەد، ئاوێتەی شادییەکی پەنهانی بوو، چونکە پەناگاکە، ئەوی لە نەواڵ نزیک دەکردەوە و لە تەمەشای ڕوخساری مەحبووبی ئەو تێر دەبوو.

لە پەناگاکەدا ئەحمەد ڕاشد و سەید عارفی بینی کە لای پایەکەوە وەستابوون و سەرگەرمی قسان بوون، چوو بە لای ئەوانەوە، یارۆی پارێزەر، هەرکە چاوی بەم کەوت گوتی:- گوێت لێیە سەید ئەفەندی چ دەڵێ؟ دەڵێت ئەمڕۆ، شەکراو خواردنەوەی سلێمان عەتە وکچەکەی عەتار بووە!

سەید عارف، زەردەیەکی هاتێ وگوتی:- بەڵێ قوربان، موبارەکیان بێ!

ئەحمەد ڕاشد، بە توندی هەڵیدایێ: بڕوانە پارە چی دەکات، پارە مەلا لە مزگەوت دەردەکات! دزێوترین شت لەم دنیایەدا ئەوەیە، ئەوەیە چاکە و بەها مرۆڤانیەکان، بکرێ بە فیدای پێدوایستیە حەیوانیەکان. ئاخر چۆن ئەو کیژە جوانە ڕازی بوو، مێرد بەو مەیموونە خوێنتاڵ و ڕەزا قورسە بکات؟! یەکانگیری ئەم دووانە هاوسەرگیری نییە، بەڵکو تاوانێکی دوو سەرەیە. لە لایەکەوە دزییە ولە ئالییەکەوە زەفتکارییە، وەکو چۆن جوانی ژنەکە، ناشیرینی پیاوەکە دەردەخات، ناحەزی پیاوەکەش، تەماعکاری ژنەکە دەردەخات. واتە پیاوەکە جوانی ژنەکەی دەوێ و ژنەکە سەروەت و سامانی پیاوەکەی دەوێ!..

ئەوسا زەردەیەکی کاڵی مردەڵەی بۆ کرد و لەسەری ڕۆیی:- مەحاڵە ئەمجۆرە تاوانە لە سایەی سوسیالیزمدا ڕووبدات!

لەو کاتەدا دەنگی پیاوێک بەرزبووەوە، کە بە بێزارییەوە دەیگوت:- ئەدی نەیان دەگوت ئەڵمان، لە مانگی ڕەمەزاندا هێرشی سەر میسر ناکات؟

سەید عارف ڕووی کردێ وگوتی:- خۆ ئینگلیزیش هێرشی سەر تەرابلسی کرد، خۆ ئەوێندەریش وڵاتی موسوڵمانانە!

ئەوسا بە دڵنیاییەوە بە هاوڕێکەی گوت:- ئینگلیزەکان بە هیچ نیازێکی جەنگی تەرابلس بۆردومان ناکەن، بەڵکو بۆیە ئەو کارە دەکەن، تا ئەڵمانەکان ناچار بکەن کە قاهیرە بۆردومان بکەن!

ئەحمەد، گوێی بە گەنگەشە و قسەکان نەدەدا، بەڵکو، لەنیو حەشاماتەکەوە، بێ ئاگا لە خۆ، بۆ نەوایەکی ئارام دەگەڕا کەلە ناکاوا دەنگێکی گڕ، هاواری کرد:- " بێدەنگ.. دەنگی فڕۆکەیە! " بێدەنگیەکی گشتگیر، باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشا، هەموو گوێیان هەڵخستبوو کە دەنگێکی دی هاواریکرد:- " نەخێر... ئەوە دەنگی ئوتومبێلی پۆلیسە! "

دەنگی یەکەم گوتی: " نا.. هاڕەی فڕۆکەیە!.. گوێ بگرە! "

هەمووان بێدەنگ بوون، دەنگی فڕۆکە بوو، لە بەرزییەکی بەرزەوە دادەگەڕا، ئەحمەد، پەشێو و پەرێشان ڕوانیە داک و بابی، داکی بینی کە چاوی بڕی بووە بن میچی پەناگایەکە و، بابی سەری داخستبوو. ئەوجا گوێیان لە دەنگی تەقەی زدەجەو بوو، زنجیرەیەک تەقەی پچڕپچڕی بەدوودا هات. تەقە بۆ ساتێک وەستا و پاشان توندتر لە جاران دەستی پێکردەوە، ئیدی تەقە بەردەوام بوو و بە تەواوەتی تێکەڵ بوو. ترس باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشا، چپە دووی ورینەئاسا دەستی پێکرد، یەکێک لەنێو ئاپۆڕا ترساوەکەوە، کە خواخوای هەواڵێکی خۆش بوون، گوتی: " دڵنیام لە مازەیان دا. " گەلێک لە ئامادەبووان بەو قسەیە شاد بوون و، لە خوت و خۆڕایی و کوێرانە باوەڕیان پێکرد. چوو بە لای داک و بابیەوە و- هەرچەندە بە خۆیشی لە ترس و نیگەرانی دا بوو – لێی پرسی: " چۆنی بابە؟ " بابی بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی: " خوامان هەیە. " دەنگی دۆشکا و بەرگری ئاسمانی(زدەجەو) لە زۆر لاوە بەردەوام بوو. سەید عارف لە دوای هەر دەستڕێژێکەوە، ناوی ئەو دەڤەرەی دەبرد کە تەقەی لێوە دەکراو وەکو پسپۆڕ و شارەزایەکی لەزەبر دەیگوت: " تۆپخانەکەی عەباسییەیە، ئەڵمازەیە... بولاقە... ئەمەیان تۆپخانەی قەلایە و... هتد "

کە دۆشگایەک بە دەنگێکی تووندتر لەوانەی پێشوو تەقی، کابرا گوتی: " ئەمە دۆشکایەکی ئەڵمانیە، حکومەت، پێش هەڵگیرسانی شەڕ، لە ئەڵمانیای کڕی بوو! " بەڵام خەڵکانێکی زۆر، لەو کاتەدا، بەو قسانە قەڵس دەبوون و کەوتنە بۆڵە بۆڵ و گازن، دوای تۆزێک دەنگی دۆشکا و تۆپخانە، تووندتر بوو.

بووە مایەی ترس و لەرزێکی زۆر، هەرچەندە ئەو ساتانە کورت بوون، بەڵام لە لای خەڵکەکە، کە دڵە خورپە و هەناسە بڕکێیان پێکەوتبوو هەر نەدەبڕایەوەو لە خەڵکەکە وابوو، باری هەموو دنیایان بە کۆڵدا دراوە. دوای ئەوە بەرەبەرە دەنگی تەقە ودەستڕێژان کەم بووەوە، تەنیا لە یەک شوێنەوە دەنگی تەقە دەهات، پاشان ئەویش نەما، بێدەنگی بەرقەرار بوو، کەس نەیدەزانی ئاخۆ تەقە و دەستڕێژ دەستپێدەکاتەوە یان سزای ئەو شەوە تەواو بووە. خەڵکەکە بەرەبەرە هێور بوونەوە، دوای بێدنگییەکی کەم دەنگی ئاژیری ئەمان بەرزبووەوە. خەڵکەکە بەدەم شادە هێنانەوە هەستان، ئەحمەد عاکف چاوی بۆ ئامانجی دڵخوازی خۆی دەگێڕا، کەلە ناکاوا نیگای لە نیگای هەڵەنگوت کە تەواو دڵخۆشی کرد، بەڕادەیەک شادی کرد، هەرچی نیگەرانی وترسێک لە دڵیا بوو، هەمووی سڕییەوە. کیژەکەی بینی کەلە پێش ماڵباتەکەیانەوە بەرەو دەرگای پەناگەکە دەڕۆیی، کە گەییە بەر دەرگا ئاوڕێکی پاشی دایەوە، نیگایەکی ماناداری ئەحمەدی کرد، ئەوسا بە هەشتاو بە قاڵدرمەکەدا هەڵگەڕا. ئەحمەد، لە دڵی خۆیا، کە سەرڕێژ بوو لە شادی، هەستیکرد کە کیژێ داوای لێدەکات کە دوای بکەوێ. ئاخر چاویش وەکو غەریزە، زمانی نهێنی و بێدەنگی خۆیان هەیە. دوودڵی و شەرم دایگرت؛ بەڵام کە کیژەکە لە دەرگاکە وەدەرکەوت، جورئەت و غیرەتێکی کاتی ئەوتۆ ئەحمەدی گرت کە گومان و شەرمەکەی لێڕەواندەوە. لە پێش داک وبابی وکارەکەرەکەوە بەرەو دەرگاکە ڕۆیی، بە قاڵدرمەکەدا هەڵگەڕاو، لە دڵی خۆیدا دەیپرسی ئایا لەبەر دەرگاکەدا دەیبینێ؟ باشە چ بڵێ و چ بکات؟

تاپۆی کیژەکەی بینی کە لە دەرگای پەناگەکە دوور دەکەوتەوە. ئەگەر نەختێک پێی هەڵگرتبا، لە چاوتروکانێکا دەیگەیشتێ و دەیتوانی لەگەڵ ئەودا جادەی برایم پاشا تەیبکات و پێکەوە و بە دوو قۆڵی بە پلیکانەی تەلارەکەدا سەربکەون. بەخەیاڵ ئەو دیمەنانەی هێنایە بەرچاوی خۆی، بەڵام لە جێی خۆی نەجوڵا، یان تەنیا چەند هەنگاوێکی کەمی نا، فاسیلەکەی نێوانیان زیادی کرد و کیژێ گەییە بەر دەروازەی تەلارەکە. شەرم و پەشۆکان سندمیان کرد، خێرا خێرا ئاوڕی پاشی دەدایەوە، وەکو ئەوەی داوا لە داک و بابی بکات کە فریای بکەون و لەو کێشەیەی ڕزگار بکەن، بێهودە هەوڵیدا بەگژ شەرم و پەشۆکانەکەی خۆیا بچێت، یا غیرەت وەبەر خۆی بنێ و خۆی بگەیەنێتە کیژەکە.

هێشتا دڵی لەنیوان ترس وحەزدا سەرگەردان بوو کە کیژێ خۆی بە تەلارەکەدا کرد و دیار نەما. ئیدی دوو دڵی وترس وئارەزوو وئومێد کۆتایی هات وبڕایەوە. پاشان هێدی هێدی دەگەڵ داک وبابیا کەوتەڕێ و بەبێدەنگی بەو کەسەرەوە دەتلایەوە کە ناخی ئەنجن ئەنجن دەکرد. بەدەم سەرکەوتنەوە، تەمەشای پلیکانەکانی دەکرد و داخی بۆ ئەوە دەخوارد ئەگەر بە سەر ترسەکەیا زاڵ بوایە دەیتوانی بە تەنیا لەگەڵ ئەودا پێیاندا سەربکەوێ. لەخۆی پرسی: " باشە چیم پێی دەگوت؟ " وای دابنێ جورئەتی پەیدا کرد و سڵاوی لێکرد، کیژێ بە بزەیەک یان بە وشەیەک یان بە ئاماژەیەک سڵاوەکەی سەندەوە. هەرچەندە سڵاو کردنەکەش، بۆخۆی کێشەیەک بوو، چونکە نەیدەزانی گونجاوترین وشە چییە وچ بڵێ: ڕۆژ باش؟... چاکی؟ سەلامو عەلەیکوم؟ ئەگەر کیژەکە سڵاوەکەی بسەنباوە، هەنگێ ئەم دەبوایە چی بڵێت؟! دەبوایە بێدەنگ بوایە، تا لەبەر

دەرگای شوقەکەی ئەمدا لێکدی دابڕێن؟ باشە عاشقان لەم جۆرە هەڵوێستانەدا چییان بەیەکدی دەگوت؟ خۆ دنیا بڕوخێ بەسەر عاشقاندا دەڕوخێ!

بەردەوام لە ڕێگا وبان ولەناو پاسدا، رازو نیازیان دەکرد! باشە چما ئەو زمانی عاشقان وئەڤیندارانی نەدەزانی؟.. بە کول وکۆڤانێکی زۆرەوە بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە، کەچی وێرای ئەوەش زۆر شاد بوو، نەک هەر شاد، بەڵکو سەرمەستی شادییەکی ئەوتۆ بوو، کە هیچ دڵێک لەزەتی لەوە شیرینتری بەخۆوە نەبینی بوو. خەریک بوو لە کەیفان باڵی دەگرت، نەیدەتوانی ئەوە لەبیربکات کە ئەو کیژە، بە نیگا ئەمی دواندبوو– ئەمە لە شەریعەت و قانوونی ئەڤینداریدا، پەڕجوویەک بوو لە پەڕجوانی شادمانی – کەواتە هەقی خۆی بوو، لە کانگای دڵەوە بەو پەڕجووە شادی بێ و گوێ بە شەرم و کۆڤانداری خۆی نەدات! ئاورێکی لای پەنجەرەکەی دایەوە – نها ناوی نابوو پەنجەرەی نەواڵ – پڕ بەدڵ حەزیدەکرد تەمەشایەکی بانێژەکە بکات، پەنجەرەکەی کردەوەو سەری هەڵبڕی، واقی وڕما، دەرگای بانێژەکە کرابووەوە! گڵۆپی ژوورەکە دەسووتا، کیژێ لەبەر دەرگاکە وەستاوە!!.. باشە چ شتێک بەم بولێڵە، بەم شەبەقیە، کێشابوویە بەر دەرگای بانێژەکە؟.. چۆنکە گڵۆپەکە لە پشتیەوە دەسووتا، دەم و چاوی کیژێی وەکو تارماییەکی لێڵ دەهاتە بەرچاو، گڵۆپی ژوورەکەی خۆیشی دەسووتا، بۆیە دڵنیا بوو کە کیژەش تەنیا تارمایی و تاپۆی ئەم دەبینێ – بۆیە جورئەتی پەیدا کرد کە لە جێی خۆی بوەستێ و بە کەماڵی ئیسراحەت تەمەشا بکات – زۆری نەبرد کە لە ناکاوا، دووچاری خۆشترین سپرایزی کرد. سپرایزێک کە بە عەمراتی شتی وای بە خۆیەوە نەبینی بوو: کیژێ بە نیشانەی سڵاو سەری بۆ لەقاند!.. هۆپێکی لە خۆما؛ بەڵام ئەمجارەیان دەستەپاچە نەبوو، ئەمیش بەسەر سەلامەکەی بۆ سەندەوە!.. کیژێ یەکسەرو بە شەرمەوە دەرگای بانێژەکەی داخست وبە هەشتاو خۆی بە ژوورا کرد – پیرە کوڕ هێشتا هەر تەمەشای دەکرد – ئەوسا گڵۆپەکەی کوژاندەوەو پیرە کوڕ هەر لە جێگای خۆ مایەوە، خۆشی نەیدەزانی چەنێک لەوێندەر مایەوە، چەند خولەکێک یان چەند سەعاتێک بەو دەقە مایەوە، ئەوسا پەنجەرەکەی داخست، کەوتە سەر چۆکان، هەردوو دەستی خستنە سەر سینگی وبە دەنگێکی نەوی گوتی: " زۆر شوکر بۆتۆ خودایا!"

(( ١٥ ))

بەیانی ڕۆژی دووەم، شەکەت و ماندوو لە خەو ڕابوو، چونکە شادیش وەکو خەم – دژمنی دێرینەی خەوە. بەڵام دڵخۆشییەکەی، ماندوویەتی لەبیر بردبووەوە. بیست ساڵێک دەبوو کە بەیانی وا خۆشی بەخۆوە نەبینی بوو. شاد وبەکەیف ودڵخۆش وسەرحاڵ لە ماڵ وەدەرکەوت. خۆی لە ڕیزی ئەو کەسانەدا دەبینیەوە، کە ساڵانێک بەغیلی پێبردبوون و خوزی پێخواستبوون، لە ڕیزی ئەڤیندارانی خۆشەویستدا! ئەو بەیانییە دڵی پاک بووبووەوە، هیچ ئافەتێکی بوغزو کینە سەری تێنەژەندبوو. وەکو شەڤڕەڤێک(شەمشەمە کوێرە) لە دەستی شکست و ناکامیە قورس و دژوارەکانی، پەنای بۆ تاریکی بیرەوەرییەکانی نەبرد. نە خۆی بۆ گەنگەشە وجیدال ئامادە کردو نە چاوەڕوانی هەڤدژی و ڕکابەری کەسی کرد و نە لە دەوام و دایەرە لەگەڵ هیچ فەرمانبەرێکدا بەشەڕ هات. شەپۆلێکی خۆشی وشادی، مرداوە(قۆپی) بۆگەنەکەی قوڵایی ناخی داگرتبوو.

نیوەڕۆ کە بۆ ماڵ زڤڕییەوە، نامەیەکی بۆ هاتبوو. کە تەمەشای خەتی سەر زەرفەکەی کرد، یەکسەر بە خەتەکەدا، خاوەنی نامەکەی ناسییەوە؛ خەتێکی وردی جوان، لە هەموو ڕوویەکەوە لە خەتی خۆی دەچوو،

ڕووی گەشایەوە، نامەکەی هەڵپچڕی، تا دوا دێڕ خوێندیەوە. ئەوسا گوتی:- روشدی برام بەیانی ڕۆژی عارفە دێتەوە!

داک وبابی، هەواڵەکەیان زۆر پێخۆش بوو، هەرچەندە پێشوەختە دەیانزانی کوڕەکەیان، پشووی جەژن لە قاهیرە بەسەر دەبات، بەڵام نامەکە مژدەی لەوە خۆشتری تیابوو، کە داک و بابەکە چاوەڕوانی بوون. ئەحمەد لە سەری ڕۆیی:- روشدی دەڵێ، ئەمری نەقڵەکەی لە ئەسیوتەوە بۆ ناوەندی قاهیرە دەرچووە. یەکسەر لە دوای جەژن، لە کارە تازەکەیا دەستبەکار دەبێت!

باب و داکەکە زۆریان پێخۆش بوو، دەوڵەت خانم گوتی: - جەژنەکەمان دەبێ بە دوو جەژن، بمرم بۆ کوڕە ئازیزەکەم، چۆن ئەو ساڵەی لە ئەسیوت بەسەر برد؟

ئەحمەد بە پێکەنینەوە گوتی:- تۆ دوعا بکە، بەو عادەتەوە نەگەڕێتەوە کە پێشتر لە قاهیرە خووی پێوە گرتبوو! ئەوسا ڕۆیی بۆ ژوورەکەی خۆی، خۆی گۆڕی، وەکو خووی هەمیشەیی، لەسەر جێگاکەی پاڵکەوت، کە تا بوومەلێڵ سەرخەوێ بشکێنێ؛ یان تا کاتی عاشقێنییەکەی کە قەراری دابوو، لەو ڕۆژەوە ئیدی ئەو کاتە ناوبنێ ژوان. نامەکە، ماوەیەک مژوولی کردو خەوی زڕاندو لە خۆشییەکانی ئەو ڕۆژەی دوورخستەوە، بیرەوەرییەکانی برا بچووکەکەی بیرکەوتنەوە.

کەم کەس توانیبووی، بە قەد روشدی عاکف، هەستێن جۆراوجۆری وەکو توورەیی وخۆشەویستی لە دڵی برا گەورەکەیدا بهاڕوژێنێ.

هەمیشە، بەتایبەتی لەوساوە کە ناچار بووبوو، چاوپۆشی لە ئایندەو بەهرەمەندی وبلیمەتی خۆی بکات و سەرپەرشتی و خەرجی براکەی لە ئەستۆ بگرێ، زۆر لێی پەست بوو. پاشان لە دەمی هەرزەکاریدا، کە خەریکی هەواو هەوەسی خۆی بوو و گوێی بە هیچ ئاموچیارییەک نەدەدا، بەو ڕەفتارانەی پەست دەبوو. بەڵام لە ئالییەکی دییەوە، لە هەموو کەسێکی ئەم دنیایەی، پتر خۆش دەویست. بۆیە خۆشی دەویست، چونکە روشدی زۆر ڕیزی دەگرت و ئەمی لە داک و بابی خۆشتر دەویست، هەمیشە چاکە و پیاوەتی ئەمی لەبەرچاو بوو و باسی دەکرد، بۆیە خۆشی دەویست چونکە پەروەردەی دەستی خۆی بوو. بەگیانی خۆی پەروەردەی کردبوو، بە پارەی خۆی گەورەی کردبوو. بۆ روشدی هەم برا گەورە بوو وهەم باوکێکی میهرەبان بوو. لە منداڵیا نازی کێشابوو، لە هەرزەکاریا سەرپەرشتی کردبوو، ڕێگەی پێ نیشاندابوو و لە خوێندندا یارمەتی دابوو و ئاراستەی کردبوو.

ئیدی سەرکەوتنەکەی خۆی بە بەری ڕەنجی ئەم دەزانی و هەمیشە بە شانازییەوە باسی فیداکارییەکانی ئەوی دەکرد. جگە لە هەموو ئەمانەش، روشدی گەنجێکی ڕوح سووک و خۆشەویست بوو، زۆر بە ئاسانی دەچووە دڵەوە، هەمیشە سەرمەست و بەکەیف و بە دەماخ بوو، ئەمەی لە دایکیەوە بۆ مابووەوە. هەردووکیان حەزیان لە دۆستایەتی وهاونشینی خەڵکی دەکرد، جوان و بە نمەک و ئەمەکدار بوون. لێ مخابن، فرێ بە میانەڕەوی و ویقار وحیکمەت وسەنگینییەوە نەبوو، ژیانی یەکپارچە سەرەڕۆیی ولاساری بوو، ئیدی دیل وئەسیری غەریزەکانی بوو، داوێن تەڕ وئەهلی ڕابواردن بوو، بێدڵی خۆی نەدەکرد، هەر لە منداڵییەوە، چاو قایم و سەرە ڕۆ و بێ پەروا بوو، ژیان و زندوویەتی لێهەڵدەقوڵا. چونکە براکەی، کە ئەرکی پەروەردە و بەخێوکردنی ئەوی لە ئەستۆ گرتبوو، بەخۆی بە نازداری پەروەردە کرابوو و زۆر بە دوو دڵی و ترسنۆکی گەورە بووبوو

و ئێستاش باجی نازپەروەردەیی دەدا، حەزی دەکرد، ئەم منداڵەی کە ئەرکی پەروەردەو بەخێوکردنی بە ملی ئەمدا هاتبوو، لە هەموو شتێکا پشت بە خۆی ببەستێ، خۆی مشوری پێویستیەکانی خۆی بخوات و، کتێبان پەیدا بکات. ئیدی کوڕە زۆر وریاو چوختی دەرچووبوو، متمانە بەخۆ و بێپەروا و مەردانە دەرچووبوو، دوای ماوەیەک کار گەییە ئەوەی هێندەی بەخێوکەرەکەی پێویستی بەو بوو، ئەو پێویستی بە بەخێوکەرەکەی نەبوو. ئیدی بەناو ژیان کەوت، دوور لە هەر کۆت و بەندێک کەلە داخزان وگوناهانی بپارێزێ، ژیانی جەڕباند. هەرکە عاکفەفەندی لە کار دوورخرایەوەو خانەنشین بوو، ئیدی بەڕێوەبردنی ماڵ ومنداڵی بە کوڕەکەی وخێزانەکەی سپارد، روشدی، جدییەتێکی ئەوتۆی لەو دوو ئازیزە نەبینی کە لە خراپەی بگێڕێتەوە، ئیدی سەرگەردان وگومڕا، بەپێخواسی بەنێو ژیان کەوت، خۆ ئەگەر بە خۆی وخۆڕسک کەسێکی بە ڕەوش وتەبیعەت جوان نەبوایە، لەوەبوو هەر بە داوێن تەرییەوە نەوەستابا و سەری لە ڕەشچاڵی جۆرەها تاوانەوە دەرهێنابا..

بەڵام هەر دوو قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی زۆر سەرکەوتوانە بڕی؛ بە ڕادەیەک سەرکەوتوو بوو کە ئەحمەد عاکف، دەیگوت برا بچووکەکەی هەندێ لایەنی زیرەکی و بلیمەتی لەمەوە بۆ ماوەتەوە! بەڵام وەختایەک چووە کولێژی بازرگانی، ڕەوشەکە بە تەواوەتی گۆڕا. لەوێ گرفتاری گەندەڵی ئەخلاقی بوو. تێکەڵاوی کۆمەڵێک گەنج بوو کە هەر هەموویان ئەهلی مەینۆشی و قومار و تۆلازی بوون. بە سەر وبەرەوە بەگەڵ ئەو گروپە کەوت. چەندین جار قەرزی کرد، خوێندنەکەی فەرامۆش کرد، کارگەییە ئەوەی قسە لە کاکی دابڕێ و نێوانیان تێکبچێت، پاشان شێتاتیەکەی گەییە ئەوەی کە زانکۆ تەرک بکات و خۆی بۆ فێربوونی موزیک و ستران تەرخان بکات – لەبەر هیچ نا – تەنیا لەبەر ئەوەی بیستبووی کە سترانڤانەکان چەند بێپەروا دەژین و چەند دڵبەندی ژنانن، ئەمە جگە لەوەی کە دەنگی خۆشبوو. ئەحمەد عاکف، سەبری بڕا، هەرەشەی لێکرد کە ئەگەر دەستبەرداری ئەو بەڕەڵاییە نەبێ، چیتر خەرجی ناکێشێت. هەندێجار بە ڕادەیەک توورە دەبوو، کە هەستی دەکرد ڕقی لێیەتی و زۆر لێی بێزارە. بگرە هەندێجار نەک هەر ڕق بگرە حەسوودیشی پێدەبرد، چونکە نەیدەتوانی وەکو ئەو بژی ولە دڵی خۆدا خۆزی بەو ژیانەی ئەو دەخواست! وێڕای هەموو ئەمەش پەیوەندی و خۆشەویستی نێوان جووتە برا، بەهۆی زیرەکی برا بچووکەکەوە نەپچڕا، ئەگەر برا گەورەکە سەختگیری بکردبا، برا بچووکەکەی نەرمی دەنواند، ئەگەر ئەو ڕووی گرژ کردبا و چارەی بەیەکدا بدابایە، ئەم بەدەمیەوە پێدەکەنی و مەرایی دەکرد. ئەگەر ئەو جنێوی بداباو بۆڵەبۆڵی بکردبا، ئەم پێدەکەنی، دەستی یان شانی ماچ دەکرد، ئەگەر ئەو بە هەڵەیەکەوە گرتبای، ئەم بە ئەدەب و شۆخیەوە ڕووبەڕووی دەبووەوە. پاشان ئەو قۆناغ و دەورانەی ژیان بەشێوەیەکی پەرجوو ئاسا کۆتایی هات و بەکالۆریۆسی تەواو کرد، کە ئەمە وایکرد ئەحمەد بە تەشەرەوە بڵێت: " خوێندکاران بەوجۆرە شادەتنامە وەردەگرن و حکومەتیش هەڵگرانی ئەو جۆرە شادەتنامانە بەسەر خەڵکانی وەکو مندا پەسند دەدات؟!" بەڵام هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا و ئیدی دڵنیابوو کە ئەرکی ئەو تەواو بووە و لەمەودوا، زیاد لە پێویست، خەمی بێ سەروبەری براکەی ناخوات، چونکە ئیدی خۆی لە ژیان و ڕەفتاری خۆی بەرپرسیار بوو، هیچ شتێک لە بەینیاندا نەماو و ەکو جاری جاران، وەکو دەروانی منداڵی و هەرزەکاری روشدی، یەکتریان خۆشدەویست، تەنانەت هیچ شەرم و پەردەیەکیان لە بەینێدا نەما وبرا بچووکەکە تەنانەت باسی ئەزموونی ئاشقێنییەکانی خۆیشی بۆ دەکرد. برا بچووکەکە جۆرەها هەواو هەوەس وتۆلازی(مێبازی) هەبوو، جۆرەها ڤیانی جەڕباندبوو، چ ڤیانی ڕابواردن و چ ڤیانی پاک!

چونکە لە ڕێگەوبان و بازاڕدا دووی ئافرەتان دەکەوت ئیدی بووبوو بە مایەی گومانی خەڵکی. ئەلبوومەکەی پڕ بوو لە وێنەی کیژانی جوان، کە هەر هەموویان بە دەست خەتی نیگەران وناسکی خۆیان، لە پشتی وێنەکانیانەوە ئەم دەستەواژە سەیرەیان نووسی بوو: " پێشکەشە بە دەزگیرانی ئازیزم روشدی! " لە ڕاستیا نە نیازی خراپی بەرانبەر ئەو کیژانە هەبوو، نە ناپاکی و شیر حەرامی بەلاوە ئاسان و خۆش بوو. بەڵام مەسەلەکە ئەوە بوو، هەست و سۆزی خرۆشاوی خۆی پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا. بەلای ئەوەوە ئاسانترین شت عاشق بوون بوو، عاشق بوونێکی پاک و ڕاستەقینە، بەڵام تەنیا بۆ ماوەی ئەو سەعاتەی کە تیایدا بوو. هیچ کاتێ بە درۆوە سوێندی نەدەخوارد، بەڵام زۆرجاریش، سوێندەکەی نەدەبردە سەر.

زۆرجار – لە گەرمەی جۆش و خرۆشی سۆزداری دا – بەڵێنی خوازبێنی بە کیژان دەدا، بەڵام هەرکە هەست و سۆزەکەی دادەمرکایەوە، یان شتێک ڕووی دەدا، لە بەڵێنەکەی ژێوان دەبووەوە. ژیانی زۆر نائارام بوو، شەهوەترانی و ڕابواردنی جەستەیی باڵی بەسەر هەموو بوونیا کێشابوو. باریک و بنێس، دایکی وتەنی بووبوو بە قامیش. ئەحمەد – کە هەم خۆشی دەویست و هەم بەزەیی بە حاڵیا دەهاتەوە – بە نیگەرانیەوە تەمەشای دەکرد و دەیگوت: " بەزەییت بە خۆتا بێتەوە. " ئەویش بە سوعبەتەوە وەڵامی دەدایەوە: " خوا ڕەحم بە ئێمە و ئێوەش بکات! " ساڵێک بوو لە لقی بانکی ئەسیوت دامەزرابوو، کەس و کارەکەی – وێڕای خەمی دوورییەکەی – پێیان خۆشبوو. بە هێڤی ئەوە بوون، کوڕەکەیان بە شوێنە تازەکەی ڕابێ و لە غەریبی دا، ژیانێکی تازە، دوور لە ژیانی بەڕەڵڵایی و تۆلازی جارانی، بگرێتەبەر و کەمێک ببوژێتەوەو بتوانێ شتێک لە مووچەکەی پاشەکەوت بکات. بۆیە خەبەری گواستنەوەکەیان بۆ قاهیرە زۆر پێخۆشبوو، بەزەییان پێدا دەهاتەوە..

(( ١٦ ))

ڕەمەزان لە ئاخر وئۆخرا بوو، تەنیا سێ ڕۆژی مابوو. ئەحمەد حەزی نەدەکرد مانگی موبارەکی ڕەمەزان تەواو بێ، مەگەر دەیتوانی فەزڵ و ڕەحمەتی ئەو مانگە فەرامۆش بکات؟.. یان ژوانەکانی زەردەپەڕی هەموو ئێوارەیەکی لەبیربکات، کە لەگەڵ ئاوابوونی ڕۆژا، بەدبەختیە شوومەکەی وهەراسانی دڵەی نیگەرانی دەڕەواندەوە؟! لە خۆی دەپرسی کە سبەی ژوانگەیان کوێ دەبێ و ڕۆژگار چی پەنهان کردووە؟ بەڵام دەوڵەت خانم لەگەڵ کارەکەرەکەیاندا مژوولی ئامادەکردنی ژووری کورەکەی بوو کە قەرار بوو لە ئەسیوت بێتەوە.

ژوورەکە، لەودیوی ژووری داک و بابەکەیەوە بوو، تاقە یەک پەنجەرەی هەبوو، کە وەکو یەکێک لە پەنجەرەکانی ژوورەکەی ئەحمەد دەیڕوانییە سەر خانولخەلیلی کۆن. ژوورەکە ماڵدرا و ئاوڕشێن کرا، ئەوسا، فەرشێکیان تیا ڕاخست، حازر و ئامادە بە جوانترین شێوە چاوەڕوانی پێشوازی مێوانەکەیان دەکرد. ئیدی ژنێ خۆی ئامادە کرد، تا وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی، ئەحمەد بە بۆنەی هاتنی جەژنی ڕەمەزانەوە یان خۆی گوتەنی بە بۆنەی هاتنی جەژنی کێک وکولیچەوە، بە سەماو گۆرانی غافڵگیر بکات. ئیدی دوای بەربانگ کردنەوە، دەرفەتی هێنا و کە خۆی بە تەنیا لەگەڵ کورەکەیدا بینییەوە، بە زمانێکی شیرین کەوتە پاڕانەوە و ماڵاوایی لە ڕەمەزان و گوتی:- تەنیا دوو ڕۆژ ماوە و، لە ئێستاوە بۆنی خۆشی کێک و کولیچە دنیای پڕکردووە!

ئەحمەد پێشبینی ئەو قسانەی دەکرد، دەیزانی هەرچییەک بڵێ وبکات فایدەی نییە وشەڕێکە و بیەوێ و نەیەوێ دەبێ بیکات. بەڵام ئامادە نەبوو تاقە پولێک بەخۆڕایی خەرج بکات، بۆیە بەدەم خوتەخوت و بۆڵەبۆڵەوە گوتی:- لەم دەور و زەمانەدا خەڵکی لە دووی کێک وبۆنی کێکدا نین! لە خوا دەپاڕێنەوە ستریان بکات و نانێکیان دەست بکەوێت، کەچی دایکە خان تۆ هەر لە سەر بەزمی خۆتی و لە خەمی کەمالیات و زیادە مەسرەفدای، بەزەییەکت بە گیرفانی مندا نایەتەوە، نەتبیستووە، خەڵکینە ڕەحم بە یەکدا بکەن تا خوا ڕەحمتان پێبکات!

نیگایەکی گازن ئامێزی کرد، ئەوسا برۆ باریکەکانی وێکهێنانەوەو بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:- ئۆف لە دەست تۆ! چەند بە نەهەق لە دایکت تووڕە دەبی، وەکو ئەوەی نە بەخێوم کردبی و نە نازم کێشابی. تۆ گلەیی لە نەبوونی دەکەی، لە کاتێکا خۆت خێرو بەرەکەتی ئەم ماڵەیت؟.. پێت وانییە، ئیدی نۆرەی تۆیە نازی دایکت بکێشی؟ من بارت گران ناکەم کوڕی باش! لەبەر خاتری تۆ بە کەمیش ڕازی دەبین!

دەیزانی دایکی هەرگیز کۆڵ نادات ودەستبەردار نابێت تا نەگاتە داواکەی. بۆیە ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:- ئۆف... ئۆف...

-ئۆف لە جەژنێ کێکی تیا نەبێ. ماقووڵە بەبێ کێک پێشوازی جەژن بکەین و تۆ گەورە و سەرگەڤاری ئەم ماڵە بی؟!

- کێک بۆ سەر گەرمکردنی منداڵانە.

- ئەدی پیاوان و ژنان، زەقەی چاویان بێ! جەژن، جەژنی هەموو خەڵکیە. مەگەر باوکت نەبینی چۆن بە عەبای تازەوە خۆی بۆ نوێژی جەژن ئامادە کردووە؟.. یان خۆت چۆن دەستێک چاکەت و پانتۆڵ و تەڕبوش و پێڵاوی تازەت کڕیوە، ڕەبی لێت موبارەک بێ خوایە؟ منیش لە جەژنا دڵم بە هەویرەمەنی وکێک وکولیچە و ناوبە خورما و شیرنەمەنی خۆشە!

***

ڕۆژی عارفە، بەیانی زوو، بەرەو وێستگەی میسر کەوتە ڕێ، تا چاوەڕوانی هاتنەوەی براکەی بکات. دنیا تەڕ و نمسار بوو، بەڵام سەرماکەی تەحەموول دەکرا. لە سەر تەختێکی سەر " شوستەکەی صەعید " ڕۆنیشت. تەنیا چەند خولەکێک بۆ گەیشتنی قیتارەکە مابوو، وەکو هەمیشە بە وێستگەی قیتار وهاتوچۆ ودووکەڵی خەستی قیتاران و شووتە تووندەکانیان قەڵس و نیگەران بوو، نە لە ژیانیا سواری قیتار بووبوو و نە سەفەری دەرێی قاهیرەی کردبوو، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان دڵی بۆ سەفەر وجێگاگۆڕکێ لێی نەدابوو، زندانی پێ ساناتر بوو لە ئاوارەیی وغەریباتی. هەر لە ترسی ئەم حاڵەتەش، حەزی لە سەفەرو گەڕان نەدەکردو دژە سەفەر بوو، ئەم حاڵەتەشی، وەکو هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە ڕەفتار و تەبع و تەبیعەتەوە هەبوو، بەوە لێکدەدایەوە کە ئاکامی تەبعی هزرمەندانە و هەستی عارفانەیەتی. مەگەر ئەبو عەلاش بەوجۆرە نەژیابوو؟ ***( ئەبو عەلای مەعەڕی، کەناوی ئەحمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی سلێمانی قوزاعی تەنوخی مەعەڕی بوو ( ٩٨٤ – ١٠٧٠ ) شاعیر و فەیلەسووفێکی گەورەی بێ وێنەی نابینای عەرەب، لە شاری مەعەڕەی نوعمان، لە نزیکی شاری حەلەب لە سووریا لەدایک بووەو هەر لەوێندەریش کۆچی دوایی کردووە. بە رەهین المحبسین ( واتە بارمتەی دوو زندان ) بەنێوبانگ بوو. لەنیو ئەدیباندا بە خەیامی عەرەب مەنشورە.***

) ئەوەی نیگەرانیەکەی کەم دەکردەوە شادی هاتنەوەی براکەی بوو؛ هاتنەوەی روشدی برای وکوڕی! کە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرد، ببێ بە دەستباری و کەمێ ئەرکی سەرشانی سووک بکات، هاتنەوەی روشدی کەیف خۆشیدەکرد وخەمی دڵی دەڕەواندەوە. زۆری نەبرد بینی حەشاماتەکە تەمەشای باشوور دەکەن، خەڵکەکە جموجۆڵیان پێکەوت، ئەویش گوێ بە گوێی خەڵکەکە کەوتە تەمەشاکردن، بینی قیتارەکە هێدی هێدی دێتە ناو وێستگەکە، زۆری نەبرد خۆی بە وێستگەکەدا کردو ئەرزەکە لە ژێریا لەرییەوە، ڕێبوارەکان لە پەنجەرەکانەوە سەریان دەردێنا. تا قیتارەکە بە تەواوی وەستاو ئەوانەی کە لە چاوەڕوانیدا بوون هێرشیان بۆبرد. ئەحمەد، چاوی بە پەنجەرەکاندا دەگێڕا، بەدەم قەرەباڵغی و پاڵەپەستۆی خەڵکەکەوە، چاوی بە پەنجەرەکاندا دەگێڕا، بەدەم قەرەباڵغی و پاڵەپەستۆی خەڵکەکەوە، براکەی خۆی لە پێشەوەی یەکێک لە فارگۆنە نمرە دووەکاندا دۆزییەوە، خەریک بوو جانتاکەی دەدایە کۆڵبەرێک، ئەحمەد لە فارگۆنەکە نزیک دەبووەوەو ، بانگی لە براکەی کرد ودەستی بۆ هەڵتەکاند.

روشدی ئاوڕی لێدایەوە، لە قاڵدرمەی فارگۆنەکەوە خۆی هەڵدایە سەر ئەرزەکە وخۆی لەبەردەم براکەیدا بینییەوە. بە گەرم و گوڕی باوەشیان بەیەکدا کرد، چاک وخۆشیان کرد. ئەحمەد بازووی براکەی گوشی و گوتی:- سەفەر سەلامەت. چۆنی مام پیاو؟!

یارۆی گەنج، کە ماندووی سەفەرەکەی بوو و چاوی سوور هەڵگەڕابوو گوتی:- لە خودا بەزیادبێ.. تۆ چۆنی؟ دایە و بابە چۆنن؟

هەردووکیان شاد وخۆشحاڵ، شانبەشانی یەکدی بۆ دەرێی وێستگەکە کەوتنەڕێ، هەردووکیان هاوباڵا و لاواز بوون، هەر کەسێک تەمەشای کردبان، دەیزانی بران، وێڕای پیری ئەحمەد و گەنجایەتی روشدی سەروسیمایان زۆر لێکدی نزیک بوو. بەڵام روشدی کەمێ جوانترو لە بەردلانتر بوو، ئەحمەد، جۆرە ماندوویەتی و خەمینی یەک بە سیمایەوە دیاربوو. روشدی وەکو ئەحمەد دەم و چاوی درێژکۆڵە و لاواز بوو، بەڵام وەکو ئەو گۆناکانی نەژاکابوون، ئەسمەرییەکەی – هەرچەندە ڕەنگ زەردی پێوە دیاربوو، بەڵام روحی گەنجایەتی پێوە دیاربوو.

چاوەکانی درێژکۆڵە وبرێک لێکدییەوە دوور بوو، بەڵام کەمێک لە چاوانی ئەحمەد درشت تر بوون و نیگای گەرمتر بوو، گەشی و زیتەڵی چاوەکانی شەقڵی شۆخیبازی وروح سووکی وسەرکێشی و پرکێشی پێوە دیاربوو. شانبەشانی یەکدی کەوتنەڕێ، هەستیان دەکرد، وەکو کەسانێک کە لە مێژبوو لێکدی دوور بوون، لە کانگای دڵەوە پێویستیان بەوەیە کە پێکەوە قسان بکەن، بەڵام نەیاندەزانی لە کوێوە و لە چییەوە دەست پێبکەن؛ ئەوەبوو گەنجەکە هاتە قسان ولە کاکی پرسی:- پێش هەموو شتێک دایکە حاڵی چۆنە، لە چدایە؟

-بەدڵی تۆیە، وەکو خۆیەتی! هێشتا هەر لە سەر بەزم و داواکاری منداڵانەی خۆیەتی، گوێی لە ماندوویەتی من نییە، فەرموو پاڵەوان تۆش ئەرکی خۆت ببینە!

- ئەرکی خۆمم لە بیرنەکردووە، لە ئەسیوت، موتوموورووی عاج و ئامانی زۆر چاک و بخوردی نایابم بۆ کڕیوە، هیوادارم شابانۆ بەدڵی بێ – قاقایەکی بۆ کرد – ئەدی باوکە؟.. حاڵی چۆنە؟

- چۆنت دیتووە هەروایە.. لە ماڵەوە خەریکی نوێژ وتاعەتە، دەچێتە مزگەوت ومەزارە مەزەبییەکان، کە نها بارودۆخەکە هێناوینیە نزیک حوسێن، ئیدی دوو شەشیەتی!

روشدی بە زەردەخەنەوە گوتی:- هاتنتانم بۆ حوسێن زۆر پێ سەیر بوو!

گەیینە مەیدانەکەی دەرێی وێستگەکە، سواری گالیسکە بوون، روشدی کرێی کۆڵبەرەکەی دا، گالیسکەکە بە خاوەخاو کەوتەڕێ، بەدەوری مەیدانە گەورەکەی بەردەم وێستگەکەدا سوڕایەوە. روشدی بە چاوە قاوەییە جوانەکانی تەمەشای دەوروبەری دەکرد، ئوتومبێل، گالیسکە، ترام وڕێبوارانی پیادە بە بەردەمیا ڕەت دەبوون.

بە قامک کێشای بە هەنیەی خۆیداو گوتی:- خەریکە سەرم دەسوڕێ، ئێژی یەکەمجارە ترام ومەترۆ دەبینم. ئەو دێهاتیەم بیرکەوتەوە کە یەکەمجار هاتبووە قاهیرەو ئەم مەیدانەی بینی بوو، ترسابوو و هەڵاتبوو، پاشان گەڕابووەوە بۆ ناو قیتارەکە و بە نیگەرانی و ناڕەحەتی گوتبووی: " حەیفێ درەنگ هاتم، خەڵکی شار خەریکە کۆچ دەکەن!"

ئەحمەد کە لەزەتی لە نوکتەو قسە خۆش و سادەیی براکەی دەبینی، پێکەنی. خۆشبەختانە روشدی، لە زانکۆییە مەغروور ولەخۆباییەکان نەبوو. باسی بابەتێن زانستی نەدەکرد، زاراوەی قەبە و قەڵەوی زانکۆیی بەکار نەدەبرد، دەنا دەبوو بە کۆپیەکی دیکەی " ئەحمەد ڕاشد ". لەمەش خۆشترو جوانتر ئەوەبوو، کە بە ڕۆشنبیرییەکەی کاکی خەڵەتابوو، بە زانایەکی فاما وگەورەی دەزانی، وەکو خەڵکانی دی باوەڕی تەواوی بە هۆش وگۆشی ئەو هەبوو. ئەحمەدیش، دڵی بەوە خۆشبوو کە براکەی بەو ڕادەیە دڵبەندی بوو. بەو ڕەمزە زندووەی دەزانی کە زانکۆی میسر دانی بە بلیمەتیە خۆڕسک و خۆسازەکەیدا دەنا! روشدی بە گەرمی گوتی: قاهیرە یەکێکە لە نیعمەتەکانی خودا، هەم دینە و هەم دنیا، شەو و ڕۆژە، بەهەشت و دۆزەخە، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە. نەقڵەکەی من بۆ قاهیرە پەڕجووە!

–وادیارە لە ئەسیوت بێزار بوویت!

– جگە لە قاهیرە لە هەر شوێنێکی دی بم بێزار دەبم!

نیگایەکی قووڵی کرد و گوتی:- زندان بۆ خەڵکانی وەکو تۆ باشە، وێڕای ئەوەش ئاسوودەیی بە سیماتەوە نابینم!

روشدی بزەیەکی بۆ کرد، ددانە سپی و ڕێکەکانی بەدیار کەوتن و بە جۆرە تەوسێکەوە گوتی:- ئەگەر دوو فەرمانبەر لە شارۆچکەیەکدا یەکیان گرتەوە، مێژی قومار سێیەمیانە!

ئەحمەد، هەناسەیەکی هەڵکێشا وگوتی:- دڵنیام هەرگیز خۆت لە نیعمەتی خەو مەحروم نەکردوویت!

–نیعمەتی خەو؟!.. خەو لە ڕاستیا بەڵایە!.. بەفیڕۆچوونی ماوەیەکی درێژی تەمەنی کورتی مەیە!

– تۆ خۆتیش نازانی چ دەڵێی!

– برا، تۆ پیاوێکی دانایت و من گەنجێکم شێت و شوور، ئیدی ئەمە فەلسەفەی شێتانە!

– کەواتە دەگەڕێیتەوە سەر...

– بە ئومێدی خوا!.. لە ئەسیوت پیاوێکم بینی، عاشقی پێکەنین بوو، دەیگوت خۆراکی سەلامەتی ڕاستەقینە، پێکەنینە، ئەگەر ڕاست بێ، مانای وایە. عەربەدە و بەڕەڵڵایی باشترین ڤیتامینە!

- ئەدی ئەگەر ڕاست نەبێ؟!

- با لە خوا بپاڕێینەوە ڕاست بێ، بەڵام پێم بڵێ تۆ کەنگێ قەڵەو بوویت؟!

- تۆ کە بە خۆت دەزانی من هەمیشە خەریکی بیرکردنەوەو خوێندنەوەم.

- دروستە. بەڵام لەگینە لاوازی لە ماڵباتی مەدا بۆماوەیی بێ!

- ئەدی دایکت؟!

روشدی، بەجۆرێ پێکەنی کە برەڕەکانی بەدیارکەوتن، تەڕبووشەکەی لەسەری داکەند، قژە ڕەشەکەی دەبریقایەوە، خەتێکی سپی و جوان لە ناوەڕاستەوە شەقی دەکرد، بە ڕاوێژێکی میهرەبانانە گوتی:

-کە بیری دەکەم! هێشتا باسی زار "جنۆکان" دەکات؟

ئەحمەد بە بێزارییەوە گوتی:- بە ئاشکرا باسی ناکات، بەڵام لەگینە لای تۆ گلەیی لە ئێمەمانان بکات، کە ڕێگەی نادەین کۆڕ وکۆبوونەوانی تاراندنی جنۆکان ئەنجام بدات.

-داکمان وەکو فریشتە ناسک و پاکە، چونکە هەرگیز تووڕە نابێت، ئەوەندەی لەبیرم بێ، هەمیشە هەر ڕازی و خەنۆڵ بووە.

ئەحمەد پێکەنی. روشدی لەسەری ڕۆیی:- جنۆکە و پەری باوەڕە. هەرچەندە، لە ئاخروئۆخری شەواندا، کوچە و کۆڵانە تەنگ و پێچاوپێچ و چۆڵەکان تەی دەکەم، بۆ تاقە جارێکیش تووشی یەکێکیان نەبووم.

-مرۆڤ، خراپترین جنۆکەیە!.. تۆ تەمەشای شەڕبکە!

روشدی پێکەنی، وشەی شەڕ، بیری خستەوە کە چۆن بە ناچاری لە تاخی سکاکینییەوە، باریان کردبوو، گوتی:- ئەوەبوو کە ئینسانی جنۆکە ناچاری کردین، گەڕەکە کۆنەکەمان بەجێ بێڵین، سەیرە.. دەزانی من پێشتر قەت گەڕەکی "خانولخەلیلی" م نەبینی بوو!

وشەی "خانولخەلیلی" شادییەکی قووڵی لە دڵ و دەروونی پیرە کوڕ گێڕا، تەکانێکی میهرەبانانەی دا و گوتی:- خەمت نەبێ، شەو ورۆژ دەیبینی!

-ڕەوشەکە ئەوەندە خراپ بوو، کە ناچاربین باربکەین؟

- ئەدی مەعنای چی. زۆرکەس لەو باوەڕەدا بوون کە بوردوومانەکە بەردەوام دەبێت و قاهیرە وەکو لەندەن و روتردام و وارشۆ کاول و وێران دەبێت، بەڵام خودا پاراستمانی. باوکە زۆر پەرێشان و بێزار بووبوو، ئیدی ناچاربووین هەڵێین!

روشدی بە داخ و کەسەرەوە سەری بۆ لەقاند. تەمەشایەکی ڕێگاکەی کرد، لە کاتێکا گالیسکەکە بەرەو مەیدانی ئەزهەر دەڕۆیی، چاوی بە مەیدانی شابانو فەریدە کەوت. هەندێ ژوانگەی ئاشقێنی خۆش و لە فەرامۆش نەهاتگی بیرکەوتەوە، وەکو چۆن شنەبایەک ژیلەمۆ دەگەشێنێتەوە، بەو ئاوایە دڵی نەوازش کرد، ڕووی گەشایەوەو، ناخی لە خۆشیان خرۆشا. ئەوسا پرسی:- گەڕەکە تازەکە چۆنە؟

ئەگەر پێشتر ئەو پرسیارەی لێکرابا، بێگومان زەمی دەکرد؛ بەڵام نها!!. گوتی:- چاوەڕوان بکە تا بەخۆت دەیبینی روشدی. دوای ماوەیەک لە گەڵیا ڕادێ.

-ئەدی دەر و دراوسێکان؟!

- ئەها... زۆربەیان خەڵکی شارەدێ و شارۆچکەکانن، زۆربەی ڕۆنیشڤانانی تەلارە تازەکان، هاوچینی خۆمانن!

- ئەدی بۆ ڕامان و هزرین و خوێندنەوە چۆنە، بەدڵتە؟

ئەم پرسیارەی زۆر لە گیان خۆشبوو، وەکو هەر شتێکی دی کە بیری دەخستەوە، کە بابایەکی هزرڤانە، گوتی:- پەندێک هەیە دەڵێت، دوو گا لە دۆلێ، نەچنە پێستی یەکەوە دەچنە خووی یەکەوە. بۆیە هەوەڵی شەوان لە چاخانەیەکدا، دەگەڵ هەندێ دۆستی تازەدا بەسەر دەبەم، وەختایەک دەنگی ڕادیۆ و هەرا و زەنای دەرەوە، دەبڕێ، بۆ ژوورەکەی خۆم دەگەڕێمەوە، دەست بە خوێندنەوە ولێکدانەوە دەکەم!

روشدی بە پێکەنینەوە گوتی:- ئاقیبەت فێری قاوەخانان بوویت؟

برایەکەی بە زەردەخەنەوە گوتی:- ئیدی ئەوە حوکمی گەڕەکە تازەکەیە!

گالیسکەکە لەبەردەم دەروازەکەی خانولخەلیلی ڕاوەستا، جووتە برا دابەزین، کابرای عارەبانچی، جانتاکەی بۆ هەڵگرتن و دوایان کەوت، کە بەناو کۆڵانە پڕپێچ و پەناکە کەوتن، ئەحمەد بە براکەی گوت:- باش دیقەتی دەوروبەرت بدە، کوچە و کۆڵانەکان دەست نیشان بکە، دەنا لە پێچ و پەناکاندا ون دەبیت!

لە تەلارەکە نزیک بوونەوە، ئەحمەد دایکی بینی کە لە پەنجەرەی ژوورەکەی ئەمەوە تەمەشای دەرێی دەکات، دەستێکی بە بازووی براکەیدا کێشاو ئاماژەی بۆ پەنجەرەکە کرد، روشدی سەری هەڵێنا، دایکی بینی کە سەروبەستێکی قاوەیی لەسەر بەستبوو، خۆی بەجۆرێ ڕازاندبووەوە لە تۆ وایە کە چاوەڕێی زاواکەیەتی. هەرکە نیگایان لێکدی هەڵەنگوت، دایکی هەر دوو بازووی بۆ کردەوە، لە تۆ وایە دەیەوێ لە ئامێزی بگرێ. دوای تێپەڕبوونی کەمتر لە خولەکێک، خۆی لە باوەشی دایکیا بینییەوە، کە باسکە نەرم و نۆڵەکانی لە گەردنی ئاڵاندبوو و بەرگەرمی ماچی دەکرد.

(( ١٧ ))

هەموو لە دەوری خوانەکە ڕۆنیشتن. باوکیان هاتەوە، روشدی دەستی ماچ کرد. بە شادی وخۆشییەوە دەستیان بە قسان کرد. روشدی باسی ئەسیوت و خەڵکەکەی و غوربەت و بیرکردنی کەس وکار وشارەکەی خۆیانی کرد، باوکەکەیان باسی بۆردوومان و ئەو تەنویرانەی کرد کە فڕۆکان بەریان دەدایەوە، داکی باسی هاوسێکان و وەستا نونو و ژنەکانی بۆ کرد، دایکەکە هەستیکرد، روشدی وەکو خۆیەتی، تەنانەت یەک کیلۆش زیادی نەکردووە، ئەوسا هاتە سەر باسی کێک و شیرینی، مژدەی دایێ، کە کێکێکی دەرخوارد دەدات، کەس لە سەرانسەری میسردا تامی نەکردووە، ئەوسا لەگەڵیا چوو بۆ ژوورەکەی. وەخاتەیەک روشدی بە تەنیا لە ژوورەکەیدا مایەوە لە فکران ڕاچوو. ئیدی بە پێویستی نەدەزانی بێزاری و نائومیدی خۆی وەشێرێت، ئیدی نیشانەی ڕەشبینی بە سیما جوانەکەیەوە دەرکەوت. هەرکە پێی نایە ناو خانولخەلیلی یەوە، دڵی گوشرا و تەنگ بوو، کە خۆی بە شوقەکەیاندا کرد وبینی زۆر تەنگە، هێندەی دی دڵی تەنگ بوو. دڵنیابوو کە لەم گەڕەکە تازەیەدا، ئاسوودەیی بە خۆیەوە نابینێت. کە بیری لەوە دەکردەوە، هەموو دۆستەکانی لە تاخی

سکاکینی و دەوروبەری سکاکینی ئاکنجین، هێندەی دی پەست بوو. چونکە دەیزانی ناچار دەبێت بۆ بەشداری شەوبێری لە گەڵ دۆستەکانیا، ڕێگایەکی زۆر بۆ خانولخەلیلی تەیبکات و، بە مەستی وسەرخۆشی لە کۆڵانە تەنگ و تاریکەکانیا وێڵ و سەرگەردان بسوڕێتەوە! بەجارێ پەست بوو، لە دڵی خۆدا بڕیاری دا، هەوڵبدات بە هەر نرخێ بووە، قەناعەت بە کەس و کارەکەی بکات بگوازنەوە بۆ ماڵە کۆنەکەیان، یان بۆ شوێنێکی دیکەی نزیک لە ماڵە کۆنەکەیان. ئەوسا جانتاکەی کردەوە، هەرچییەکی تیابوو دەریهێنا، لە کاتێکا لەبەر خۆیەوە گۆرانیەکی عەبدولوەهابی دەگوتەوە، جل وکەلپەلەکانی تەپاندە ناوکەنتۆرەکەیەوە. جلەکانی داکەندولە ژوورەکەی وەدەرکەوت و چوو بۆ سەرشۆرگەکە کە کەوتبووە بەرانبەر ژوورەکەی و لەو سەری ڕاڕەوە تەنگەکەدا بوو. بە ئاوی سارد خۆی شۆرد تا تەپ و تۆزی سەفەرەکە و ماندوویەتی ڕێگاکە لە خۆی بڕەوێنێتەوە. جوانترو ئاسوودەتر بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە، دەرگاکەی لە سەر خۆی داخست – تا ئەگەر ویستی، بتوانێ بە دەنگی بەرزتر گۆرانی بڵێت. پەنجەرەکەی کردەوەو کرێمی لە قژی داو بە جوانی بە شانە دایهێنا، عەتری وەنەوشەی دڵخوازی خۆی لە خۆدا و بە تەواوەتی وەخۆهاتەوە و ئیسراحەتی کرد. بەرەولای پەنجەرەکە ڕۆیی، سەری کێشایە دەرێ تا بزانێ دەڕوانێتە کوێ. لە خوارەوە گوزەرێکی باریکی بینی کە دەچوو بۆ خانولخەلیلی کۆن. ڕووکاری تەلارەکەی بەرانبەر، بەرچاوی گرت، سەر ودڵی گیرا و وای هەستکرد فڕێدراوەتە ناو سیاچاڵێکی قووڵی قووڵەوە. ئەم پەنجەرەیە لە کوێ وپەنجەرەی ژوورەکەی لە شەقامی قەمەر کە دەیڕوانییە مەیدانی سکاکینی وهەمیشە پڕ بوو لە گەلە مامزانی جوولەکە لە کوێ! ئاهێکی خەمناکی هەڵکێشا، ئەوسا چاوێکی بە دەوروبەرا گێڕا، سەرنجی لە سەر پەنجەرەی شوقەکەی بەرانبەر خۆیدا، بەڵام لە نهۆمی سەرووتر بوو، گیرسایەوە. هەر دوو تاکی پەنجەرەکە کرایەوە. ڕوخساری کیژێکی لێوە بەدیارکەوت، ڕوخساری جوان، چاوانی گەش و درشت، پرشنگی زندوویەتی و سادەیی لە نیگای دەبووەوە، نیگایان لێکدی هەڵەنگوت. کیژێ بە کەمێک دوو دڵی و کوڕە بە نیازی ڕاوەوە کەوتنە چاوبڕکێ، کوڕە لە ڕاوچییەک دەچوو نێچیری لێهەڵکەوتبێت. کیژێ چاوباشقاڵی کوڕەکەی بەلاوە ناخۆشبوو، سەری داخست و بە شەرمێکەوە لە بەر پەنجەرەکە لاکەوت. کوڕە بزەیەکی شیرینی بۆ کرد، ڕووی گەشایەوە، سیمای جوان و نیگای شیرینی کچەکە کاری تێکرد، نە لە جێگەی خۆی جوڵاو نە نیگای لە پەنجەرەی ماڵی کیژەکە گواستەوەو چاوەڕوانی گەڕانەوەی کیژەکە بوو، بەلایەوە ئاسایی بوو کیژێ بێتەوەو نیگایەکی دیکەی چاوەباشقاڵ و بێ شەرمەکانی هاوسێ تازەکەیان بکات. لە جێی خۆی مایەوە، هەر بە ئومێدی گەڕانەوەی کیژێ بوو، جارێکی دی کیژێ بە دوودڵییەوە لە پەنجەرەکەوە سەری کێشایەوە، نیگایەکی بلەزی یەکدییان کرد، کیژەکە بە نیمچە پەستیەکەوە کشایەوە، ڕوشدی خەندەیەکی ئارامی کرد، بەدەم بزەی ڕەزامەندییەوە لەبەر پەنجەرەکە لاکەوت، ئەوسا لەسەر کورسی پشت مێزە بچکۆلەکەیەوە ڕۆنیشت و ورتە ورتێکی لێوەهات: " ئەمە یەکەم شتی باشە کە لەم گەڕەکە نەگبەتەدا دەیبینم! " کەمێک لە فکران ڕاچوو، بە قامکان لە مێزەکەی دەدا، لە دڵی خۆیدا گوتی: " بێگومان کیژێ دراوسێمانە، ژوورەکەی دراوسێی ژوورەکەی منە! "

سیما وڕوخساری کیژێی هێنایە بەرچاوی خۆی، بەلایەوە جوان وبەدەو وزیتەڵ بوو، ڕوشدی وەکو ئەوەی شتێکی بەنرخی دۆزیبێتەوەو دەستیکەوتبێ، زۆر دڵی خۆشبوو. ڕوشدی لە عاشقێنیدا متمانەیەکی لە ڕادەبەدەری بە خۆی هەبوو، کە سەرچاوەی ئەم متمانەیە، سەرکەوتنە یەک لە دووی یەکەکانی، سەبرو حەوسەڵە و کۆڵنەدان و لێزانی خۆی بوو. ڕۆژ بە ڕۆژ، مانگ بە مانگ، ئەگەر پێویستی بکردبا بەساڵ پەیگیری و تاقیبی نێچیرەکەی دەکرد و تا ڕاوی نەکردبا دەستبەرداری نەدەبوو. یەکێک لە قسە بە

نێوبانگەکانی سەبارەت بە ڤیان و ئەڤینداری ئەمە بوو: " کە دوای عەشق کەوتی دەبێ شەرم و بێ حەوسەڵەیی و ترس بنەیتە لاوە، کە دووی ئافرەت کەوتی، دەبێ کەرامەتی خۆت فەرامۆش بکەی. ئەگەر لێت تووڕە بوو گوێی مەدەیێ، ئەگەر جنێوی دایتێ، خەمبار مەبە، تووڕە بوون و جنێو ئێزینگی ڤیانن. ئەگەر ژنێک کێشای بە ڕوومەتی ڕاستت دا، ڕوومەتی چەپتی بۆ ڕابگرە، لە کۆتاییدا هەر تۆ براوەی!"

ڕۆژێ لێبڕا، دووی کیژێکی سرک وسڵ و چەمووش بکەوێ کە بە ئامان و زامان نەدەهاتە ڕەدایە. کە مەسەلەکە درێژەی کێشا وکیژێ هیچ نەرمی ومەیلێکی نیشان نەدا، روشدی زۆر بە هێمنی پێی گوت: " من کەسێکی ڤیرسیچمەم، چاو قایم و ڕوودارم، ناتوانی بە چاو سوورکردنەوەو هەڕەشە وجنێو بم تارێنی، تەنانەت بە لێدان و پۆلیسیش کۆڵ نادەم، ناچارت دەکەم قسەم لەگەڵ بکەی، ئەمڕۆ نا سبەی، ئەم ساڵ نا ساڵی داهاتوو، بڕۆ بۆ سەدەیەکی دی! ناوەڵلا کچی چاک بە، ڕێگاکە قەدبڕ بکە، چونکە کۆتاییەکە لە ئێستاوە خۆیایە! " ئیدی روشدی ئاوابوو. دانیشتبوو ولە دڵی خۆیدا دەیپرسی: ئاخۆ ئەم کیژە لە کام جۆرانەیە؟.. ئاخۆ لەو سرک و بێ پەروایانەیە کە بە ئاسانی نایەتە ڕامکردن؟.. یان لەو ئەزمووندارە کارامە و سەرسەختانەیە کە ناکەونە داوەوە؟.. یان لەو ساویلکە شەرمنانەیە کە پیاو پەست و بێزار دەکات؟.. بەهەرحاڵ گومان لەوەدا نییە کە خانولخەلیلی بە بوونی ئەم کچانە و هاوشێوەێن ئەمەوە، دێتە تەحەمول کردن! " ئەوسا هەر دوو دەستی وەکو ئەوەی بیەوێ نیەتی نوێژکردن بێنێ نانە پەنا گوێیەکانی و ئەوسا لەبن لێوانەوە گوتی: " وەناو خودا کە دەهندەو دلۆڤانە، نیەتمە عاشقی بکەم، خوا خۆی یار و یاوەرە!"

بەڕاستی بڕیاری عاشقێنی دا، بەڵام ئاگاداری ئەوە نەبوو کە بەم بڕیارە، چ خەنجەرێک لە شادمانی برا گەورەکەی، کە زۆری خۆشدەویست و ڕێزی دەگرت، دەدات.

(( ١٨ ))

شەوێکی دور و درێژی، لە ڤیتاردا، بەبێئەوەی چاوی بچێتە خەو، بەسەر بردبوو، هیلاک وماندوو خۆی بە خەو سپارد، سەعات چوارو نیوی عەسر لە خەوە قووڵەکەی بێدار بووەوە. بەدەم باوێشک دانەوە، لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕۆنیشت، دوای یەک ساڵی تەواو، بۆ یەکەمجار چاوی بە ڕوناکی شادییەخشی قاهیرە ڕوون بووەوە. نەقڵەکەی لە ئەسیوتەوە بۆ قاهیرە بیرکەوتەوە، دڵی ئاسوودە بوو و هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا. دنیای ژوورەکەی خەریک بوو تاریک دەبوو، هەستا، چوو بە لای پەنجەرەکەوەو کردییەوە، یەکسەر کیژۆڵە سەوزەڵە بەدەوەکەی بیرکەوتەوە، سەری هەڵبڕی وتەمەشای پەنجەرەکەی ئەوانی کرد. بەڵام پەنجەرەکە داخرابوو، لە ژوورەکە وەدەرکەوت. بابی خەوتبوو. داکی مژوولی پاککردن و ئامادەکردنی ماسی بوو، تا سووری بکاتەوە. لە بەر دەرگای مووبەقەکەدا وەستا تا دوو قسە دەگەڵ دایکیدا بکات، پاشان چوو بۆ ژووری براکەی. پیرە کوڕ لەبەر پەنجەرەکەدا وەستابوو، هەرکە هەستی بە هاتنی براکەی کرد، بلەز لەبەر پەنجەرەکە دوور کەوتەوە. برا بچووکەکە، ئاگای لەوە نەبوو کە کاکی بە چ کول وکۆڤانێکەوە دەتلایەوە. بە چ تاسە و چاوەڕوانییەکەوە لەبەر پەنجەرەکە وەستابوو.. بە هەرحاڵ بە بزەیەکی شیرینەوە پێشوازی کردو پێکەوە دانیشتن، ئەحمەد لە سەر تەپڵەکێکی بچووک و روشدی لە سەر کورسی دانیشتن.

وەکو دوو برای خۆشەویستی یەکدی، کەلە مێژ بوو یەکدییان نەبینی بوو، پێکەوە و بە تامەزرۆیی و تاسەوە کەوتنە گفتوگۆ. روشدی کە دەیزانی کاکی خولیای نووسین و دانانی کتێبانی هەبوو، لێی پرسی:

-داشۆ، هێشتا دەست بە نووسین و دانان نەکردووە؟

پرسیارەکە ئازاری دا، بەڵام گوێی نەدایێ و گوتی:- مێشکم پڕە لە زانیاری، نازانم کامیان هەڵبژێرم و کامیان وێڵ بکەم!.. لە ڕاستیا ئەگەر بمەوێ کتێبان دابنەم، دەتوانم پڕ بە یەک کتێبخانەی تەواو کتێبان دابنەم! بەڵام چ پێویست بەو هەوڵ و تەقەلایە دەکات؟.. ئەم گەلە شایستەی ئەوەن؟ دەتوانن هەرسی بکەن؟.. ئەمانە کۆمەڵێک خەڵکی ڕەشوکین و تەنها کتێبانی بازاڕی دەخوێننەوە!

روشدی، کە هەمیشە باوەڕی بە قسە و بۆچوونەکانی کاکی هەبوو، گوتی: - حەیفە کە بیرو بۆچوونە بەهادارەکانت بەفیڕۆ بچن!

ئەحمەد کە بە خۆیشی باوەڕی بەو قسەیە هەبوو، وەکو شتێک لە بیری چووبێ، چ گەنگەشەیەک لەو بارەیەوە، لە نێوان ئەو و ڕاشدا ڕووی دابوو، گوتی:- من پێش سەردەمی خۆم کەوتووم، بۆیە باوەڕ ناکەم، لەگەڵ ئەم خەڵکەدا بگەمە هیچ لێکدی تێگەیشتنێک، هەموو شتێک لەم دنیایەدا، خەوشی خۆی هەیە، تەنانەت قووڵبوونەوە لە زانستیشدا عەیبی خۆی هەیە!

-بەڵام داشۆ، دڵت دێ ئەو هەموو هەوڵ و ڕەنجە گەورەیەت بەفیڕۆ بڕوات و خەڵکی سوودی لێ نەبینن؟!

پیرەکوڕ بە ڕادەیەک دڵی بەو قسەیە خۆشبوو، کە داخ و کەسەری دوور کەوتنەوە لە پەنجەرەکەی، بیر چووەوە و گوتی:- کێ دەزانێ روشدی گیان؟... لەگینە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەم بڕیارەی خۆم پاشگەز ببمەوە!

بەدەم قسانەوە مژوول بوون تا دوا تۆپی بەربانگ تەقێنرا، پاشان دوا خوان و سفرەی کۆتایی ڕەمەزان کۆی کردنەوە، سینییە ماسی ئاسایی هێنرا، بە شادی و دڵخۆشی خواردیان و خواردیانەوە. دوای قاوە خواردنەوە روشدی خۆی گۆڕی و لە ماڵ وەدەرکەوت. دەیویست لە کاتی خۆیدا بگاتە گازینۆی غەمرە، بە واتایەکی دی دەیویست پێش ئەوەی هاوڕێکانی لە دەوری یەکدی خڕ ببنەوە، بگاتە ئەوێندەر – ئەوان هەموو ئێوارەیەک بۆ خواردنەوەو وەرەقبازی لەوێ خڕ دەبوونەوە. حیکمەتێک لە پەلە کردنەکەیدا هەبوو، نەیدەویست هەر کورسیەکی خاڵی دەوری مێزەکەی بەر بکەوێ، چونکە ئەگەر دۆست و بناژۆکانی بە یاریەوە سەرگەرم بوایەن، نەیان دەپەژرا، وەکو پێویست و بە گەرمی کەسێکەوە پێشووازی بکەن کە یەک ساڵی تەواو بوو لێیان دوور بوو. لەو حاڵەدا، تەنیا پێشوازییەکی لامسەرلاییان دەکرد و چاویان لە وەرەقەکانی دەستیان هەڵنەدەبڕی، خۆ ئەگەر ناچار بان بۆ مجامەلە یارییەکەیان ڕابگرن، هەزار و یەک نەفرەتیان لەو میوانە دەکرد کە دەبووە بایسی ڕاگرتنی یارییەکەیان. سەبارەت بە براوەکان پێ و قەدەمی بەخێر و سەبارەت بە دۆڕاوەکان بە شەڕ و شووم دەژمێردرا، بۆیە هەمیشە گروپێک هەبوون کە مۆرەی لێبکەن. هەندێک لە هاوڕێکانی بە بەد قەدەمی و شوومی ناوبانگیان دەرکردبوو، یەکێک لەوانە پارێزەرێکی گەنج بوو، برادەرەکان سەبارەت بەو دەیانگوت، ئەگەر بە دیار هەر گروپێکەوە بوەستێ، هەر هەموویان دەدۆڕێن! شتاقیان براوە نابن!.. هەڵبەتە قوماربازان زۆر هەستیارو واز وازین، باوەڕیان بە ئاراستەی فڕینی تەیران، بە بەخت وشانس هەیە. سواری ترامۆی ئەزهەر بوو، بەدەم خەیاڵەوە، ڕۆژانی هەوەڵی فێربوونی سەرەتاکانی قوماری بیرکەوتەوە. تازە لە قۆناغی یەکەمی کۆلێژی بازرگانی بوو، بەناوی کات بەسەر بردنێکی هاکەزایی و بێ زەرەر وزیان بۆ یاری قومار دەعوەت کرا. پاشان بۆی دەرکەوت کە لە سەر ملیمان و پارەی وردە قومار دەکەن – نەک بە تەماحی بردنەوە، چونکە ملیم پارەیەکی بێ بایەخ بوو – بەڵکو زیاتر بۆ گەرمکردنی

یارییەکە و خرۆشانی یاریچییەکان بوو. بەڵام زۆری نەبرد، ژمارەکان بەرز بوونەوە، کار گەییە ئەوەی هیچیان لە بەرکدا نەما. ئارەزووی یاریکردن بەڕادەیەک بە سەریاندا زاڵ بوو، کە وەخت ودەرس ودەوام وئایندەیان بە تەواوەتی فەرامۆش کرد؛ چونکە قومار سەرگەرمیەکی ترسناک، لەزەتێکی بەژان و خولیایەکی شێتانەیە. شەڕ فرۆشتنە بە نادیار، تاقیکردنەوەی بەخت و شانسە، لە دەرگادانی نادیارە، ختووکەدانی غەریزەێن وەکو ترس، پەلامار، ڕیسک و تەماعکارییە، لە سەروو هەموو ئەوانەشەوە، کاری نەرێنی لە هەوڵی ڕۆژانەمان بۆ چارەسەری کێشەکانی ژیان دەکات ولە واقیع دوورمان دەخات و سەروکار لە گەڵ قەدەر و بەخت و نێوچەواندا پەیدا دەکەین و بردنەوەو دۆڕان بە قەدەر و شانس دەسپێرین.

زۆرجار، خۆزی دەخواست کە هەرگیز لە پای مێزی قومار هەڵنەستێت!.. سەیر ئەوە بوو، هەرجارێک، دوای شەوێکی دوورو درێژ، شەکەت وماندوو لە سەر مێزی قومار هەڵدەستا، تۆبەی دەکرد و لە خودا دەپاڕایەوە کە لێی خۆش بێت، کەچی ڕۆژی دوایی، لە هەمان سات و کاتا، وەکو ئەوەی نە بای دیبێ و نە باران، بە هەشتاو بۆ گازینۆ دەڕۆیی. بەوجۆرە دەردی بێ دەرمانی قومار، هەر هەموویانی گرتەوەو بکوژانی کات، بەخۆیان بوونە قوربانی!.. روشدیش بەرەبەرە بوو بە یەکێک لەو قومار بازانەی باوەڕیان بە بەخت وناوچەوان وئاراستەی فڕینی تەیران هەبوو. هەموو بەیانییەک کە دەیویست پەنجەرەکە بکاتەوە، پێدەچوو لە دڵی خۆیدا بڵێ: " ئەگەر ژمارەیەکی جووت لە ڕێبواران بدینم ئەوا بەخت یاوەرم دەبێ، ئەگەر ژمارەی ڕێبواران تاک بێ، ئەوا ئەمڕۆ دەدۆڕێم! " یان کە دەچوو بۆ سەر خوانی نانی بەیانی، پێدەچوو لە دڵی خۆدا بڵێ: " ئەگەر ئەم بەیانیە پاقلەی سوورەوەکراومان هەبێ براوە دەبم، ئەگەر هەر پاقلەی ڕووتمان هەبێ، ئەوا ئەمڕۆ دەدۆڕێم! " کە لە ترامەکە دابەزی، زنجیرەی بیرەوەرییەکانی پچڕا، ئەوسا سواری ترامی ژمارە دە بوو، بەو ڕێگایانەدا بردی کە بەرەو گەڕەکە کۆنەکەیان دەچوون. سۆزی بزوا، کە لە سکاکینی نزیک بووەوە، کزە لە دڵییەوە هەستا، دڵی پڕ بوو. لە تراماوکە دابەزی و بەرەو گازینۆکە پەل بووەوە، لە هەمان شوێنە کۆنەکەی جارانی ناو باخەکە هاوڕێکانی بینی، یان چونکە دنیا تاریک بووبوو، وای هەستکرد تاپۆ و تارمایی دۆستەکانی بینی. زانی لە کاتی خۆیا وبەرلەوەی هاوڕێکانی بچنە هۆڵی یارییەوە، گەییوەتە جێ. بەدەم زەردەخەنەوە لێیان نزیک بووەوە، تا خۆی لە ناوەڕاستیاندا بینییەوە، هەموو ناسیانەوەو هاواریان کرد:- روشدی عاکف؟! بەخێر بێیتەوە شێر دڵ!

روشدی کە گوێی لە نازناوە ئازیزەکەی بوو زۆر خۆشحاڵ بوو. هاوڕێکانی بەهۆی سەرکێشی و ڕیسکبازییەوە ئەو ناوەیان لێنابوو. بە گەرمی یەکدییان لە ئامێزگرت. هەموویان وەکو ئەو لە نیوەی دەیەی سێیەمی تەمەنیاندا بوون، هەندێکیان هاودەورەی قوتابخانەی ئەو بوون، هەندێکی تریان کوڕی گەڕەک بوون و لە سکاکینی گەورە بووبوون، هەر هەموویان لە سەرشێتی و بەڕەڵلایی و سەرسەرێتیدا وەکو یەک بوون. یەکێکیان گوتی:- کوڕی باش، هەر دەبێ لە جەژندا یەکدی بدینین؟ خۆ ئێمەمانان شەو و ڕۆژ لە یەکدی جیا نەدەبووینەوە!

روشدی بە پێکەنینەوە لە سەر کورسییەک ڕۆنیشت و گوتی:- لەم شەوەوە هەموو ڕۆژێ دەمبینی، یان ڕاست تر لەمڕۆوە هەموو شەوێک دەمبینی!

یەکێکی دی لێی پرسی:- چۆن شتی وا دەبێ؟

-بۆ قاهیرە نەقڵ بووم!

- یانی ئیدی بۆ ئەسیوت ناگەڕێیتەوە؟

- نەخێر!

- یاخوا.

سێیەم لێی پرسی:- باشە چۆن توانیت یەک ساڵ لە مێز (مەبەست مێزی قومارە) دوور بی؟ مەگەر خوا بزانێ چەند بیری پارەکانتمان دەکرد!

-ئەسیوتش مێزی خۆی هەیە، بەڵام سەبارەت بە پارە، منیش بیری پارەکانی ئەنگۆم دەکرد!

کەوتنە باسکردنی ئەسیوت. تا روشدی بە تاسەوە لێی پرسین:- ئەمشەو چۆن بەسەر دەبەن؟

-وەکو شەوانی پێشوو. تۆزێکی دی دەچین بۆ هۆڵەکەی ناوەوە.

- چاکە، ئەدی چۆنە یەک دوو پێک کۆنیاک هەڵدەین؟

- یان چوار پێنج پێک؟

- یان شەش حەوتێ؟

بەڵام یەکێکیان پێشنیازی کرد:- سبەی جەژنە! چۆنە خواردنەوەکە بۆ سبەی هەڵگرین!

-نا، کاری ئەمڕۆ ناخەینە سبەی!

یەکێکی دی لێی پرسی:- ڕەوشی فسق وفجور لە ئەسیوت چۆنە؟

روشدی بەرسڤی دایەوە:- باسی ئەمە هەر مەکە! جۆرە داوێنپاکیەکی زۆرەکی سەپێنراوە!

-ڕەوشی ئێرە وەکو گوندی لێهاتووە، سەربازانی سوێند خۆران گۆشت و میوە و ژنان دەماشنەوە!

یەکێکی دی گوتی:- ئەرێ، ژنانی جوولەکە ئاقیبەت باشی زمانی ئینگلیزیان بۆ دەرکەوت!

-تەنوورە ئاوریشمەکانیان لە عاردی دەخشێ، ئەگەر ڕێ بە یەکێکیان بگری خێسەیەکت لێدەکات و بە لەهجەیەکی سکوتلاندی پەتی پێت دەڵێ:- بێزەحمەت هەندێ جەنتلمانانە ڕەفتار بکە...

Be Have Like a Gentleman, Please.

-کارەکەران جەنابی روشدی، وەکو جارانی خۆیان، وازیان لە ماڵان و مووبەقان هێناوە و ڕوویان کردووەتە کاباریەکان!

- شەڕ دەرفەتێکی باش بوو، تا توانا و بەهرە هونەرییەکانی خۆیان بنوێنن!

روشدی، بە سەرسامی بزەیەکی کرد وگوتی:- دەی تەگبیر چییە؟!... ژن بێنین؟!

-ئەگەر شەڕ بەردەوام بێت و ڕەوشەکە خراتر ببێت، ئیدی هیچ پیاوێکی سەڵت نامێنێ جگە لە من و تۆ!

– براینە ئەنگو زوڵم لە هەندێک لەو ژنە جوولەکە و کارەکەرانە دەکەن، ئەوانە کە دیتوویانە میللەت، بەشداری لە شەڕەکەدا ناکەن، ترساون و بە ناموسی خۆیان، بەشدارییان لە شەڕدا کردووە و مدارای سوێندخۆرانیان کردووە!

– بۆیە ژن لە سەماد گرانتر بووە!

– بگرە لە زوخاڵیش گرانتر بووە!

– باشە، سبەی کە شەڕ تەواو بوو، ئەم ژنانە چی دەکەن؟!

– هەنگێ ژنانی مە، لە ژنانی ژاپۆنی هەرزانتر دەبن!

– ئیدی عەشق و ڤیان دەبێ بە جوملە، گەنجێک دەتوانێ لە شەوێکا سێ ژن ڕاو بکات – یەکێک بۆ ڕاموسان، یەکێک بۆ ڕاز و نیاز و یەکێک بۆ ڕابواردن... هتد.

– مەگەر حکومەت، تەدەخول بکات و نەیەڵێ نرخیان دابەزێ.

روشدی لە کانگای دڵەوە پێکەنی، تامەزرۆ بوو، یەک ساڵی تەواو بوو لەو جۆرە شەوبێری وکۆڕو کۆبوونەوانە مەحرووم بووبوو. تا سەعات نۆ درێژەیان بە خواردنەوەو قسان دا، ئەوسا هەمووان بۆ هۆڵی یاری چوون. روشدی ئەو شەوە پارەیەکی مۆڵی بردەوە – یان بە لای ئەوانەوە ئەو برە پارەیە بە زۆر زانرابێ – سەعات دوازدە و نیوی شەوێ بڕی برانەوەکەی روشدی گەییە سێ جونەی، نزیکی سەعات یەک، کە وەختی کۆتایی شەوبێرییەکە بوو – سێ قروشی دیکەی هاتەسەر. لە دەوری مێزەکە هەستان. روشدی لەو کەسانە بوو، کە ناخیان بە ڕوخسار و سیمایانەوە بەدیار دەکەوێ. بە شەوق وشادییەوە دەستی بە گەمە کردبوو. بە دەنگێکی خۆش، کە لە موناجات دەچوو، هەڵیکردە گۆرانی، نەیبڕییەوە تا یەکێک لە دۆڕاوەکان، هاواری بەسەرا کرد: " بیبڕەوە کاکۆ، دەنگت بێزارم دەکات!"

کە کەوتنە ڕێ، یەکێکیان گوتی:– چۆنە بچین لە ماڵی ئێمە یارییەکە تەواو بکەین؟

هەموو پێکەوە گوتیان:– مردوو لەوەی پاکتر ناشۆردرێ! جێی خۆیەتی!

ئەو کەسەی پێشنیازەکەی کردبوو لە روشدی پرسی:– تۆ چ دەڵێی؟

روشدی بە پێکەنینەوە گوتی:– ڕازیم بە مەرجێ بێڵن گۆرانی بڵێم!

چوون بۆ ماڵی یارۆی خودان پێشنیازەکە، ماڵیان لە شەقامی ئەبو خودە بوو، مێزیان ئامادە کرد، بەدڵ و بەگیان دەستیان بە یاری کردەوە. پەنجەرەکانی ژوورەکە داخرابوو، ژوورەکە بە هەناسەیان گەرم بووەوە، مەی و بادە، دەروونی گەرم کردنەوە، دەست دەست عارەقەیان دەکردەوە. کە سەعات بوو بە دووی دوای نیوەشەو، هەندێکیان گوتیان ئیدی یاری بەسە، درەنگە، دەنا سبەی کە یەکەم ڕۆژی جەژنە لە خەو دەمێنین!

دەستیان لە گەمە هەڵگرت. روشدی هەرچییەکی بردبووەوە خڕ دۆڕاندی و سێ قروشی خۆیشی نایە بانی!

یەکێک لە دۆستەکانی بە تەوسەوە پێی گوت:– گۆرانیەکەت بگوتبا باشتر نەبوو؟!

هەمووان پێکەنین، روشدی بە زیرەکی وسیاسەتی هەمیشەیی خۆی گوێ بە گوێی ئەوان پێکەنی. ئەوسا خاترخوازی لێکردن و بەرەو عەباسییە بەڕێکەوت، شەقام چۆڵ و هۆڵ، نە عەرەبانەیەک، نە تاکسی پێوە نەبوو، خۆی بە ڕێگای حوسەینییەدا کرد، ڕێگاکە چۆڵ وهۆڵ، کش ومات، تاریک ونوتەک بوو. بەدەنی گەرم و لە عارەقەدا هەڵکشابوو، گەرووی وشک بووبوو، پایز، بەو ئاخر و ئۆخری شەوە، بە هەناسەی نمساری غافڵگیری کرد. زۆری نەبرد کە تەزوویەکی ساردی بە بەدەنا هات، سەرما چنگی نایە سنگی، کەپووی گیرا. شەوی کۆتایی مانگ بوو و تاریکی باڵی بەسەر دنیادا کێشابوو. هەور بەری ئاسمانی گرتبوو، شەوەکەی دوو هێندە تاریک کردبوو، تاقە ئەستێرەیەک بە دەرەوە نەبوو. خانووە قەدیمییەکانی ئەم بەر و ئەوبەری ڕێگاکە دەتگوت تاپۆن و بە چیچکانەوە خەوێکی قووڵ بردونیەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: باشە باشتر نەبوو لە گەڵ دۆستەکانیا نەچووبا بۆ ماڵی ئەوان و یەکسەر بۆ ماڵی خۆیان گەڕاباوە؟.. بەڵام کە عەقڵ نەیکرد فایدەی نییە! بەڵام پەشیمانیەکەشی وەکو ویست و ئیرادەی لاواز بوو، قومارچی کۆنەکار و ئامادە، بەرەبەرە لەگەڵ دۆڕانا ڕادێ، بە چاوی شکست و ڕادەست بوونەوەوە تەمەشای ناکات، ئەمڕۆ دۆڕاوی، سبەی براوەی. تەمەشای ڕێگا دوور و درێژەکەی کرد، زۆر پیس و پۆخڵ بوو، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا. کە گەییە دەروازەی خانولخەلیلی، وەسفی براکەی بۆ ڕێگاکە بیر کەوتەوە: "گوزەری دووەم بە دەستە ڕاستدا، دەرگای سێیەم بە دەستە چەپدا." بە کوێرە کوێر، بەناو تاریکییەکە کەوت تا گەییە بەر تەلارەکە، بە ئەسپایی خۆی بە ژوورەکەیدا کردو گڵۆپەکەی پێکرد. کە چاوی بە پەنجەرە داخراوەکە کەوت، یەکسەر ئەو پەنجەرەیەی نهۆمی سەرەوەی خۆیانی وەیاد هاتەوە کە دەیڕوانییە سەر پەنجەرەی ژوورەکەی ئەم. بۆ یەکەم جار لە دوای ئەو نیوە شەوەوە بزەیەکی ڕاستگۆیانەی هاتێ. ڕوخسارە سەوزەڵە وبەدەوەکەی کچە جیرانەکەیانی هاتە بەرچاو، ئاهێکی هەڵکێشا، هەموو خەمەکانی ئەو شەوەی ڕەواندەوە، لەبن لێوانەوە گوتی: " کەس نازانێ خێر لە چدایە. " خۆی گۆڕی، لە مێزەکەی نزیک بووەوە، کەشکۆڵی بیرەوەرییەکانی لە چەکمەجەیەکی دەرهێنا، دانیشت تا بەر لە نووستن، چەند دێرە بیرەوەرییەکی تێدا تۆمار بکات.

(( ١٩ ))

بابەکە، بەرلە هەمووان هەستابوو. دەستنوێژی گرت، کە بانگی بەیانی دا، لە ماڵ وەدەرکەوت و بەنیازی نوێژی جەژن بەرەو مزگەوت پەل بووەوە. یەکەم شنەبای بەرەبەیانی ڕۆژی تازە دای لە ڕوخساری. لەو بەرەبەیانە جوانەدا، کۆمەڵێک خەڵکی بەدی کرد تەزبیح بەدەست و زار بە وێرد، بەناو شەپۆلی وەنەوشەیی خەیاڵئەنگێزی کازیوە کەوتبوون و بۆ مزگەوت دەچوون.

ئەحمەد، دووەم کەس بوو کە لە خەو ڕابوو. شاد ودڵخۆش، بە کەیف وبە دەماخ بوو. ڕدێنی جوان تاشی، دیزداشەیەکی تازەی لەبەرکرد وکڵاوێکی تازەی لەسەر کرد. ئەوسا دایکی بە قژی شانە کراو وسەروسیمای ڕازاوەوە، هات بۆ ژوورەکەی، ئەحمەد دەست و ڕوومەتی دایکی ماچ کرد، دایکەکەش، ئەم لا و ئەولای ئەوی ڕاموسی و دوعای عەمر درێژی و بەختەوەری و سەلامەتی و خۆشگوزەرانی بۆ ماڵ و منداڵەکەی کرد. ئەوسا بە دوو قۆڵی چوون بۆ هۆڵەکە، دانیشتن و دوو بە دوو کەوتنە قسان و چاوەڕوانی باقی ئەندامانی ماڵباتەکەیان دەکرد، چ ئەوانەی چووبوونە نوێژ و چ ئەوانەی لە غورابی خەودا بوون. بابەکە، دوای خۆرهەڵاتن بە ماوەیەکی کەم بە خۆ و عەبا دەڵب و فش و فۆڵەکەیەوە گەڕایەوە، هێشتا هەر لەبن لێوانەوە بسمیلا ولا حەولەوەلای دەخوێند. ژنەکەی و ئەحمەد لەبەری هەستان و دەستیان ماچ کرد، ئەویش پیرۆزبایی

جەژنی لێکردن، کە هەموو دانیشتن، گوتی:- جەژنتان موبارەک بێ، ئیشەڵڵا جەژنێکی پڕخێر وبەرەکەت بێ بۆ ئێمە و گشت موسوڵمانان.

چاوە سیسەکانی بڕییە دوا ژووری شوقەکە و بە مەیلە و تەوسەوە گوتی: - کوڕەکە هەستاوە یان هێشتا نەخەوتووە؟!

ژنێ، وەکو خووی هەمیشەیی، کەوتە بەرگری لە کورەکەی و گوتی:- دوێشەو، دوای ساڵێک دۆستەکانی بینی بوو، ئیدی بە خۆشی ئەوانەوە دێر کەوتبوو و چونکە بە پێ هاتبووەوە، درەنگ خەوتبوو.

زۆری نەبرد، دەرگای ژوورەکە کرایەوە، روشدی بە هەشتاو چوو بۆ سەرشۆرکەکەی بەرانبەر ژوورەکەی، دوای کەمتر لە چارەکە سەعاتێک بە بیجامەوە هاتەدەرێ، قژە ڕەشەکەی شانە کردبوو و عەتری وەنەوشەی لە خۆ دابوو، هات لە لایانەوە دانیشت. هەرچەندە ڕەنگی کەمێک زەرد بوو، بەڵام گەنجاتی و قۆزی لێدەچۆڕا. بزەیەکی جوان وناسکی کەوتە سەر لێوان، کە جگە لە دایکی، کەسی دیکەی ماڵباتەکەیان، ئەو بزە شیرینەیان پێوە نەبوو. روشدی گلەییە پەنهانەکەی بابی، پشت گوێ خست و چووە لایەوە، دانەوییەوە و بە ڕێزەوە دەستی ڕامووسی. هەروەها دەست و ڕووی دایکی و نێوچەوانی برا گەورەکەشی ماچکرد، دایکیان بە پێکەنینەوە دەستی پانکردەوە وگوتی:- گەلۆ کوا جەژنانەکەی من بدەن! جەژنتان موبارەک وهەموو ساڵێ بە خۆشی!

هەر سێکیان عادەتیان وابوو سەر و نیو جونەی جەژنانەی وێدەن. وەکو منداڵ بەو جەژنانەیە دڵی خۆش دەبوو. وەکو منداڵ خەرجی دەکرد و دەیدا بە نوقڵ و چکلێت وشەکرۆکان.

ئەوسا دایکەکەیان، تێشتی بەیانی جەژنی – کە کێک وشیر بوو- هێنا و ، بە خۆشییەوە دەستیان بە خواردن کرد. عادەتەن ڕۆژووان بە جۆرە دوو دڵی و پارێزکەوە یەکەم پارووی بەیانی جەژن دەخوات. بەڵام بەرەبەرە ئیشتیای دەکرێتەوەو لەزەت لە خواردنەکەی دەبینێ، هیچ شتێک لەو ساتە خۆشتر نییە، ئینسان ئەرکی ئاینی خۆی ئەدا کردبێ و هەست بە ئاسوودەیی ویژدان و لەزەتی پاداشتی دینی و دنیایی بکات. بە قامکان بەربوونە خواردنی کێک و بە لەزەتێکی ئەوتۆوە قەپیان پێدا دەکرد کە هەموو دەم و پلیان بوو بە شەکر وشیرینیەوە، ئەوسا شیریان کرد بە سەرا، تا مڕ بوون. دایکەکەیان، بۆ ئەوەی ناچاریان بکات، ستایشی کێکەکەی بکەن، بە کەسەرەوە گوتی:- سەد حەیف و مخابن بۆ ڕۆژگار و زەمانی پێش شەڕ، کە ئەو زەمانە کەرە، کەرە بوو، ئارد ئارد بوو، کێک بە ڕاستی کێک بوو نە گاڵتە!

روشدی لە مەبەستی دایکی تێگەیی، بە زمانە لووسەکەی خۆی گوتی: - کێکەکەمان زۆر بەلەزەتە، عەیبی نییە، پێویستمان بەوە نییە خۆزگە بە کێکی جاران بخوازین!

هەرکەسە بۆ ژوورەکەی خۆی گەرایەوە. ئەحمەد، بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە، دڵی پیرە کوڕ، حاڵی گەنجانەی لێهاتبوو، لە ڕاستیا لەو ساوە کە لە شەوی قەدردا، کیژێ بە ئارامی سلاوێکی دۆستانەی لێکردبوو، ئەو حاڵەی لێهاتبوو و تاپۆی کیژەکەی لە زەین و خەیاڵدا نەدەسڕایەوەو ئاگری ئەو سۆزو گودازەی، سلاوە ئەفسووناویەکەی ئەو، لە دل و دەروونی هەڵیگیرساندبوو، نەدەکوژایەوەو لە تەمراندن نەدەهات. پیرەکوڕ، زۆر دڵخۆش بوو، وای وێنا دەکرد ئەم شادی و سەرمەستیە گەنجایەتی بۆ دەگێڕێتەوە، وەکو پیرە دارێک دەبوژێتەوە، لقەکانی سەوز دەبنەوە، ئاوی ژیانی تێدەگەڕێتەوە، وای خەیاڵ دەکرد مووی لا جانگەکانی ڕەش

دەبنەوە، mووی سەرە سافەکەی دەڕوێتەوە، برژانگەکانی پڕ دەبنەوە، پێڵووە سوور هەڵگەڕاوەکانی کە لەو ساتە پڕ شادیەوە خەویان بەخۆوە نەدی بوو، دووبارە ڕەنگ هەڵدێننەوەو سورمەیی دەبن. کیژێ لە ژوانە ئاساییەکانیا پەیدا نەبوو. ئەحمەد، گومانی لەوە نەبوو کە بە هۆی شەرمەوە دیاری نییە وچاوەڕوانی تاریکی و شەوە. ئەم بیرۆکەیە زۆری شاد دەکرد – کێ بە قەد ئەو ئەزموونی شەرم و فەهێتی هەبوو– زۆر دڵی بەو کەشفە خۆش بوو، کە ئەو شتەی تا نها ئەوی سندم کردبوو، تەنیا شەرم و فەهێت بوو و بەس!... بەڵام ئەم بەیانییە جەژن بوو، دڵی مژدەی دەدایێ کە کیژێ هەرچۆنێ بووە نیگایەکی دەکات کە ڕوحی شاد بکات وئومێدی پێ ببەخشێت. تەمەشایەکی بانێژەکەی بەرانبەر دەکات، هەردوو تاکی دەرگاکەی لە سەر گازی پشت بوو، هەتاو لە ژوورەوەی دەدا، پرشنگی هەتاوەکە وای دەنواند کە ڕوخساری جوانی کیژێ لە ئان و ساتایە بەدیار بکەوێ. لە جێی خۆی وەستا و چاوی بە گەڕەک و بانەکەدا گێڕا، کە سەرڕێژ بوو لە شادی و خۆشی جەژن. ئیدی شادمانی جەژن بە هەموو شتێکەوە دیاربوو، بە رەنگی ئاڵاووالآوە، دەبینرا، بە گفتوگۆوە دەبیسترا، بە هەواوە بۆن دەکرا. ئەو پێچ و پەنایانەی کە تەلارەکان و گەڕەکەکە دروستیان کردبوو، نها گۆڕابوو بە سەمایەکی شادمانی و نەوایەکی دڵنەواز و گەرمیەکی پڕ لەزەت. منداڵان بە جلی ئاڵاووالآوە، دەهاتن و دەچوون، گێسوی کیژان بەو قردێلانەوە کە پێی بەسترابوون، لە دواوە سەمایان دەکرد. لە هەموو لایەکەوە دەنگی زوڕنا دەهاتە گوێ. تۆپی ئاشتی دەتەقی، دەم پڕ لە نوقڵ و نەعنا، دەنگی سروود و گۆرانی لە هەموو لایەکەوە دەهات. گازینۆ و قاوەخانان لە خەڵکی شار و گوندا جمەی دەهات، ڕەنگ و بۆی جەژن لە زەوی و ئاسمانەوە هەڵدەقوڵی و دادەباری.

ئەحمەد، خەیاڵاوی دەیڕوانیە ئەم دیمەنانە، تا باشترین پاداشتی ئەم سەبر وچاوەڕوانیەی وەرگرت، کیژێ، بە جوانترین جل وبەرگەوە هاتە بانێژەکە. نیگای ئەحمەد لەسەر ڕوخسارە سەوزەڵە جوانەکەی گیرسایەوە. ئەمجارەیان زاتی وەبەر خۆنا و سەری دانەخست، لە کاتێکا دڵی بە توندی کەوتبووە لێدان بزەیەکی بۆ کرد، بە ئاستەم سەری دانەواند. کیژێ چاوە گەشەکانی بڕی بوونە ئەو و بە بزەیەکی شیرین سڵاوەکەی سەندەوە، نیگای لە نیگای نەگواستەوە. ئەحمەد پەشۆکا، شەرم دایگرت، چیوای نەمابوو، نەترە بەربدات و جورئەت لەدەست بدات، بەڵام کیژێ بزەیەکی دی بۆ کرد و سووکێ کشایەوە، تا لە چاوی ون بوو، ئەحمەد هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا. ئومێدێک لە دڵیا پشکوت کە جارێکی دی بێتەوەو سێیەمین بزەی پێ ببەخشێت، بەڵام کارەکەرێک بە هەشتاو هات و دەرگای بانێژەکەی داخست. ئەحمەد هەستی بە کەسەر و نائومێدی کرد، لەبەر پەنجەرەکە لاکەوت. سەعات لە نۆ نزیک دەبووەوە، بیری کەوتەوە کە قەراری  لە گەڵ دۆستەکانیا لە قاوەخانەی زەهرە هەیە. ئەنجام بووبوو بە یەکێک لەوانەی ژوانگەیان قاوەخانان بوو. جلە تازەکانی لەبەر کرد؛ چاکەت و پانتۆڵ، تەڕبوش وپێڵاو وکراس. چووە بەر ئاوێنەکە تەمەشایەکی خۆی کرد، قەد وقەڵافەتی خۆی بەدڵ بوو. ڕۆژانی گەنجی خۆی، پێش ئەوەی زەمانە ڕووی لێوەربگێڕێ، کە بە شیکپۆشی و کەشخەیی بەناوبانگ بوو، بیر کەوتەوە!.. خۆشحاڵ و سەرمەست لە ماڵ وەدەرکەوت، لە کاتێکا نوقمی ئومێد و خەونان بوو، بەدەم ڕێگاوە، بە کەیف و دڵخۆش لە خۆی دەپرسی: " دوای ئەم بزەیە چی دێ؟.. چی دێ ئەی زەمانە؟!"

(( ٢٠ ))

روشدی گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، جگەرەیەکی پێکرد، بەدەم کێشانیەوە لەبەر پەنجەرەکە وەستا. چاوی بڕی بووە، پەنجەرە دلگیرەکەی بەرانبەر. چاوەڕوانی ئەوە بوو لە هەر ئان و ساتێکدا کیژە جوانەکەی

دراوسێیان بدینێت. ئاواتەکەی هاتەدی، کیژێ بە خۆی و فوستانە تازەکەیەوە لە بانێژەکەدا پەیدا بوو، پاڵتۆیەکی کەوەیی بە شانیا دا؛ بەڵام زۆر زوو، وەکو لە نیگا زەقەکەی ئەو هەڵێت، پاشەکشەی کرد. روشدی کە پاڵتۆکەی لە بەری کیژێدا بینی، یەکسەر مەزەندەی بۆ ئەوە چوو کە بە نیازی چوونە دەرەوەیە، یەکسەر چووە بەر کەنتۆری جلەکانی تا خێرا خۆی بگۆڕێت. دوای چەند خولەکێک خۆی گۆڕی و ئامادەبوو، لە ماڵ وەدەرکەوت، بەدەم ڕێوە لە خۆی پرسی باشترین شوێن بۆ چاوەڕوانی کردنی کیژێ کوێیە؟..

یەکسەر ئەو کۆڵانە تەنگەبەرەی بیرکەوتەوە کە دەچووە سەر وێستگە تازەکە، بلەز بەرەو ئەوێندەر ڕۆیی، ئەوسا، لەو شوێنەدا کە دەگەییە شەقامە سەرەکییەکە، لە سەر شۆستەکە وەستا. شەقامەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، جمەی دەهات لە ڕێبوار وگالیسکە وکچان وخورتێن هەرزەکار، بەدەم سەما وگۆرانی وتەپڵ لێدانەوە دەسوڕانەوە. ئیدی روشدی لە جێگای خۆی وەستابوو. چاوێکی لە شەقامە قەرەباڵغ و جەنجالەکە بوو و چاوەکەی تری لە کۆڵانە تەنگەکە بوو. چونکە لەو جۆرە هەڵوێستانەی زۆر بینی بوو، هیچ نیگەران نەبوو، زۆری نەبرد کە بینی، کیژەکە لەوسەری کۆڵانەکەوە پەیدا بوو، کوڕێژگەیەکی لەگەڵا بوو کە زۆر لە خۆی دەچوو. روشدی جگەرەیەکی دەرهێنا، خۆی بە پێکردنی جگەرەکەوە مژوول کرد، گومانی لەوە نەبوو کە کچەکە ئەو دەبینێ، بەڵام ئاخۆ دەیزانی کە ئەم چاوەڕوانی ئەو دەکات؟.. ئەوسا لە نزیکەوە بەرەو ئەزهەر دوای کەوت، بۆ یەکەمجار توانی بە وردی دیقەتی بدات، بە مەزەندەی خۆی تەمەنی هەر شازدە ساڵ دەبوو، دەستە باڵا و سرک و زیتەڵ بوو، روخساری زۆر جوان بوو، چاوە درشتەکانی لە جوانیا بێ وێنە بوون. بەڵام نەیتوانی بە کامی دڵ تەمەشای بکات، چونکە بلەز گەییە وێستگەکە و دەگەڵ براکەیا خۆیان کرد بە فارگۆنی خانماندا. ئەمیش، خێرا خۆی بە فارگۆنەکەی دوای فارگۆنی خانماندا کرد، تا لە دابەزینا بیدینێ و لەچاوی ون نەبێت. ترامەکە کەوتەڕێ، روشدی نەیدەزانی ئەم تاقیب و تاقیبکاریە دەگاتە کوێ! لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " هێشتا منداڵە، سەروسیمای لە دەیا حەوت ونیو، قەد وقەڵافەتی لە دەیا شەش و نیو وەردەگرێ، تۆزێکی دی بۆمان دەردەکەوێ کە ئاخۆ ئاسان ڕاوە، یان سرک وڕەوەکە، ئایا ئەهلی ڕابواردنە، یان خەون بە ئەڵقەی دەزگیرانداریییەوە دەبینێ؟.. لە کاتی خۆیا هەموو شتێکی لێ حاڵی دەبم، ئەگەر لەوانە بێ کە لە دووی شوو کردنن، ئەوە کارەکە زۆر زەحمەت وناخۆش دەبێت. دەبێ پێش هەموو شتێک بیهێنمە قسان و دەمی تاقیبکەمەوە تا بزانم کار بەرەو کوێ دەڕوات..

ترامەکە گەییە مەیدانی شابانۆ فەریدە و هەمووان دابەزین. هەوەڵجار کیژێ و براکەی، پاشان روشدی دابەزین. کیژێ لە سەر شۆستەکە هەڵوەستەیەکی کرد، ئاوڕی دایەوە، روشدی بینی کە لە نیو مەتری ئەوەوە وەستابوو و زەق زەق تەمەشای ئەمی دەکرد. ڕووی لێوەرگێڕا، بە دەم قسانەوە دەگەڵ براکەیدا، وای نیشاندا کە ماندووە. روشدی ئەمجارەیان گومانی لا نەما کە کیژێ زانیویەتی ئەم بە ئانقەست دووی کەوتووە. ئەوسا دیتیانی سواری یەکەم ترام بوون – ترامی جیزە بوو – ئەویش بێ چەند و چوون لە دووی ئەوانەوە سوار بوو. لە دڵی خۆیدا دەیپرسی: " تۆ بڵێی بەبۆنەی جەژنەوەو بۆ جەژنە پیرۆزە بچنە دیدەنی ماڵە خزمەکانیان لە جیزە؟! " لەو ساتەدا بڕیاری دا ئارەزوومەندانە هەموو ڕۆژەکە بۆ ئەو تەرخان بکات، بەڵام ئەوان لە وێستگەی عیمادەدین دابەزین. ئەویش بە خۆشحاڵییەوە، لە کاتێکا کە دڵنیا بوو بۆ سینەما دەچن، دابەزی. لە شەقامە سەرەکییەکەوە بەرەو شەقامی عیمادەدین پەل بوونەوە، هەوەڵجار ئەوان، واتە خوشک و براکە پەڕینەوە و پاشان روشدی بە دوایاندا. دەم بە خەندە چاوەڕوانی ئاوڕو نیگایەکی کیژەکە بوو، لێ کیژێ دەستی براکەی، کە هەڵتەک هەڵتەک ڕێی دەکرد تا لە خوشکەکەی دوا نەکەوێت،، گرتبوو و ملی ڕێگای خۆی

گرت. روشدی لە دوایانەوە دەڕۆیی و چاوی لە پا و پۆز وچۆنیەتی ڕێکردنەکەی نەدەگواستەوە. تەمەشاکردنی کیژێی لە دواوە بە قەد دیتنی لە پێشەوە، لەلا خۆش بوو، سەبارەت بە دیمەنی لە پشتەوە، هەشت لە دەی بۆ دانا. ئاهێکی هەڵکێشا وهەندێ ڕوخساری جوانی وەبیرکەوتەوە کە حەیفی لێدەهات لەبیریان بکات. لە دڵی خۆیدا گوتی: " بەڕاستی جوانی و بەدەوی لە میسری ئەم ڕۆژگارە تازەیەدا حەشر دەکات! " وەختایەک گەیشتنە شەقامی ڕیتز، کیژێ ئاوڕێکی پاشی دایەوە، روشدی زەق زەق تەمەشای ئەوی دەکرد. بلەز چاوی لێگواستەوە. روشدی غافڵگیر بوو، هیچی لێ حاڵی نەبوو. کیژێ بەرەو ستودیۆ میسر پێی هەڵگرت. روشدی داخی بۆ ئەوە دەخوارد کە نەیتوانی بوو وەکو پێویست سوود لە زمانی چاو وەربگرێت. بەڵام خۆشحاڵ بوو بەوەی کە کیژێ ئەو سینەمایەی هەڵبژاردبوو – چونکە فیلمی " دنانیر " ی نمایش دەکرد– هەستی کرد ئەم تاقیب و تاقیبکارییە، دوو لەزەتی خۆشی بۆ ئەو تیایە. دەیویست لە هۆڵی سینەماکەدا لە تەنیشت ئەوەوە دانیشێت، بۆیە لە ڕیزی بڕینی بلیت دا، ڕێک لە دوای ئەوەوە لەبەر پەنجەرەکەدا وەستا تا بتوانێ کورسییەکی تەنیشت کورسییەکەی ئەو بگرێت، برای کیژەکە خەریک بوو تەمەشای پۆستەری هەڵواسراوی فیلمەکانی دەکرد. نها روشدی تەنیا یەک هەنگاو لە کیژەکەوە دوور بوو. هەستی دەکرد هەناسەی، بەر گێسوی کیژەکە دەکەوێ. نزیکی کیژێ لەوەوە هەستێکی سەیری لەلا دروست کرد، وەکو ئەوە بوو بۆنێکی خۆشی بەسەردا بچێت. بە ئاماژەی قامکان دوو کورسی بۆ خۆی و بۆ براکەی دەست نیشان کرد، سەیری کرد بە دەستە ڕاستی کورسییەکانی ئەواندا یەک کورسی خاڵی هەیە، لە لای چەپیانەوە سێ کورسی ڤاڵا هەیە، لە دڵی خۆیدا پرسی ئاخۆ کیژێ لە سەر کێهە کورسی دادەنیشێت؟ ..لە دڵی خۆیدا کەوتە هەلوور بلوور... هەلوور بلوورەکەی لە سەر کورسی دەستەڕاستا گیرسایەوە، ئیدی بە نیمچە دڵنیاییەکەوە ئەو کورسییەی هەڵبژارد. لەبەر پەنجەرەکە لاکەوت و چاوی بە دەوروبەردا گێڕا، نە کیژێ و نە براکەی لە هیچ شوێنێکەوە دیات نەبوون، بەڵام خەمی نەبوو، بلیتەکەی بەدەستەوە بوو، دڵنیا بوو لێی ون نابێت، بە گوێرەی بلیتەکە کورسییەکانیان بە تەنیشت یەکەوەیە، کەمێک ئاسوودە بوو. خۆیشی نەیزانی ئەم بلیتە چۆن ژننامە و پیرۆزی و ئەفسوونی ژننامە وعەقد زەواجی وەبیرهێنایەوە و دڵی دالەرزاند. بە هەڵچوونەوە خۆی بە سینەماکەدا کرد، ڕێنوێنەکە بەرەو کورسییەکەی خۆیی برد. روشدی لە دڵی خۆیدا دەپاڕایەوە کە هەلوور بلوورەکەی دروست دەرچووبێ، لێ مخابن کورسی برای کیژێ کەوتبووە بەینیانەوە!.. کیژەکە هەرکە بینی روشدی بەرەو لای ئەوان دێت، یەکسەر و بە پەشۆکاوی نیگای لەو دزییەوەو ئیدی تەمەشای لای ئەوی نەکردەوە!.. روشدی بە متمانە و دڵخۆشییەوە ڕۆنیشت. چەند جارێک ژێراوژێر و بە دزییەوە تەمەشای کرد، هەموو جارەکان چاوی بڕیبووە بەردەمی خۆی. لە شەرماندا گۆناکانی سوور هەڵگەڕابوون و پەشێو و پەرێشان دیاربوو. دڵی بە حاڵی سووتا، حەزی نەدەکرد ئیحراجی بکات، بۆیە خۆی بە تەمەشاکردنی کورسی و لۆجەکانەوە مژوول و سەرگەرم کرد.. دەیڕوانیە سنگ و بەرۆک و مل و گەردن و دەم و لێو و مەچەک و قۆڵێن گۆشتن، زۆری نەبرد دەنگی لێدانی زەنگ بەرز بووەوە، گڵۆپ کوژانەوە، پەردەو شاشەکە ڕووناک بووەوە. تاریکییەکەی پێخۆش بوو، بۆ نا، بەو تاریکیە لە نزیکی کیژێکەوە دانیشتبوو، کە دڵی بۆی لێدەدا، هەرچەندە هێشتا بە تەواوەتی عاشقی نەبووبوو. فیلمەکە بە گۆرانی " طاب النسيم العليل " دەستی پێکرد، روشدی عاشقی ئەو دەنگ و ئاوازە خوداییە بوو، ئاگای لە دنیا و بوون نەما. بە ڕادەیەک حەزی لە ئاواز و گۆرانی بوو، وای وێنا دەکرد بۆ ئەوە هاتووەتە دنیایێ تا ببێت بە سازڤان، بە درێژایی مودەتی ئەکرانی فیلمەکە، روشدی سەرمەست و حەیرانی گۆرانیەکە، ئاگای لە خۆی نەبوو. نمایشی فیلمەکە کە تەواو بوو،

گلۆپ هەڵکران، هۆڵەکە ڕوناک بووەوە، تەمەشاڤانان هەستان. روشدی ئاوڕی لای کیژەکەی دایەوە، بینی هەستاوەتە سەرپێیان و چونکە ماوەیەکی زۆر بوو لە تاریکیدا دانیشتبوو، هەردوو چاوی نوقاندوون تا شەوقی گلۆپەکان کار لە چاوی نەکەن و بە شەوارە نەکەوێ. روشدی چاوەڕوانی کرد تا چاوی بکاتەوە. کاتێ لە هۆڵەکە وەدەرکەوتن، تەمەشای قامکەکانی کیژێی کرد، کە ئەڵقەی دەزگیرانداری لە قامکیا بەدی نەکرد، ئیدی خەیاڵی تەخت بوو، بزەیەکی هاتێ وئۆخژنێکی خۆشی لە دڵ و دەروون گەڕا. ئەوسا وەکو چۆن لە ڕۆشتنا دووی کەوتبوو، بەو ئاوایە لە گەڕانەوەشدا دوای کەوت، بەڵام لە ئەزهەردا کەمێک پێی قورس کرد و تۆزێ دوور کەوتەوە، تا نەبادا کەسێکی گەڕەکە تازەکەیان پێی نەزانێ و گومانیان لێنەکان. روشدی بۆ ماڵ زڤرییەوە، سەیری کرد ماڵباتەکەی بۆ فراڤین چاوەڕوانی دەکەن. زۆری نەبرد داکی بە هەمان ڕاوێژی خۆشی خۆی گازی کردن:- وەرن بۆ سەر مەنجەڵی جەژن.

(( ٢١ ))

نەوال بۆ ماڵ گەڕایەوە، زۆر توورە بوو، لە خۆی دەپرسی ئەم کورە ڕووداره چیەتی، لەوەتای چاوی پێکەوتووم لە دووم نابێتەوە؟

لەو کاتەدا نەوال، تەمەنی شازدە ساڵ و چەند هەیڤێک بوو. کیژێکی بەدەو و بەرچاوی بوو. جوانییەکەی دوو تایبەتمەندی هەبوو: سادەیی و ڕوح سووکی، بەڵام چ سادەیی و چۆن ڕوح سووکییەک؟ سادەییەک کە گەواهی جوانیەکەی دەدا، کە لە یەکەم نیگادا، لە چاوە گەش و درشتەکانیا بەدی دەکرا. بەڵام سادەییەکەی هی گێلی و کەودەنی نەبوو. روح سووکیەکەی زادەی جوانی و خشکۆکیەکەی بوو، هیچ پەیوەندییەکی بە سەرەڕۆیی و بێ پەرواییەوە نەبوو، کچێکی سەوزە ڕەنگ بوو کە دایکی هەموو جارێ لە پەسندی جوانیەکەیدا دەیگوت " سەوزەڵی ئەسڵی جوانی و ڕوح سووکیە. " بەڵام لە ڕاستیا بۆ خۆی لە عاشقانی ڕەنگی سپی بوو! بۆیە هەوڵیدەدا دەرمانی قەڵەوی دەرخواردی کیژەکەی بدات، چونکە قەناعەتی وابوو قەڵەوی، ڕەنگی پێست دەکاتەوە. کیژێ لە قۆناغی خوێندنی ئامادەییدا، قوتابییەکی زیرەک بوو، ئومێدی سەرکەوتن و ئایندەیەکی باشی لێدەکرا، بەڵام زۆر دڵی بە خوێندن ودەوام و قوتابخانەوە نەبوو، خەونەکانی لە چوارچێوەی ماڵ هێوەتر نەدەچوو، دایکی بە یەکەمین مامۆستای خۆی دەزانی کە هەموو فەندەکانی ژیانی ماڵداری وەکو چێشت لێنان، درومان و گوڵدۆزی لەوەوە فێر دەبوو، زانست و خوێنەواری بە زینەتی ژنایەتی و مێیاتی خۆی و بە هۆیەک بۆ زیادکردنی مارەیی دەزانی! هەموو ژیانی لە یەک شتدا دەبینی، بە دەوری یەک ئامانجدا دەسوڕایەوە: دڵ یان ماڵ یان شوو کردن! باشە هەموو دوعایەک بۆ هەر کیژێک ئەوە نەبوو کە بە بووکی بڕوات!.. کە جوانترین دوعاش بوو. نەوال بە تاسەوە چاوەڕوانی گیرابوونی ئەو دوعایە بوو، ئیدی بە ئومێدی هاتنی ئەو ڕۆژە دەژیا. بۆیە لە منداڵی ڕا، پێش ئەوەی پێبگات، بگاتە تەمەنی شووکردن، مێرد و ماڵی بەلاوە پیرۆز بوو. پیاوی خۆش دەویست، پیاوی بە ئومێدێکی نادیار ومەحەبەتێکی پەنهان دەبینی. میوەیەکی پێ گەییو بوو، وەختی کردنەوەی هاتبوو، چاوەڕوانی ئەوە بوو کەسێک دەست بەرێ و لە لقەکەی بکاتەوە. مامۆستا ئەحمەد ڕاشدی پارێزەر، یەکەم پیاوی نامەحرەم بوو کە لە نزیکەوەو لە ڕێگەی وانە پێگوتنەوە، تەماسی لەگەڵدا دەگرت. نەوال، لە یەکەم دیداردا بە شەرمەوە ڕووبەڕووی بووەوە، بە چاوێکی کونجکاوانە تەمەشای دەکرد، زیاتر وەکو پیاوێک تەمەشای دەکرد نەک وەکو مامۆستا!... دڵی نەرم بوو، ملی بۆ ئەو ژیانە دا، بەڵام پارێزەرە گەنجەکە لە ڕادەبەدەر سەنگین و جدی بوو، بۆیە نەوال نەیتوانی هەست و سۆزی

ڕاستەقینەی ئەو پیاوە لە پشت چاویلکە ڕەشەکەیەوە، کەشف بکات و بخوێنێتەوە. بەڵام وەختایەک بەهۆی سەعی نەکردنەوە، سەرزەنشتی کرد، زۆر ترسناک و وشک هاتە بەرچاوی و ئیدی سارد بووەوەو هیچ ئومێدێکی بەو نەما. زۆرجار لە قسەکانی ئەو نەدەگەیی. بۆ نموونە کاتێ پێی دەگوت: " وا هەستدەکەم، وەکو پێویست حەزت لە زانست و خوێندن نییە، هەرچەندە زیرەک وبە هۆش وگۆشیشی! خوێندنت وەکو ژیان خۆشبوێ، زانست لە ژیانا و بۆ ژیان وەکو عەقڵە بۆ ئینسان، دەرس و زانست خۆراکی عەقڵە، وەکو چۆن خواردن بۆ جەستەت پێویستە، دەرس وزانستیش، بەو ئاوایە بۆ عەقڵ پێویستە. دەبێ دەستبەرداری زانست نەبیت، بەتاسەوە بەرەو پیری بچیت، نابێ لەو بوارەدا ژن خۆی لە پیاو بەکەمتر بزانێ، ژن و پیاو فەرقیان نییە.."

جارێکی دی لێی پرسی بوو: کە بەکالوریات تەواو کرد بە نیازی چیت؟.. بڕیارت داوە لە زانکۆ چ بەشێک بخوێنی؟ " وشەی " زانکۆ " ترساندنی. ئایا دەچێتە زانکۆ؟ بە کورتی وەڵامی دایەوە: " نازانم " .

ئەحمەد ڕاشد بە پەستییەوە گوتی: " هێشتا بە گومانەوە لە زانست دەڕوانی؟ " کیژێ نەیدەزانی کە ئاخۆ هانی دەدا یان سەرزەنشتی دەکات! وای هەست دەکرد، گاڵتەی پێدەکات، بۆیە زیاتر لێی ڕەوییەوە.

پاشان سەر وکەللەی ئەحمەد عاکف پەیدا بوو و دەرکەوت کە سەڵتە و بۆخچەی نەکراوەیە. کە هەستی کرد ژێراوژێر تەمەشای دەکات، زۆر کەیفی بە خۆی هات، دڵی بەلایا جولا، وەکو چۆ دوو دەست لە تۆفە شەوێکی بەفریندا بەرەو مەقەڵیەکی پڕ لە پشکۆ دەکشێن، بەو ئاوایە دڵی بەرەو ئەو کشا. لە دڵی خۆیدا گوتی: ڕاستە گەنجاتی تێپەڕاندووە، بەڵام هێشتا لە سەرەتای پیریدایە. هەڵبەتە دەبێ فەرمانبەرێکی بەڕێز بێ، چونکە بە زۆری فەرمانبەران لەو تەمەنەدا، خەڵکانی بەڕێز و حورمەتن. کابرایەکی بە شەخسیەت و بە ئەدەب دیارە، زۆر سەیری ئەم دەکات، ئەم سەیرکردن و چاوبازییەی لە خۆڕایی نییە، نیشانەی ڤیان و خۆشەویستیە، دەنا بۆچی هەموو دەمەو ئێوارانێک چاوەڕوانی دەکات؟!.. بەڵام بە سەرسامی لە خۆی پرسی: " چما هیچ هەنگاوێکی دیکە نانێ؟... بۆ نموونە بزەیەکی بە ڕووا نادات؟ بە ئاماژەی سەر سڵاوێکی لێناکات؟!.. یانی پیاوانیش وەکو ژنان شەرم دەکەن؟!.. ئەگەر ئەمە کێشەیەتی، چما قسە دەگەڵ بابمدا ناکات یان داکی نانێرێتە خوازبێنیم؟!

نەوال، کیژێکی بزێو بوو، پێویستی بەوە بوو پیاوێک بچێتە ڕاوی، لێ لە بەدشانسی خۆیدا پیرە کوڕێکی لێ هەڵکەوتبوو کە دەبوایە ئەم بچێتە ڕاوی ئەوا!.. دوای ئەوەی هیچ ئومێدێکی بە ئەحمەد نەما، خۆی دەست بەکار بوو. لە بانێژەکەوە بە ئاماژەی سەر سڵاوی لێکرد، وەختایەک ئەحمەد بە جوانی سڵاوەکەی سەندەوە، ئیدی کیژێ دڵی خۆشبوو، ئومێدی ئەوەی پەیدا کرد کە ئاواتەکەی نزیک بووەتەوە.

ئێوارەی ڕۆژی عارفە، کەسێکی تازە، لە پەنجەرەیەکی دیکەی هەمان شوقەوە، ڕێک بەرانبەر ژووری نووستنەکەی ئەم پەیدا بوو، بە یەکەم نیگای بۆی دەرکەوت کە هەبێ و نەبێ ئەم گەنجە تازەیە دەبێ برای پیرە کوڕ بێ، بەڵام تا ئێستا لە کوێ بووە؟.. چما بەو زەقی و بێ پەرواییە تەمەشای دەکات، بەجۆرێ تەمەشای دەکرد، خوێنی هاتە جۆش، گۆناکانی لە شەرما سوور هەڵگەڕان و هەڵات؟ چەند گەنجێکی جوان و باڵکێشە! نیگای هێندە گەرمە دڵ دادەلەرزێنێ! بەرانبەر بە هەموو کیژێکی جوان هەمان ڕەفتار دەکات؟ یان شتێک لە ڕوخسار وسیمای ئەمدا هەیە و بەوجۆرە بەنجی کردووە؟.. ئاخۆ لەو ژوورەدا دەژی و بەیانی و ئێوارە بەو ئاوایە تەمەشای ئەم دەکات، یان وەکو چۆن لە پڕا پەیدا بوو بەو ئاوایەش لە ناکاوا غەیب دەبێ و

دیار نامێنێ.. لە دڵی خۆیدا گوتی ئەم گەنجە زۆر لەو پیرە کوڕە باشترە؛ بەڵام سووکە ئاشنایەتیەکم لەگەڵ ئەودا پەیدا کردووە، سڵاو لە یەکدی دەکەن، ئەگەر داخوازی بکات، ئەوی پێ باشترە، جۆرە عەهد و پەیمانێکی بێدەنگ و بێ زمانیان کەوتۆتە بەین، خودا حەزکا زۆری پێناچێت دەبێ بە دەهۆڵ و زوڕنای شادی و شایلوغان و چراخانی زەماوەند. بەیانی جەژن، جلکە تازەکانی لەبەر کرد، حەزیکرد بچێتە سەر بانێژەکە تا پیرە کوڕ بە جوانترین دیمەن و حاڵەوە بیدینێ، ئەوی لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەیدا بینی، دیزداشە وکڵاوەکەی، بابی وەبیر هێنایەوە. بە ئاماژە ئەحواڵپرسیان لە یەکدی کرد، پاشان کیژێ بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە، کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتەسەر، کە تەمەشایەکی پەنجەرەکەی دیکەش بکات، چاوی بە خورتە قۆزەکە کەوت، کە پێدەچوو چاوەڕوانی دیتنی ئەو بکات، خۆی لە نیگا زەقەکەی ئەو دزییەوە، دڵنیابوو نیگا تیژ و بێ پەرواکانی پەنجەرەی ژوورەکەی ئەم نابڕێت؛ بەڵام زۆری نەبرد، بینی لە جادە تازەکەدا و لە سەر ڕێی ئەو وەستاوە!... لە ترامەکەدا لە خۆی پرسی ئایا دوای ئەم کەوتووە، یان تەنیا ڕێکەوت یەکی خستبوون؟... بەڵام پاشان بۆی دەرکەوت کە بە ئانقەست لە تاقیبی ئەمدایە و لەو خەڵکە قیرسچمانەیە، کە دەستبەرداری ئامانجی خۆ نابن. بەڵام سەیر ئەوە بوو، لە سینەماکەدا، هەر کە گوێی لە دەنگ و ئاوازی ئوم کەلسوم بوو، ئەمی بە تەواوەتی فەرامۆش کردا.. ئەمە لە حاڵێکا بوو کە نەوال بە درێژایی کاتەکە هەستی دەکرد ئەوی لێوە نزیکە.. بە شادییەکی بێ وێنەوە بۆ ماڵ گەڕایەوە، بە پێکەنینەوە بە خۆی گوت: " ئەگەر هەموو گەنجان، وەکو ئەو چاو قایم و ڕوودار بوایەن، تاقە کیژێک بە بێ شوو نەدەمایەوە!" گلەیی لە خۆی دەکرد، کە پەلەی کردبوو، لە سڵاو کردن لە پیرە کوڕەکە، بەڵام چ بکات، خۆ غەیبی نەدەزانی؟.. تووشی عەزابی ویژدان بوو، هیچ لەزەتێکی لە دێزەو ماسی ڕۆژی جەژن نەبینی!

***

بۆ عەسرەکەی لە ماڵ وەدەرکەوت، کە سەردانی خێزانەکەی سەید عارف بکات. هات بە خەیاڵیا، پێش ئەوەی بڕوات، سەرێکی سەربان بدات و چاوێک بە منارە و قوببە و گومەزەکانا بگێڕێت. دوای ئەوەی یاری و گەمەی کوچە و کۆڵانانی دەگەڵ کچانی دەرو دراوسێدا لێ قەدەغە کرابوو، ئیدی سەربان بووبوو بە سەیرانگای. لەو سەرەوە دەیڕوانیە دەر و دیوار و دەوروبەری گەرەک و کۆڵانەکان. لە ناکاوا بیری کەوتەوە کە شتێک داوای لێدەکات، تەمەشایەکی دەروازەی سەربانەکە بکات، لە ناکاوا ئەوی بینی کە لەناو دەرگاکەدا وەستاوە و بە هێمنی سەیری ئەم دەکات و چاوە جوانەکانی کسکە کسکیانە!.. بە دیتنی ئەو دڵی داخورپا وگیانی کەوتە لەرزین، هەستی بە ترس و نیگەرانی کرد، بەڵام زوو وەخۆهاتەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی ئەم جۆرە هەلوێستانە دووبارە نابنەوە، نابێ بەهۆی شەرمەوە لە دەست بدرێت، بە حیرەت و حەپەسانەوە، چاوی لە دوڕ چاوانی بڕی.

(( ٢٢ ))

ئەوسا چاوی لێ گواستەوەو پشتی تێکرد. چاوی بڕییە ئاسۆی دوور، بە بێئەوەی هیچ ببینێ. عەقڵی پێی دەگوت دبێ لەو شوێنە بڕوات، بەڵام لە جێی خۆی چەقی و نەجوڵا، هەستێکی دەروونی هانی دەدا کە روشدی فەرامۆش بکات و، پەلە لە ڕۆیشتن نەکات، لە جێی خۆی مایەوە، بەڵام شەرم و نیگەرانی سەراپای داگرتبوو. روشدی کە بینی هەر لەوێ مایەوە و نەڕۆیی، ئۆخژنێکی لە دڵ و دەروون گەڕا. لە دڵی خۆیدا و بە خۆشییەوە گوتی: " ماسیەکە بووە بە قولاپەکەوە، بەڵام دەبێ بە پارێزەوە، عاقڵانە مامەڵەی لە تەکدا بکەم! "

لە ڕاستیا روشدی بە ڕێکەوت زانی کیژێ سەرکەوتووەتە سەربان. بە کەسەرەوە دەیڕوانیە پەنجەرە داخراوەکەی ژووری ئەو، بە ڕێکەوت تەمەشایەکی ستارەی سەربانی کرد و نەوالی بینی. تازە خۆی گۆڕی بوو بەنیازی ئەوەی بڕوات بۆ شەوبێری، ئیدی ئەمەی بەهەل زانی و بێپەروا و یەکسەر خۆی گەیاندە سەربان، کە دڵنیا بوو نەوال لەوێندەر ناڕوات، بە پارێزەوە تەمەشایەکی دەوروبەری کرد، کە زانی چۆڵە، بە کاوەخۆ لێی نزیک بووەوە. سەبارەت بە خۆی باکی بەهیچ نەبوو، بەڵام کە شەرم و حەیای کیژەکەی بیرکەوتەوە، وای بەباش زانی لەوەی پتر لێی نزیک نەبێتەوە. لە سەر ستارەکە – لە نێوان خۆی و کیژەکەدا – ستوونێکی دارینی بینی کە تەنافێکی پێوە بەسترابوو، کۆترە باریکەیەک لە سەری هەڵنیشتبوو. سەری بۆ کۆترەکە هەڵبڕی و لە کاتێکا بە تیچاو دەیڕوانیە کچەکە، بە ئەسپایی گوتی: " ئێوارەت باش کۆترەکەم! " سەیری کرد نەوال تەمەشایەکی کۆترەکەی کرد. بزەیەکی کرد و لە سەری ڕۆیی: " تۆ سەوزەڵەیەکی چەند جوانیت!... سەوزەڵەیی روحی جوانی و روح سووکیە. ئەو گۆرانیەت نەبیستووە کە دەڵێ: " سەوزەڵێ، سەوزەگیان، تۆ ژیان و روحی منیت؟ " کیژێ هەرچەند وای دەنواند، هیچ بایەخێک بە قسەکانی ئەو نادات، بەڵام بە گیان و دڵ گوێی بۆ هەڵخستبوو، دەنگی روشدی لە گیان خۆشبوو، ئەمە وای کرد لە کانگای دڵەوە بزەیەک بکات بێئەوەی  بەسەر لێویەوە بەدیار بکەوێ، دووبارە شەرم دایگرت و دوو هەنگاوێک دوور کەوتەوەو ڕووی وەرگێڕا. روشدی هێشتا هەر کۆترەکەی دەدواند و دەیگوت: " چما سڵاوەکەم ناسەنیتەوە؟.. بۆچی ڕووم لێ وەردەگێڕی؟.. ئاخر چۆن دەبێ بەو هەموو ناسکی و جوانیەوە هێندە دڵڕەق بیت؟! "

کیژێ تیامابوو، هەر لەوێندەر بوەستێ یان بڕوات؟.. لەوە نەدەترسا دەرگاوانەکە یان یەکێک لە دراوسێکان بێتە سەربان و بەو حاڵەوە بیان بینێ و هەزار و یەک قسە و قسەڵۆکیان دوو بخات؟ چ بوو، لاقی بە عاردیەوە بەند بووبوو، چما پێی ڕێی دانەدەگرت؟!.. روشدی دووبارە دەستی پێکردەوە: " ئەی کۆتری جوان نازانی من دراوسێتانم؟.. ئاسمانی میهرەبان لەمەودوا ناتوانێ تۆم لێ دوور بخاتەوە.. ئیدی تۆ لە هەر کوێ بی من لەوێ دەبم! " نەوال کەمێک سەری وەرگێڕا، لەتۆ وایە دەخوازێ سەیری کۆترەکە بکات؛ لێ کۆترەکە فڕی بوو!.. بینی روشدی بە هەمان بێپەروایی، زەق زەق چاوی بڕیوەتە ئەم. ئیدی دواندنی کۆترەکە فایدەی نەما، بە ئەسپایی پێی گوت:– خۆشحاڵم...

نەوال، دیسان ڕووی وەرگێڕا و بە هێواشی بەرەو دەرگاکە ڕۆیی، روشدی بە کەسەرەوە لێی نزیک بووەوە و گوتی:– وەڵامم نادەیەوە؟

هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. گۆناکانی لە شەرما سوور هەڵگەڕان، چاوەکانی خێراخێرا دەتروکان. روشدی پتر لێی نزیک بووەوەو گوتی:– تاقە وشەیەکیشم پێ ڕەوا نابینی؟.. هەر یەک وشە، خوای دەکرد جنێو وسخێفان دەبوو!

لێ کیژێ هەنگاوەکانی توندتر کرد. روشدی ویستی ڕێی پێبگرێ. نەوال بە توورەبوونێکی درۆینەوە گوتی:– وازم لێبێنە! شەرم لە خۆت ناکەی، ئەمە شەرتی هاوسێتیە!؟

–یانی شەرمە دراوسێ، مجامەلەی دراوسێ جوانەکەی بکات!

– بەڵێ.

– باشە ئەگەر جوانی دراوسێکەی ناچاری بکات مجامەلەی بکات چ بکات؟ عەیبە؟

– مەمهێنە قسە، نەخەڵەتابی ڕێم پێبگری!

بەڵام روشدی گوێی بە هەڕەشەکەی ئەو نەدا وچووە بەردەمی. نەوال ترسی لێنیشت و بەرەو دەرگاکە تەکانی دا و خۆی لە دەستی دەربازکرد، روشدی پێیا نەگەیی. نەوال، لە کاتێکا دڵی بە توندی لێی دەدا، بە هەشتاو دابەزی و یەکسەر بەرەو شوقەکەی ماڵی سەید عارف پەل بووەوە. نە توورە بوو نە زویر و پەست، ئەوەی لە بیر و لە خەیاڵیا نەبوو توورە بوون بوو، لە بانێژەکەدا ڕونیشت، چاوەڕوانی خانەخوێیەکەی دەکرد. بیری لە قۆزی و دەنگدانەوەی دەنگە میهرەبانەکەی روشدی دەکردەوە. قسەکانی دۆستانی دەورانی قوتابخانەی خۆی بیرکەوتنەوە کە دەربارەی دەستبڕی و فەندەڵ فیڵی خورتان و نامەێن عاشقێنی و چیرۆکی ئەڤینداری دەیانکرد، لە دڵی خۆیا پرسی باشە ئەم لە سبەیەوە ئەو دنیا خۆشە، دنیای عاشقێنی تاقیبکاتەوە؟.. باشە ئەم کوڕە دەبێ لە کێهە خورتان بێ؟!.. دوای ماوەیەکی کەم روشدی، شاد و دەم بە خەندە دابەزی، بەڵام هێشتا لە دڵی خۆیدا هەستی بە سۆزێکی ڕاستەقینە نەدەکرد، وەکو ئەوە بوو بیەوێ دەوری عاشق بدینێ، لە ڕاستیدا لەو ئەکتەرە ڕاستگۆیانە بوو، کە بە هەموو بوونی خۆیانەوە ئاوێتەی دەورەکەی خۆیان دەبن ولە هەر دوو باری کومیدی و تراجیدیدا، دڵ دێننە جۆش. ئەوسا شاد و دڵخۆش بە نیازی شەوبێری و خواردنەوە و گۆرانی بەرەو گازینۆ بووەوە.

(( ٢٣ ))

پشوو و ڕۆژانی جەژن بووری. ئەحمەد عاکف جارێکی دی چاوی بە کیژێ نەکەوت، لە دڵی خۆیدا گوتی وادیارە مژوولی جەژن و دیدەنی دۆست و ئاشنایانە بەو بۆنەیەوە، لە دڵی خۆیدا ئومێدی شادی بۆ خواست. هەموو خۆزگەیەکی ئەوە بوو، کە کیژێ بە قاتە تازەکەیەوە کە لەبەر خاتری ئەو بە دوورنی دابوو، ببینێت. لە دڵی خۆیدا گوتی: " خۆ قات بە چەند ڕۆژێ کۆن نابێت، پەلەی چییە، ڕۆژێک هەر لەبەریا دەیبینێ! " خۆیشی بە ڕۆژانی جەژنەوە مژوول بوو، هەرچەندە هەمووی لە قاوەخانەی زەهرە لە گەڵ دۆستەکانیا بەسەر بردبوو، هەموو ئاشناکانی لەوێ بوون جگە لە سلێمان بەگ عەتە کە بۆ دیدەنی جەژن سەفەری گوندەکەی خۆیانی کردبوو. سەیر ئەوە بوو هەرچەندە زۆر تێکەڵاویان بوو، بەڵام نەیدەتوانی دۆستێکیان لە نێواندا هەڵبژێرێ، چونکە بەلای ئەوەوە دۆستی ڕاستەقینە دەبوایە دوو خەسڵەتی تیا بوایە: یەکەم ئەوی لە خۆی بە گەورەتر و بە مامۆستا زانیبا، دووەم، دەبوایە بە کێمانی بڕەک ڕۆشنبیر بێت، تا لەزەت لە هاونشینی و دۆستایەتی ئەو ببینێت، لێ زۆربەی کات خۆی لە نێوان دوو شەخسیەتدا دەبینی یەوە: یەکێکی ئۆمی بێ سیوات کە شیفتەی شەخسیەت و عاشقی ڕۆشنبیریی ئەو دەبوو، یان تووشی دەبوو بە تووشی کەسێکی خوێنەوار و ڕۆشنبیرەوە، کە ڕادەستی ئیرادەی ئەو نەدەبوو و بە متمانەوە گەنگەشەی لە گەڵدا دەکرد. دەستەی یەکەمی خۆش دەویست  و ڕقی لە دەستەی دووەم بوو، بەڵام نە ئەمیان و نە ئەویان دۆستی دڵخوازی ئەو نەبوون. وەستا نونو و، کەمال خەلیل و، سەید عارفی خۆشدەویست، ڕقی لە ئەحمەد ڕاشد بوو، ئیدی بەبێ دۆست ڕۆژگاری دەقەتاند، لە دنیادا تاقە دۆست و برادەری هەر روشدی برای بوو.

ڕۆژانی جەژن، بەبێئەوەی کیژێ بدینێ، بوورین. لێ بەردەوام بیری لەو دەکردەوە. دەستبەرداری تەمەشاکردنی نەدەبوو، چاوێکی هەر لە بانێژەکە بوو. ئایا لەو بەینەدا سۆزێک چەکەرەی نەکردبوو؟ دڵێک ڕانەچەنی بوو، ئومێدێک شکۆفەی نەکردبوو؟!.. دوو سۆز چەکەرەیان نەکردبوو، دوو دڵ بێدار نەبووبوونەوە، دوو ئومێد شکۆفەیان نەکردبوو؟ دوای تێپەڕبوونی سی دانە ساڵ، لە قات و قڕی ڤیان، بە دڵێکەوە کە

ماڵاوایی لە گەنجی کردبوو، عاشق بووبوو، بە جۆرێ خۆی بە عەشقەوە هەڵواسی بوو کە دوا ئومێدی شادمانی دنیای بێ.

دڵی دوای ئەوەی خەریک بوو بە تەواوەتی نائومێد دەبوو، لە نوێ بوژایەوە، تین وتاو، جۆش و خرۆشی، تەڕی و تازەیی گەنجایەتی بەبەردا کرایەوە. دەبوا بیرێک لەم حاڵە بکاتەوە و تەگبیرێکی لێبکات.

ڕۆژانی جەژن بوورین، ئەو مژوولی بیرکردنەوەو تەگبیر بوو. ژیان جارێکی دی بە ڕوویا پێکەنی بوو، هەل و دەرفەتێکی دی بۆ فەراهەم کردبوو. ئیدی نەدەبوو ڕێی هیچ دوو دڵییەک بەخۆی بدات، بۆیە بەوپەڕی ڕاشکاوی و لە بن لێوانەوە بەخۆی گوت: " فرسەتە، نۆرەی ژن هێنانە! " بەڵێ، بەڵام ئەو چلساڵی دەرباز کردووە و کیژێ لە بیست ساڵیش کەمترە، لە ڕاستیا بە بابی کیژێ دەشیا، باشە چی تیایە، چی قەیدیە؟.. مەگەر خۆی مەیلی بەم نیشان نەدابوو؟ مەگەر بەدڵی کیژێ نەبوو؟... سەبارەت بە کەمال خەلیلی دۆستی، باوەڕی نەدەکرد دەستی بگیرێتەوە، هەرچەندە مەسەلەکە لە تەعەجوب بەدەر نەبوو. لە زەینی خۆدا وای وێنا دەکرد دۆستەکانی دەکەونە تاقیبی، ئیدی دەزانن کە " پیاوێکی چل ساڵانە، فەرمانبەری ئەرشیڤخانەی وەزارەتی کارە، پلە هەشت، لە فەرامۆشکراوەکانی حکومەت و دنیایە، مووچەکەی پازدە جونەیهە!" تۆ بڵێی کەمال خەلیل، کە وای دەزانی لە گەورە فەرمانبەرانی وەزارەتە بەو زانیاریانە قەڵس نەبێت؟ تۆ بڵێی تەوحیدە خانم – داکی نەوال – بیانوو نەگرێ و نەڵێ تەمەنی گەورەیە و مووچەکەی کەمە؟!.. لەو دەمەدا لێوی خۆی گەست و هەستی نائومێدی دایگرت: لەزگ بوو لە دین دەربچێ و هەمان قسە دووبارە بکاتەوە کە کاتی خۆی لە بۆنەیەکی وەکو ئەم بۆنەیەدا گوتبووی: " هەموو دنیا ئەوە نایەنێ کە بێڵم کەسێک بە بچووکی تەمەشام بکات؟ " بەڵام ئومێد و هەوڵی ئەوەی کە بەختی شوومی خۆی تاقی بکاتەوە ڕێگەی نەدا، خۆی ڕادەستی شێتاتی تووڕەبوون بکات، هزری نائومێدی لە خۆی دوور خستەوە، بە شادی و ئومێدوارییەوە بیری لەو دەرفەتە دەکردەوە کە ژیانە تازەکەی بۆی ڕەخساندبوو.

سێ ڕۆژی جەژن بووری وئەحمەد، بیری لەوە دەکردەوە کە لە دوای پشووی جەژن یەکسەر بنێرێتە خوازبێنی، یەکەمین هەینی دوای جەژن هات و هیچ یەکێک لە بیر و خەیاڵپلاوەکانی نەهاتەدی، بەیانی یەکەم ڕۆژی پاش جەژن، واتا دوای جارەکەی یەکەم ڕۆژی جەژن، کیژێی بینی، دڵی زۆر خۆشبوو، ڕۆژێکی هەوەڵ ڕۆژانی هەیڤی نۆڤەمبەر بوو. کەش و هەوا خۆشبوو، جاربەجار شنەیەکی فێنکی ڕۆح ئەنگێز هەڵی دەکرد. تەنکە هەورێکی سپی درەخشان بە ئاسمانەوە بوو و بەری تیشکی خۆرەکەی دەگرت. پەنجەرەی ژوورەکەی نەوال کرایەوە، هەرکە سەری هەڵبڕی، کیژێی بەدی کرد، کە وەکو ئومێدێکی تازە و خەونێکی خۆش، لەمی دەڕوانی، بەدەم بزەوە ئاماژەوە سلاوی لێکرد، ئەویش بە بزەیەک سلاوەکەی سەندەوە. چەند عاشقی زەردەخەنەکانی بوو! حەزی دەکرد چاوی لە ڕەنگە ئەسمەرەکەی پاراو بکات. لەو کاتەدا هەوڵیدەدا، بە ئاماژە – بەگوێرەی توانا – تێی بگەیەنێ کە پێویە قسە لەگەڵ بابیا بکات؛ بەڵام نەوال پێشی کەوت و سەری نایە سەر ناو لەپی خۆی، گوایە خەوی دێ و گەرەکیەتی بنووێت، ئەوسا ڕووی گرژ کرد، لێوی هەڵقورتاند، یانی سەری دێشێت، ئەوسا سەرێکی بۆ دانەواند و ڕۆیی. ئەحمەد زۆری لەبەر گران بوو کە ئەو دەرفەتەی لە کیس چوو، بەڵام بەمە ڕژدتر بوو لە سەر نیاز و نیەتەکەی خۆی، ویستی جگەرەیەک پێبکات، بەڵام پاکەتەکەی جگەرەی تیا نەمابوو، چوو بۆ ژوورەکەی روشدی تا جگەرەیەکی لێوەربگرێت، دەرگاکەی بە ئاستەم درزی تێکەوتبوو، بە ئەسپایی دەڵەکی دا. سەیری کرد براکەی هەردوو ئانیشکی داداوەتە سەر قەراخ

پەنجەرەکە و چاوی بڕیوەتە سەرەوە. بەجۆرێ لە خۆ ڕۆچووبوو، تا نەگەییە ناوەڕاستی ژوورەکە، روشدی هەستی بە هاتنی نەکرد. لە جێگای خۆیەوە ڕوانییە ئەو پەنجەرەیەی کە روشدی برای چاوی تێبڕی بوو، لە ناکاوا نەوالی بینی کە بلەز ڕۆیی! روشدی بە ڕەڤینی کوت و پڕی کیژەکە حەپەسا، ئاوڕی پاشی دایەوە، براکەی بینی، بزەیەکی بە ڕوویدا دا، ئەحمەد حەپەسابوو، بە ڕادەیەک غافڵگیر بووبوو، مەگەر لە شەوی بۆردومانەکەدا، بەو ڕادەیە غافڵگیر بووبێ. دڵی ئاسوودە و سەرمەستی، وەکو چۆن هەورە تریشقەیەکی لە ناکاوا، چەخماخە دەدات و ئاسمان شەق دەکات، بەو ئاوایە شڵەقا. ئاگای لەوە هەبوو کە روشدی ئاوڕی لەم داوەتەوە، بلەز و بە حەواسی جەم و جۆرەوە، چاوانی نوقاند و بە هەموو توانایەکی خۆیەوە هەوڵیدا ئارامی خۆی بپارێزێ و هیچ نیگەرانییەکی پێوە دیارنەبێت. بە بزەیەکی درۆینەوە ڕوانییە روشدی برای کە بە بزە شیرینەکەیەوە بەرەوپیری هات. بەکاوەخۆ گوتی:- بێزەحمەت جگەرەیەکم بدەیە!

روشدی پاکەتەکەی لە گیرفانی بیجامەکەی دەرهێنا، کردیەوە و بۆ براکەی ڕاگرت، جگەرەیەکی هەڵگرت و دەستی سوپاسگوزاری تا هەنیەی بۆ هەڵبڕی، سوپاسی کرد و لە ژوورەکەی وەدەرکەوت.

(( ٢٤ ))

دەرگای ژوورەکەی داخست، لە سەرسامی وحەیبەتاندا چاوی هیچی نەدەبینی. جگەرەکەی هەڵدایە سەر تەختە خەوەکەی و ئەوسا چووە بەر پەنجەرەکە. سەری هەڵبڕی بانێژەکە چۆڵ و دەرگاکەی کرابووەوە. بە پەستی سەری داخست و بەجۆرێ پەنجەرەکەی پێوەدا کە شووشەکانی تەقەیان لێوە هەستا، هاتەوە لای جێگاکەی، لە قەراخیەوە ڕۆنیشت، لەبن لێوانەوە گوتی: " بیرم چوو بوو کە پەنجەرەیەکی دیکەش هەیە، عەینی پەنجەرەکەی من دەڕوانێتە ئەم بانێژەیە، بەڕاستی لە بیرم چووبوو! " دەتگوت لە جیاتی خوێن، نەوت بە دەمارەکانیا دەڕوات و گڕ لە دڵی بەردەبێت. مەگەر ئەوی نەبینی کە لە ناکاوا بە دیتنی ئەم شڵەژا و بە ترسەوە خۆی دزییەوە و ڕەڤی؟.. ئەم ڕەڤینەی جگە لە هەستکردن بە عەزابی ویژدان، لە چ بوو؟.. باشە چ شتێک هێنابوویە بەر پەنجەرەکە؟ بەتایبەتی کە بە ئاماژە و هێما ئەمی تێگەیاندبوو کە خەوی دێ و دەڕوات دەنووێ؟.. هەر هەموو ئەم ڕێکەوت و بویەرانە، تەنیا یەک مانای چەپەڵیان لە پشتەوە بوو، ئەویش ئەوە بوو کە نهیادی ناپاکی لە تاقیبی ئارەزووە پووچەڵەکانی خۆیدا بوو، عەودالی هەواو هەوەسی مەحاڵ بوو، سەیر ئەوە بوو، تەنیا دە ڕۆژێک بەسەر هاتنەوەی براکەیدا بووری بوو، لە زەرفی ئەم چەند ڕۆژە کەمەدا هەموو شتێک گۆڕا - هەستیکرد زللەیەکی تووندی لێدرا – دڵی کرمێ بوو، بزە و خەندەکانی، تەنیا ریا و ڕووبینی بوو. باشە چۆن دەبوو ئەم هەموو گۆڕانە لە کیژێدا ڕووبدات؟.. نەخوازەڵڵا بەو ئاسانیە وەکو ئەوەی هیچ بەڵایەک بەسەر قوربانیەکانیدا نەیەت؟ یان دەیویست لە یەکتریان دڕدۆنگ و بە گومان بکات؟.. ئایا بەو جووتەی ڕادەبوارد؟.. باشە بۆچی چەند خولەکێک لەوە پێشتر، سڵاوەکەی سەندبووەوە؟ ئایا لە ڕووی شەرم و پەشۆکانەوە بوو یان هەر هەمووی فێڵ و فەرەج و دەستبڕی بوو؟

برا بچووکەکەی ئاگای لە هیچ نەبوو. کەم و زۆر دەستی لە خوێنی ئەما نەبوو. ڕەنگە کیژێی بینی بێ و چووبێتە دڵییەوە و، وەکو خووی خۆی چاوبڕکێیەکی لە گەڵدا کردبێ و کچەش بە ناز وکریشمە دڵی بردبێت. ئیدی بە نیگایەک و بە ئاماژەیەک ئەمی فەرامۆش کردووە. شتەکە لەوە زیاترە؟!.. کیژێ، پیرە کوڕە سەرساف و مردەڵەکەی لە بیرکردبوو. تەنیا گلەیی لە خۆی دەکرد. باشە خۆی نەدەناسی، نەیدەزانی بەختەکەی خۆی چەند بەدبەخت و شوومە، لە دنیا بە گومان نەبوو، بە تایبەتی لە ژنان، ئەو هەموو ئەزموونە بەس نەبوو، کە

پەندی لێوەربگرێ و بەو ئاسانیە فریوی ئومێدی بێهودە و درەوشانەوەی شادمانی درۆیین نەخوات؟.. ڕەنگ زەرد ولێوبەبار هەستایە سەر پێیان، خەم و کەسەرێکی قووڵ لە چاوانیا شەپۆلی دەدا. هێندە بەبەینی تەختە خەوەکەی و کتێبخانەکەیدا، هاتوچۆی کرد، تا سەری گێژ بوو، لە سەر تەختە خەوەکەی دانیشتەوە. لە خۆی دەپرسی: باشە دروستە، لە سەر ئەو کچە مل لەبەر ملی براکەی بنێ و بکەونە ڕکابەری یەکدی؟.. بە غرووورەوە سەری هەڵبڕی. مەحاڵ بوو ئەو کارە بکات؛ چونکە هەڤڕکی ڕاستەقینە لە نێوان دوو لایەن یان دوو هاوکوفەوە دەکرێ!.. هەروەها مەحاڵ بوو براکەی لە ڕازی خۆی ئاگادار بکاتەوە. خۆی لەوە بە گەورەتر دەزانی کە سواڵی بەختەوەری بکات یان عەشقی وەکو دیارییەک پێشکەش بکرێت. عەشق و ئەو کچە و، هەر کەسێک عەشق و ڤیانی ئەوی بەدەست دێنا، لەوە بچووکتر و کەم بایەخ تر بوو ڕکابەری لەسەر بکات، بەڵام چما بەو ڕادەیە پێوەی دەتلایەوە؟!.. چما ئەو کۆڤان و دەردە کوشندەیە دەستبەرداری نەدەبوو؟!.. چما غیرەو حەسوودی وەکو چزوی دووپشک، لە دڵی ڕۆدەچوو؟.. تاکەی بگری و بناڵێنێ؟ ئەو دەستی درێژ کردبوو، کە تارای بووکێنی لەسەر بووکەکەی هەڵبداتەوە، بەڵام کاژەلاکێکی مردووی بینی!.. بەچاوی خەیاڵ هەردووکیانی هێنایە بەرچاوی خۆی، برایەکەی بە هەموو خورتی و قۆزییەکیەوە و کیژێ بە چاوە گەش و درشتەکانیەوە، لە دڵی خۆیدا هەستی بە ئازار و بێزارییەکی توونێ کرد، چما وێڕای ئەوەی کەسی لە براکەی خۆشتر نەدەویست، ئەو (روشدی)  هەمیشە، دەبوو بە کۆسپ لە بەردەم شادومانی و بەختەوەری ئەو؟... لەبەر ئەوە بوو کە بیست ساڵ لەوە پێش هەموو تەمەنی خۆی وەقفی پەروەردەکردنی ئەو کردبوو، ئایندەی خۆی کردبوو بە قوربانی پێگەیاندنی ئەو، ئێستاش کە بە ئاواتی خۆی گەییوە، بێخەم و خەیاڵ، بەختەوەری ئەو پایەماڵ دەکات!.. توورەیی بەسەریا زاڵ بوو، گیانی لە ڕق و کینە سەرڕێژ بوو، وەکو گڕکانێک ئاگری لێدەبووەوە، بەڵام ڕق و توورەییەکەی زۆری نەخایاند، بۆ تاقە ساتێکیش ڕقی لە براکەی هەڵنەگرت – هەرچەندە هەمووی چەند خولەکێک بەسەر خەمە گەورەکەیدا بووری بوو – ڕاستە خۆشەویستی بۆ براکەی دووچاری سەکتەیەکی کاتی بووبوو، لەخۆ چوو، بەڵام نەمرد! تەنانەت سەبارەت بە کیژەکەش کە سەبەبکاری ئەم هەموو بویەرە بوو، هیچ ڕق و کینەیەکی لە دڵ نەگرت. هەرچەندەلە سەرەتاوە وا دەهاتە بەرچاو کە توورەییەکەی لە کۆتایی نایەت، کەچی بە خیراییەکی سەیرەوە دامرکایەوە. هەستی ڕق وکینە وغروور بەری داو، جێگەی بۆ خەمێکی بێ پایان و نائومێدی و ڕەش بینییەکی ئەوتۆ چۆڵکرد، کە پێنەدەچوو هەرگیز بەری بدات. کە یادی ساتە خۆشەکانی ڕۆژانی ڕابردووی بیر کەوتەوە، نە کۆڤاندار بوو – بەڵام هەستی بە جۆرە شەرم و ناکامیەک کرد.. بە دەنگێکی کز و خەمین لە دڵی خۆیدا گوتی: " پەردە لە سەر حەقیقەت هەڵدرایەوە، حەقیقەت شتێ نیە بتوانی خۆتی لێ گێل بکەی. تۆ پیاوێکی بەدبەخت و بێ شانسی! ئەمە حەقیقەتێکە چەند و چوون هەڵناگرێ، ئیدی ڕۆژگار کردووتی بە نیشانەی تیری نائومێدی و ناکامی. ئیدی هێزێکی ئەهریمەنی لێ قوت کردوویتەوە، تا هەر دەرفەت یان بویەرێکی خۆشبەختیت بۆ ڕەخسا یان لێهەڵکەوت، لە دەستی بدات! ئەگەر بەردێ لە ئاسمان بەربێتەوە، بەر سەری تۆ دەکەوێ. ئەگەر میوەیەکی گەییو، بەدیار سەرتەوە بێ، تەنیا ئەوەندەی بوێ کۆشی بۆ بگریتەوە و دەست بەری و بیکەیتەوە، لە پڕ تەیرێکی شووم دێت، پڕی دەداتێ و دەیڕفێنێ و دەڕوات. یان هەرکە لە لوتکەی هەوڵەکانت نزیک بوویتەوە، هەرەس دێنێ، ژێروژوور دەبێت و نغرۆت دەکات. ئاسۆکانت بە تیشکی ئومێدی درۆینە ڕۆشنە، لە تاریکترین شوێنی زەویدا دەژی، لەم دنیایەدا هیچ کەسێک هەیە بە ئەندازەی تۆ بەدبەخت بێ؟!.. خەڵکی هەموو شاد و بە کەیف و بێ خەم دێن و دەچن، ژیان بەسەر دەبەن، یەکێک بە سەلامەتی خۆی شادە، یەکێک بە ماڵبات و

کەس و کار دڵشادە، یەکێک بە ماڵ و منداڵ دڵخۆشە، یەکێک بە پلەوپایە، بە سەروەت و سامان خۆشحاڵە، پێم ناڵێی  تۆ بە چ شتێک دڵخۆشیت؟!

نە سەلامەتیەکی ئەوتۆت هەیە، نە ماڵبات و بنەماڵەیەک، نە پلەوپۆستێک، نە سەروەت و سامانێک، نە پارەو پولێک شک دەبەی!.. لە هەوەڵەوە بێکار بوونی بابت پشتی شکاندی، پاشان هەرچی حەز و ئارەزوویەکت هەیە کردت بە قوربانی پەروەردەکردنی برایەکەت، پاشان هەرچی بەهرەت هەیە لەم ژینگە جاهیل و پاشکەوتووەدا، کوێر بووەوە؟.. ئیدی لەم دنیایەدا چیت بۆ دەمێنێتەوە؟.. تەمەنی گەنجیت ڕۆیی، بەبێئەوەی بیرەوەرییەکی باشت لەلا دروست بووبێ، کە لە پیریدا، بەیادیەوە بژی! نها خەریکە بەرەو پیری دادەگەڕێی، چۆن بەرگەی ئەم ژیانە نەزۆک و زڕە دەگری؟..

پیاوان، ژنانی نەزۆک، ئەگەر ئەمەکداریش بن، تەڵاق دەدەن، ئیدی تۆ چ دڵێکت بە دنیایەک خۆشە کە نەک هەر زڕ ونەزۆکە، بگرە مایەی دەرد وئازاریشە؟!.. بۆچی هاتوویتە ئەم دنیایە، خێر و فەڕت چییە؟... ئەم دەرد و ئازارە کەی تەواو دەبێت و دەبڕێتەوە؟.. ئاخر ئەم عەقڵ و عەقڵگەراییە چ خێرێکی بۆ داویتەوە؟.. چ سودێکت لە خوێندنەوەو ڕۆشنبیریی دیتووە؟.. مەگەر تەنیا سەریەشەی بۆ دروست کردبێت! هەقە بە یەکجاری واز لە خوێندنەوەی کتێبان بێنی وئەم کتێبخانە بەڵایە بسووتێنی! باشتروایە ڕووبکەیتە مادەی هۆشبەر وخۆت ئالوودەی بکەیت، تا بەلای کەمەوە حاڵت لە ئێستا باشتر بێت. ژیان کارەساتە و دنیا شانۆیەکی تاقەتبەرە! سەیر ئەوەیە دەقەکە کارەساتبار و دڵتەزێنە، بەڵام ئەکتەرەکانی لێبۆکن! سەیر ئەوەیە ناوەڕۆک و ماناکەی خەمناکە – نەک لەبەر ئەوەی لە خودی خۆیدا خەمناکە، بەڵکو لە پراکتیکدا خەمناک دەرچووە، جا لەبەر ئەوەی زۆربەی کات ناتوانین بە ناکامی ئاواتەکانمان پێبکەنین، بۆی دەگرین، ئیدی فرمێسک حەقیقەتمان لەبەرچاو ون دەکات، وا وێنا دەکەین دەقەکە، دەقی ژیان تراجیدیە، بەڵام لە ڕاستیدا کۆمیدیایەکی گەورەیە! " گرژ و مۆن، کەمێک بە بێدەنگی لە فکران ڕاچوو، دڵی تەنگ بوو، لە ناکاوا لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی. بە توندی گوتی: " بەرەو ئەشکەوتی تاریکی، ئەشکەوتی تەنیایی و ترس! بەرەو گۆڕی سارد، گۆڕی نائومێدی. دنیا شاپێکی لە من هەڵداوە، دنیا پووچە، بەڵام شەرت بە شەرتی پیاوان، منیش شاپێکی تێهەڵبەم و بەهیچی نەزانم. ئەگەر ئومێدە درۆینەکان لە خۆم دوور بخەمەوە، دنیا بە تەواوەتی لە نائومێدی خاڵی دەبێت، دەیسا بەرەو ئەشکەوتی تەنیایی، دەمەوێ پەردەیەکی ئەستوور بە دەرگای ئەشکەوتی تەنیایی خۆمدا بدەم، تا چیتر چاوم بە فریوەکانی ژیان نەکەوێ! "

ئەوسا بە توندی ئاوڕی لە پەنجەرەکە – پەنجەرەکەی نەواڵ – دایەوە، تۆزێ لەوەپێش دای خستبوو و بەتوورەیی گوتی:- تا هەتاهەتایە بە داخراوی وەمێنە، تا هەتا هەتایە!

(( ٢٥ ))

وەکو خووی هەر بەیانیەکی ڕۆژانی هەینی، لێبڕا بۆ قاوەخانەی زەهرە بڕوات، تا بای باڵێک بدات و خەمی دڵی بڕەوێنێتەوە. قاتە تازەکەی لەبەر کرد، کە بیری لە چۆنیەتی بە دوورن دانەکەی کردەوە و چۆن ئەو هەموو پارەیەی پێ دابوو، ئاهێکی پڕ لە داخ و کەسەری هەڵکێشا. لە شوقەکە وەدەرکەوت، وەختایەک کە خەریک بوو لە قاڵدرمەکانەوە دادەگەڕا، یەکەم ڕۆژی خۆیانی لەو تەلارەدا بیرکەوتەوە کە چۆن بەیانییەکەی کاتێ لە تەلارەکە دەردەچوو، ئاوڕی پاشی دابووەوە و بۆ یەکەمجار نیگای لە نیگای نەواڵ هەڵەنگوتبوو، ئیدی ئاوات و ئارەزووە درەخشان و ڕەنگینەکانی کە زاڵمانە بە با چووبوو، بوژابووەوە؟.. ڕاستە گەلەک کۆڤاندار

وکەسەردار بوو، هەستی بە چەوسانەوەو مەزلوومیەت دەکرد، بەڵام ئەو حاڵە دەروونییە، لە لەزەت بەدەر نەبوو، لەزەتێکی پەنهانی گۆنگ کە خەریک بوو بەرەبەرە بەدیار دەکەوت. بەخاوە خاو ملی ڕێگای گرت، بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن دەبوو ڕوو وەرگێڕانی کچۆڵەیەکی منداڵکار لەو، وەکو پیاوێکی میانساڵی بە ئاوەز و حەکیم، بەو ڕادەیە پەست و خەمباری بکات. بە تەوسەوە بەخۆی گوت: " شەرم لە خۆت بکە! چۆن شتی وا دەبێ؟! کچۆڵەیەکی منداڵکار بەم دەردەم ببات؟! چۆن ڕێگەی بەهەشتی بەرینی نیشاندام و پاشان سەرم لە دۆزەخەوە دەرهێنا؟!... ئاخر حیکمەت بەچی دەچێت ئەگەر میکرۆبی شەهوەت بەم ڕادەیە بەشەر ڕیسوا بکات؟!... یانی باشتر نەبوو – تۆبە خوایە – بە جۆرێکی دیکە و باشتر بخوڵقابایین؟... جا ئەگەر دنیا هەر هەمووی بە سەدەمی میکرۆبێکی بچووکەوە – کە دەست نوێژی پێ بشکێ، ببێت بە تاریکە سەڵات و چۆڵەوانی، باشتر نییە، بە دنیا و هەرچی لە دنیادا هەیە بمیزین؟!" وەختایەک گەییە قاوەخانەکە، سەیری کرد هەموو دۆستەکانی لە پێش ئەوەوە گەیی بوونە ئەوێندەر – تەنیا سلێمان بەگ عەتە نەبێ کە هێشتا لە گوندەکەیان نەهاتبووەوە – وەستا نونوش لەوێ بوو. عادەتی وابوو ڕۆژانی هەینی لە سەعات دەوە تا دوای نوێژی هەینی دووکانەکەی دابخات؛ بەڵام عەباس شفە، لە جێگا هەمیشەییەکەی خۆی، لە گەڵ وەستا زەفتە و لە نزیکی کۆڕی دۆستانەوە ڕۆنیشتبوون و مژوولی قسان بوون، ڕادیۆکە گۆرانی جۆراوجۆری لێدەدا. ئیدی پیاوەکان کەوتنە قسان. کەمال خەلیل ویستی ئەحمەد عاکفیش بێنێتە قسان، بۆیە لێی پرسی: - مامۆستا ئەحمەد عاکف، بەینت لەگەڵ گۆرانیا چۆنە، گۆرانی کۆنت پێ باشترە یا هی تازە؟!

لە دڵی خۆیدا گوتی: " دە تەمەشا! من هاتبووم کەمێک خەمی خۆ بەبا بدەم، بە ناخێرم هاتبووم بایەکی باڵی خۆم بدەم و کەمێک دڵم ئاسوودە ببێ، کەچی دەبێ گوێ لە هەرزەگۆیی ئەمانە بگرم... دەدەی تۆ بۆ ئەوە نەهاتووی خەمی خۆت بەبا بدەی؟! دەیسا وەڵامی بدەوە و مەمنوونی خوا بە. شیفتەی ئاواز و گۆرانی بوو، بە زگماک عاشقە گۆرانی بوو.. بەڵام گۆرانی کۆنی پێ پەسندتر بوو، تەنانەت شێوازی قسەکردنی کۆنی لە هی تازە پێ باشتر بوو! بە زۆری گوێی لە گۆرانییەکانی ئەلقیان و منیرەو عەبدولحەی و منیلاوی دەگرت. ژێراوژێر تەمەشایەکی ئەحمەد ڕاشدی ڕەقیبی کرد، کە بۆچوونی خۆی لە ژێر چاویلکە ڕەشەکەیەوە پەنهان کردبوو، ئەوسا گوتی: - گۆرانی کۆن بێهیچ زەحمەتێک دەچنە دڵەوە!

وەستا زەفتە لە خۆشیا هاواری کرد: " ئەڵڵاهو ئەکبەر " وەستا نونو، سێ چەپڵەی دوابەدوای یەک لێدا.

بەڵام سەید عارف پرسی:– ئەدی ئوم کەلسووم و عەبدولوەهاب؟

ئەحمەد عاکف، نیو نیگایەکی ڕەقیبەکەی کرد وگوتی:– ئەوانەی بە ستایلی کۆن دەیڵێن زۆر چاکە و ئەوانەی دی تورێکی قوڕاوی نایەنن!

سەید عارف گوتی:– ئوم کەلسووم، ئەگەر هەلوور بلوور تکامەش بخوێنێ هەر گەورەیە!

ئەحمەد عاکف گوتی:– باسەکەمان لە سەر دەنگی نییە، دەنگی عەیبی نییە، باسەکەمان لەسەر لایەنی هونەری گۆرانییە!

کەمال خەلیل گوتی:– مامۆستا ئەحمەد ڕاشد حەزی لە گۆرانی تازەیە، بە تایبەتی مۆسیقای فەرەنگی!

پارێزەرە گەنجەکە کە حەزی لێنەبوو بەشداری لە گفتوگۆیەکەدا بکات، بە بێ مەیلییەوە گوتی:- بۆچوونی من سەبارەت بە گۆرانی، بۆچوونی کەسێکی پسپۆڕ و شارەزا نییە، ئەوەی ڕاستی بێ من زۆر بایەخ بە گۆرانی نادەم!

وەستا نونو، هەڵیدایێ و بە دەنگە گڕ و ناسازەکەی گوتی:- براینۆ، ئومەتی محەمەد، هێشتا حاڵی باشە. ئێوە قەت بۆ تاقە جارێکیش گوێتان لە کابرایەکی ئینگلیز بووە، کە پتر لە نیو سەدەیە لە ناومانا دەژین، گۆرانیەکی فولکلۆری عەرەبی بڵێ؟!.. لە ڕاستیا کەسێک گۆرانی فەرەنگی پێ پەسندتر بێ، وەکو ئەوەیە بۆ نموونە حەز لە گۆشتی بەراز بکات!

وەستا زەفتە کە زیاتر بەکارەوە مژوول بوو، کەمتر بەشداری لە گفت و گۆیەکاندا دەکرد. بەڵام ئەمجارەیان کە گوێی لەم قسەیە بوو، هەڵیدایە، بە ڕاوێژێک کە نیشانەی بێتاقەتی پێوە دیاربوو گوتی:- گوێ بگرن، خۆشترین دەنگ دەنگی سی عەبدەیە وەختایەک یالێل دەڵێ، دەنگی عەلی مەحموودە کە بانگی بەیانی دەدات، دەنگی ئوم کەلسومە کە امتی الهوی دەڵێت. جگە لەمانە هەرچیەکی دی هەیە توورێکی قوڕاوی نایەنێت!

ئەحمەد عاکف، کە حەزی نەدەکرد گەنگەشەکە بەبێ فەلسەفەڕێسی تەواو ببێت گوتی:- دڵبەندی بە گۆرانی تازە یان بە مۆسیقای فەرەنگی، ئیبن خەلدوون گوتەنی نیشانەی لاساییکردنەوەیە، لاسایی کردنەوەی حاکمان لەلایەن مەحکوومانەوە!

ئەحمەد ڕاشد، لەسەر بێدەنگی خۆی بەردەوام بوو، هێرشەکەی ئەحمەد عاکف نەیتوانی بیجوڵێنێ و بیهێنێتە قسان، بۆیە لێرەدا باس و خواسی گۆرانی و مۆسیقا کۆتایی هات. پاشان باس هاتە سەر سلێمان بەگ عەتە، کەمال خەلیل، سەری لە دواکەوتنی گەڕانەوەی وی لە گوندی سوڕمابوو. سەید عارف بە پێکەنینەوە گوتی:- دوو هەفتەیە خوا لە فەسالێ بەد و ناقۆلای، ڕزگاری کردووین.

عەباس شەفە، بەبێ موبالاتی گوتی:- قەرارە بەو زووانە ببێ بە زاوا.

سەید عارف، بە کەسەرەوە گوتی:- بووکێ، کچەکەی یوسف بەهلەیە، کە لە ژیانما ئافرەتی ئەوەندە بەدەوم نەدیتووە!

ئەحمەد عاکف پرسی:- باشە ئەم هاوڕێیەتان نازانێ ئەگەر بە تەماعی پارەکەی نەبوایە، کەس ئامادە نەبوو شووی پێبکات؟!

عەباس شەفە گوتی:- گومانی تیا نییە، نە گەنجە، نە قۆزە، نە بە ئەخلاق و ئاکار جوانە!

ئەحمەد، بەو وەسفانە پەست بوو، چونکە هەستیدەکرد لە زۆر ڕووەوە ئەو دەگرێتەوە، نە گەنجە، نە قۆزە و... هەر بەخۆی ئەمەشی بۆ زیاد کرد " نە پارەدارە! " ئەوسا سەری داخست، لە ترسی ئەوەی نەبا، بەو قسە بێ تامانە خەمبار ببێت، دووبارە پرسی:- باشە بۆچی دەبێ چاوی تەماعی لە کەسانی دی بێ؟!

لەو ساتەدا ئەحمەد ڕاشد ئاوڕی لێدایەوەو بە ڕاوێژێکی تەوسباری دەستکردەوە گوتی:- ئەمە تەعەجوبی ناوێ!... پارەش وەکو گەنجایەتی و قۆزی پیاو لە لای ژن شیرین دەکات.. پارە لە زۆر شتی تری دنیا گرینگترە!

یارۆی گەنج، زۆر زوو دەستی لە سوعبەت و شۆخی هەڵگرت و بە جدی گوتی:- پیرەمێرێکی وەکو سلێمان عەتە بەگ، لە دووی ئەو عەشق و ڤیانە نییە کە گەنجان لە دوین، بەڵکو بە هێنانی ژنێکی گەنج و جوان، هەم غەریزەی کوژاوە و خامۆشی ڤیان هەڵدەکاتەوە و هەم غەریزەی موڵکایەتی پاراو دەکات!

عەباس شەفە گوتی:- گەنجایەتی گیرۆیە، پیرەمێرد بەم ژن هێنانەی گەنجایەتی لە دەست چووی دەگێڕێتەوە! هیچ دوور نییە ئەم کابرایە لە زووترین کاتدا بگۆڕێ، لە مەیموونەوە بۆ نموونە ببێ بە گوێدرێژ!

وەستا زەفتە پرسی:- مەبەستت ئەوەیە کە ئەسڵی مەیموونە؟!

وەستا نونو، کە هەڵبەتە لە گەڵ ئەوەدا نەبوو، بەو تانە و تەشەرەوە باسی پیری بکرێ، هەڵیدایێ و گوتی:- بەشەر کە لەشی ساغ بوو، تەمەن گرینگ نییە، بۆ نموونە بابم بە شەستساڵی ژنی هێنا و منداڵیشی خستەوە؛بەڵام ئەم سەید عارفەی خۆمان بۆ نموونە، چ خێرێکی لە گەنجی دیتووە! ( هەمان قاقای زوڵاڵی لێدایەوە) هەمووان بە ئەحمەد عاکفشەوە – پێکەنین. سەید عارف گوتی:- پێ مەکەنە وەستا نونو، بەو زووانە ڕەوشەکە دەگۆڕێ، بیستوومە جۆرە حەبێکی تازە لە حاڵی تاقیکردنەوەدایە، کەسێ نەمرێ بەچاوی خۆت دەیبینی!

ئەحمەد عاکف، وەکو مەلەوانێک کە توانای لەبەر بڕابێ، هەناسەی سوار بووبێ و لە حاڵی نقوم بووندا بێ و توانای مقاوەمەت و بەرخودانی نەمابێ، گوێی بەوان نەدەدا. نەیزانی چۆن بابەتەکە گۆڕا و باس هاتە سەر شەڕ و چۆن سەید عارف کەوتە ژماردنی سەرکەوتنەکانی ئەڵمان لە ڕووسیادا و بە شانازییەوە باسی کەوتنی فیازما و بریانسک و ئۆدیسا و خارکوف و داگیرکردنی نیمچە دورگەی قرمی کرد. وەستا نونو هەستا تا بۆ نوێژی هەینی بۆ مزگەوت بڕوات. پیرە کوڕ دوعای خزمەتی خواست و لەگەڵ ئەوا بەرەو ماڵ پەل بووەوە. لە هۆڵەکەدا سووکە هەڵوەستەیەکی کرد و لە دڵی خۆدا پرسی ئاخۆ روشدی هێشتا لە ژوورەکەی خۆی بێ؟.. بە ئەسپایی بە ڕاڕەوەکەدا ڕۆیی، لە دەرگای ژوورەکە نزیک بووەوە، لە درزی دەرگاکەوە بۆنی تیژی جگەرەی بەسەردا هات، ئەوسا بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە. یەکەمجار بوو روشدی ڕۆژی پشوو لە ماڵەوە بەسەر بەرێت!... باشتر وابوو بڵێ ڕۆژی پشووی هەردووکیان، بە مەزەندە نە ئەم لە ژوورەکەی وەدەرکەوتووە و نە کیژێ بەر پەنجەرەکەی بەرداوە، مەگەر هەر خوا بزانێ، چەند سڵاویان لە یەکدی کردووە، چەند بزەیان نیشتووەتە سەر لێوان و چەند ئاوات و ئارەزوو و شکۆفەیان کردووە. قاتەکەی داکەند، دیزداشەکەی لەبەرکرد و تەقیلەکەی لە سەرنا، لەسەر تەپڵەکەکەی نزیک کتێبخانەکەیەوە ڕۆنیشت. زۆر خەمبار بوو، بەڵام هیچ غیرەو حەسوودییەکی لە دڵا نەمابوو – یان بەڵای کەمەوە دەری نەدەبڕی – لە دڵی خۆیدا گوتی ئەوەی لە گۆشەکەی تری تەلارەکەوە ڕوودەدات، گەمەیەکی منداڵانەیە، شایەنی ئەوە نییە بە هەندی بگرێ، یانی ئەمە هەستێکی کاتیە؟.. نازانێ! بەڵام وایدەزانی تەواو ئیدی بڕاوەتەوەو هیچی لە دڵدا نەماوە! لە دڵی خۆیدا گوتی ئەمە چۆن بەو خێراییە ڕوویدا؟... یانی هەست و سۆزەکەی، هەستێکی لام سەر لایی بووەو لێی بووە بە عەشق و ڤیان؟ بۆ ئەوەی لەو زڕە خەیاڵاتانە دوور بکەوێتەوە، دەستی بۆ کتێبخانەکە برد، کتێبی " مقاصد الفلاسفه " ی ئیمام غەزالی دەرهێنا، کە ئەمەی بۆ مژوول کردنی زەینی خۆی بە شایستەتر دەزانی، یەکێک بوو لەو گەنجینانەی کە ئەحمەد ڕاشد هیچی دەربارەیان نەدەزانی، تەقەی سەری دەهات، فەسڵی ئیلاهیاتی کردەوە، هەوڵیدا پێشەکی دابەش کردنی زانستان بخوێنێتەوە، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت بۆی دەرکەوت کە ناتوانێ فۆکس لە سەر خوێندنەوە بکات وهیچ لەزەتێکی لێنابینێ. کتێبەکەی داخست

و له جێگای خۆی داینایەوە، لێبڕا، پشوویەک بە زەین ومێشکی خۆی بدات، بێگومان هەست وسۆزێکی گەوجانە بوو! ئاخر ئەو کیژە سادەیە بەو هەموو ساویلکەییەی خۆیەوە، چۆن دەیتوانی ئەم بەو هەموو ڕۆشنبیریی و زانابییەوە بەختەوەر بکات؟!.. ئەلهەقی براکەی لە کێشەیەکی ڕزگار کردبوو کە خەریک بوو بە سەرا تێی دەکەوت. دەبێ لە ئێستاو هێوە چاو بکاتەوەو هەرگیز بیر لە ژن هێنان نەکاتەوە، مەحاڵ بوو ژنێکی هاوشان و هاوکوفی خۆی بدۆزێتەوە!.. بەڵام خیانەت خەسڵەتێکی زۆر نەنگینە! مەگەر کیژێ بەخۆی لەگەڵیا نەکەوتبووە چاوبڕکێ؟... بەخۆی ئەمی هەڵنەبژاردبوو؟.. ئاخر چۆن بەو خێراییە بایدابووەوە؟.. باشە خوا لە کیژی دوو ڕوو، دزێوتری دروست کردووە؟!.. پەنا بە خوا، چ دنیایەکی هیچە کە دڵان لە چاو تروکانێکا بگۆڕن! لە ناکاوا دەنگێکی بەرز ڕشتەی بیر وخەیاڵی پچڕی: " مەلعونە دنیا، نەعلەت لە بابی دنیا!" یەکسەر زانی وەستا نونو لە نوێژی هەینی گەڕاوەتەوە بۆ دووکانەکەی، بە خۆشییەوە ڕابوو، بەرەو ئەو پەنجەرەیە چوو کە دەیڕوانیە سەر گەڕەکە تازەکە، کردیەوە، کەوتە تەمەشاکردنی دیمەنەکانی ئەو گەڕەکەی کە هەم خەریک بوو پێی ڕادەهات و هەم لێشی بێزار بوو، خۆزگە هەر لە گەڕەکی سکاکینی مابانەوە، لە دڵی خۆدا خۆزی دەخواست برایەکەی لە ئەسیوتەوە نەقڵ نەباوە!.. ئەگەر ئەو نەهاتباوە، ڕەنگە هیچ یەکێک لەو بویەرانە ڕوویان نەدابا و بەمجۆرە دڵی تەنگ نەبایە؛ بەڵام هەر زوو لەو خۆزیایەی خۆی ژێوان بووەوە، تووشی عەزابی ویژدان بوو. ئاخر براکەی زۆر خۆشدەویست، مەحاڵ بوو، براکەی، کە وەکو کوڕی خۆی بوو، دەست پەروەردەی خۆی بوو، لەبەرچاو بکەوێ.. بەڵام سەیر ئەوە بوو هەم خۆشی بوێ و هەم حەز نەکات لە گەڵیاندا بێ؟.. ئەگەر بۆ قاهیرە نەقڵ نەبایەتەوە، لەگین بوو ئەحمەد تا ئێستا چووبایە خوازبێنی کیژێ و نها لە قۆناغی دەزگیرانداریدا بوایە. هەستیکرد، بە دوور لە نیگەرانییەکانی پێشووی، حەزدەکات ژیانی خێزانداری بجەڕبێنێ!... لە ناکاوا وای بە مێشکا هات کە ژمارە دوو ژمارەیەکی پیرۆز و موبارەکە؛ بە پێچەوانەی فیتاغۆرسیەکانەوە کە ژمارە یەک بە پیرۆز وموبارەک دەزانن. مرۆڤ لە کۆمەڵدا خۆی ون دەکات، بەڵام لە تەنیاییدا، خەمبار دەبێت. بەڵام لەلای هاوسەرەکەی خودە ونبووەکەی دەدۆزێتەوە، ئیدی ڕاشکاوی تەواو، خۆشەویستی قووڵ، هەڤلفی ڕاستەقینە، دڵ نان بەیەکەوە، ئاسوودەیی بێ سنوور، کۆمەڵێک لەزەتی قووڵن، تەنیا لە نێوان دوو کەسدا دێنە دی. لە خەمینی و داخ و کەسەر و تەنیایی بێتاقەت و بێزار بووبوو. تامەزرۆ و بێتاقەتی ڤیان و خۆشەویستی و دۆستایەتی وهاونشینی بوو. کوا لێوێ بە سۆزەوە بۆی بگرژێتەوە، کوا دڵێک لە گەڵ هەر ترپەیەکی دڵیا، بۆی لێ بدات، کوا باوەشێ لە کاتی خەمینیدا پەنای بدات وداخ و کەسەری بڕەوێنێتەوە؟

کول وکۆڤان زۆری بۆهێنا، گەڕایەوە بۆ سەر جێگاکەی، بەتووندی سەری تەکان دا، وەکو ئەوەی بیەوێ هەستی داخ وکەسەران لە خۆ بتارێنێ. دەیویست هەرچی ڕق و کینە، تووڕەیی، باوەڕی هۆڤیانەی بە تەنیایی و روحزلی و خود دۆستی هەیە بگێڕێتەوە بۆ غەریزەو سۆزی مرۆڤانی. لەگین بوو غیرەو حەسوودی خاو ببێتەوە، سۆزی دابمرکێتەوە، بەڵام بریندار بوونی کبریا و غرووری زامێک بوو لە ساڕێژ بوون نەدەهات، جا چۆن ساڕێژ ببێ، هەرکە قەتماغەی دەبەست، غرووری گەوجانەی دەیکولاندەوە؟! ددانەکانی بە جیرەوە دەبرد و دەیگوت: " دەبێ کیژێ ئەوە بزانێ کە بە لای منەوە هیچ بایەخێکی نییە وبەخۆم وازم لێهێناوە!"

بەیانی ڕۆژی شەممە، لە خەو ڕابوو، شەکەت و ماندووی بێ خەوی شەو بوو، لە ڕاستیا باجی ئەو بێدارییەی دەدا کە دڵی پێ خۆشبوو، هەرچەندە بێدارییەکی کورت بوو، بەڵام بەلایەوە گرینگ نەبوو، چونکە فەرامۆشی و بیر چوونەوە لە پشت هەر داخ و کەسەرێکەوە هەیە. کوا کیژە جوولەکە جوانەکە و عەشقە بێ وێنەکەی چی لێهات، کێوە چوو؟!.. زەمانە پەردەی فەرامۆشی بەسەر ڕابردوودا دەدات! هەموو بیرەوەرییەک قووت دەدات! ئەوەی سوکنایی بە دڵی ئەو دەدا، ئەوە بوو کە عادەتی وابوو زۆر گرینگی بە بویەر و ڕووداوەکان نەدات، یان وا بنوێنێ گوێی پێ نەدەدان و دەیتوانی وا بنوێنێ، کە ڕۆیشتنی کیژەکەی بەلاوە گرینگ نییە، بایەکە و بەلای گوێیدا ڕۆییوە. خەریک بوو بۆ حەمامەکە دەڕۆیی، بینی دەرگای ژووری براکەی نیوە کراوەیە. روشدی خەریک بوو جلەکانی لەبەر دەکرد – سەری لەوە سوڕما، چونکە براکەی هەمیشە لەو دێرتر لە خەو ڕادەبوو – براکەی بینی سەری هەڵبڕی بوو و چاوی بڕیبووە پەنجەرەکەی سەرەوە. چزە لە دڵی هەستا، وەکو ئەوە بوو دەرزییەکی پێدا بکرێ، ماوەیەک سەری خستەبەر ئاوە ساردەکە، تا ئەعسابی هاڕوژاوی هێور ببێتەوە، ئەوسا بۆ ژوورەکەی گەڕایەوە و چاکەت و پانتۆڵەکەی لەبەر کرد. ئەوسا چوو بۆ سەر سفرە و خوانەکە تا تێشت بخوات و قاوەیەکی بەسەردا بکات و جگەرەکەی بکێشێت، خۆی حازرکردبوو بۆ دیداری براکەی، کە خووی بەمەوە گرتبوو و دڵی پێ خۆشبوو. روشدی بە قات و تەڕبووشەوە وەکو هەمیشە ڕووخۆش و دەم بە خەندە هات وگوتی:

–بەیانی باش.

– بەیانیت باشتر.

ئەحمەد، سەری لە تەڕبووشەکەی براکەی سوڕما، چونکە عادەتی وابوو کە بە سەری کۆت نانی بەیانی بخوات، لێی پرسی:– چما تەڕبووشت لەسەر کردووە، چ پەلەتە؟

روشدی، بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:– لە دەرەوە قاوەڵتی دەکەم، چونکە هەندێ کاری بەپەلەم هەیە.

–کاری بەپەلەی وەک چی؟

– هەندێ کاری پەیوەست بە وەزیفەکەم!

ئەوسا خوداحافیزی لەو و لە دایکی کە خەریکی ئامادەکردنی خواردن بوو، کرد و بە قەد و باڵا جوان وبزە شیرینەکەیەوە کەوتەڕێ. ئەحمەد باوەڕی بە قسەکانی ئەو، " دەربارەی کاروباری وەزیفەکەی " نەکرد، بۆ یەکەمجار گومانی لێکرد، وای بۆ چوو، روشدی بۆیە بە پێچەوانەی عادەتی هەمیشەییەوە، بەیانی زوو لە خەو ڕابووە، تا زوو لە ماڵ وەدەربکەوێ و لە ڕێگای قوتابخانە نەوال ببینێ. ئەمە مەزەندەی دڵی خەمناکی بوو، ئایا بەڕاست گەیی بوونە ئەو ڕێکەوتنە؟... بە پەستیەوە بیری لەوە کردەوە، کە چۆن لە ماوەی پەیوەندییەکەیدا دەگەڵ نەوال دا، گێژ و وێژ، حایر و حەپەساو، پەشێو و پەشۆکاو نەیدەزانی چی بکات؟.. بەڵام ئەم گەنجە وێرۆکە، شەرم لە مەزەبیا نییە، لە چاو تروکانێکا، دڵی کیژێی ڕامکرد وکارەکەی گەیاندە دیدار. وەکو چۆن دڵبەندی قۆزی و قەد و قەڵافەتە جوانەکەی بوو. جورئەتەکەشی بە دڵ بوو. بەڵام ئەم دڵبەندییە زۆری نەبرد، کە جێگەی بۆ سەرزەنشت و ڕق بوونەوە لە خۆی، چۆڵکرد. ڕێک وەکو یەکێک ستایشی هەرمانی خالق بکات و شین بۆ فەوتی مەخلوق بگێڕێ. دوای ماوەیەکی کەم تەڕبووشەکەی لەسەر کرد و لە شوقەکە وەدەرکەوت، بە پێیان بەرەو شەقامی ئەزهەر نشێو بووەوە تا بایەکی باڵی خۆی بدات وکەمێک هێور ببێتەوە. بەسەر

شۆستەکەی دەستە چەپا، درێژەی بە ڕێی خۆی دا. لە بن لێوانەوە بە خۆی دەگوت: " سەدەمی ئەم خەمە قووڵە فەرامۆش بکە، بیری لێمەکەوە، بە فەرامۆشی بسپێرە، ئەگەر خوێندنەوە دادی نەدای، پەند لە کەسێکی شادی وەکو وەستا نونو وەربگرە! " نونوی، بە سەرحاڵی و سەلامەتی و ئاسوودەیی و شادمانییەوە، هێنایە بەرچاوی خۆی و ئاهێکی هەڵکێشا: چما خۆی خەفەتخان کردووە، خەمێکی لە خۆی بارکردووە کە باری نابات، ڕێک لەو گایە دەچێ کە دەڵێن دنیای بە سەر شاخەکانیەوە هەڵگرتووە؟!.. بۆچی بەم ڕادەیە لە هونەری شادی و شادبوون غافڵ و بێئاگایە؟ بۆچی چاو لە شادان ناکات و گوێ بە گوێی وان ڕێگەی شادومانی ناگرێتەبەر؟... دەبێ دڵەی ڕەنجاوی لە شادی پاراو بکات، مانای نییە، ژیان بەم کەسەرداری و کۆڤانداریە بەسەر بەرێ. "

بەدەم ئەو خەیاڵاتەوە ڕێی دەکرد تا گەییە مەیدانی شابانۆ فەریدە و سواری ترام بوو، هێندە قەرەباڵغ بوو، ناچار بوو بە پێوە بوەستێ.

لە قەرەباڵغیەکەدا کەپس بووبوو، بە تەبیعەت حەزی لە قەرەباڵغی نەدەکرد، دوای تۆزێک دڵی تەنگ بوو، لە ناکاوا بیرێکی سەیری بە مێشکا هات. خۆزی دەخواست تاقە بەشەرێک بەڕووی دنیاوە نەمێنێ!.. نەیدەزانی ئاخۆ وەستانەکەی لەناو قەرەباڵغییەکەدا، سەدەم و سەرچاوەی ئەو بیرە ترسناکە بوو یان هۆی دیکەی لە پشت بوو. پێشتر خۆزی خواستبوو یان وای خەیاڵ کردبوو کە خۆزی دەخوازێ، قاهیرە بەدەم بۆردومانێکەوە کاول ببێ و تاقە بەشەرێکی بە سەلامەتی دەرنەچێت!.. بەڵام هەر زوو لەو خۆزیا دۆزەخینەی خۆی تەریق بووەوە، خۆزیا بۆچی؟ بۆ ئەوەی بەبێ هیچ هەڤرک ورکابەرێک بگاتە کیژێک!.. تەریق بووەوە. ئاهێکی هەڵکێشا و لە بن لێوانەوە گوتی:- یانی خیانەتیش وەکو وێرانی و تەمەنای وێران بوون، کارێکی قێزەون نییە؟!

((٢٧))

روشدی عاکف بە پێچەوانەی عادەتی خۆیەوە، بەیانی زوو بە بێ قاوەتوون لە ماڵ وەدەرکەوت، دیاربوو شتێکی شایستە ناچاری کردبوو زوو لە خەو ڕابێ و بەبێ تاشت لە ماڵ وەدەربکەوێ. کە گەییە وێستگە تازەکە، کیژێی لە مەسافەیەکی نزیکەوە بینی کە لە ڕێگەی دەراسەوە، بۆ ڕێگەی سەحراوی کە دەچوویەوە سەر عەباسیە، دەپەڕییەوە، سووکە هەڵوەستەیەکی کرد تا کیژەکە کەمێک دوور بکەوێتەوە، دوای ئەوە دوور و نزیک دوای کەوت، کیژێ دوور و نزیک دەیزانی کە تاقیبی ئەم دەکات – چونکە لە پەنجەرەکەوە ئاگاداری کردبووەوە – نەوالیش بەمە ڕازی بوو، هەرچەندە ناز وشەرم بەشێکی زۆری ئەم ڕەزامەندییەی شاردبووەوەو، تەنیا کەمێکی کەمی دیار بوو، کە ئەمە بۆ روشدی کافی بوو. روشدی کاتێکی زۆر کەمی بەدەستەوە بوو، کات بۆ ئەو لە زێڕ وئەڵماس بەنرختر بوو، لەو جارەوە کە لە سەربان بینی بووی، ئیدی دەستبەرداری تاقیبکردنی نەبووبوو، هەموو هونەرێکی گەنجاتی و قۆزی و شۆخی و سەبر و خۆڕاگری بۆ ڕاوکردنی گرتبووە بەر. هێندە لەبەر پەنجەرەکە وەستابوو کە نەوال ئەوی لێ بووبوو بە بەشێک لە پەنجەرەکە!روشدی گومانی لەوە نەبوو کە کیژێ دێنێتە ڕەدایە، کچەش گومانی لە وێرۆکی ئەو نەبوو! دەنا چما وەکو ئەوەی قەراری پێشوەختەیان هەبێ، دەچووە بەر پەنجەرەکە، چاوبرکێی دەگەڵ دەکرد، بە بزە و ئاماژە، وەڵامی دەدایەوە!.. خۆ ئەگەر سووکە گومانێکیش لای روشدی هەبووبێ، ئەوا دوا بزەی کیژێ، ئەوەشی لە لا سڕییەوە و روشدی بە ئاواتی دڵخوازی خۆی گەیی!.. بەڵام کیژێ ڕاستەوڕاست و بەبێ دوو

دڵی ڕادەست نەبوو، بە تەواوی خۆی ساغ نەکردبووەوە، هەندێجار براکەی روشدی، واتە ئەحمەدی بیر دەکەوتەوە و دووچاری شەرمەزاری و نیگەرانی دەبوو. بە دیتنی ڕوخساری گەنجانە ودرەخشانی روشدی، هەموو ئیراد وعەیبەکانی ئەحمەدی بۆ دەرکەوتبوو، لە خۆی دەپرسی: " چما هەمیشە ترس لە چاوانیا شەپۆل دەدا؟.. چما کە گوێی لە هەر دەنگێک دەبێت، وەکو مشک خۆی لە کونان دەپەستێت؟!.. تاکەی هیچ هەنگاوێ نانێت وهیچ ناکات!.. ئەمیش (نەوال) وەکو ئەو شەرمنە و پێویستی بە یەکێکە شەرمی بشکێنێ!" هەڵبەتە وەڵامی پێداویستیەکانی خۆی لەودا نەدەبینی، یان وەختێ بەمەی زانی، کە وەڵامی پێداویستیەکانی خۆی لە کەسێکی دیدا بینییەوە. جیاوازییەکی زۆر لە نیوان گەنجێکی بە دەماخ و پیرێکی سیسەڵە و چرچەڵەدا هەبوو، لە نێوان ڕوویەکی گەش و ڕوویەکی ترش و نیگەران! لە نێوان گەنجایەتیەکی خەندە لێو و خەمۆکیەکی ترسناکدا هەبوو! لە ڕاستیدا بۆیە بەلای ئەحمەد دا مایل بوو، چونکە تاقە پیاوی مەیدان بوو، جگە لەو هیچ پیاوێکی دی لە ئارادا نەبوو. بەڵام روشدی دڵ و هەستی هێنابووە جۆش، ئیدی بەوجۆرەو، بە بزەیەک پاداشتی سەبر و پێداگری روشدی دابووەوە. بەو بزەیە یەکەم وشەی چیرۆکە تازەکەی تۆمارکرد.

بە شەقامی دەراسەدا هەوراز بوونەوەو بەرەو شەقامی سەحراوی پێچیان کردەوە، کیژێ لە پێشەوەو کوڕە بە دوویدا – بەیانیەکی جوان و دڵئەنگێز بوو، شنەبایەکی مەیلە و ساردی دەهات، ڕۆژێکی مانگی نۆڤەمبەر بوو، پەڵە هەوری تەنک بەری ئاسمانی گرتبوو، هەندێجار یەکیان دەگرت، پاشان ڕووەو ڕۆژهەڵات، لێکدی بڵاو دەبوونەوە، وەکو گوڵاوی سەهۆڵ ئاسا، دەبریسکانەوەو چاویان دەخستە ڕەشکە وپێشکە. دیمەنێک بوو کە گەشکە و زەردەخەنە و ئارامی بە هەر گیان و دەروونێک دەبەخشی، جگە لە گیانی ئەو جووتەی کە لە یەکدیدا فەنا بووبوون! لە دوای یەکەمین پێچەوە پێی هەڵگرت تا خۆی گەیاندێ، کیژێ هەستی بە دەنگی پێی کرد کە لێی نزیک دەبووەوە، بەڵام ئاوڕی لێنەدایەوە، بەڵام لەگەڵ نزیک بوونەوەی روشدی دا گۆناکانی سوور هەڵگەڕان و چاوە درشتەکانی، بەبێ ئەوەی بەخۆ بزانێ گەشانەوە، ئەوسا کەوتە شانبەشانی و خەریک بوو شانی بەر شانی بکەوێ، بە نەرمی گوتی:- بەیانیت باش.. کیژێ بە ئاستەم ئاوڕی لای ئەوی دایەوە و تیچاوێکی تێکرد و بە ئەسپایی گوتی:- بەیانیت باش.

کیژێ جانتاکەی نابووە بن هەنگڵی، روشدی بەدەم زەردەیەکەوە گوتی:- یارمەتی هەیە، من ئەم جانتایەت بۆ هەڵگرم؟

کچەش زەردەیەکی هاتێ وگوتی:- نا، پێویست ناکات، هەرچەندە گەورەیە بەڵام سووکە، ئەزیەتم نادات.

–بێگومان بۆ دەستە ناسکەکانی تۆ قورسە!

– نا، بەهیچ جۆرێ قورس نییە، تکایە فێری تەمەڵیم مەکە!

بە دڵ پێکەنی و گوتی:- یانی شەرم نییە، من بە دەستی بەتاڵ ڕێبکەم و تۆ ئەم جانتا زەلامەت بەدەستەوە بێ؟!

بەرەبەرە شەرمی ڕەوییەوەو کەوی بوو، بە نارەزاییەوە پرسی: – بۆچی شەرمە؟ خۆ هەموو ڕۆژێ ئەمە کاری بەیانی و ئێوارەمە!

–پێدەچێ بترسی لێتی بدزم!

- خۆزگە دەتتوانی، وەزیفەی زۆر قورسی تیایە، ئاسانەکەی ماتماتیکە!

روشدی دیسان پێکەنی وگوتی:- نەفرەت لە زانستێک کە تۆ ئەزیەت بدات!

کیژێ کە جورئەتی پەیدا کردبوو، بەدەم بزەیەکەوە گوتی:- یانی لەبەر خاتری من نەفرەت لە زانست دەکەی یان دژمنایەتی کۆنت لە گەڵیدا هەیە؟

-لەبەر خاتری تۆیە، هەرچەندە لە کۆنە دژمنایەتیش بەدەر نییە، چ دەرسێکت لە هەموو دەرسەکان پێخۆشترە؟

- دیرۆک و زمان!

روشدی بە پێچەوانەی ئەوەوە حەزی لە زانست و وەرزش بوو، بەڵام خۆشحاڵییەکی زۆری نواند وگوتی:- سوپاس بۆ خوا لە یەکەوە نزیکین!

نەوال، سەری لە خۆشحاڵییەکەی ئەو سوڕما و لێی پرسی:- چما بەو ڕادەیە خۆشحاڵ بوویت؟

بە هەمان دەماوەری وزمان لووسی خۆی گوتی:- چۆن ئەمە نازانی گیانەکەم؟ مەگەر نازانی وەختایەک بەهرە و سەلیقەی عەقڵیمان تێکدەکەنەوە نیشانەی ئەوەیە لە ڕووی ڕوحیەوە وەکو یەکین؟

کیژێ لە شەرما سوور هەڵگەڕاو چاوی بڕییە جێگەیەکی دی -هەرکاتێ شەرمی کردبا، گۆناکانی سوور دەبوونەوە – ورتەی نەکرد. روشدی شەیتانانە پرسی:- لە گەڵمای؟

کیژێ، لەسەر بێدەنگی خۆی بەردەوام بوو. یان دەمی بەسترابوو. روشدی بە ئارامی گوتی:- یانی بێدەنگیەکەت نیشانەی ڕازی بوونە؟

روشدی تەمەشای کرد، ماکی زەردەیەکی بە سەر لێویەوە بینی، هاڕوژا، بە نەرمی گوتی:- لە یەکەم نیگاوە زانیم!

نەوال، نەیتوانی لەوەی پتر بێدەنگ بێت، چاوانی درەوشایەوەو گوتی:- یەکەم نیگا؟

-بەڵێ.

- باوەڕ ناکەم!

- باوەڕت بە یەکەم نیگا نییە؟

- موبالەغە ناکەی؟.. بەڕاستی باوەڕت بەو شتانە هەیە کە دەربارەی یەکەم نیگا دەگوترێن؟

روشدی بە جۆش وخرۆشەوە، کە چاوە ئامال زەرد و جوانەکانی لە گەڵیا درەوشانەوە، گوتی:- سەدی سەد، هیچ گومانێکی تیا نییە!

کیژێ کە تۆنی دەنگی گۆڕی بوو گوتی:- ئێمە هێشتا خۆمان بەیەکدی نەناساندووە!!

روشدی هەستیکرد، کیژێ دەیەوێ خۆی لێبدزێتەوە، بەڵام روشدی دەرفەتی نەداو خێرا گوتی:- خۆت لە قسان مەدزەوە، بێگومان دوای ماوەیەک یەکدی دەناسین. خۆ تەعاروفمان کردووە، تەنیا ئەوە ماوە ناوی

خۆمت پێ بڵێم. من دەمەوێ بڵێم کە ئەگەر عەشق – بە ئانقەست ئەو وشەیەی بەکار برد، بەڵام وای نواند کە ئاسایی و خۆڕسک لە زاری دەرچووە – لە یەکەم نیگادا نەبێ، عەشق نییە!..

کیژێ دووبارە پەنای وەبەر بێدەنگی برد، روشدی بەدەم بزەوە تەمەشایەکی کرد و لە سەری ڕۆیی:- مەبەستم ئەوە نییە بتەوێ و نەتەوێ عەشق لە یەکەم نیگاوە ڕوودەدات، بەڵام یەکەم نیگا کافیە ئەو کەسانە بناسین کە پەیوەندییەکی ڕوحیان پێمانەوە هەیە، پەیوەندی روحی ماک وئامیانی عەشقە، خودی عەشقە!... ئەدی نەتبیستووە دەڵێن ڕوحی بنیادەمان بەبێئەوەی بەخۆ بزانن، پێکەوە تەماس دەگرن؟! روح ئاگای لە ڕوحە؟!.. تاقە نیگایەک دەتوانێ ڕوح بگەیەنێتە جێیەک کە تەسەور ناکرێت! بەڵام عەشقێک کە بە تێپەڕ بوونی ڕۆژگار و لە میانی هەڵس و کەوت و ژیانی هاوبەشەوە چێ ببێت بە زۆری یان عادەتە یان مەسڵەحەت و بەرژەوەندییە، یان زادەی هەندێ بەهای دیکەیە کە بەرەبەرە دێتە درک کردن. تۆ چ دەڵێی؟

کیژێ کەمێک وەستا وئەوسا بە جۆرە سەرسامیەکەوە پرسی:- یانی دەڵێی.. وشەی عەشقی بە کار نەبرد – تەنیا لە یەکەم نیگادا دەردەکەوێت؟!

روشدی زانی کە زۆر وێژییەکی زۆری کردووە. لە ترسی ئەوەی نەبا لێکدانەوەی خراپ بۆ قسەکەی بکات، خێر گوتی:- نا، مەبەستم ئەوە نییە، مەبەستم ئەوەیە کە دەشێت یەکەم نیگا پردێک بێ بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سۆزداری.

کیژێ بەدەم نەرمە پێکەنینێکەوە گوتی:- فەلسەفەکەت زۆر دژوارە، نە پەیوەندی بە دیرۆکەوە هەیە نە بە زمانەوە!

روشدی، لە کانگای دڵەوە پێکەنی، خۆزی دەخواست لەو ساتەدا بتوانێ ئەم دەمە نوقوڵیە، کە ئەو هەموو شیرینیەی لێدەباری ماچ بکات، گوتی:- لە دیرۆک وزمان زۆر ئاسانترە، چونکە فەلسەفەیەکی خۆڕسک و ڕاستگۆیانەیە وباشترین بەڵگەش ئەوەیە کە ئێمە بەو ئومێدە یەکمان بینی وخوا یاربێ هەتاهەتایە بەیەکەوە دەمێنینەوە!

لەو کاتەدا گەیی بوونە نیوەی ڕێگاکە، بە دەستە چەپیاندا، گۆڕستانێکی کش ومات وخەمبار دیاربوو، کە بێدەنگیەکی قووڵ و ئارامیەکی ئەبەدی باڵی بەسەر هەموو لایەکیا کێشابوو. کیژێ چاوە گەشەکانی پێدا گێڕا و بۆ ئەوەی لەو شەرمە دەرباز بێ، کە قسە گەرم و گوڕەکانی روشدی، هێنابوویە جۆش، گوتی:- بەختی من وایە کە هەموو بەیانییەک ئەم گۆڕانە بدینم، کە دیمەنێکی خەمناکە!

روشدی لە خۆی پرسی باشە بۆچی هەموو ڕۆژێ بە پای پیادە بۆ عەباسییە دەڕوات ودەگەڕێتەوە، بۆچی لە ڕێگای خەلیج سواری ترام نابێت، ئەوسا بیری کەوتەوە بۆیە ئەم ڕێگا دوور و درێژە تەی دەکات، تا خەرجی کەم بێت، چونکە کەمال خەلیل فەمانبەرێکی پایە بچووک بوو، هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو کە ئابڕوومەندانە ماڵ و منداڵەکەی بەخێو بکات. ئیدی بیری کەوتەوە کە خۆیانیش ڕۆژێ لە ڕۆژان، ڕەوشێکی وایان بە هیمەتی برا گەورەکەی گوزەراندبوو و توانی بوویان بە کۆمەکی ئەو، بەسەر کوێرەوەری و کولەمەرگیدا سەربکەون، دڵی پڕ بوو لە میهر ودلۆڤانی وڕێز وحورمەت. ئەوسا بەدەم زەردەیەکەوە بە نەوالی گوت:- لەمڕۆ بە دواوە ئەم دیمەنە نابینی!

نەوال، حایر و حەپەساو تەمەشایەکی کرد و پرسی:- چۆن؟ بە چاوی نوقاوەوە ڕێ بکەم؟

–هێندە بە قسانەوە سەرگەرم دەبین کە ئیدی نایبینی!

کیژێ، نەرمە پێکەنینێکی بۆ کرد، لە مەبەستی حاڵی بوو، گوتی:– بەڵام ڕێگایەکی دوور و درێژە، تۆ بەرگەی ناگری، بە تایبەتی کە زستان نزیکە و بەر دەرکەی پێگرتووین.

–دەبینین!

درێژەیان بە ڕێگا دا، سەمتی ڕاستیان بیابان و سەمتی چەپیان گۆڕستان بوو. بە ناوەڕاستی گۆڕستانەکەدا بەرەو ڕۆژئاوا نشێو بوونەوە، روشدی ئاماژەی بۆ گۆڕستانێکی دارین کرد، کە پەرژینێکی بچووکی لە دەور گێڕدرابوو، کەوتبووە سەمتی ڕێگاکەوەو سێیەمین گۆڕستان بوو، گوتی: – ئەمە گۆڕستانی ئێمەیە!

کیژێ تەمەشای ئەو شوێنەی کرد کە ئەو ئاماژەی بۆ دەکرد، گۆڕستانێکی بچووکی بەدی کرد، بەدەم بزەیەکەوە گوتی:– کەواتە با فاتیحایەک بخوێنین!

بە دوو قۆڵی فاتیحایان خوێند، ئەوسا روشدی گوتی:– ئەژدادی من لێرە نووستوون، دوا کەسیان باب و داکی باوکم و برا بچووکەکەمن.

–برایەکەت کەی مرد؟

– دەمێکە، ئێمە هێشتا منداڵ بووین!

لە گۆڕستانەکە تێپەڕین، لە کەیف وخۆشییەکی ئەوتۆدا بوون، کە بە هیچ جۆرێ هەستیان بەو هەڤدژییە کۆمیدییەی نێوان باسی خۆشەویستی و باسی گۆڕ نەکرد، بیریان لەوە نەکردەوە بۆ نموونە چەند دەژین و پێش ئەوەی بخرێنە گۆڕەوە چییان دێتەڕێ و چۆن دەژین، بە هیچ جۆرێ بەلای ئەو شتانەدا نەچوون. ئەوە بوو کیژێ لە ئاخر و ئۆخری قسەکانیا گوتی:– لێ هێشتا تەعاروفمان نەکردووە!

–مەگەر هاوسێ نین؟

– با، بەڵام من ناوت نازانم!

– خودا نازانم چیت لێبکات. ناوم روشدی یە. روشدی عاکف!

– بۆ پێت ناخۆشە؟ خۆ تۆش ناوی من نازانی!

– پەنا بە خودا!

– چییە؟ ناویشمت بە یەکەم نیگادا زانی؟

روشدی خەندەران و خۆشحاڵ، سەری ئەرێی لەقاند، کیژێ پرسی:– دەی باشە ناوم چییە؟

–ئیحسان!

کیژێ بە دەنگی بەرز پێکەنی وگوتی:– ئاوا ناو لە گیرفانی خۆتەوە دەردێنی؟!

–نا، ئەمە ناوی خۆتە!

– نەخێر، بەڕێز، هەڵەی. ڕەنگە بە کەسێکی دیکەم تێگەیشتبی، بە ڕێی خۆتا بگەڕێوە!

– بەڵام جارێک دایکم باسی دایکتی دەکرد گوێم لێبوو گوتی:– " خانم دایکی ئیحسان. "

– ئیدی وات زانیوە ئیحسان منم!!

– بەڵێ...

کیژێ دووبارە پێکەنی، هێندە پێکەنی روخسارە ئەسمەرەکەی سوور بووەوەو گوتی:– ئەمە ناوی خوشکە گەورەکەمە کە دوو ساڵە مێردی کردووە.

روشدی بە تەریقییەوە پێکەنی وگوتی:– بمبورە، کەواتە ناوت چییە؟

–نەوال.

– کە ناوێکی جوانە!

کیژێ، هەڵوەستەیەکی کرد، نیگایەکی مەکربازانەی کرد و پرسی:– تۆ خوێندکاری؟

–بەڵێ لە قوتابخانەی عەباسیەی کچان.

– کەواتە فەرمانبەری؟

– لە بانکی میسر.

نەوال بە پێکەنینەوە گوتی:– بەڵام من فەرمانبەری وەزارەتی پەروەردەم!

بە دوو قۆڵی پێکەنین. لە عەباسییە نزیک بوونەوە. روشدی هەستی کرد کە یەکەم دیداری عەشقە تازەکەی خەریکە تەواو دەبێ. لێ نەوال گوتی:– تا ئێرە بەسە، دەبێ لێکدی جیا ببینەوە.

وەستان، روشدی دەستی گرت و بە نەرمی گوشی و گوتی:– خوداحافیز، تا سبەی بەیانی.

کیژێ، بە ڕێزەوە سەری بۆ دانەواند و لەبن لێوانەوە گوتی:– بە ئومێدی دیدار..

نەوال پێی هەڵگرت ودرێژەی بە ڕێگای خۆی دا. روشدی هەر لەوێندەر وەستا. بەوپەڕی شادییەوە، لە دواوە تەمەشای دەکرد و لە دڵی خۆیدا گوتی: " لە هەوەڵێ ڕا، لە شەرما زمانی گۆی نەدەکرد، بەڵام پاشان هۆگرم بوو، لە شنەی شەماڵ نەرمتر بوو. کیژێکی جوان و بێگەردە، خوا لە شەڕی شەیتانانی بپارێزێ بە شەڕی شەیتانی منیشەوە."

ئیدی عادەتی وابوو لە هەوەڵەوە بە قسەی عاشقانە دڵان ببات، پاشان تەعاروف بکات و دوایی عاشق ببێت. بەڵام ئەو بەیانییە، لە گەڕانەوەدا و لە کش و ماتی جادەکەدا، گوێی لە یەکەم ترپەی دڵی بوو کە نەوای عەشقی لێدەدا. نەوال کە بەرەو قوتابخانەکەی نشێو دەبووەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "چەند کورێکی ناسک بوو، چەند جوان، زمان شیرین بوو، خۆزگە خەونەکانم دەهاتنەدی!"

ئەحمەد عاکف، بە ئاشکرا ئەو گۆڕانەی بینی کە بەسەر براکەیدا هاتبوو. ئەو دوا نیوەڕۆیە – ڕۆژی شەممە – هێندە بە شادی و خۆشحاڵی بینی، لە تۆ وایە مەستی مەستە. بینی کاتی عەسر خۆی گۆڕیوە، کە ڕۆژانە سەعاتێ لە دوای نیوەڕۆ دەخەوت، پاشان هەڵدەستا وبۆ سکاکینی دەڕۆیی..

ئەو عادەتەی گۆڕی بوو، لە دوای نیوەڕۆوە، نزیکەی سەعاتێک دەخەوت، پاشان بە چاوی قورسەوە هەڵدەستا، قژی شانە دەکرد، بۆنی لە خۆ دەدا و دەچوو لەبەر پەنجەرەکە دەوەستا!

پیرە کوڕی نەگبەت وبەلەنگاز لە ژوورەکەی خۆی دەمایەوە، خەریکی خوێندنەوە دەبوو، یان هەوڵیدەدا بخوێنێتەوە تا کاتی ئەوەی دەهات کە بۆ قاوەخانە بڕوات – تازە فێری ئەم عادەتە بووبوو – هەموو حەزو ئارەزووەکانی بە فەرامۆشی سپاردبوو وچاوەڕوانی نائومێدی یەکجارەکی بوو. هێشتا هەستێن وەکو خۆشەویستی و نائومێدی، عیزەتی نەفس و نەفسبەرزی، غیرە، خۆشەویستی و نەفرەت سەبارەت بە روشدی لە دڵیا شەپۆلی دەدا، بەجۆرێ کەوتبووە بەینی بەرداشی ئەو هەستانەوە، چیوای نەمابوو سەرە بچووکەکەی بتەقێ. هێشتا عەسرێکی زوو بوو کە روشدی خەڵوەت و تەنیاییەکەی لێشێواند!.. هەڵبەتە ئەم کارەی بەلاوە غەریب نەبوو. بە خەندەوە سەری هەڵبڕی، بە هەموو توانایەکی خۆیەوە هەوڵیدا، هیچ ماکێکی خەمینی و کۆڤانداری بە ڕوخساریەوە دیار نەبێت. روشدی بە بزە شیرینەکەیەوە سڵاوی لێکرد و جگەرەیەکی داێی. بە ڕاوێژێکی تەوازی ئامێزو بەدەم پێکەنینەوە گوتی: بمبورە ئەگەربێزارم کردبیت، بەڵام هەواڵێکی خۆشم بۆت پێیە!

دڵی ئەحمەد داخورپا وگوتی:- خێر بێ ئیشەڵڵا!

-هاوڕێیەکی فەرمانبەرم پێی گوتم کە گوایە حکومەت پێوەیە، فەرمانبەرانی لە بیرکراو بەسەر بکاتەوە.

ئەحمەد، بە ئاسوودەییەکەوە کە براکەی سەدەمەکەی نەدەزانی، گوتی:- خۆش خەبەر بی!

-بێگومان، هێشتنەوەی پیاوێکی وەکو تۆ، بە درێژایی بیست دانە ساڵ لە پلەی هەشتی وەزیفیدا، نەهەقیەکی گەورەیە.

ئەحمەد، بە خەمساردییەوە شانەکانی هەڵتەکاند وگوتی:- تۆ بە خۆت دەزانی، من گوێ نە بە پلەوپایە دەدەم و نە وەزیفەم بەلاوە هیچە.

ماوەیەکی زۆر پێکەوە قسانیان کرد، پاشان روشدی ڕۆیی تا لەوەی پتر وەختی گرانبەهای کاکی نەگرێ..

ئەحمەد، دوای ڕۆیشتنی روشدی، بیری لەو نەفرەتە کردەوە کە سەبارەت بەو لەلای پەیدا بووبوو. دڵی تەنگ بوو، لە ڕادەبەدەر دڵی یەشا، ماقوولە! ئاخر چۆن بتوانێ فەرامۆشی بکات! هێشتا لە بێشکەدا بوو خۆشی دەویست؟.. یان براکەی ئەمی تەنانەت لە دایک و باوکیشی پتر خۆشدەویست؟!

کەمێک پێش خۆرئاوا، بە ئاسوودەیی لە ماڵ وەدەرکەوت. نزیکەی دوو سەعاتێکی بە سوعبەت و قسانەوە لەگەڵ دۆستەکانیا بەسەر برد، لە دەستی خۆی و کول و کۆڤانەکانی پەنای بردبووە ئەوێ. پاشان بۆ ماڵ زڤڕییەوە. روشدی هێشتا هەر لە دەرەوە بوو- هەڵبەتە شەوی لە گازینۆ ڕۆژ دەکردەوە – وادیار بوو، تەنیا ئەو ماوە کورتەی – لە نیوەڕۆوە تا ئێوارەی – بۆ کچەی تاین تەرخان کردبوو؛ ئەو کاتەی ئەمی ماندووتر و تەنیاتر دەکرد.

ئەحمەد، بە تووڕەیی تەمەشایەکی ئەو پەنجەرەیەی کرد، کە بەڵێنی بە خۆی دابوو، تا ئەو لە ماڵەوە بێ، نەچێ بەلایدا و نەیکاتەوە. بەدەم داکەندنی جلەکانیەوە لە خۆی پرسی باشە هەست بەوە ناکات کە من ناچمە بەر پەنجەرەکە؟.. ئایا هەستی بە دیار نەمانی ئەو کردووە؟.. چەند حەزدەکات بزانێ چەند لە بەرچاوی کەوتووە. کبریا و غرووری بریندارە و هێشتا خوێن دەدەڵێنێ، دڵی لە کوورەی ئاگردا دەسووتێ.

بۆ ئەوەی خۆی لە موتالاو خوێندنەوە بدزێتەوە، زووتر لە ڕۆژان چووە ناو جێگاوە و لە دەنگی ئاژیری خەتەر بێدار بووەوە، بلەز ڕابوو، پاڵتۆیەکەی لەبەر کرد و لە ژوورەکە وەدەرکەوت، داک و بابی لە هۆڵەکەدا بینین. دایکی نیگەران بوو، چونکە روشدی لە شەوبێری نەگەڕابووەوە، لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ لە کوێ بێت، لە خودا دەپاڕایەوە کە بێبەلا بێ. هەوای دەرێی هۆڵەکە سارد ونمسار بوو. باوکی گوتی: " زستانەکەمان سەخت ترو ناخۆش تر دەبێت! " چوون بۆ پەناگایەکە، لە جێگای جارانی خۆیان گیرسانەوە. باوکی تەمەشایەکی سەعاتەکەی کرد، دووی پاش نیوەشەو بوو، بە ناڕەحەتی و تەوسەوە گوتی:- سەبارەت بە روشدی، باشتر نییە لە دەرێ بمێنێتەوە، ئەو ئەزیەتە وەبەرخۆی نەدات و بەم درەنگ وەختە نەگەڕێتەوە؟

ئەحمەد، خۆی دەدواند وتەمەشای دەوروبەری خۆی دەکرد. روشدی بینی لەز وبەز بە قاڵدرمەکانی پەناگاکەدا دادەگەڕا وچاوی بۆ ئەمان دەگێڕا. کە ئەمانی دۆزییەوە بە پێکەنینەوە بەرەولایان هات، هێشتا مەستی بە تەواوەتی بەری نەدابوو، بۆیە بە جورئەتەوە، بەرەو ڕوویان هات، بە تایبەتی بەرەو ڕووی بابی. سڵاوی لێکردن و بە ئەحمەدی گوت:- ئێمە لە جەمالیە بووین کە ئاژیری خەتەر لێیدا، ڕێک وەکو جنۆکان، بە نێو تاریکیەکەدا پێم وەغارێوە نا!

بابی لێی تووره بوو وگوتی:- تۆ بەڕاستی وەکو جنۆکانی! ئاخر نابێ بەم ڕۆژە ڕەشە، کەمێک بیر بکەیەوە و دەستبەرداری بەزم وسەرکێشیەکانت ببیت!

ئەحمەد، نەیدەوێرا لە حوزووری برا گەنجەکەیدا تۆلازی و چاو لەوەڕێنی بکات؛ بەڵام روشدی لە دانیشتن بێزار بوو، کەوتە ڕاوێچکە بە نێو پەناگەکەدا. ئەحمەد جڵەوی بۆ چاوەکانی شل کرد. بێخەم و خەیاڵ چاوی بە هەموو لایەکدا دەگێڕا، چاوی بۆ ئەو گۆشەیە گێڕا کە ماڵی کەمال خەلیل، بە خێزانی لەوێندەر ڕۆنیشتبوون. نەوالی بینی کە سەری داخستبوو و لە تەنیشت دایکیەوە دانیشتبوو، لا ڕووی ڕاستی بینی. ئایا ئەویش ئەحمەدی بینی بوو؟ ئایا هێشتا وای وێنا دەکرد کە ئەحمەد بە بادانەوەکەی ئەوی نەزانیوە؟ یان دووچاری جۆرە عەزابێک بووبوو؟.. یان ئەحمەد لە چارەی نووسرابوو، بە تەنیا و لە تەنیاییدا عەزاب بکێشێت؟!.. لەو ساتەدا، خۆزیا دۆزەخینەکەی سەبارەت بە بۆردومانی قاهیرە، لە زەینیا سەری هەڵدایەوە، دڵی دالەرزی، سەری بۆ میچی پەناگاکە هەڵبڕی و لە دڵی خۆیدا کەوتە لاڤە و پاڕانەوە: " خودایا ڕەحم بە من بکە! هەر خۆت دەهندە و دلۆڤانی! " ئەوسا چاوی بە کەمال خەلیل و سەید عارف کەوت کە لە نزیکی ماڵباتەکەی کەمال خەیلیل وەستابوون و قسەیان دەگەڵ براکەیدا دەکرد!..

سەری سوڕما، چۆن ئاشنایەتی لەگەڵ ئەواندا پەیدا کردبوو؟ کەی تەعاروفی لەگەڵ کردبوون؟.. ئاخۆ براکەی مەبەستێکی تایبەتی لەم کارەی هەبوو؟!.. بەڕاستی گەنجێکی چاوقایم، و وێرۆک بوو، ئەم سەری لە کارەکانی دەرنەدەکرد. جۆرە دڵبەندییەکی ئاوێتە بە ڕقی دەرهەق بە براکەی لەلا چێبوو. لە پڕ دەنگی تەقینەوەیەکی ترسناک بەرز بووەوە، ڕشتەی بیرو خەیاڵەکانی پچڕا. دوابەدوای تەقینەوەکە، دەنگی دەستڕێژی دۆشکا و زدەجەو بەرز بووەوە.

ترس، وەکو چۆن واشەیەک، کۆلارەیەکی تامەزرۆ پەلاماری ڕەوێلکە جووجەڵەیەکی ترساو دەدات، بەو ئاوایە ترس پەلاماری دڵی ئامادەبووانی دا. تەقینەوەی دی ڕووی نەدا، بەڵام دەنگی دۆشگا تا ماوەیەکی کورت هەر بەردەوام بوو. دوای ئەوە بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشانەوە، خەڵکەکە ئاهێکیان پێدا هاتەوە.

دوای چارەکە سەعاتێک دەنگی ئاژیری ئارامی بەرزبووەوە. ئەحمەد چاوی بۆ براکەی گێڕا، بەڵام لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەبوو. خەڵکەکە دەستە دەستە لە پەناگاکە وەدەردەکەوتن، شتێکی وەبیرا هات کە کۆمەڵێ یادگاری کۆنی لە یادگەیدا زندوو کردەوە. چاوی لە دووی ماڵباتەکەی کەمال خەلیل بوو، سەیری کرد هەر لە جێگاکەی خۆیانن و چاوەڕوانن کە قەرەباڵغی بەر دەرگای پەناگاکە تۆزێ کەم ببێتەوە. بەڵام نەوالی نەبینی! شەوێکی بیرکەوتەوە کە نەوال داوای لێکردبوو دووی بکەوێ، بەڵام ئەم دووچاری دڵەڕاوکە بووبوو و نەیوێرابوو دووی بکەوی! بەڵام روشدی لەوانە نەبوو، سڵ بکاتەوە یان بترسێت!

(( ٢٩ ))

ژیان ڕێڕەوی خۆی تەی دەکرد، پەیوەندی و دۆستایەتی نێوان روشدی و کەمال خەلیل، وێڕای ئەوەی تازە ئاشنایەتیان پەیدا کردبوو و تەمەنیان لێکدی دوور بوو، بە هۆی زیرەکی ودەماوەری ودیرایەتی روشدی یەوە، پتەو بوو. کەمال خەلیل بۆ قاوەخانەی زەهرە دەعوەتی کرد و ئەویش دەعوەتەکەی قەبووڵ کرد، لە حوزووری برا گەورەکەیدا، بوو بە هاونشینی دۆستەکانی ئەو، لە ماوەیەکی کەمدا، بەهۆی ئاکاری جوان و ڕووخۆشی خۆیەوە، چووە دڵی هەمووانەوە.

ئەویش بە ناسین وهاونشینی ئەوان خۆشحاڵ بوو و لێبڕا ناوبەناو سەرێکیان بدات و مەرحەبایەکیان بکات. پاشان کەمال خەلیل دەعوەتی کرد بۆ ماڵەوە، بە خۆشحاڵییەوە چوو بۆ ماڵیان، ئیدی دۆستایەتیەکەیان تۆختر بوو، کەمال خەلیل بە ڕادەیەک متمانەی پێکرد، کە بە هەڤژین وکیژەکەی ناساند. ئیدی وەکو ئەندامێکی خێزانەکەی لێهات. ئەمە گاڤێک بوو کە روشدی هەرگیز پێشبینی نەدەکرد، قەت ئەوەی بە خەیاڵدا نەدەهات کە ماڵباتێکی محافەزەکاری خەڵکی گەڕەکێکی وەکو تاخی حوسێن بەوجۆرە مامەڵەی لە تەکدا بکەن، بە تایبەتی بۆ ئەوێک کە لە ماڵباتێکدا پەروەردە بووبوو، کە منداڵی مێینەی تیانەبوو، لەم ڕووەوە لە ماڵباتی کەمال خەلیل محافەزەکارتر بوون، نە ئەو و نە برا گەورەکەی، بەهۆی سەختگیری باوکیانەوە نەدەوێران پیاوێکی غەریبە بە دایکیان بناسێنن. بە هەرحاڵ لە ڕادەبەدەر بەو ئاشنابوونە و بەو متمانە زۆرەی بەو درابوو، خۆشحاڵ بوو. کەمێک خۆی قورس گرت و لە ئەنجاما روشدی لە جیاتی مامۆستا ئەحمەد ڕاشدی پارێزەر کەوتە وانە وتنەوە بە نەوال و محەمەد. کە ئەم هەواڵە گەییە برا گەورەکەی، لە سەرسامیا زمانی بەسترا، هەرچی سەری دێنا و دەبرد نەیدەزانی چۆن ئەمە ڕوویداوە، براکەی چۆن وەکو ئەندامێکی ماڵباتی دراوسێکەیانی لێهاتووە! ئەگەر بیویستبا بگاتە ئەم ئاستە، ئەو ڕێگەیەی روشدی بە چەند ڕۆژێکی کەم تەی کردبوو، ئەم بە بیست ساڵیش نەی دەگەیشتێ. بۆیە بە ستایشێکی حەسوودی ئامێزەوە دەیڕوانیە روشدی برای؛ بەڵام توانی خۆی لە گێلی بدات و وا بنوێنێ کە ئاگای لە هیچ شتێک نییە و، چاوی لەو چڵەپۆشی کە چووە بە چاویا؛ وەکو چۆن پەنجەرەکەی لە ئازارەکانی داخستبوو. ئیدی خۆی بە سەبرێک سپارد، کە لە تێکڕای کول و کۆڤانەکانی ژیانی دوور و درێژتر بوو. بەڵام دایکیان لە هەوەڵ ڕۆژەوە لە هیچ شتێک غافڵ نەبوو. روشدیش لەو کەسانە نەبوو کە ڕازەکانی لە کەس بشارێتەوە. وەختایەک لە ماڵەوە بوایە بەر پەنجەرەکەی بەرنەدەدا، لە کاتی دەرس وتنەوەکەشدا، دەچوو بۆ ماڵی دراوسێکەیان. دیار بوو عەشقێکی سەیر باڵی بەسەر ڕوحیا کێشابوو؛

یەکێک لە نیشانەکانی ئەو عەشقە ئەوە بوو کە لە ڕادەبەدەر بایەخی بە شیکپۆشی خۆی دەدا، کە گۆرانی دەگوت سۆزێکی سەیر بە دەنگیەوە دەبیسترا، هەموو بەیانییەکی زوو لە ماڵ وەدەردەکەوت، کە حەقیقەتی ئەم حاڵە لە کەس پەنهان نەبوو.. تەنانەت گومان لەوەش نەبوو کە ماڵباتی دراوسێکەشیان پەیان بە مەسەلەکە بردبوو، لە دڵی خۆیاندا بە ئومێدی خزمایەتی بوون، هیچ شتێک لەم شتانە لە دەوڵەت خانم شاراوە نەبوو، لە دڵی خۆیدا زۆری پێخۆش بوو، زۆرجار بە کەسەرەوە و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: " خودایا، کەی بێ منیش وەکو دایکانی بەختەوەر، دڵم بە دیداری دوو بووکان ڕوون ببێتەوە؟! "

بەڵام ئایا نەوال شایەنی کوڕەکەی بوو؟.. بۆ نا؟!.. بووکێکی جوان و بەدەو، خوێنەوار، لە بنەماڵەیەکی باش و بەڕێز، باوکی فەرمانبەر، لە هەموو ڕوویەکەوە لەباربوو، تەنیا یەک شت سەر ودڵی دەگرت، دەکرێ روشدی لە پێش ئەحمەد دا ژن بێنێ؟!.. بەڵام چاری چییە؟!.. دەبوایە چاوەڕوان بکات بزانێ ڕۆژگار چی پێیە و مەشیەتی خوا چۆن دەبێ!

روشدی عادەتی وابوو لە هەوەڵەوە شتەکەی بە گاڵتە وەردەگرت، بە شۆخی و چاوبازی دەستی پێدەکرد و ئەنجام دەگەییە عەشقی حەقیقی! بەڵام عاشقی نەوال بووبوو، لە دڵەوە سۆزێکی راستگۆیانەی دەربارەی هەبوو. مەگەر دراوسێی پەنجەرە خۆشەویستەکەی نەبوو، هاوڕێی ڕێگا چاییە بەرز و سەربە تەنکە هەور و تەمەکەی نەبوو، خوێندکارە مەحبووبەکەی نەبوو کە لە سەر مێزی دەرسی حیساب و جەبر و ئەندازە ئاشقێنی دەگەڵ دەکرد، بەیانیانی ڕۆژانی هەینی پێکڤە دەچوونە سینەما؟! عەشق بە دوو دڵی جەوانەوە گیرسابووەوە، دوو گیانی شیفتە وشەیدای عەشق و ڤیانی پێکڤە گرێ دابوو. ئیدی ژیانی روشدی تەواو جەنجاڵ بووبوو، یان مژوولی کارەکەی بوو لە بانکدا، یان خەریکی ئاشقێنی بوو، یان لە کازینۆی ئەلغمرەدا، شەوبێری دەکرد. جگە لە ئاخر و ئۆخری شەو، ئیدی ئیسراحەتی نەبوو. ئیدی ئەم عەشقە، قومار وخواردنەوە و تەنانەت تۆلازی و مێبازیشی پێ تەرک نەکرد، ئیدی خووی بەو شتانەوە گرتبوو، بەلایەوە زۆر ئاسایی بوو، بەبێ وەرەقە و پێک و عاشقێنی هەڵینەدەکرد. دیارە ئەو شتانە لە ڕووی داراییەوە، زۆری لە سەر دەکەوت. زۆرجار بە کەسەرەوە بەخۆی دەگوت: " کە ژنم هێنا هەموو ئەم فیعلانە تەرک دەکەم."

ئەگەر بە ڕاستی بە تەمای ژن هێنان بوو، دەبوایە لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆبایە و لە ئێستاوە خۆی ئامادە بکات کە لەو فیعلانە دوور بکەوێتەوە. بەڵام جارێک لە پێشبڕکێی ئەسپ سواریدا، پەنجا جونەیهی بردبووەوە و خستبوویە بانکەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئەگەر لە ماوەی یەک ساڵدا، مووچەکەی پاشەکەوت بکات، لەگەڵ ئەو قازانجەدا کە دەچێتە سەر ئەو پەنجا جونەیهە، ئەوا خەرجی زەماوەندەکەی دابین دەکات. بەڵام کێشە ئەوە بوو کە کەنگێ ئەو ساڵە دەستی پێدەکرد؟.. هەمیشە ئەمەی دوادەخست و بە کاتێکی نادیاری دەسپارد. هەرگیز فێری ئەوە نەبوو کە بێدڵی خۆی بکات، جڵەوی ئارەزووەکانی پێ نەدەگیرا، نەیدەتوانی کەمیان بکاتەوە و سنوورداریان بکات، تا ئەنجام دووچاری سەرگەردانی و دوو دڵی بوو، خواشی دەویست و خورماشی دەویست، چاوێکی لە ژیانی ڕەبەناتی بوو و چاوەکەی تری لەو کیژە بوو کە خۆشی دەویست.

(( ٣٠ ))

مانگی نۆڤەمبەر بووری، سەرمایەکی لە ڕادەبەدەر هەڵیکرد، قاهیرە بە دەگمەن ساردی وای بە خۆوە بینی بوو، روشدی عاکف تووشی پەسیو و ئەنفلۆنزا بوو، پێدەچوو، کە شەوێ، لە ئاخر و ئۆخری شەوا لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ خانولخەلیلی سەرمای بووبێ، روشدی گوێی بە سەرما و هەڵامەت و ئەو شتانە نەدەدا،

هەرکاتێ ژانە سەر زۆری بۆ هێنابایە، یەک دوو حەپی ئەسپرینی دەخوارد و تەواو. بەبێئەوەی گوێ بە نەخۆشییەکەی بدات، درێژەی بە کاری ڕۆژانەی خۆی دەدا. ئەوە بوو ڕۆژی دووەم لە بانکدا و بەدەم کارەوە، نەخۆشییەکەی توندتر بوو، تا و لەرزێکی وەهای لێهات، ددانە چۆقەی پێکەوت. بە جۆرێ خاو بووەوە بەرچاوی تاریک بوو، لە بانکەکە وەدەرکەوت، سواری تاکسییەک بوو و بەرەو ماڵ ڕۆیشتەوەو هیلاک وماندوو چووە ناو جێگاوە. پزیشکی بانکەکە مۆڵەتی یەک هەفتەی دایێ، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ حاڵی خراتر دەبوو، تەندروستی بە خێرایی بەرەو خراپی دەچوو. تەواو لاواز بووبوو، لە کەسێک دەچوو یەک مانگ بێ لە جێدا کەوتبێت، ئەحمەد یەکسەر هەستی بەوە کرد کە براکەی مەناعەی جارانی نەماوە کە باکی بە نەخۆشی نەبوو. ئیدی نەیتوانی خۆی کۆنترۆڵ بکات و پێی گوت:- بووی بە داسک و دەرزی، جەستەت مەناعەی سست بووە و تۆش لە ڕادەبەدەر ماندووی دەکەی، بەرگەی ئەو هەموو گوشارە ناگرێ کە دەیخەیتە سەری.

روشدی، کە بەو بۆچوونانەی براکەی ڕاهاتبوو، بزەیەکی کاڵی مردەڵەی بە ڕوویا دا وگوتی:- ئەمە یەکێکە لە نیشانەکانی سەرما، هیچ نییە ڕوودەدات!

ئەحمەد، بە ناڕەحەتیەوە گوتی:- ئەگەر خەمساردیت نەکردبا و ئەوەندە خۆت ماندوو نەکردبا، بەم جۆرە لە پێی نەدەخستی!

هیچ قسەیەکی پێ نەبوو کە بەرگری لە خۆی بکات، گوتی:- خۆ من شەوان بە تەنیا نیم!.. هاوڕێکانم نابینی هەموو وەکو هێستر ساغ و سەلامەتن؟ ئەمە هیچ نییە، ئاکامی سەرمایە و خوا یاربێ بەو زووانە تەواو دەبێت!

دەیزانی ئەو بۆ بەرگری کردن لە خۆی، چەند ڕژدە، تا ڕادەی کەللە ڕەقی وسەرسەختی ڕژد بوو، بۆیە دەستبەرداری سەرزەنشت کردنی بوو. زۆرجار سەری دەدا و ئەحواڵی دەپرسی و دڵخۆشی دەدایەوە، ورەی دەنایە بەر و هانی دەدا، تەنانەت هەندێجار، بەڕادەیەک موبالەغە و زێدەڕۆیی دەکرد کە روشدی توورە دەبوو و ڕووی وەردەگێڕا. وەکو ئەوە بوو، بەو هەموو هاوسۆزی و میهرەبانیە، ئەو هەستانە بشارێتەوە کە لە ناخا ئەزیەتیان دەدا. زۆرجار لە بەر خۆوە و بە دەنگێک کە دەهاتە بیستن دەیگوت: " من وەکو هەمیشە خۆشم دەوێ و هەرگیز لە بەرچاوم ناکەوێت. خۆ ئەگەر بە نیاز و مەبەستی منیشی زانیبا و ئەم کارەی بکردایە کە کردوویەتی، هەر گلەییم لێنەدەکرد و بە خەتابارم نەدەزانی، ئەو منی خۆشدەوێ و منیش ئەوم خۆشدەوێ! "
بەڵام چۆن دەیتوانی ئەو هەستی توورەیی  و هەڵچوونە نادیدە بگرێ کە لە ناخیا قوڵپی دەدا؟.. یان ئەوە فەرامۆش بکات کە لە ناخی دڵەوە خۆزیای خواستبوو روشدی بۆ قاهیرە نەقڵ نەبوایەتەوە؟.. یان چۆن ئەوە لەبیر بکات، کە خۆزی خواستبوو دنیا کاول بوایە وتاقە بەشەرێکی، بە براکەی خۆشیەوە تیا نەمایابە؟!.. ئەو خەیاڵاتانە، زۆریان خەمبار دەکرد ودووچاری نیگەرانی و واسواسەیان دەکرد. لە دوا شەوی گەرمەی لەرز و تایەکەی روشدی دا ئەحمەد خەوێکی سەیری بینی. دوای بیرکردنەوە و خەیالاتێکی دژوار خەوی لێکەوتبوو، لە خەویا لە سەر تەختە خەوەکەی خۆیدا دانیشتبوو، نیگای خۆزگە و ئومێدی بڕی بووە بانێژەکەی ماڵی نەوال، لە ناکاوا روشدی دێت، لە سەر کورسییەک، ڕێک لە نێوان ئەو و پەنجەرەکەدا، بەهەمان بزەی شیرینەوە دادەنیشێت، تەریق دەبێتەوە و ڕووی لە پەنجەرەکە وەردەگێڕێ و دەیکاتە براکەی. روشدی هەوڵیدەدا وا بنوێنێ ئاگای لە هیچ شتێک نییە، بەڵام نەیتوانی، ئەوسا سەیری کرد روشدی بەرەبەرە دەئاوسێ، تا بوو بە تۆپێکی زەلام. حەپەسان و سەرسامی شەرمیان لە بیربردەوە، پاشان حیرەت و

سەرسامیەکەی بە ڕادەیەک زیادی کرد، کە نەیتوانی جڵەوی هاوارەکەی خۆی بگرێ. بینی برایەکەی وەکو تۆپێکی گەورە، بە ئەسپایی وەکو باڵندەیەک چوو بە ئاسماندا، دەیویست لە پەنجەرەکەوە بچێتە دەرەوە، بەڵام پەنجەرەکە تەنگ بوو، لە ناوەندی پەنجەرەکەدا گیر بوو و بەری ڕوناکییەکەی لێگرت، بەرەبەرە حەپەسانەکەی ڕەوییەوەو ترس جێگای گرتەوە؛ بەڵام روشدی بە دەنگێکی ناساز وناخۆش دەستی بە پێکەنین کرد، گاڵتەی بەو دەکرد. خوای نەما، تووڕە بوو. وای هاتە خەیاڵ روشدی بەو ڕادەبوێرێت. بۆیە بە توندی پێیدا هەڵشاخی، بەڵام روشدی گوێی نەدایێ و لە سەر پێکەنین و تەوس و توانجەکەی بەردەوام بوو. ئەحمەد بە هەشتاو چوو بەلای مێزەکەیەوە، فڵچەکەی هێنا وتا توانی کردی بە ورگیا، فڵچەکە لە ورگیا شکا، هەڵمێک لە ورگیەوە دەرچوو کە ژوورەکەی پڕ کرد لە گەرد و تۆز، ئیدی بەدەنی روشدی بە خێرایی هاتەوە یەک تا گەڕایەوە سەر ئەندازەی ئاسایی خۆی، ئەوسا لە بەر پێیدا کەوتە سەر ئەرزەکە، وەکو کەسێکی ماران گەستە گینگڵی دەدا. لە تاو ئازارا قەپی بە لاقی کورسییەکەدا دەکرد و ئیدی هاوارێکی بە سوێی دەکرد، بە جۆرێ دەکۆکی کە چاوانی زەق بوون و خوێن لە چاوییەوە دەڕۆیی. دڵی ئەحمەد دالەرزی، ترسێکی مەرگ ئامێز وکوشندە دایگرت ولە ناکاوا.. لە ناکاوا لە خەو ڕاپەڕی. هێشتا سامی خەوەکە بەری نەدابوو، کە گوێی لە دەنگی سەدایەکی ناڵە ئاسا بوو لە پشت دەرگاکەوە دەهاتە گوێی. گوێی هەڵخست، بۆی دەرکەوت کە دەنگی ناڵەی بە سوێی براکەیەتی و بە راستی بەدەم ئازارەوە دەناڵێنێ و دەتلێتەوە، بەپەلە لە ناو جێگاکەی دەرپەڕی، نەعلەکانی لە پێ کرد و بلەز بۆ ژوورەکەی ئەو چوو. سەیری کرد براکەی دەناڵێنێ، دایکی پشتی دەشێلێت و بابی لە سەر کورسییەک، لە نزیکی جێگاکەیەوە ڕۆنیشتووە، ئەحمەد، بە ترس و شپرزەیی پرسی:- چییەتی؟

دایکی گوتی:- مەترسە کوڕم! ئەمە ئازاری تایەکەیە دەیەوێ لە بەدەنی بێتە دەرێ!

روشدی کە بە هاتنی ئەحمەدی زانی، هەوڵیدا ئازارەکەی بشارێتەوە و بە عوزرخواییەوە گوتی:- خەجاڵەتم!... هەمووتانم لە خەو کرد.

هەموو دڵخۆشیان دایەوەو دوعای سەلامەتی و شفایان بۆ کرد. ئەحمەد لە تەنیشت دایکیەوە دانیشت. دەستی براکەی لە نێو هەر دوو دەستی خۆی نا وبە میهرەبانی کەوتە نەوازشی، لە تۆ وایە دەیەوێ بەو شێوەیە قەرەبووی ئەو خراپەیە بکات، کە لە خەونەکەیا دەرهەق بەو کردبووی. سەعاتێکی بە سوێ و ئازار بووری، کول و کۆڤانی خێزانەکە کە کول و کۆڤانی نەخۆشەکە کەمتر نەبوو، تاکو سپێدە بە دیارییەوە دانیشتن.

(( ٣١ ))

روشدی چاک بووەوە، لە جێگای نەخۆشی هاتەدەرێ، بۆ ئەو ئاسان نەبوو یەک هەفتەی تەواو لە ناو جێگا بکەوێ. ژیان بۆ ئەو وبەلای ئەوەوە بە سەرەڕۆیی و یاری و ڕابواردنەوە بەند بوو، بۆیە کە برایەکەی ئامۆژگاری دەکرد، کە لە ماڵەوە وەمێنێ و ئیسراحەت بکات، تا بە تەواوی هێز وشنگی وەبەر دێتەوە نەچێتە دەرێ، زۆری لەبەر گران بوو، وەکو جاران پێکەنی و بە داوای بوردنەوە گوتی: - ئەم هەفتەیەی کە بە خۆڕایی لە تەمەنم ڕۆیی بەسە!

ئەحمەد کە هەموو تەمەنی بە فیڕۆ ڕۆیی بوو گوتی:- ئاگات لە خۆ بێ، خراپ دەست داوەتێ! خەریکە گەنجایەتی خۆت بە فیڕۆ دەدەی! چما گەنجایەتی سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووە؟ تۆ هیچ ئیسراحەتێ بەخۆت نادەی! ئاخر ئەمە چ شێتاتیەکە دەست داوەتێ؟!

روشدی کە هەستی بە دڵسۆزی برایەکەی کرد، بە منەتباری و سوپاسگوازرییەوە، بزەیەکی بۆ کرد وگوتی:- بژی برای ئازیزم، دڵنیابە کە خوای دلۆڤان ئەو بەهرەیەی داومەتێ.

-من بۆ تۆمە!

روشدی بە منەتبارییەوە گوتی:- قابیلە نەزانم؟!

بەڵام، بەو ئامۆژگاریانەی نەکرد کە هیچ گومانێکی لە دڵسۆزیان نەبوو، بەیانی ڕۆژی دوایی، ئەحمەد بینی کە خۆی کۆ دەکاتەوە تا زوو لە ماڵ وەدەربکەوێ. بە سەرسامی پرسی:- چ دەکەی؟

بە جۆرە پەشۆکانێکەوە گوتی:- دەڕۆم بۆ بانک.

-پەلەت چییە؟

روشدی کە تاقەتی چووبوو، بە ڕاشکاوییەکی خەمناکەوە گوتی:- داشۆ، چ بێ لە تۆ نهێنی، ماڵەوە نەخۆشم دەخات!

ئەحمەد، دەیزانی شتێک هەیە کە هانی دەدا بەوجۆرە خۆی فەرامۆش بکات و گوێ بە سەلامەتی خۆی نەدات. دڵی تەنگ بوو، چاوی بڕییە فینجانە قاوەکەی بەردەمی و روشدیش لە ماڵ وەدەرکەوت، دایکیان کە بەلای خوانەکەوە دانیشتبوو، دەیویست کەمێک لەو گرژییە کەم بکاتەوە، کە وەڵامەکەی روشدی دروستی کردبوو و لە جیاتی ئەو تەوازی بێنێتەوە، گوتی:- شفای براکەت لە دنیای بەریندایە نەک لە ماڵەوە، لۆمەی مەکە، لێی مەگرە!

وەختێ ئەحمەد بەرسڤی نەدایەوە، دایکی وای هەست کرد تووڕە بووە، بۆیە بزەیەکی بە ڕوویدا دا وگوتی:- نەهەقی مەگرە، بە دایکی چووە، ئەدی نابینی کە من لە ماڵەوە دەمێنمەوە و ناچمە دیدەنی دەر و دراوسێ، چۆن خەم سواری سەرم دەبێت! هەردووکمان خانە بێزارین، قۆناغی ناخۆشمان ماڵی خۆمانە!..

قاقایەکی بەرزی لێدا، ئەحمەد بزەیەکی کاڵی بۆ کرد، هێز نەبوو روشدی لە ژیانی دڵخوازی خۆی دوور بخاتەوە، دووبارە بایدایەوە سەر کارەکانی جارانی؛ تۆلازی، ئاشقێنی، قومار و خواردنەوە و جگەرە کێشان و داوێن پیسی! گەڕایەوە سەر کارەکانی پێشووی، بەڵام تەندروستی باش نەبووەوە، باریک و بنێس بووبوو، ڕۆژبەڕۆژ ڕەنگی زیاتر زەرد هەڵدەگەرا! دەتگوت هێشتا ماکی نەخۆشییەکەی لێنەبووەتەوە. هەرچەندە ئەحمەد ئامۆژگاری دەکرد، فایدەی نەبوو، لەم گوێیەوە دەهات و لەو گوێیەوە دەردەچوو، هۆش وگۆشی هەر لای بەزمی خۆی بوو. عەسرانێک، پێش ئەوەی ئەحمەد وەکو هەموو ڕۆژێک بۆ قاوەخانە بڕوات، روشدی چوو بۆ ژوورەکەی، خەندەران و گوێڕایەڵ سڵاوی لێکرد و گوتی:- ڕوخسەتم دەدەی دوو قسان بکەین؟

ئەحمەد سەری هەڵبڕی وگوتی:- فەرموو روشدی!

به پێچەوانەی جارانەوە، جۆرە جدیەتێکی لە ڕوخسارە زەرد و جوانەکەیدا بەدی کرد. سەری سوڕما، لە فکران ڕاچوو، چ شتێک ئەم بەشەرە بێموبالات و سەرەڕۆیەی، وا ڕام و هێور کردووە؟ وەبیری هاتەوە، کە تەنیا ئەو کاتانەی خەبەری دەرنەچوونی لە تاقیکردنەوەکانی قوتابخانەدا پێ بوایە، بەو حاڵەوەی دەبینی. زۆر نیگەران بوو، برۆ تەنکەکانی وێک هێنانەوە. روشدی لە سەر کورسییەکە دانیشت وگوتی:- دەمەوێت تۆزێک جدی بم! ژیان هەمووی گەمە نییە!

ئەگەر ئەو قسانەی لە کات و حاڵێکی دیکەدا ببیستایە، هەرگیز نەیدەتوانی جڵەوی پێکەنینی خۆی بگرێت. بەڵام سەر ودڵی گیرا؛ بە مەزەندە دەیزانی روشدی بە تەمایە باسی چی بکات، بە ئارامی گوتی:- ڕاستە، ژیان هەمووی گاڵتە و گەمە نییە، زۆر وایە..

روشدی گوتی:- من هەر تۆم هەی کە شیرەتی پێبکەم. هاتووم لێت بپرسم، ئایا لە گەڵ ئەوەدای ژن بێنم؟!

پرسیارەکەی هێندە بەلاوە کوت و پڕ و چاوەڕوان نەکراو بوو، تەواو پەشۆکا، بەڵام ڕێگەی نەدا ئەم پەشۆکان و نیگەرانییە بە سیمایەوە دەربکەوێ. وای نواند باوەڕ ناکات، بۆیە بە شادی و ڕووخۆشییەوە گوتی:

-ئاخری هاتیتە سەر ئەوەی باسی ژن هێنان بکەی! ئەی ئافەرین، باریکەڵلا!

روشدی بە شادییەوە پێکەنی وگوتی:- ئیدی ئەوە سونەتی ژیانە! پێت خۆشە؟

-هەڵبەتە پێم خۆشە! وابزانم ئەمە یەکەمجارە هەردووکمان بە یەک شت خۆشحاڵ دەبین!

بێدەنگی بەرقەرار بوو، ئەحمەد، هەستیکرد ئاساییە پرسیاری بووکی ئایندە بکات، هەرچەندە حەزیدەکرد روشدی بە خۆی، بێئەوەی ئەم ئەو پرسیارە بکات، لەو بارەیەوە قسان بکات، بەڵام روشدی هیچی نەگوت، ئەنجام ئەحمەد هیچ چارێکی نەما، تفەکەی دەمی قوت داو پرسی:- جا هیچ کیژێکی حەلاڵ زادەت داوەتە چاو؟

روشدی، بە شەرمێکەوە، لە سەر کورسییەکە جولاو گوتی:- بەڵێ داشۆ، کیژەکەی دراوسێ ئازیزەکەمان، کەمال خەلیلەفەندییە، کە هاوڕێی من و هاوڕێی تۆشە!

تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم تەحەمولی ئەم جەزرەبە چاوەڕوان نەکراوەی کرد، چیوای نەمابوو خۆی کەشف بکات، وەکو ئەوە بوو قەراری ئیعدامەکەی بۆ بخوێننەوە، بەڵام غیرەتی وەبەر خۆ ناو، بە ئارامی گوتی:- خوا ڕاوەستاوت بکات، بە خۆشی وشادی.

-سوپاس داشۆ.

- تەنیا یەک پرسیارم هەیە، باشە تاقیبی ئەو ماڵباتەت کردووە کە سبەی دەبیت بە یەکێک لەوان؟

- لە نزیکەوە تاقیم کردوونەتەوە، کچەکەش دەناسم!

ئەو قسەیە برینەکەی کولاندەوە، ناچاربوو بۆ پاراستنی ئارامیە ڕواڵەتیەکەی، دوو هێندە زۆر لە خۆی بکات. گوتی:- با ئەوەشت پێ بڵێم، هەرکە خەبەرەکە بڵاو بووەوە، ئیدی پاشگەز بوونەوە نییە، پاشگەز بوونەوە ئابڕووچوونە ها!

روشدی پێکەنی وبە متمانەوە گوتی:- ئیدی ئەم لا و ئەولا تەواو. ئەمە قرێری یەکجارەکیمە!

-کەست لەم بارەیەوە ئاگادار کردووەتەوە؟

- نەخێر، تەنیا بە خۆیم گوتووە!

دڵی بە توونتدی لێیدا، بە خەیاڵ، ژووان و تەنیایی ئەو جووتەی هێنایە بەرچاوی خۆی کە چۆن بە چپە ڕاز و نیاز دەکەن. ئەوسا دەستبەرداری خەیاڵپەروەری بوو، بە ڕاوێژێکی ڕەزامەندی ئامێز، گوتی:- بەتەمای خودا، خێری پێوەبێ..

-کەواتە تۆ لە جیاتی من بە باوکە بڵێ، پاشان مشووری کارەکانی دی دەخۆین.

ئەحمەد، سووکە هەڵوەستەیەکی کرد و پاشان گوتی:- من بە باوکە دەڵێم، بەڵام بۆ کارەکانی دی مەرجم هەیە!

-بەسەر سەر و بەسەر چاوان..

- تا بە تەواوەتی چاک نەبیتەوە و نەچیتەوە دۆخی بەرلە نەخۆشییەکەت، هیچ کارێکی دی ناکەین!

روشدی بە پێکەنینەوە گوتی:- ئەمە ئاسانە، چاوەڕوانییەکەمان زۆر ناخایەنێت!

ئەوسا هەستایە سەر پێیان وگوتی:- سوپاست دەکەم، نوخشە بێ لە تۆش. ( ئەوسا وەکو یەکێک شتێکی تازەی بیر کەوتبێتەوە، ڕاوێژەکەی گۆڕی ).. دەڵێم باشە بۆچی تۆش بیر لە ژن هێنان ناکەیەوە؟!هەق بوو من لە پێشا پیرۆزبایی لە تۆ بکەم و دوایی تۆ موبارەکبابیت لە من بکردایە!

ئایا روشدی دەیویست، کاکی بە ئاشکرا پێی بڵێ بۆ ژن نایەنێ؟!...

روشدی نەیدەزانی چ دەڵێت! بۆیە بێئەوەی بە خۆی بزانێ تیری ژەهراوی ئاراستەی دڵی کاکی دەکرد! ئەحمەد پرسیارەکەی براکەی لەبەر گران بوو. ئەوەی بە زمانی قەدەرێک دەزانی، دوای ئەوەی پەکی خستبوو، نها گاڵتەی بە نەگبەتی و کلۆڵییەکەی دەکرد. بۆیە بە تەوسەوە گوتی:- کاتی ژنهێنانی من گوزەشت!

-گوزەشت؟!

- واز بێنە روشدی، بەخۆت دەزانی من کەسێکی سەرقاڵم! خودا دو دڵی نەخستووەتە سینەی هیچ بەنی بەشەرێکەوە!

روشدی بە کەسەرەوە سەرێکی لەقاند ورۆیی. ئەحمەد سەری لەبەر خۆی نا، خەمێکی قووڵ نیشتە سەر چاوانی، سەری ڕادەست بوون و نائومێدی لەبەردەم چارەنووسدا دانەواند. خۆی بۆ سازدان و ئامادەکردنی زەماوەندی براکەی ئامادە دەکرد، هیچ چارێکی نەبوو جگە لەوەی بەدەستی خۆی کفنی خۆی بدوورێت، ئەم کارە هەم ئازاری دەدا و هەم لەزەت و سوکنایی پێدەبەخشی. لەو لەزەتە گونگەی کە لە نێوان ئەو و ئازاردا هەبوو، کە ڕێک وەکو لەزەت و پەیوەندی نێوان پەپوولە و ئاگر وابوو، هەروەها لەزەتی مل دان لە هەنبەر چارەنووسی بێ بەزەیشی تیابوو، هەروەها جۆرە سوکناییەکیشی لە هەنبەر هەستە پەنهانەکانی خۆی کە پێیان ئاسوودە نەبوو، تیابوو، هەروەها جۆرە لەزەتێکی سەبارەت بە کبریا و غرووری برینداری خۆی تیا بوو.

دوای ئەوەی جلەکانی لەبەر کرد، چوو بۆ قاوەخانەی زەهرە، ئیدی ئەو هەستە خەمناکەی کە بەهۆی عادەتی تەنیایی و گۆشەگیرییەوە، هەرجارێ لە ماڵ وەدەردەکەوت، سەر ودڵی دەگرتەوە، بە سوراغیەوە نەهات. لە جاران زیاتر بەشداری لە گفت و گۆی دۆستەکانیا کرد- جاران زیاتر لەگەڵ ئەحمەد ڕاشدا گەنگەشەی دەکرد- ئەمجارە زۆر زیاتر لە جاران گوت و بێژی کرد، پێکەنی. لە ناکاوا هات بە خەیاڵیا کە لە شەو کۆڕەکەی تریشیاندا، کە نەیبینی بوو و هەر بیستبووی بەشداری بکات، بڕێک واسواسە ئەنگێز هاتە بەرچاوی وبەدڵ حەزیدەکرد بەشداری تیا بکات، بەڵام هەندێک دوو دڵ بوو و نەیدەزانی چۆن ئەمە دەربڕێ، لەو بیر وخەیاڵانەدا بوو کە هاوڕێکانی هەستان و چوون بەلای کاری خۆیانەوە، نونو عادەتی وابوو، لە پێشا سەرێکی ماڵەوەی خۆی دەدا و پاشان دەچوو بۆ کۆڕ ومەجلیسی برادەرەکانی، بەگەڵ وی کەوت، لە ڕێگا زاتی وەبەر خۆی ناو بە شەرمێکەوە گوتی:- وەستا، منیش لەگەڵ خۆتا دەبەی بۆ کۆڕی برادەران؟

نونو، بە شادیەوە چەپڵەیەکی لێدا و بەدەنگی بەرز گوتی:- ئاخری خوا هیدایەتی دایت!

بە دەنگێکی نەوی گوتی:- بەڵام من هیچ شتێک لەبارەی ئەم کۆڕەوە نازانم، لە کەر نەزانترم!

وەستا نونو، بە کەش وفشێکەوە گوتی:- خەمت نەبێ من ڕێنوێنیت دەکەم. بەهەرحاڵ هەرچییەک بێ، لە کتێبەکانی تۆ ئاسانتر و بەسوودترە!

بەو تاریکە شەوە، بە لاقە کوتێ، بەناو کۆڵانە تەنگ و پێچاوپێچەکاندا دەڕۆیشتن، خۆیان بە تەلارێکا کرد و بە قاڵدرمەکاندا هەڵگەڕان و گەیینە نهۆمی سێیەم. نونو لە زەنگی داو گوتی:- ئەگەر جارێک بە تەنیا هاتی و ویستت دەرگات لێ وەکەن، دەبێ پێنج کەڕەت لەسەر یەک زەنگەکە لێبدەیت وئەم نهێنییە بڵێی کە نها پێتی دەڵێم.

گوێیان لە دەنگی عەباس شەفە بوو، کە پرسی:- کێیە؟!

نونو گوتی:- مەلعونە دنیا، نەعلەت لە بابی دنیا!

دەرگا کرایەوە، ئەحمەد حایر وحەپەساو وەژوورکەوت، وەستا نونو بە دوایدا. بە هۆڵێکا بوورین، گەیینە ژوورێکی گەورە، زۆر قەرەباڵغ بوو، پڕ بوو لە خەڵک، ڕوناکییەکی شینباوی ئارامی وەکو ڕوناکی سپێدە ژوورەکەی ڕۆشن کردبووەوە، ڕۆشناییەکە هی چرایەک بوو کە تۆڕێکی شینی بەسەرا درابوو. ئیدی هەمووان چاویان بڕییە جووتە میوانە تازەکە. بە تایبەتی سەرنجیان لەسەر ئەحمەد گیرسایەوە، کە لە پەشۆکاوی و شەرما زمانی بەسترابوو. هەر هەموو چوارمشقی، بە شێوەی بازنەیی لەسەر دۆشەکەڵە ڕۆنیشتبوون و لە ناوەراستا کەرەستەی وەکو ئاگردان و قلیان و تەماکۆیان دانابوو، سڵاویان لە ئامادەبووان کرد، ئەحواڵپرسییان کرد و لەلای یەکەوە دانیشتن، ئەحمەد چاوێکی خێرای بە شوێنەکەدا گێڕا، جگە لە ئەحمەد ڕاشد، هەموو هاوڕێیانی قاوەخانەی زەهرە لەوێ بوون. دوای ئەوە سەرووی مەجلیسەکە سەرنجی ڕاکێشا، ژنێکی زەلام لە سەر دۆشەکەڵەیەک دانیشتبوو، بەڕاستی زۆر زەلام بوو، هێندە کەتە بوو، بە دانیشتنەوە، هاوبالای کەسێکی بە پێوە وەستاو دەبوو، چوارشانە، گەردن درێژ و دەموچاو خڕی گۆشتن. ڕوخساری بە زەقی دیار بوو، ڕەنگی روخساری شتێک بوو لە نێوان میسری و حەبەشیدا، قژی قاوەییەکی لوول بوو. سەیرترین شتی ڕوخساری، چاوەکانی بوو؛ دوو چاوی درشتی زەقی خێل و قێچ. هێندە زەلام بوو

پیاو لێی دەترسا، ئارەزوویەکی سێکسی حەیوانی بە دەم و چاوییەوە دیاربوو، شاڵێکی پڕ لە نەخش ونیگاری بە شانیا دابوو، بە جۆرێ دەیڕوانیە ئەحمەد وەکو ئەوەی بیەوێ بە نیگا قووتی بدات.

ئەحمەد عاکف یەکسەر زانی کە ئەمە " عليات الفائزه " یە، ئەو ژنەیە کە پێیان دەگوت مەعشوقەی مێردان، مێردەکەی، واتە عەباس شەفە لە دەستە ڕاستیەوە دانیشتبوو، وەستا زەفتەی قاوەچیش لە دەستە چەپیەوە دانیشتبوو. وەستا نونو، ئەحمەدی بەو ژنە ناساند، ژنەی تاین دەستە خەناوییەکەی بەرەو ئەحمەد درێژ کرد و بە خێر هاتنی کرد. وەستا زەفتە نیگایەکی زەق و سەرزنشت ئامێزی ئەحمەدی کرد و بە پێکەنینەوە گوتی:- ئەنجام زانیت کە خوا هەقە؟ ئەو هەموو تەمەنەت لە تەنیایی ژوورەکەتا، بە خوت و خۆڕایی بە دیار کتێبانەوە بەسەر برد، ئەو هەموو خۆ عەزابدانەت لە پای چی؟! نە ژنێکت هێناوە، نە پیرێکی پەککەوتەی، تەنیا زوڵمە و لە خۆتی دەکەیت!

وەستا نونو، کە پاکانەی بۆ هاوڕێکەی دەکرد و پاساوی بۆ ئەو غەفڵەتەی دێنایەوە گوتی:- براینۆ، من کەسێکی سەرناسم، قەد مەزەندەم بە هەڵە نەچووە، خەلکی بە سیمادا دەناسم! هەر لە یەکەم نیگاوە قەناعەتم وابوو کە ئەحمەدەفەندی دۆستمان کەسێکی بە یەغباڵە! بەلام ڕۆژگار لەو سەرچاوە گوارایەی دوور خستووەتەوە، نها ئێمە بە ئومێدی خودا، ڕێگەی پێ نیشاندەدەین!

کەمال خەلیل، کە دەترسا دۆستەکەی لەو شۆخیانەی کە بۆ ئەو تازەو نامۆ بوون، بڕەنجێت، بۆیە گوتی:- براینۆ، مامۆستا ئەحمەد پیاوێکی ڕۆشنبیرە، بەلام ئاساییە کەمێک خۆشی بە خۆی ڕەوا ببینێ. خۆ ناکرێ ژیان هەر هەمووی ڕەنج وکاربێ..

وەستا زەفتە، بە تووڕەیی دەستێکی هەڵتەکاندو گوتی:- بۆچی دەبێ خۆمان بفەوتێنین، بۆ دەبێ ڕەنجی بەردەوام یان پچڕپچڕ هەڵبژێرین؟! مامۆستا فەرمانبەرێکی پایەدارە، بۆچی دەبێ وەکو قوتابی هەمیشە سەری بەسەر کتێبان و خوێندنەوە بێ؟! بەڵێن بدە لە ئەمشەوەوە، بێیتە ڕیزەوەو پێمان لێنەبڕیت!

ئەحمەد، پەشێو وپەشۆکاو بزەیەکی کرد، کە عليات الفائزه ڕووی دەمی کردە زەفتە و چاویشی لە پیرە کوڕ بوو، ئەحمەد هێندەی دی پەشۆکا. مەعشووقەی مێردان گوتی:- وەستا، هێواش هێواش، چۆن بەڵێنت بداتێ لە کاتێکا هێشتا خویا نییە، ئاخۆ کوڕیئێمەی بەدڵە یان نا؟ کێ دەڵێ بە ئێمەمانان ڕازیە؟

ئەحمەد سوور بووەوەو بەپەلە گوتی:- ببورە خانم!..

عادەتەن بە ست عليات بانگیان دەکرد.. بۆیە وشەی " خانم " بە گوێیان نامۆ و غەریب بوو. بەلام خاتێ (ست) گوتی:- هەرکاتێ دێی، بە خێر بێی سەرچاوان.

عەباس شەفە، سەرقاڵی ئامادەکردنی نێرگەلەکان بوو، ئەوسا پشکۆی خستە سەر یەکێکیان، سەرو کڵاوەکەی نا بە شووشەکەوە و بۆ خاتێی (ست) دانا. نیگای ئەحمەد بە نیگەرانی لە سەر سەرو کڵاوی قلیانەکە ( قەننەی ئاوی، نێرگەلە ) گیرسایەوە، ئەوسا دەمی لە پەنا گوێی نونو نا و لەبن لێوانەوە گوتی:- نەهەقمە، لەم سەرو کڵاوە بترسم؟

وەستا نونو، بە گلەییەوەو لەبن لێوانەوە گوتی:- ئەگەر تۆ بترسی، ئەدی منداڵەکانی ئێمە چ بکەن؟

عەباس شەفە، لە ناوەندی بازنەکەدا وەستاو ، قلیانەکانی بەسەر یەک بە یەکی پیاوەکاندا گێڕا، بەرەبەرە لەو نزیک دەبووەوە، تا گەییە ئاستی وەستا نونو. سەری سۆندەکەی نایە دەمی و مژێکی دوور و درێژی لێدا، دەنگی قوڵپە قوڵپی ئاوەکەی گەییە گوێی هەمووان، تۆپەڵە دووکەڵێکی چڕی لە کەپوویەوە دەردا! و ئەنجام بینی لوولەی نێرگەلەکە لە لێوەکانی ئەو نزیک دەبێتەوە، هەمووان چاویان بڕییە ئەو. چاوی نوقاند و بە ترسەوە نەفەسێکی کورتی لێدا، نونو هاواری کرد: " توندتر توندترا " ئەوسا بە ڕاوێژێکی ئامیرانەوە گوتی: " دووکەڵەکە قووت بدە! " دووکەڵەکەی هەڵمژی و پاشان بەپەلە دەریدایەوە، هەستیکرد، دەستێک بینی گرتووەو بەری هەناسەی دەگرێ. پاشان کۆکەیەکی توووند گرتی، بەدەنە لاوازەکەی کەوتە هەژان، چاوانی ئاوی کرد. کە تۆزێ وەخۆ هاتەوە، نونو بە نیگەرانیەوە لێی پرسی:- چۆنی؟

بەدەم هەناسە بڕکێوە گوتی:- باشتر وایە نەفەسی کورت وهێواشی لێبدەم، وەستا تۆ هەست ناکەی مامۆستایەکی دلڕەقیت؟!

وەستا بە قاقای پێکەنینەوە گوتی:- بە دڵی خۆت، چۆنت پێخۆشە وەها بکە! ئارامی و هێواشی سەلامەتی لە دوایە!

عەباس شەفە، قلیانەکەی پێنج چەلانی یەک لە سەر یەک گێڕا، دووکەڵ لە هەموو لایەکەوە بەرز دەبووەوە و پەنگی دەخواردەوە. ئەحمەد بۆنێکی غەریبی بە سەردا هات کە بیرەوەرییەکانی کۆنی وەیاد هێنایەوە. بیرەوەری بۆنێک کە لەم بۆنە دەچوو، یان لە ڕاستیا هەمان بۆن بوو. کەی و لە کوێ ئەو بۆنەی کردبوو؟! زۆری نەبرد کە بیری کەوتەوە، یەکەم شەوی خۆیانی لە خانولخەلیلی وەبیرهاتەوە؛ ئەو شەوەی کە خەوی زڕا و هەتا بەیانی خەو نەچووە چاوی. ئەو بۆنە غەریبە چوو بە ژوورەکەیا و حەپەساندی، ئەو بۆنە، هەمان ئەم بۆنە هۆشبەرە ترسناکە بوو، دوور نییە ئەو شەوەش، هەر لەم ژوورەوە و ئەم بۆنە سەیرە پەنگابووبێتەوەو بە گەڕەکەکەدا بڵاو بووبێتەوە. بە بیرکەوتنەوەی ئەم بیرەوەرییە خۆشحاڵ بوو. وادیار بوو مادە هۆشبەرەکە، ئەعسابی هاڕوژاوی ئارام کردبووەوە، ڕووی گەشایەوە.

عەباس شەفە گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی تا کەمێک پشوو بدات، وەستا زەفتە دووبارە دەستی بە ئامادە کردنەوەی قلیانەکان کرد، تا گەڕی دووەم دەست پێبکاتەوە، خاتێ عليات الفائزە گوتی:- پیرۆزبایتان لە سەید عارفەفەندی نەکرد!

ئامادەبووان هەموو ئاوڕیان لێدایەوە. نونو گوتی:- خێرە!

ژنەی زەبەلاح، زەردەیەکی هاتێ وگوتی:- پزیشکێکی شارەزاو کارامە، حەپێکی تازەی بۆ هەڵداوەو دڵنیای کردووە کە بەدڵی خۆی دەبێت!

هەمووان لە قاقای پێکەنینیان دا – هەم دۆستانی قاوەخانەی زەهرە و هەم ئەوانی دی – وەستا نونو ڕوویکردە سەید عارف و گوتی:- هەموو ئاواتێکم ئەوەیە ڕۆژێ بتبینم وەکو ئێمەت لێهاتبێ!

سەید عارف، بە تووندی گوتی:- ئەمە نیشانەی بەدنیازی تۆیە!

باسی حەپە تازەکەیان لێ پرسی، بەڵام لە ترسی چاو ونەفەس هیچی لەو بارەیەوە نەگوت!

وەستا زەفتە گوتی:- نیەت شەرتە!

زۆرجار پەند وقسەی نەستەق وفەرموودەی موبارەکی بەگەڵ قسەکانی دەخست، چا گرینگ نەبوو لەگەڵ بابەتەکەدا بگونجابان یان نا! کەم کەس لە ئامادەبووانیش پەیان بە نادروستی بە کارهێنانەکانی دەبرد. سلێمان عەتە لە هەرا وزەنا و ژاوە ژاوەکە پەست بووبوو، بێزاری لە سەر وفەسالّی دزێوی دەباری، وەکو چۆن هەرجارێ پەست و توورە بوایە، بەو ئاوایە بە توورەیی گوتی:- هێواش هێواش! ئەوە چیتانە!.. حەشیش ئەتەکێت و ئۆسولّی خۆی هەیە!..

سەرسامی بە ڕوخساری کەمال خەلیلەوە دەرکەوت، بە جدی لێی پرسی:- ئەتەکێتی حەشیش چییە؟!

کابرای مەیموون چارە، بە پەستی گوتی:- ئەم هەرا و هەنگامە و ژاوەژاوە هی باڕ و مەیخانەکانە، کە مەیخۆران مەست و سەرخۆش دەبن و هۆشیان بەخۆوە نامێنێ. کۆڕی حەشیش بە پێچەوانەوە پێویستی بە ئارامی و بێدەنگیە، حەشیش سولّتانە، پێویستە لە سەر موریدەکانی گوێڕایەڵ و بێدەنگ بن، بە ئارامی و بێدەنگی مەستی دەگاتە مەدای خۆی، مجێز ساف دەبێ، خەیاڵ باڵ دەگرێ، مرۆڤ بە کێشە و ئاریشەکانی دەوێرێ و جوان بیریان لێدەکاتەوەو یەک یەک چارەسەریان دەکات!

-ئێمە بۆیە بۆ ئێرە دێین تا کێشە و ئاریشەکانمان لە بیر بکەین نەک بیریان لێبکەینەوە!

- کە بۆچوونێکی هەڵەیە! هەڵاتن لە کێشە و ئاریشان، لە نێوی نابات، بەڵام تا ماوەیەک عەزابی کێشەکانمان لە کۆڵ دەبێتەوە، تا جارێکی دی و خراپتر لە جاران بەرۆکمان دەگرنەوە. حیکمەت و باشی حەشیش لەوەدایە، متمانەیەکی ئەوتۆمان پێ دەبەخشێ کە بە ورەیەکی بەرزەوە، بە دڵێکەوە کە بەرگەی تەوهین و حەقارەت بگرێ، ڕووبەڕووی ئاڵنگاری و دژواریەکان ببینەوەو فڕێیان بدەینە مەنهۆڵی لە بیرچوونەوە و لە بوونا مەحوو بینەوە!..

سەید عارف بە پێکەنینەوە گوتی:- کەواتە ئەمە کۆڕی حەشیش نییە، بەڵکو کۆڕی دان پێدانانە!

وەستا زەفتە گوتی:- ڕێک وایە، ڕاست دەکەی، ئەم حەشیشە دەوری قەشە دەبینێ!

وەستا نونو، بە نەبەدڵییەوە بە سلێمان بێگی گوت:- کەسێک کە هیچ کێشەیەکی نەبێ، دەتوانێ بە بێدەنگی دانیشێت؟

-جگە لە حەیوان، کەس هەیە کێشەی نەبێت!

- چۆن هەستت پێکرد؟!

سەید عارف وەڵامی دایەوە:- دەڵێی شینە شاوەیە!

عەباس شەفە، بە قژە بژەکەیەوە کە دەتگوت شەیتانە هەستا، جارێکی دی قلیانەکەی بە سەریاندا گێڕا، دەنگی بڵقە بڵقی قلیانەکە بە سەر ژاوەژاوی قسە و باسەکانیاندا زاڵ بوو، ئەحمەد لە چاو جاری پێشوودا، بە ورەو متمانەیەکی  زیاترەوە، چەند مژێکی قووڵی لێدا، هەرچەندە حەزی لە چارەی سلێمان عەتە نەدەکرد، کەچی فەلسەفەکەی ئەوی بەدڵ بوو، هەوڵیدا ئەو خەم و پەژارە قووڵەی کە ئەوی کێشابووە ئەم شوێنە تەنگ و ناخۆشە، بە شێوازی خۆی دەرمان بکات، بەڵام بەرەبەرە مەستی بە سەریا زاڵ بوو، پێڵوەکانی قورس بوو، چاوانی سوور بوونەوە، ملی بە ئاستەمێک خوار بووەوە، ئەوسا ترسێکی کوت و پڕ بە سەریا زاڵ بوو، دەمی

لە پەنا گوێی نونو نا و لێی پرسی:- باشە مەترسی پۆلیسمان لە سەر نییە؟.. گریمان پۆلیسێک هاتە بەر دەرگا و گوتی لەعنەت لە بابی دنیا؟!

نونو پێکەنی وگوتی:- پێی دەڵێین نەعلەت لە بابی خۆت!

دوای تەواو بوونی گێرانی قلیانەکە، عەباس شەفە لە لای ژنە زەلامەکەیەوە ڕۆنیشت و ئامادەبووان دووبارە کەوتنەوە قسان.

وەستا زەفتەی قاوەچی کە هێشتا هەر قلیانی دەکێشا، گوتی:- براینۆ، با مژدەتان بدەمێ، هەرکە هیتلەر، بە پشتیوانی خوا میسری گرت، قەدەغەی سەر بە کارهێنانی حەشیش هەڵدەگرێ و لە جیاتی ئەوە ویسکی ئینگلیزی قەدەغە دەکات!

وەستا نونو گوتی:- هیتلەر پیاوێکی حەکیمە، من گومانم لەوە نییە کە ڕەگی سەرکەوتنی نەخشەکانی لە حەشیش دایە!

کەمال خەلیلەفەندی لێی پرسی:- باشە عەباس شەفە چۆن ئەمەی گەیاندێ؟

نونو بە ڕاوێژێکی جدی گوتی:- پێویستی بە عەباس شەفە نییە، عەماری ژمارە سیازدە پڕە لە حەشیشی خاڵیسە!

ئەوسا وەستا، بە کەسەرەوە سەری لەقاند و، بە داخێکی ئاشکراوە گوتی: - نەتان بیستووە، دەڵێن ژاپۆنیەکان، کە هەر وڵاتێک دەگرن، مادەی هۆشبەر لەوێندەر بڵاودەکەنەوە!

وەستا زەفتە بە هەمان ڕاوێژ گوتی:- خۆزیا ئینگلیزان ئەهلی حەشیش بوایەن!

-پەنجا ساڵ داگیرکاری بە فیڕۆ چوو!

لێرەدا سەید عارف، بە ڕوخساری سوور هەڵگەڕاوەوە، لە ناکاوا هەستا، تەڕبووشەکەی وەکو ئەوەی بیەوێ بڕوات، لە سەرنا، مەجلیسەکە سەریان سوڕما، خاتێ علیات لێی پرسی:- کێوە براله؟

لە بازنەی ڕۆنیشڤانەکان دەرباز بوو، بە هەڵەداوان بەرەو دەرگاکە تاوی داو گوتی:- حەپەکان کاری خۆیان کردووە..

لە چاوتروکانێکا، ئاودیو بوو، ئامادەبووان هەموو لە پێکەنینا خەریک بوو دەخنکان، کەمال خەلیل بەدەم کۆکینەوە پرسی:- باشە ڕاست دەکات؟

سلێمان عەتە بە تەشەرەوە گوتی:- پرۆپاگەندەیەکی درۆینەیە، وەکو پروپاگەندەی ئەڵمانیەکانە!

نونو گوتی:- نۆ ماگی دی حەقیقەتمان بۆ دەردەکەوێ!

علیات الفائزە گوتی:- من زۆر بە ئاسانی دەتوانم بچمە بنج و بناوانی!..

درێژەیان بە فشقیاتی خۆ دا، ئەوسا عەباس شەفە قلیان بەدەست هەستایە سەر پێیان، هەموو بێدەنگ بوون. ئەحمەد عاکف نەشە گرتبووی و خەیاڵی خەیاڵ بوو - بە درێژایی ئەو مایەوە بێدەنگ بوو، ورتەی لێوە نەهاتبوو، پێدەچوو زمانی گۆی نەکردبێ - هەستی کرد کۆنترۆڵی بەسەر خۆیەوە نەماوە، ویستی هەردوو

باسکی ببزوێنێ تا دڵنیا ببێت ئاخۆ جڵەوی خۆی لە دەستا ماوە یان نا، بەڵام هەستێکی بەهێز داوای لێکرد، دەستبەرداری ئەو ئەزموونە ببێت. وای هاتە خەیاڵ، لە هەموو دنیادا، هیچ شتێک ئەوە نایەنێ خۆتی بۆ برەنجێنی، پاڵدانەوە و ڕادەست بوون و خۆشنودی هەموو شتێکی دنیایە، خەڵکەکەی دەوروبەری، لە نێو چڕە دووکەڵێکی خەستەوە وەکو تاپۆ و تارمایی یان ڕۆنیشڤانانی هەسارەیەکی دی دەهاتنە بەرچاوی، خۆیشی نەیدەزانی چۆن ئەو هەستە غەریبەی لە لا چێبووبوو. حەزیدەکرد پێبکەنێت، دەستی بە پێکەنینێکی دوورو درێژ وخاو کرد، هەوڵەکەی زیاتر لە ئاهو ناڵین دەچوو، دواییەکەی لە بڵقە بڵقی نێرگەلەکە دەچوو، ئامادەبووان نەیانتوانی جڵەوی پێکەنینی خۆ بگرن! وێڕای ئەوەی خەیاڵی خەیاڵ بوو، هەستی بە پێکەنینەکەی وان کرد، خۆی گورج کردەوە، تا – ئەگەر توانی – کەمێک وەخۆ بێتەوە، هەنگێ شتێکی سەیر ڕوویدا. علیات الفائزە هەستایە سەر پێیان، ئەو بەدەنە زەلامە پانی و درێژی و بەرزی ژوورەکەی پڕ کردەوە، هەموو چاویان بڕییە ئەو، ڕۆبێکی بەدەن چەسپی لەبەر کردبوو تا جوانیەکانی بەدەنی بەرجەستە بکات، ئەوسا جوڵا، بەدەست چمکی شاڵەکەی گرت، باسکی لە ژێر بازنە زێڕەکانیەوە بەدیار کەوت. کە بە بەردەم ئەحمەددا ڕەت بوو، پیرە کوڕ، هەرچەندە خەیاڵی خەیاڵ بوو، لە سەرسامیا حەپەسا، بینی ڕۆبەکە لە سمت و کەفەڵێک جەڕی بوو کە لە ژیانیا شتی وای نەبینی بوو. گۆشتن و تەڕ و تازە، کە ڕێی دەکرد، وەکو سپرینگ دەلەرییەوە، باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد. وەستا نونو، هەستی بە حیرەت و حەپەسانەکەی ئەحمەد کرد، بە چپەوە پێی گوت:- ئاگاداربە، خاتێ دەیەوێ لەو ڕازەت ئاگادار بکاتەوە، کە بووەتە مایەی ماڵوێرانی و نەگبەتی مێردانی گەڕەک، ئەوە سمت و کەفەڵ نییە، بەڵکو گەنجینەیە!

ئەحمەد، بە دەنگێکی نەوی کە بە ئاستەم دەبیسترا گوتی:- ئەمە شتێکە ناچێتە عەقڵەوە!

-لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە دوو خەسڵەتی دیکەی لێکدژیشی هەیە، لە لایەکەوە وەکو تۆپی فوودراو توند و تۆڵە، لە ئالییەکی ترەوە، هێندە نەرم و نۆڵە، پەنجەت دەچێ بە بەدەنیا!

-ئەمە مەتەڵە!

– ئیشەڵڵا سەلامەت دەبێ!

پیرە کوڕ بێئەوەی بزانێ چ دەڵێ گوتی:- ئامین..

عەباس شەفە کە گوێقوڵاغ تەمەشای دەکردن، بە ڕاوێژێکی نیمچە هەڕەشەوە گوتی:- باسی چی دەکەن؟

وەستا نونو، بەدەم قاقایەکی زوڵاڵەوە گوتی:- باسی باشترین شتی ماڵ دەکەین!

ئیدی دەستیان لە قسەکردن هەڵگرت. لەو سەری مەجلیسەکەوە دەنگی وەستا زەفتە بەرزبووەوە کە بە ڕاوێژێکی ئاموچیاریانە قسەی بۆ هەندێک لە ئامادەبووانی غەوارە دەکرد:- من ئامۆژگاریتان دەکەم سێ شت هەیە، تا دەتوانن بیکڕن: ئاڵتوون و مس و فەرشی فارسی. ئەمانە نرخیان جێگیرە، دەتوانن لە کاتی تەنگانەدا بیانفرۆشن، یان بۆ جیازی کیژەکانتان سوودیان لێ ببینن..

پیاوێک کە وەستا شمبکی ناو بوو هەڵیدایێ و گوتی:- نەحلەت لە کچ و ژن و دایک!..

عەباس شەفە، ئاماژەیەکی بۆ بەرانبەرەکەی کرد وگوتی:

–دەزانی خێزانەکەی وەستا شمبکی توورە بووەو ماڵەکەی بەسەریا داوەو تۆراوە؟!

ئامادەبووان پێیان ناخۆش بوو. علیات گەڕایەوە سەر جێگاکەی خۆی، گوێی لە دوا دەستەواژەکە بوو و گوتی:– بۆچی وەستا؟ هیوادارم بە هۆی منەوە نەبێ..!

–نا. خاتێ گیان.. هۆیەکەی ژن هێنانی سەنقەڕی کوڕمە! من حەزم دەکرد لەبەر ئەم ڕەوشە نالەبارە، لە پەناوە و بەبێدەنگی ئەنجام بدرێت؛ کەچی خانم سوور بوو لە سەر ئەوەی بکرێ بە زەماوەند وبەزمێ ئەو سەری دیار نەبێ. بەوپەڕی بێ شەرمییەوە پێی گوتم: – دار ونەدارت لە من ولە منداڵەکانم حەرامە، بەڵام بۆ ئەوێندەر حەڵاڵە!

– خات علیات بە پێکەنینەوە گوتی:– مەبەستی لە ئەوێندەر، منە!

کابرا بە داخ وکەسەرەوە لە سەری ڕۆیی:– بەدەم کۆکردنەوەو گرێدانی بوخچەی جلەکانیەوە پێی گوتم: " هەمیشە گوتوومە، تۆ پیاوێک بووی، لە ژیانتا بۆ تاقە ڕۆژێک، لە ژیانما خۆشحاڵت نەکردووم! " گوێتان لێبوو کوڕینە؟.. تۆ خوا ئەمە قسەی هاوسەرێکە سی ساڵ بێ لەگەڵتا بێ؟!

علیات بە ڕاوێژێکی ڕەخنەیی تاڵەوە گوتی:– عەمری نەمێنێ، حەیف بۆ ئەو تەمەنە گەنجایەتیەی کە لەگەڵ ئەودا بەسەرت بردووە، گوێ بگرە وەستا! وێڵی بکە و ژنێکی دی بێنە.. !

کابرا بزەیەکی کاڵی بۆ کرد، سەرێکی لەقاند و منگە منگێکی لیوەهات: – چما تەمەنم بەبەرەوە ماوە؟

–وامەڵێ وەستا، هێشتا زۆرت بە بەرەوە ماوە!

وەستا نونو، کە بیرۆکەی ژن هێنانەوەی زۆر بەدڵ بوو، بە جۆش و خرۆشەوە گوتی:– ئەشەدو تەگبیرە نە گاڵتە.. هیچ شتێک وەکو هەوێباری ژن تەمبێ ناکات، خوای گەورەش فەرمانی چوار ژنی داوە!

–تۆبە خوایە، خوا فەرمانی نەداوە، بەڵام ڕێگەی داوە بەو مەرجەی عەدالەتیان لە نێواندا بەرپا بکەین!

– لێ ڕێگەی داوە فتوا بدەی؟

– سەڵاوات بدەن. من بابایەکم پیرەمێرد، بە کەڵکی هیچ نەماوم!

– لە سایەی ئەو حەبە تازانەوە کە جەنابی سەید عارف پەیدای کردوون دەتوانی ژنی تازە بێنیت!

لێرەدا وەستا زەفتە، پاشماوەی ئەو قسەیەی، کە وەستا شمبکی بە سکاڵا خێزانیەکەی خۆی بڕی بووی، تەواو کرد:– بەتایبەتی فەرشی فارسی بکڕن، زێڕو مس لەوەیە نرخیان دابەزێ، لێ فەرشی فارسی تا کۆنتر بێ نرخی زیاتر دەبێ، ژن کە کۆن بوو دوو پولی قەڵب ناهێنێ، بەڵام فەرش..

خات علیات، مستێکی بە سینگیدا کێشا و هاواریکرد:– یەک ددانم مابوو ئەویش کەوت..

خات علیات گوتی:– مێردەکی بودەڵەی حەشاشی شێت وشوور، ئێمە باسی ژن هێنان دەکەین، ئەمە چ پەیوەندییەکی بە فەرشەوە هەیە؟!

-تووڕە مەبە خاتێ گیان، حیلم لە عیلم چاکترە، حیلم کلیلی کردنەوەی هەر دەرگایەکە، ئێستا کە گەرەکتە وەستا شمبکی هانبدەیت ژنی تازە بێنێ، ڕێم بدەن با چیرۆکێکی دەگمەنی بۆ بگێڕمەوە تا کەڵکەڵەی ژن هێنانی تازەی بکەوێتە سەر، ڕووی کردە شمبکی و لە سەری ڕۆیی:

- دەگێڕنەوە دەڵێن شێخێک دوای شەونشینییەکی دوور ودرێژ بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، ژنەکەی دەبی لە سەر تەختە خەوەکەی خەوتووە، ژنەکەی هەمیشە نازی جوانی بەسەردا دەکرد، کابرا بەلای دا ڕەت دەبێ بۆ سەر جێگاکەی خۆی و لە بن لێوانەوە دەڵێت: " فیتنە خەوتووە! " ژنەکە لە دواوە چمکی جبەکەی دەگرێت ودەڵێت: " نەحلەتی خوا لەوەی بێداری کردەوە!"

ئەحمەد، لەو ساتەدا، هەستی بە تەنگە نەفەسی کرد، نەیتوانی لەوەی پتر لە ژوورەکەدا هەڵبکات. تاقەتی چوو، بە لارە لار لە جێی خۆی هەستا، هەموو چاویان تێبڕی. وەستا نونو پرسی:- بۆ کوێ؟!

بە دەنگێکی نەوی کە بە ئاستەم دەبیسترا گوتی:- ئەوەندەم بەسە!

-ئەمە جارێ هەوەڵی کارە، هێشتا شیعر و قافیە و ئاواز و گۆرانی ڕاستەقینە ونەشە وخەیاڵ ماوە!

لێ ئەحمەد سوور بوو لە سەر ڕۆیشتن، بە خاوی و بە لەقە لەق کەوتە ڕێ. وەستا زەفتە گوتی:- حەبەکانی تۆش کاری خۆیان کرد؟!

لە شوقەکە وەدەرکەوت، دەستی بە محەجەرەکانەوە گرت وبە خاوەخاو بە پلیکانەکاندا دادەگەڕا، چەند دەرۆیی پلیکانەکان تەواو نەدەبوون، وای وێنا دەکرد بۆ ناخ و قوڵایی زەوی ڕۆدەچن. ئەنجام گەییە سەر ڕێگاکە، دوای ئەوەی ترسناکترین ڕێگای لە ژیانیا بڕی، بە لارە لار بۆ ژوورەکەی خۆی ڕۆیی. سەعات نزیکی دووی پاش نیوەشەو بوو. بە زەحمەت جلەکانی داکەند، گڵۆپەکەی کوژاندەوە، کە لە سەر تەختە خەوەکەی ڕاکشا. یەکسەر وەکو چاوەڕوانی دەکرد، خەوی لێنەکەوت، هەستی بە جۆرە نیگەرانیەک دەکرد، کە نەیدەهێشت خەو بیباتەوە، هەستی بە ترپە ترپ و لێدانی توندی دڵی دەکرد، بە جۆرێ لێی دەدا پێی وابوو پەتۆیەکەی سەری بەرز و نزم دەکاتەوە، کۆمەڵێک وێنا و خەیاڵاتی گۆنگ و نەخۆیا هێرشیان بۆ خەیاڵدانی دێنا، تەنیا یەک وێنەی لەلا زەلال و دیار بوو، ئەویش وێنەی ژنە زەبەلاحەکە بوو، ناشێ ئەویش وەکو ئەوانی دی تەماحی ویسالی کردبێت؟ بەلام تۆ بوەستە، ئەگەر بچوایە بەلایەوە چ دەبوو؟ وەکو کێچێک لە باخەڵی فیلێکدا بێ، بەو ئاوایە لە باوەشیا ون دەبوو. نا، ئەوە ژن نەبوو، تەنیا ڕەمزی دنیای شەهوەترانی بوو، کە ئەوی خستبووە سەر کەڵکەڵەی ڕابواردن. لێدانی دڵی تووندتر بوو، دەمی بە تەواوەتی وشک بووبوو، وای هەست کرد لە بەرزاییەکی بڵندی بڵندەوە بەرەو فەزایەکی بێ کۆتایی بەر دەبێتەوە. لە ترسا ڕاپەڕی، لە سەر تەختەکەی دانیشت، ترس و نامرادی هێرشی بۆ هانی و تا بەری بەیانی بەدەم ئازار و ئاسیوی بەدەنی و دەروونییەوە تلایەوە.

(( ٣٣ ))

ئیدی تەنانەت بیریشی لە دووبارە کردنەوەی ئەو ئەزموونە نەکردەوە. هەرچەندە وەستا نونو کردی و کۆشا و گوتی بۆیە ڕەوشی ئەحمەد خراپ بووە چونکە لە دوای کێشانی قلیانەکە شیرینی نەخواردووە، فایدەی نەبوو، ئەحمەد نەهاتە ڕەدایە و جارێکی دی نەچۆوە بۆ کۆڕی وان و نونو کوڵی دا و بە کەسەرەوە بە خۆی گوت: " وادیارە تەبیعەتی خەڵکانی عاقڵمەند، ئەم جۆرە لەزەت و سەرگەرمیانە هەڵناگرێ. " ئەحمەد پێویستی

به مادەی هۆشبەر نەبوو تا کول و کۆڤانەکانی لە بیر بکات. هەرکە براکەی زەماوەندی دەگەڵ ئەو کیژەدا کرد، ئەحمەدیش خەمەکانی لەبیر دەچێتەوە. هەرچەندە روشدی هێشتا هەر کەسێکی سەرەڕۆ بوو و لە سەر بەزمی خۆی بەردەوام بوو. نەک لە نەخۆشیەکەی چاک نەبووەوە بەڵکو حاڵی خراتر بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر دەبوو، ڕەنگی زەردتر دەبوو، کۆکەیەکی توندی گرت، ئیشتیای خواردنی نەما. ئەحمەد زۆر نیگەرانی بوو، ڕۆژێ بە جدی پێی گوت:- وابزانم هێندە نەخۆشیەکەت فەرامۆش کرد تا لێی پیس کردی! بۆچی ماوەیەک وازت لە بەزمی خۆت نەهێنا تا چاک دەبوویتەوە؟ هێشتا لە نەخۆشی یەکەمت چاک نەبوویتەوە، تووشی ئەم کۆکەیە بووی. نابێ لەمڕۆ بە دواوە بچیتە کۆڕی شەوبێریان، تۆ دەزانی چ دەکەی؟!

روشدی وەکو جاران سەرپێچی نەکرد، چونکە کۆکە ئەمانی لێبڕی بوو. بە گوێڕایەڵیەکی بێ پێشینەوە گوتی:- بەسەر سەر وبەسەر چاوان!

ئەحمەدی مازوخی گوتی:- روشدی خێراکە، با زوو چاک ببیتەوە، پێش ئەوەی ئەو ماڵە کیژەکەیان بدەن بە یەکێکی دیکە!

روشدی، بە ویستێکی ڕاستگۆیانەوە بەڵێنی دا، ئیدی کازینوی غەمرەی تەرک کرد، شەوان لە ماڵ وەدەرنەدەکەوت، تەنیا دوا نیوەڕۆیان بۆ وتنەوەی دەرسی تایبەتی بە دوو قوتابیەکەی لە ماڵ دەردەچوو؛ ئەمیش کارێک بوو کە لەزەتێکی ئەوتۆی لێدەبینی، کە هیچ لەزەتێکی دی هاوتای نەدەکردەوە. بۆ یەکەمجار سەعات دەی شەو دەچووە ناو جێگەی خەوەوە، کە ئەمە بووە مایەی هەم سەرسامی ئەحمەد و هەم ستایشی کاریگەری جادووی عەشق وڤیان. تاقە شتێک کە روشدی دەستبەرداری نەبوو دەرچوون و پیاسەی بەیانیانی بوو بە ڕێگای جبل دا، هەرچەندە سەرماکەی لە کێشا نەبوو وئێسقانی دەتەزاند! چونکە ئەو دیدارانە دڵی شاد دەکرد، خەونەکانی دەبوژانەوە. روشدی ماوەیەک پابەندی ئەو پارێزو پارێزکاریە بوو، بەڵام هیچ نیشانەیەکی چاکبوونەوەی پێوە نەدەبینرا. کۆکەکەی هێندە توند بوو کە کاری لە ژێیەکانی ئەوکی کرد و دەنگی گیرا، ئیدی نەیدەتوانی گۆرانیە دڵگیرەکانی بڵێت. چیوای بۆ جەژنی قوربان نەمابوو. ماڵباتەکەیان وەکو هەموو ساڵێک خۆیان بۆ پێشوازی جەژن ئامادە کرد. بەرخی قوربانیان هێنا، بە پەنجەرەی موبەقەکەوە بەستیانەوە، جگە لەوێ هیچ شوێنێکی تریان نەبوو. خاتوو دەوڵەت نانی تیری دەکرد. ئەحمەد وەکو هەمیشە گلەیی لە گرانی نرخی قوربانی دەکرد، گوتی وا بڕوات لەوەیە بۆ ساڵی ئایندە نەتوانن بەرخی قوربانی بکڕن، دایکی ئەو قسەیەی لەبەر گران بوو، بە پێکەنینەوە پێی گوت:- ئەو قسەیە مەکە.

جەژنی قوربان کەوتە ڕۆژانی هەوەڵی شوباتی ساڵی ١٩٤٢وە، ماڵباتەکەی ئەحمەد و هەموو خەڵکی، بە خۆشی و شادییەوە پێشوازییان لێکرد. سفرەو خوانان بە جۆرەها گۆشت و شتی بە لەزەت وخۆش ڕازانەوە. سەیر ئەوە بوو کە روشدی بەرنامەی ژیانە تازەکەی، تەنانەت لە ڕۆژانی جەژنیشدا نەگۆڕی. ئەلهەقی نەخۆشییەکەی بە ڕادەیەک کەسیرەی کردبوو کە نەیدەتوانی بیر لە ئارەزووەکانی بکاتەوە. بەڵام ئەحمەد ڕۆژانی پشووی جەژنی لە قاوەخانەی زەهرە بەسەر برد، بەڵام ملی بۆ هەوڵەکانی وەستا نونو نەدا، کە دەیویست لە خشتەی بەرێ و جارێکی دی بۆ ماڵی علیات الفائزەی بباتەوە. چما دەیتوانی کۆتایی ئەو شەوە دۆزەخینە لەبیر بەرێتەوە؟ بەیانی ڕۆژی چوارەمی پشووی جەژن بویەرێک ڕوویدا کە ئەحمەد بۆ هەتا هەتایە لە بیری نەچووەوە. سەعات نۆ و نیوی بەیانی لە خەو ڕابوو، چوو بۆحەمامەکە، بینی روشدی سەری بە سەر دەست شۆرەکەدا دانەواندووەتەوە و بەجۆرێ دەکۆکێ، ئازای جەستە لاوازەکەی لە گەڵیا دەلەرزێت. لێی

چووە پێشەوە، دەستی برد تا بە هێواشی بیدات بەسەر شانیا، لە ناکاوا تەمەشای ناو حەوزی دەست شۆرەکەی کرد، چاوی بە پەڵەیەکی سوور کەوت! دەستی وشک بوو، دڵی بە جۆرێ ڕاچڵەکی لەزگ بوو لە سینگیەوە بێتە دەرێ. بە دەنگێکی لەرزۆ هاواریکرد:- خودایا!..

ئەوسا بە ترسەوە ڕوانیە براکەی، کۆکەکەی وەستابووەوە، روشدی زۆر پەرێشان بوو، دەفەی سینگی بەرز و نزم دەبووەوە، بە زەحمەت هەناسەی دەدا، چاوەکانی سوور بووبوون. ئەحمەد چاوەڕوانی کرد تا روشدی هەناسەی وەبەر هاتەوە، بە پەشێوی و پەرۆشەوە، ئاماژەی بۆ پەلە سوورەکە کرد وگوتی:- ئەمە چییە روشدی؟

روشدی بە چاوانی خەمینەوە تەمەشای کردو بە دەنگێکی گیراوەوە گوتی:- خوێنە!

-خودایا! ئەی، بابۆ!

خەم نیشە سەر چاوانی روشدی، خۆی پێنەگیراو چاوی پڕبوون لە ڕوندک. بە دەنگێکی کز کە بە ئاستەم دەبیسترا گوتی:- تووشی بووم و تازە کارم کراوە!

ئەحمەد وەکو ئەوەی لێی بپاڕێتەوە گوتی:- شتی وا مەڵێ!

روشدی بە نائومێدیەوە گوتی:- ئەوە ڕاستیە برام!

ئەحمەد بەلۆعەکەی کردەوە تا حەوزی دەست شۆرەکە خاوێن ببێتەوە. چووە ژێر باڵی برایەکەی وبۆ ژوورەکەی خۆیی بردەوە. چوو بەلای پەنجەرەکەوە و دایخست، روشدی لە سەر تەختەکەی ڕۆنیشت. ئەحمەد کورسییەکی هێنا و لە بەردەمیا دانیشت، دوای ئەوەی تفەکەی دەمی قووت دا، پرسی:- روشدی چی بووە؟ ڕاستیم پێ بڵێ!

روشدی، بە ئەسپایی گوتی:- چوومە لای دکتۆر. پێی گوتم سیپەلاکی چەپم، نیشانەی دەردە باریکەی (سیل، دیق) پێوەیە!

(( ٣٤ ))

ئەوەی ڕاستی بێ، لە نیوەی هەیڤی دیسامبەرەوە هەستی بە ئازارێکی بەترەف دەکرد. جارێک لە بانکدا، کۆکەیەکی توند گرتی. دەستە سڕەکەی دەرکرد، گرتی بە دەمیەوەو تفەکەی تێکرد، سەیری کرد دەستە سڕەکەی خوێناوی بوو، زۆر ترسا، لە ترسی ئەوەی نەبا کەسێک بیدینێ، بلەز دەستەسڕەکەی پەستایە گیرفانییەوە. لە بانکەکە وەدەرکەوت و چوو بۆ عیادەی دکتۆرێکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی سینگ، لە ڕیزی نەخۆشەکانی دیدا ڕۆنیشت، چاوی بە سەروسیمای زەرد هەڵگەڕاو و بەدەنی سست و لاوازی چاوەڕوانکەراندا دەگێڕا و گوێ بە گوێی ئەوان دەکۆکی، زۆر نیگەران و بێزار بوو. لە خۆی دەپرسی تۆ بڵێی بەو نەخۆشیە دژوارەوە بمرێت؟ ئەو نەخۆشیەی کە تەنانەت ناوەکەشی لەرزی دەخستە دڵەوە؟ جارێک برادەرێکی گوتبووی دەردەباریکە، دەردی بێ دەرمانە. کە ئەو قسەیەی بیرکەوتەوە دڵی دالەرزی، پێشتر تووشی هیچ نەخۆشیەکی سەخت نەبووبوو. پێدەچوو ئەمە یەکەم نەخۆشی قورسی بێ. زۆر نیگەران و خەمبار بوو، سەبری نەما، لەزگ بوو بەپەلە خۆی بە ژوورەکەی دکتۆردا بکات، بەڵام دانی بە خۆدا گرت تا نۆرەی هات، لە کاتێکا هەوڵیدەدا نیگەرانیەکەی وەشێرێت، خۆی بە ژووردا کرد. تەمەشایەکی لەز و بەزی

ژوورەکە و ئامێرە جۆراوجۆرەکانی ناوی کرد. دکتۆرەکە بە دیار دەست شۆرەکەوە وەستابوو و خەریک بوو دەستەکانی دەشت. روشدی لە جێی خۆی وەستا. دکتۆر دەستەکانی وشک کردنەوە و ئاوڕێکی لەو دایەوە. پیاوێکی کورتەباڵای لەڕ و لاوازی ئەندام وردیلە بوو. بەڵام کەللە زلێکی سەرسافی، چاو گەورەی چاو زەقی نیگا تیژ بوو. روشدی بە دەست سڵاوێکی بۆ کرد، دکتۆرەکە بە دەنگی بەرز گوتی:- بەخێرهاتی، کەرەمکە دانیشە.

روشدی لە سەر کورسییەکی گەورە ڕۆنیشت. دکتۆر لە پشت مێزێکی جوانەوە دانیشت، دەفتەرێکی ئەستووری دەرهێنا، کردیەوە، ناو و پیشە و تەمەنی لە روشدی پرسی و روشدیش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە. ئەوسا نیگایەکی پرسیارئامێزی روشدی کرد. روشدی ئاماژەی بۆ سینگی خۆی کرد وگوتی:- دەمەوێ معایەنەیەکی سینگم بۆ بکەی..

هێشتا قسەکەی بە تەواوەتی لە زار دەرنەچووبوو، کۆکەیەکی توند گرتی، دکتۆرەکە چاوەڕوانی کرد تا لە کۆکەکە بووەوە و هەناسەی وەبەر هاتەوە. لێی پرسی:- سەرمات بووە؟.. کەی؟

-پێش دوو هەفتە تووشی پەسیوێکی توند بووم. وادیارە پێش ئەوەی بە تەواوەتی چاک ببمەوە، چوومەوە بۆ دەوام؛ بەڵام هەستم بە ماندوویەتی دەکرد، ئەوسا ئەم کۆکە توندەی بەسەردا هات، حاڵم خراتر بوو..

روشدی، باسی کۆکەکە و ئازارەکانی و، لاواز بوونی خۆی بۆ کرد، دکتۆرەکە قسەکەی پێبڕی و پرسی:- لە کەیەوە دەنگت گیراوە؟

روشدی بەرسڤی دایەوە:- نزیکەی هەفتەیەک دەبێت.

دکتۆرەکە داوای لێکرد، جلەکانی سەرەوەی دابکەنێ، روشدی هەستا، بۆینباخەکەی لە ملی کردەوە، ئەوسا چاکەت و کراس و فانیلەکەی داکەندن. پزیشکەکە دیقەتی بەدەنە لاوازەکەی دا. سەماعەکانی نا بە گوێی خۆیەوە، بە سەری قامکی شادە دەیکێشا بە سینگ و پشتی روشدیدا و گوێی لە دەنگدانەوەی لێدانەکانی قامکی دەگرت. روشدی هەستی کرد، چەند جارێک لێدانەکانی لە سەرووی سەمتی چەپی سینەیدا، دووبارە کردەوە. ئەوسا پزیشکەکە داوای لێکرد جلەکانی بکاتەوە بەری. ئەوسا لێی پرسی:- خوێنت هەڵێناوە؟

دڵی روشدی، داخورپا. هەڵوەستەیەکی کرد و ئەوسا بە دەنگێکی نەوی گوتی:- بەڵێ.. دوو سێ جار!

پزیشکەکە شووشەیەکی ئامال شینی هێنا و داوی لێکرد، چەند جارێک بە توندی بکۆکێ و تفەکەی ڕۆبکاتە ناو شووشەکە. چەند خولەکێک بووری، روشدی بە پێوە وەستابوو، هەناسەی سوار بووبوو. لە یەکێک دەچوو چاوەڕوانی قەراری حوکمی خۆی بێ. پزیشکەکە گوتی:- جۆرە گومانێکم لە سیپەلاکی چەپت هەیە، بەڵام زۆر دڵنیا نیم. هەر ئێستا برۆ بۆ لای دکتۆر ( .... ) ئەشیعەیەکی سینگت بگرە وبۆمی بێنە.

داوای لێکرد ئاگاداری خۆی بێ و بە هیچ جۆرێ خۆی ماندوو نەکات! بەڵام روشدی لە جێی خۆی نەجولا، قەڵەمی دەست و پێی شکا، خەم ونائومێدی نیشە سەر ڕوخساری. دکتۆر لە سەری ڕۆیی و گوتی:- هیوادارم من بە هەڵە چووبم؛ بەڵام ئەگەر مەزەندەکەشم ڕاست بێ، گرینگ نییە، مایەی نیگەرانی نییە و شتەکە ئاسانە!

چوو بۆ لای دکتۆرەکەی دی و ئەشیعەی گرت. چەند ڕۆژێک بە ئازاری دەروونی و دەردی کۆکەوە چاوەڕوانی کرد. هەڵبەتە کەسێکی ترسنۆک و واز وازی و خەیاڵی نەبوو، بەڵام زۆر لە ناکاوا خۆی لە هەنبەر

کوشندەترین نەخۆشیدا بینی بووەوە، هەر ناوی نەخۆشییەکە زیرەی پێکردبوو. پاشان چووەوە بۆ لای دکتۆرەکەی یەکەم، ئەشیعەکەی نیشاندا. دکتۆرەکە بە دیقەت تەمەشای ئەشیعەکەی کرد، ئەوسا ڕووی کردە روشدی و گوتی:- ڕێک مەزەندەکەی من دەرچووا... گوێ مەدەیە ناوی بنە ڕوشانێکی سووک یان هەوکردنێکی سەتحی.

روشدی، مات وخەمین لە فکران ڕاچوو، بەدەم تەمەشاکردنی ئەشیعەکەوە، نائومێدی نیشتە سەر چاوە هەنگوینیە سەرگەردانەکانی. ڕوشانێکی سووک یان هەوکردنێکی سەتحی!.. یانی ژیانی دەوەستێتە سەر ئەو چەمکە تورەهاتانە!

بە خەمینییەوە بە پزیشکەکەی گوت:- ناوی هەرچیەک دەبێ، با ببێ، ئەمە مانای وایە دەردە باریکەمە و ئیدی دەردی بێ دەرمانمە؟!

دکتۆرەکە، نیگایەکی وردی کرد وگوتی:- مەیەڵە ئەم ناوە بتترسێنێ، هەموو ئەو ترسانەی کە ڕیشەی دروست یان زانستیان نییە بنەرە لاوە. دڵنیابە ئەگەر بە ئامۆژگارییەکانی من بکەی ئیفاقەت بۆ دێ و چاک دەبیتەوە.

روشدی کەمێک ڕاما، ئەوسا بە کەساسیەوە گوتی:- دەڵێن ئەم دەردە، دەردی بێ دەرمانە!

پزیشکەکە، بە بێ موبالاتیەوە شانەکانی هەڵتەکاند و گوتی:- ئەو بیرانە لە مێشکی خۆت دەربکە، با ئەوەت پێ بڵێم من بە خۆم یەکێک بووم لە قوربانییەکانی ئەو نەخۆشیە، بەڵام دەبێ خواردنی زۆر چاک بخۆی، ئیسراحەتی تەواو بکەی، لە هەوای پاک و وشکدا بژی، هەموو ئەمانەش لە ئاسایشگەدا هەن. بەبێ چەند و چوون هەڕە بۆ حەلوان. لەوێ بخەوە.

-باشە، ئەم مالیجەیە چەند دەخایەنێت؟

- ئەوپەڕی شەش مانگ دەخایەنێت!

سەرو دڵی روشدی گیرا، دڵنیا بوو لە زەرفی ئەم مودەتەدا لە وەزیفەکەی دەردەکرێت، سبەی ئەگەر دەرو دراوسێ بەمەیان زانی و خەبەرەکە بڵاوبووەوە، کیژەکەشی لە دەست دەچێ! بۆیە پێشنیازی ئاسایشگەی ڕەتکردەوە و پرسی:- باشە ئەگەر ئەو هەل و مەرجە لە ماڵەوە فەراهەم ببێ چۆنە؟

-ماڵتان لە کوێیە؟

- لە خانولخەلیلی یە..

- ئەوەندەی من بزانم، شوێنێکی نمسارە، ئاسایشگە بۆ تۆ باشترین شوێنە، ئەوەش لە بیرمەکە کە لەوێ سەرپەرشتی و چاودێری پزیشکی دەکرێی!

ئیدی بە تەما بوو لە ماڵەوە، بێئەوەی هەواڵی نەخۆشیەکەی بڵاو ببێتەوەو، وەزیفەکەی وکیژەکە لەدەست بدات چاک ببێتەوە، گوتی:- ئەدی ئەگەر نەتوانم بۆ ئاسایشگە بڕۆم؟

دووبارە شانی هەڵتەکاند وگوتی:- لەو حاڵەدا دەبێ دوو هێندە ئیسراحەت بکەیت و چاودێری بکرێی. بە تایبەتی لە ڕووی ئیسراحەت و خواردنەوە، نابێ لە جێگا بێیتە دەرەوە! با ڕەچەتەی دەرمانت بۆ بنووسم..

وەختێ دکتۆر مژوولی نووسینی ڕەچەتەکە بوو، روشدی شتێکی بەبیرا هات، سووکە هەڵوەستەیەکی کرد و پاشان پرسی:- پرسیارێکی دی: ئایا دەشێت.. مەبەستم ئەوەیە کەسێک ئەگەر هەمان نەخۆشی منی هەبێ کەی دەتوانێ ژن بێنی؟!

دکتۆرەکە بۆ یەکەمجار بزەیەکی هاتێ وگوتی:- هیوادارم لە زەرفی شەش مانگدا چاک ببێتەوە ودەبێ لە دوای ئەوەش بۆ ماوەی یەک ساڵ لە ژێر چاودێریدا بیت. خۆزگە دەتتوانی دوای ئەوەش نیو ساڵی دی سەبر بگری!..

جارێکی دی ئامۆژگاری کردەوە کە ئەگەر دەتوانێ لە ئاسایشگە بخەوێ و ئەگەر ناتوانێ بۆ ئاسایشگە بڕوات، دەبێ ناوبەناو سەری ئەم بدات. روشدی، خەمین و لێو بەبار بۆ ماڵ گەڕایەوە، هەموو شتەکانی بە لاوە وەکو خەونێکی ناخۆش وابوو، هەر دوو گوێی و هەموو دنیای پڕ بوو لەو وشە ترسناکە " دەردە باریکە " ئایا دەبوا باوەڕ بە قسەی خەڵکی بکات یان بەوەی دکتۆر گوتبووی؟ ئایا دکتۆر حەقیقەتی حاڵەکەی پێ گوتبوو، یان هەر ویستبووی ترس و دڵەڕاوکێیەکەی بتارێنێ؟ بەڵام دکتۆرەکە گوتبووی کە بە خۆی یەکێک بووە لە قوربانیەکانی دەردە باریکە. چ پێویستی بەوە بوو درۆی لەگەڵدا بکات. بەڵێ شەش مانگ ماوەیەکی زۆر بوو، بەڵام دەبوایە سەبر بگرێ و تەوەکەل بەخوا بکات. خۆ ئەگەر ئازاد بوایە؛ کار و وەزیفەکەی نەبایە، پێی باشتر بوو لە ئاسایشگە بخەوێ. بەڵام ئەم کارە دەبووە مایەی لە دەستدانی وەزیفەکەی، دڵدارە ئازیزەکەی! ئیدی دەبوایە چ بکات؟!.. سەلامەتی لە خەتەردا بوو. تا ئەو کاتە قەدری سەلامەتی خۆی نەزانی بوو. جاران کە لە گوێز ساغتر بوو، هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان، بەم تامەزرۆییە بیری لێ نەکردبووەوە، هەرگیز ئەوەی بە بیردا نەهاتبوو کە سەلامەتی لە دەست دەچێت یان دەگۆڕێت. بەڵام ئەگەر وەزیفەکەی لەدەست چووبا، سەلامەتی چ دادێکی دەدا؟ بەچی دەچوو ئەگەر ئەو و دڵدارەکەی کە تەواو شەیدای بووبوو، لە یەکدی بکردبایە؟ لەو حاڵەدا وا چاک بوو لە ماڵ دوور نەکەوێتەوە، بەڵێنی بەخۆی دا، بێئەوەی بێڵێ چ کەسێک بە نەخۆشیەکەی بزانێ، لە سەر دەواو دەرمانەکانی بەردەوام بێ، بەم کارە هەم لە نەخۆشیەکەی ڕزگار دەبێ و هەم وەزیفەکەی و دڵدارە ئازیزەکەیشی دەپارێزێ.

ئەم بیرانە پەیتا پەیتا بە مێشکیدا دەهات. قەناعەتی بە خۆی دەهێنا، کە هێشتا گوو تین و توانای ئەو کارەی هەیە. ئیدی ژێراوژێر بێئەوەی ڕازی خۆی بە کەس بڵێ دەستی بە مالیجە و دەرمان کرد، تا ئەو ڕۆژەی براکەی بە ڕێکەوت پێی زانی. ئیدی هەموو شتێک ئاشکرا بوو! ئیدی زۆر لەو حاڵە ناڕەحەت نەبوو. نەک لەبەر ئەوەی براکەی بەشێک بوو لە خۆی، چونکە پاراستنی ئەو ڕازە سینگی هێنابووە ژان. هەستی دەکرد کە ئەگەر ئەو ڕازە بە براکەی بڵێ، ئاسوودە و ئارخایەن دەبێت. ئیدی هەموو دەرد و ئازارەکانی خۆی بۆ هەڵڕشت، جگە لەوەی دکتۆر ئامۆژگاری کردبوو کە لە ئاسایشگە بخەوێ.

(( ٣٥ ))

ئەحمەد، مات و مەبهووت، حایر وحەپەساو، خەمین و خەمبار گوێی لە قسەکانی براکەی گرت. هەر هەموو ئەو گومان و هەستە خراپانەی لە هەنبەر براکەی پەیدای کردبوو، ڕەوینەوە. نها تەنیا یەک هەستی بەرانبەری هەبوو، ئەویش هەستی ئەوپەڕی خۆشەویستی و دڵسۆزی بوو، زۆری بەزەیی پێدا دەهاتەوە، خەمی بۆ دەخوارد.

بەڵام بیرەوەرییەکی، نە زۆر دووری بە مێشکا هات. تووڕەو شەرمەزار لە مێشکی خۆیی دوور خستەوە، دڵ و دەروونی تەژی ڕق و کینە بوو لەو کیژەی کە ئەو حاڵەی بە سەر ئەودا هێنابوو!

روشدی کە لە قسەکانی بووەوە، جووتە برا نیگایەکی تەژی داخ و کەسەر وسەر ڕێژ لە خەم و نائومێدی یەکتریان کرد. ئەوسا ئەحمەد گوتی:

–ئیدی ئەمە خواستی خوایە، نابێ لە ڕەحمەتی خودا نائومێد بین. دەبێ باوەڕ بە قسەکانی دکتۆر بکەین، قەت نەبووە دکتۆر لە ڕووی بەزەییەوە درۆ لەگەڵ نەخۆشی خۆیدا بکات. کەواتە نەخۆشیەکەت سووکە، بەڵام دەبێ بە هەموو توانایەکمانەوە بەگژیا بچینەوە. هەرچەندە پێم سەیرە بۆچی زوو ئەمەت بە من نەگوتووە!..

روشدی، بە درۆوە گوتی:– بەر لە جەژن هەستم پێکرد، نەمدەویست کەس نارەحەت بکەم، چاوەڕوانی دەرفەتێک بووم تا بە تەنیا بۆ تۆی باسبکەم!

ئەحمەد بە کەسەرێکی زۆرەوە گوتی:– ئیدی ئەوە خواستی خوایە، دەبێ خۆمان لەبەر باری خودا ڕابگرین تا شفات بۆ دەنێرێ. خوا سەبارەت بە بەشەر، لە خودی بەشەرەکە سەبارەت بە خۆی، میهرەبانترە. نها بڵێ بزانم بە تەمای چیت.

روشدی، بە نیگەرانییەوەو بە پارێزەوە بە براکەی گوت:– هەڵبەتە بە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی دکتۆرەکەم دەکەم، پێی گوتم ئیسراحەت بکەم و خواردنی باش بخۆم و هەندێ شرینقەی بۆ نووسیوم کە لە خۆمیان بدەم!

ئەحمەد، کە پێدەچوو بەو قسانە قانیع نەبووبێ، گوتی:– بەڵام ئەوانەی کە تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن، بە زۆری بۆ ئاسایشگە دەنێردرێن!

روشدی جارێکی دی درۆی کردو گوتی:– دکتۆرەکە بە پێویستی نەزانی بۆ ئاسایشگە بڕۆم!

ڕوخساری خەمینی ئەحمەد کەمێک گەشایەوەو گوتی:– روشدی لەوەیە هەر هەوکردنێکی سووک بێ!

–بەڵێ.. بەڵێ.. دکتۆرەکەش وایگوت!

– هیوادارم، مەرەخەسیەکەت زۆر درێژە نەکێشێت!

دیسان نیگەرانی بۆ هاتەوە. بە دەنگێکی نەوی گوتی:– بە تەما نیم مەرەخەسی وەربگرم!

ئەحمەد، بە خەمینییەوە گوتی:– ئەدی چۆن دەتەوێ چاک ببیتەوە؟.. نەخۆشی هی ئەوە نییە فەرامۆشی بکەی، با سووکیش بێ. بێموبالاتی و خەمساردی بەسە روشدی گیان!

–باوەڕ مەکە بمەوێ ژیانی خۆم بخەمە مەترسییەوە کاکە! لەمڕۆ بەدواوە دەبینی جگە لەو کاتانەی لە دەوامم، چۆن خۆم دەپارێزم و ئیسراحەت دەدەمە خۆم. بە خواردنی باش و دەرمان قەرەبووی هەموو شتێک دەکەمەوە. بەڵام وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆشی کارەکەم و ئایندەم دەخاتە مەترسییەوە!

– هەست ناکەی مەسەلەکەت زۆر لە خۆت گەورە کردووە؟!

– نا داشۆ، خۆ ئەگەر پزیشکی بانکەکە بە نەخۆشییەکەم بزانێ، مەحاڵە تا بە تەواوی چاک نەبمەوە بێڵێت دەوام بکەم. ئەمەش لەوەیە زۆر بخایەنێت و هەنگێ لەگینە لە کارەکەم دەر بکرێم! بەڵکو دەرکردنەکەم حەتمیە، چونکە چ لێرە و چ لە ئەسیوت مۆڵەتی نەخۆشیم زۆر وەرگرتووە.

ئەحمەد، چارەی دا بەیەکا، پەست بوو، بە کەسەرەوە گوتی:- خودایا! ئەوە تۆ چ دەڵێی، سەلامەتی لە وەزیفە فەرزترە. ئاخر تۆ کە لە کار و دەواما خۆت ماندوو بکەی، چۆن چاک دەبیتەوە!

روشدی بە تکاو ڕەجاوە گوتی:- من ڕوخسەتم لە پزیشکەکە وەرگرتووە، ئەو ڕێی پێداوم، هەڵبەتە ئەو باشتر لە مەسەلەکە دەزانێ، بە تەمای خودا چاک دەبمەوە و وەزیفەکەشم لە دەست ناچێت، هەڵبەتە بە سەربەرزی و بێهیچ ئابڕووچوونێک!

ئەحمەد، تووڕە بوو، بە نائومێدییەوە گوتی:- ئابڕووچوون!.. ئابڕووچوونی چی؟ ئەمە باری خوایە، هەر مرۆڤێک لەگینە نەخۆش بکەوێ، تەنیا ئەوانە نەبێ کە خودا سەلامەتی لە چارە نووسیون. بەڵام دەترسم..

–هیچ مەترسە، دوعای خێرم بۆ بکە، دڵنیابە بە دڵی تۆ دەکەم!

ئەحمەد، کۆڵی دا. روشدی هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا، ئەوسا لە گەڵ براکەیدا کەوتە باسی ئەو ڕێ و شوێنانەی کە دەبوایە بۆ سەلامەتی خۆی بیگرێتەبەر. گوتی:- من بۆ خاوێن کردنەوەی حەمامەکە هەموو بەیانیەکی زوو بە ئەسیدی فنیک، حەمامەکە و دەست شۆرەکە دەشۆم و، بە بیانووی ئەوەی دیاری کەسێکی ئازیزە، قاپ و پەرداخی خۆم لە ئێوە جیا دەکەمەوە.

ئەحمەد، بە وردی گوێی لێگرت، بۆ یەکەمجار ترس ونیگەرانی لە دڵ و دەروونی گەڕا. چونکە بە خۆی کەسێکی ڕاڕا و واز وازی بوو، ترسا نەخۆشیەکە بۆ ئەویش بگوازرێتەوە. بەڵام روشدی بیری لە فێڵێکی تازە دەکردەوە، کە مەترسیەکەی لە خودی نەخۆشییەکە کەمتر نەبوو، گوتی: داشۆ، شتێکی دیکەی گرینگ هەیە کە ڕجام وایە ڕەچاوی بکەیت، ئەویش ئەوەیە ئەو قسانەی کە کردمان، هەر لە بەینی خۆماندا بمێنێ!..

ئەحمەد سەری سوڕما، ئەو قسەیەی تۆزێ لەوە پێشی روشدی بیرکەوتەوە کە وتبووی قاپ و قاچاخی خۆی بەو بیانووەی کە کەسێکی ئازیز بە دیاری بۆی ناردووە جیا دەکاتەوە. مینگە مینگێکی کرد وگوتی:- ئەدی داک و بابمان؟!

روشدی بە توندی گوتی:- نابێ بە هیچ شتێک بزانن، پێویست ناکات ناڕەحەت و نیگەرانیان بکەین. هەرکە دایکم ترسا، ئیدی ڕازەکەمان بڵاودەبێتەوە!

ئەحمەد، پەشۆکا، دڵنیابوو، کە ژیانێکی پڕ ئازار و نامۆ چاوەڕوانیەتی، ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:- بە دڵی خۆت روشدی، ئەگەر بەرەو چاک بوونەوە چوویت، دەکرێ ئەم ڕازە بە نهێنی وەمێنێ، بەڵام..

–مەترسە، لەمرۆ بەدواوە، خەمساردی و بێموبالاتی نەما..

زۆر بە ئاسانی تێگەیی کە چما روشدی نەخۆشییەکەی تەنانەت لە داک و بابیشی دەشارێتەوە، دەترسا ئەم هەواڵە بگاتە گوێی ماڵباتی دڵدارە ئازیزەکەی و لە بەرچاوی ئەوان بکەوێ. ئەوەی زۆر لە دڵ گران بوو، خەم سەری ژەنیە ناخی. لەوە دەترسا کە براکەی بۆ ئەوەی لەلای کیژێ و خێزانەکەی ساغ و سەلامەت دیاربێ، بە

دەوام کردنەکەی زۆر ماندوو وپەرێشان ببێت. دەترسا لە پێناوی خۆشەویستی کچەکەدا، لە ڕادەبەدەر خۆی ئەزیەت بدات، زاتی وەبەر خۆنا و، بە ئەسپایی گوتی:- روشدی ئەگەر لەوە دەترسیت مۆڵەت وەرگرتنت ڕازەکەت کەشف دەکات، دەتوانی بە بیانوویەکی ترەوە، نەک بە بیانووی نەخۆشیەوە، مۆڵەت وەربگریت!

بەڵام روشدی بە توندی سەری بادا و، بە ڕاوێژێکی بنجبڕەوە گوتی: - ئیدی ئەو باسە تەواو بوو، مەچۆوە سەری!

ئەحمەد، بێدەنگ بوو، دوای ماوەیەکی کەم هەستاو گوتی:- ئیدی بتبینم وەکو هەمیشە پیاوانە بەو، شەرتی خۆت ببەسەر. ئەوەش بزانە کە شفای تۆ وەستاوەتە سەرخۆت، خوا ئاگادارت بێت.

خەمین ودڵتەنگ بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە، ئەو نەخۆشیە ترسناکە، سەر و دڵی گرتبوو، بەزەیی بە برا ئازیزەکەیدا دەهاتەوە، لەو کاتەدا ئەوەی بیر چووبۆوە کە روشدی بووبووە بایسی ئەوەی هەموو ئاواتەکانی بە تالان بڕوات، یان ئەو کەسە بوو کە کیبریای بریندار و غرووری پایەماڵ کردبوو. وەکو ئەو ساتەی دەبینی کە لە باوەشی ئەمدا گەورە بووبوو، بە درێژایی بیست دانە ساڵ، کەڵکەڵەی باوکایەتی خۆی بەو تێر وپاراو دەکرد، کە ئاوڕی لای پەنجەرە داخراوەکەی دایەوە، ئەو پەنجەرەیەی ڕۆژێ لە ڕۆژان ناوی نابوو پەنجەرەکەی نەوال، بە تووڕەیی ڕووی لێوەرگێڕا، دڵی نەدەهات وەبیری بێنێتەوە، وەکو ئەوەی وەیادهێنانەوەی تاوانێکی گەورەی لە بەخشین نەهاتگ بێت، دەرهەق بە برا نەخۆشەکەی، دەبوایە ئەم کارەساتەی هاتبووە ئاراوە، هەموو بیرەوەرییەکی لەگەڵ نەوال دا بسڕێتەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: " ئەو بابەتە تەواو بوو و ڕۆیی. سوێ خواردن لەو بابەتە، خۆشەویستی من بۆ برایەکەم کاڵ دەکاتەوە."

زۆر بە توندی خۆی دەدواند، نیشانەی تووڕەیی و بێزاری پێوە دیاربوو. ئەلهەقی لەخۆی پەست بوو، ئاوات و خۆزیا گوناح ئامێزەکەی خۆی، کە خۆزی دەخواست قاهیرە بەر بۆردومانێ بکەوێ، داری بەسەر بەردییەوە نەمێنێ، بەنی بەشەرێ بە ساغی دەرنەچێ، وەبیر هاتەوە، هەروەها ئەو خەونە ناخۆشەشی وەبیرهاتەوە، کە برا گەنجەکەی بەدەم تاو لەرزەوە هاواری دەکرد، خودایا! چ ئەهریمەنێکی کرێت لە ناخیا ئەو خەیاڵاتانەی دەدەماند!..

(( ٣٦ ))

روشدی عاکف، زۆر بە جدی کەوتە پارێزو بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشیە ترسناکەکەی. بە وردی ئامۆژگاری و ڕێنوێنیەکانی پزیشکەکەی، لە دەرمانەوە بیگرە تا شرینقە، ئەنجام دەدا. جگە لە خواردنی ئاسایی ماڵەوە، شیر، هێلکە، هەنگوین و جگەر وگۆشتی کۆتریشی دەخوارد. بە دەست ودڵی کراوەوە، بۆ ئەوەی چاک ببێتەوە، مەسرەفی لە خۆی دەکرد. براکەی لە هەر هەنگاوێکی خۆی ئاگادار دەکردەوە، تا دڵە میهرەبانەکەی ئۆقرە بگرێت. مانگی شوبات بە هەموو ساردی و سەرما سەختەکەی خۆیەوە بووری، کە ڕەوشی روشدی ڕۆژبەڕۆژ بەرەو باشی دەچوو. ڕۆژی تەنیا یەک سەعات بە دیداری قوتابیە ئازیزەکانی شاد دەبوو و دەرسی پێدەگوتنەوە، سەری سەعات دەی شەو دەچووە جێگاوەو خەوێکی قووڵ دەیبردەوە. دەنگ گیرانەکەی بەرەبەرە کەم بووەوە، کۆکەکەی سووک بووەوە. روشدی بەمە خۆشحاڵ بوو، ئومێدی بە چاک بوونەوە پەیدا کرد، بەڵام هێشتا هەر لاواز بوو، ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە و چرچەڵە بوو. هەر دە ڕۆژ کەڕەتێک سەری دکتۆرەکەی دەداو دکتۆریش ئامۆژگاری دەکرد کە زیاتر ئاگای لە خۆ بێت.

ڕۆژانی هەوەڵی نەخۆشیەکەی، ڕۆژانی زۆر ڕەش بوون، خەیاڵات و ترس دەستبەرداری نەدەبوون، دووچاری نائومێدییەکی ترسناک بوو، وای هەست دەکرد ژیانی ڕوو لە نەمانە، ژیانێ کە هیچ کەسێک بە ئەندازەی ئەو شیفتەی نەبوو. هەرجارێ بیری دەکەوتەوە کە لە قاهیرەیە دەبێ دەوام بکات لە کاتێکا دەبوا مۆڵەتی وەرگرتبا و لە حەلوان بخەوتبایە، زیاتر ترسی لێدەنیشت، بەڵام ئەو سەرەڕۆیانە، بێدڵی خۆیان ناکەن، هەرچییەکیان بە خەیاڵدا بێ دەیکەن. تەنیا بە عەقڵی خۆیان دەکەن. ئیدی توانی لە هەڕەتی ترس و نائومێدیدا، قەناعەت بە خۆی بێنێ، کە ئەو بڕیارەی ئەو داویەتی و ئەنجامی داوە، زۆر چاکە. وەختایەک دەنگ گیرانەکەی لە کۆڵ بووەوە و کۆکەکەی تەقریبەن نەما، دڵی خۆشبوو، متمانەی بەخۆی پەیدا کردەوە، هەستی بە ئەمان وئومێد کرد، لە دڵی پەرێشانیا هەستی بە ئارامی وڕەحمەت کرد. زۆری نەبرد، گەڕایەوە سەر بێموبالاتی و سەرکێشیەکانی جارانی، سەرگەرمی و ڕابواردن و لەزەتی ژیان لە خشتەی برد، هیچ بایەخێکی بە نەخۆشیەکەی و مەترسیەکانی نەدەدا. بە سەبر و ئیرادە و ویستی بەهێزی خۆیەوە دەنازی، لە حوزووری براکەیدا، بە شانازیەوە باسی مانگی شوباتی دەکرد کە چۆن لەبەردەم براکەیدا بەڵێنی دابوو و بەڵێنەکەی بردبووە سەر، لە تۆ وایە باوەڕی نەدەکرد کە چۆن توانی بووی یەک مانگی تەواو لە کەرەنتینەدا وەمێنێ وئامۆژگارییەکانی دکتۆر موو بە موو ئەنجام بدات. کەڵکەڵەی گەڕانەوە بۆ سەر کارەکانی جارانی، وەکو نەغمەی بەیانیانی بولبولان بانگیان دەکرد. بیری دۆستان و برادەرانی کازینوی غەمرە و شەوبێریە پڕ هەرا و هەنگامەکانی دەکرد. ڕوخساری گەشیانی دەهاتە بەرچاو، قاقا زوڵاڵەکانیان لە گوێیدا دەزرینگایەوە، کەبە "شێر دڵ" بانگیان دەکرد، کە ئەم نازناوەی زۆر پێخۆش بوو، دەترسا لەبیر بچێتەوە. چەند برادەری چاک بوون، ژیان بەبێ وان هیچ لەزەت و ڕەونەقێکی نەبوو، کە خەڵکانێکی خۆش مەشرەب وئەرباب بوون! هەرگیز ئەوەی لەبیر نەدەچووەوە کە وەختایەک لێیان دابڕابوو، چۆن تەلەفۆنیان بۆ بانک کردبوو و لە حاڵیان پرسی بوو: " روشدی ئەوە تۆ لە کوێی؟ ئەم ماوەیە لە کوێ بووی، دیار نەبووی؟ کە لە ئەسیوت بووی زیاتر سەرت دەداین وەکو لە ئێستا کە لە قاهیرەی! تا کەی کورسیەکەی شێردڵ بە بەتاڵی بمێنێتەوە؟ بیری پارەکانت دەکەین!"

روشدی بە دەمیانەوە پێدەکەنی و بە بیانووی ئەوەوە کە کاری زۆرەو سەرقاڵە، عوزورخوایی دەکرد! ئیدی بیری برادەرەکانی و شەوبێرییەکانیانی دەکرد، لە خۆی دەپرسی: " باشە شەوبێری چ خەتەرێکی هەیە؟ خۆ بەشەر ناکوژێ؟! " ئیدی نەخۆشی نەک لە ڕابواردن و خۆشی ساردی نەکردبووەوە، بەڵکو زیاتر تینوو و تامەزرۆی ژیان و ڕابواردنی کردبوو. سەرەنجام ڕادەست بوو، ملی بۆ ڕابواردن دا و بە دەنگە خۆشەکەی کەوتە زەمزەمە " ناتوانم فەرامۆشت بکەم " نزیکەی مانگ و نیوێک بوو هیچ گۆرانیەکی لە بن لێویشەوە نەگوتبوو. کە ئێوارە هات، پاڵتۆکەی لەبەر کرد، مل پێچەکەی لە ملی ئاڵاندو بەرەو سکاکینی پەل بووەوە. هەرکە چاوی بە باخچەکەی گازینوی غەمرە کەوت لە ناخی دڵەوە گوتی: "سەر سەر وسەرچاو!" هاوڕێکانی بە شادییەوە پێشوازیان کرد، خۆی هاوێشتە باوەشیان و وەکو هەمیشە دەستیان بە سوعبەت و پێکەنین و فشقیات کرد، پاشان چوون بۆ هۆڵەکەی ناوەوەو دەستیان بە جگەرەکێشان وخواردنەوەو قومار کرد، ترسا ئەگەر بەشدارییان لە گەڵدا نەکات، گومانی لێبکەن. لە لایەکی دیکەشەوە حەزی دەکرد ئەوە لە بیری خۆی بەرێتەوە، کە سیپەلاکی چەپی، تووشی دەردێ بووە، هەر ناوەکەی، زیرە بە خەڵکی دەکات، بە خۆشییەوە دەستی بە جگەرەکێشان کرد، دوو پێک کونیاکی خواردەوە، تا جەستەی سارد وسڕی گەرم بکاتەوە، بە سووکە دوو دڵییەکەوە قوماریشی کرد، پارەی دەوا و دەرمان، باندۆڕی لە بەڕکی کردبوو. بەڵام بەخت بە

هانایەوە هات و نزیکەی دوو جونەیهی بردەوە، هەرچەندە لە گەڕانەوەدا هەستی بە گەرما دەکرد، بەڵام پیادەڕۆیی لەو کزەی سەرمایەدا، ماندووی کرد، هیلاک وماندوو گەیشتەوە ماڵەوە، هەرکە دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست، دەرگای ژوورەکەی ئەحمەد کرایەوەو لە دواوە بانگی کرد بۆ ژوورەکەی خۆی، روشدی تەریق و شپرزە بۆ ژوورەکەی ئەو ڕۆیی. ئەحمەد بە توندی گوتی:- چیت کردووە؟.. شێت بووی؟.. ئەمە قەول و قەرارمان بوو؟!

روشدی بێدەنگ بوو، بزەیەکی کاڵ نیشتە سەر لێوی، کە شەقڵی پەشۆکانی پێوە دیاربوو. ئەحمەد لە سەری ڕۆیی: - ئەمە ماقوول نییە، تا نەچوومە ناو جێگاوە هەستم بە دیار نەبوونت نەکرد، بە نیگەرانییەوە، چاوم لێکنا، خەوم لێنەکەوت، تا لە دەنگی دەرگاکەی تۆ بە تەواوەتی بێدار بوومەوە. ئەمە قەول و بەڵێنەکەت بوو؟!

روشدی، بێدەنگیەکەی شکاند وبە دەنگێکی نەوی گوتی:- داشۆ بەخۆت دەزانی من یەک مانگی تەواو لە سەر بەڵێنی خۆم مام. ئیدی کەڵکەڵەی ئەوەم کەوتە سەر کە بایەکی باڵی خۆم بدەم!

-ئەمە قسەی کەسێکە کە حەقیقەت نەزانێ یان خۆی لە گێلی بدات! چما نازانی بەڕەڵڵایی و خەمساردی یەک شەو، لەگینە زەحمەت و پارێزی، هەموو مانگەکە بە فیڕۆ بدات؟!

- بەڵام هەست دەکەم حاڵم زۆر باشە!

ئەحمەد بە توندی گوتی:- تۆ خۆت هەڵدەخەڵەتێنی، بەم خەمساردیە بەڵایەک بە سەر خۆت دێنی. تۆ هی ئەوە نیت چاوت لێخافڵ بکرێ. ئەگەر دکتۆرەکە بەم خەمساردی و بێموبالاتیەتی زانیبا، هەر لە هەوەڵ ڕۆژەوە بۆ ئاسایشگەی(مصح) دەناردی.

خەم نیشتە سەر چاوانی روشدی، مجێزی تێکچوو. ماندوویەتی زۆری بۆ هێنابوو، بە جۆرە گلەییەکەوە گوتی:- زۆر لە گەڵما سەختگیر مەبە.

-دە وەرە دەی، نۆبەتی ئەو قەوانەیە، تۆ جیاوازی نێوان میهرەبانی و سەختگیری ناکەی! نیگەرانی و بێخەوی و میهرەبانی من بە سەختگیری دەزانی؟ تۆ هەم غەدر لە خۆت و هەم لە من دەکەی!

ماندوویەتی ونارەحەتی زۆریان بۆ روشدی هێنا، روندک لە چاویا قەتیس ما. ئەمە بووە مایەی ئەوە کە تووڕەیی ئەحمەد بڕەوێتەوە و ببێ بە بەزەیی و هاوخەمی هاودەردی. دەستی خستە سەر شانی روشدی و بە ئارامی گوتی:- تۆ بەشی خۆت ماندوویت، منیش بەشی خۆم ئازارم بۆت خواردووە. نە بگری و نە دەگریم. من لەوە زیاتر هیچی ترت پێ ناڵێم! خودا خۆی هیدایەتت بدات. من خەمی تۆمە و دوعای خێرت بۆ دەکەم. برۆ بخەوە مەعز بۆ ڕەزای خوا ئاگات لە سەلامەتی خۆت بێ!

بە بێزارییەوە لە خۆی دەپرسی: تۆ بڵێی روشدی با بداتەوە سەر بەزمی جارانی خۆی و گوێ بە نەخۆشیە ترسناکەکەی خۆی نەدات؟!

(( ٣٧ ))

دنیا پێشوازی لە مانگی شوبات، بە تۆف و ڕەشەبا و سەرما و سۆڵەیەوە کرد. پەڵە هەورێن توند و چڵکن بەری ئاسمانی گرت، زەوی وەکو فەرخەی سەر لە هێلکە نەجوقاو، چاوەڕوانی بەهار بوو تا سەر لە

تاریکییەوە دەربێنێ و خۆی بە باوەشی ڕوناکی و بۆنی گوڵ و گوڵزاردا بکات. روشدی بەو بەدەنە لاواز و دەغەزارەیەوە، بە هەست و سۆزە گڕگرتووەکانی ناخیەوە، بە گژ کۆت و زنجیری ئەو نەخۆشییە ترسناکەدا دەچوو کە لە دەست و پێی ئاڵابوو. پزیشکەکە دووبارە معایەنەی کردبوو و پێی گوتبوو کە ڕەوشی سینگی باش نەبووە! روشدی نائومێد بوو، کە جاران دڵی بەوە خۆشبوو کە دەنگ گیرانەکەی باش بووە و کۆکە بەری دابوو، ئەوەشی لەلا نەما، زۆری سەبر کرد، وازی لە ژیانی دڵخوازی خۆی هێنابوو، هەر بە ئومێدی چاک بوونەوە بوو. باشە کەی چاک دەبووەوە؟! لەوەش خراتر ئەوە بوو کە دکتۆرەکە پێی لێکردبووە کەوشەوە، کە هەرچۆنێ بووە دەبێ خۆی بگەیەنێتە ئاسایشگەی حەلوان، یانی دکتۆرەکە لەوە نائومێد بووبوو کە لە قاهیرە چارەسەری هەبێت؟! ئەگەر وایە سوودی سەبر و عەزاب چییە؟! ئەمە جگە لەوەی برایەکەی بە ئاشکرا خەمی لاوازی و رەنگ زەردیەکەی ئەوی بوو، لە داخا پەرێشان بووبوو.

دەمەو ئێوارەیەک کە مژوولی وانە وتنەوە بە قوتابیەکانی بوو، نەوال داوای لە محەمەدی برای کرد بچێ پەرداخێ ئاو بێنێ، کە هەر دووکیان مانەوە، نەوال بەپەلە لە روشدی پرسی: " ناتوانی بەیانیان وەکو جاران بێیتە دیدەنیم؟.. ئەگەر بۆ یەک جاریش بووە! "

لە خۆشیا دڵی داخورپا، یەکسەر و بێئەوەی گوێ بداتە ئاقیبەتی ئەو کارەی گوتی: " سبەی بەیانی! " ئەوسا براکەی بیر کەوتەوە کە بووبوو بە زندانەوانی ئەم، لە دڵی خۆیدا گوتی: " ئەحمەد ڕازیە بەیانیان سەعات هەشت لە ماڵ بچمە دەرەوە، چ قەیدیە ئەگەر سێ چارەکێک زووتر لە ماڵ وەدەر بکەوم؟ " ڕۆژی دوایی بەیانی زوو لە خەو ڕابوو، قاوەڵتیەکی چەوری کرد، چاوەڕوانی کرد تا براکەی چوو بۆ حەمامەکە، یەکسەر فڕتەی کرد و لە ماڵ وەدەرکەوت. لەو ڕێگایەدا کە دەچوو بۆ وێستگە تازەکە، ئازیزەکەی دڵی بینی کە هێدی هێدی لە پێش ئەوەوە ڕێی دەکرد و پاڵتۆ کەوەییەکەی لەبەر کردبوو. جانتاکەی نابووە بن هەنگڵی، دڵی بە جۆرێ کەوتە لێدان، کە هەموو خەم و پەژارەکەی لە بیربردەوە، بە جادەی دراسەدا دووی کەوت، یەکسەر ئەو ڕۆژانەی بیرکەوتەوە، کە چۆن بە ساغ و سەلامەتی، بە دڵی خۆش و شادەوە، بەم جادەیەدا دوای کەوت. لە ناخی دڵەوە ئاهێکی پڕ خەم و کەسەری هەڵکێشا، لە دڵی خۆیدا گوتی: " بەڕاستی سەلامەتی کەنزێکی بە نرخە! " چاوی هەڵبڕی تەمەشایەکی چیای مەقتەمی کرد، کە هەور نیشتبووە سەر زنار ولوتکەکەی. ئاسمان، هەمیشە خودای بیر دێنایەوە، لە خودا پاڕایەوە کە بە دادیا بگات!..

لە دوای پێچەکەوە خۆی گەیاندە کیژێ، بە دەستی چەپ، دەستی ڕاستی گرت، کیژێ ئاوڕی لێدایەوە، بزەیەکی بۆ کرد. بە ڕاوێژێکی گلەیی ئامێز بە نازەوە گوتی:- چۆن دڵت هانی ئەم ڕێگەیەم لە گەڵدا تەی نەکەی هەی بێ وەفا؟

بە کەسەرەوە سەری لەقاند ولە بن لێوانەوە گوتی:- خودا سەرما بگرێ!

-دەبوایە زۆر زووتر چاک بووبوویتایەوە، چما دواکەوتی؟!

کەمێک ڕووی گرژ بوو وگوتی:- وایە. زۆری نەماوە! ئەلهەقی خەتای خەمساردی و بێموبالاتی منە!

کیژێ دەیزانی کە وەستانی ژوانی بەیانیان بەهۆی کۆکەکانی روشدییەوە بووە. بۆیە هەر کە کۆکەکەی لێ بووەوە، غیرەتی پەیدا کرد وداوای لێکرد دووبارە بەیانیان بە گەڵی بکەوێتەوە. ژێراوژێر نیگایەکی ڕەنگە زەردەکەی روشدی کرد و پێی گوت:- دەزانی دایکم چیت دەربارە دەڵێت؟

دڵی بە تووندی کەوتە لێدان. لە دڵی خۆدا ترسا نەبا ئەمە ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بێ، بۆ ئەوەی بچێتە خوازبێنی. پرسی:- چی دەڵێ؟

بە پێکەنینەوە گوتی: مامۆستایەکەت بۆچی ئەوەندە لاوازە، خۆ دەڵێی داسک و دەرزییە؟!.. دەیەوێ تەگبیرێکی قەڵەوبوونی بۆ بکەم؟!

نەوال نەرمە پێکەنینێکی بۆ کرد و روشدیش بۆی سەندەوە، تا ئەو خەم و پەژارەیەی سەر و دڵی گرتبوو، لێ بشارێتەوە، نیگەران بوو، بەڵام خۆی لە گێلی دا، بە ڕاوێژێکی دەستکردی شادی ئامێزەوە گوتی:- قەڵەویم بۆچیە، لاوازی مۆدی ڕۆژە؟ لە جیاتی من سوپاسی بکە و پێی بڵێ من حەز دەکەم لەوەش لاوازتر بم..

نەوال، وەک بڵێی بابەتێکی گرینگی وەبیر هاتبێتەوە، بەتووندی گوتی:- هەی فێڵباز!... وا نەزانی کە هەندێجار وەختێک لە پشت مێزی دەرسەکەمانەوە دادەنیشین، هەست بەوە نەکەم کە پێت لە پێم دەماڵی! گوێت لەوە نییە کە تۆ پێڵاوت لە پێیە ومن پێم پەتیە!

روشدی پێکەنی، ڕووی گەشایەوەو گوتی:- گیانم بە قوربانی پێیە ئازیزەکانت بێ!

بەلای قاوەخانەی سەحرادا تێپەڕین. نەوال ئاماژەیەکی بۆ لای گارسۆنەکە کرد کە خەریک بوو تێشتی دەخوارد، گوتی:- دەزانی ئەم گارسۆنە نارەسەنە، هەستی بە ژوانی بەیانیانمان کردبوو؟! کە لە ڕۆژانی رابردوودا منی بە تەنیا دەبینی، چەپڵەیەکی لێدەدا و وەکو یەکێک لە بەر خۆیەوە قسە بکات دەیگوت: " ها بولبول، کوا هاوجووتەکەت ؟.. عاشقان، هەموو دوو دوون! " مەگەر خودا بزانێ چەند تەریق دەبوومەوە. لەزگ بوو ببورێمەوە!

دووبارە دەستیان بە پێکەنین کردەوە. لە پێچی ئەو ڕێگایە نزیک دەبوونەوە، کە گۆڕستانە دارینەکەیماڵباتی عاکف کەوتبووە لایەکیەوە، کیژێ چاوی بە گۆڕستانەکە کەوت و گوتی:- ئێوە بەلای کەمەوە سەد فاتیحای من قەرزارن، چونکە هەموو بەیانییەک فاتیحا بۆ مردووەکانتان دەخوێنم!

روشدی بەدەم بزەیەکەوە گوتی:- نەوال تۆ بۆ بابە گەورە ڕەحمەتی و، بۆ نەوەکەی عەزاب و زەحمەتی!

ئەوسا تەمەشایەکی گۆڕستانەکەی کرد، بیرۆکەیەکی ترسناکی بە مێشکا هات. وەکو ئەوەی شەیتان بێ و لە ناکاوا لە گۆڕەکانەوە دەرهاتبێ. ئایا سبەی ڕۆژێ نەوال کە ئەم ڕێگایەی تەی دەکرد، فاتیحای بۆ ئەمیش دەخوێند؟!.. سەرو دڵی گیرا، ئەوسا نیگایەکی غەریبی ڕوخسارە ئەسمەرەکەی نەوالی کرد، هەستیکرد هەموو هیواو ئومێدێکی لە دنیادا هەر نەوالە. تەنیا شتێک کە دەیتوانی گاڵتەی بە مەرگ بێ و باکی پێی نەبێ، یەک بوونی دوو دڵی ئاوێتەی یەکدی بوو. ئەنگێزەیەکی بەهێز هانی دەدا کە ئاویزانی بێ، بیخاتە کانگەی دڵی خۆیەوە. کیژێ هەستی بە نیگا خەیالاوییەکەی روشدی کرد و بە جدی پرسی:- بۆ بەو جۆرە تەمەشام دەکەی؟!

روشدی بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:- چونکە خۆشم دەوێی نەوال – کاتێ لەبەر ڕۆشنایی چاوی تۆیا دەمڕوانیە گۆڕەکان – ئەوسا حاڵی بووم مانای ئەو قسەیە چییە کە دەڵێت ژیان عەشقە! گۆڕەکان پێیان گوتم هەر سەعاتێ ڕازی ببین لێکدی دابڕێین، تاوانێکە سزاکەی قەبری تەنگ وتارە! دەتگوت دەنگێک پێم دەڵێت: چەند بێ ئەقڵیە کە خۆ بە شتی پووچ و تووڕەهاتەوە هەڵواسین و نیعمەت و لەزەتی ژیان فەرامۆش بکەین!

گوناکانی نەوال سوور هەڵگەڕان وپرشنگی شادی لە چاوەکانی بووەوە، شتاقیان، نە نەوال و نە روشدی هەستیان بەو بایە سارده نەدەکرد کە لە بیابانەوە دەهات، روشدی دەستی نەوالی توند گوشی و بە بێدەنگی درێژەیان بە ڕێگای خۆ دا. لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە نها دوای ئەو هەموو قسەیەی کە کردی، چۆن دەبێ باسی خوازبێنی بکات؟!. نەوال، لە هەر هەنگاوێکا پێشبینی ئەوەی دەکرد کە ئەو (روشدی) باسی ئەو بابەتە خۆشە بکات، لێ روشدی تا نزیکی کۆتایی ڕێگاکە هەر بێدەنگ بوو. خاترخوازیان لێکدی کرد وهەر کەسە و بە ڕێی خۆیدا ڕۆیی. روشدی بە کاوەخۆ، هێدی هێدی ڕێی دەکرد و ناوبەناو بە نیگایەکی تەژی ڤیان و شادی و خەمەوە ئاوڕی لێدەدایەوە و تەمەشای دەکرد. تا نەوال پێچی کردەوەو خۆی بە شەقامی عەباسیەدا کرد. روشدیش بەرەو وێستگەی ترامەکە ڕۆیی، کە گەییە ئەوێندەر هەستی بە ماندوویەتی کرد، هەناسەی تەنگ بوو، سەرەگێژەی پێکەوت، چیوای نەمابوو بڕشێتەوە.

***

بۆیە لیێرا باسی مەسەلەی خوازبێنی لە لای کاکی بکاتەوەو ڕەنگە نەچوونیان بە لای مەسەلەکەوە، جۆرە گومان و دڕدۆنگییەک لە لای ماڵباتی کیژێ دروست بکات، بەڵام کاکی – کە لە چوونە دەرەوەی زووی ئەو توورە بوو – قاییل نەبوو پێش ئەوەی بە تەواوەتی چاک ببێتەوە، لەو بارەیەوە قسە لە گەڵ کەمال خەلیلەفەندی بکات. بە روشدی گوت:- بیانوویەکیان بۆ بدۆزەوە، خۆ تۆ لەو ڕووەوە وەستای. ناکرێ بەر لەوەی خوا حەزکا بە تەواوی چاک ببیتەوە، بە فەرمی هیچ قسەیەک لەو بارەیەوە بکەین. ئیدی خوازبێنی خەلاتی چاک بوونەوەتە، دەی قۆڵی هیمەتی لێهەڵماڵە!

ئەحمەد نەیتوانی قەناعەتی پێبکات کە بەیانیانی زوو دەرنەچێ و خۆی نەداتە بەر سەرما. بۆیە کۆڵی داو ئەوی بە ڕەحمەت ولوتفی خوایی سپارد. یەکێک بوو لەو کەسانەی زۆر بە خەمی کەس و کارەوە بوو، کەسێکی خەم هەڵگر بوو، ئیدی نەخۆشی براکەی – لە هەوەڵ ڕۆژەوە – بوو بە خەمی بەر و دوای، بوو بە دڕکێکی ژەهراوی، لە دڵی ڕۆدەچوو ونیگەرانی دەکرد.

بەڵام ترس و نیگەرانیەکەی ئەحمەد، پەلوپۆی بۆ دوورتر هاوێشت، گەیاندییە کێشەیەکی هەستیاری مورالی ئەوتۆ کە جاران هەرگیز بە بیریا نەهاتبوو. ئەم خەیاڵە دەستبەرداری نەدەبوو کە براکەی هەموو بەیانییەک دەچووە دیدەنی ئەو. یان کە ئێواران دەچوو دەرسی پێدەگوتەوە، دوور نەبوو، وەکو هەموو عاشقێک فرسەت بێنێ و ماچێکی بکات. ئایا لەم حاڵەدا ئەگەری ئەوە نەبوو، کیژێش دووچاری نەخۆشیەکەی ئەو ببێت؟!.. باشە روشدی هەستی بە مەترسی ئەم کارە نەدەکرد؟ یانی ویژدانی ئازاری نەدەدا؟!.. بەڵام چۆن چاوەڕوانی ئەوە لە کەسێک دەکرێ کە گوێ بە ژیانی خۆی نەدا، گوێ بە ژیانی خەڵکانی دی بدات؟.. زۆری بیر لەم مەسەلەیە کردەوە، زۆر بە خەمەوە بوو، نەیدەزانی چۆن کیژێکی بێتاوان، لە فەوتان ڕزگار بکات. ئەمەی بە ئەرکێکی ئەخلاقی دەزانی، کەچی بیری لەوە نەدەکردەوە خۆی پیشانی دکتۆر بدات. زۆرجار چاوی ئینسان تەنیا ئەو شتە دەبینێ کە خۆی حەزدەکات بیدینێ. خەمین ودڵگیر بوو، خەم وپەژارە دووچاری نائومێدی و سەرگەردانییەکی توندی کرد، نەیدەتوانی ڕاستی مەسەلەکە بە کەمال خەلیل بڵێت، چونکە ئەمە خیانەتێکی گەورە بوو دەرهەق بە براکەی، نە دڵی دەهات هیچ شتێک بە براکەی بڵێ، نەبا دڵی ناسکی براکەی برەنجێ. دوو دڵی ونیگەرانی ودلسۆزی و بەزەیی ئەزیەتی  دەدا. عەزم و ئیرادەیەکی بە قوەتیشی نەبوو، بە دڵێکی پەشێو و بیرێکی پەرێشانەوە، بێدەنگی لە مەسەلەکە کرد، ئیدی ترس ونیگەرانی سەری ژەنی بووە ناخی و

گوشارێکی ئەوتۆی بۆ ویژدانی هێنابوو، کە تەواو شەکەت و بێتاقەتی کردبوو، بە نائومیدیەوە بە خۆی گوت: " باشە، بێهۆش داروەکەی لای وەستا زەفتە لەم ژیانە باشتر نییە؟!"

(( ٣٨ ))

حاڵی روشدی خراتر بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر ، ڕەنگی زەردتر دەبوو. گوێی بە نەخۆشییەکەی نەدەدا، هەموو بەیانیەکی زوو ڕێگەی جەبەلی دەگرتە بەر. هەرکاتێ دڵی تەنگ بوایە، دەچوو بۆ گازینوی غەمرە و تا بەرەبەیان لە گەڵ هاوڕێکانیا دەمایەوە.

ئەحمەد هەمیشە بە خەمینییەوە پێی دەگوت: " دەتەوێ خۆت بکوژی؟! " لە ڕاستیا، بێئەوەی بیەوێ کەوتبووە سەر ڕێگای خۆکوژی و توانای ئەوەی نەبوو، بەسەر مەیلە لەزەتخوازییە سروشتییەکانی خۆیدا زاڵ بێت، ملی بۆ ئەو هەستیاریە تازەیەدا کە نەخۆشیەکەی لەلای دروستی کردبوو، بە حوکمی سەرکێشی وچاوقایمی خۆی، بە حوکمی گەشبینی خۆی هەرگیز جگە لە هەندێ جاری زۆر کەم نەبێت، بیری لە ئاقیبەتی خراپی ڕەفتارەکانی خۆی نەدەکردەوە، هەمیشە هەر گەشبین بوو؛ لە سەر بەزمی خۆی بەردەوام بوو. دنیای دابووە بەرکلکان. بەڵام لە ناکاوا کۆکەکەی لە جاران توندتر سەری هەڵدایەوە، بەردەوام نۆرە کۆکە دەیگرت. چەندین جار خوێنی هەڵهێنا، کۆکە کۆکەکەی لە بانک دا، سەرنجی هاوکارەکانی ڕاکێشا، گومانیان لێپەیدا کرد. توانای کارکردنی نەما. داک و بابی هەستیان بەو مەترسیە کرد کە هەڕەشەی لە کوڕەکەیان دەکرد. ئامۆژگاریان کرد، تا چاک دەبێتەوە دەست لە کارەکەی هەڵگرێ، بەڵام ئەو شێتانە وای دەنواند چاک بووەتەوەو وەکو کەسێکی ساغ وساغڵەم ڕەفتاری دەکرد. ئەحمەد، خوای نەمابوو، ڕۆژێک بۆ ژوورەکەی خۆیی بانگ کرد و زۆر بە جدی پێی گوت:- تا کەی دەتەوێ چاوپۆشی لە مەترسی نەخۆشیەکەت بکەی؟

روشدی بە ملکەچیەکی چاوەڕوان نەکراوەوە گوتی:- مەبەستت چییە؟

-لە سبەیەوە نابێ بچی بۆ دەوام. هەروەها نابێ بچیتە شەوبێری و کۆڕی خواردنەوە و بەزمان!

- باشە ئەگەر ڕازەکەم کەشف ببێت؟

ئەحمەد، بە خەمبارییەکی زۆرەوە گوتی:- نەخۆشی عەیب نییە، هەر زەروورەتێک حوکمی خۆی هەیە!

روشدی، سەری لەبەر خۆ نا، توانای وەڵامدانەوەی نەما، ئاهێکی قوڵی لە دڵی برینداربیەوە هەڵکێشا و گوتی:- خوا کەریمە!

هەڵبەتە ڕادەست بوونەکەی زادەی ماندوویەتی و بێتاقەتی بوو نەک زادەی قەناعەت ورەزامەندی. پزیشکی بانکەکە تا روشدی بە هۆی نەخۆشیەکەوە بە تەواوەتی پەکی نەکەوت و نەخۆشیەکەی ئاشکرا نەبوو، ڕەزامەندی لە سەر یەکەمین مۆڵەتی نەخۆشیەکەی نەدا. بەدەم نەخۆشی و کۆکەوە لە جێدا کەوت، ئەحمەد هەر لە هەوەڵەوە ڕاستی مەسەلەکەی لە داک و بابی شاردەوە، بەڵام نەخۆشییەکەی روشدی بە تەواوەتی دەرکەوت، لەوەدا نەما کە بێتە شاردنەوە، دایکی بەڵغەمە خوێناوییەکەی بینی، باوکی بە هەموو شتێکی زانی، زۆر ترسان، ترس و نیگەرانی دڵە لاوازەکەیانی دالەرزاند. کار گەییە ئەوەی ناچاربن ڕاوێژ بە دکتۆر بکەن، ئەحمەد پێشنیازی کرد کە دکتۆرەکەی بۆ بێننەماڵەوە؛ بەڵام روشدی حەزیدەکرد بە دوو قۆڵی، خۆی و براکەی بچن بۆ لای دکتۆرەکە. چاکەت و پانتۆڵەکەی کە زۆر بە بەری دەڵب بووبوو، بە یارمەتی دایکی لەبەر

کرد. بە سواری گالیسکەیەک چوون بۆ عیادەی دکتۆرەکە، ئەحمەد لە گەڵیا چووە ژووری معایەنەوە. دکتۆر، کە دوو هەفتە دەبوو، نەی بینی بوو، بە نیمچە زەردەیەکەوە گوتی:- ئەوە چیت بە خۆت کردووە؟

روشدی، بزەیەکی مردەڵەی بۆ کرد و لەبن لێوانەوە گوتی:- کۆکەیەکی پیسم گرتووە! زۆر بێتاقەتم!

دکتۆر معایەنەی کرد، ماوەیەکی باش بێدەنگی بەرقەرار بوو، ئەوسا کە لە معایەنەکە بووەوە، گوتی:- یەک قسەت پێ دەڵێم و تەواو: بڕۆ بۆ ئاسایشگە!

ڕوخساری زەرد هەڵگەڕاوی روشدی گرژ بوو.. بە دەنگێکی نەوی پرسی:- حاڵم خراتر بووە؟

دکتۆرەکە برۆی وێک هێنانەوەو گوتی:- هەڵبەتە، گومانم لەوە نییە کە بە ڕێنماییەکانی منت نەکردووە، بەڵام ئەگەر بەپەلە بۆ حەلوان بڕۆی، جێی نیگەرانی نییە. ئەگەر دەتوانی ئەمڕۆ بڕۆ، لەوێش خافڵت ناکەم!

ئەحمەد پرسی: مانەوەی لە حەلوان زۆر دەخایەنێ؟

دکتۆرەکە گوتی:- خوا دەیزانێ! من ڕەشبین نیم، بەڵام نابێ ڕەخاوەت بکەن!

بۆ ماڵ گەڕانەوە. داک و بابیان بە پەرۆشەوە چاوەڕوانیان دەکردن، باوکیان یەکسەر لە ئەحمەدی پرسی:- چیەتی؟

ئەحمەد کە دەیزانی درۆ کردن فایدەی نییە، بە خەمینی و بە کورتی گوتی:- دەبێ بچێتە ئاسایشگە!

هەموو مات و بێدەنگ بوون، ڕوندک زاییە چاوانی دەوڵەت خانم. لە ئان و ساتا بوو لە هۆڕژنی گریان بدات، باوکەکە لە بن لێوانەوە گوتی:- خودا ڕەحممان پێبکات!

ئەحمەد، کە بە تۆپزی خۆی کۆنترۆڵ دەکرد، گوتی: جێگەی نیگەرانی نییە، بەڵام هەر دەبێ بڕوات بۆ ئاسایشگە!

روشدی، هێشتاش هەر لە ئاسایشگە بێزار بوو، بەڵام نەدەوێرا بڵێ: نا.

برایەکەی بانگ کردو، بە پاڕانەوەو بە شێوەیەک کە دایکی گوێی لێبێت، گوتی:- ئەگەر تۆ بڵێی بڕۆ بۆ ئاسایشگە، باشە دەڕۆم، بەڵام..

ئاماژەیەکی بۆ پەنجەرەکە کردو گوتی:- حەز ناکەم ئەوانە بە شتەکە بزانن!

ئەحمەد زۆر خەمگین بوو، سوێیەکی قووڵ چوو بە دڵیا و گوتی:

-خەمت نەبێ، زۆر بە ئاسانی دەتوانین بڵێین سیپەلاکت تووشی ئیسقایی (ئاوبەند) بووەو دەبێ لە ئاسایشگە بخەوی!

روشدی بە ناڕەحەتی گوتی:- باشە باوەڕ دەکەن؟

ئەحمەد گوتی:- دەرمانی ئیسقایی زۆر دەخایەنێت، بەهەرحاڵ، سەلامەتی خۆت، لەوە گرینگترە گوێ بە شتی دیکە بدەیت.

ئەحمەد، وەختی بە فیرۆ نەدا و بە یارمەتی دکتۆرەکە کەوتە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە پێویست بوون بۆ خەواندنی براکەی لە ئاسایشگە (مصحة). پێیان گوت کە لە یەکی هەیڤی مارس تەختێک چۆڵ دەبێت. ئیدی بڕیاری دا لەو بەروارەوە براکەی بۆ ئەوێندەر ببات. لەو ماوە کورتەی پێش سەفەری روشدی بۆ ئەوێندەر، خانەوادەکەی دووچاری خەم و پەژارەیەکی زۆر بوون، روشدی بەدەم کۆکەی پڕ ئازارو بێخەوییەوە دەتلایەوە. داک و بابی بەدەم خەم و پەژارەیەکی قووڵەوە دەتلانەوە. ژیانیان لێ تاڵ بوو، خۆزگە و ترس بە نیگایانەوە دیار بوو. ئەحمەد کەوتبووە ژێر باری خەم و نیگەرانیەوە، ترس و خەم باڵی بەسەر ژیانیا کێشابوو. کەمالەفەندی خەلیل سەری روشدی دا، دڵنیای کرد کە ئیسقایی و ئاو پەیداکردنی سیپەلاک مەترسی نییە، بە پارێزێکی کەم چاک دەبێتەوە!. پاشان تەوحیدە خانم و نەوال – ئەحمەد لە ماڵ نابێت – دێنە دیدەنی و نەوال پێی دەڵێت ئەمەش خێر وبەرەکەتی لاوازی، هێندەت حەز لە لاوازی دەکرد، تا ئەم بەڵایەت بە سەر هات، بە پێکەنینەوە بەڵێنی دایە دوای ئەوەی چاک بووەوە، بەخۆی سەرپەرشتی قەڵەوبوونی دەکات.

نەوال نەیدەزانی لەبەردەم هەر دوو دایکەکەدا چ بڵێ. روشدیش نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ تەمەشای ئەو بکات. بەڵام ژێراوژێر وبە دزییەوە، نیگای عاشقانە و خەمناکی کروکپی یەکتریان دەکرد. روشدی بە سەردانەکەیان زۆر خۆشحاڵ و شاد بوو. لەوەتای لە جێگادا کەوتبوو بەو ئەندازەیە خۆشحاڵ نەبووبوو. دوای ئەوەی نەوال و دایکی ڕۆیشتن، روشدی بە دایکی گوت دەترسێت حەقیقەتی نەخۆشیەکەی کەشف ببێت. بەڵام دایکە خەمبارەکەی دڵنیای کرد کە نەخۆشییەکەی ڕازێکە ولە دڵی دۆستدارەکانیا دەمێنێ.

بەیانی ڕۆژی یەکەمی هەیڤی مارس، گالیسکەیەک جووتە برای بۆ وێستگەی اللوق برد، دوعا و نزای بابی دوا شتێک بوو کە لە ماڵەوە گوێی لێبوو، ڕوندکەکانی دایکی دوا شت بوون کە بینی. روشدی لە ڕێگەدا بە براکەی گوت:– ئەگەر چارەسەرەکەم درێژە بکێشێت، بێگومان لە کارەکەم دەردەکرێم!

ئەحمەد، بە متمانەوە گوتی:– ئەگەر خوا نەکردە شتی واش ڕووبدات، گەڕانەوەت بۆ سەر کار زۆر ئاسانە، بیر لەو شتانە مەکەرەوە، حاڵی حازر تەنیا بیر لە چاکبوونەوە بکەوە!

ئەوسا سواری قیتار بوون، حەلوان خۆت بگرە وا هاتین، لە پاڵ یەکدا دانیشتن. ئەحمەد بێدەنگ بوو، خەم و نیگەرانی لە ڕوخسارە لاوازەکەیدا شەپۆلی دەدا. روشدیش ناوبەناو دەکۆکی. ئەحمەد، بە سەرسامی بیری لەو بەدبەختی و نەگبەتیە دەکردەوە کە بەرۆکی بنەماڵەکەیانی گرتبوو. پێشتر کوڕێکیان مردبوو. ئێستاش روشدی تووشی نەخۆشیەکی مەترسیدار بووبوو، بە خۆیشی نیشانەیەکی خۆشئەنگافتەی بەڵا و قۆرتەکانی ڕۆژگار بووا.. بریا ڕۆژگار هەر بەو قەناعەتی بکردایە، قیروسیا دەبوو بە قوربانی، لێ مخابن ڕۆژگار دەستبەردار نابێت.. ژێراوژێر تەمەشایەکی برا گەنجەکەی کرد. لاوازی مل وگەردنی، سیسی چاوەکانی، ئاوابوونی نیگا شۆخ و ڕەخشانەکەی، دڵیان هێنایە ژان، ئاهێکی هەڵکێشا و بە کەسەرەوە بە خۆی گوت: " خودایا، کەی تەمی ئەم خەمە دەڕەوێتەوە؟.. کەی ئەو ڕۆژە دی چاو هەڵێنم و ببینم ئەم هەموو بەڵایە، تەنیا بیرەوەرییەکی بەسەر چووە و هیچی دی؟! " لە پەنجەرەکەوە ڕوانیە دەرەوە، تا چاو بڕکات هەر تەلار و ڤێلای پێکەوە چەسپاو بوو. ئەوسا قیتارەکە بەناو دەشت و دەری سەوزەزار و دیمەنی گوندەواری چاونەواز کەوت، پاشان گەییە بیابان و دەشتێکی کاکی بە کاکی بێ کۆتایی، کە لە دووری دوورەوە، چیای بەرزو هەڵەمووت دەبینرا. دیتنی دیمەنی تەلاران و دەشتێن سەوزەزار و بیابانی کاکی بە کاکی، هەستێکی خەمناکی لە ناخا هاڕوژاند، زۆر خەمبار بوو.

قیتارەکە گەییە حەلوان، لە قیتارەکە دابەزین، روشدی ماندووی ڕێگا بوو، گالیسکەیەکیان بە کرێ گرت، بە ڕێگایەکی چۆڵا بردنی. لە دوورەوە ئاسایشگایەکیان بەدی کرد، وەکو قەلایەکی گەورە بە سەر شاخێکەوە دروست کرابوو. جووتە برا بە دڵی لەرزۆکەوە تەمەشایان کرد، ئەحمەد گوتی:- ئیشەڵڵا خوا بە هاناتەوە دێ، شفات بۆ دەنێرێ و بە ساغ و سەلامەتی و بە دڵی خۆشەوە لێرە دێیتە دەرەوە.

گەیشتنە ئاسایشگەکە، بە باڵاڕۆیەکە چوون بۆ نهۆمی سێیەم، پەرستارێکی ژن، ژوورەکەی نیشاندان، دوو تەختە خەو لە ژوورەکەدا هەبوون، گەنجێکی هاوتەمەنی روشدی لە سەر یەکێکیان ڕاکشابوو، ڕێک وەکو ئەو لەڕ ولاواز، مردەڵە، ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە و چرچەڵە بوو، بەدەم زەردەخەنەوە سڵاویان لە یەکدی کرد. روشدی ڕۆنیشت و نەفەسێکی تازە کردەوە، ئەوسا بە یارمەتی ئەحمەدی برای جلەکانی گۆڕی و لە سەر تەختە خەوەکە ڕاکشا، ئەحمەد، لە سەر قەنەفەیەک لە بەرانبەریا ڕۆنیشت. ئاماژەی بۆ گەنجە نەخۆشە غەریبەکە کردو بە روشدی برای گوت:- دەبن بە هاوڕێی باش، ئیدی یارمەتی یەکدی بدەن با وەختەکەتان لێ بڕوات و هەست بە تەنیایی نەکەن، تا بە ئومێدی خوا بە ساغ وسەلامەتی لێرە دێنە دەرێ!

جارێ قسەی دەگەڵ براکەی وجارێ لەگەڵ گەنجەکەی تەختی دووەمدا دەکرد. ناوی ئەنیس بەشار بوو، خوێندکاری دوا سالی کۆلیژی ئەندازە بوو. وادیاربوو سەفەرەکە، روشدی زۆر ماندوو کردبوو.بێحاڵ وحەواس لە سەر تەختەکە ڕاکشابوو، ئەحمەد تا ئەو کاتەی لە حاڵی براکەی دڵنیابوو، لەوێندەر مایەوە. پاشان ڕابوو تا بڕوات. وەختایەک دەستی براکەی گوشی، هەستیکرد دڵی پڕبوو، ڕوندک لە ناخیا قوڵپ دەدات، لێوی خۆی گەست بۆ ئەوەی فرمێسکەکانی نەگەنە چاوی. لە ژوورەکە وەدەرکەوت. وای هاتە بەرچاو کەلە کاتی خواحافیزیدا، دڵی روشدیش پڕبوو، لە ئان و ساتا بوو کونی فرمێسکانی بەربێ و لە هۆڕژنی گریان بدات، دڵی دەیگوت بگەڕێتەوەو جارێکی دی ببینێتەوە، بەڵام بەرەنگاری سۆزی خۆی بووەوەو نەگەڕایەوە. چەند ڕاڕەوێکی دوور ودرێژی بڕی کە بە سەر ژووری نەخۆشاندا دەیڕوانی. خەڵکانێکی تاپۆ ئاسای بە جلی سپی دەڵبەوە بینی. بەدەنی ڕاجفری ودڵی دالەرزی. وەختایەک بەڕێوە بوو بۆ وێستگەی قیتارەکە، وەستا، ئاوڕێکی پاشی دایەوە، تەمەشایەکی بینا گەورەکەی ئاسایشگەکەی کرد و لە بن لێوانەوە دوعای بۆ براکەی کرد.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە، ماڵباتی عاکف نقومی خەم و پەژارەیەکی گەورە بوون. نیگای باوکەکە، وێڵ وسەرگەردان بوو، دایکەکە هێندە گریابوو چاوانی بووبوون بە گۆمی خوێن. ئەحمەد هەوڵیدا، دڵخۆشی بداتەوەو هێوری بکاتەوە، بەڵام لە ڕاستیا، بەخۆی پێویستی بە کەسێک بوو دڵی بداتەوە.

(( ٤٠ ))

ماڵباتەکە بە تاسەوە چاوەڕوانی ڕۆژی هەینی بوون، کە ڕۆژی دیدەنی و سەردان بوو. کەمال خەلیلەفەندی قەراری دابوو بە ماڵ و منداڵەوە لە گەڵیاندا بڕوات بۆ سەردان و دیدەنی روشدی. هەردوو ماڵبات خۆیان ئامادە کرد، ئەحمەد کارتۆنێ پسکیتی ناو بە چکلێتی بۆ براکەی کڕی. خاتوو تەوحیدە – داکی نەوال – کێکی نایابی بۆ دروست کرد. چێشتەنگاو هەمووان، هەرسێ پیاوەکە و هەر دوو ژنەکە و نەوال چوون بۆ وێستگەی باب اللوق، سواری قیتار بون، لە هەنبەر یەکدا ڕۆنیشتن، پیاوان لە بەرێکەوەو ژنەکانیش لە بەرانبەریان، نەوال ڕێک لە بەرانبەر ئەحمەددا دانیشت!. ئەحمەد لە یەکەم ساتەوە لێبڕا تەمەشای نەکات، لە ڕاستیا لەوساوە کە مەسەلەکەی ئەوانی بۆ کەشف بووبوو، ئیدی نەوالی نەبینی بوو. ئێستا بوونی نەوال لە بەرانبەریا، کۆمەڵێک یادەوەری وەبیر هێنانەوەو خەمین وخەمباری کرد. دەترسا، شەپۆلی بیرەوەری ڕایماڵێت. بۆیە جارێ بە

دواندنی کەمال خەلیلەوەو گاڤێ بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەی ئەهرامەوە خۆی مژوول دەکرد، لە ڕاستیا هیچ چارێکی نەبوو تەنیا ئەوە نەبێ کە تەمەشای نەوال نەکات، بەڵام لێشاوی بەتینی یادەوەرییەکانی زۆری بۆ هێنا، خۆزی دەخواست بتوانێت خەونە لەبارچووەکانی!.. یان تووڕەبوونی لە براکەی یان نەخۆشیەکەی، کە دووچاری عەزابی ویژدانی کردبوو، لەبیر بباتەوە!.. نەیدەتوانی ئەوە لە بیر خۆی بباتەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان نیگەرانی ئەوە بووبوو کە نەبا نەوال، ئەو نەخۆشیە پیسە لە روشدییەوە بگرێ و لە دڵی خۆدا گلەیی لە براکەی دەکرد کە گیانی نەوال دەخاتە مەترسییەوە؟.. هەموو ئەو بیر و خەیاڵانە ژیانیان لێکردبوو بە دۆزەخ، وایلێهات جارێک بەخۆی گوت: " روشدی سینگی تووشی نەخۆشی بووە، من عەقڵم! " پاشان لە دڵی خۆیدا پرسی: نها کە من ڕووبەڕووی دانیشتووم، ئاخۆ بیر لە چی دەکاتەوە؟! لەبەری گرانە؟! تەریق نییە؟! ئاخۆ شەرمەزاری ئەوە نییە کە بووەتە بایسی نەخۆشکەوتنی روشدی و پشتی کردووەتە ئەم پیرە کوڕە؟!.. با بە ئەنقەستیش نەبووبێ.. ئیدی ژیانی ئەم و سەلامەتی ئەم فایدەی چییە؟.. لە ناکاوا هەستی مازوخیەت کە لە هەمان کاتدا هەم بە سوێ بوو هەم بە لەزەت، دایگرت!.. ڕاستت دەوێ، هەرچەند سەیری نەوالی نەدەکرد، بەڵام بەبوونی ئاسوودە بوو!... بەڵام بۆ؟... ئایا دەیویست توانای خۆی لەواری فەرامۆشکردن وسازشدا تاقیبکاتەوە؟!... یان دەیویست ئەوەی پێ نیشانبدات کە دەتوانێ فەرامۆشی بکات وهیچ حیسابێکی بۆ نەکات؟!. ئەوسا کەمێک وەخۆ هاتەوە، دوایی کە بیری کەوتەوە بەڕێوەیە بۆ دیدەنی ئازیزە نەخۆشەکەی، لەو بیرو خەیاڵانەی خۆی تەریق بووەوە.. بەڕادەیەک بەدەم ئازارانەوە دەتلایەوە، خۆزیای دەخواست بکرێت بە نەشتەرگەری، بەشە گەندەڵەکەی دەروون، لاببرێ، وەکو چۆن دەکرا ئەندامی بێ کەڵکی جەستە بە نەشتەرگەری ببڕێتەوە!

گەیینە جێ، لەو کاتەدا کە بەرەو ئاسایشگەکە دەچوون، هەمووان چاویان بڕی بووە ئەوێ. ئەحمەد بە ئومێدی ئەوە بوو، بە حوکمی ئیسراحەتی ناچاری و کەش و هەوای لەباری ئەوێندەر، براکەی لە حاڵێکی باشتردا بدینێ – هەرچەندە تەنیا سێ ڕۆژ بوو لەوێ بوو – پێش هەموویان کەوت بۆ ژوورەکەی روشدی. لە دوورەوە ڕوانیە تەختە خەوەکە، روشدی ڕاکشابوو، هەستی بە هاتنی ئەوان کرد؛ بەڵام لە جێی خۆی نەجولا، بزەیەکی کاڵ نیشتە سەر لێوە ژاکاوەکانی، هەموو میوانەکان کە دەوری تەختەکەیان دابوو ئەحواڵپرسیان لەگەڵ کرد. ئەحمەد نائومێد بوو، بە دیتنی ڕەوشی برا گەنجەکەی، تەواو ترسی لێنیشت، گومانی لەوە نەبوو کە حاڵی زۆر لەو ڕۆژە خراتر بووە کە بۆ ئێرەی هێنابوو. سەری لەم حاڵە دەرنەدەکرد، دڵی تەنگ بوو. میوانەکان دانیشتن، پسکیت و کێکەکەیان لە سەر مێزێکی نزیکی تەختە خەوەکە دانا. روشدی بە دەنگێکی کز گوتی:- من تەقریبەن هیچ ناخۆم.. ئیشتیام نییە.

دایکی، کە هەوڵیدەدا، خەمینی ونیگەرانی بە چاوانیەوە دیار نەبێ، لێی پرسی:- حەزت لە خواردنی ئاسایشگە نییە روشدی گیان؟!

-خواردنەکەیان باشە، بەڵام من ئیشتیام نییە!

خاتوو تەوحیدە گوتی:- هیچ مەترسە، نەخۆش لە هەوەڵی نەخۆشیەکەیا دڵی دەگیرێ، حەزی لە خواردن نامێنێ، دڵی خواردن نابات، سبەی دوو سبەی، بەهۆی ئەم کەش وهەوا وشکەوە، ئیشتیات دەکرێتەوە و خواردن بەرگەت ناگرێ!

ڕوشدی بزەیەکی بەرووی ئەوا داو پاشان بەڕووی نەوال دا کە لە تەنیشت ئەوەوە ڕۆنیشتبوو داو ئەوسا ڕوویکردە ئەحمەد و گوتی:- ئەم سێ شەوەم زۆر بە ناخۆشی لێگوزەرا، نەمدەتوانی بە باشی بخەوم، ئازارم زۆر بوو، حەوانەوەم لەبەر بڕابوو..

ڕستەکەی تەواو نەکرد. ئەحمەد هەستی کرد بە ئانقەست خۆی لە باسی کۆکەکە بوارد. لەو ساتەدا بۆی دەرکەوت، کە هێنانی ماڵی کەمال خەلیل لە گەڵ خۆیاندا، هەرچەندە ڕوشدی خۆشحاڵ دەکرد – هەڵەیەکی گەورە بوو، بەڵام ویستی دڵخۆشی ڕوشدی بداتەوەو گوتی:- قسەی تەوحیدە خانمە، ئیدی نەخۆشی لە هەوەڵەوە وایە، ئیشتیا نایەڵێت. بە ئومێدی خودا ئەم قەیرانە تێدەپەڕێنی و بە ساغ و سەلامەتی لێرە دێیتە دەرەوە!

لێ ڕوشدی بە ڕاوێژێکی پاڕانەوە ئامێز گوتی:- باشتر نییە بێمەوە بۆ ماڵی خۆمان؟

ئەحمەد کە بینی دایکی خەریکە بە داواکەی ڕوشدی قاییل ببێ، هەڵیدایە وگوتی:- سەلامەت بی! بڵێ لەم ژووره نایەیتە دەرەوە تا بە تەواوی چاک دەبیتەوەو بە پێیان بۆ قاهیرە دەگەڕێیتەوە!.. خۆشبەختانە هەستدەکەم بە ئاشکرا ڕوو لە باشیت!

کەمال خەلیلیش کە دەیویست بەشداری لەو درۆی مەسڵەحەتەدا بکات گوتی:- بەڵێ ڕوشدی ئەفەندی... ئەمڕۆ بە ئاشکرا باشتری!

دایکەکە، بە وردی ڕوانیە ئەو دووانە، وەک ئەوەی بڵێ خوا لە زارتان بڕوێ، هانام بە دەمتان. بابەکەش، بە ڕاوێژێکی نەرمی تێک شکاو گوتی:- سەبر- سەبرت بێ ڕوشدی گیان! خودا ئاگادارت بێ و شفات بۆ بنێرێت!

ڕوشدی، بە نەبەدڵی بێدەنگ بوو، ئەم مەسەلەیە لە کاکی کە دەماری ئەوی دەناسی پەنهان نەبوو، دەیزانی کە کەسێکی سەرسەختە و قسە هەر قسەی خۆیەتی و هێز نییە قەناعەتی پێبکات. دڵنیابوو هەرکە لە ئاسایشگاکە بێ تاقەت بێ، بە جێی دێڵێت و مانەوەی لەوێ هیچ سوودێکی نابێت. خەمێکی دیکەش هاتە سەر خەمەکانی. دەنگێک لەلای تەختە خەوەکەی دیکەوە هات، ئاوڕی بۆی دایەوە. هاوژوورەکەی برایەکەی بینی کە لەسەر تەختەکە دانیشتبوو، تەریق بووەوە، چونکە - بە ڕادەیەک لە خەمی براکەیدا بوو – کە بیری چووبوو، سڵاوی لێبکات وئەحواڵی بپرسێت، دەستی بە نیشانەی سڵاو بۆ بەرزکردەوەو گوتی:- حاڵت چۆنە ئەنسیەفەندی؟... بمان بوورە!

ئەنیس پێکەنی وگوتی:- ببورە بێگ، وادیارە ڕوشدی گەرەکییە بەتەنیا جێم بهێڵێ!

ڕوشدی بە کەسەرەوە گوتی:- چەند لە خەوم کردی! خەجاڵەتم...

ئەنیس بزەیەکی هاتێ وگوتی: خەجاڵەتی ناوێ، من شەو بێداریم پێناخۆش نییە.

ئەحمەد بزەیەکی کرد وگوتی:- وادیارە تۆش وەکو ڕوشدی لە عاشقانی شەوی!

-باشی بۆ چووی قوربان! نها هەردووکمان ڕێمان کەوتووەتە ئێرە تا ڕۆژگار فێرمان بکات کە دەبێ دەستبەرداری ئەو عەشقەمان ببین!

هەمووان دوعای سەلامەتیان بۆ ئەو دووە کرد. داکی ئەحمەد هەستا بە لای مێزەکەوە، پاکەتە پسکیتەکەی هەڵگرت و لە نزیکی روشدی یەوە، لە جێیەک کە دەستی بیگاتێ دانا و بە قوربان و بە سەدەقەوە گوتی:- یەک دانەش ناخۆی روشدی گیان؟!

بەڵام، هەر بە سەر سەرینەکەوە سەری باداو بەپەلە وبە جدی گوتی: - جارێ نا.. دوایی!

ژنەی تاین لە کاتێکا بە گژ سۆزەکانی خۆیا دەچووەوە، پاکەتەکەی بە داخ و کەسەرەوە هەڵگرت و تەنانەت لەو ساتە هەستیارەشدا، ئەتەکێتی جڤاکی لەبیر نەکردبوو، لە تەختەکەی ئەنیس بشارە نزیک بووەوە و هەندێ پسکیتی دایێ. ئەحمەد بە دوو چاوی خەمینەوە تەمەشای براکەی دەکرد، هەرجارێ روشدی تەمەشای کردبا، بزەیەکی بە ڕوویا دەدا، تا خەمەکەی بڕەوێتەوە. لاوازی وڕەنگ زەردی و بێ تاقەتی روشدی بۆ ئەحمەد یەجگار سەخت بوو. هەرچی دەکرد و دەکۆشا، ئەوەی پێ تەحەموول نەدەکرا، کە ئەم کوڕە بزێوە ببینێت بەوجۆرە، بووە بە دیل و ئەسیری تەختە خەوی خەستەخانە.

هەستیکرد، نیگەرانی لە چاوانی روشدی دا شەپۆل دەدات ونائومێدی وئازاری پێوە دیاربوو، هەستیکرد روشدی دەیەوێ بە تەنیا شتێکی پێ بڵێت، هاتە سەر ئەوەی، دوای ڕۆیشتنی میوانەکان بۆ چەند خولەکێک لە گەڵیا بمێنێتەوە، بەڵام لەوە دەترسا روشدی لێی بپاڕێتەوە کە ڕێگەی بدات بۆ ماڵ بگەڕێتەوە. بۆیە لە بڕیارەکەی ژێوان بووەوە، بە سوعبەتەوە دەستی براکەی گوشی و دڵخۆشی دایەوە. ئیدی کاتی گەڕانەوە هات، بە گەرمی دوعای سەلامەتیان بۆ کرد وخوداحافیزیان لێکردو لە ژوورەکە وەدەرکەوتن. دەوڵەت خانم، دوا کەس بوو، پاش ئەوەی گۆنا و هەنیەی کوڕەکەی ماچکرد، لە ژوورەکە وەدەرکەوت، لە ڕێگا خۆی پێنەگیرا و چاوەکانی تەڕی ڕوندک بوون. گریان ئەوکی نەوالی گرتبوو، نەیدەزانی چۆن جڵەوی گریانی خۆی بگرێت. ئەحمەد زۆر خەمگین بوو، خۆی بە ژوورەکەی خۆیدا کرد، دڵ خۆشی خۆی دەدایەوەو دەیگوت تا ئەمجارە دەچێتەوە دیدەنی براکەی، بێگومان حاڵی چاکتر دەبێت. خودایا، کەی دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی، کەی دەبێتەوە بە کوڕە چالاک و چەلەنگ وبزێوەکەی جاران؟! کەی جارێکی دی گوێی بە دەنگ و ئاوازە خۆش و نوکتە کۆمیدی و پێکەنینە زوڵاڵەکەی دەزرینگێتەوە؟!

ماڵباتی عاکف، ئەو شەوە، وەکو ئەو شەوەی روشدی لێیان دابڕا، بە داخ و کەسەرەوە خەوتن! لە بەرەبەیاندا، لە دەنگی زەنگی دەرگا ڕاپەڕین.. ئەحمەد، سرک و گوێ قوڵاغ لە خەو ڕاپەڕی، لە سەر جێگاکەی دانیشت. زەنگی دەرگاکە بەردەوام بوو، خەتەرەیەک بە دڵیا هات، لە جێی خۆی ڕاپەڕی و بە هەشتاو بۆ دەرەوە چوو، داک و بابی لە هۆڵەکەدا بینی، کە لە ئان و ساتا بوو بەرەو دەرگاکە غار بدەن. کەسیان ورتەیان لێوە نەهات، لە تۆ وایە خۆیان ڕادەستی چارەنووس کردبوو. ئەحمەد، تفەکەی دەمی قووت دا وگلۆپەکەی دەرەوەی هەڵکرد و دەرگاکەی کردەوە، ڕوانیە ڕاڕەوەکە، کەسی نەبینی، زەنگەکە هێشتا هەر لێی دەدا.. ئەحمەد، نیگایەکی دایک و باوکی کرد، بە سەرسامی و لەبن لێوانەوە گوتی: " هیچ کەسێک لە دەرەوە نییە! " لە پاتری زەنگەکە نزیک بووەوە، قەپاغەکەی سەری هەڵدایەوە، وایەرەکانی پچڕی و دەنگە ترسناکەکەی زنگەکەش بڕا!.. دەرگاکەی داخست، چیوای نەمابوو، ڕوندک بە چاوانیا بێتە خوارەوە، هەموویان حایر وحەپەساو دەیانڕوانییە یەکدی، ئەوسا باوکەکە بە دەنگی بەرز گوتی: - پەنا بەخوا لە شەڕی شەیتانی مەلعوون!

دایکەکە ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا وگوتی:- باشە، باشتر نییە روشدی، مادامێکی خۆی حەزدەکات، بۆ ماڵ بێنیننەوە؟

ئەحمەد، بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:- حاجی خانم، تەوەکەل بە خوا بکە!

(( ٤١ ))

عەسری ڕۆژی یەک شەممە، ئەحمەد لە گەڵ داک و بابیدا دانیشتبوو و عەسرە قاوەیان دەخواردەوە کە پۆستەچی نامەیەکی بۆ هێنان، ئەحمەد هەرکە نامەکەی بینی، بەسەرسامی و لەبەر خۆوە گوتی:- ئەمە خەتی روشدی یە..

داک و بابی، چاویان بڕی بووە دەستی ئەحمەد کە نامەکەی هەڵدەپچڕی. هەرچەند روشدی دەستخەتی جوان بوو، بەڵام نامەکە بە خەتێکی ناخۆش و بە قەڵەمی ڕەساس نووسرابوو. ناوەڕۆکی نامەکە بەمجۆرە بوو:

١٩٤٢/٣/٨

برای ئازیزم:

سڵاوم بۆ تۆ و بۆ داک و بابم هەیە. ئەم نامەیە لە کاتێکدا دەنووسم، کە سەعات دووی دوای نیوەشەوە.. پێت سەیر نەبێ برام! بۆ هەمیشە لە نیعمەتی خەو بێبەش بووم، هیچ حەب و دەرمانێکی خەو دادم نادات. تەسەور بکە دوێنێ قومێ خەوئاوەری زۆر بەناوبانگم خوارد کەچی هیچ کارێکی تێنەکردم، هەنگێ دکتۆر کەپسولێکی زۆر بە قوەتی دامێ و مژدەی دامێ کە خەوێکی قووڵم لێدەخات، کەچی نها سەعات دووی دوای نیوەشەوە و هێشتا هەر بێدارم، لە عەزابێکی بێ کۆتاییدام. خەوم لێناکەوێ. کە ڕادەکشێم گوشاری پشتم لە سەر قەرەوێڵەکە، دەمهێنێتە کۆکە، کە لە ڕۆژان زیاتر بووە. بۆیە هیچ چارێکم نییە، دەبێ لە سەر جێگاکە دانیشم و سەرینەکەم قەد بکەم و بیگرمە باوەش وسەرمی بخەمە سەر..

برام:

بەداخەوەم کە دەبمە مایەی خەمباری تۆ؛ بەڵام حەقیقەت هەرچەندە تاڵە، ناچارم حەقیقەتی حاڵی خۆمت بۆ باسبکەم، چونکە تۆ یەکەم ودوا پەناگەی منی، لە تۆ زیاتر کێم هەیە. چاک بزانە ئەو ڕۆژەی کە گەییمە ئاسایشگەکە و ئەشیعەیان بۆ گرتم، ئەنجامی ئەشیعەکە ئەوەیە کە نەخۆشیەکە دوایەتێ سیپەلاکی ڕاستەشم، سینەی چەپیشم، کونێکی تێبووە بە ئەندازەی نیو ڕیاڵ. بە شێوەیەکی گشتی حاڵم زۆر خراپە. ئەمەی لە خوارەوە بۆتی دەنووسم ڕاپۆری پزیشکی ئێشکگرە: " کەم خۆراکی و بێ خەوی تەواو، کۆکەی بەردەوام، هەناسە تەنگی تەواو! " گومانم لەوە نییە کە بەرەو کۆتایی دەڕۆم. لە کاتێکا ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، فرمێسک لە چاوانم دەڕژێ، بەرچاوم دەگرێ و نایەڵێت ئەو وشانە بدینم، کە دەمەوێ لە ڕێگەیانەوە دەردی خۆمت بۆ هەڵڕێژم، هەرکاتێ بیر لە ئێوە دەکەمەوە گریان دەمگرێت. ئەمە ڕەوش و حاڵی منە. دەیسا بیکە بەخاتری خوا، ڕەزامەندی بدە با بێمەوە بۆ ماڵەوە و تا دوا ڕۆژەکانی ژیانم، تا ئەجەلم دێت، لە نێو ئێوەدا بەسەر بەرم.. ئەمجارەیان بە دڵی من بکە. خەجاڵەتم کە نارەحەتت دەکەم، بەڵام هیچ چارێکی دیکەم نییە، چ بکەم؟!.. تکایە ئەمە بە دایک و باوکم مەڵێ. سڵاوی خواتان لێ بێ.

برای دڵسۆزت

روشدی

حایر و حەپەساو نامەکەی خوێندەوە. زۆرێک لە ڕستەکانی دووبارەو سێ بارە خوێندەوە. کە لە خوێندنەوەی نامەکە بووەوە گێژبوو، سەری دەسوڕا، بەڵام تا بە تەواوەتی خۆی کۆنترۆڵ نەکرد، چاوی لە نامەکە نەگواستەوە تا بتوانێ خۆی کۆنترۆڵ بکات و بە ئارامی ڕووبەڕووی دایکی ببێتەوە و درۆیەکی بۆ بکات، ئیدی توانی بە بیرکردنەوە لە دایکی، کە لە لایەوە ڕۆنیشتبوو، کەمێک جڵەوی خۆی بگرێت، ئەوسا ڕوانییە داک و بابی خۆی، سەیری کردبە دوو چاوی تەژی ئازارەوە، وەکو یەکێک بەبێ ئەوەی چاوی ببەسترێتەوە، چاوەڕوانی گوللەبارانی خۆی بێ، چاوەڕوانی قسەی ئەون. ئەوسا بە جۆرە تووڕەییەکی دەستکردەوەو بەجدی گوتی:

-روشدی گەرەکیەتی بێتەوە بۆ ماڵ. نازانم چیەتی؟!

دایکی بە پەرۆشەوە پرسی:- مەگەر حاڵی باش بووە!!

-شوکر حاڵی باشە، بەڵام حەزی لە ئاسایشگەکە نییە!

- ئەحمەد گیان بیهێنەوە بۆ لای من، فایدەی نییە، لەوێ ناحەوێتەوە.

ئەحمەد هەستا، گوتی:- ئەمڕۆ دەچم بۆ حەلوان و دەیهێنمەوە.

نامەکەی دایە دەست باوکی و چوو بۆ ژوورەکەی خۆی و دایکی دوای کەوت.

بێ هیچ دوو دڵی وماتەڵ بوونێک چوو بۆ حەلوان، بە درێژایی ڕێگا پەرێشان و دڵ پەشێو بوو. بۆ یەکەمجار دوای ماوەیەکی دوور ودرێژ – بیری لە حەقیقەتی مردن و باندۆری بە ئازار و ترسناک و ئومێدبڕی مردن دەکردەوە، ئەو گۆڕستانە دوورە دەستەی بیرکەوتەوە کە برا بچووکەکەیان لێناشتبوو، هەستی کرد گۆڕستانەکە دەمی کردووەتەوەو خۆڵ و گڵەکەی ناوی دەردەدات و دەمی دەکاتەوە تا روشدی ئازیزی قووت بدات، کە نەیدەزانی دنیا بە بێ ئەو چۆن دەبێت! تا زیاتر لە ئاسایشگەکە نزیکتر دەبووەوە زیاتر دڵی تەنگ دەبوو، ترس بە سەریا زاڵ دەبوو. خودایا!.. ئاخۆ ئێستا حاڵی چۆن بێ؟! بەپەلە لە قیتارەکە دابەزی، هەتاو بەرەبەرە بەرەو کەلی ئاوابوون دەچوو. سواری گالیسکەیەک بوو و بەرەو ئاسایشگاکە کەوتەڕێ. یەکسەر بەرەو نهۆمی سێیەم ڕۆیی. تا زیاتر لە ژوورەکەی روشدی نزیکتر دەبووەوە دڵی توندتر لێی دەدا. خۆی بە ژوورەکەدا کرد، چاوی بڕییە تەختە خەوەکەی بەردەمی، روشدی لە بەردەم خۆیدا بینی، ڕێک بەو شێوەیە بوو کە لە نامەکەدا باسی خۆی کردبوو، لە سەر جێگاکە دانیشتبوو، سەری نابووە سەر سەرینەکەی باوەشی! لیکاوەکەی دەمی قووت دا و گوتی:- روشدی!

روشدی بلەز سەری لە سەر سەرینەکە هەڵبڕی، ئەحمەد تەمەشای ڕوخساری لاواز و ڕەنگە زەرد و سینگە پڕ ئازارەکەی براکەی کرد. روشدی یەکسەر ڕووی گەشایەوەو بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:- هاتی؟ بمبەرەوە... بمبەرەوە.

ئەحمەد، بۆ ئەوەی دڵنیای بکات، گوتی:- بۆ ئەوە هاتووم روشدی گیان. ئەوسا تەمەشایەکی ئەنیس بشارەی کرد و ئەحواڵی پرسی. ئەنیس سڵاوەکەی سەندەوەو بە ڕاوێژێکی جدی کە نیشانەی پەرۆشی و خەمخۆری پێوە دیاربوو، گوتی:- روشدی گوناحە!.. بەهیچ جۆرێ خەوی لێناکەوێت. دوێشەو تا بەیانی نەخەوتووە، پێم وایە باشتر وایە ئەم هەفتەیە لە ماڵەوە بێ، تا پاشان بێتەوە بۆ ئاسایشگاکە!

ئەحمەد، سەری ڕەزامەندی لەقاند و لە ئەنیسی پرسی:- دەزانی دەبێ چۆن مۆڵەتی دەرچوونی بۆ وەربگرم؟

ئەنیس بە هەمان ڕاوێژی جدی گوتی:- یەکسەر و بەپەلە بڕۆ بۆ لای دکتۆرەکە!

ئەحمەد، هیچ کێشەیەکی لە وەرگرتنی مۆڵەتەکەدا نەهاتەڕێ، ڕەزامەندی بەپەلە وبێ چەند وچوونی پزیشکەکە، تەواو نیگەرانی کرد. گەڕایەوە بۆ لای روشدی برای، شتەکانی کۆ کردەوە، روشدی نەیتوانی بیجامەکەی داکەنێت و قاتەکەی لەبەر بکات. تەنیا ڕوبەکەی لەبەرکرد. خستیانە سەر دەستەبەرەیەک و بۆ لای ئاسانسۆرەکەیان برد. ئەنیس بشارە تا بەر دەرگای دەرەوەی ئاسایشگاکە بەڕێی کرد، بە گەرمی دەستی گوشی و لە کانگای دڵەوە دوعای سەلامەتی بۆ کرد. ئەحمەد دیقەتی دا، براکەی بێهیچ مقاوەمەتێک ڕادەستی پێشخزمەتانی ئاسایشگایەکە بوو، یەکسەر، جوانی و چەلەنگی، حەنەکچیاتی و نوکتەبازی و دەنگ و ئاوازە خۆشەکەی جارانی وەبیرهاتەوە، بە داخ و پەژارەوە لێوی خۆی گەست، هەستی کرد دڵی لە قوڵایی سینگیدا، دەگری ئەمما گریان.

(( ٤٢ ))

داک و بابیان وماڵباتی کەمال خەلیلەفەندی لە ماڵەوە چاوەڕوانیان بوون. تەوحیدە خانم و نەوال هاتبوون بۆ سەردانی دایکی نەخۆشەکە، کە زانیان براکەی چووە لە شوێنی تا بیهێنێتەوە، لەوێ مابوونەوە. دیتنی روشدی بەو حاڵەوە هەر هەموویانی خەفەتبار کرد. روشدی ئاگای لە عەمری دنیا نەبوو، هەستی بە بوونی ئەوانەی دەوروبەری نەدەکرد، بەدەم هانکە هانک و هەناسە برکێوە لە سەر قەرەوێڵەکەی دایان نیشاند، چاوانی نوقاندبوو، هەموو چاویان بڕی بووە ئەو، لە سوێیاندا زمانیان بەسترابوو. دەوڵەت خانم ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، لە پشت روشدی یەوە دانیشت، تا روشدی پشت بدات بە سینەی پەرێشانیەوە. روشدی دوای ماوەیەکی کەم چاوی کردەوە، بە ژوورەکەدا و بە کەسانی دەوروبەریا گێڕا، بزەیەکی مردەڵەی منەتباری و پێزانی بە ڕوویاندا دا، بە دەنگێکی لەرزۆکی هێواشی شادی ئامێز گوتی:- سوپاس بۆ خوا، سوپاس بۆ خوا، خۆشحاڵم کە گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم..

هەمووان، دوعایان بۆ کرد، تەوحیدە خانم چەند جارێک دوعا و نزاکەی دووبارە کردەوە. روشدی بزەیەکی کرد وگوتی:- بەتەمای خودا لێرە چاک دەبمەوە. دایکە لە جێی خۆت مەجوڵێ!.. دایکی شانەکانی ماچ کرد و گوتی:- ناجوڵێم روشدی گیان. بە تەمای خودا.. من دڵم ڕوونە، دڵم خراپم پێناڵێ!

روشدی چەند جارێک نیگای لە نیگای نەوال هەڵەنگوت، هەموو جارێ بزەیەکی شیرینی لە چاوانیا دەخوێندەوە کە پڕ بوو لە دوعای سەلامەتی و ئومێدەواری و مەحەبەت. ئەحمەد، بێئەوەی چاو لە روشدی برای بگوازێتەوە، لاکەوتە لایەکەوە، هەرجارێ کە ئەو نیگا پەژمردەیەی لە چاوانی براکەیدا بەدی دەکرد، هەموو بوونی دادەلەرزی و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "خودایا خۆت ڕەحم بکە!"

عاکف ئەفەندی ئەحمەدی باوک گوتی:- واچاکە جێی بێڵین تا پشوویەک بدات و ئیسراحەتێ بکات!

جگە لە دایکی روشدی، هەمووان لە ژوورەکە وەدەرکەوتن. هەردوو میوانەکەشیان بۆ ماڵی خۆیان ڕۆیشتنەوە. ئەحمەد بە تەنیا لە ژوورەکەی خۆی دانیشت، بەڵام تاقەتی نەگرت و گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی روشدی، سەیری کرد روشدی بە هاتنەوەی بۆ ماڵی خۆیان خۆشحاڵە و بە ڕاوێژێکی شاد بەڵام مردەڵە قسە بۆ دایکی دەکات و دەڵێت:- کە ماڵی خۆمان خۆشە.. بەڕاستی لەوێ، لە ئاسایشگایەکە دڵم تەنگ بوو، نە

دەمتوانی نان بخۆم، نە بخەوم. نەخۆشێک لە بەرچاومەوە هێدەی خوێن هەڵێنا، خەریک بوو لە خوێنی خۆیدا غەرق دەبوو. بە بەردەم ژوورەکەی ئێمەدا نەخۆشێکی دیکەیان برد بۆ کەرەنتینە، کە نەخۆشانی نزیکە مردنیان بۆ ئەوێندەر دەبرد.. بەداخەوە حاڵی خراپی من، هاوژوورەکەمی ئەنیس بشارەی زۆر ئەزیەت دەدا. وابزانم حاڵی من، زۆری ترساند؛ چونکە بەردەوام دەگریا. ئێستا ئیدی خەیاڵم ڕەحەت بووە.

تەمەشای ئەحمەدی کرد، کەمێک بێدەنگ بوو، هانکە هانکی پێکەوتبوو، ئەوسا لە سەری ڕۆیی:- داشۆ، زۆرم زەحمەت دای، بمبورە. ببورە کە بە گوێم نەدەکردی. بەڵێنت دەدەمێ کە لەمڕۆ بە دواوە ئاگام لە سەلامەتی خۆم دەبێ و بە گوێت دەکەم، ئەگەر خوا ڕەحمم پێدا بکات و چاک ببمەوە، هەرگیز درێغی لە خۆپارێزی ناکەم.

ئەحمەد، بە توووندی لێوەکانی خۆی گەست، تا جڵەوی فرمێسکەکانی بگرێ. بەدەم بزەیەکەوە گوتی:- قەیدی نییە روشدی گیان، هەموو شتێک بە دەستی خوایە، بە تەمای خوا سبەی دوو سبەی حاڵت چاک دەبێ و وەکو یەکێک خەوێکی ناخۆش بگێڕیتەوە، تۆش ئەم مەینەتە وەکو مۆتەکە وخەوێکی ناخۆش دەگێڕیتەوە.

روشدی کەیفی بە قسەکەی کاکی هات و بزەیەکی بۆ کرد، داوای لێکرد مێزەکە لە جێگاکەی نزیک بخاتەوەو شووشە دەرمانەکانی لەسەر دابنێ. ئەحمەد مێزەکەی لە تەختە خەوەکە نزیک خستەوەو روشدی بە ئاسانی دەستی دەگەیشتێ. پاکەتە کالسیومەکە و دەرمانی خەو و کارومینەکەی لە سەری دانا. روشدی سوپاسی کرد و گوتی:- پێویستم بە پەرستارێکە کە ڕۆژانە کالسیومەکەم لێبدات..

ئەحمەد گوتی:- بە ئەجزاچییەکە دەڵێم یەکێکمان بۆ پەیدا بکە.. کەمتر قسە بکە با ئەزیەتت نەگاتێ، خودا ئاگادارت بێ و شفات بۆ بنێرێ.

روشدی قومێکی لە دەرمانی خەوەکە خوارد، کەمێک ئارامی گرت، شەونخونی شەوانی پێشوو، زۆری ماندوو کردبوو، خەوی لێکەوت، بەڵام کۆکە ئەمانی نەداو، خەوی زڕا.

(( ٤٣ ))

روشدی ڕۆژانێکی سەخت و پڕ ئازاری بەڕێکرد، ئیدی بەدەم دەرد وئازارەوە دەتلایەوە. دایکی کە دەستی بە پشتە لاوازەکەیەوە دەگرت، زۆر خەمی بۆ دەخوارد. دیسان بێخەوی بەرۆکی گرت. خەو لە چاوی نەدەکەوت، تەنیا ئەو کاتانەی کە حەبی خەوی دەخوارد، چەند سەعاتێکی ئاخر و ئۆخری شەو خەوی لێدەکەوت. زۆرجار تا بەیانی خەوی لێنەدەکەوت و کۆکە ئەمانی لێدەبڕی، نانی بۆ نەدەخورا، خۆ ئەگەر یەک دوو پارۆی بە ناچاری بخواردبایە، بەدەم کۆکەوە هەڵیدەهێنایەوەو هەناسەی سوار دەبوو، دەمارەکانی لا ملی بە جۆرێ هەڵدەستان لە تۆ وایە خەریکە بتەقن، چاوەکانی دەبوون بە کاسەی خوێن. هەمووان لە چاکبوونەوەی نائومێد بووبوون.

بەڵام بەخۆی بەجۆرێ ڕەفتاری دەکرد، وەکو ئەوەی زۆر لە چاک بوونەوە نزیک بووبێتەوە، نەک لەبەر ئەوەی بەڕاستی روو لە چاک بوونەوە بێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕۆژان دەبوورین و مردن بە سۆراغیەوە نەدەهات؛ بۆیە ئومێدێکی بە ژیان پەیدا کردبوو. پاشان کۆکەکەی بەرەبەرە کەمی کرد، خەوی باشتر بوو، تەبیعەتی خواردنی کەمی دەبرد. سەرەنجام توانی لەسەر لا پاڵبکەوێ. هەموو ئەم حاڵەتانە کردیانە کارێک، کە ئومێد بە چاکبوونەوە پەیدا بکات، لێ مانگی مارس بووری بێئەوەی ماندوویەتیەکەی بڕەوێتەوە، یان کەمێک

ببوژێتەوە، توانای ئەوەی نەبوو لە جێگا هەستێت، پێستی بەسەر ئێسکیا وشک بووبووەوە. هەرکەسێ لاق ولەتەری دیتبا، دڵی تێک هەڵدەهات. ڕوخساری لاواز، گۆناکانی ژاکاو، چاوەکانی بە قووڵا چووبوون و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، سەری لە جاران گەورەتر دیاربوو، ملی بەڕادەیەک باریک بووبوو، کە تەحەمولی ڕاگرتنی سەری نەدەکرد. نیگایەکی قووڵ بە چاوانیەوە دیاربوو، کە نیشانەی سەبر وحەوسەڵە و دەرد و ئازار و نائومێدی پێوە دیاربوو. ئەحمەد، زۆری خەفەت دەخوارد، هەرجارێ کە دەچوو بۆ ژوورەکەی ڕووبەڕووی ئەم نیگایە دەبووەوەو بەهیچ جۆرێ لە یادگەی نەدەسڕایەوە. ئەو دیمەنانە، دیمەنی سەبر وئازار، دادەچۆڕایە دڵییەوەو برینێکی ئەوتۆی تێدەکرد کە بە هیچ شتێک سارێژ نەدەبوو. ئەحمەد دەرد و نەخۆشی و نائومێدی لەو نیگایانەدا دەبینی. مەگەر هەر خودا بیزانیبا، چۆن دڵی پارچە پارچە دەبوو، جەرگی خوێنی دەدەلاند وچەند فرمێسکی دەڕشت.

جارێک خۆی بە ژوورەکەی روشدی دا کرد، سەیری کرد لە سەر تەختە خەوەکەی دانیشتووە، هەردوو لاقی شۆڕ کردووەتەوە. دایکی لەوێ نەبوو. ترسا ئەم حاڵەتە جۆرە هەوڵێک بێ بۆ هەستان و نەتوانێ و بکەوێ. بە تکاوە گوتی:- باشتر نییە پاڵبکەوی؟!

نیگا بەسوێ و پڕ ئازارەکەی ڕەوی بووەوە، جۆرە عەزم و جورئەتێک شوێنی گرتەوەو بە توندی گوتی:- براکەم، مەگەر نابینی ڕۆژگار چۆن تێدەپەڕن و من لە جێی خۆم چەقیوم و ناتوانم بجوڵێم!.. شەو ورۆژ لە جێگادا کەوتووم و چاوەڕوانم، حەبەکان خەوم لێبخەن، ئاخر بەوەش دەگوترێ خەو!.. ئاخ.. لەدەست ئەم ژیانە ناخۆشە.. لەم تەختە خەوە بێزار بووم، لەوەی پتر پێم تەحەموول ناکرێ..

ئەحمەد نەیدەزانی چ بڵێ. ڕاوێژی گلەیی ئامێزی برایەکەی، زۆری خەفەتبار کرد، بە میهرەبانی گوتی:- روشدی گیان دان بە خۆتا بگرە، سەبرت بێ، بەری تەنگانە کورتە!

ئیدی سەبر وهەداریش فایدەی نەبوو. خەمی قورسی تێپەڕبوونی ڕۆژگاری بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاران، بە گوتوبێژ دەگەڵ دایکیا کە تەنیا بۆ کاری پێویست، بە تەنیا بە جێی دەهێشت – بە گوتوبێژ لە گەڵ بابی و براکەیدا بەسەر دەبرد. وێڕای ئەو ئازار و بێزارییەی کە کاتی خۆی لەو نامەیەدا، کە لە ئاسایشگاکەوە بۆ براکەی ناردبوو، دەری بڕی بوو، تا ڕادەیەک لەو نائومێدیە خەلەسی بوو، ئومێدی بە ژیان و چاکبوونەوە پەیدا کردبوو، بەڵام ئەو دەرد و ئازارەی کە ئەو نیگا خەمینە دەینواند، حەقیقەتی بێ ڕەحمی دنیای نیشان دەدا. بەدەم ئازارەوە هەستی بە هەناسەی ساردی مەرگ دەکرد. پێدەچوو ژیان بیەوێ هەموو خەڵکی هەست بەم ئازارانە بکەن. ژیان حەقیقەتی خۆی دڵۆپ دڵۆپ بۆ پیر وکالان ئاشکرا دەکرد، بە کەڕەتێک بەسەر گەنجانیا هەڵدەڕشت.

سەیر ئەوە بوو روشدی دڵی خۆی فەرامۆش نەکردبوو، نەخۆشی عەشق و ڤیان ناسرێتەوە، پێدەچوو خوێنی نەیەنێتە جۆش، بەڵام بەدڵ هەستی پێدەکرد، دڵی بۆی دەجوڵا. زۆرجار بیرەوەرییەکانی وەبیر دەهاتەوە، خەیاڵی ڕوناک دەبووەوە، گوێی بە نەوای خۆش دەزرینگایەوە، دڵی وەکو چۆن خونچەیەک بەهار ڕوحی خۆی بەبەردا دەکات دەپشکوێ، بەو ئاوایە شکۆفەی دەکرد.

پرشنگی بزەکان، ڕێگا چۆڵەکە و چاوە گەش و درشتەکانی دەهاتنەوە بەر دیدەی خەیاڵی، هەر هەموو ئەو بەڵێنانەی بەیەکیان دابوو لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئاخۆ چارەنووسی ئەو هەموو

بەڵێنانە بە کوێ دەگەن، چییان لێدێت؟.. ڕۆژگار چی بۆ حەشار داوە؟.. ئاخۆ گەنجایەتی و تین و تاو و، هیواو ڤیانی بۆ دەگەڕێتەوە؟.. ئاخۆ جارێکی دی دەتوانێ، بە کەش وفش ولە خۆ ڕازی بووونەوە، هەمان ڕێگە تەی بکات؟.. پڕ بەدڵ پێبکەنێ و کۆکەی کوشندە یەخەی نەگرێ؟... بەدەم گۆرانیەوە سەری بەم لاو بەولادا ببات؟... یان هاوڕێکانی هەرکە چاویان پێبکەوێ هاوار بکەن: " ئەوە شێر دڵ هات؟ ".. یان قۆڵ لە قۆڵی نەوال دا، ڕێگەی جەوەڵ تەیبکەن، تەم و مژ لە چاوی خەڵکیان ون بکات؟.. ئاخۆ ئومێدی ئەوە ماوە کە ئەڵقەی دەزگیرانداری بکرێ و زەماوەند ساز بکات؟.. نەوال هەندێجار لەگەڵ داک و بابیا دەچووە دیدەنی، نیگا و نیو نیگای عاشقانە و تامەزرۆی یەکیان دەکرد، کەس هەستی بە گەرمیان نەدەکرد جگە لە هەردووکیان. خواخوایان بوو، بۆ ساتێک بە دوو قۆڵی بەجێیان بێڵن. روشدی تامەزرۆی وشەیەک بوو بە نەوالی بڵێ تا دڵە گڕ گرتووەکەی فێنک بکاتەوە. مانگی مارس بەو ئاوایە بووری. کە مانگی چوار هات، ئیدی هەموو شتێک گۆڕا، نەوالی نەدەبینی!.. هەفتەیەک بووری و نەوال دیار نەبوو، نیومانگ بووری و هیچ سەر وسەدایەکی نەبوو، داک و بابی بە تەنیا هاتنە دیدەنی روشدی، هەیڤی نیسان بووری بەبێئەوەی یەکدی بدینن!.. دۆستانی قاوەخانەی زەهرە بە خۆ وخێزانەوە هاتنە دیدەنی، دۆستانی گەڕەکی سکاکینی و ژمارەیەک لە خزمانی نزیک و کۆنە دراوسێکان هاتنە دیدەنی. ماڵەکەیان لە میوان چۆڵ نەدەبوو، جوونێ دەهاتن و جوونێ دەڕۆیشتن، بەڵام نەوال هەر نەهات. لە ناکاوا بەجۆرێ لە ژیانی ئەودا ئاوابوو، کە لە تۆ وایە قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان بوونی نەبووە و ئومێدی ژیانی ئەو نەبووە!.. بێگومان دایک و بابی و کاکی بەشداری دەرد و ئازارەکانی ئەویان دەکرد، هەستیان پێدەکرد، بەڵام چونکە دڵیان بە حاڵی دەسووتا، هەستی خۆیان دەرنەدەبڕی، بەڵام غروور وکبریا ڕێی نەدەدا، لە داک و بابی بپرسێت کە نەوال بۆ دیار نییە؟

ئاخۆ بە حەقیقەتی نەخۆشیەکەیان زانیوەو ئیدی دەستیان لێشۆردووە؟.. ناکا بترسێت ئەویش تووشی هەمان نەخۆشی ببێت؟.. یانی دوای ئەو هەموو خۆشەویستیە بووم بە سەرچاوەی ترس؟.. ئایا عەشق درۆیە؟! عەشقیش درۆ دەکات؟!.. بەبێدەنگی ئازارەکانی کاوێژ دەکردەوە، تەواو ناڕەحەت بوو، تا ڕۆژێ کە هەر خۆی و ئەحمەد لە ژوورەوە بوون گوتی:- نازانی بۆ نایەتە دیدەنیم؟

ئەحمەد، یەکسەر زانی مەبەستی کێیە. خۆی لە گێلی دا وگوتی:- بیر لەو شتانە مەکەوە. تۆ بیر لە سەلامەتی خۆت بکەوە، سەلامەتی لە هەموو شتێ فەرزترە، بە دەستی خۆت ورەی خۆت مەڕوخێنە!

وەکو ئەوەی لە قسەکانی کاکی حاڵی نەبووبێ، لە سەری ڕۆیی:- دزێوترین شت لە دنیادا، ئەوەیە لە خۆڕایی و بەبێ خەتا قسە لە دۆست دابڕیت، ڕەنگە هەموو خەتایەکەی ئەوە بێ کە نەخۆش کەوتووە!

-گوێ بە هیچ شتێک مەدە و ڕەشبین مەبە!

روشدی، بە دەنگێکی خەمناکەوەو لەبن لێوانەوە گوتی:- گوێ بە هیچ نادەم، بەڵام خیانەت شتێکی ناشیرینە!

ئەحمەد، بەو قسەیە ڕاچڵەکی، بیری کەوتەوە کە بەخۆی ڕۆژێ لە ڕۆژان هەمان ئەو ڕستەیەی گوتووە. دڵخۆشی دایەوە و گوتی:- دڵی ئێمەت بەسە، ئێمە خۆشمان دەوێی و قەت قسەت لێدانابڕین!

روشدی بزەیەکی هاتێ وگوتی:- نازانم کەی ئەم دوو بەیتەم لەبەر کردووە:

مالی اری الابصار بی جافیه        لم تلتفت منی الی ناحیه

لا ينظر الناس الى المبتلى          و انما الناس مع العافيه.

نازانم بۆچی چاوان له من به جەفان، جارێ ئاوڕێکیان لێ نەدامەوه، خەڵکی تەمەشای نەخۆشان ناکەن، خەڵکی له گەڵ ساغڵەماندان.

ئەحمەد، به کەسەرەوه برۆی ویکهێنایەوەو گوتی:- چیه دەتەوێ به داخەوه بمکوژی؟

روشدی، به داخێکی ڕاستەقینەوه گوتی:- خوا نەکا، تۆ بەلای منەوه، له چاك بوونەوەی خۆم ئازیزتری!

ئەحمەد، چوو بۆ ژوورەکەی خۆی، به کەسەرەوه بەخۆی گوت: " خودایا.. ئەم کچه چۆن دەتوانێ ئەوەندە بێ ڕەحم و دلّڕەق بێ، له کاتێکدا روشدی بوو به قوربانی عەشقی ئەو؟!

(( ٤٤ ))

له ڕاستیدا کەمال خەلیلەفەندی، خەریک بوو دەکەوتە گومانەوه لەوەی که سەبارەت به نەخۆشیەکەی روشدی گوتبوویان. زۆری نەبرد که ئەم گومانەی بۆ ژنەکەی باسکرد. جا بۆ ئەوەی ئەم گومانەی خۆی بڕەوێنێتەوە، چووە دیداری دۆستێکی خۆی له بانکی میسر و پرسیاری نەخۆشیەکەی روشدی لێکرد، دۆستەکەی، حەقیقەتی مەسەلەکەی پێگوت، کەمال خەلیل زۆری پێناخۆش بوو. چونکه به دڵ روشدی خۆشدەویست وبه باشترین هاوسەری دەزانی بۆ کچەکەی. ئەم هەواڵه تەوحیدە خانمی شۆک کرد و ئیدی ئومێدی به بەختەوەری کیژەکەی نەما. کەمال خەلیل، به تەنیا وبه خەمینییەوه به ژنەکەی گوت:- تۆ چ دەڵێی؟

ژنەی تاین، له سوێیاندا بێدەنگ بوو. کەمالەفەندی گوتی:- باوەڕ ناکەم روشدی لەم نەخۆشیه ڕاست ببێتەوە!

ژنەی تاین، به خەمینییەوه گوتی:- خوا ڕەحمی پێبکات.

-ئەگەر خواش ڕەحمی پێبکات و چاك ببێتەوە، ئیدی به کەڵکی ژن هێنان نایەت!

- ئەدی تۆ چ دەڵێیت؟

- بێگومان، دەبێ ئاگام له سەلامەتی کیژەکەم بێ، تازە هەوەڵی عەمریەتی، شلکه، چوونی بۆ ژوورەکەی روشدی، خەمساردییەکی گەورەو پڕ مەترسییه. دەبێ حەقیقەتی مەسەلەکه بزانێ تا دوای کڵاوی بابردوو نەکەوێ و تووشی ئەم نەخۆشیه کوشندەیه نەبێت.

ژنەی تاین، به ڕاوێژێکی کەسەردارەوه گوتی:- بەتەمای خوا!

بانگی نەوالیان کرد، کیژێ ئاگای له هیچ نەبوو، نەیدەزانی داك و بابی چیان بۆ حەشار داوه، نیگا ئارامەکەی، جۆرە خەمینییەکی پێوه دیاربوو، بابی داوای لێکرد له سەر کورسییەکەی بەرانبەری دانیشێت، ئەوسا به ڕاوێژێکی سەنگین گوتی:- نەوال، بۆیه بانگم کردیت تا ڕازێکی گرنگت پێ بڵێم. ئەوەندەی من بزانم تۆ کیژێکی عاقڵیت و چاوەڕوانی هەڵوێست و ڕەفتاری عاقڵانەت لێدەکەم. نەخۆشی هاوسێ ئازیزەکەمان، روشدیەفەندی، لەوه سەختتره که خۆیان دەیلێن.

کیژێ ڕەنگی هەڵبزرکا، دڵی له قسەکانی بابی ڕاجفری. به کەسەرەوه پرسی:- نەخۆشی چی باوکه؟

–مخابن دەبێ پێت بڵێم کە ئەو کوڕە گەنجە تووشی دەردە باریکە بووە، ئەمە نەخۆشییەکی ترسناکە! ئینسان دەبێ خۆی بپارێزێ. نابێ بە هیچ بیانوویەکەوە خۆی بخاتە تالووکەوە، دوعای سەلامەتی بۆ دۆستە ئازیزەکەمان دەکەین، بەڵام وەکو لە قورئاندا هاتووە: " خۆتان بە فەتەڕات مەدەن بە دەستی خۆ."

دەردە باریکە!.. ئەی خوای بانی سەر!.. بابی چ دەڵێت؟.. یانی روشدی ئازیزی بووبوو بە کەسێک کە دەبوا پارێزی لێبکرێ؟!.. یانی ئەو نەخۆشییە ترسناکە دزەی کردبووە سینە میهرەبانەکەیەوە؟!.. هیوا و ئاواتەکانی بەبا چوون؟!... حایر وحەپەساو تەمەشای دایک وباوکی دەکرد. دایکەکە کە زانی کیژەکەی ڕووی نایەت لە حوزووری باوکیا، داخ و کەسەری خۆی دەربڕێ، گوتی:– مەگەر هەر خوا بزانێ چەندمان لەبەر گرانە، مەگەر هەر بەخۆی دەرمانی ئەم دەردەمان بکات! بەڵام نەوال گیان بابت ڕاست دەکات. تۆ هێشتا هەوەڵی عەمرتە، خەیاری گوڵ بەدەمەی. ئەم نەخۆشیە گیرۆیە، زوو تووش دەبیت، ئیدی با ئێمە لە جیاتی خۆمان و تۆش ئەرکی دراوسێتی جێبەجێ بکەین. هەموومان دوعای سەلامەتی بۆ بکەین و خودا هەر خۆی شفابەخشە.

بابی ژێراوژێر تەمەشای دەکرد، ئاگای لە ڕواڵەت ولە دڵی هەبوو. ئەوسا گوتی:– ئێ، پێموایە نها بە مەسەلەکەت زانیوە، گومانم لەوەدا نییە کە تۆش هاوڕەئی منیت. من باوکتم و لە خۆت زیاتر نیگەرانی تۆم. بۆیە پێت دەلێم نابێ لەمڕۆ بە دواوە، بچیتە دیدەنی نەخۆشە ئازیزەکەمان. هیچ خەمت نەبێ، هیچ کەسێکی عاقڵمەند گلەیی لە تۆ ناکات. خۆ ئەگەر خەڵکیش قسەیەک بکەن، ئەوا من نە گوێ بە قسەی خەڵکی دەدەم و نە حیساب بۆ گلەیی ناماقووڵ دەکەم، ها، چی دەڵێیت؟

نەوال، وێرەکی(جورئەت) ئەوەی نەبوو، گرێی دڵی بۆ باوکی بکاتەوەو گەنگەشەی بکات، لە بابی دەترسا. بێدەنگ بوو، بابی دیسان لە ڕەئی ئەوی پرسی، نەوال بە ڕاوێژێکی نەوی گوتی:– بە گوێت دەکەم باوکە!

هەڵبەتە بابیشی هەر چاوەڕوانی ئەمەی لێدەکرد. دەترسا ئەگەر لەوەی پتر لە سەر ئەم بابەتە بڕوات، کیژەکەی ڕووی بکرێتەوەو هەست و نەستی خۆی دەرببڕێ. بۆیە ڕازی و ئاسوودە لە جێی خۆی هەستا وگوتی:– تۆ قەت لە قسەم دەرنەچوویت.

هەرکە بابی لە دەرگاکە ئاودیو بوو، چاوی بڕییە ڕوخساری دایکی و بەدەم ناڵین و ئاخینەوە گوتی:– ئاخر شتی وا چۆن دەبێ دایکە؟!

ژنەی تاین بە کەسەر ونائومێدییەوە گوتی:– ئیدی نابێ بچیتە دیدەنی، نەوال گیان!

بە دەنگێکی لەرزۆک و مردەڵە گوتی:– ئاخر چۆن نەچمە دیدەنی.. چۆن لێی دوور بکەومەوە؟.. یانی ماقوولە ئینسان لە ترسی سەلامەتی خۆی، لە کاتی تەنگانەدا پشت بکاتە دۆستەکانی؟!.. کەواتە دۆستایەتی و ئینسانیەت لەم دنیایەدا سوودی چییە؟!

نەیتوانی قسەکانی تەواو بکات، گریان ئەوکی گرت، چیوای نەمابوو دایکیشی بکەوێتە گریان، بەڵام زوو خۆی کۆنترۆڵ کرد، چونکە دەیزانی هەر نەرمییەک بنوێنێ، ئەنجامەکەی تیاچوونی نەوال دەبێت. بە ڕاوێژێک کە هەڵقولاوی ناخی نەبوو گوتی:

–چ پێویست دەکات، ئینسان بۆ دۆستێک کە نەخۆشیەکی کوشندەی هەیە و هیچ مەعلووم نییە بژی، خۆی بخاتە تالووکەوە؟!.. بابت خەمی گەنجیەتی تۆیەتی و نەهەقیشی نییە.

– ئۆف دایکە.. ئەم کارە خیانەتە، من هیچ سوودێکی لێ نابینم. نەخۆشی تەنیا بەڵای ئەم دنیایە نییە! خیانەت و غەدر لە نەخۆشی خراترە؟ ئاخر چیم پێ دەڵێت؟.. چۆن لە بەردەم روشدی وخەڵک وخوادا بەرگری لە خۆم بکەم؟

– دەڵێی بابت دیدەنی روشدی لێ قەدەغە کردوویت، ئیدی بابت بەرپرسیارەو تۆ تەنیا گوێڕایەڵیت لەسەرە. کەس لە سەر ئەوەی بە گوێی بابت کردووە گلەییت لێناکات.

– چەند دڵڕەقیت دایکە! ئاخر من لە داخا دیق دەکەم!

– هەموو خەڵکی نەفرەتم لێبکەن، باشترە لەوەی بەدەستی خۆم جگەر گۆشەکەم بخەمە تالووکەوە.

کیژێ هێندە گریا بوو، کەپووی گیرابوو و دەنگی گۆڕابوو، گوتی:

–ئاخر منی لەبەرچاو دەکەوێ، نەفرەتم لێدەکات، باشە ئەگەر سبە و دۆیی چاک بووەوە؟!

دیسان گریان ئەوکی گرت. دایکی ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:

–ئیدی ئەوە بەخت و ناوچەوانی خۆتە، ئێمە چ بکەین؟!.. تۆ هێشتا هەوەڵی عەمرتە، چانسی زۆرت لە ڕێیە، خوا گەورەیە، دەرگایەک بگرێ، چەندین دەرگای دی دەکاتەوە، با دوعای سەلامەتی بۆ ئەو کورە بەلەنگازە بکەین. خوا ڕەحم بە جوانیەکەی بکات و یەکێکی لەو باشتر بە نەسیبی تۆ بکات!..

نەوال، بەدەم هەنسکانەوە هاواریکرد:– چەند دڵڕەقی!.. کە دڵڕەقی!..

بەپەلە بۆ ژوورەکەی خۆی ڕۆیی، کات ئێوارە بوو، بەچاوانی سوورەوە چووە بەر پەنجەرەکە، ڕوانیە پەنجەرە خۆشەویستەکەی، پەنجەرەکە داخرابوو، ڕوناکییەکی کز لە درزەکانی پەنجەرەکەوە دیاربوو، بە خەیاڵ روشدی هێنایە بەرچاوی خۆی، لە سەر لا پاڵکەوتبوو، نیگای خەمین، ڕوخساری گرژ ودەکۆکی ئەمما کۆکین: " دەک بمرم بۆت گیانەکەم.. بمرم بۆ ئەو کەوتنەت، کە هێز و توانات لەبەر بڕاوە.. بمرم بۆ ئەو نیگا کردنەت کە دەڵێت چ ئازارێکی بەترەف دەکێشیت! جوانیەکەت کێوە چوو؟ کوا گەنجایەتیەکەت؟ قسە قووتەکانت کێوە چوون؟ ئاواتەکانت چییان لێهات؟ چ بەڵایەک بە سەر جەوانیمان، بەسەر قسەکانمان، بەسەر ئاواتەکانماندا هات؟ خودایا چەند نەگبەتم من... چەند تاریکە ژیانم!

خۆی دا بەسەر کورسییەکدا، بەدەم ئاخ وداخەوە چاوەکانی سڕی و دەخەیاڵەوە چوو، لە چاو تروکانێکا ژیانی خۆی لەگەڵ روشدی دا لە بەرچاوی بەرجەستە بوو، دڵنیا بوو کە کیژێکی بێ یەغباڵ و بێ تالحە. نەیدەتوانی نائومێدی قسەکانی داک و بابی دەربارەی نەخۆشیەکەی روشدی لەبیر بکات. ترس سەراپای گرتبوو، هیچ وێنایەکی دەربارەی مەرگ نەبوو، جگە لە ناوەکەی. چۆن مەرگ لە ناکاوا، وەکو دڕندەیەکی ترسناک پەیدا بوو، دەیەوێ دڵی دەربێنێ؟ ئەی خودا، وێڕای ئەوەش داوای لێدەکەن دیدەنی نەکات! دڵڕەقانە دەیانویست ئەو و ئازیزەکەی دڵی، لێکدی هەڵاوێرن! ڕوخساری گریاناوی گرژ بوو، هەستی کرد تەزوویەک بە هەر چوار پەلیا دێت، ئازای گیانی مێروولە دەکات، دەستی نایە سەر سنگی!.. هەستیکرد چەند نیگەرانی سەلامەتی روشدیە، ئەوەندەش لە نەخۆشیەکە دەترسێت! لە جێدا کەوتن، کۆکە و لاواز بوون، ئازار! پاشان هەستی بە نائومێدی و تووڕەیی و خەم و ترس کرد. ئیدی لە نێوان سەلامەتی خۆی و دیدەنی دەنکەکەیدا،

تیامابوو، بەدەم ئازارەوە دەتلایەوە. ئەی خودایا، مەگەر ئەو نەبوو تا دوێنێ بە ئارامی و دڵنیایی و هیوا و ئاواتەوە دەژیا؟! بۆ لە ناکاوا، تووشی ئەم دەرد و بەڵا و مەینەتیە بوو؟!

عەسری ڕۆژی دوایی کە لە قوتابخانە گەڕایەوە، سەیری کرد داک وبابی شتەکانیان لەو ژوورەوە گواستووەتەوە بۆ ژوورێکی دی، دوور لەو پەنجەرەیە، لەو تروسکە ڕۆشناییەشیان کردبوو کە لەو پەنجەرەیەوە بەدی دەکرد..

(( ٤٥ ))

روشدی ئیدی ناوی نەوالی نەهێنا. ئەحمەد سەری لەم بێدەنگیەی روشدی سوڕمابوو، لە دڵی خۆیدا دەیپرسی ئایا براکەی لە تاو ئازاری خۆی نەوالی لە بیر چووەتەوە، یان بە ئانقەست و لە داخا خۆی لە گێلی دەدات؟ لە کانگای دڵەوە دوعای بۆ کرد کە لە بیری بکات و فەرامۆشی و ئاسوودەیی بۆ بێت. نەیدەتوانی ناخی روشدی، لە سیما و نیگا خەمینەکەیدا بخوێنێتەوەو پەی بەوە بەرێ کەچی لە دڵیا دەگوزەرێ. ئەم حاڵەتە، ئەحمەد و داک و بابی حەپەساندبوو، دڵیان بە حاڵی روشدی دەسووتا. ئەوان مەسەلە سۆزدارییەکەیان بەلاوە گرینگ نەبوو، بەڵکو خەمی سەلامەتی ئەویان بوو، کە لە هەوڵ وتەقەلای ژیاندا بوو. بەتایبەتی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، پێدەچوو بەرەو باشی بچێ و سووکە ئومێدێک لە دڵ و دەروونیان گەڕابوو. هۆیەکەشی تەنیا ئەمە بوو، کە لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا، حاڵی کەمێک جێگیر بوو، بەڵام روشدی هێشتا هەر لە جێدا کەوتبوو، نەیدەتوانی هەڵس وکەوت بکات، بەڕادەیەک لاواز بووبوو پیاو لێی دەترسا وبەزەیی بە حاڵیا دەهاتەوە. ڕەنگی زەردێکی ئامال شین بوو، کۆکەکەی کەمۆکەیەک سووک بووبوو.

لە نیوەی مانگی مایس دا، پزیشکی بانکەکە هاتە دیدەنی، تا هەم معایەنەی بکات و هەم ئەگەر پێویست بکات مۆڵەتەکەی بۆ تازە بکاتەوە. یارۆی پزیشک معایەنەیەکی لام سەرلایی کرد و ئەوسا گوتی:- پێموایە دەزانیت کە مۆڵەتە یاساییەکەت لە ١٩٤٢/٦/٣٠ دا تەواو دەبێت!

بەڵێ دەیزانی، بەڵام وای نواند کە ئەمە یەکەمجارە شتی وا دەبیستێ، بە دەنگێکی کز گوتی:- بەڕاست؟!.. بەڵێ.. دەزانم..

پزیشکەکە بە خەمساردیەوە گوتی:- هەڵبەتە مۆڵەتەکەت زۆر کەمی ماوەو مەحاڵە لەم چەند ڕۆژە کەمەدا چاک ببێتەوە، بۆیە هیچ چارێک نییە و لە ڕۆژی ١٩٤٢/٥/٣١ دا لە کارەکەت دەردەکرێیت!

دەنگی پزیشکەکە بە گوێی سەیر ونامۆ بوو. بەدەنگێکی کز پرسی:

-هیچ ئومێدێک نییە پێش تەواو بوونی مۆدەتی مۆڵەتەکەم چاک ببمەوە؟

پزیشکەکە، کە ئەو پرسیارەی پێناخۆش بوو، بە ڕوو گرژی گوتی:

-لەو باوەڕەدای لە زەرفی بیست ڕۆژێکدا چاک ببێتەوەو بگەڕێیتەوە هەمان دۆخی جاران و دەست بەکار ببێتەوە؟! مەحاڵە، بەلای کەمەوە یەک ساڵت دەوێ تا بە تەواوی چاک ببێتەوە..

روشدی چارەی بە یەکدا دا، دەبیرەوە چوو، مات وخەمین سەری لەبەر خۆ نا، بەڵام دکتۆرەکە، ئەنکێتێکی بۆ پڕکردەوە کە مۆڵەتەکەی لە ١٩٤٢/٥/٣٠ دا تەواو دەبێت، ئەوسا بە ڕاوێژێک کە نیشانەی ڕۆیشتنی پێوە دیاربوو، گوتی:- بێزەحمەت، ئالێرەدا ئیمزایەکی خۆتم بۆ بکە..

هەنگی، وەکو ئەوەی لەو تەنگانەیەدا پەنا بۆ کەسێک ببات، ئەحمەدی برای بیرکەوتەوە.. چاوی بە دکتۆرەکە و ئەنکێتەکەی بەردەستیا گێڕا، ئاگای لەوە بوو کە دکتۆرەکە پەلەی ڕۆیشتنیەتی، دەستەپاچە بوو، قەڵەمەکەی هەڵگرت و بە دەستی لەرزۆک ئەنکێتەکەی ئیمزا کرد. دکتۆرەکە لە ژوورەکە وەدەرکەوت، دایکی هاتە ژوورەوە، ماندوویەتی و کول و کۆڤان تەواو شەکەتی کردبوو. روشدی بە ڕاوێژێکی گڕو لەرزۆک بە دایکی گوت:- ئەمڕۆ، ئەمری فەسڵکردنەکەی خۆمم ئیمزا کرد!

دڵی دایکی بە توندی داخورپا، بەڵام زوو خۆی کۆنترۆڵ کرد، تا خەمی کوڕەکەی زیاتر نەکات. بەبێ موبالاتیەوە گوتی:

-هەر لەبەر ئەمە بەو خەمینییە قسە دەکەیت؟! کوڕی خۆم، خودا ڕەحمی پێکردووین و شوکر لە مەترسی ڕاستەقینە خەلەسیوی، نابێ لە شوکرانەی خوا غافڵ بین. کار نییە خوا چاکی نەکات، هەر گوێی مەدەیە، ئەم کارە نا کارێکی دی، کێ دەڵێ سبەی کارێکی چاکترت دەست ناکەوێ..

لێ روشدی، بە هەمان دەنگی گیراو و لەرزۆکەوە، وەکو ئەوەی کەم و زۆر لە قسەکانی داکی حاڵی نەبووبێ، گوتی:- تەواو، کارەکەم لە دەست دا، رابردوو وئایندەم لە کیس چوو.

داکی توند لێوی گەست تا ڕێگە لە گریانی خۆی بگرێت، گوتی:- روشدی نە نائومید بە ونە خەفەت بخۆ، بەری تەنگانە کورتە، سبەی و دوێی، بە ئومێدی خوا هەموو کێشەکان چارەسەر دەبێت، خوا حەزکا دەچیتەوە سەر کارەکەی خۆت یان کارێکی باشتر. باوەڕ بکە دڵم دەڵێت، دوای ئەم هەموو ناخۆشیە، نۆرەی خۆشیە، خێر و خۆشی رووت تێدەکات..

بەڵام روشدی گوێی لەو نەدەگرت. نیگای وێڵ و سەرگەردان، دەیڕوانیە نادیار، ئیدی دایکی نەدەبینی، ئەوسا وەکو کەسێک خوێ بدوێنێ، دەیگوت:- کە نەخۆشی شتێکی خراپە! ئازارەکەی لە کێشا نییە، پیاو لە پەل و پۆ دەخات، گەنج پیر دەکات، ئومێد دەگۆڕێ بە نائومێدی، بنیادەم لە کار و کاسبی دەکات، تەنانەت خۆشەویستیشت لە بەرچاو دەخات! ئایندەم لە دەست چوو، دنیای ڕوونم لێ تاریک بوو، ئێسکەکانم پووکانەوە، هیچم بە دەستەوە نەما.. خودایا لە شەڕی نەخۆشی لایاندە.. لاماندە..

ژنەی تاین جڵەوی خۆی لەدەست بەربوو، دەستی بە گریان کرد، بەدەم پەڵمە گریانەوە گوتی:- روشدی بەزەیت بەمندا بێتەوە!

روشدی بە توندی گوتی:- خودا نایەوێ ڕەحممان پێدا بکات..

دوا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە- پاش هاتنەوەی باوکیان لە مزگەوتی حوسێن و ئەحمەد لە دەوام و دایەرە — ئەحمەد و بابی بە دوو قۆڵی لەگەڵ روشدی کەوتنە قسان، تا خەمی لە دەستدانی کارەکەی، لە شان سووک بکەن و ئومیدی پەیداکردنی کارێکی باشتری بخەنە دل. تا لە کۆتاییدا پێدەچوو گوێ لە قسەکانی وان بگرێت و سوکنایی بە قسەکانیان بێت. ئەحمەد هەستیکرد خەرجی دەرمانەکان زۆر لە مووچەکەی روشدی زیاتر بوو کە نها تەقریبەن بۆ یەک چارەک داکەوتبوو و بەو زووانەش بە یەکجارەکی دەبڕدرا. هیچ لەبەری گران نەبوو کە لە مووچەکەی خۆی یارمەتی بدات، پێی گوت:

-روشدی، تۆ ئێستا لە جاران باشتری، پێموایە دەتوانی تەحەمولی ئاسایشگە بکەی، باشتر نییە بۆ ئەوێندەر بگەڕێیتەوە، هەر نەبێ هەواکەی لێرە باشترەو، هەم سەرپەرشتی و خزمەتێکی باشتر دەکرێی؟..

روشدی کە گوێی لە ناوی ئاسایشگە بوو، لەرزی لێهات، گوتی:

-حاڵی حازر بەرگەی چوونەوە بۆ ئەوێ، بۆ ژووری نمرە دوو ناگرم. مەحاڵە بچمە قاوشی نمرە سێ.

- پێت وانیە یەک قاوشی دەرەجە سێ لە ڕووی هەوا و دەرمانەوە لەم ژوورەی خۆت باشتر بێ؟

سەری، کە لە چاو گەردنە باریکەکەیدا زۆر گەورە دیار بوو، بادا وگوتی:- ژیان لەوێندەر قەباحەتە، ڕەوشی نەخۆشان زیڕە بە پیاو دەکات.. خوا لە شەڕی نەخۆشی بەدوورت بگرێ..

ئەحمەد هیچی دی نەگوت، ئێوارە کە روشدی و داکی پێکەوە، بەدەم قسان و گوێگرتن لە ڕادیۆی چاخانەکانی دەوروبەریانەوە دادەنیشتن، پێشکەشکاری ڕادیۆکە، ئەو دکتۆرەی کە یەکەمجار معایەنەی روشدی کردبوو — بە جەماوەری گوێگران ناساند: " .. کە یەکەم محازەرەی خۆی دەربارەی دەردەباریکە، پێشکەش بە ئێوە دەکات " دایکی کە گوێی لەو وشە سامناکە بوو، دڵی دالەرزی، بەڵام روشدی بە وردی گوێی ڕادێرا. هەڵبەتە تەنیا ئەو دووە لەو سەعاتەدا گوێیان دەگرت، بابەکەش کەلە ژوورەکەی خۆی قورئانی دەخوێند، سەری لە سەر قورئانەکە هەڵبڕی و چاوی بڕییە پەنجەرەکە. ئەحمەدیش کە لە قاوەخانەی زەهرە بوو، حەواسی لەلای قسە و باسی هاونشینەکانی پەرت بوو، بە دڵە خورپەوە گوێی بۆ ڕادیۆکە شل کرد. پزیشکەکە باسی مێژووی کەشف بوونی نەخۆشیەکە و ئەو قۆناغانەی کرد کە پێیدا دەڕوات، هەر قۆناغێکی بە دوور ودرێژی باسکرد، ئەوسا باسی زەوجینی ئەوانەی کرد کە لەو نەخۆشیە چاک بووبوونەوە کە دەبوا دوای هەر قۆناغێک چەند ساڵ چاوەڕوان بکەن، پاشان پێشنیازی کرد کە دەوڵەت، بۆ ڕزگاربووانی قۆناغی سێیەم، لە سارای حەلوان دا، بەناوی کەرەنتینەوە، ئاسایشگە و بوژانگەی تایبەتی دروست بکات تا بەشێک لە ژیانیان یان هەموو تەمەنیان لەوێندەر بەسەر بەرن. ئەندامانی خێزانەکە هەریەکەیان بە جیا و لە شوێنێکی جیاوازەوە گوێیان لەو محازەرەیە گرت. دایکەکە، چاوە پڕ گریانەکانی شاردەوە، بابەکە ئاهێکی هەڵکێشا و گەڕایەوە سەر خوێندنەوەی قورئانەکەی، بەڵام ئەحمەد کە لە دڵا دەگریا، وای دەنواند کە بە شادیەوە گوێ لە قسەکانی وەستا نونو دەگرێت. روشدی بە بێدەنگی ولە زەینی خۆیدا، ئەو قسانەی ورد دەکردەوە کە گوێی لێی بووبوو. لە ناکاوا زنجیرەیەک بیرەوەری وەیاد هاتەوە؛ سەرەڕۆیی و ڕابواردنی گەنجانە، عاشقێنی رەوتەنی، جۆرەها وێنەی ڕوو و ڕوخساری جیاواز، شوێن و دەڤەرێن جۆراوجۆر. داخ و کەسەر سینگی هێنایە ژان، لە ترووپکی ئومێدەوە، بەرەو هەڵدێری ڕەشبینی و نامرادی هەڵدێرا، بیری چووبووەوە کە دایکی لەلایەوە ڕۆنیشتبوو، بەوپەڕی نائومێدیەوە هاواریکرد: " خودایا، ئەگەر مەشیەتی تۆ لە سەر ئەوەیە کە بەم نەخۆشیە بمرم، تکات لێدەکەم پەلە بکە."

دایکی ڕاچڵەکی، بە گلەییەوە تەمەشای کردو گوتی:- روشدی!...

بە زەردەیەکی تاڵەوەو بە شۆخیەوە گوتی:- وادیارە، بەو ئاواتەت ناگەی کە زەماوەندەکەم بدینی!

کە بینی، خۆبەخۆ دەستی بە گریان کرد، زۆری بەزەیی پێدا هاتەوەو بە شەرمەزاری و کەسەرەوە گوتی:- ببورە دایکە.. زۆرت ئەزیەت دەدەم دایکە داماوەکەم.. خورد وخەوم لێحەرام کردوویت، ڕۆژگارم ڕەش کردوویت، نەهاژی بە وڕینەکانم ئەزیەتت دەدەم، خودایا تۆبە، بمبورە.

(( ٤٦ ))

بەیانی ڕۆژی دواتر، بە دڵ وگیانێکی ئارامترەوە لە خەو ڕابوو. کە ئەحمەد بۆ بەیانی باش سەری بە ژوورەکەیدا کرد، داوای لێکرد قورئانەکەی بۆ بێنێ. ئەحمەد، قورئانی موبارەکی بۆ هێنا، روشدی بە خۆشحاڵییەوە لێی وەرگرت. ئەوسا لێی پرسی:- باشە حەرام نییە دەستی تێوە بدەم؟ چەند مانگێکە خۆم نەشۆردووە؟!

ئەحمەد بەدەم بزەیەکەوە گوتی:- عوزری تۆ لە خوا شاراوە نییە..

روشدی دەستی بە خوێندنی قورئانەکە کرد، ئەگەر لە ترسی ئەوە نەبا کۆکە دەیگرێ، بە دەنگە خۆش و زوڵاڵەکەی دەیخوێندەوە. خوێندنەوەی قورئانەکە، لەزەت و ئارامی پێدەبەخشێ، دڵی بە زیکری خوا ئارام بووەوە، یادی ڕابردووی شیرین و داخی ئەو شتانەی لە دەستی دابوو، پەشیمانی لە هەڵە و خەتاکانی ڕابردووی لەبیر بردەوە، بگرە تەنانەت ئەو ئازارەشی بیر بردەوە کە بەردەوام پێوەی دەتلایەوە، نائومێدی لە چاکبوونەوە کە لە دوێنێوە دڵی گرتبوو لە بیر بردەوە، ترسی لەو کۆتاییەش ڕەوییەوە کە بەردەوام لە خەیاڵ و لە بەرچاوی بوو. سەرەنجام ئازار و ترسەکانی فەرامۆش کردو بە قەناعەت و ڕەزامەندییەوە، پەنای بردە بەر خودا. بەمەش هەستی بە ئاسوودەیی و دڵنیایی تەواو کرد، هەستی کرد ڕابردوو و ئایندەی بەندە بە ئیرادە و مەشیەتی خواوە و وەکو چۆن لە کاتی کۆکەی بێ ئاماندا، بە دڵنیایی سەری دەنا بە سینگی دایکیەوە، بەو ئاوایە پەنای بردە بەر ئیرادەی خودا. ڕۆژانێک بووری، روشدی هەر ئارام، بە سەبر و هەدار بوو، نە هەڵدەچوو و نە تووڕە دەبوو، نە گلەیی دەکرد، نە بێزاری دەردەبڕی، نە یاخی دەبوو، نە تەوس و توانجی هەبوو. لەو جارە کەمانەدا کە ئاژیری خەتەر لێی دەدا، کەسیان لە شوقەکە وەدەر نەدەکەوتن، بە تاریکی و بە پێ خشکێ و بە کوێرە کوێر بۆ ژوورکەی روشدی دەچوون و بە ترس و دڵە لەرزێوە لە دەوری ئەو دادەنیشتن. ڕۆژگار بە خاوی و ئارامی دەبووری، تا ئەوە بوو بویەرێکی گرینگ ڕوویدا! ڕۆژێکی نیوەی مانگی مایو بوو. خۆر لە ئاوابووندا بوو، بابەکە، وەکو خووی هەمیشەیی بۆ نوێژی ئێوارە، بۆ مزگەوتی حوسێن چووبوو.

ئەحمەد و دایکی لە ژوورەکەی روشدی ڕۆنیشتبوون، جووتە برا مژوولی گفتوگۆ بوون. لە زەنگ درا و دەرگا کرایەوە، دەنگی سووکی پێیان هاتە گوێ. ئەوسا دوو ئافرەت خۆیان بە ژووردا کرد: تەوحیدە خانم و نەوال! هەموو حەپەسان، دڵی جووتە برا بە توندی ڕاچڵەکی! چما نەوال دوای ئەم غیابە دوورو درێژە هاتبوو؟!

پەیدابوونی دووبارەی ئەو، لەگین بوو ئەو برینە بکولێنێتەوە کە خەریک بوو سارێژ دەبوو. ئەحمەد هەستا، لاکەوت و چووە بەر پەنجەرەکە. روشدی، چاوانی کە دوو خەرمانەی ئامال شین دەوری دابوون، هەڵبڕی و نیگای بڕییە وان. ئەوسا حەپەسانەکە بەریدا، تووڕەیی جێگەی گرتەوە، ئارامیەکەی لێتێک دا. تەوحیدە خانم، بە گفت ولفتە شیرینەکەی خۆی قسەی دەگەڵ کرد و دڵنیای کردەوە کە بە ئاشکرا فەرقی کردووە و بەرەو باشی چووە. بەڵام نەوال بە دوو چاوی سرک و ترساوەوە لێی دەڕوانی و، لاواز بوونەکەی روشدی ترساندبووی. حەپەسابوو، نەیدەزانی چ بڵێ. تەنیا توانی، بە دەنگێکی نزمی ئەوتۆ کە بە ئەستەم دەبیسترا، بڵێت: " حاڵت چۆنە؟! " روشدی کە حەزی نەدەکرد وەڵامی بداتەوە، چەناگەی بەرزکردەوەو هەر دوو دەستی پانکردەوە، وەک ئەوەی پێی بڵێ "بەخۆت دەمبینی!" لە کەس شاراوە نەبوو کە روشدی گۆڕابوو، دەردو ئازارێکی گەورە چنگی نابووە دڵ و دەروونی. تەوحیدە خانم کە دەیویست بە ڕاوێژی خۆشی خۆی، جەوەکە هێور بکاتەوە کەوتە قسەی خۆش وپێکەنین وسوعبەتان، ئەوسا گوتی:- روشدی یەفەندی با مژدەت بدەمێ! خەوم پێوە بینیوی، لە خەوەکەما بارێکی قورست بە شانتا دابوو، خەریک بوو بە سەر پردێکی بەرز ودرێژا دەڕۆیشتی، بە سەلامەتی گەییتە کۆتایی پردەکە، شرۆڤەکەی ئەمەیە کە بە ئومێدی خودا بەم زووانە چاک دەبیتەوە!. "

روشدی، بە ڕاوێژێکی هەندێک زبر گوتی:- دکتۆرەکە پێش ئێوە ئەم خەوەی ڕاڤە کرد و تەکەزی کرد کە بە کێمانی یەک ساڵی دوور و درێژم دەوێ تا چاک دەبمەوە؟

ژنەی تاین بە راوێژێکی گازن ئامێزەوە گوتی:- بێ بەڵا بی روشدیەفەندی، تۆ هەمیشە هەر ڕەشبینی... ( ئاماژەی بۆ کیژەکەی کرد و لە سەری ڕۆیی ) نەوال هاتووە بۆ دیدەنی تۆ، بۆیە تا ئێستا نەهاتووە بۆ لات چونکە مژوولی دەورو دەوامی قوتابخانە بوو، لەم چەند ڕۆژەی دوایشدا کەمێک نەساغ بوو، لە کۆتایی ئەم مانگەشدا تاقیکردنەوەی هەیە!..

روشدی، یەکسەر گوتی:- هەمان ئەو بەروارەیە کە من لە کارەکەم فەسڵ دەکرێم..

نەوال، کە حەقیقەتی توورە بوونەکەی روشدی بۆ دەرکەوت، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. تەوحیدە خانم بە ناڕەحەتی لە سەری ڕۆیی:- بەڵا بەدوور.. گوێی شەیتان کەڕ بێ. بەری تەنگانە کورتە، کۆتایی هەر تەنگانەیەک فەریحی یە..

لێ روشدی، هەردوو دەستی خستە سەر سینگی و بەتووندی گوتی:- تەنیا ئەم تەنگانەیە نەبێ، کە تا گیانی بەشەر دەرنەیەنێ، کۆتایی نایەت..

-روشدی یەفەندی نەخۆشیەکەی تۆ هیچ نییە، بە ئومێدی خوا بەم زووانە چاک دەبیتەوە..

روشدی، بە کەسەرەوە شانەکانی هەڵتەکاند ولە حاڵێکا هەر دوو دەستی بە سەر سینگیەوە بوو، بە تووندی گوتی:- مەبەستت کێهە نەخۆشییە؟ ئەمە دەردەباریکەیە!... تا ئێستا ناوت بیستووە؟! دیق، دیق، خەریکە لە ناوەوە سینەم دەخوات، خوێن هەڵدێنم.. دیق نەخۆشیەکی گرانە، زۆر دژوارە.. زۆر گیرۆیە، ئاگادار بن ها..!

ئیدی دڵی پڕ بوو، تەواو هەڵچوو. داکی لێی پاڕایەوە کە بێدەنگ بێت، بە بیانووی نەخۆشی تووندی کوڕەکەیەوە، تکای لە هەردوو میوانەکە کرد کە لە گەڵ ئەودا بچنە ژووری میوان. وەختایەک ژنەکان وەدەرکەوتن، هەر ئەحمەد و روشدی بە تەنیا مانەوە، ئەحمەد بە کەسەرەوە گوتی:- خۆزیا تووڕە نەدەبوویت!

لێ روشدی بە هەڵچوونێکی توونددەوە بەرسڤی دایەوە:- بە خودا شایستەی دڵسۆزی تۆ نییە برام! خیانەت قەباحەتە! تۆ بە خۆت چاک دەزانی ئەم کیژە سەبەبکاری ئەسڵی ئەم نەگبەتیەی منە! ئەگەر ئەو نەبوایە، زوو فریای نەخۆشییەکەی خۆم دەکەوتم، دەخەلەسیم، بەڵام وابەستەگیم بەوەوە، وای لێکردم نەخۆشییەکەم بەهەند نەگرم و حاڵم بەم حاڵە بگات کە بەخۆت دەیبینی..

لەسەر تەختەکە دانیشت، هێشتا هەر تووڕە بوو. لە سەری ڕۆیی:- ئاخر ئەم پیرەژنە بۆچی گیانی کیژەکەی خستووەتە مەترسییەوەو بۆ ئێرەی هێناوە؟.. ژنەی فێڵباز، دوور دەڕوانێ، بە هەمان ئەندازە پێشبینی ئەگەری چاکبوونەوە و مردنم دەکات، حیساب بۆ هەموو ئەگەرەکان دەکات، بەڵام داشۆ من ئیدی بیر لە زەماوەند و ژن هێنان ناکەمەوە. خۆ ئەگەر خوا حەزبکات و چاک ببمەوە، ئەوا دەبێ تا ماوم ئاگام لە جەستەی لاواز و دەغەزاری خۆم بێ، لە باشترین حاڵەتا، ئەگەر چاکیش ببمەوە، جگە لە بەدەنێکی پیر هیچی ترم بۆ نامێنێتەوەو دەبێ بەردەوام تیماری بکەم! داشۆ، لە بانکدا، تۆزێ پارەی پاشەکەوتم هەیە، بۆ زەماوەندەکەمم دانابوو. بڕۆ لە بانک دەری بێنە وبۆ حەلوانم ببە. لەوێ خۆم بە ڕەحمەتی خوا دەسپێرم تا بزانم تەقدیری بە چییە. سبەی بەخۆت پارەکەم بۆ وەربگرە، جل و بەرگ و شتی پێویستم بۆ بکڕە، بەر لە کۆتایی ئەم مانگە دەگەمە ئاسایشگاکە، ئیدی بە تەمای خوا..

چێشتەنگاوی ڕۆژی دووەم – هەینی – ئەحمەد داوای براکەی جێبەجێ کرد. پاشەکەوتەکەی بۆ وەرگرتەوە، دوو دەس بیجامە وجلی ژێرەوەو هەندێ پێویستی دیکەی بۆ کڕی، نیوەڕۆ بە خۆشحاڵی بۆ ماڵ گەڕایەوە، زۆر دڵی بە بڕیارەکەی روشدی خۆش بوو کە قەراری دابوو بۆ حەلوان بڕوات، کە خۆی بە ژوورەکەی روشدی دا کرد، بینی جگەرەی بەدەمەوەیە، زۆر پەست ونیگەران بوو، روشدی لەوەتای نیشانەکانی نەخۆشی لێ دەرکەوتبوو، جگەرەی تەرک کردبوو، بە دیتنی براکەی پەشۆکا، بزەیەکی شەرمەزاری و خەجالەتباری بۆ کرد. ئەحمەد، کە لە داخا، ئەو شتانەی بیرچووەوە کە کڕی بوونی، هاواری بە سەرا کرد:– کێ ئەم جگەرەیەی داویەتێ؟.. بەتەمای چی لە خۆت بکەی؟!

نیگایەکی گازنئامێزی دایکی کرد، ژنەی بەلەنگاز بە مەبەستی بەرگری لە خۆی گوتی:– ئەحمەد گیان زۆری لێکردم، چەندم کرد وکۆشا فایدەی نەبوو، تا جگەرەکەی وەرنەگرت، کۆڵی نەدا ونەدا..

روشدی، بێئەوەی جگەرەکە دابنێ گوتی:– لێم مەگرە داشۆ.. لە ناکاوا حەزم چووە جگرەو نەمتوانی جڵەوی خۆم بگرم، بەخۆم نەوەستام.

ئەحمەد، بەوپەڕی تووڕەیی گوتی:– بەڵام ئەمە شێتایەتیە، لە شێتایەتیش زیاترە!

روشدی، بە جۆرە عوزرخواییەکەوە گوتی:– تاقە جگەرەیەک زەرەری نییە.. چەند بە لەزەتە، لێم گەڕێ با بەکامی دڵ بیکێشم!..

بە تامەزرۆییەکی سەیرەوە جگەرەکەی کێشاو، ئەوسا گوتی:– تووڕە مەبە کاکە! ئەمە دوا جگەرەم دەبێ، کوا جلە تازەکانم نیشان بدە..

دوای فراڤین بە ماوەیەکی کەم، روشدی هەستی بە ماندوویەتیەکی زۆر کرد، نەیتوانی لە سەر جێگاکەی پاڵ بکەوێ و سەر خەوێ بشکێنێ، لە سەر قەرەوێڵەکەی دانیشت، لاقەکانی شۆڕ کردنەوە، پشتی دا بە سەرینێکی دوو قەد کراوەوە، لاقەکانی باریک لە دوو هێڵی باریک دەچوون. ڕەنگی زەردێکی شینباو بوو. چاوەکانی بە قووڵا چووبوون، خەرمانەیەکی ڕەش دەوری دابوون، گەورەتر دەهاتنە بەرچاو. نیگایەکی سەیر، نیشتبووە سەر چاوەکانی، نیگایەکی دوور لە خەمینیەکەی جاران، دەتگوت دەڕوانێتە شتێک کە خەڵکانی دی فەرقی ناکەن. ئەحمەد، دەمە وئێوارە، بەر لەوەی بۆ قاوەخانەی زەهرە بڕوات، هات بۆ ژوورەکەی و کەمێک لەلای دانیشت. روشدی پێی گوت:– دەڕۆی بۆ زەهرە؟!.. سلام بگەیەنە برادەران، چەند حەز دەکەم شەوێک لە گەڵ برادەرانی سکاکینی بەرمە سەر.

ئەحمەد، بە خەمگینییەوە گوتی:– ئیشەڵڵا چاک دەبیتەوەو دەگەڕێیتەوە بۆ نێو برادەرەکانت و شەوبێریەکانت!

روشدی بە خەمینییەوە گوتی:– تۆ بڵێی بە ڕاستی چاک ببمەوە؟! تۆ تەمەشای لاقەکانم بکە! یانی جارێکی دی وەکو لاقی بەشەریان لێدێتەوە؟!

–ئەمە بەلای خواوە زۆر ئاسانە!

سەرێکی لەقاند، ئەوسا بە دڵسۆزییەوە، ئامۆژگاری براکەی کرد:

–ئاگات لە سەلامەتی خۆت بێ، خۆت نەخەیتە تالووکەوە.. ئەوسا، بۆ دەمێک سەری لەبەر خۆی نا، لە کاتێکا تۆنی دەنگی گۆڕابوو، گوتی:– نەخۆشی وەکو ژنە، گەنجایەتیت هەڵدەلوشێت و ئاوات و ئارەزووەکانت بەبادا دەدات..

ئەحمەد، دەبیرەوە چوو، لە دڵی خۆیا پرسی براکەی بۆ ئەو قسانە دەکات. بە دڵی شکاوەوە تەمەشای کرد. روشدی لە سەری ڕۆیی:- میکرۆبەکەی ژێراوژێر کار دەکات، تا نێچیری خۆی دەست دەخات و لە ڕەگ و ڕیشەی دەنیشێت ولە نێوی دەبات.

-روشدی! ئەوە تۆ چ دەڵێی؟

- پێش ئەوەی بڕۆم، حەقیقەتت پێ دەڵێم. لەوەیە جارێکی دی نەتبینمەوە.

ئەحمەد بە دڵتەنگی گوتی:- چۆن ناتبینمەوە روشدی گیان؟

روشدی کەمێک وەخۆهاتەوە، دەتگوت حەنەکبازییەکەی سەری هەڵداوەتەوە، گوتی:- یانی ئەگەری ئەوە نییە لە دەستم بێزار بیت یان سەرقاڵی خوێندنەوە ببیت و من لە حەلوان لەبیر بکەی؟!

ئەحمەد، بە کول وکوڤانەوە هاواری کرد:- بێ بەڵا بی.. بێ قەزا بی..

روشدی، بە هەمان نیگای غەریب و نامۆ، چاوی تێبڕی وگوتی:- باشە ئەوانە بۆ نەخۆشەکان ناسووتێنن، تا هەم نەخۆشەکان ئیسراحەت بکەن و هەم ئەوانیش ئاسوودە بن؟

ئەحمەد، هاواریکرد:- روشدی! ئەوە چ دەڵێی؟!

هەڵوەستەیەکی کرد، ئەوسا بە کەسەرەوە گوتی:- دوای نەخۆشی ببڕێتەوە، خودا لە بەڵا و نەخۆشی بەدوورت بکات!..

ئەحمەد، سەر و دڵی گیرا، دایکی قاوەی بۆ هێنان، بە بێدەنگی قاوەکەی خواردەوە، دەترسا روشدی بگەڕێتەوە سەر قسە ناخۆشەکانی، بەڵام باش بوو هیچی نەوت. کەمێک ئاسوودە بوو، هەستی کرد براکەی گەڕایەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی. ژێراوژێر دزە نیگایەکی کرد، لاوازی و ڕەنگە زەرد و دیمەنی لاقە باریکەکانی، دڵی هێنایە ژان. خەمین و خەمبار لە دڵی خۆیدا گوتی:- ئەمە تۆی روشدی گیان؟! نەحلەت لە نەخۆشی!!..

ئەحمەد، لە ڕۆژان درەنگتر گەیشتە قاوەخانەکە، لەوێ کەمێک مێشکی دەحەسایەوە، دڵەی خەمینی کەمێک ئۆقرەی دەگرت. تا سەعات دەو نیوی شەوێ لەوێندەر مایەوە، پاشان بۆ ماڵ زڤڕییەوە، سەرێکی کێشایە ژوورەکەی روشدی، بینی دەرمانی خەوی خواردبوو و پاڵکەوتبوو، لێ هێشتا خەوی لێنەکەوت بوو. سڵاوەکەی ئەحمەدی سەندەوە و گوتی:- شەوباش.. هاتیتەوە؟

ئەحمەد، بە وردی لێی ڕوانی وگوتی:- بەڵێ، ئەدی چۆنی؟

-لەخوا بەزیاد بێ.. چای زەهرە چۆن بوو؟

- وەکو جاران بوو، چۆنت دیوە، هەروابوو.

بە دەنگێکی کز کە بە ئاستەم دەبیسترا، گوتی:- نۆشت بێ!...

ئەحمەد، وازی لێهێنا تا بخەوێ، چوو بۆ ژوورەکەی خۆی و جلەکانی داکەند. زۆر دڵی تەنگ و مێشکی پەشێو و پەرێسان بوو، بۆنێکی ناخۆش چوو بە دەم و لووتیا، هێندەی دی دڵی تەنگ و مێشکی ماندوو بوو، تۆ بڵێی ئەو ترس و دڵە ڕاوکێیەی سەر ودڵی بەشەر دەگرێ، بۆنی هەبێ؟! هەوڵیدا، سەعاتێ خۆی بە موتاڵاو خوێندنەوەوە مژوول بکات وخەمەکانی لە بیربکات. ئەوسا هەستا تا بخەوێت، بەڵام خەیالات و دڵەڕاوکێ نەیان هێشت خەو بچێتە چاوانی. بەیانی زوو لەو دەنگە دەنگە خەبەری بووەوە کە لە ماڵەکەدا بەرپا بووبوو،

تەمەشای سەعاتەکەی کرد، پێنجی بەیانی بوو. لە دڵی خۆیدا پرسی، چ شتێک بەو بەرەبەیانە کەس و کارەکەی بێدار کردووەتەوە؟!.. لە جێگاکەی هەستا، نیگەران و خەمبار لە ژوورەکەی وەدەرکەوت، تەنیا دوو هەنگاوێک بەو ڕاڕەوەدا ڕۆیی کە دەچوو بۆ ژوورەکەی روشدی. دەرگای ژوورەکەی براکەی بە توندی کرایەوە، دایکی لە ئاستانەی دەرگاکە بەدیارکەوت. باسکەکانی وەکو کەسێک هاوار بکات بەرزکردنەوە، ئەوسا شێتانە و بە توندی کەوتە لێدان و ڕنینەوەی سەرو گۆناکانی خۆی.

(( ٤٨ ))

ڕۆژێکی بە سوێ و پڕ ئازار بوو. خەڵکەکە، بە داخ و کەسەر و گریان و زاریەوە، دوای جەنازەکە کەوتبوون. ئەحمەد، یەک بە یەکی بیرەوەرییەکانی لە زەینی خۆیدا دەور دەکردەوە، چونکە بیرەوەریە رەش و تاڵەکان، لە دڵی ئەو و داک و بابە دڵشکاوەکەیا نەخش بووبوون. بە هەنگاوی سست ودڵی شکاو و چاوانی ترساوەوە خۆی بە ژوورەکەدا کرد. هەرکە وەژوورکەوت، چاوی بڕییە تەختە خەوەکە، روشدی بینی لە سەر تەختەکە ڕاکشابوو، دایکی چەرچەفەکەی بە سەریا دابوو، بابی سەری لەبەر خۆ نابوو و بە دیاریەوە دەگریا. لە تەختە خەوەکە نزیک بووەوە، چمکێکی چەرچەفەکەی هەڵدایەوە، روشدی بینی، بێئەوەی ڕوخساری یان ڕەنگی گۆڕابێ، وەکو ئەوەی نووستبێ، بە ئارامی ڕاکشابوو. چما نەخۆشی هیچی بۆ هێشتبۆوە تا مردن بیگۆڕێت؟! دانەوییەوەو تەوێڵە سارد وسڕەکەی ماچ کرد ودووبارە چەرچەفەکەی پێدا دایەوە. ئەوسا لە هۆڕژنی گریانێکی بێ ئامانی دا، هەرچی دەردێک لە دڵیا کەڵەکە بووبوو، لە ناکاوا هەمووی هەڵڕشت، ئەو دەردانەی کە بە درێژا و لە سایەی ساردی مەرگا لە دڵیا کەڵەکە بووبوو، نها بەدەم لێشاوی ڕوندکەوە هەڵیدەڕشت.

چووە موغازەیەک لە غوریە، بەدەم کڕینی کفنەوە، بیری لەو جلانە دەکردەوە کە دوێنێ بۆ براکەی کڕی بوونی. جوانترین جلی بۆ هەڵبژاردبوو، چونکە دەیزانی براکەی چەندی حەز لە جلی جوان وشیکپۆشی بوو، تەمەشای دەستی دووکاندارەکەی دەکرد، کە چۆن غەمگین وحەپەساو، قوماشەکەی پێواو پێچایەوە.

ئەوسا چوو بۆ سەنتەری تەندروستی تا مۆڵەتی ناشتن وەربگرێت. فەرمانبەرێک بە بێموبالاتیەوە لێی پرسی: " ناوی مردووەکە؟ "

بە دەنگێک کە حەزی نەدەکرد گوێی لە ڕاوێژی خۆی بێ، وەڵامی دایەوە: " روشدی عاکف " ئەوسا حایرو حەپەساو بە خۆی گوت: " روشدی عاکف مرد!... کە حەقیقەتێکی تاڵە " کابرای فەرمانبەر بە هەمان ڕاوێژی سارد وسڕەوە پرسی: " تەمەنی؟ " وەڵامی دایەوە: " بیست وشەش ساڵ " لێی پرسی: " نەخۆشییەکەی؟ " تووڕەیی سەر ودڵی گرتبوو، نەیدەتوانی ئەوە فەرامۆش بکات کە ئەو نەخۆشییە چ حەشرێکی بە براکەی کردبوو؟ ناوی نەخۆشییەکەی پێگوت. چما دەیتوانی دیمەنی لاق و گەردنی روشدی لەبیر بکات؟.. یان ڕەنگە زەرد و دژواری کۆکەکەی؟.. ئەوسا مۆڵەتنامەکەی وەرگرت، کە روشدی نەیدەتوانی بە بێ ئەو کاغەزە بۆ هەتا هەتایە لە ژێر خاکدا پەنهان ببێت، مۆڵەتنامەکەی وەرگرت و بە مەمنوونی و منەتباریەوە ڕۆیی!... سارد و سڕی و بێ موبالاتی فەرمانبەر و دکتۆرەکە، فەرتەنەیەکیان لە دڵیا بەرپا کردبوو، ئەوسەری دیار نەبوو. چۆن بەو خەمساردی و بێ موبالاتیە ڕووبەڕووی مەرگ دەبوونەوە، لە کاتێکا دزێوترین بویەری دنیا بوو؟!.. ڕۆژ هەبوو، جەنازەیەک بە سەر شانی خەڵکیەوە نەبینرێ؟!.. ئەدی چۆن وەکو ئەوەی هیچ بایەخێکی بەلای ئەوانەوە نەبێ، بەلای مەرگا دەبوورین؟! چۆن هەرکەسە، خۆی وەکو جەنازەیەک بەسەر شانی خەڵکیەوە نەدەبینی؟!

ئەوسا مردوو شۆرەکان، بە خۆ وکەرەستەی شۆردن و کفن کردنی جەنازەکە هاتن؛ هەموو مل قەوی و قۆڵ و بازوو ئەستوور، بە دەم تەسلیەت گۆیی وسەرەخۆشی ڕواڵەتیەوە، ژێراوژێر بسکەی سمێڵیان دەهات و

بازرگان ئاسا، بیریان لە کرێ وقازانجی خۆیان دەکردەوە، جەنازە ئازیزەکەیروشدی بۆ ئەوان و بەلای ئەوانەوە کالایەک بوو و هیچی دی. پاشان جەنازەکەی روشدی، بە جلکە سپیەکەیەوە خرایە سەرشان، لە کاتێکا شان بە شان و دەست بە دەست دەکرا، تێر تەمەشای کرد، تەربووشەکەی بە رێکی نایە سەر سەری، روشدی کە لە ژیانا بوو، عادەتی وابوو تەربووشەکەی بە لای راستا بە رادەیەک خوار دەکردەوە، تا دەگەییە سەر برۆکانی. کە ئەمەش کەش و فشی گەنجایەتی و قۆزی بوو، پیاو بۆ خوا بیلێ، بەراستی دۆستانی بە وەفای هەبوون! هێندە گریان چاویان بوو بە گۆمی خوێن، بە تایبەتی کەمال خەلیل، بەلام ئەحمەد راشد، بە روخسارێکی خالی لە هەر هەستێک لەوێندەر وەستابوو. ئەحمەد لە روخساری بێزار بوو، تەنانەت لە بوونی لە ناو ماتەمگێرانیشا بێزار بوو، خۆی لە تەمەشاکردنی وەستا نونوش دەدزییەوە، چونکە کابرایەک بوو دنیای دابووە بەر کلکان وگالتەی بە کول وکۆڤان دەهات و نەیدەتوانی هاوخەمی ئەحمەد بکات. بابەکە، بە خەمێکی مەندەوە کە زادەی باوەرداریەکەی بوو، یەکەم کەس بوو کە لە دوای جەنازەکەوە رێی دەکرد. وەختایەک جەنازەکە گەییە رێگای جەوەل، کە ئەحمەد لە چیرۆکەکانی ئەوێندەر ئاگادار بوو، خەمێکی لە رادەبەدەر دایگرت، ئەو رێگایەی شایەدی عاشقێنییەکانی سبەینانی روشدی بوو، هەمان ئەو شوێن ورێگا وبانەی کە روشدی بێگوێدان بە نەخۆشیەکەی خۆی پیاسەی تێاکردبوو، سینگی کرد بە قوربانی دلی؛ لە پێناوی دلیا، خۆی تووشی دەردەباریکە کرد و ئەنجام هەردووکیانی، هەم دلی و هەم سینگی لە دەست دا.. ئەی خودا، یانی ئەم شەقامە شایەدی خیانەتی ئازیزەکەی دلی روشدیش بووە؟ ئایا ئەوە لە قاو دەدات، ئەو کەسەی کە روشدی خۆی لە پێناویا بە کوشت دا، لە ترسی گیرۆیی نەخۆشیەکەی روشدی، بۆ هەمیشە پشتی لە روشدی کرد؟!..

ئەوسا گۆرستانەکە لە بەرگێکی تازەدا بەدیار کەوت!.. چەورێژ کرابوو. کورسیان لە بەردەم گۆرستانەکە ریز کردبوو، سەقا و ئاوکێشەکان دەهاتن و دەچوون. گۆرەکە، دەتگوت لە سوێی دووبارە بوونەوەی کارەساتەکە دەمی کردووەتەوەو بە بێتاقەتی باوێشک دەدات. تابووتەکەیان لە سەر ئەرزەکە دانا، سەرەکەیان هەلدایەوە. روشدی لەو کفنەوە پێچرابوو کە ئەحمەد بۆی هەلبژاردبوو، دەستیان داێی و خستیانە ناو گۆرەکەوە، دوای ماوەیەکی کەم، بە بێ ئەو لە ناو گۆرەکە هاتنەدەرەوە، بەبێ هیچ رەحمێک، گلە بانیان کرد، لە چەند خولەکێکدا لە چاو ون بوو و، بوو بە بەشێک لە ئەرزەکە. ئەوسا ئاوپرژێنیان کرد، وەکو ئەوەی هێشتا تینوویەتی نەشکابێت، بەوجۆرە ئازیزێک غەیب بوو و ژیانێک کۆتایی هات!.. ئیدی لە چاو تروکانێکا قەبر، ئازیزێک بۆ هەتا هەتایە لەبەر چاو ون دەکات، نە بە گریان نە بە کەسەران جارێکی دی ناژێتەوە.

هەمووان بە دلی پەشێو و پەرێشانەوە گەرانەوە، هەمان ئەو قەدەر و حیکمەتەی دوێنی کردبوویە کارێک کە روشدی مەحبووب و خۆشەویستی دلان بێ، ئەمرۆ حوکمی لە بیر بردنەوەی ئەوی دابوو، وەکو ئەوەی رۆژێ لە رۆژان بەسەر دنیاوە نەبووبێ!.. مالەکە خەمین بوو، داک و بابەکە دۆش دامابوون، کەل وپەلەکانی روشدی کۆکرابووەوەو دەرگای ژوورەکەی داخرابوو. کە لە نیوە شەوا بۆ ژوورکەی خۆی رۆیی، بیر وخەیالات بەسەریا داباری، شتێک لە ژوورەوە سەرنجی راکێشا، سەیر ئەوە بوو کە هێشتا بۆنە ناخۆشەکە لە کەپووی نەبرابوو... ناکا بۆنی ناخۆشی مەرگ بێ؟.. بەیانیش هەمان بۆن هەرمابوو، وای بۆ چوو لەو کۆلانەوە بێت کە دەچوو بۆ خانولخەلیلی کۆن. پەنجەرەکەی کردەوەو تەمەشایەکی دەرەوەی کرد، سەگێکی تۆپیوی بینی کە لە سەر شۆستەکە کەوتبوو، بای کردبوو و هەر چوار پەلی رەپ بووبوو، دەتگوت مەشکەی فوودراوە، مێش و مەگەزان تێی ورووکابوون. ماوەیەکی کەم لێی روانی. پاشان بە دلی بریندارو چاوی بە گریانەوە لەبەر پەنجەرەکە لاکەوت. رۆژانی دواتر، زۆر تال و ناخۆش بوون. عاکەفەندی باوک، ئازار و کول و کۆڤانەکانی بە ئیمان دەرمان دەکرد؛بەلام دایکەکە خەم هەموو شتێکی، تەنانەت ئیمانیشی لەبیر بردبووەوە.

جارێک بەدەم ئازارەوە لە خودای پرسی:- چ ئاسیوێک بە دنیای تۆ دەگەیی ئەگەر کوڕەکەت لێنەسەندبامەوە! تۆ چ زەرەرێکت دەکرد؟ "

ئەوسا بە توووندی بە مێردەکەی گوت: " ئەم گەڕەکە شوومە، بە خۆرتی منت بۆ ئێرە هێنا، هیچ حەزم بێرە نەبوو، لێرە کوڕەکەم نەخۆش کەوت ومرد.. با تا زووە لێرە بڕۆین! " ئەوسا ئاوڕی لای ئەحمەدی دایەوەو گوتی: " ئەگەر دەتەوێ ڕەحم بە دایکتا بکەی، بزانە گەڕەکێکی دی بدۆزەوە. " دایکە داماوەکە، گەڕەکەکە و هەموو خەڵکی گەڕەکەکەی لەبەرچاو کەوت. ئەحمەدیش، ئەوێندەری لەبەرچاو کەوت. بەڵام چۆن خانوویەکی تازە پەیدا بکات، قاهیرە، هێندە قەرەباڵغ بوو، کەسی تری نەدەگرت! کەوتە تاقیبی خانوو، دۆست و ئاشنایانی ڕاسپارد لە هەر گەڕەکێکی قاهیرە خانوویەکیان پێ شک هات ئاگاداری بکەنەوە. لە ڕاستیا، بەوەی کە بە بیانووی گەڕان لە خانوو، بە جادە دوور و نزیکەکانی قاهیرەدا دەسوڕایەوە، خەم و پەژارەی خۆی دەڕەواندەوە. وەستا نونو، هەستی بە خەمباری ئەحمەد کرد، بە مەبەستی تاراندنی خەم و کەسەرێن وی، زیاتر سوعبەتی دەگەڵ دەکرد، دەیدواند، تەنانەت جارێک دەعوەتی کرد بۆ ماڵی خاتوو علیات، لێ پیرەکوڕ دەعوەتەکەی ڕەتکردەوەو لە سەر تازیەباری خۆی بەردەوام بوو.

(( ٤٩ ))

ماوەیەکی پڕ لە بویەر وپێشهاتی جەنگی گرینگ تێپەڕی، سوپای هەشتەم لە پردی سواران پاشەکشەی کرد، لە نیوەی دووەمی هەیڤی حوزەیراندا تەبروق کەوتە دەستی ئەڵمانەکان ***( تەبروق: شارێکی بەندەری و نیمچە دورگەییە، دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی لیبیا، لە نزیکی سنووری میسر ولە کەناری دەریای ناڤینە)*** ئیدی لەوێندەرەوە مقۆمقۆی مەترسی داگیرکردنی میسر کەوتە سەر زاران. دۆستانی قاوەخانەی زەهرە بە گوێرەی دید و بۆچوونی خۆیان، گەنگەشە و شرۆڤەی ڕووداوەکانیان دەکرد. سەید عارف بە خۆشحاڵییەوە دەیگوت:

-ئەمجارە ئیدی پێشڕەوی رۆمڵ ناوەستێ. ***( یوهانس ئەروین یوجین رۆمڵ ١٨٩١ – ١٩٤٤ فەرماندەی عەسکەری ئەڵمانی وتیوریسێنی جەنگی بوو. بە ڕێوی بیابان بەنێوبانگ بوو، لە دەورانی دووەم شەڕی جیهانیدا، سەرکەوتنی گەورەی بە فەرماندەیی ئافریکا کورپس لە باکووری ئەفریقا و فەرەنسا بەدەست هێنا. رۆمڵ، بە حوکمی جوامێری و ڕەفتاری گونجاو دەگەڵ بەردەستانی خۆی و یەخسیرانی جەنگی و دژمنەکانی، بە یەکێک لە مارشاڵە هەرە گەورەکانی مێژوو دێتە ژماردن. هێشتاش هەندێک لە وانەکانی وی لە هەندێ کۆلێژو زانستگەێن عەسکەری دنیا، دەخوێندرێن. جەنەڕاڵ رۆمڵ، لە چەند هەڵوێستێکدا، خۆی لە جێبەجێکردنی فەرمانە عەسکەرییەکانی هیتلەر بواردووە، کە گرنگترینیان دەستووری ڕاستەوخۆی هیتلەر بوو بۆ پاشەکشە نەکردن لە بەرەی باکووری ئەفریقا، کە رۆمڵ، بە پێچەوانەی فەرمانەکەی هیتلەرەوە، فەرمانی پاشەکشەی تاکتیکی دەرکرد. مارشال رۆمڵ، هەرگیز بە تاوانێن جەنگی تۆمەتبار نەکراوە.)***

ئەحمەد ڕاشد بە تەوسەوە لێی پرسی:- ئەی لایەنگرانی ئەڵمان، ئێوە پێتان وایە ئەگەر بێنە میسرەوە، بە ئاشتیانە دێنە ژوورەوە یان تەڕو وشک پێکەوە دەسووتێنن؟!

وەستا زەفتە، بە قینەوە وەڵامی دایەوە:- ئاخر ئێمە لەم وڵاتەدا چیمان هەیە، تا لێی بترسین؟! با ئەو برادەرانە خەفەت بخۆن کە نازانن، دنیا فانیە!

وەستا نونو گوتی:- من جگە لە ڕوحی خۆم و منداڵەکانم هیچی ترم نییە، کە هەر هەمووی موڵکی خوای بەرز و بالایە، رۆمڵ، ناتوانێ بەبێ ئەمری خوا دەستیان بۆ بەرێ. خوا، بە ملیۆنان ساڵ، بەرلەوەی رۆمڵ خەڵق بکات، ئەجەلی دیاری کردوون!

ئەوسا نونو، بەدەم قاقا زولاڵەکەی خۆیەوە، لە سەری ڕۆیی: - نەزرم کردووە ئەگەر ڕۆمڵ هات ومن لە ژیاندا بووم، جارێک دەعوەتی شەوبێرییەکی ماڵی خاتوو علیاتی بکەم، تا بە چاوی خۆی ببینێ تۆپی میسری چەند لە تۆپی ئەڵمانی سەرترە!

ئەحمەد، هەرچیەکی دەژنەوت، بۆ داک و بابی دەگێڕایەوە، باسی مەترسی داگیرکردنی وڵاتەکەیان و ئەگەری زیادبوونی هێرشی ئاسمانی بۆ دەکردن، وەکو ئەوەی بیەوێ، ئەگەر بە ترساندنیش بووە، کەمێک لە خەم و خەفەت دووریان بخاتەوە!

ئەحمەد، ئێوارەیەک بۆ ماڵ زڤرییەوە، چوار هەفتە بەسەر مردنی روشدی دا بووری بوو، بینی دایکی چاوەڕوانی ئەوە، یەکسەر گوتی:- ئەم عەسرە نەوال هاتبووە دیدەنیم!

هەرکە گوێی لە ناوی نەوال بوو، دڵی ڕاچڵەکی، دەستی بە کردنەوەی بۆینباخەکەی ملیەوە خاو بووەوە، بە سەرسامی لە داکی پرسی:- بۆچی هاتبوو؟

داکی گوتی:- زۆر شپرزە بوو. هەرکە چاوی بە من کەوت، لە هۆڕژنی گریانی دا، بە ڕاوێژێکی پچڕپچڕو هەنسک هەڵدانەوە گوتی:- من دەزانم کە تۆ لێم تووڕەی، هەمووتان لێم پەستن. نەهەقتان نییە، بەڵام من بێ خەتام، بە زاتی خوا ڕێگەیان نەدام بێمە دیدەنی. بە توندی چاودێریان دەکردم، نە گوێیان لە پاڕانەوە و لاڤەم دەگرت، نە بەزەییان بە فرمێسکەکانما هاتەوە، دەنا ئەگەر بەدەستی خۆم با هەرگیز ئەم کارەم نەدەکرد، بەڵام وێڕای ئەوەش هەر کۆڵم نەدا، هێندەم گوشار لە دایکم کرد تا ناچار بوو بە دزی بابمەوە هێنامی بۆ دیدەنی روشدی، ئەو ڕۆژەی کە پێکەوە هاتین، کە هەرگیز تا لە ژیانا ماوم لە بیرم ناچێتەوە. پورێ گیان، ئەو ڕۆژە روشدی نیگایەکی پڕ لە حەقارەت و کینە ئامێزی کردم، کە دڵەی بێ گوناح و خەمینی لەت لەت کردم. زانیم لێم تووڕەیە، ڕقی لێمە. مەگەر هەر خوا بزانێ چەندم ئازار کێشا و تا ئێستاش بە ئازارەوە دەتلێمەوە.. ڕۆژێ دێ حەقیقەتی بۆ دەردەکەوێ. دەزانێت کە من نە پشتم تێکردووە و نە خیانەتم لێکردووە.

ئەحمەد، بە دڵێکی هاڕوژاوەوە، گوێی لە قسەکانی گرت، ئەوسا لێی پرسی:- تۆ بڵێی ڕاست بکات؟

دایکی کەمێک لە فکران ڕاچوو وئەوسا بە کاوەخۆ گوتی:- بە ئەقڵی من ڕاستگۆیانە قسەی دەکرد، هیچ پێویستی بەوە نییە، تازە کە هەموو شتێک تەواو بووە درۆ بکات. بە مەزەندەی من ڕاستی دەکرد، هەرچەندە نەفرەتم لە ماڵباتە هیچ و پووچەکەی زیاتر بووە.

ئەحمەد، بەدەم بیرکردنەوەوە جلەکانی داکەند، هەوڵیدەدا باوەڕ بە قسەکانی کیژێ بکات. ئەوەی پێخۆش بوو، لێ مخابن روشدی بە ناکامی، هەر دوو ئاواتی عەشق و شەفای بردە ژێر گڵەوە!.. کە دوو ئەڤینداری بەدبەخت بوون، چ ئەو کە مردووە و چ ئەم کە ماوە!..

بیرەوەری هێرشی بۆ هێنا، خەم دایگرت، لە دڵی خۆیدا گوتی: " خودایە تۆبە، نەدەبوو من لە جیاتی براکەم بۆ خۆت ببەیتەوە؟.. ژیانی ناکامی من، شایەنی مان نییە، بەڵام ژیانی سەرکەوتووی روشدی شایستەتر بوو بۆ مان، خودایا تۆبە، بمبورە!"

لەو ساتەدا هەستێکی پەنهان هانیدەدا کە بچێت بۆ ژوورە داخراوەکەی برا جوانە مەرگەکەی، چەندین جار لێبڕا کە بۆ ئەوێ بچێت. بەڵام دڵی نەهاتبوو، ئەمجارەیان نەیتوانی بوو لە هەنبەر ئەو واسواسەیەدا خۆی

بگرێ. ئارەزوو و خەم زۆریان بۆ هێنا. کاتێ داک و بابی خەوتن، دنیا تاریک بوو، بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشا. بە خشکەیی چوو بۆ ئەوێ، کە لە دەرگاکە نزیک بووەوە، دڵی کەوتە ژان و خەم دایگرت. کێلونی دەرگاکەی بادا، بە هەنگاوی قورسەوە، لە ئاستانەی دەرگاکەوە وەژوورکەوت، گڵۆپەکەی هەڵکرد، نیگایەکی مردەڵەی ژووره چۆڵەکەی کرد، بۆنی خۆڵ کەپووی پڕکرد، توێژاڵێ خۆڵ نیشتبووە سەر مێزەکەی و هەموو شتەکانی دی. هەموو شتەکان نیشانەی ماڵئاواییان پێوە دیاربوو. خودایە بۆچی هاتبووە ئەم ژوورە، لە کاتێکدا هێشتا هەر لە تازیە باریدا بوو و فرمێسکەکانی وشک نەبووبووەوە؟!... بە خەمبارییەوە چاوی بە هەموو گۆشە وکەناری ژوورەکەدا گێڕا. چەکمەجەی ناوەڕاستی مێزەکە سەرنجی ڕاکێشا، بیری کەوتەوە کە دەفتەری بیرەوەری و ئەلبۆمی وێنەکانی روشدی لەو چەکمەجەیەدا بوون! ئیدی وای بە دڵا هات، مادامێکی کەل و پەلەکانی دیکە، ئەمڕۆ بێ یان سبەی، بخرێتە هەڕاجەوە، ئەو دوو شتەی بەرێتە ژوورەکەی خۆی و لەلای خۆی بیانپارێزێ. چەکمەجەکەی کردەوە، دەفتەرەکە و ئەلبوومەکەی دەرهێنا، تەپوتۆزەکەی لێتەکاندن، ئەوسا دوا نیگای ماڵاوایی ژوورەکەی کرد، دەتگوت تەنیا بۆ ئەوە هاتبوو کە ئەلبوومەکە و دەفتەرەکە ببات. لە سەر مێزەکەی خۆی دانیان، بە خەمینی و وردی چاوی تێبڕین. ئەلبوومەکەی کردەوە، وێنەیەکی گەورەی روشدی لە لاپەڕەی یەکەمدا بوو، بە پێوە وەستابوو، هەر دوو دەستی خستبووە گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە، چەند قۆز وگەنج بووا.. یەکسەر لاشەی ئەو سەگە تۆپیوەی بیر کەوتەوە کە دوو ڕۆژی تەواو مجێزی تێکدابووا.. داخ وکەسەری کەوتنە دڵ.. وەکو ڕێزێک بۆ ڕاز ونهێنی خاوەنەکەی وازی لە تەمەشاکردنی لاپەڕەکانی تری هێنا، دەستی دایە دەفتەری بیرەوەرییەکان، بێئەوەی بیر لە ناوەڕۆک یا لە خوێندنەوەی چەند لاپەڕەی کۆتایی بکاتەوە، بەبێ دوو دڵی کردیەوە. چاوی بە هەندێ سەرناوان کەوت. ئەم شتانەی خوێندەوە: ڤیانی تازە... ڕێگای جەوەڵ... قسەێن عاشقانە... هیواکانمان " تا چاوی بەم سەرناوە کەوت: " ماچی کوشندە! " دڵی بە توندی کەوتە لێدان، ئەم سەرناوە مانای چییە؟! ئایا هەندێجار لە کاتی خەمینیدا لەبەر خۆیەوە نەیگوتبووەوە؟!.. سەیری بەروارەکەی کرد، ١٩٤٢/١/١٢ ی پێوە بوو، واتە سەرەتای نەخۆشیەکەی، هیچ هێزێک نەبوو ڕێگەی خوێندنەوەی لێبگرێ، بەدەم دڵەڕاوکێ و سۆز وگودازەوە درێژەی بە خوێندنەوەی دا:

-دووشەممە، ١٩٤٢/١/١٢

" خودایا.. من لەمڕۆوە تا ئەو ڕۆژەی خودا قەرار دەدات، کەسێکی نامۆم، نامۆ بە هەموو کەسێک، منێک کە نەخۆشییەکەم، هەناسەم بۆ خەڵکی هەڕەشە و مەترسییە، من بورجێکی ڕوو لە داڕوخانی پڕ لە میکرۆباتی کوشندەم. دەستم دایە گەمەیەکی ترسناک تا نەوال لە دەست نەدەم. هەموو ڕۆژێ دەیبینی، بەڵام وریابە، نەوال بۆ تۆ حەرامە، مەحاڵە دەستی بۆ ببەی!.. ماچێ کە شفای گیان بوو، حەرامی حەرامە، ئەو منی خۆشدەوێ، شێت و شەیدای منە، لەگینە لە خۆی بپرسێت، چما وەکو جاران هەلی چۆڵەوانی ڕێگاکە ناقۆزێتەوە؟... ئایا لە لێوەکانم تێر بووە؟.. تۆ بڵێی عەشق و ڤیانەکەی کاڵ بووبێتەوە؟.. نە گیانەکەم، نە لە لێوەکانت تێر بووە، نە ڤیانی کاڵ بووەتەوە! بەڵکو نیگەرانی تۆیە، زارت لە مردن دەپارێزی، من بێتاوانم، دڵم هەر دڵەکەی جارانە، بەڵام دەردێک لە سینەمدا هێلانەی کردووە، دەترسم ئاسیوت (ئازار) پێبگەیەنێ، تۆی لێ دوور دەخەمەوە."

ئەحمەد، دەفتەرەکەی داخست. بە ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ، شۆک بڕستی لێبڕی بوو. بەلادا دەهات، خۆی بەسەر جێگاکەدا دا، بەناو لەپ دەیکێشا بە ناوچەوانیا و هاواری دەکرد: " خودایا!.. چ زوڵمێکم لێی دەکرد.. لە خوت و خۆڕایی تۆمەتبارم دەکردا! "

هەستیکرد، هەڕەیەک، دڵی پارچە پارچە دەکات. ناڵەیەکی بە سوێی کرد.

(( ٥٠ ))

مانگی حوزەیران بووری، تەمووز بە خۆی و گەرماکەیەوە هات. خەم و تازیەباری هێشتا باڵی بەسەر ئەو ماڵە جەرگ سووتاو وکۆست کەوتووەدا کێشابوو، ئەحمەد عاکف، لەبەر خاتری دایکی بەجدی لە خانوویەکی تازە دەگەڕا، بە خۆیشی لەو گەڕەکە بێزار بووبوو. مەرگی روشدی کاری لە ئەعسابی لاوازی کردبوو. خەو زڕانەکەی جارانی بۆ هاتبووەوە، دووچاری جۆرە نیگەرانیەکی دەروونی بووبوو، کە بە بچووکترین شت هەڵدەچوو، تووڕە دەبوو، دەترسا، ڕادەستی کول و کۆڤان دەبوو. دڵ و دەروونی، تەژی خەمی کۆن وتازە بووبوو، لە ڕادەبەدەر، لەو خەم و کەسەرانە دەترسا کە لەگین بوو بێنە ڕێیان، لەوە دەترسا کە ئاخۆ ئایندە چی بۆ حەشار داون.. لە کاتێکا بیری لە داک وبابی دەکردەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " شادمانی ئەمڕۆمان بە ئازیزانمانەوە، بەندە بەو فرمێسکانەوە کە لە ماتەمی فیراقیاندا دەیڕێژین." بەردەوام ئەم بەیتەی ئەبو عەلای لە دڵی خۆدا دەگوتەوە:

و من لم تبيته الخطوب فانه سيصبحه من حادث الدهر صابح

ئەوەی بە ڕەنج وبەڵای شەوانەوە سەرنەنێتەوە – بێگومان، بەڵایەکی بەیانانی ڕۆژگار خەبەری دەکاتەوە.

ئیدی تەحەمولی بەڵای ڕۆژگار ودژواریەکانی ژیانی نەمابوو، چیوای نەمابوو تەنیایی وگۆشەگیرییەکەی سەر هەڵبداتەوە، ئەمە هێندەی دی ڕژدی کرد لە سەر ئەوەی لەم گەڕەکە بڕۆن.

لەم سەروبەندەدا، لێدانی ئاژیری مەترسی، زۆر زیادی کردبوو، شەو وڕۆژی بۆ نەبوو، بەڵام هیچ بۆردومانێکی وەکوە ئەوەی مانگی سپتامبەر ڕووی نەدا، ئەوسا ڕەوشی جەنگەکە، لە گەڵ پێشڕەوی هێزەکانی میحوردا گۆڕا. سنوورەکانی میسری بڕی، هاتنە ناو وڵاتەوە، تەنانەت (میرسی مەتروح) یشی، کە بە گرینگترین هێڵی بەرگری میسر دەژمێردرا، تێپەڕاند، دوای ئەوە فوکە وزەبعەشەی داگیرکرد، ڕەوشەکە بە پێشڕەوی هێزەکانی دژمن بەرەو عەلەمەین هێندەی دی خراپ بوو. داگیرکەران چاویان بڕییە ئەسکەندەریە، مقۆمقۆ کەوتە سەر زاری خەڵکی کە زەرورەتی جەنگ وڵاتەکەیان دەکاتە وێرانەو بایەقوش تیایدا دەخوێنێ ودەبێ بە زەلکاوێ مەگەر هەر پێشکە تیایدا بژی.

ئێوارەی ئەو ڕۆژەی کە هێزەکانی میحوەر گەیینە عەلەمەین، دۆستان وەکو جاری جاران لە قاوەخانەی زەهرە خڕ بوونەوە. لە پڕیان دەکرد نەی دەگرت ولە بەتاڵیان دەکرد پڕ نەدەبوو. قاقا و پێکەنینیان دنیای پڕکردبوو. شتاقیان بیریان لە ڕۆیشتن و بارکردن و یان عەمارکردنی خۆراک و ئازووقە نەدەکردەوە. کەس بیری لەوە نەدەکردەوە کە ڕەوشی شارەکان دوای داگیرکردنیان، بە کوێ دەگات و چییان لێدێت. بەجۆرێ سەرگەرمی قسە وپێکەنین بوون، وەکو ئەوەی ئەو ڕەوشە هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە نەبێت. زمانی حاڵیان دەیگوت: " هەموو شتێک بە دەستی خوایە، چ دەبێ با ببێت، ئەوانیش وەکو هەموو خەڵکی، خۆ لە خەڵکی زیاتر نین! " ئەحمەد عاکف – ش هەمان بیروبۆچوونی ئەوانی هەبوو، ئەو ڕۆژە لەزەتێکی تایبەتی لە

هاونشینی وان وەرگرت، وەکو ئەوە بوو ئەو مەجلیسە بچووکە پەناگەیەک بێ بۆ هەڵاتن لەو نیگەرانیەی کە باڵی بەسەر هەموو خەڵکیدا کێشابوو. هەم نیگەران بوو هەم شادمان. هەرکە بیری لەو بویەرانە دەکردەوە کە ئەگەری ڕوودانیان هەبوو، دڵی تەنگ دەبوو، ئەوسا ئەو حاڵەتانەی دێنایە بەرچاوی خەیاڵ، کە تەڕو وشک پێکەوە دەسووتا، کە چاک و خراپ تێکەڵ دەبوو، سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسی، بەها مرۆڤانیەکان هەرەسیان دێنا، لە ناخا هەستی بە جۆرە شادییەکی پەنهان دەکرد. وەکو ئەوەی ئەو وێرانیەی ئەو چاوەڕوانی دەکرد، هەرچی خەم وئازاری هەبوو ڕایماڵێت و هەموو شوێنەوارێکی ڕابردووی بسڕێتەوە.

سەید عارف، بە متمانەی تەواوەوە گوتی:- گوێ لە دوا هەواڵ بگرن.. ڕۆمڵ، سوپاکەی کردووە بە دوو بەشەوە، یەکێکیانی بەرەو ئەسکەندەرییە ناردووە، دووەمیانی بۆ فەیوم ناردووە.

ئەحمەد ڕاشد گوتی:- بیستوومە، ئەسکەندەریە لە ئاسمان و لە زەمینەوە بۆردومان وتۆپباران دەکرێ؛ خەڵکەکەی چۆڵیان کردووە و بەرەو دمنهور ڕۆیشتوون.

-یانی ئینگلیزەکان تەواو بوون؟

- بەڵگەنامەکانیان دەسووتێنن و ژن و منداڵەکانیان دەنێرنە دەرەوە.

- ئەدی ئەڵمانەکان کەی دەگەنە قاهیرە؟

- سبەی یان دوو سبەی..

- مەگەر سوپا سەرکەوتووەکەیان بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ سویس بنێرن.

- لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە بیستوومە کە سەربازانی چەترباز دەستە دەستە، خەریکن لە کێڵگەکاندا دادەبەزن.

وەستا نونو پرسی:- باشە ئەگەر یەکێک لەو چەتربازانە بکەوێتە  سەر یەکێکمان و بڵێی شوێنی هێزەکانی دژمن لە کوێیە، چی پێ بڵێین؟!

سەید عارف یەکسەر بەرسڤی دایەوە:- دەیبەم بۆ شوقەکەی سلێمان بێگ عەتە و پێی دەڵێم: " فەرموو ئەمە سەفیری بەریتانیایە "!

سلێمان بێگ بە تووڕەیی هاواری بەسەردا کرد:- باشتر وایە چەند حەبێکی بۆ نەخۆشیەکەت لێداوا بکەی!

وەستا زەفتە گوتی:- بەڵام من شوقەکەی عەباس شەفە و گەورەترین قەڵای میسری نیشاندەدەم.

ئەحمەد عاکف، بەسەرسامی گوتی:- ئەرێ ئەم گاڵتەبازییە نەبڕایەوە؟!.. مەگەر بەچاوی خۆ نابینن، لەوەیە ناچار بین ماڵ وحاڵمان بەجێ بێڵین و بمانخەنە هەندێ گوندەواری پیس وپۆخڵەوە!

نونو، هاواریکرد:- ژیانی فەلاحەتی خۆشە!

ئەحمەد ڕاشد پرسی:- باشە لە مردن ناترسن؟!

وەستا زەفتە گوتی:- ئەگەر عومری دووبارەشم وێدەی، هەر دەچمە سۆراغی ڕۆمڵ!

وەستا نونو، بە متمانەیەکی دەستکردەوە گوتی:- هەق بە ئەحمەدەفەندییە، ڕاست دەکات، ئەم ئەڵمانانە شەیتانن! ئەگەر هێرشی هەر وڵاتێ بکەن، لە هەموو شوێنێکیا بڵاودەبنەوە، لە جۆرەها جل و بەرگا خۆ دەنوێنن، هیچ بە دووری مەزانە، سبەی ودۆیی ئەڵمانیانی عەمامە بەسەر یان عەبا لەبەر بدینین.. بەزاتی خوا کە بەلۆعەکە دەکەمەوە تا دەستنوێژ هەڵبگرم، دەترسم، لە ناکاوا نقوموانێکی(غواص) ئەڵمانی لە گەڵ ئاوەکەدا بێتە دەرەوە.

لە ناکاوا ئاژیری خەتەر کەوتە لێدان!!

سەعات حەوتی ئێوارە بوو. هەر هەموویان هەستانە سەرپێیان، خەندە لەسەر لێویان مردار بووەوە، ڕەنگیان زەرد بووبوو، بە هەڵەداوان بەرەو پەناگایەکە پەل بوونەوە. هەمووان، دەترسان، بۆردومانێکی توندی شار بکرێ و زەمینە بۆ داگیرکردنی شار خۆشبکرێ. ئەسکەندەریە و سوێس و پۆر سەعیدیان بیرکەوتەوە، هەروەها وارشۆ و ڕوتردامیان بیرکەوتەوە. دوای چەند خولەکێک پەناگاکە پڕ بوو لە خەڵک، دەرزیت هەڵدابا نەدەکەوتە سەر ئەرز. ئەحمەد لەلای داک و بابیەوە دانیشت. هەمووان نیگەران و ترسیان لێنیشتبوو.دایکی وەکو ئەوەی ئەو هەموو نیگەرانیەی لە پێناوی ژیاندا، پێ زیاد بێ، چاوانی پڕبوون لە فرمێسک. بیست خولەکێک بە ترس و لەرز و چاوەڕوانیەوە کە بەخۆی عەزابێکی گەورە بوو، بووری، ئەوسا ئاژیری ئەمان لێدرا!.. خەڵکەکە سەریان سوڕما، ئەوسا شادی و ئارامی بە چاویانەوە دەرکەوت، هەندێکیان هاواریان کرد: " شناساییە... شناسایی! " هەندێکی دی هاواریان دەکرد: " فڕۆکەکە لە قاهیرە نزیک بووەوە و پاشان ڕێڕەوی خۆی گۆڕی!"

خەڵکەکە بەرەو دەرگای پەناگایەکە هڕوژمیان برد، ئەحمەدیش لەگەڵ ئەواندا بەرەو دەرێ ملی نا، لە نزیکی دەروازەی پەناگایەکە نەوالی بینی، کە قۆڵی کردبوو بە قۆڵی محەمەدی برا بچووکیا. هەردووکیان پێدەکەنین و بە هەنگاوی هەڕاوەوە، بەرەو تەلارەکە دەڕۆیشتن!.. بە دیتنی ئەوان وەکو هەموو جارێک دڵی بە توندی کەوتە لێدان، تا لە پێچی ڕاڕەوەکەدا ون بوون، لە دواوەوە هەر تەمەشای دەکردن. لە ناکاوا دڵی گوشراو نائومێدی دایگرت. پێکەنین و خەندەکەی نەوال پەست و تووڕەی کرد، وەکو ئەوەی بە تاوانێکی نەنگینەوە گرتبێ!... ئەوەندە پەست و تووڕە بووبوو کە نەیدەتوانی بەو حاڵەوە، بۆ قاوەخانەکە بڕوات، بۆیە ماوەیەکی کەمی بە پیاسە و ڕێکردنەوە بەسەربرد، تا بایەکی باڵی خۆ بدات و خۆی کەمێک هێور بکاتەوە. بە کاوەخۆ بەرەو شەقامی ئەزهەر ڕۆیی، تا بەرەبەرە هێور بووەوە. زۆر زووتر لەوەی چاوەڕوانی دەکرد، گەڕایەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی، کەوتە گلەیی لە خۆی کە بۆ تووڕە بووبوو، چ شتێک بووبووە بایسی تووڕەبوونی؟! چ شتێک هاڕوژاندبووی؟!... پێکەنینەکەی؟!.. سەیرە!.. یانی وای دانابوو، هەتاهەتایە هەر تازیەبار و چاو بە گریان بێ؟!.. مەگەر خۆی چەندین جار چ لە دایەرەو چ لە قاوەخانە پێنەکەنی بوو؟!.. مەگەر تەنانەت دایکیشی لە هەندێ هەڵوێستا بزەی نەهاتبووێ؟!... ئەدی چما نەوال پێنەکەنێ؟... پێکەنینی ئەو زیانی بۆ کێ هەبوو؟!.. بەڵێ ئەمە ناوی فەرامۆشی و بیرچوونەوە بوو! بەڵێ ئەو دەرمانە تاڵەی کە لە دوای هەر ماتەمێکەوە دێ و داخ و کەسەر لەگەڵ خۆیدا دێنێ، تازیەباری بۆ ئازارەکانمان و کۆڤان و حەسرەت بۆ خۆمان! بە خۆمان دەڵێین شوکر بۆ خوا لە بیرمان چووەوە، ئیدی ئەوە یاسا و سونەتی ژیانە!.. لە کانگای دڵەوە ئاهێکی هەڵکێشا. پاشان شتێکی وەبیر هاتەوە کە تازە نەبوو، بەڵام خۆی لێ دەبوارد. ئەمجارەیان بەخۆی گوت: " تاکەی خۆمی لێبدزمەوە وخۆم لە گێلی بدەم؟! هەقی خۆم نییە ڕووبەرووی حەقیقەت

ببمەوە؟!.. مەگەر من هێشتا هەر نەوالم خۆشناویَ؟!.. چما هەرکە دەیبینم یان یادی دەکەمەوە، دڵم بەوجۆرە دەکەویتە پەلەپەل؟"

بەکاوەخۆ ڕێی دەکردو لە فکران ڕادەچوو، جارێکی دی، لە کاتێکا کە گۆنا زەردەکانی لە شەرما سوور هەڵگەڕابوون، وەکو ئەوەی هەموو خەڵکی بە سرەکەیان زانی بێ، لە دڵی خۆیدا گوتی: " ڤیان، ئەوسا تووڕەبوون، پاشان خەم و پاشان بیرەوەری تاڵ و ترسناک.. بۆ ئەوەی بگەمە ئەم عەشقە، دەبێ کەرامەتی خۆم و یادی براکەم پایەماڵ بکەم کە ئەمە مەحاڵە.. براکەم وکەرامەتی خۆم کۆسپن لە نێوان من و ڤیاندا. ژیان لەوە بێ نرخترە، هیچترە کەلە پێناویا ئەو دوو ئازیزە پێشێل بکەم!" هەموو ئەوانە ڕاست بوون، ئەو نەوالی خۆشدەویست، هەرگیز. وێڕای هەموو ئەو دەردو ئازارانەی لەویان دابڕی بوو، دەستی لە ڤیانی ئەو هەڵنەگرتبوو، بەڵام مەحاڵ بوو دان بەو عەشقەدا بنێ، بەڵام تا کەی دەیتوانی لەو ئاگرەدا بسووتێ و هەڵبکات؟!

(( ٥١ ))

ئەحمەد لە ئاخرو ئۆخری مانگی ئابدا، شوقەیەکی چۆڵی لە گەڕەکی زەیتوون دۆزییەوە، خاوەنەکەی فەرمانبەری بەشی ژمێریاری دایەرەی کار بوو، هەڵبەتە زۆری پەلە بوو کە بگوازێتەوە بۆ ئەوێ، شوقەکە فەرمانبەرێکی تیابوو، چونکە بۆ شارێکی دیکە نەقڵ بووبوو، ناچار بووبوو گرێبەستەکەی هەڵوەشێنێتەوە. خاوەنی خانووەکە قسە دەگەڵ ئەحمەد عاکف دا دەکات وزۆر زوو پێکدێن، ئیدی قەراربوو لە یەکی مانگی سێپتامبەردا بگوازێتەوە بۆ ئەوێندەر، چونکە ئەو ڕۆژە چۆڵ دەکرا، ماڵباتی ئەحمەد عاکف خۆشحاڵ بوون بەوەی بەو زووانە لە خانولخەلیلی دەڕۆن و لە بیرەوەرییە تاڵەکانی ئەوێندەر دوور دەکەونەوە، بەڵام دەرد و ئازار بەرۆکی بەرنەدەدان، بابی دووچاری گوشاری خوێن بووبوو، کول و کۆڤان دایکی تەواو بێتاقەت و پیر کردبوو، شەوق و زەوقی جارانی نەمابوو، جلکی پیری پێ لەبەر کردبوو، لێ ئەحمەد، بە هەموو خەمبارییەکی خۆیەوە – هەندێ ستێرانی لە ئاسۆدا دەبینی کە دەدرەوشانەوە. لەو ڕۆژانەدا هەندێ مقۆمقۆی دەربارەی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەرانی کۆن و فەرامۆش کراوی ژنەوتبوو، پێدەچوو بەو زووانە، پایەکەی بۆ پلەی حەوتەم بەرز بکرێتەوە. هەرچەندە هەمیشە گاڵتەی بە وەزیفە و فەرمانبەران دەردو بە بچووکی دەزانی، بەڵام ئەمجارەیان و لە دڵی خۆیدا، بەو بەرزبوونەوە چاوەڕوان کراوە خۆشحاڵ بوو. هەروەها بەوەش خۆشحاڵ بوو کە دەبوو بە بەرپرسی چوار کەس. لە دڵی خۆیدا بڕیاری دابوو، وەرچەرخانێکی تازەی ئەوتۆ لە ژیانی کارگێڕی حکومەتیدا دروست بکات، کە هەتاهەتایە وەکو بەرپرسی " زانای حەکیم " بە نموونە بهێنرێتەوە باسبکرێ! کێ دەیزانی ڕۆژگار چی بۆ حەشار داوە؟.. هێشتا نزیکەی بیست ساڵی مابوو بۆ خانەنشینی، دوور نەبوو تەرفیعی دیکەش بکات؟ دوور نەبوو، ئان ئاخری حکومەت ئاوڕی لێبداتەوەو قەدری بزانێ... لێ ئەمە هەمووشتێک نەبوو. دایکی برد تا تەمەشای خانووەتازەکە بکات، لەوێ خاوەنی ماڵەکە بردنی بۆ شوقەکەی خۆی، لە ژووری میوانا پێشوازی کردن وقاوەیان خواردەوە. دایکی چووە ژوورێکی دی بۆ لای خێزانی کابرای خاوەن ماڵ. لە گەڕانەوەداو بەدەم ڕێوە دایکی بەردەوام ستایشی ژن و خوشکەکەی خاوەن ماڵەکەی دەکرد، دەربارەی خوشکەکەی کابرا گوتی: " بێوەژنێکی سی و پێنج ساڵەی سەرحاڵ و بە ئەدەب و جوانە . " خەیاڵی جولا!.. بێوە ژنێکی سی و پێنج ساڵەی بەئەدەب و جوان، یەک تەلار کۆیان بکاتەوە! ئەمیش پیاوێکی ڕەبەنی چل ساڵە و هاوکاری برایەکەی ئەو بێوەژنە! مردوو لەوەی پاکتر ناشۆردرێ، نە ئەحمەد ئەوەندە پیر

بوو دەست بە ڕوویەوە بنرێ، نە ئافرەتەکەش هێندە گەنج بوو لە دەستی بڕوات. وادیارە ژیان بەبێ ئومێد ناچێتە سەر، تەنیا خودا زانا بە غەیبە.. ئەم خەون و خەیاڵانە دەگەڵ بۆینباخە ڕەشەکەی ملی ئەودا تێکی نەدەکردەوە!.. ئەی خودا!.. ئەم خەیاڵە نەنگینە چیە، وا بێ شەرمانە بەرۆکی خەیاڵدانی گرتووە؟.. دوور نەبوو لەو کاتەنەدا نەوالیش بۆ نموونە ژێراوژێر چاوی لە ئەحمەد ڕاشد بێ!.. ئیدی کاروانی زندووان، بێئەوەی گوێ بەوە بدات دوێنێ ئازیزێکی لە دەست داوە، درێژە بە ڕێی خۆی دەدات و ئاوڕ لە هیچ ناداتەوە. ژیان وەکو خاک دڵڕەق و سەختە، کەڕە، بەڵام وەکو چۆن گوڵ لە دڵی خاکەوە چەکەرە دەکات، هیڤی وئومێدیش لە دڵی ژیانەوە چەکەرە دەکات و دەڕوێت. ئەحمەد، زۆر خەمبار بوو، بەڵام ژیان بەبێ ئومێد نابێت.

خۆیان بۆ بارکردن ئامادە کرد، کەل و پەلی ناوماڵیان کۆکردەوە، دۆلاب وتەختەخەو و کۆمەدیەکانیان کردەوە، قاپ وهیربار وکتێبان وکەل و پەلی جۆراوجۆر کۆکرانەوەو بەستران، قەرار بوو سبەی بڕۆن.

عەسری ئەو ڕۆژە، ژنانی تەلارەکە بۆ بەڕێکردن و خوداحافیزی هاتن بۆ ماڵیان. ئەحمەد هێشتا لە ژوورەکەی خۆی بوو، تەوحیدە خانم و نەوالیش هاتبوون، هەر هەموویان لە هۆڵە خارجیەکە، کە تاقە شوێن بوو لەو کاتەدا بە کەڵکی ڕۆنیشتن دەهات، دانیشتن. تەوحیدە خانم و نەوال، لە دوای ڕۆیشتنی میوانەکانی دی مانەوە. کاتی ئەوە هات کە ئەحمەد بڕوات بۆ قاوەخانەکە تا خاترخوازی لە ئاشناکانی بکات. هیچ چارێکی نەبوو، دەبوایە بەبەردەم هەر دوو میوانەکەدا بڕوات. تەوحیدە خانم کە چاوی بە ئەحمەد کەوت لەبەری هەستا، دەستی بۆ درێژ کرد و گوتی:- چۆنی ئەحمەدەفەندی؟

بەهەمان شەرمنی خۆی سڵاوەکەی سەندەوەو بە دەنگێکی نەوی گوتی:- سوپاس بۆ خودا، مەمنوون خانم.

نەوالیش لەگەڵ دایکیا هەستایە سەرپێیان، ئەحمەد ڕوویکردە ئەو و دەستی بۆ ڕاکێشا، بۆ یەکەمجار دەستیان گەییە یەکدی، ئازای بەدەنی ئەحمەد کەوتە لەرزین، نە یەک وشەی لە زار هاتەدەر و نە تەمەشایەکی کرد.

تەوحیدە خانم گوتی:- دیسان بەهۆی هەڵوێستەکەمانەوە داوای بوردنم لە دایکت کرد. هیوادارم عوززخواییەکەمان لێ قەبووڵ بکەن ئەحمەدەفەندی، خودا شایەدە، ڕەحمەتیمان زۆر خۆشدەویست.. خودا بەوسەرەوە ئاگادارە.

ئەحمەد، پەرێشان و پەشۆکاو گوتی:- عوززەکەتان بەسەر سەر و بەسەر چاو. ئیدی زەرورەت حوکمی خۆی هەیە خانم.

ژنەی تاین بەدەم تەڕی خۆی بابەتەکەی بوارد و سوپاسی بەئەدەبی و خۆشڕەفتاری ئەحمەدی کرد. ئەوسا ئەحمەد ڕوخسەتی خواست و خواحافیزی لە خانم کرد، جارێکی دی دەستی لە نەوال بردە پێشەوە، ئەمجارەیان لەو کاتەدا کە دەستیان لەنێو دەستی یەکدا بوو، ژێراوژێر نیگایەکی شەرمنانەی نەوالی کرد، ئەوسا بەرەو دەرگاکە ڕۆیی. ئەمە یەکەمجاری بوو لەو نزیکیەوە نەوالی دەبینی. ئیدی لە هەوەڵین ڕۆژانی چاوبڕکێی بەر پەنجەرە و بانێژەکەوە، بەوجۆرەی نەبینی بوو، بە خەیاڵی خۆی جگە لە مەحەبەت و خۆشی و سەفا و میهرەبانی هیچی دی لەو دوو چاوە نەخوێندەوە. بەدەم ڕێگاوە دڵی بەتووندی لێی دەدا، چاوەکانی بە تووڕەیی دەفڕین و پەیتا پەیتا دەترووکان. لەوە دەچوو هەڵوێستی دوعاخوازییەکە ئەو حاڵەتەی لەلا دروست کردبێ. خوداحافیزی هەندێ سۆز دەجولێنێ کە لە هەڵوێستی دیدا، ناجولێت، ئیدی بەو بیانووە دەروونیە، تەوازی بۆ ویژدانی خۆی هێنایەوە.

بەتایبەتی کە روشدی بیرکەوتەوە، ڕوخسارە جوانەکەی هاتە بەرچاو، دەتگوت بە گلەییەوە بە ڕوویا دەگرژێتەوە. بە ڕاوێژێکی خەمین وکەسەردارەوە کەوتە دواندنی: " ببورە روشدی گیان! ئیدی حوکمی خاترخوازیە! کە تۆ لە هەموو کەس ئەم حوکمە باشتر دەزانی، ئازارم هەیە و تۆش زانا بە ئازارانی، لە ئێستا بە دواوە کارێ لە من نابینی کە گلەییم لێبکەی! " گەییە قاوەخانەی زەهرە، خوا دەیزانی کەی جارێکی دی دەرفەتی بۆ دەڕەخسێ بچێتە قاوەخانەیەکی دی، هاوڕێکانی پێشوازییەکی گەرمیان کرد، پێشوازیەکی شایستە بە دوا دیدار، دەستیان لە گەنگەشە و وتووێژەکانی خۆیان هەڵگرت، تا خاترخوازی لە هاوسێ ئازیزەکەیان بکەن. وەستا نونو پرسی:- خۆ لە بیرمان ناکەی؟! گلەیی بجێ بێڵە!

ئەحمەد، بە دوو دڵییەوە گوتی:- نە، ئیشەڵلا وەستا!

وەستا زەفتە گوتی:- بەڵام زەیتونە زۆر دوورە، دەرەوەی شارە، مەگەر بە قیتار بۆی بچین!

ئەحمەد بە زەردەخەنەوە گوتی:- هیچ قیتارێ، ناتوانێ دۆستان لێکدی دابڕێت!

ئەوسا عەباس شەفە، وەکو ئەوەی شتێکی گرینگی بیر کەوتبێتەوە، برۆکانی بەرز کردنەوەو گوتی:- من، بە ئەندازەی خانولخەلیلی شارەزای زەیتونەم. جاران بەلای کەمەوە هەفتەی جارێک بۆ ئەوێ دەچووم، باشترین جۆری حەشیشم لەوێ دەهێنا.

ئەحمەد، بە بزەیەکی پرسیارئامێزەوە گوتی:- یانی چاوەڕوانی ئەوەبم زوو زوو لەوێ بتبینم؟!

عەباس شەفە بە کەسەرەوە گوتی:- ئەو ڕۆژانە نایەتەوە، کابرای بازرگانیان لە سووچی ڕەشچاڵان توونە کرد و هەر لەوێ مرد.

ئەوسا هەمووان، ناخۆشی خۆیان بۆ دوورکەوتنەوەی ئەحمەد دەربڕی، مەدح و ستایشێکی زۆری ماڵباتەکەیان کرد و فاتیحایان بۆ براکەی خوێند. تەنانەت سلێمان عەتەش قسەی باشی کرد، لەو کاتەدا دڵی ئەحمەد پڕ بوو لە مەحەبەتی ئاشناکانی، چ ئەوانەی خۆشی دەویستن وەکو وەستا نونو و چ ئەوانەی نەیدەحوباندن وەکو مامۆستا ئەحمەد ڕاشد. سەری لە دڵی خۆی سوڕمابوو کە لە کاتی ماڵئاواییەکەدا بەو ڕادەیە غەمگین بووبوو. پاشان هەموو هاتنەوە سەرباسی شەڕ و وەستانی هێرشی ئەڵمانەکان لە دەوروبەری عەمەلەین.

ئەحمەد ڕاشد، پێی وابوو، بەرەی میحوەر، شەڕی میسریان دۆڕاندووە، بەڵام سەید عارف بە دڵنیاییەوە دەیگوت: هیتلەر ئەمری بە ڕۆمڵ کردووە هێرشەکە ڕابگرێ، تا میسر، کە دڵە زندووەکەی ئیسلامە، لە کارەساتی شەڕ بەدوور بێ، خۆ ئەگەر لوتف وکەرەمی فوهرەر نەبوایە، دەمێ بوو ئەڵمانیەکان گەیی بوونە قاهیرە. ئەحمەد، بێئەوەی هیچ بڵێ تا سەعات دەو نیو لەلایەن مایەوەو ئەوسا دوا ماڵاوایی لێکردن، تەوقەی لەگەڵ یەک بە یەکیاندا کرد و سوپاسی دۆستایەتیانی کرد و ئەوسا بەرەو ماڵ نشێو بووەوە.

پەنجەرەکەی کردەوەو تەمەشایەکی گەڕەکەکەی کرد. مانگی چواردە، بە ئاسمانی ساماڵ و سایەقەی مانگی ئابەوە دەتریفایەوە، ئەستێرەکانی دەوروبەری دەدرەوشانەوە، پێدەچوو بەزەییان بە کەشوفشی ئەو گەنجایەتیەدا بێتەوە، کە لە ئەزەلەوە دەیانزانی بەردەوام نابێت. گەڕەک وبان لە ڕوناکیەکی زیویندا نقوم بووبوو کە ترسناکی شەوی دەڕەواندەوەو، ئەفسوونێکی سەیری بە کوچە وکۆڵان وڕاڕەوەکان دەبەخشی.

ئەم شەو نیوەی مانگی شەعبان بوو، دەنگی دوعا و نزا لە پەنجەرە نزیکەکانەوە بەرز دەبووەوە. دەنگی ناسکی کورپژگەیەک دەهاتە گوێ کە دەیگوت: " اللهم یا ذاالمن و لایمن علیه یا ذا الجلال و الاکرام " ماڵباتەکەی لە دوای ئەوەوە نزاکەیان دەگوتەوە. تەنیا ئەو نزای نەدەخوێند! لە خۆی پرسی چ دوعایەک بکات، داوای چی لە خوا بکات؟.. ماوەیەک لە فکران ڕاچوو، ئەوسا سەری هەڵبڕی، هەردوو دەستی پان کردەوە، لەبن لێوانەوە بە ملکەچی گوتی: " ئەی ئافرێنەری خەڵکی و تەگبیرکەری هەموو شتان، بە ڕەحمەتی خۆت ڕەحمی لێبکە، بە بەهەشتی بەرینی بسپێرە، سەبرو هەداری بەرێ و بابە خەمگینەکەی ببەخشە، ئارامی و دڵنیایی بەسەر مندا دابارێنە، ڕۆژانی ئایندەم پڕ لە شادی بکە، تا قەرەبووی ڕابردووم بکەمەوە ( لێرەدا دەستی خستە سەر دڵی) ئەم دڵە ئازارێکی زۆری چەشتووە، نائومێدی زۆری کێشاوە! "

ئایا ئەو ڕۆژەی لەبیر ماوە کە بۆ ئەم گەڕەکە هاتبوون و بە ئومێدی ئەوەوە بوو کە گۆڕانی گەورە لە ژیانیا ڕووبدات؟.. گۆڕان رووی دابوو، کەسەر و ڕوندکی بەدووی خۆیدا هێنابوو. نها مانگی ڕەمەزانێکی دی بەڕێوە بوو!.. ئاخۆ لەبیری ماوە کە چۆن پێشوازی لە هەیڤی ڕەمەزانی ڕابردوو کردبوو؟.. ئایا بیری ماوە چۆن بەدەم چاوەڕوانی بانگی ئێوارەوە لەبەر پەنجەرەکەدا دەوەستا و تەمەشای دەکرد؟!

هەر هەموو ئەو شەوە یەک لە دوای یەکانەی بیرکەوتەوە، کە مێژوو بە پێنووسی ئومێد وخۆشەویستی و کەسەر وخەمان تۆماری کردبوو.

نها دوا شەو بوو، سبەی لە ماڵێکی تازە، لە گەڕەکێکی تازە، پشت لە ڕابردوو، دەنووێت، ڕابردوویەک کە زۆر ئومێدی لە دڵیا گەشاندبووەوە و زۆر ئاواتی بەبا دابوو. دەیسا بە دوعا خانولخەلیلی.

لە ڕۆژی ٢٠٢٢/١٢/٢٧ لە سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ، لە پاچڤەی ئەم ڕۆمانە بوومەوە، کە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی: خان الخلیلی، نجیب محفوظ، دار الشروق، الطبعة السادسه ٢٠١٤.

هەروەها سووکە بەراوردێکیشم لەگەڵ دەقە فارسیەکەی دا کە لە لایەن امل نیهانی یەوە پاچڤە کراوە، کردووە. برای بەڕێز چیا لەتیف دەقە فارسیەکەی بۆم پەیدا کرد، زۆر سوپاسی دەکەم

حەمە کەریم عارف

٢٠٢٢/١٢/٢٧